# کورد
# و
# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# لەبەردەم گۆڕانکاری گەورە و
# کتوپڕدا


## نوسینی
## نەوزادی موهەندیس


## چاپی یەکەم



سلێمانی 2006


مافی لەچاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە
تەنها بۆ نوسەر


**<u>ناسنامەی کتێب</u>**


ناوی کتێب: کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا

نوسەر : نەوزاد عوسمان ( نەوزادی موهەندیس)

تیراژ: 200 دانە

چاپی : یەکەم 2006

چاپخانەی : شڤان

هەڵەبڕو پیتچن: نەوزادی موهەندیس

دیزاینی بەرگ: زەردەشت علی سۆرانی

ژمارەی سپاردنی (          ) ی ساڵی 2006 ی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە


www.dengekan.com

# ناوەڕۆك

================


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ======= | ======= |
| پێشكەشە............................... | 5 |
| سوپاس بۆ............................. | 6 |
| پێشەكی............................... | 7 |
| **بەشی یەكەم** | 12 |
| **تایبەت بە كورد** | |
| ئەركە هەنوكەییەكانی كورد........... | 13 |
| ئەرێ پەڕلەمانی كوردوستان ........ | 19 |
| كورد و نوسینەوەی دەستوری ....... | 27 |
| ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای كورددا بۆ...... | 30 |
| دەستورێك دوور لەكاریگەری .......... | 49 |
| ووشكە ساڵیكوردان لە.................. | 54 |
| حكومەتی وەزیرەكان یان حكومەتی ......... | 61 |
| هەڵەبجە ناسنامە و ترۆپكی ................ | 64 |







| | |
|---|---|
| ئەنفال پرۆسەی بەفەنابردنی................ | 68 |
| ئەگەرو تەگەرەكانی بەردەم ................ | 72 |
| جارێكی تر هەڵەبجە شەهیدكرایەوە....... | 80 |
| لەنێوان دواخستن و دوانەخستنی.......... | 86 |
| ڕۆحتان شاد ئەنفالكراوەكان.............. | 91 |
| مانگی مایس................................ | 95 |
| گەندەڵی دەسەڵاتی كوردی............. | 99 |
| كێشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ............ | 107 |
| پێگەی كورد لە پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ..... | 116 |
| كوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم.... | 125 |
| پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە..... | 134 |
| ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991............ | 143 |
| ڕۆڵی ڕێكخراوی سۆسیال ئینتەر ......... | 150 |
| خولیاو ئەندێشەكانی گەنج................ | 157 |
| خەباتی كرێكاری لەكوردوستاندا......... | 171 |
| بڕیارێكی زێدە گرنگ...................... | 178 |
| بڕیارەكانی سەرۆكایەتی هەرێم........... | 182 |
| بەرنامەی كاری جەعفەری و .............. | 189 |
| ئایندەی شاری سلێمانی ................. | 196 |
| ئایندەی دەسەلاتی سیاسی .............. | 203 |


www.dengekan.com

ئایا وەزیرەکانی هەردوو حکومەتی....... 210
باسەرکردەو پارتە سیاسیەکان........... 215
ماددەی 58ی یاسای کاتی ............... 218
پاش 13 ساڵ لەحوکمی کورد............ 225
نا بۆ دەستورێکی کاڵ و کرچ............. 233
لەنێوان بەڵێ و نەخێردابۆ دەستور....... 239
یەکگرتووی ئیسلامی یان................. 243

بەشی دووەم 255
تایبەت بە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ڕابەری . 256
پرۆسەی نوێبونەوە یەکێتی .............. 269
عەقل و ویژدانی هەڤالان................... 274
بەزیندووکردنەوەی سەرەتا شۆڕشگێڕیەکان 281
بادەنگ نەدەین بە لیستی پارتی و 291
نا بۆ گەندەڵی ئیداری بەڵێ بۆ پاکسازی 299
ئایا یەکێتی و پارتی...................... 305

بەشی سێیەم 311



کوردو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

تایبەت بە عێراق

پیرۆز بێت جەنابی یەکەم سەرۆکی............... 312
مام جەلال نوێنەری هەموو گەلانی عێراقە 316
مام جەلال سەرۆك کۆمارێکی بێ مونافیس.... 323
سەرۆك وەزیرانی عێراقی داهاتوو......... 329
جامعەی عەرەبی و ڕۆڵی نەگەتیفی........ 336
ئەری دەوڵەتی عێراق...................... 343
بەڵێ ڕاکەی مام جەلال..................... 345

بەشی چوارەم 350
تایبەت بە مەسەلەکانی ناوچەکە و دونیا

ئایا تورکیا چی لە کوردو پەکەکە دەوێت.. 351
هەیمەنەی ئەمریکا بەرەو کوێ ............ 360
کێشەی قیبتیەکان لە میسر............... 368
صۆمالیش بەرەو ئەفغانستانێکی تر...... 374
سەرکێشی و کەلە ڕەقیەکەیحیزبولا...... 381
سەرکێشیەکانی کۆریای باکور بەرەو کوێ 389
سەدەی بیست ویەك بۆ کێ دەبێت........ 395

www.dengekan.com

دواین قەلأی شیوعیەت لەئەمریکای ...... 405
پۆتین و ڕاگەیاندنی جەنگێکی ساردی.... 413
ئەمازیغیەکان کێن و ئاینەدەی ............ 419
ئەم هەرایە لەسەر کورە ئەتۆمیەکانی ..... 425
تورکیای ئەتاتورکی لە عیلمانیەوە ....... 433
داهاتووی سوریاو ڕژێمی بەعس.......... 439
لەسایەی هەڵبژاردنی سەرۆکی‌نوێی ..... 443
نای فەڕەنساو هۆڵەندا.................... 450
کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی ئێران......... 455

461
**تایبەت بە تیرۆر و تیرۆریستان**
ڕووداوی 11 ی سێپتەمبەری ئەمریکا ............. 462
د.عەلی قەرەداغی و خالد مشعل.................. 470
بەکوژرانی زەرقاوی هەڵوێست و................... 475
جەنگ دژی تیرۆر تاکوێ و بەرەو کوێ............. 482

**بەشی شەشەم** 487
**تایبەت بە بابەتی زانستی**





هۆکارەکانی ڕوودانی بومەلەرزە و ................. 488
کورە ئەتۆمیەکان...ئامێری جەنگ.................. 515
بەرەو بەکارهێنانی وزەیەکی تازەکەرەوە............ 533
وزەی ڕۆژ جێگرەوەی کلۆر....................... 551
کورە ئەتۆمیەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە........... 558
گەچ کەرەسەیەکی گرنگی پیشەسازی............... 569
پیسبوونی هەوایی.................................. 578
ڕۆڵ و کاریگەری کۆمپانیا گەورە..................... 592

**پێشکەشە بە :-**

www.dengekan.com

❖ ئە سە

○ هێڤار

▪ سانا

• هۆزاك

سوپاس بۆ :–



❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست و برادەرانەم كە هاوكارو هاندەر و پشتیوانم بوون لەخۆ ڕۆشنبیركردنم و دەستكردن بەنوسین و بلاوكردنەوەی بابەتەكانم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا .

❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو كەسانەی كە لە ژیانمدا فێری پیتێك یا وشەیەك یان ڕستەیەكیان كردوم.

## پێشەكی



www.dengekan.com

❖ ئاشکرایە نوسین لەهەر بوارێکدا بێت شارەزایی و ئەمانەت و ڕاستگۆیی و لێپرسراوێتیە و دیققەت وزانیاری و ڕۆشنبیری گەرەکە و دەبێت کەسی نوسەر ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە و بێ ترس و سڵەمینەوە ڕاوبۆچونەکانی خۆی بخاتە بەردەم خوێنەر و هەمیشەش ئامادەبێت بۆ ڕەخنەگرتن و وەڵام دانەوەش جا ڕەخنەکان بنیاتنەر بن یان ڕووخێنەر .

❖ بەندە بۆ خۆم لەتەمەنێکی زووەوە و هەر لە قۆناغی زانکۆمەوە هەوڵی نوسینەوەی یاداشتەکانم داوە وەك هەوڵێکی نوسین و بەبەردەوامی خوێندنەوەم هەبوە بۆ هەمە جۆری کتێبی سیاسی و زانستی و ئەدەبی و هۆنراوە و ڕۆمان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و هەر لەو تەمەنەشەوە وەك کەسێکی خوێنەر و بەدواچوو بۆ ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردوستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاش بەشداری مانگانەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەم کردوە وەك (( ڕۆژنامەی عێراق و گۆڤارەکانی دەستوری لەندەنی و حەیات و ..هتد )) کە هەموو ئەمانە باکگراوەندێکی باشی ڕۆشنبیری و زانیاریان پێبەخشیم.

❖ هەر ئەم خوێندنەوە بەردەوامەم بوە هۆکاری سەرەکی بۆ دەست دانە قەڵەم و نوسین لەبواری جیاوازدا وەك سیاسەت و ئابوری و ئیداری و زانستی, چونکە مرۆ کاتێك کە بڕێك یان ئاستێکی باشی زانیاری و ڕۆشنبیری لە قۆناغێکدا وەردەگرێت , پێویست





وایە کە لە قۆناغەکانی داهاتووتردا بیبەخشێتەوە بەنەوەی نوێ لەبەرگ و ناوەڕۆکێکی نوێتردا کە بگونجێت لەگەڵ گیانی سەردەمدا.

❖ یەکێك لە هۆکارەکانی تر کە بەندەی والێکردوە لەبواری جیاوازدا ووتارو بابەت بنوسم ئەوەبوو کە من لەلایەك کادرێکی سیاسی حیزبێکی سیاسیم و ڕاوبۆچوون و بەدواچوونم هەبوە بۆ ڕووەداوەکان و پێشهاتەکانی کوردوستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاش بۆیە زۆربەی ووتارەکانم لایەنی سیاسیان گرتۆتە خۆو لەسەر کێشە و بابەت و مەترسیە هەنوکەیەکانی دونیا نوسیومە . لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی کە بەندە وەك کەسێکی ئیداری و خاوەن شارەزایی پتر لە 16 ساڵ و وەك بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی حکومی هەندێ بابەتی ئابوری و ئیداریم نوسیوە و ڕاوبۆچون و پێشنیازەکانم دەربڕیوە , لەلای سێهەمیشەوە بەهۆی ئەوەی کە من ئەندازیارم و پسپۆڕیم لە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا هەیە وەك ئەندازیارێکی کیمیاوی و بۆ ماوەی 4 ساڵیشە سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانیشم کۆمەڵ گەلێك بابەتی زانستی و ئەندازەییم نوسیوە یان وەگێڕاوە یان ئامادەکردوە . بەم شێوەیە من وەك کەسێکی پسپۆڕ لەیەك بواری نوسیندا کارم نەکردوە و خۆشم نەبەستۆتەوە بەیەك بوارەوە .

www.dengekan.com

- ❖ هەمیشەش هەوڵمداوە لەنوسینەکانمدا تاتوانیبێتم بێ لایەنی و ئەمانەتی نوسینەکان بپارێزم و وەك ڕێپیشاندەرێك نەك وەك ئامۆژگاریکارێك چونکە بەندە هێشتا لەهەنگاوەکانی سەرەتای ژیانی نوسیندام و نەگەیشتومەتە قۆناغە هەڵکشاو و پێگەیشتوەکان و ئەم هەوڵەشم هەنگاوێکی سادە و زۆر بچوکی ئەو بوارەیە لەکاروانە دوورو درێژەکەی نوسیندا و هیواداریشم کە لەهەڵەو کەموکوڕی و ناکاملیم ببورن و بەچاوی ڕەخنەگرانەیەکی بنیاتنەرانەوە ئەم هەوڵە و ڕاوبۆچونەکانم هەڵبسەنگێنن و هەڵە و کەموکورتیەکانیشم بۆ ڕاست بکەنەوە .
- ❖ لەم ئەزمونی نوسینەمدا گەلێك هاوڕێ و دۆست هاوکار و هاندەر و پشتیوان و ڕێخۆشکەر بوون بۆم و هەروەها بەهۆی زۆری چاپ و بلاَوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشەوە لەکوردوستانی ئازاد و ڕزگارکراوی دوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی 1991 یشەوە کۆمەڵ گەلێك نوسەری نەوەی نوێ پێگەیشتن و دەرکەوتن کەبەندەش یەکێکم لەو کەسانە و لەو هەنگاوەشدا ڕۆژنامەکانی کوردوستانی نوێ و هەواڵ و ئاسۆ و چاودێر و گۆڤارەکانی ئەندازیاران و ئەلەند ومرۆڤایەتی و کار و پیشەسازی و ڕۆشنگەری ڕۆلیان هەبوە لە ناساندن و بلاَوکردنەوەی بابەتەکان و خۆشمدا . هەروەها لەڕێگەی سایتەکانی ئینتەرنێتیشەوە وەك هۆکارێکی تری پێشکەوتووی





تەکنەلۆژیای نوێ توانیومە گەلێك بابەت لەو سایتانەشدا بلاَوبکەمەوە کە خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە وەك سایتەکانی کوردوستان پۆست و کوردوستان نێت و ناوخۆو ..هتد. کە هەمووانیان جێگەی ڕێزو پێزانینن ودەروازەیەکی گەورەو گرنگیش بوون وهۆکارێکی مەزنی هاندان و بەرەو پێشبردن و پێگەیاندنی توانا و ئەزموونی نەوەیەکی نوێی نوسەران بوون لە کوردوستاندا.

- ❖ ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە بریتیە لەکۆکراوەی ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتەکانی ئینتەرنێتدا بلاَوکراونەتەوە وەك بەشی یەکەمی بەرهەمەکانم و بەنیازیشم بەپشتیوانی یەزدان لەداهاتوویەکی نزیکیشدا بەشی دووەمی بەرهەمەکانیشم بەچاپ بگەیەنم و بیخەمە بەردەستی خوێنەران کە ئەو بەشەش لە بلاَوکردنەوەی یەکەم بابەتمەوە دەست پێدەکات .
- ❖ ئەم کتێبە لە شەش بەش پێك دێت و لەسەر بنچینەی پەیوەندی بابەتەکان بە کوردو یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاودیاردەی تیرۆرو بابەتە زانستیەکان دابەشکراوە, و هەربابەت و ووتارێکیش ڕەنگدانەوەی کاتی بلاَوکردنەوەی خۆیەتی و لەسەر ئەو ڕوداو

www.dengekan.com

و بڕیار و پێشهاتانە نوسراون کە ڕوویانداوە . لەکۆتایی کتێبەکەدا ئاماژەم بەسەرچاوەکان نەداوە لەبەرئەوەی هەر بابەتە لەجێگەی خۆیدا ئاماژەمان بەو سەرچاوەیە داوە کە سوودی لێبینراوە بۆ نووسینی بابەتەکە.

❖ خوازیارم کە ئەم هەوڵە زۆر بچووك و سەرەتاییەم لە داهاتوودا و لەمێژووی چاپ و بلأوکردنەوەی کوردیدا کەلێنێکی زۆر بچووك پڕبکاتەوە و گەر بخرێتە خانەی خزمەتکردنیشەوە ئەوا خزمەتێکی زۆر بچوکی کتێبخانەی کوردی بکات و نەوەکانی داهاتووش سوودی لێوەربگرن....

لەگەڵ ڕێزی ....

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**





2006/ 11 /1

Nawzad_mohandis@yahoo.com

## بەشی یەکەم

www.dengekan.com

## ئەركە هەنوكەییەكانی كورد
## لە دوای قۆناغیهەڵبژاردنەكانەوە *

➢ لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە ساڵی 2003 داو لەئەنجامی ئۆپەراسیۆنی هێزەكانی هاوپەیمانان بە ڕابەرایەتی ئەمریكاو بەریتانیا و بەشداری گەورەی هێزەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و لەناویشیاندا بەشداری گەورەو كاریگەر و بەرچاوی كورد ئۆپەراسیۆنەكە بەئامانج و سەركەوتن گەیشت , و توانی سەرجەمی دام ودەزگاو سوپا و ڕژێمە دیكتاتۆر و شۆڤێنیەكەی بەعس بۆ هەتاهەتایە بڕوخێنێت و بەرەو زبڵدانی مێژوو توڕیبدات دوای ئەوەی



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

نزیكەی 35 ساڵ بەئاگر و ئاسن حوكمی گەلانی عێراقی بەدڕندانەترین شێوە بەڕێوە دەبرد .
ئیدی لەو ڕۆژەوە گەلانی عێراق و هێزە سیاسیەكان و مەزهەب و گروپ و توخم و ئایدیا و ڕێبازە سیاسی و دینی و عیلمانی و نەتەوەییە جیاوازەكانی ناو مۆزایكی گەلانی عێراق هەریەكە شاد بوون بە ئازادی و دیموكراسی و سەربەستیە لێزەوتكراوەكانی چەندین ساڵەیان و بەشێوەیەكی بەرچاو و بەگوڕوتینێكی بێوێنەوە كەوتنە خۆ بۆ بەدەستهێنانی زیاترین دەسكەوت و ئامانجەكانیان لە چوارچێوەی عێراقێكی فیدراڵی و دیموكراسی و فرەییدا ..

➢ كوردیش وەك هەموان و لەهەموانیش زیاتر و بەپەرۆشتر بۆ بەدەسكەوتنی ئامانج و خواست و مافە ڕەواكانیان كە چەندین ساڵە خوێن و خەباتی لەپێناودا دەكەن و دەڕێژن و دەیانەوێت بەهێندەی تاڵاواكانی جینۆساید و ئەنفال و كیمیاویباران و زوڵم و زۆرداریەكانی بەعس دەسكەوت و ئامانجەكانیان بەدەست بهێنن و هەروەكو چۆن لەپێش هەموانەوە بون بۆ دژایەتی و لێدان و ڕوخاندن و هاوكاری هێزەكانی هاوپەیمانان دژی هێزەكانی بەعس ئاوهاش دەیانەوێت پێشەنگ بن لە ژیانی دیموكراسی و ئازادی و

چەسپاندنی مافەکان و بینینی ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاو لە داهاتووی عێراقی نوێدا .

لەو ماوەیەی ڕابوردودا و لەدوای ڕوخانی ڕژێمەکەی بەعسەوە کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی توانیویانە بەهەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەك گەلێك دەسکەوتی گەورە و گرنگ بەدەست بهێنن لەوانەش ئیمزاکردنی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بووکە ئەگەر چیش هەموو بەند و برگەکانی جێبەجێنەکراون بەلأم وەکو بەڵگە نامەیەکی مێژوویی و ڕەشنوسی دەستورێکی بنچینەیی گرنگیەکی گەورەی خۆی هەیە و هەرلەویشدا توانرا کە مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و هێزی پۆلیس و پێشمەرگەش بسەلمێنن و و سیستەمی فیدڕاڵی و دیموکراسیش بۆ هەموو عێراق بچەسپێنن و چارەسەریش بۆ کێشەی کەرکوك و ئاوارەکان و تەعریبیش دیاری بکەن و هەروەها توانرا ڕێژەی بەرکەوتی کورد لەداهاتی هەموو عێراق بە 17٪ ئیقراربکەن و لەسەرووی هەموو ئەم دەسکەوتانەشەوە پاراستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکاو بەریتانیاو دەوروجیرانیشدا لەلایەك و هێز و ڕەگەز و مەزهەبە جیاوازکانی ناو عێراقیش دەسکەوتێکی تری گەورەی کورد بوە و لەپاڵ ئەمانەشدا کورد توانی ڕەگی تیرۆریستان



کوردو ڕۆژهەڵآتی ناوەڕاست ...

لەکوردوستاندا هەڵبکەنێت و ماڵی خۆشی ڕێکبخاتەوە و هەڵوێست و گوتارێکی یەکگرتوو لەبەردەم هەمواندا پیشان بدات ..

هەموو ئەم دەسکەوت و کارانەش ڕێخۆشکەربوون بۆ ئەنجامدان و سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا کە کورد توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت و بەپلەی دووەم لەلیستی هەڵبژاردنەکان و دەنگەکاندا بێت و جێگەی شیا و وگونجاوی خۆی بەدەست بهێنێت بۆ یەکەمین جار لەمێژووی دەوڵەتی عێراقی کۆن و نوێداو توانی 75 کورسی و زیاد لە 25٪ ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و ئەم سەرکەوتنەش چەند ڕاستیەکی بۆهەموان و لەپێش دوژمنانیشەوە بۆ دۆستەکانمان سەلماندەوە لەوانە :

- کورد توخمێکی بنچینەیی و سەرەکی پێك هاتەی گەلانی عێراقە و بەبێ کورد ناتوانرێت دەوڵەتێکی دیموکراسی و فیدراڵی و یاسایی دابمەزرێت .
- کورد و ژمارەی دانیشتوانەکەیی و جوگرافیاو مێژووەکەشی زۆر لەوە گەورەتر و زیاتر و ڕەگ داکوتراوترن کە دوژمنان و ناحەزانی ناوەکی و دەرەکی هەوڵی بچوکردنەوە و نەمان و سڕینەوەیان دەدا .

www.dengekan.com

- ➢ کورد جارێکی تریش سەلماندیەوە کە گەلێکی دیموکراسی و ئازادی و ئاشتیخوازی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە و دەیەوێت لەگەڵ گەلانی عێراق و ناوچەکەشدا هۆکاری ئاشتی و برایەتی بێت و لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە کێشە و ناکۆکیەکانی چارەسەر بکات و مافە ڕەواکانی خۆی بەدەست بهێنێت دوور لە بەکارهێنانی هێز و تیرۆر و تۆقاندن .

هەموو ئەم ڕاستیانەش کۆمەڵ گەلێك ئەرك و کاری گرنگ دەسەپێنێتە ئەستۆی کورد و سەرکردایەتیەکەی کە لەدوای قۆناغی هەڵبژاردنەکانەوە پێی هەڵبسن و کاری جدیش بۆ وەدیهێنانیان بکەن لەوانەش :

- ➢ چەسپاندنی فیدراڵیەت و دیموکراسی و فرەیی وەك سیستەمی حوکمی داهاتووکە تێیدا کورد وەکو گەلێکی براو یەکسان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەشداری کارا و جدیشی هەبێت لە بڕیار و دەسەڵاتە کاندا و لەهەمووپلە و پۆستە سیادیەکان و دامودەزگاکاندا بەشداربێت و خێری پێنەکرێت .
- ➢ بەتەواوی چارەسەری کێشەی کەرکوك بکرێت و چارەنوس و داهاتووی دیاری بکرێت و بارودۆخەکەی لەماوەیەکی





کەمدا لەڕووی ( جوگرافی و دانیشتوان و کۆمەڵایەتی و .... هتدوە) ئاسایی بکرێتەوە .

- ➢ مەسەلەی ئاوارەکان و گەڕانەوەیان و قەرەبووکردنەوەیانیش گرنگی تەواوی پێبدرێت و هەوڵی تەواوی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی تەعریب و تەهجیر و ئەنفال و کیمیاوی بارانەکان بدرێت .
- ➢ جێگیرکردن و دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردوستان دوای گەڕانەوەی سەرجەم ئەوناوچانەش کە مێژوو کوردستانی بونیانی سەلماندوە .
- ➢ دیاریکردنی جۆری پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردوستان و دەسەڵات و هێزی پێشمەرگە و داهات و .. گەلێك مافی تر کە پێویستن بۆ داهاتووی کورد و مەسەلەکەی لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیاش .

- ➢ تەنها زامنی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئەم دەسکەوتانە و بەدیهاتنی ئەم ئەرکانەش یەك ڕیزی کورد و ناوماڵی کورد و خیتابی سیاسی کوردە لەناوە وە ودەرەوەدا و هەروەها ڕاگرتنی بەلانسی پەیوەندی و هاوکاری وهاوپەیمانێتی کوردە لەگەڵ ئەمریکا وبەریتانیا و دەوروجیران و هێز و مەزهەب و توخمە جیاوازەکانی ناو عێراقە . بۆیە ئەرکی کورد

www.dengekan.com

و سەرکردایەتیەکەی لەم قۆناغە و لەم ماوە کەمەدا کە لە پێشمانە گەلێك هەستیار و قورسە و مامەڵەی ژیر و عەقڵی کراوە و تێگەیشتنی قوڵ و لێکدانەوە و شی کردنەوەی وردیی دەوێت چونکە بچوکترین هەڵە و سەودا و سازش دەبێتە هۆی لەدەست دانی هەموو ڕەنج و دەسکەوت و قوربانی و گیانفیدابییەکانمان .

بۆیە دەبێت کورد هەموو پێکەوە و بەهەموو جیاوازیەکانیشەوە پاڵپشتی یەکدی و یەکگرتوو و یەك هەڵوێست بن و هەموانیش بەشداری بکەن لەم پرۆسە گەورە و یەکلا کەرەوەیەدا و بەهێندەی گەورەیی قۆناغەکە هەست بەلێپرسراوێتی بکەن و وابکەن کە قەدەری کورد و مەسەلەکەی بە قازانجی وولآت و نەوەکانی داهاتوو بگۆڕین و بتوانین لەگەڵ نەزم و ڕیتمی سیستەمی نوێی جیهان و گۆڕانکاریەکان و بەرژەوندیەکانی زلهێزەکاندا خۆمان بگونجێنین و بتوانین سەرکەوتنی یەکجارەکی و سەرجەمی ئامانجەکانیشمان بهێنینە دی ...

---



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

*ئەم ووتارە لە هەریەکە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3620 لە 2005/3/13 و ڕۆژنامەی هەوالی ژمارە 124 لە 2005/3/26دا بلأوکراوەتەوە

## ئەریَ پەرلەمانی کوردوستان
## کەی کۆدەبێتەوە ؟*

گەلی کورد لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 وە و لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی کەم وێنەی ئازاد و دیموکراسدا و بۆ یەکەم جار لەمێژووی خەباتی کوردایەتیدا توانی یەکەم پەڕلەمانی کوردی هەڵببژێرێت و دواتر حکومەت و دەسەلأتێکی خۆماڵیش دابمەزرێنێت کە بۆ ئەو ڕۆژگارە کارێکی زێدە گرنگ و گەورە بوو بۆ کوردو مەسەلەکەی وتوانی ببێتە دیفاکتۆ لە ناوچەکە و دونیاشدا و توانی سەرنجی هەمووان ڕابکێشێت بەلای داواکاری و ماف و مەسەلەکەیدا و هاوکاری و پشتیوانی ناوچەکە و دونیاش بەدەستبهێنێت و بتوانێت کە کوردوستانی کاولکراو ئاوەدان بکاتەوە , ئیدی کورد لەو ڕۆژگارەوە شانازی بەو دەسکەوتەوە دەکات و داواش دەکات کە ئەم ئەزموونەی کوردوستان لە هەموو عێراقیشدا

بچەسپێت , هەرچەندە ئەو ئەزمونە تا سەر بە گەشاوەیی و دراوشاوەیی نەمایەو و زۆرێك هەڵە و كەموكوڕی و لاپەڕەی ڕەشی تێكەوت بەهۆی پیلانی دوژمنان و خۆخۆری كورد و بەرژەوەندی حیزبایەتی و بنەماڵەیی و ..هتدوە كە بوە هۆی بچوكبونەوە و لاوازكردنی ئەو دەسكەوتە گرنگە .

➢ كورد هەر لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە دابەشبوە سەر دوو هێزی سەرەكی ( پارتی و یەكێتی ) و لەڕێگەی سیاسەتی 50 بە 50 وە پاوانی دەسەلاَت و حكومەتیان كرد و دواتریش بەهۆی شەڕی ناوخۆشەوە ئەو هەرێم و دەسەلاَتەشیان دابەش و لەت كرد و وەك دووبرای دژ بەیەك و هەریەكەیان بەپێی سیاسەت و بۆچونێكی جیاواز لەوی تریان هەرێمۆكەكەی لای خۆی دەبرد بەڕێوە و زۆر جاریش شانازیان دەكرد بەو دەسەلاَتۆكەیەو كەرت بونەش و خۆیان پێوە بادەدا , تائەو كاتەی عێراق ڕزگاركراو صدامی دیكتاتۆر ڕوخێنرا و هەموو بارودۆخەكانی كوردوستان و عێراقیش گۆڕاو ئیدی ئەم دووحیزبەش كەوتنە خۆ بۆ نزیك كردنەوەی هەڵوێست و گوتاریان لەبەردەم جەماوەرو دەرەوەشدا كە تەنها هەر بەڕواڵەت بوو ئەگینا نیەت و دڵسۆزی تەواوی تیادا نەبوو و هەریەكەشیان بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆی بوو , بەلاَم هەر لای جەماوەر جێگەی دڵخۆشی بوو , دەبێت ئەو



www.dengekan.com



ڕاستیەش بۆ مێژوو بلێین كە نەمانی ساردی و دوودڵی و تواندنەوەی ئەو بەستەڵەكەی كە هەبوو دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی لێبڕاوانەی سەركردایەتی یەكێتی و نەرمی نواندنی لەهەموو مەسەلەكاندا لەبەرامبەر پارتیدا و بۆ بەرژەوەندی كورد دەیكرد و دەیویست ئەم قۆناغە هەستیارەی كە گەلەكەمانی پیادا تێپەڕ دەبێت بەسەلامەتی بڕوات و دەسكەوتەكان لەدەست نەچێت .

ئەوەبوو پەیوەندیەكان تاڕادەیەك ئاسایی بۆوە و پەڕلەمان كەوتەوە كار و ئاوارەكان گەڕانەوە و سەروەت وسامانی هاولاَتیان گێڕدرایەوە و بنكە و بارەگاكانیان لەهەردوولا كردەوە و زۆر كاری تریان كردكە تەنها یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكان مانەوە . كەبۆخۆی ئەم كارانە هەموویان جێگەی ڕەزامەندی جەماوەر بوون .

➢ هەڵبژاردنەكانی عێراق هاتنە گۆڕێ و كورد توانی لیستی دووەمی براوە بەدەست بهێنێت و سەنگ و قورسایی و كاریگەری لە پێك هاتەی گەلانی عێراقدا بسەلمێنێت و لە پەرلەمان و حكومەتی عێراقیشدا تاڕادەیەك جێگەی شیاوی خۆی وەربگرێت بەتایبەتیش وەرگرتنی پۆستی سەرۆك

كۆمار لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە كە بۆ یەكەم جار بوو كوردێك ببێتە سەرۆك كۆماری دەولَەتێكی عەرەبی ..

- بەلاَم ئەوەی سەرج ڕاكێش و جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە كە تائێستا پەڕلەمانی كوردوستانی نویٚ دەست بەكار نەبوە و یەكەم كۆبونەوەی خۆی ئەنجام نەداوە لەكاتێكدا كە پەڕلەمانی كۆنیش هەلَوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند و كۆتایی بەكارەكانی هێنا و ئێستا هەقی هەموو كوردێكە كە بپرسێت ئەریٚ كەی پەڕلەمانی كوردوستان كۆدەبێتەوە ؟

ئەو ماوەی 3 مانگەی دوا هەلَبژاردنەكان كە پەڕلەمان كۆنەبۆوە دەیان ووت با ئیشوكارەكان لە بەغدادا كۆتای بێت ئەوسا لەكوردوستاندا ئاسانە هەرچەندە ئەو بیانوەش ناپەسەند و بڕواپێهێنەر نەبوو بەلاَم هەر قبولَكرا كەچی ئەوە پەڕلەمان و سەرۆك كۆمار و حكومەتی بەغداش تەواو بووهێشتا دوای چەندین كۆبونەوەی مەكتەبی سیاسیەكان هەر نەگەیشتنە ئەنجام و دوابڕیارلە كۆبونەوەی پەڕلەمان نەدرا , كە مافی هەموانە بپرسین لەسەر چی و لەپای چی ئەم دواكەوتنە بیٚ هۆیە ؟ هەقی هەموانە بپرسین بۆچی تائێستا هەردوو ئیدارەكە یەكیان پێنەگیرایەوە ؟ بۆچی كە بەرژەوەندیە تایبەتەكان جێبەجێدەبن یەكسەر ڕێكدەكەون بەلاَم لەسەر





بەرژەوەندی میلەت هەرگیز ڕێناكەون ؟ دەیان پرسیار و بۆی تریش دەكرێت ..

لای هەمووان ئاشكرایە كە ڕێكەوتنەكان لەسەر پۆستەكانی بەغداش بەهەزار حالٚ و تەنگ و چەلَەمە و گرفت و ووڕك گرتن هاتنە بوون هەمووشی بۆ بەرژەوەندی دەسكەوتی تایبەتی و پۆست و حیزب و بنەمالَە بوون نەك میلەت , بەڕاشكاویش هەموو ئەو گرفت و ووڕككگرتنانە لەلایەن پارتیەوە بوون و قووت دەكرانەوە بۆدەئەوەی یەكێتی تەنازولی زیاتر بكات و دەسكەوتێكی تریان دەست بكەوێت ..

- ئاشكرایە هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێكەوتبون كە ئەگەر پۆستی سەرۆكی عێراق درا بەكورد ئەوا مام جەلال ئەو پۆستە وەردەگرێت و لەبەرامبەریشدا كاك مەسعودیش پۆستی سەرۆكی هەرێم وەردەگرێت , هەموان ئەوەشمان بەناچاری قبولَكرد كەچی پێدەچێت پارتی لەو ڕێكەوتنەش پاشگەزبوبێتەوە , ئەگینا چ بیانویەك هەیە بۆ جێبەجێنەكردنی ئەو ڕێكەوتنە . بۆیە دەبێت پارتی مەرجە تەعجیزیەكانی خۆی بكشێنێتەوە و بەنیەت پاكی و زۆر بە شەفافیەتەوە بێتە پێشەوە لەپێناو بەرژەوەندی كوردا ئەوكارە جێبەجیٚ بكات . ئەگینا ئەوە ڕێكەوتنی پێناوترێت كە پارتی داوای دەكات كە دەبێت سەرۆكی هەرێم لەلایەن جەماوەرەوە هەلَببژێرێت و جێگری نەبێت و ماوەی سەرۆكایەتی

www.dengekan.com

بۆ 4 ساڵ و دووجاریش بۆ سەرۆك هەبێت خۆی هەڵببژێرێتەوە و ئەو ماوەیەش بتوانرێت درێژبکرێتەوە یان نویٚ بکرێتەوە و دەسەلاَتەکانی سەرۆکیش فراوان بێت وبەشێوەیەك هەموو مەسەلە دارایی و ئەمنی و چاودێریەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکەوە سەرپەرشتی بکرێت و گەلێك مەرجی تریش ..

ئێمە دەپرسین ئایا ئەم داواکاریانە بۆ پێشوەخت بە یەکێتی نەوتران و ڕانەگەیەنران ؟ ئایا ئەم داواکاریە تەعجیزیانەی پارتی ڕەوایە کە 24000 دەنگیشی کەمتر لە یەکێتی هێناوە ؟ بەگوتەی کۆمسیۆنی بالاَی هەڵبژاردنەکانی عێراق . ئایا ئەم مەرجانە مەرجی ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنن و لە بۆ بەرژەوەندی کوردە ؟ یان مەرجی تەعجیزی و ڕێگرتن و گرفت دروست کردن و ووڕکگرتنە لەبۆ بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبایەتی ؟

- ئاشکرایە تائێستا دەستوری هەمیشەیی عێراق نەنوسراوەتەوە و بەڕەسمی سیستەمی فیدڕاڵیش نەچەسپیوە و هەرێمی کوردوستانیش نەبۆتە هەرێمێکی ڕەسمی و سیستەمی سەرۆکایەتی تیادا دیارینەکراوە . لەبەرئەوە ئەگەر بویسترێت ئیشوکارەکان بڕوات دەبێت چاو لە پەڕلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی عێراق بکرێت ..

لێرەدا ئەگەر مرۆ بەووردی بڕوانێتە ئەو مەرجانەی پارتی تەنها یەك ڕاستی وەبیردێتەوە ئەویش ئەوەیە کە پارتی دەیەوێت





سیستەمێکی بۆماوە و پاشایەتی و دیکتاتۆریەتی و تاك ڕەوی لەکوردوستاندا بڕوێنێت و گەشەی پێبدات و ئەوەش تەنها بۆ پارتی و بنەماڵەی بارزانی بەڕەوا دەبینێت لەکاتێکدا لە هەموو دونیاو ناوچەکەشدا باوی ئەو جۆرە سیستەمە نەماوە , دووریش نیە کە ئەگەر یەکێتی ئەو مەرجانە قبولٚ نەکات پارتی بەرنامەی تری هەبێت وەك پاشگەزبونەوە لە پەڕلەمان و حکومەتی عێراقیدا یان گواستنەوەی سەنگەری ئەندام پەڕلەمانەکانی بۆ ناو لیستەکانی تر بۆ ئەوەی لەلایەك یەکێتی بچوك بکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆی دەسکەوتەکانی باشتربێت .ئەگەر وانیە بۆ پارتی سەرۆکی هەرێم و حکومەت وەرناگرێت بەو ڕێکەوتنەی کە لەپێشدا لەگەڵ یەکێتی هەیبوو تائەو کاتەی دەستوور دەنوسرێتەوە و هەڵبژاردنی نویٚ دەکرێتەوە ئەوکاتە هەرکەس و لایەنیٚ بەپێی سەرکەوتنی لەهەڵبژاردنەکەدا جێگە و قەوارەی خۆی وەربگرێت وکەسیش گلەیی لەکەس نەکات .

- لەکۆتاییدا دەڵێین گەر سەرکردایەتی هەردوولا پشوودرێژی و عەقلاَنیەت و حەکیمی خۆیان لەدەست بدەن لەم قۆناغە زۆر ناسك و هەستیارەدا ئەوا هەموو دەسکەوت و سەنگینی و قورسایی مەسەلەکەمان لەدەست دەدەین و بەتایبەتیش کە هێشتا مافەکانمان لەدەستوردا نەچەسپیوە , باهەردوولا و بەتایبەتیش پارتی وازبهێنێت لەم ووڕك گرتن و

www.dengekan.com

پێداگرتنە ناماقوڵانەیەی تەنها بۆ دەسكەوتنی زیاتر بۆ حیزب و بنەماڵەكەی .با هەردوو بەگیانێكی برایانە و دڵسۆزانە بۆ گەل و وڵات و نەوەكانی داهاتوو هەڵس وكەوت بكەن . هەروەها ئەركی سیاسەتمەدار و لایەنە سیاسیەكانی بەشدار لە پەرلەمانی نوێدا و هەموو ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكان و سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردەواریە كە گوشار بخەنە سەر هەردوولا و بەتایبەتی پارتی بۆ ڕێكەوتن و هەرچی زووە كۆبونەوەی پەرلەمان ببەسترێت و كوردوستان لەم قۆناغە بۆشایە ڕزگاربكەن و جەخت بكەن و ڕێگە نەدەن جارێكی تر شەڕی ناوخۆ و لاپەڕە ڕەشەكانی ڕابوردوو هەڵبدرێتەوە و تاكە لایەنێك یاری بە چارەنوسی میلەتەكەمانەوە بكات و كورد بكاتە پەندی زەمانە لەبەردەم دۆست و دوژمنەكانماندا و نابێت ئەو ڕاستیەش لەبیر بكەین كە هەموو دوژمنانی كورد هێشتا زیندوون و بۆ هەلێك دەگەڕێن كە ئەم دەسكەوتانەی كورد بفەوتێنن ..

جالەبەر خاتری خوێنی شەهیدان و ئەنفالكراوان و كیمیاوی بارانكراوەكان و ئەو ڕووبارە خوێن و فرمێسكانەی گەلەكەمان كە ڕژاون ڕێكبكەون و كوردو مەسەلەكەشی مەدۆڕێنن و میلەتەكەشمان لە چاوەڕوانی زیاتر ڕزگار بكەن و خۆتان





ئامادەبكەنەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێ كە ئەمەیان سەنگی مەحەكە بۆ هەردوولاتان و هەموانی تریش ...

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 132 لە 2006/5/21دا بلاوكراوەتەوە

www.dengekan.com

# كوردو
# نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی*

- ئاشكرایە ئەم قۆناغەی كە عێراق بەگشتی و كوردوستان بەتایبەتی پیایدا تێپەڕ دەبێت قۆناغێكی زێدە گرنگ و هەستیارە و پێویست دەكات كە هەموان و بەتایبەتیش كورد بەگیانێكی لەخۆبوردەیی و نیشتیمانی و خۆنەویستیەوە هێندەی ناسكی و هەستیاری قۆناغەكە بە ووریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكات و ڕێگە بەهیچ درز و كەلێنێك نەدات بكەوێتە ڕیزەكانی گەلەكەمانەوە و نەهێڵرێت كە گوتار و هەڵوێست و قورسایی و جێگەی كورد گۆڕانی بەسەردا بێت و لاواز ببێت و دواتریش ببێتە هۆی لەدەست دانی هەموو ئەو دەسكەوتە گرنگانەی كە تائێستا بەدەست هاتوون ..
- ئەم قۆناغە و بەتایبەتیش ئەم چەند مانگەی داهاتوو گەلێك گرنگن بۆ دواڕۆژ و چەسپاندنی هەموو مافەڕەواكانی گەلەكەمان لەعێراقدا چونكە كاتی نوسینەوە و داڕشتنی دەستوری هەمیشەییە بۆ عێراق , پرۆسەی نوسینەوە و داڕشتن و ڕەزامەند بوون لەسەر ئەو دەستورە هەمیشەییەش مافی سەرجەم گەلانی عێراقە بەجیاوازی نەتەوە و مەزهەب و





دینەكانیانەوە , بۆیە مافی كوردیشە لەپێش هەموانەوە كە ڕۆڵی كاریگەری هەبێت لەو پرۆسەیەدا و چەندی بتوانێت هەوڵ بدات بۆ چەسپاندن و جێگیركردنی مافەكانی گەلەكەمان و لەپێش هەموانیاندا :-

- چەسپاندنی سیستەمی فیدڕاڵی و دیموكراسی بۆ عێراق و دیاریكردنی جۆری حوكم و پشكی كوردیش لەو سیستەمەدا
- چەسپاندن و دانپیادانان بە هەرێمی كوردوستان و دیاریكردنی سنوورو جوگرافیاكەی بەگەڕانەوەی هەموو ئەو شارو شارۆچكە و گوندانەی كە تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر كوردوستان وەك كەركوك و خانەقین و شەنگار و بەدرەو جەسان و مەندەلی و ...هتد
- هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی یاسادا
- دیاریكردنی مافی هاولاَتیبوون و یەكسانی لەنێوان هەموو گەلانی عێراقدا لە ئەرك و مافەكانیاندا
- دیاریكردنی پشكی كورد لەداهات و سامانە سروشتیەكانی عێراق و كوردوستاندا
- گەڕانەوەی ئاوارەكانی كورد بۆ سەر جێگەی باوباپیرانیان و ناردنەوەی هاوردەكانیش بۆ جێگەی خۆیان

سەندن و چەسپاندنی ئەو مافانە و گەلێكی تریش لە و دەستوورە هەمیشەییەدا پێویست دەكات كە كورد بەهەموو

www.dengekan.com

جیاوازیەکانی بیرو ڕاو بۆچوون و هەڵوێستەکانیانەوە یەك و یەکگرتووبن و بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردوستان لەپێش بەرژەوەندیە تایبەتی و حیزبیەکانیانەوە دابنێن و گوتار و هەڵوێستی کورد لەبەردەم دۆست و دوژمناندا بەهێزو یەکگرتوو پیشان بدەن بۆئەوەی ئەو دەسکەوتە گرنگانەی کە بەدەست هاتوون لە کیسمان نەچێت و مێژوو نەوەکانی داهاتوش نەفرەتمان لێنەکەن چونکە کوردو مەسەلەکەشی وەك جاری جاران بچوکتر دەبێتەوە و لەبیردەکرێتەوە و ئەوکاتەش پەشیمانی دادی هیچ کەس و لایەنێك نادات ..

---

*ئەم ووتارە لەسایتی کوردوستان پۆستدا بلاَوکراوەتەوە .



www.dengekan.com



## ڕیفۆرم
## لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟*
## Reforme

- کورتەیەکی مێژوویی

ڕیفۆرم بزوتنەوەیەکی بلاَوی فراوانە کە دژی دەرەبەگایەتی و دژی ڕێباز و مەزهەبی کاثۆلیکی لەدیانەتی مەسیحیدا بلاَوبۆوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەمدا لە ئەوروپادا , کە هاوکاتە لەگەڵ بلاَوبونەوەی ڕێباز و مەزهەبی ( پرۆتستانتی ) لە هەمان دیانەتی مەسیحیدا ..

ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازییە بەیەکەم شۆڕشی بۆرجوازی ناپێگەیشتوو دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

هەروەها ڕیفۆرم بەو گۆڕانکاریانەش دەوترێت کەبەسەر بزوتنەوە دینیەکاندا هات کەلەسەدەی شانزەهەمدا لەئەوروپادا دەستی پێکرد و بوەهۆی ڕزگارکردنی بەشێکی

زۆری ئەوروپا لەدەسەلاَتی پاپا دونیایی و دینیەکانی ئەو سەردەمە , لەبەناوبانگترین پێشەواکانی ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمیە لۆثە ر کینگ و کالڤن بوون .

لەم شۆڕشی ڕیفۆرمیەدا بۆرجوازەکان لەگەلٚ زۆرێك لە پیاوە نەجیبزادەکان و دەولەمەندەکاندا لەدژی کەنیسەی کاثۆلیکی دەسەلاَتدار وەستانەوە .ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازیەش لە ولاَتی ئەلمانیاوە دەستی پێکردو دواتر زۆرێك لە وولاَتانی تری ئەوروپای گرتەوە و بوە هۆی هەلگەڕانەوە و پاشگەزبونەوە لەمەزهەب و ڕێبازی کاثۆلیکی لە بەریتانیاو ئوسکوتلەندا و دانیمارك و سوید و نەڕویج و هۆلەندا و فنلەندا و سویسراو بەشێوەیەکی کەمتر لە ولاَتانی ئەلمانیاو بۆهیما و مەجەڕدا ..

ئەم بزوتنەوە ڕیفۆرمخوازیە زۆرێك لە گرنگی و پایە و دەسەلاَتی کەنیسەی کەمکردەوە و تێگەیشتن بۆی سانا و ئاسان کرد و لەبەرامبەردا لە بەهای بڕوابوونی خودی تاکی زیادکردو بەرزکردەوە بەسەر ڕووکەشی دەرەوەی دین خۆیدا و بەهای ئەخلاقیاتی بۆرجوازی زۆرگەورە و پیرۆزکرد و بەم شێوەیە کەنیسە لەو وولاَتانەی کەئەم بزوتنەوەیە تیایدا سەرکەوت پەناو پشتیوانی لەدەولەتەوە وەردەگرت نەك وەك جاران فەرمان بدات و دەسەلاَتدار بێت . بەشێوەیەك کەنیسە



www.dengekan.com



زۆر لەدەسەلاَتەکانی کەم بۆوە لەبەرامبەر ئەو ولاَتانەی تردا کە لەسەر مەزهەبی کاثۆلیك مابونەوە . ئەم کارەوانی گۆڕانکاریانە وای کرد کە پێشکەوتنە زانستی و ڕۆشنبیریە دونیاییەکان بەسانایی گەشە بکەن و پێشبکەون..

شێواز و سیمای نەتەوەیی ئەم ڕێبازە نوێیەی ناو دیانەتی مەسیحی ( پرۆتستانتی ) دەگونجا لەگەلٚ ئەم پرۆسە ڕیفۆرمیەدا لەناو ئەو نەتەوە بۆرجوازیانەدا , بەشێوەیەك کە بەرەی پان و پۆڕی جەماوەری ڕەش و ڕووت و سادەی مەسیحیەکان شان بەشانی هەردوو بەرەی پیاوە نەجیبزادەکان و دەولەمەندەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەرەی دانیشتوانی شارەکاندا وەستابوون, و نوێنەرەکانیان نەك هەردژی پیاوانی کەنیسە بەلکو دژی چینە نەجیبزادەکانیشیان وەستابونەوە و نەك هەر دژی جیاوازی دەرەبەگایەتی بەلکو دژی جیاوازیەکانی مولکداریتیش وەستابونەوە , ئەم پیاوانە و ئەم بەرە زۆرینەیەی ڕیفۆرم خۆیان وا نیشان دەدا کە لەسەر ئەو بنەما ئینجیلیە دیاریکراوانە دەڕۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحیەتی سەرەتا..

لەبەرامبەریشدا کاثۆلیك مەزهەبەکانیش دەست و پێ بەستراو دانەنیشتن و کەوتنە خۆ بۆ ڕێکخستن و پێکەوەنانی بەرەیەکی بەرامبەر و دژ بەبەرەی ڕیفۆرمخوازان و توانیان کە

ڕێگە بگرن لە زیاتر بڵاوبونەوەی مەزهەبی پرۆتستانتی لەئەوروپادا و تەنانەت توانیشیان لە وڵاتانی وەك پۆڵەندا و فەرەنسادا مەزهەبی پرۆتستانتی هەر نەشهێڵن .

➢ **ریفۆرمیش هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە و چەندین جۆرو بواری هەیە لەوانە :-**

1. ریفۆرمی ریشەیی Radical Reform

ئەوروپا ڕاستەوخۆ لەدوای ریفۆرمەکانی کاثۆلیك و پرۆتستانتیەکانەوە لە سەدەی شانزەهەمەوە بەم جۆرە ریفۆرمە ئاشنا بوو , کەهەندێ بەریفۆرمی سێیەمی ناودەبەن یان بەریفۆرمی چەپ ناوی دەبەن .

2. ریفۆرمی کشتوکاڵی Agrarian Reform

بریتیە لە سازدانی ڕاستکردنەوە یان گۆڕانکاری لە سیستەمی کشتوکاڵیدا بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و فەراهەمکردنی پێداویستی ناوخۆیی بۆ گەشەکردنی نەتەوەیی و دابینکردنی شێوەیەك لەعەدالەتی کۆمەڵایەتی .بەهۆی سوود وەرگرتن لە ئامێر و کەل و پەلە کشتوکاڵیە تازەکانەوە و بەکارنەهێنانی هۆکارە کشتوکاڵیە باو و دواکەوتوو سادەکانی جارانەوە و بەکارهێنانی تۆو سەمادی کیمیاوی و داودەرمان بۆ نەهێشتنی ئافاتە





کشتوکاڵیەکان و هوشیارکردنەوە و تێگەیاندنی جوتیاران و بەخێوکەرانی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بە زانستی نوێی سەردەم و چاککردنی زەوی شۆرەکات و وەبەرهێنان لە قەد پاڵی چیاکان و و دارستانەکان و لەوەڕگا و ...هتد.

3. ریفۆرمی سیاسی Polatic Reform

بریتیە لە پرۆسەی چاکسازی یان گۆڕانکاری لە جۆرو شێوازی سیستەمی سیاسی لە تاکڕەویی و دیکتاتۆریی و شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و خێڵەکی و بنەماڵەیی و کۆنەپارێزیەوە بۆ سیستەمێکی عیلمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنخواز کە بڕوای بە هەڵبژاردن و بەشداریکردنی جەماوەر هەبێت لە حوکم و دەسەڵاتدا و بەڕێگەی ئاشتی ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات بکرێت ..

4. ریفۆرمی ئابوری Economic Reform

ئەمیش بریتیە لە چاکسازی لە سەرچاوە و وەبەرهێنان و یاساو ڕێسا کۆن و داخراو ئاڕاستەکراوەکانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ یاساو ڕێسای نوێی وا کە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی بازاڕی ئازاد وکێبڕکێی نرخ و بازاڕدا لەسەر بنچینەی باشی لە نەوعیەتدا و نەمانی سنورەکان لەبەردەم ئاڵوگۆڕکردنی

www.dengekan.com

بازرگانی و کاڵاکاندا لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاکاندا و دەستکرانەوە و کارئاسانی کردنی دەوڵەت بۆ کەرتی تایبەتی و کۆمپانیا زەبەلاحە فرە نەتەوەییە ئابوریەکانی دونیا بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بکەن .

5. ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی Social Reform

ئەم جۆرەش لە ڕیفۆرم گرنگی دەدات بە چاکسازی و گۆڕین لە داب و نەریتە باو و داخراو وکۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگا و هەوڵدەدات لە جێگەیاندا داب و نەریتێکی کراوەتر و ئازاد و سەربەستانە بچەسپێنێت و ئازادیە گشتی و تایبەتیەکانی تاك و کۆمەڵ بپارێزێت و گۆڕانکاری لە یاسا کۆنەکانی مەدەنی و پەیوەندیەکانی تاکەکانی کۆمەڵ و خێزاندا بکات و هەوڵی یەکسان بوونی ژن و پیاو لەکۆمەڵگادا دەدات و دەیەوێت مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی بپارێزێت و هەنگاو دەنێت بەرەو پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە تیایدا حکومەت دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەمێنێت و تەنها ڕێکخراوە مەدەنی و دیموکراسیەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لە چاودێرکردنی کارەکانی حکومەت و ڕێگەنەدرێت بە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرو پێشێلکردنی مافەکانی تاك و



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

کۆمەڵ . و دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران وتەندروست و دابینکردنی بیمەی بێکاری ونەهێشتنی هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری ..

6. ڕیفۆرمی سەربازی Army Reform

بریتیە لە چاکسازی لە بواری سەربازیدا و هەوڵ دەدرێت کە بنەماو تێگەیشتنە کۆن و کلاسیکیە سەربازیەکان بگۆڕێت بۆ بنەماو تێگەیشتنی نوێ لەکارو ئەرکەکانی سەربازیدا و هەوڵدەدرێت کە سوود لە چەك و تەقەمەنی و داهێنانە نوێکانی بواری سەربازی وەربگیرێت و تەنها پشت بە توخمی مرۆڤ نەبەسرێت و بەڵکو زانست و تەکنەلۆژیا سەربازیە نوێکان جێگەیان بگرێتەوە و گۆڕانکاریش لە جۆرو شێوازەکانی مەشق و ڕاهێناندا بکرێت بەشێوەیەك کە سەربازی نوێ پێبگەیەنرێت کە توانای شەڕو بەرگریکردنی باشی هەبێت ..

7. ڕیفۆرمی زانستی و فەرهەنگی

بریتیە لە چاکسازی و گۆڕان لە فەرهەنگ و بەرنامەی خوێندن و فێرکردندا و سوود وەرگرتن لەداهێنان و پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیەکانی سەردەم لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ...هتد و هەروەها گۆڕان و چاکسازی لە فەرهەنگ و ئەدەب و کەلچەری کلاسیکی کۆمەڵگادا ..

www.dengekan.com

## ڕیفۆڕمخوازی Reformism

- ئاڕاستەیەکی سیاسیە لە بزوتنەوەی کرێکاریدا , کە بڕوای بەزەرورەتی پێکدادانی چینەکان و شۆڕشی ئیشتراکی و دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا نیە و ڕەتی دەکاتەوە . و داوای هەمئاهەنگی نێوان چینەکان دەکات و خوازیاری گۆڕینی سەرمایەداریە بۆ ( کۆمەڵگای ڕەفاه وخۆشگوزەران ) لەڕێگەی ڕیفۆڕمەوە .

ڕێباز یان بۆچوونی ڕیفۆڕمخوازی لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرکەوت کە بنچینەکەشی کۆمەڵایەتیە کەبریتیە لە ڕیزی پێشەوە و بەرزی سوود وەرگر لە چینی کرێکاریدا کە ناسراوە بە ئۆرۆستۆکراتیەتی کرێکاری .

بۆچوونی ڕیفۆڕمخوازی مۆدێرن خۆی لە ( نێونەتەوەیی ئیشتراکی ) دا دەبینێتەوە کە بریتیە لە یەکێتیەکی نێودەوڵەتی ڕیفۆڕمخوازان کەلەساڵی 1951 دا دامەزراو توانی لەساڵی 1962 دا 40 پارت و ڕێکخراوی سیاسی دونیا لە خۆبگرێت و ژمارەی ئەندامانیشی بگاتە 10 ملیۆن و نیو ئەندام لەسەرتاسەری جیهاندا .

لەڕابەر و بیرمەندە بەناوبانگەکانی ڕیفۆرم بریتین لە ( م. فیلیب و ف. ایخلر و ب. بوینبلْ و ا. ستراشی و ...هتد ) وە لە سیفاتە





هاوبەشەکان و دیارەکانی ئەم سەرکردە و ڕابەرانەش بریتیە لە دژایەتی کردنی شیوعیەت .

ئەم بۆچوون و ڕێبازە ڕیفۆرمخوازانەیە بڕوای وایە کە ئیدی توند و تیژی باوی نەماوە و کاتی بەسەرچووە و تەنها پشتگیری لە شۆڕشێکی هێمن و لەسەرخۆ دەکات و مادیەت ڕەت دەکاتەوە و ڕای دەگەیەنێت کە حەتمیەتی مێژوویی سروشتی و ئابوری تەنها بۆ ئیشتراکیەتی دیموکراتیەتە..

## ڕیفۆرم Reform

ڕیفۆرم بریتیە لە ڕاستکردنەوە یان پێشخستنێکی نا ڕیشەیی لە شێوازی دەسەلات یان پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر بنەماکانی . ڕیفۆرم جیاواز لە شۆڕش تەنها بریتیە لە چاکسازی کردن لە سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتی هەبوو بەبێ ئەوەی بنەچەو بنەماکانی ئەو سیستەمە بگۆڕێت ..

ڕیفۆرم بۆ خۆی پڕۆسەی گۆڕانکاری و کارێکی نوێی دوورو درێژ خایەن و هەستیار و گرنگ و گرانەلەسەرجەم بوارەکانی

www.dengekan.com

سیاسی و ئابوری وسەربازی وكۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و....هتدا .

ڕیفۆرم وەك ئەوە وایە كە چەند پایەیەكی تەختە بخرێتە ژێر بینایەكەوە بۆئەوەی كرداری ڕووخاندنی بیناكە ڕوونەدات یان دوای بخات و زۆرجار ڕیفۆرم بۆ ئەو مەبەستە بەكاردێت كە شۆڕش ڕوونەدات یان ڕوودانەكەی دوابخات ..

پرۆسەی ڕیفۆرم لەهەموو زەمان و زەمینەیەكدا دەكرێت جێبەجێبكرێت بەو مانایەی كەبریتیە لە ڕاستكردنەوە و خستنە سەرسكەی سروشتی كارەكان و بەردەوامبوون, بەلأم بۆ سەركەوتن و زامنكردنی ئەو سەركەوتنە پێویست دەكات كە هەل و مەرجی خۆیی و بابەتی گونجاو هەلْبژێردرێت بۆ دەستپێكردن و ئەنجام دانی پرۆسەكە.

ڕیفۆرم دەكرێت كەلەسەرجەم دام ودەزگاكانی حكومەت و دەسەلأت و یاساكان و سەرجەم ڕێكخراوو حیزبی سیاسی و ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكاندا بكرێت بەو مانایەی ڕیفۆرم بریتیە لە نەمانی گەندەلْی ئیداری و دارایی و نوێبونەوەی توانا و وزە و بەرنامە و پلانی كاری داهاتوو .

ڕیفۆرم لەپرۆسە گشتگیریەكەیدا بریتی نیە لە ڕەتكردنەوەی سەرتاپای مێژوو و ڕابوردوو, بەلْكو بریتیە لە



www.dengekan.com



ڕاستكردنەوەی هەلْە وكەموكوڕیەكانی ڕابووردووهەروەها خۆگونجاندن لەگەلْ ئیدیۆمە تازە و مۆدێرن و سەردەمیەكاندا و مامەلْەكردن لەگەلْ كاراكتەر و فاكتەرە مۆدێرنەكاندا بەمەبەستی بەرەوپێشچونی زیاتر و پێشكەوتن لەگەلْ ڕوودا و وپێشهاتەكان و داهێنانە نوێكانی ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاشدا ..

ڕیفۆرم لەمێژووی خەباتی سیاسی و چەكداری و كۆمەلأیەتی زۆربەی گەلان و دەولەتان و پارتە سیاسی و جەماوەریەكانی دونیادا پەیڕەوكراوە و ئەنجامی باشیشی لێكەوتۆتەوە.

ڕیفۆرم پرۆسەیەكی زۆر هەستیارو گرنگە چونكە بچوكترین هەلْە لە جێبەجێكردندا دەبێتە هۆی لادان لە ئاڕاستەی سروشتی پرۆسەكە و دواتریش بەرەو هەلْدێران و زیانی گەورە دەشكێتەوە بەسەر ئەو كەس و لایەنانەدا كەپێی هەلْساون,هەربۆیە كاری وورد و دیقەت و عەقلْی كراوە و شەفاف و بیری ژیرانەی گەرەكە بۆ سەرپەرشتی و ئاڕاستەكردنی ...

## ڕیفۆرم كێ جێبەجێی دەكات و بۆچیش ؟

پرۆسەی ڕیفۆرم بۆخۆی لەهەناوی پرۆسەو بەرنامەو كارێكی لەپێشتر لەخۆیدا سەرهەلْدەدا و لەدایك دەبێت لە ئەنجامی دروستبوونی گەندەلْی و لەڕێلادان و نەمانی دیسپلینەكان و

قـــۆرخكردنی ئیمتیازاتـــەكان و تـــاك ڕەوكـــردن لـــەبڕیارو سیاسـەتەكاندا و حـساب بۆنـەكردن یـان بەشـداری نـەكردنی جەماعەت لەداڕشتنی سیاسەت و بڕیارەكاندا و پەراوێزكردن و دوورخستنەوەی نەوەی نویٚ و نەمانی گیانی دیموكراسیەت و ئازادیەكان و لێدانی بەرژەوەندی زۆرینەو دروستبوونی ترس لەدلٚ و بیر و ڕادەربڕینەكان بەرامبەر سەركردە و ڕابەر و كەسی یەكەم و پارتی پێشڕەو و ......هتد

ڕیفـۆرم لەلایـەن كەسـان و گـروپ و پـارت و ڕێكخراوێكـەوە سـازدەدرێت و سـەرهەلٚدەدا و جێبـەجێش دەكرێـت كـە هەسـت بەپەراوێزكردن و فەرامۆشكردن و دوورخستنەوە لەكارو بڕیار و ئیمتیازاتەكان بكەن .. هەست بكەن كە سەرەتای تاك ڕەوی و دیكتاتۆریەت و سەپاندنی ڕاوبۆچوونی تاك دەستی پیٚ كردووە , كاتیٚ هەستیان كرد لەبەرامبەر داكۆكیكردنیان لەدیموكراسی و ئـازادی و مافەكانیان توشـی ڕاوەدوونـان وگـرتن و تیرۆركـردن دەبنەوە . كاتێك هەست بكەن كە بارودۆخی ئارامی و ڕێزگرتن و گـوێگرتن لەڕاوبۆچـوونەكانیان گـۆڕدراوە بـەترس و دوودلٚـی و دلٚەڕاوكیٚ و نەبونی ئەمان و ئاسایش.

ئەوكـەس و لایـەن و گـروپ و ڕێكخـراو پارتانـە یـەك دەگـرن و كۆدەبنـەوە لەسـەر بەرنامـەی ڕیفـۆرم و ئیـدی ڕیفـۆرم بەهـەموو





ماناكانیـەوە داوا دەكـەن و دەیكەنـە دروشـم و خـەبات دەكـەن بـۆ جێبەجێكردن و بەدەستهێنانی داواكانیان .

وەك پێشتر باسمان كرد ڕیفۆرم لەخۆڕا و لەئان و ساتێكدا لەدایك نابێـت و ناڕسـكێت بـەلٚكو زەمـەنێكی دەوێـت تـا سـەرهەلٚدەدا و پێدەگات و دەست پێدەكات, بەهـەمان شێوەش پڕۆسـەی ڕیفـۆرم تەمـــەنێكی دیـــاری كـــراوی نیـــە و ناتوانرێـــت قەتیـــسبكرێت لەچوارچێوەی كاتێكی دیاریكراودا بەلٚكو پڕۆسەیەكی درێژخایەن و بەردەوامـە چـونكە بـەگۆڕانی ژیـان و پێـشكەوتنەكان و لـەدایك بـوونی دیـاردەی نـویٚ پێویـست بـوونی ڕیفـۆرم خـۆی فـەرز دەكات .بۆیە خالٚی دەستپێكردنی هەیە و خالٚی كۆتایی نیە .

پڕۆسـەی ڕیفـۆرمیش لەهـەناوی گـەل و حكومـەت و حیـزب و ڕێكخراوێكی زیندوەوە دەست پێدەكات و گەشە دەكات چونكە ڕیفـۆرم بۆخـۆی بـەردەوام بـون ونوێبونەوەیـە لـە پڕۆسـەیەكی گـەورەتردا و بـۆ گـەورەتریش جـا ئـەم پڕۆسـە گرنگـەی گـۆڕان و بـەرەوپێش بردنـە پێویـستی بەعـەقلٚ و كەسـانی زینـدووە نـەك كەسـانێكی عـەقلٚ داخـراو وچـەق بەستووبەشـێوە و شـێوازێكی دیاریكراو و كلاسیكی و مردووی نەگۆڕەوە .

ڕیفۆرم بەواتا باوەكەی مانای چاكسازی دەگەیـەنێت لـەبوارەكانی سیاســـی و ئـــابوری و كۆمەلأیـــەتی و خوێنـــدن و فەرهـــەنگ و سەربازی و.....هتد

➢ ڕیفۆرم لەکۆمەڵگای کوردەواریدا و حکومەت وپارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە بۆچی دەکرێت ؟ مەبەست لەم پرۆسەیە چیە ؟ نیازەکانی پشت ئەم پرۆسەیە چین ؟ ئایا ڕیفۆرم تەنها وەك دروشمێکی ڕازاوە و بریقەدار بەرزکراوەتەوە یان زەرورەتی قۆناغەکە سەپاندویەتی ؟ و چەندین پرسیاری تر ......

بۆ وەلاّم دانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو هەژار و نەخوێندەوار لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و سەربازی و ئیدارە و دەسەلاّت و یاسا و خوونەریت و زانست و فەرهەنگ و ....هتد بەهۆی ئەوەی کەدەوڵەت و کیانی سەربەخۆی نەبوە و لەژێر دەسەلاّتی دوژمنان و داگیرکەراندا ژیاوە و بواری هیچ جۆرە پێشکەوتنێکیان نەداوە . ئێستاش لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردوستانو دەسەلاّتێکی خۆماڵی و چێبوونی کەش و هەوایەکی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی لەم دەڤەرەی کوردوستاندا بەگشتی و کرانەوەی کۆمەڵگای کوردەواریش بەسەر دونیادا و تێکەڵ بوون و بەکارهێنانی بۆ تەکنەلۆژیاکانی سەردەم و تینوێتیان بۆ زیاتر گۆڕانکاری لە ژیانی



www.dengekan.com



ڕابووردویاندا لەهەموو بوارەکاندا و وەك خۆگونجاندن و پەڕینەوەش لەزەمن و زەمینەیەکی کۆن و ڕابووردویەکی تاریکەوە بۆ سەردەمێکی ڕوون و ئاسۆفراوان و بەمەبەستی زیاتر دوانەکەوتن و هەنگاونان بۆ پێشەوە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا .

پرۆسەی ڕیفۆرم وەك زەرورەتی قۆناغەکە خۆی سەپاندووە سەرەتای ئەم پرۆسەیەش لەم حکومەتی هەرێمی ( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ) ەوە دەستی پێکرد لەچوارچێوەی نەهێشتنی ڕۆتین و گەندەڵی لەئیدارەدا .

ماوەی چەند مانگێکیشە لەخودی ڕیزەکانی یەکێتیشەوە و بەتایبەتیش لەلوتکەی دەسەلاّتەکان و بڕیارەکانەوە( مەکتەبی سیاسی ) وە دروشمی ڕیفۆرم بەرزکراوەتەوە و داواکاری و ڕەخنەو سکالاّ و پێشنیازەکانیان لەوچوارچێوەی یاداشتێکدا ئاڕاستەی سکرتێری گشتی خۆی بەڕێز مام جەلال کردووە .

وەك لەپێشەوە باسمان کرد هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری لە سیاسەت و ئابوری و سەربازی و داب و نەریتی کۆمەلاّیەتی و یاسا و فەرهەنگ و حیزبایەتی و ڕێکخراویشەوە هەرهەمووی پێویستی بە چاکسازی و ڕاستکردنەوە و ئاڕاستەکردن و گۆڕین و کرانەوە و ڕاشکاوی هەیە چونکە جاران سەرجەم بوارەکان داخراو و کۆنەپارێز و تاریك و دواکەوتوو

سەرداپۆشرا و و ئاڕاستەکراو بوون بەڵام ئێستا پێویست دەکات کە سەرتاپای بوارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بکرێتەوە و شەفاف و ڕوون و ئاشکرابن و بتوانن ڕەخنە و دەنگی ناڕەزایی و دژەکان قبوڵ بکەن و لەلایەن کەسێك یان بنەماڵەیەك یان گرووپێکەوە ئاڕاستە و کۆنترۆڵ نەکرێن .

بۆیە ئەم ڕیفۆرمەی کەداوا دەکرێت لەناو یەکێتیدا بکرێت وەك سەرتاپای پڕۆسەی ڕیفۆرم قبوڵە و لەگەڵ زەرورەتی قۆناغەکە و فراوان بوونی ئەرك و دەسەڵات و سنووری جوگرافیای کار و قورسی و گرنگی ئەرکەکانی یەکێتیدا یەك دەکرێتەوە .

بەڵام ئەم پڕۆسە گرنگ و زێدە هەستیار و وورد و درێژخایەنە لەلایەك نەفەس درێژی دەوێت دوور لەهەڵچوون و تووڕەبون و هەناسەسواربون و کەم جیکەڵانەیی, لەلایەکی تریشەوە زەمان و زەمینەی گونجاوو لەباری دەوێت بۆ دەستپێکردن و جێ بەجێکردنی . ئاشکرایە کە وەزعی یەکێتی و کوردوستان لەبارنیە و بەوشێوەیەش ئارام و جێگیرنیە تا پڕۆسەیەکی ئاوها گرنگی تیادا ئەنجام بدرێت چونکە دوژمنانی ناوخۆو عێراقی و ناوچەیی و دونیاش لەسەر پێن بۆ یەکێتی و چاویان لەو ڕۆژە بڕیوە کە یەکێتی بەو گەورەییە و بەهێزیە و پتەوییە نەمێنێتەوە چونکە دەزانن تەنها یەکێتی سەرەنێزەی خەباتی کوردایەتیە و تائێستاش بەڕەسەنی و ڕاستگۆیی و





ئەمانەتەوە جڵەوی کوردایەتی گرتوە و پێشەنگ و ڕابەر و جێ متمانەی زۆرینەی جەماوەری کوردوستانە بۆ ئەوەی کاروانی خەباتی چەندین ساڵە و کەشتی چارەنوسی کورد بگەیەنێتە دوا مەنزڵ و ئاسۆی دواڕۆژ .

بۆیە هێندەی تر ئەرکی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازان گەورەتر دەبێت , لەکاتێکدا کە بەڕێز مام جەلال بەهێز و سیاسەت و ژیری و حەکیمی و کەسایەتی خۆی و خەباتی درێژخایەنی چەندین ساڵەیەوە بۆتە یەکێك لەپایەگرنگ و ڕاگرەکانی یەکڕیزی یەکێتی و کردویەتیە ڕێکخراوێکی جێ متمانە و دۆستی دەوڵەتان و پارتە سیاسیە گەورەکانی ناوچەکە و دونیاش, وەك خۆشی مام جەلال بۆتە ( صمام الامان ) ی ناو یەکێتی و ململانێی نێوان کەس و لایەن و مینبەر و ڕێکخراوە جیاوازەکان .

بۆیە زەمەنی ئەم پڕۆسەیە زەمەنێکی گەنجاو نەبوو , چونکە گەر بەڕێزمام جەلال بە تەعەنوت و خەمساردی و عەقڵ بەستویی و هەڵچونەوە وەڵام و مامەڵەی ڕیفۆرمخوازانی بدایەتەوە,ئەوا زۆر نزیك بوو یەکێتی ببێتە ئاردی ناو دڕك و ئەو کاتەش هیچ کەس و لایەنێك سەنگ و قورسایی نەدەما و کەسیشیان حسابیان بۆئەوی تر نەدەکرد, بۆیە پێویستە

هەموان ئەو ڕاستیە بزانن کە بەیەکێتیەوە جوانن و بەهێزن و ڕێزلێگیراون بەدەر لەیەکێتی چارەنوسیان بچوك و نادیارە ..

www.dengekan.com

ئەی دەبوایە واز لە ڕیفۆرم بهێنرایە و هیچ هەوڵێك بۆ ڕیفۆرم و ڕاستكردنەوە نەدرایە ؟

وەلآم نەخێر , ناكرێت بەبیانوی نەگونجاندنی بارودۆخی سیاسی عێراق و كوردوستان و هەستیاری قۆناغەكە و زۆری فاكتەری تر ڕیفۆرم نەكرێت یان دوابخرێت, بەڵگەش بۆئەوە یەكێتی لەماوەی 14 ساڵی دەسەلآت و حكومەت و فراوانبونیدا و دوای ساڵی 1991 وە ئەم هەموو گەندەڵی و مشەخۆری و كەموكوڕی و هەلآنەی تیا دروست بوبێت لەماوەیەكی كەمدا ئەوا پێویستی دەكرد نەك ئێستا بەڵكو زۆر زووتریش ئەم پرۆسەیە دەستپێبكرایە بەلآم چۆن ؟

یەكێتی ڕێكخراوێكی سیاسی نیمچەبەرەییە لە ئێستاشدا فرە مینبەری جیاواز و تاڕادەیەكی باشیش دیموكراسیەت و ڕەخنەگرتن تیایدا كارێكی ئاسایی و پێگەیشتووەو سەركردایەتیەكەی و سكرتێرەكەشی پیاوانی ڕۆژانی سەختی خەباتی چەكداری شاخ و دەرچوو و قاڵبووی خوێندنگایەكی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕەسەنی كوردایەتین و خاوەن حیكمەت و عەقڵ و ژیرین و هێندەی ناسكی قۆناغەكە و گەورەیی پرۆسەكە دڵسۆزن بۆ یەكێتی و كورد و كوردوستانیش . بۆیە دەكرا كە ئەم پرۆسەیە بەهێمنی و ووردی و لەناو خۆو بەڕاشكاوانەتر و بوێرانەتر وبەبێ بوونی هیچ ترس و دڵەڕاوكێیەك لەناو مەكتەبی





سیاسیدا پلانی بۆ دابنرایە و جێبەجێش بكرایە دوور لەهەراوهۆریا و ئیمزاكۆكردنەوە و بلآوكردنەوەی لە ڕۆژنامە و سایتی ئینتەرنێتدا .كەبوە هۆی ئەوەی پرۆسەكە سەرتاپا لەڕێڕەو وڕێچكە و نیاز و مەبەستە ڕاست و دروستەكانی خۆی لای داو یەكێتی كردە دووبەرەوڕۆی دژ بەیەك و دڕدۆنگ و ئەو ماوەی جیاوازیەشی كەپێشتریش هەبوو هێندەی دی زیاتری كردو لەجیاتی ئەوەی هەمووان دژ یان لەگەڵ بن , بوونە دووبەرەی دژ لەگەڵ و دواتریش پەشیمان بونەوە و پاكانە نوسینیشی تێكەوت .

خۆشبەختانە ئەم پرۆسەیە لەناو مەكتەبی سیاسی و لەلوتكەی هەرەمەكەوە دەستی پێكرد چونكە باشتر و زووتر و سانا تر دەتوانرێت جێبەجێبكرێت ئەگەر بڕیار بەدەستەكان خۆیان و لەخۆیانەوە دەستپێبكەن چونكە هەرخۆشیان سەرەتا و دەستپێكی گەندەڵی و لادان و مشەخۆری و هەڵە و كەموكوڕیەكان بوون , نەك ئاستەكانی خوارەوە كە لاحول لهم ولا قوە ...

➢ ئایا ئەمە مەبەستە ڕاست و دروستەكە بوو یان ڕاستكردنەوەی هەڵەكان و نەهێشتنی گەندەڵی و چاكسازی بوو ؟؟ لێرەدا نیشانەی پرسیار لەسەر ڕیفۆرمخوازەكانیش دروست دەبێت و پرسیار دەكرێت كە ئایا ئەم كەسانە بۆ بەرژەوەندی

www.dengekan.com

تايبەت و ئيمتيازات و دەسەلاَت و سەروەت و سامان كۆكردنەوە وايان كرد ؟؟ يان بۆ بەرژەوەندی و بەهێزی و يەكگرتوويی يەكێتی و كورد و ئيدارە و دەسەلاَتەكەی و لەپێناو نەوەكانی داهاتوو و دواڕۆژدا كرديان ؟؟؟

تائێستاش ئەنجامی ئەم كارو ياداشتنامەيە كە هەنگاوی سەرەتا و يەكەم بوو بەری سەوز نەبوە و سەركەوتنی گەورەشی بەدەست نەهێناوە ( هەرچەندە هێشتا زووە كە ئەنجامی تەواو بەدەست بهێنێت ) جائەگەر ئەم پڕۆسەيە لەيەكم هەنگاودا كە كاروانێكی دوور و درێژە تووشی يەئس و هەلْدێران و كپ بونەوە و كەوتن بێت , ئايا چ دواڕۆژێكی گەشتر چاوەڕوانی ئەم پڕۆسەيە دەبێت ؟؟؟


سەرچاوەكان :=

=========

- موسوعة السياسية / الجزء الاول/ المؤسسة العربية للدراسات والنشر / الطبعة الثالثة / 1986/ بيروت / لبنان
- الموسوعة الفلسفية / دار الطليعة للطباعة والنشر / الطبعة الثانية / 1980 / بيروت / لبنان




www.dengekan.com



---

* ئەم ووتارە لە سايتی كوردوستان پۆستدا بەم شێوەيە بلاَوكراوەتەوە و دواتريش لە گۆڤاری ڕۆژشنگەری ژمارە 18 لە 2005/12/12دا بلاَوكرايەوە .

ئەم بابەتە سەرەتا وەك ووتارێكی ڕۆژنامە نوسيم دواتر فراوانم كرد بۆ ئەوەی بيكەمە ناميلكەيەك ومەكتەبی بيرو هۆشياری بۆم چاپ بكەن بەلاَم نەيانكرد بەبيانوی ئەوەی بابەتەكە هەستيارەو قۆناغەكەش ناسكە بۆ يەكێتی نيشتيمانی كوردوستان , بەلاَم دواتر گۆڤاری ڕۆشنگەری وەكو خۆی بۆيان بلاَوكردمەوە . بەندەش لەبەر هەستياری و گرنگی بابەتەكە لەم ڕۆی كوردوستاندا زياتر بابەتەكەم فراوان و دەولْەمەندتر كردو لە كتێبێكی سەربەخۆدا بەناوی (( ڕيفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای كورددا بۆ ؟)) بەچاپم گەياند لەسەر حسابی خۆم و خوێنەر دەتوانێت ئەو كتێبە بخوێنێتەوە .

# دەستورێك

## دوور لە کاریگەری مەرجەعیەت و پیاوانی ئاینی*

- ئاشکرایە بوونی دەستوور لەهەر وولات و کۆمەڵگایەکدا کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە بۆئەوەی هیچ کەس و پارت و دەسەلاتدارێك سەرپێچی و زیادەڕەوی و یاساشکێنی نەکات و مافەکانی مرۆۋ و تاکەکانی کۆمەڵ پێشێل نەکات و هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت و تاك ڕەوی نەنێت و ژیانی دیموکراسی و ئازادی و کۆمەڵگای مەدەنی ڕوەو تیرۆر و تۆقاندن و زوڵم و چەوساندنەوە نەبات .

بۆیە دەبێت دەستوور لەلایەن کەسان و گروپ و ئەو پارتەسیاسیانەوە بنوسرێتەوە کە بڕوای تەواویان بەهەموو سەرەتاو بنەما دیموکراسی و ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان هەیە و خەبات و قوربانیان لەپێناودا دابێت . نەك لەلایەن ئەو کەس و پارت و ڕێکخراوانەی کە هیچ کاتێك بڕوایان بە دیموکراسیەت و ژیانی ئازادی و وەکیەکی و یەکسانی و عەدالەت نەبوە و هەموو کاتێکیش بەدرێژایی مێژوو بەرەنگاریان کردوە و



www.dengekan.com



ڕێگربوونە لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندنی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و ..هتدی کۆمەڵگادا .

- وەك ئاشکرایە لەئێستادا و لەم قۆناغە ناسکەی سەرجەم گەلانی عێراقدا و بەتایبەتیش بۆ کورد کە قۆناغێکی چارەنوسساز و هەستیارە و حەیاتیشە , مشتومڕ لەنێوان باڵی دیموکراسیی خواز و پێشکەوتنخوازەکان لەگەڵ باڵی کۆنەپارێز و توندڕەو و دەمارگیری ئاینی و مەزهەبی هەیە و لەسەر ئەو خاڵە بنچینەییانەی دەستوور ڕێك ناکەون کە هەموو خەباتی گەلانی عێراق و بەتایبەتیش کورد لەو پێناوەدا بوە وەك ( دیموکراسیەت و مافی چارەنوس و فیدڕاڵیەت و شوناسی دەوڵەت و نەتەوە و زمان و سنوور و جوگرافیا و شاری کەرکوك و و ئاوارەکان و هێزی پێشمەرگە و سامان و داهاتی هەرێم ...هتد ) کە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك سازشیان لەسەر بکرێت و لەبەرامبەریشدا باڵی کۆنەپارێزەکان پێدادەگرن کەهەموو ئەو مەسەلانە هەندێکیان دوابخرێت و ئەوانی تریش دەیانەوێت بەدڵی مەرجەعیەت و ئاخوند و مێزەر بەسەرەکانی شیعە مەزهەبی دوانزە ئیمامی بێت و دەیانەوێت کۆمارێکی ئیسلامی سەلەفی و فەقیە دابمەزرێنن وەك نموونەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەیانەوێت مەرجەعیەت و شوێنە پیرۆزەکان لەدەستووردا

حصانەی یاساییان هەبێت و بڕیار دەر و باڵا دەست بن لە حکومەت و ئیدارە و هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵگای عێراقیدا ..

كە ئەم هەڵوێستەشیان دووبارە كردنەوەی مێژووە بەجۆرێكی تر وترسناكتر لەجاران و لەسەردەمێكی نوێی سەدەی بیست و یەكەمدا كە سەدەی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و پێشكەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەكانە و دەیانەوێت دوای 100 ساڵی تەواو كاتێك باڵی مەشروتە خوازان لەئێراندا دەستیان دایە بزوتنەوەی مەشروتە كە یەكەم شۆڕشی بۆرژوادیموكراتیك بوو كە لەساڵەكانی 1906 –1909 لەئێراندا سەریهەڵدا و بیری ئازادیخواز و دیموكراسی خواز و حكومەتی قانونی لەنێو كۆمەلانی خەڵكی ئێراندا بلاوكردەوە . ئیدی هەر لەسەرەتاوە باڵی ( مەشروتە خوازان ) بەڕابەرایەتی مەرجەع و موجتەهید و ئاخوندە كۆنە پارێز و دژ بەهەموو سیمایەكی دیموكراسیەت و هەڵبژاردن و پەڕلەمان و كۆمەڵگای مەدەنی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و ژنان و سەرجەم پێشكەوتنەكان كەوتنە بەربەرەكانی و ململانێ و هەموو توانا مادی و مەعنەوی و ڕۆحیەكانیان خستە كار بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو ڕەوتە دیموكراسی و ئازادیخواز و پێشكەوتنخوازەی كە لەلایەن كۆمەڵێك ڕۆشنفكری ئەو سەردەمەی ئێرانەوە ڕابەرایەتی





دەكرا , یەكێك لەو مەرجەعانەی كە فتوا و ووتار و هەڵوێستی دژە بزوتنەوەی مەشروتە و مەشروتە خوازان دەركردوە و نواندوە مەرجەعی گەورەی شیعە لەعێراقدا ئایەتوڵا عوزمای بەڕێز ( عەلی سیستانی ) بەڕەگەز ئێرانیە كە فتوای داوە و دەڵێت

(( مەشروتە كفرە و مەشروتەخواز كافرە,خواردنی ماڵی ئەوكەسە حەلاڵە و كوشتنی ڕەوایە )) ** .

جائەمە هەڵوێستی گەورە مەرجەعی شیعەی ئێستای عێراق بێت كە خاوەن نفوز و فتواو دواكەوتوانێكی زۆر بێت , ئیدی چ ئۆمێدێك دەكرێت لە داهاتووی عێراق كە دەستوور لەژێر ڕەحمەت و سایە و فتوای ئەم جۆرە كەسانەدا بێت ...

- بۆیە ئەركی گەورەو هەنوكەیی هەموو هێز و پارت و ڕێكخراوە سیاسی و مەدەنیەكان و سەرجەمی جەماوەریشەوە بە ( عەرەبی سونە و شیعە لیبڕاڵەكان و كورد و توركومان و مەسیحی و ڕۆشنبیران و ئەكادیمی )) بەهەموو جیاوازیە نەتەوەیی و مەزهەبی و دینیەكانیانەوە كە یەك بەرەی یەكگرتووی بەهێز و پتەو پێكەوەبنێن بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو باڵە توندڕەو و كۆنەپارێزەی كە چاویان بە دەوڵەتێكی عیلمانی و دیموكراسی و خاوەن پەڕلەمانێكی هەڵبژێردراو هەڵنایەت كەتەنها یاسا تیایدا سەروەر و دەست ڕۆیشتوو

www.dengekan.com

بێت و هیچ کەس و گروپ و لایەنێك لەسەرو یاساوە نەبێت و لەدەرەوەی دامودەزگاکانی دەولَەت کەس بۆی نەبێت بڕیار و چارەنوسی گەلانی عێراق دیاری بکات ... نابێت ڕێگە بدەن کە مەرجەعە دینی و پیاوانی ئاین و مەزهەبەکان کاریگەریان هەبێت لەسەر نوسینەوەی دەستوور و ئەوانیش وەك هەموو هاولاَتیەکی ئاسایی تەنها بۆیان هەبێت ڕاوبۆچونەکانیان بڵێن نەك بیسەپێنن و ئەوان تەنها کاری خێر و دینی و مەڕاسیمەکانی خۆیان و ووتاروو ڕێنمایی و ئامۆژگاری چاکە بکەن و واز لە سیاسەت و کاروباری وولاَت بهێنن بۆ سیاسیەکان و ئەکادیمی و ڕۆشنبیران و بیریاران ، بەم شێوەیە دەتوانرێت دەستوورێکی پێشکەوتوو تەبا و گونجاو و سەردەمی بنوسرێتەوە و عێراقی نوێش لەسایەیدا بەشداری کاروانی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیای سەردەم بکات و سەرجەم هاولاَتیانیش هەست بە ئارامی و یەکسانی و ئازادیەکانیان بکەن و بەپەرۆشیشەوە بەشداری لە بنیادنانەوەی ولاَتەکەیان بکەن کە بەخواستی ئەوان داڕێژراوەتەوە و بنیادنراوەتەوە .

-----------------------------------------------------



www.dengekan.com



* ئەم ووتارە لە سایتی کوردوستان پۆست و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 145لە 2006/8/20دا بلاَوکراوەتەوە .

** ئاین و دەسەلاَتلەپرۆسەی مێژووی ڕۆحانیەتی شیعەدا/ هاشمی کەریمی/2005/ چاپخانەی قانع/ سلێمانی/ کوردوستان/ عێراق

## ووشکە ساڵی کوردان
## لە
## هەڵبژاردنەوەی جەعفەری دا.......

➢ ئاشکرایە پرۆسەی سیاسی لە عێراقی دوای ڕووخانی بەعس و صدامیەکان هەنگاوی گەلێك گەورەی ناوە بەرەو پێشەوە سەرەڕای بەردەوامی و توندوتیژی کارە تیرۆریستیەکان کەلەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و کۆنە بەعسیەکان و چەندین گروپی ترەوە جێبەجێدەکرێن ..هەر لە

پێكهێنانی ئەنجومەنی حوكمەوە تا نوسینی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەت و تاگەڕانەوەی سیادە و پێكەوەنانی حكومەتی عەلاوی و دواتر یەكەم هەڵبژاردنی كۆمەڵەی نیشتیمانی لە 2005/1/30دا كەلەئەنجامدا دەستەی سەرۆكایەتی و حكومەتی كاتی جەعفەری لێكەوتەوە و دواتر ڕەشنوسی دەستوور نوسرایەوە و لە 2005/8/15یشدا لە ڕاپرسیەكی جەماوەریدا دەستوورەكە بەبەڵێ پەسەندكرا و هەڵبژاردنی 2005/12/15 یش پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا كۆتایی بە قۆناغێكی ناسك و هەستیارو كاتی هێنا و لە ئێستاشدا لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەوە وبەڕەسمی ناساندنی ئەنجامەكانی هەوڵی لیستە براوەكان و سەرجەم كوتلە سیاسیەكان لەئارادایە بۆ بەستنی یەكەم كۆبونەوەی پەرلەمانی هەمیشەیی عێراق و دواتر دەستنیشان كردنی دەستەی سەرۆكایەتی و هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار كە ئەویش سەرۆك وەزیر لە لیستی براوەی یەكەم كە لیستی شیعەكانە ڕادەسپێرێت بۆ پێكەوەنانی حكومەتێكی هەمیشەیی 4 ساڵەیی .

بەكۆتایی هاتنی پێكەوەنانی دەستەی سەرۆكایەتی و حكومەت پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەنگاوێكی گەورە دەبڕێت و ئیدی ئەم حكومەتە بەرپرسیارە تا 4 ساڵی داهاتوو لە بەڕێوەبردنی





وولاّت و جێبەجێكردنی بەند و بڕگەكانی دەستووری هەمیشەیی و گەلێك ئەرك و لێپرسراوێتی گەورەی لەئەستۆدایە لەپێش هەموویاندا چاكردنی باری ئەمنی و ئابوری و سەربازی و دواتر پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریەكانی لەبواری دابینكردنی كارەباو ئاو وسووتەمەنی و نەهێشتنی بێكاری و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری و جێبەجێكردنی خاڵ و بەند و بڕگەكانی دەستووری هەمیشەیی و چەندانی تر ..

- جالێرەدا دەیان پرسیار دێتە پێشەوە كە ئایا جەعفەری و حكومەتی داهاتوو لە ئاست ئەو لێپرسراوێتیەدایە ؟و دەتوانێت هاوسەنگی هێز و لایەنەكان بپارێزرێت ؟و جیاوازی نەكات لە نێوان هەرێم و ناوچە جیاوازەكاندا؟ و پابەند دەبێت بەبەندەكانی دەستوورەوە و كاری جدی دەكات بۆ چەسپاندنی و جێبەجێكردنی ؟ و گەلێكی تر ..

بۆوەلاّمی ئەو پرسیارانە دەبێت كەمێك بەووردی لە ئەزموونی چەند مانگەی ڕابووردووی جەعفەری و حكومەتەكەی و هەڵسوكەوت و ڕەفتار و گوتارەكانی خودی جەعفەری و حكومەتەكەی ووردبینەوە و لە ئەنجامدا بڕیاربدەین ..

ئاشكرایە جەعفەری لەوماوە كەمەی حكومەتەكەیدا هەر لەسەرەتاوە بەفرت وفێڵ و خۆدزینەوە و درۆكردن و جێبەجێنەكردنی پەیماننامە و گۆڕینی سوێندخواردنی

www.dengekan.com

کابینەکەی و جیاوازی کردن لەنێوان پارێزگا و ناوچەکاندا دەستی پێکردو هیچ ئیلتیزامێکی بەبەندەکانی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتەوە نەکردوو و هەوڵی جدیشی نەدا بۆ جێبەجێکردنیان و بەتایبەتیش مادەی 58 ی تایبەت بە کەرکوك و ناوچەکانی تر ..

بەم شێوەیە جەعفەری و حکومەتەکەی لەگەڵ سەرجەم ناوچە و هەرێم و مەزهەب و لایەنە سیاسی و نەتەوەییەکاندا بەشێوەیەکی تاك ڕەوانە و حساب بۆ نەکردن و جیاوازیەوە مامەڵە و بڕیارەکانی دەکرد و هەربۆیە بوە مایەی ناڕازیبوون و گلەیی هەموان و لە پێشیشیانەوە کورد .

جاجەعفەریەك کەلەماوەیەکی کورت و کاتی چەند مانگەدا ئاوها هەڵسوکەوتی دەکرد ئەبێ لە 4 ساڵی داهاتوودا و لە سایەی دەستوور و شەرعیەتی زیاتردا چۆن هەڵسوکەوت بکات ؟؟

دیاریکردنی جەعفەری سەر بە حیزبی دەعوەی توندڕەوی سەر بەئێرانی ئیسلامی بە جیاوازی 1 دەنگ بەسەر د.عادل عبدالمهدی میانڕەوی سەربە ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی و پشتیوانلێکراو لەلایەن هەموانەوە بەکوردو ئەمریکاو تورکیاو ئێران و وولآتانی سونە مەزهەبی عەرەبیشەوە ، لەم قۆناغەدا نەك هەر بۆ عێراق و گەلانی مایەی سەر ئێشە و ململانێ و ناڕەزاییە



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکەش مایەی بێزاری و ناڕازی بوون و پێناخۆش بوونە .

چونکە سەرکەوتنی و دیاریکردنی جەعفەری بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران لەم قۆناغە ناسکەی کە عێراق و ناوچەکەشی پیادا تێپەڕ دەبێت، دەبێتە مایەی زیاتر گەرمکردنەوەی ململانێکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە گەڵ سوریاو ئێران و تیرۆریستاندا , چونکە جەعفەری و حیزبی دەعوە و تەیاری صەدری بەشێوەیەکی توند و تۆڵ پابەندی سیاسەتەکانی ئێران و مەرجەعیەتەکانی ناو ئێرانن وەك لە مەرجەعیەتەکانی ناو عێراق و نەجەف و کەربەلا، و سەرکەوتنی جەعفەریش بە پاڵپشتی تەیاری صەدری بوو کە تەیارێکی توند ڕەوی خاوەن میلیشیای سەر بەئێرانن و دژ بە ئەمریکان و بەم دواییەش موقتەدا صەدر سەردانی هەردوو وولآتی ئێران و سوریای کرد و بەئاشکرا ڕایگەیاند کە میلیشیاکەی پارێزگاری لە ئێران دەکات لەکاتی ڕوودانی شەڕدا و پشتگیری هەڵوێستی حکومەتی سوریاشی کرد دژ بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ..

جاهەڵبژاردنی جەعفەری لەم کاتەدا لەبەرەی شیعەی حیزبولآو سوریاو ئێران بەهێزتر دەکات و ململانێکانیش توندتر دەکات ، و سەرکەوتنی بزوتنەوەی حەماسیش لە فەلەستین هەرچەندە شیعە مەزهەبیش نیە بەلآم پشتیوانیەکی زیاتر دەبێت بۆ ئەو بەرەیە ،

چونكە بەرەی شیعە دژ بە ئەمریكاو ئیسڕائیلن لە بنەڕەتدا . هەربۆیە سەركەوتنی بزوتنەوەی حەماسیش هێندەی تر هاوسەنگیەكەی تێكدا و بارەكەی هێندەی تر ئالۆزتر كرد .بەهێزبوونی شیعە بەم شێوەیە لەم ناوچەیەدا دەبێتە مەترسیەكی گەورە بۆ سەر بوونی وولاَتانی سونە مەزهەبەكانی ناوچەكە لە كەنداو و ئوردون و میسر و ..هتد

➢ لەسەر ئاستی ناوخۆشدا هێز و لایەنە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەكانی سونە و عیلمانی و كوردیش بەسانایی ناتوانن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەكەدا بكەن چونكە جەعفەری لەماوەی پێشوودا وێنەیەكی باش و سەركەوتووی پێشكەش بەهیچ لایەك نەكرد . وبەتاییبەتیش لەگەڵ كورد و ماف و داواكاریە ڕەواكانی دا ، ئەوەبوو 2جار بەڕێزان مام جەلال و كاك مەسعود نامەی توند و ناڕەزاییان دایە و وەزیرە كوردەكان گلەیی خۆیان كرد لە جیاوازی كردنیان و سەرجەم گەلی كوردیش لەسەر جێبەجێنەكردنی مادەی 58ی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەت گلەیی و ناڕەزایی خۆیان نواند بەرامبەر بەم پیاوە و دارودەستەكەیی و هەڵسوكەوتەكانیان دژ بەكورد و لەئەنجامیشدا هەر سوور بوو لەسەر بەرنامە تەسك و حیزبایەتی و مەزهەبیەكەی خۆی و تاك ڕەوانە هەڵسوكەوتی دەكردو حسابی بۆ داواكانی كوردو





سەركردایەتیەكەی نەكرد و هیچ پەشیمان بونەوە و نەرمیەكیشی نەنواند .

➢ بۆیە لەئەنجامدا دەتوانین بڵێین و پێشبینی بكەین كە 4 ساڵی داهاتوو لەنێوان جەعفەری و بەگشتی سەرجەم لایەن و مەزهەب و نەتەوەكان و بەتاییبەتیش كورد 4 ساڵی سەخت و دژوار و ووشك دەبێت ، بەتاییبەتیش گەر جەعفەری سووربێت لەسەر ئەو ڕەفتار و سیاسەتە تاكڕەو ناژیرانەیەی ..

ڕاستە لە ئێستادا كورد لیستی دووەمی براوەیە بەلاَم گروپ و تەكەتولی تری سونە و عیلمانی و نەتەوەییەكانی تریش هاتونەتە گۆڕەپانەكەوە و سەنگ و قورساییان هەیە و پێویست دەكات حسابیان بۆ بكرێت و بەشداریان پێبكرێت لە حكومەت و بڕیاردانندا و ئەگەریش لەیەك كوتلەدا یەكبگرن ئەوا ئەوان دەبنە لیستی دووەم و كوردیش لیستی سێیەم و لەوكاتەشدا كورد وەك پێشتر هێز و قورسیایی نامێنێت لە پەڕلەمان و حكومەت و سەرۆكایەتیدا .

➢ ڕاستە كورد هەمیشە برای تەوافوق و تەبایی نێوان هەمووان بوە بەلاَم لە یاریە سیاسیەكاندا زۆر جارانیش دوژمنە سەرسەختەكانیش یەكدەگرن دژ بە دوژمنی هاوبەشیان بۆیە كوردو سەركردایەتیەكەی پێویستە زۆر بەووریای و زیرەكانە و حەكیمانە بچێتە ناو ئەو هاوكێشە

ئاڵۆزانــەوە و هاوپــەیمانێتی و ڕێکەوتنامــە لەگــەڵ لایــەنی براوەدا بکەن بۆئەوەی لەم 4 ساڵەدا بتوانن زیاترین ماف و داواکـاری گەلەکـەمان لـە یاسـا و دەسـتووردا بـچەسپێنن ,و بتوانن هەموو مافە یاسایی و دیموکراتیەکان پەیڕەو بکەن بە پێـی ئیستیحقاقی پەڕلـەمانی کـە لیسـتی دووەمـی بـراوەن و لەهەمان کاتیشدا نەتەوەی دووەمی عێراقن ..

- بۆیـە ئەگـەر هەڵوێـستەکانی کـورد لەلایـەنگری تـەبایی و برایــەتی و تــەوافوق و لێکتێگەیــشتن لەلایــەن جەعفــەری و حکومەتەکـــەی و لیـــستەکەیەوە بـــە بێهێـــزی و لاوازی و ناپەرۆشیەوە لێکداریەوە ئەوا کورد دەتوانێت بەپێی یاساو ڕێکەوتنەکانی نێوان کوردو شیعە هەرەس بە حکومەتەکەی بهێنێـت و بکـشێتەوە لــە پەڕلــەمان و حکومەتــدا .. بۆیــە پێویستە چەندە کورد بە پەرۆشە بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و داهاتووی عێراق و گەلەکەیەوە ، دەبێت جەعفەری و هـەموانیش هێنـدەی تـر بەتەنگیـەوە بـن ئـەگینا عێراقـی فیدڕاڵی ودیموکراسی و پەڕلەمانی هیچ مانایەکی نامێنێتـەوە و بــەرەو هــەرەس و بەفەناچــوونی یــەکجارەکی دەچـێت و ئەوکاتــەش کــورد لێپرســراو نابێــت لــە هەڵوەشــان و جیابونەوەی لەو دەوڵەتەی کە عەرەب خۆی دەستی هەبێت لە ڕووخاندن و پارچەپارچە بوونیدا .....





## حکومەتی وەزیرەکان
## یان
## حکومەتی کرێکار و فەرمانبەران

www.dengekan.com

- ئاشكرایە كە ئەم حكومەتی هەرێمی كوردوستانەی ئێستامان بەرئەنجامی ڕەج و خەبات و خوێنی شەهیدانی چەندین ساڵەی خەبات و كوردایەتی بوە دژی سەرجەم ڕژێم و حكومەتە داپڵۆسێنەرەكانی بەغداد و هەموو چین و توێژەكان لەم خەباتەدا هاوكاری و پشتیوانی و بەشداریان كردوە . بەلآم ئەوەی زۆر ئاشكراشە هەمیشە چینی كرێكار و پاڵە و هەژاران بزوێنەر و سووتەمەنی سەرەكی هەموو شۆڕشێكن لەدونیادا و بەتایبەتیش لەكوردوستانەكەی خۆماندا .. هەربۆیەش دەبێت ئەوان لە دەسكەوت و قازانج و پاداشت وەرگرتنەوەدا بەشی سەرەكیان بەربكەوێت نەك بەپێچەوانەوە لەدوا هەمووان ئەوەی مایەوە ئەوسا بدرێت بەوان و بەمنەتیشەوە ..
- لەئێستادا و لەدوای ڕزگاركردنی عێراق و زیادكردنی مووچەی سەرجەم فەرمانبەران هەمووان پێی دڵخۆش بووین هەرچەندە لەوەشدا و لەسایەی سیستەمی نوێی مووچەوە پلە تایبەتیەكان ( وەزیر و وەكیل وەزیر و ڕاوێژكار و بەڕێوەبەرە گشتیەكان ) بەبڕێكی زۆر و بەجیاوازیەكی گەورەتر مووچەیان وەردەگرن لەبەرامبەر كرێكار و فەرمانبەراندا .



www.dengekan.com



ئێمە ناڵێین كە ئەو بەڕێزانە با مووچەیان كەمبكرێتەوە بەلآم با ئەوەندەش جیاوازی نەبێت ، چونكە ئاشكرایە كە ڕاپەراندنی ئیش وكاری ڕۆژانەی دام و دەزگاكان و حكومەت ڕاستەوخۆ لەسەر ئەستۆی كرێكارو فەرمانبەرانی خوارەوەیە نەك ب.گشتی و بریكارو وەزیر كە ئەوان تەنها سەرپەرشتی وپلان دانان و ئاڕاستەكردنیان لەئەستۆدایە ..ئاشكراشە هەموو كارێك جێبەجێكردنەكەی قورس و پڕ كێشە و گرفتە نەك پلان و ئاڕاستەكردنەكەی .

لەئێستاشدا بەبڕیارێك كە لەبەغداوە دەرچوە و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش بە نوسراوی ژمارە 691 لە 10/17/ 2004دا جێبەجێیكردوە و بەم پێیە مووچەی وەزیرە بەڕێزەكان لە 3 ملیۆن دینارەوە كراوەتە 5500000 دینار ( پێنج ملیۆن و نیو دینار ) بەم شێوەیە 2800000 دینار مووچە و 750000 دینار نثریە و2150000 دینار بدل سكن و لەمانگی 2004/9 یشەوە بۆیان خەرج دەكرێت ..

بەم شێوەیە دەبینین كە مووچەی ئەو بەڕێزانە كێرڤەكەی بەرەو لوتكە هەڵكشاوە و مووچەی كرێكارو فەرمانبەرانی تریش لە جێگەی خۆی ڕاوح دەكات .. ئایا ئەمە جیاوازی نیوان فەرمانبەران زیاتر ناكات و هەست بە ناعەدالەتی و بێ

ویژدانی حکومەتەکەمان لەلایان دروست نابێت و نابێتە پشت ساردکردنەوە و کەمتەرخەمی و جارێکی تریش سەرهەڵدانەوەی جۆرێك لە وەرگرتنی بەرتیل و شیرینی و ....هتد لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا ...

ئەگەر حکومەت بەم شێوەیەو بەم چاوی نایەکسانیە سەیری ئاستەکانی خوارەوەی فەرمانبەران بکات ئەوا دەبێتە حکومەتی وەزیرەکان کە هەندێ وەزیر هەیە ئاگای لە زۆربەی ئیش وکاری ناو وەزارەتەکەی خۆشی نیە و تەنها سەرقاڵی سەفەرکردن و تەواوکردنی خوێندنەکانیانن و .....هتد کە کەمینەن و پشتیش دەکاتە فەرمانبەران و کرێکاران کە زۆرینەن و کۆڵەکەی حکومەتەکەن . ئاشکراشە هەر حکومەتێکیش لەدونیادا کە حکومەتی کەمینە بوو سەرکەوتوو نابێت و متمانەی زۆرینەی جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵکیش لەدەست دەدات .....

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 109 لە 2006/12/4دا بلاوکراوەتەوە .





## هەڵەبجە ناسنامە و ترۆپکی ئازارەکانی گەلی کوردە ...*

- لەمێژووی گەلاندا زۆرجاران وا ڕێدەکەوێت کە ڕووداوێك یان کارەسات یان سەرکردەیەك ببێتە ناسنامە بۆ گەل و وڵاتەکەی و لە دونیادا بەهۆیانەوە ئەو گەل و وڵاتە بناسرێتەوە ..بۆ نمونە کارەساتی هێرشی چەکی ئەتۆمی بۆ سەر هەردوو شاری هێرۆشیما و ناگازاکی بۆنەتە ناسنامەی گەل و وڵاتی یابان و کارەساتی تسونامی بوە ناسنامەی گەلانی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا و ڕووداوی 11 سێپتەمبەری ئەمریکاش بۆتە ناسنامەی تیرۆریستان و گەلێك نمونەی دیش ..
- بەڵام گەلی کورد نەك یەك کارەسات و نەك یەك ڕووداو ونەك یەك سەرکردەی بونەتە ناسنامە ی بەڵکو دەیان و سەدان ڕووداوی دڵتەزێن و جەرگبڕی وەك ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و جینۆساید و ئەنفال و کیمیاوی باران کە هەموویان بەمەبەستی سڕینەوەو نەهێشتنی ناسنامە و

www.dengekan.com

جوگرافیاو خاکی کوردو کوردوستان ئەنجام دراون و دەیان سەرکردەی وەك شێخ عوبەیدوڵای نەهری و پێشەوا و بارزانی و شێخی نەمرو برایم ئەحمەد و خاڵە شیهاب و دەیانی تر کەهەریەکەیان بۆ خۆی ناسنامەی ئازار ومەینەتیەکانی گەلی کوردن و بەڵگەی گیانفیدایی و مەزلومیەتی کوردو کوردوستانن ..

➢ بەڵام لەناو ئەم هەموو کارەسات و نەهامەتیانەدا هەڵەبجە بۆتە ترۆپکی ئازارو ژان و نەهامەتی و مەزلومیەت و لێقەوماوی و ناسنامەی سەرەکی گەلی کوردو کوردوستان لە دونیادا و هێمایەکی گەورەشە بۆ دڕندەیی ڕژێمی بەعسی صدامی لەگۆڕنراوکە چەکی کیمیاوی بەرامبەر خەڵکی سیڤڵ و هاوڵاتی خۆی بەکاربهێنێت کە لەدونیای کۆن و نوێدا کاری وا نابەجێ نەکراوە . هەرچەندە لەکاتی کارەساتەکەدا و لەبەر تێکچڕژانی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسی و سەربازیەکانی زلهێزەکان و بوونی جەنگی سارد کارەساتەکە وەکو خۆی و بەقەبارەی دڕندەیەکەی بەعس و زوڵملێکراوی کورد بەهانایەوە نەهاتن و کرایە ژێر لێوەوە , بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و کەنارگیربوونی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو وهەڵەبجە و کارەساتەکەی بوونە جێگەی مشتومڕ لە کۆڕوکۆبونەوە نێودەوڵەتی و ناوچەیەکاندا و لەلایەن ئەو گەل و وڵات و ڕای





گشتیەکانیشیانەوە پشتگیری و هاوکاری و کۆمەکی گەلی کوردو مەسەلەکەیان دەکرد و فشاری زۆریان کردە سەر ڕژێمی صدام و تالەکۆتایدا توانرا عێراق ڕزگار بکرێت و خۆشبەختانەش هەموو سەرە زلەتاوانبارەکانی ئەو ڕژێمە بە صدام و عەلی کیمیاویشەوە لە بەندیخانە تونبکرێن و چاوەڕوانی ڕۆژی ڕەشی خۆیان دەکەن ..

➢ لەئێستادا باشترین و کەمترین پاداشت بۆ هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان و سەرجەمی گەلی کوردیش ئەوەیە کەدادگایکردنی ئەو تاوانبارانە بهێنرێتە هەڵەبجە و هەر لەهەڵەبجەشدا تۆڵەی خوێنی 5 هەزار شەهید و زیاتر لە 10 دە هەزار لێقەوماو وبێسەروشوێنی هەڵەبجەیان لێبکرێتەوە و ئەرکێکی زێدە پێویست و هەنوکەی حکومەتی عێراقیشە کە قەرەبووی زیان لێکەوتوانی ئەوکارەساتە بکاتەوە و ناوچەی هەڵەبجەش زیاتر و جوانتر ئاوەدان بکاتەوە بە دامەزراندنی کارگە و نەخۆشخانەو چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری تر ..

➢ حکومەتی هەرێم و گەلی کوردیش هەق وایە و پێویستیشە کە لەهەڵەبجەوە بڕواننە دۆست و دوژمنانی و کارو کردەوەیان لەسەر داننان بە هەڵەبجەدا بکەنە پێوانە بۆ ڕاستی کردار و گفتاریان لەمەڕ مەسەلەی کوردو مافی چارەنوس و سەرجەم مافە ڕەواکانی تری چونکە هەڵەبجە مانای

مەزلومیەت و بێ تاوانی گەلی کوردە و بۆتە ناسنامەیەکی خوێناوی و گەشاوەی گەلەکەمان و لەئێستاشدا کاتی ئەوە هاتووە کە هەمووان لەعێراقدا بەو ئێش و ئازارەی کورد بزانن و پێیان زۆر نەبێت کەکورد داوای مافە ڕەواکانی خۆی دەکات و داوای زەمانەت و پشتگیری و بەڵێنی نوسراویان لێدەکات و ئەوەی کورد داوای دەکات مافی ڕەوای خۆیەتی و خێری هیچ کەس و لایەنێك نیە و کورد بە سەرکردایەتیەسیاسیەکەی و ڕای گشتی جەماوەرەکەشیەوە بەهیچ سازش و سەودا و مامەڵەیکی هەرزان ڕازی نابن کە بە چارەنوس و داهاتووی نەوەکانمانەوە بکرێت ...

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3320لە 2004/3/16دا بلاَوکراوەتەوە.





## ئەنفال

## پرۆسەی بەفەنابردنی گەلی کورد*

- گەلی کوردو خاکی کوردوستان لەسایەی ڕێکەوتنامەی شومی سایکسبیکۆی سالَی 1916 وە پارچەپارچەکراو نەتەوە و خاکی کوردان داگیر و دابەشکرایە سەر چوار نەتەوە و خاکی جیاواز کە لەمێژوو جوگرافیا و ئایدیا و سایکۆلۆژیەت وکۆمەلاَیەتی و داب و نەریت و..هتدا زۆر لەیەك جیاوازن و بەدرێژایی ئەو مێژوەش و تائێستاش نەتوانراوە کە کوردان لە ناو

www.dengekan.com

بۆتەقە نەتەوەیی و کۆنەپەرستی و شۆڤێنیستیەکانی خۆیاندا بتوێنەوە و مێژوو و جوگرافیا و کەلتورەکەشی بسڕنەوە ..

کورد لەم بەشەی کوردوستاندا کەبەزۆرە ملیّ و لەدوای دامەزراندنی دەولەتی عێراقی دروستکراوی دەستی ئینگلیزەوە و لەسالّی 1921 دا بەشێوەیەکی نەخشە بۆ دارێژرا و وپرۆسەیەکی دوور و درێژخایەن و ستراتیژی سەرجەم ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی ئەم دەولەتە عەجایەبە کە بەناوی عێراقەوە ناسرا کەوتە ویّزەی کورد و کوردوستان و بەهەولێکی لێبڕاوانەوە کەوتنە جێبەجێکردنی ئەو نەخشەو پیلانانەی کە بۆ لەناوبردن و سڕینەوە ی کوردو کوردوستان دارێژرابوو . هەریەکەشیان هونەر و لێزانین و ئامراز و شێوازی نویّی بەکاردەهێنا کە لەدڕندایەتی وبیّ بەزەیی و دوور لەهەستی مرۆڤایەتیدا بیّ وێنەبوون لەهەموو دونیادا .

➢ یەکێك لەو پرۆسە مەرگەساتانەی کە بۆ لەناوردنی کوردو سڕینەوەی ناسنامە و خاکی کوردوستان جێبەجێدەکرا بریتی بوو لە ( ئەنفال ) , ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی سەرپێی و ساکار و پیلان بۆ دانەنراو نەبوو بەلکو بەرنامەیەکی ستراتیژی و پرۆسەیەکی گشتگیر بوو بۆ قەلاّچۆکردنی کورد و سڕینەوەی شارستانیەت و مێژوو جوگرافیا و کەلتوری کوردوستان و ڕژێمی بەعسی صدامی دەیویست لە و ڕێگەیەوە نەك هەر





ئەنفالی کوردو خاکەکەی بکات بەلکو سەرتاپای بوارەکان و لایەنەکانی ژیاری لەکوردوستاندا گرتبۆوە هەر لە مرۆۋ و خاك و ئاو وباخ و دارستان و لەوەڕگا و شارو شارۆچکە و دێها ت و تەنانات ئاژەلّەکانی کوردوستانیشی گرتبۆوە و وا خۆی بۆ ئامادەکردبو وە هەموو توانا مادی و مەعنەویەکانیشی بۆ خستبوە گەڕ بە جۆرێك کە دەیویست بۆ هەتاهەتایە نە گەلێك بمێنێت بەناوی کورد و نە خاکێکیش بمێنێت بەناوی کوردوستانەوە .. ئەم سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و قەلاّچۆکردنی گەلێك کاری ئێستا و ئەم سەردەمەی ڕژێمی بەعس نەبوە بەلکو سەرەتای ئەم پرۆسە نەگریسە لەسالّی 1869 وە دەستی پێکردوە کاتێك والی بەغداد بۆ یەکەم جار کۆمەلێك عەرەبی هێنایە ناوچەی کەرکوك و حەویجە و نیشتەجێی کردن و خاکی کوردوستانیان داگیرکردو دانیشتوانەکەشیان دەرکردو ئیدی لە و ساتەوە سەرجەم ڕژێمەکانی بەغداد بەکۆن و نوێیانەوە بەردەوام بون لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە و هەریەکەیان چۆنی بۆ لوابێت و قۆناغ و سەردەمەکە یاریدەی دابێت بەدڕندانەترین شێواز پیادەی کردەوە . بەلاّم ئەم پرۆسەی مەرگەساتە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی صدامیدا گەیشتە ترۆپکی و وبەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو مەترسیدار کەوتە جێبەجێکردنی و توانی لەماوەی کەمتر لە دوو سالّدا و لەنێوان

www.dengekan.com

مانگی 1987/2 تا سەرەتای ساڵی 1989 دا , 182هەزار پیاو و گەنج و ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتە لەچوارچێوەی 9 قۆناغی یەك بەدوایەکدا سەرەونگوم بکات و بەشێوەیەك لەدوای ڕووخانی ئەو ڕژێمەشەوە هیچ ئاسەوارێکیان نەدۆزرایەوە جگە لە هەندێ گۆڕی بەکۆمەڵ نەبێت ..

➢ ئەم پڕۆسەیە سەرجەم ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوك و قەرەداغ و سلێمانی و بازیان و کۆیە و شاربازێڕ و جافایەتی و کۆیە و دەشتی هەولێر و باڵەکایەتی و بادینانی گرتەوە و گەورەترین پڕۆسەش لەناوچەی گەرمیاندا جێبەجێکرا لە 1987 /4/14 و بەیەکجار زیاتر لە 20 بیست هەزار ژن و منداڵ و گەنج و پیریان ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکان کردو بێسەرو شوێنیان کردن .ڕژێمی بەعس دەیزانی وبەحساباتە هەڵەکانی وای بۆ دەچوو کە دەتوانێت بەم پڕۆسە مەرگەساتە گیانی مقاوەمەتی کوردان بڕوخێنێت و چۆك بە هێزی پێشمەرگە دابدات و چۆنی بوێت دە توانێت بەتەواوەتی زاڵ بێت بەسەر کوردو کوردوستاندا . بەلآم خۆشبەختانە ئەم حسابەشی وەك ئەوانی تری بەهەڵەدا چوو بەجێبەجێکردنی ئەم پڕۆسەیە و کیمیاباران کردن و جینۆسایدی کوردوکوردوستان مەرگی خۆی نزیك کردەوە و لەئێستادا و دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە و بۆ هەتاهەتاییە چوە زبڵدانی مێژوە وە و سەرانی ئەو ڕژێمەش لە





بەندیخانەدا توندکراون و چاوەڕێی چارەنوسی ڕەشی خۆیان دەکەن و لەساڵیادی ئەو مەرگەساتەشدا بەهۆی بوون و هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلالەوە بۆ سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بەشێك لە خەم و خەفەت و زوڵم و برینی کوردان ساڕێژ بوە و هەموو گەلانی عێراقیش چاوەڕوانی ئەوەن لەحکومەتی نوێی عێراق کە قەرەبووی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە بونەتە قوربانی ئەو مەرگەساتانە و ئەو تاوانبارانەش بکرێنە پەند و عیبرەت بۆ نەوەکانی داهاتوو ...

---

*ئەم ووتارە لەڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3345لە 2004/4/19دا بلأوکراوەتەوە .

## ئەگەر و تەگەرەکانی بەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور*

www.dengekan.com

- ئاشکرایە عێراق وولاّتێکی خاوەن شارستانیەتێکی دێرینی مرۆڤایەتیە و پێگەیەکی گرنگی جوگرافیشی هەیە لەناوچەکەدا و خاوەن خاك و ئاوێکی دەوڵەمەندو زۆرو زەوەندە لەڕووی نەوت و کانزا سروشتیەکان و لەوەڕگاو دارستان و دەشتی بەپیتی کشتوکاڵی و ئاوی شیرینەوە و...هتد.کە هەموو ئەمانە وایان لە عێراق کردوە وەك وولاّتێکی دەوڵەمەند و خاوەن هێزو توانا دەربکەوێت , بەلاّم لەبەرامبەریشدا بەهۆی پێکهاتە کۆمەلاّیەتیەکەیەوە کە لە نەتەوە و دیانەت و مەزهەبی جیاواز پێك هاتوە عێراق وولاّتێکی لاواز و بێهێز دەردەکەوێت چونکە هیچ کاتێك ئەم نەتەوە و مەزهەبە جیاوازانە تەبا نەبوون پێکەوەو هەرکاتێك بۆیان لوابێت بەربونەتە گیانی یەکتری و کوشت و کوشتار و مێژووی ڕابووردوی عێراق لێوان لێوە لەو کارەساتە جەرگ بڕانە و مێژوویەکی خوێناوی هەیە , ئاشکرایە عێراق لە نەتەوەکانی عەرەب و کوردو تورکومان و کلدۆ ئاشوری پێك هاتوە کە ئەمانەش دابەشبونەتە سەر دیانەتی ئیسلام و مەسیحی و جولەکە و لەناو دیانەتەکانیشدا دابەشبونەتە سەر مەزهەبەکانی شیعە و سونە و کاسۆلیك و ئەرسۆدۆکس و ..هتد.





هەر ئەم پێکهاتە عەجیب و غەریبەی عێراق هەمیشە بۆتە خاڵی لەرزۆکی یەك پارچەیی خاك و گەلانی عێراق لەوکاتەوەی لەساڵی 1921وە بۆ یەکەمجار دەوڵەتی عێراقی دامەزراو لەڕێگەی هەڕەشەو گوڕەشەو بەکارهێنانی هێزەوە توانراوە ئەم پێکهاتە جیاوازانە لەناو سنورێکی دەستکردی دەوڵەتی عێراقدا کۆبکرێنەوە ئەگینا هیچ کاتێك ئەم پێکهاتانە بەخۆشی و بەڕەزامەندی خۆیان کۆنەبونەتەوە و هێندەی خاڵی جیاوازیان لەنێوانداپە نیوهێندە خاڵی تەبایی و پێکەوەژیان کۆیان ناکاتەوە. هەر ئەمەش وایکردوە کە ئەم وولاّتە بەدرێژایی 83 ساڵەی تەمەنی پاشایەتی و کۆماری خاوەن دەستوورێکی هەمیشەیی نەبێت چونکە هیچ دەستوورێك ناتوانێت ببێتە ڕەنگدانەوە و وەلاّمدەرەوەی هەموو خواست و داواکاری و خەون و ویستەکانی ئەم هەموو پێکهاتە جیاوازانەو هەربۆیەش تاڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003دا 9 جار دەستووری کاتی نوسراوەتەوە و دوای ڕووخانی ڕژێمیش یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نوسرایەوە و دواتر بەهۆی دامەزرانی کۆمارێکی نوێ لەعێراقدا لەسەر بنچینەی دیموکراسی و ئازادی و فرەیی توانرا لەچەند پڕۆسەیەکی گرنگ و گەورەدا دووجار هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی و پەڕلەمانی عێراق سازبکرێت لەساڵی 2005دا و لەبەرواری 2005/10/15یشدا توانرا ڕاپرسیەکی سەرتاسەری

سازبکرێت بۆ پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق کە ئەمە یەکەم جارە لە عێراقدا دەستوورێکی هەمیشەیی هەبێت و بەزۆرینەوی دەنگ بەبەڵی دەستوورەکە پەسەندکرا.هەرچەندە ئەمیش ڕەنگدانەوەی زۆرینەی داواکاریەکانی گەلانی عێراق نیە بەلاًم لەپڕۆسەیەکی دیموکراسیدا زووّرینە دەنگیان بۆ دا.

یەکێك لەومادانەی کە بەلای گەلی کوردەوە گرنگە مادەی 140ی دەستورەکەیە کە تایبەتە بەئایندەی ئەو شارو شارۆچکەو جێگەیانەی کە کێشەیان لەسەرە وەك کەرکوك و خانەقین و شەنگال و مەخمورو ...هتدو لەم مادەیەدا هاتوە کە دەبێت بە 3 قۆناغی یەك لەدوایەکی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە و دواتر سەرژمێر ی و دواتریش ڕاپرسی لەسەر ئایندەی ئەو جێگەیانە کە ئاخۆ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردوستان یان نا ئەنجام بدرێت و پێویستیشە ئەم پرۆسەیە تاکۆتایی ساڵی 2007 جێ بکرێت.

کوردیش بەلایەوە گرنگە کە جێبەجێکردنی ئەم مادەیە لە زەمان و زەمینەی خۆیدا ئەنجام بدرێت چونکە شاری کەرکوك بەتایبەتی و شارەکانی تریش بەگشتی جێگە و پێگە و پیرۆزی خۆیان هەبوە لە خەباتی کوردایەتیدا و زۆرجاران تەنها لەسەر چارەنوسی ئەو شارانە شۆڕشەکانی کورد بەئەنجام نەگەیشتوون هەربۆیە



www.dengekan.com



ئایندەی ئەو شارانە گەلێك گرنگن بۆ کورد.و هەمیشە خاڵی لێکتێنەگیشتن و دوورکەوتنەوە و جیاوازی بونە لەنێوان کوردو دەسەڵاتدارانی بەغدادا...

بۆیە کورد دەیەوێت و گەرەکێتی بەهەر نرخ و شێوازێك بوە ئەو مادەیە جێبەجێبکرێت و چەندی لەتوانادایە تەگەرەکان و ڕێگریەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نەهێڵرێت و کارئاسانی تەواو بکات بۆ سەرخستنی پرۆسەکە.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند سەرکردایەتی کورد توانیویەتی جێبەجێکردنی مادەی 140 مسۆگەر بکات ؟ و ئەو ڕێگری و تەگەرانەش چین لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140دا؟

لەوەڵامدا دەڵێین کورد لەهەوڵی بەردەوامدایە هەر لەبەغداد و تاکو کوردستانیش بەهەموو شێوازەکان بۆ کارئاسانی کردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی مادەکە و لەئێستادا لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140 دروستکراوە و چەندین کۆبونەوەی سازکردەوە و لیژنە فەرعیەکانی داناوە و ئۆفیسی لەشارەکاندا کردۆتەوە و بودجەی 200ملیۆن دۆلاریشی بۆ دانراوە کە ئەمە هەنگاوی گەورەی ئیداریە بەئاراستەی جێبەجێکردنی مادەکە و ئیدی لەمەو دوا هەنگاوە عەمەلیەکانی ماوە کەبنرێت لەسەر زەمینەی

واقع و ئەمە ش کەوتۆتە ئەستۆی لیژنە فەرعیەکان و نیەت پاکی و دڵسۆزی و ڕاستگۆیان بۆ جێبەجێکردنی مادەکە.

بەڵام بەداخەوە دەڵێین کورد لە ئیدارەی شاری کەرکوکدا لەماوەی ئەم 3 ساڵەدا نمونەیەکی زۆرگەش و جوانی پێکەوەژیانی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا پێشکەش نەکردوە , هەروەها لەڕووی دەرخستنی ڕاستیە مێژوویەکان و بەڵگەکانی کوردوستانی بوونی کەرکوکیشەوە نەیان توانیوە بەو نەتەوانە بسەلمێنرێت و وایان لێبکرێت لەکاتی پرۆسەی دەنگدان لەسەر ئایندەی کەرکودا بەبەڵی دەنگ بدەن بەبەرژەوەندی گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردوستان , بۆیە نەکردنی ئەم کارانە کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر پرۆسەی دەنگدانەکە و دەکرا کاری جدیتر و زیاتر بکرایە لەو ڕووەوە.

ئاشکرایە ماوەی ماوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 تەنها 14 مانگی ماوە کە ئەگەر کورد نەکەوێتە خۆی بۆ جێبەجێکردنی مادەکە لەکاتی خۆیدا پێدەچێت پرۆسەی جێبەجێکردنەکەی دوابکەوێت بۆ ساڵانی داهاتووتر کەئەمەش لەبەرژەوەندی کورددا نیە.

➢ ئاشکرایە کۆمەڵ گەلێک تەگەرەو ڕێگری لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140دا هەیە لەوانە :-

1. ناتەبایی لەنێوان نەتەوەکانی کەرکوکدا



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

2. بوونی کێشەو ململانێی حیزبی و تایەفی و نەتەوەیی
3. بوونی ئاژاوە و نائارامی لەکەرکوکدا
4. درێژەپێدان و بەردەوام بوونی کاری تیرۆریستی لەکەرکوکدا
5. خەمساردی دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140
6. دژایەتیکردنی مادەی 140 لەلایەن عەرەبە هاوردەکان و کۆنە بەعسیەکان و تورکومانەکانەوە
7. بوونی فشاری دەوڵەتانی ناوچەکە و دەستێوەردانیان لەکاروباری ناوخۆی عێراق هەریەکە بەبیانویەکەوە بۆئەوەی مادەی 140 جێبەجێنەکرێت

هەربۆیە بوونی ئەم تەگەرەوڕێگریانەو هەڕەشانە وادەکات کە ئایندەی مادەی 140ی دەستوور ڕۆشن نەبێت.

❖ لێرەدا دەپرسین ئەی هەڵوێست و ڕۆڵی ئەمریکاو بەریتانیا چیە لەم نێوەندەدا؟

لەوەڵامدا دەڵێین کە بەو پێیەی ئەمریکاو بەریتانیا دووزلهێز و بڕیار بەدەستن لە عێراقداو ماوەی 3ساڵیشە لەنزیکەوە لەو کێشە هەستیار و ئاڵۆزە تێگەیشتون و لەگەڵ کوردیشدا وەك دوو هاوپەیمان کاریان کردوە لەڕووخاندنی ڕژێمەوە تاکو

ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکان و دامەزرانەوە سەرلەنوێی عێراقدا و کوردیش باش دەناسن وەك گەلێکی دیموکراس و پێشکەوتوو ئاشتی خواز و کوردوستانیش وەك دورگەیەکی ئارام, پێدەچێت ڕۆڵ و کاریگەری ئەوان بەبەرژەوەندی کورد بێت و بەگەڕانەوەی کەرکوك بێت بۆسەر هەرێمی کوردوستان, بەلاَم ئەمەش کاری جدیتری دەوێت لەلایەن کوردەوە بۆئەوەی زیاتر ئەوان لەکێشەکەو هەستیاری و گرنگیەکەی تێبگەن بۆ ئایندەی کوردو کوردوستانیش.

لێرەدا ئەگەرێکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر مادەی 140 جێبەجێنەکرا کورد چیبکات ؟
کورد لەم زەمەنەدا کە بەکارهێنانی چەك و شۆڕش باوی نەماوە و بەتایبەتیش کە ئەمریکا لەناودایە دەبێت لەڕێگەی خەباتی جەماوەریەوە وەك خۆپیشاندان و ناڕەزای دەربڕین و ئیمزاکۆکردنەوە و دواتر عصیانی مەدەنی و ..هتدوە کاربکات بۆ ئەو مەسەلەیە و گروپی فشاری مەدەنی پێکەوەبنێت و لەدوا قۆناغیشدا جۆرێك لە مقاوەمەی چەکداری شەرعی و ڕەسەن پەیڕەو بکات. لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسیش دەبێت کورد هەوڵی تێگەیاندنی هەموو گەلانی عێراق و پارتە سیاسیەکان و نەتەوە و مەزهەبە جیازوازەکان بدات لە بەڵگە و





ڕاستیە مێژوویەکانی کوردوستانی بوونی کەرکوك و دواتر دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و دونیاش لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەهەمان شێوە تێبگەیەنێت . ئەگەریش ئەمانە هەموو سەری نەگرت دەتوانرێت کورد کێشەکە بخاتە بەردەم داداگای بالاَی نێودەڵەتیەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوس و ئایندەی کەروکوك و شارەکانی تریش.
بەم شێوەیە جێبەجێکردنی مادەی 140 گەلێك ئەگەرو تەگەری گەورە وفراوانی لەبەردەمدایە و نابێت کورد خەمساردی و دوودڵی و پشتساردبونەوە بنوێنێت چونکە کەرکوك وەك دەماخ و دڵ وایە بۆ کوردو کوردوستان و کوردوستان بەبێ کەرکوك وەك لاشەیەکی کەم ئەندام وادەبێت و هەمیشە بێهێز و لاواز دەبێت لەڕووی سیاسی و ئابوری و ..هتدوە ,بۆیە ئەرکی هەموانە بەبێ جیاوازی حیزبایەتی و مەزهەب و دیانەتەوە کە خەباتی جدی بکەن بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستور لەکات و جێگەی خۆیدا و بەبێ دواکەوتن..

www.dengekan.com

- ئەم ووتارە لە هەریەكە لە سایتی ناوخۆ و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 203 لە2006/10/21دا بلاوكراوەتەوە

لەیادی **18**ساڵەی كیمیابارنی بەعسیانی هەڵەبجەدا

## جارێكی تر هەڵەبجە شەهیدكرایەوە
## لەلایەن كورد خۆیەوە .....*

❖ لەسەر هەڵەبجە و كارەسات و مەرگەساتەكەی بۆ ماوەی 18ساڵە زۆر دەنوسرێت و زۆر دەوترێت و هەوڵی زۆریش دراوە بۆ ساڕێژكردن و چارەسەركردنی زام و برین و كێشەكانی لەلایەن كورد و دۆستەكانی لەناوچەكە و دونیاشدا .





بەهۆی ئەوەی كە هەڵەبجە و مەرگەساتەكەی بونەتە شوناس و پێناسی سەرجەم مەرگەساتەكانی كورد چونكە كورد لە هەڵەبجەدا تەواوی جامی ڕق و غەزەبی بەعسیانی بەسەردا ڕژاو ئەم كارەساتە لەوەدا بێ وێنە بوو كە گەلێك لەلایەن دەسەلاتدرانی خۆیەوە هێرشی لەناوبردنی كرایە سەر بە چەكێكی قەدەغەكراوی نێودەوڵەتی كە لەدونیای كۆن و نوێدا بێ وێنە بوو .

بۆیە كارەساتی هەڵەبجە ترۆپكی ئازار و مەرگەساتەكانی گەلی كوردە جیا لەهەمووانی تر هەر لە تەعریب و تەبعیس و تەهجیر و سوتماككردنی خاك و ئەنفال و جینۆساید و ..هتد

هەربۆیە هەڵەبجە و كارەساتەكەی كرانە سومبولی ناهەقی و دڕندەیی بەعسیان دژ بە كورد و ساڵانە لە 3/16 دا یادی دەكرێتەوە و بەرز ڕادەگیرێت و چەندی بكرێت بەگوێی دونیادا دەدرێتەوە .

هەڵەبجە و هەڵەبجەییەكان چەندیان بۆ بكرێت لەئاوەدانكردنەوە و خزمەتگوزاری و دابینكردنی ژیان و خانووبەرەو و مووچە و چارەسەركردنی نەخۆشەكانیان هێشتا كەمە و لەقەبارەی گەورەیی كارەساتەكەدا نیە .

هەڵەبجە بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی 1991یشەوە هەستی بە ئارامی و ئاوەدانكردنەوە نەكردووە .بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆ و بوونی هێزە توندڕەوە سەلەفی و

ئیسلامیەکانی دژ بەکورد لەو ناوچەیەدا و بەداخەوە هەڵەبجە و هەورامان بونە جێگە و پێگەی گەشەکردنی ڤایرۆسی کوشندەی تیرۆرو دواکەوتوویی ئەم سەردەمە و هێندەی تر زامەکانی هەڵەبجەیان کوشندە و خوێناوی تر کرد .بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردوستان نەیتوانی بەسانایی پڕۆژە و خزمەتگوزاری پێشکەش بەو ناوچەیە بکات.

کەواتە لەساڵی 1991وە تەنها حکومەتی هەرێم لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی 2003دا توانی بالا دەست بێت بەسەر ئەو ناوچەیەدا و لەماوەی ئەو 3ساڵەشدا هەرچی لە دەست و توانادا بوبێت بۆ هەڵەبجەی کردوە و پێش ناوچەکانی تری کوردوستانەوە بەهانای داواکاری و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەوە چوە ,لەگەڵ ئەوەی کە ناوچەکانی تری کوردوستانیش ئەگەر هێندەی هەڵەبجە زام دارو بریندا و وێرانکراو نەبوبن لەو کەمتریان پێنەکراوە ..

هەربۆیە حکومەتی هەرێم وەك باوکێکی دڵسۆز و دادپەروەر هەموو ناوچەکانی کوردوستانی وەك یەك سەیر کردوە و بۆ هەموو ناوچەکان پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی جێبەجێکردوە , چونکە هەموو ناوچەکان بەشارە گەورەکانی وەك سلێمانیشەوە کەموکوڕی زۆر هەبوە لە خزمەتگوزاریەکاندا و لەئێستاشدا هەموو کوردوستان بەهەردوو ئیدارەکەشە و عێراقیش دەناڵێنن بەدەست





بێ کارەبای و بێ ئاوی و بێ سووتەمەنی و بێ خزمەتگوزاریەوە ..بۆیە ئەگەر لەماوەی ئەو 15ساڵەی تەمەنی حکومەتی هەرێمدا بە سانایی دەستی ئاوەدانی بگەیشتایەتە هەڵەبجە و ناوچەکە ئێستا هەڵەبجە زۆر جوانتر و ڕازاوەتر دەبوو ..

هەربۆیە گەر بەویژدانەوە بڕوانینە ئەو مەسەلەیە نابێت بەتەنها حکومەتی هەرێم و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بەکەمتەرخەم و تاوانبار حساب بکەین بەڵکو هەموو پارتە سیاسیەکان و هەردوو ئیدارەکە و بەتایبەتیش لایەنە ئیسلامیەکان چونکە هەر ئەوان بوون لەوناوچەیەدا شەڕو ئاژاوە و کێشەیان بۆ حکومەت دروست دەکرد و بەشداریان لە پیلانی شەڕو ئاژاوەکاندا دەکرد لەگەڵ دوژمنەکانی دراوسێ و ناوخۆشدا و بۆیە لێپرسراوێتی ئەوانیش هیچی کەمتر نیە لە حکومەت و یەکێتی نیشتنیمانی کوردوستان .

سەرەڕای هەموو ئەمانەش حکومەت و یەکێتیش دان بەهەبوونی هەڵە و کەموکوڕی و جێبەجێنەکردنی پڕۆژەکاندا دەنێن لە هەڵەبجە و ناوچەکەدا و نایشارنەوە ,بۆیە دەکرا کە هەموو کێشەکان بە حیوار و لێکتێگەیشتن چارەسەربکرایە نەك وەك لەڕۆژی 2006/3/16و لەساڵیادی ئەو کارەساتەدا ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدات لەلایەن کێشەوە ؟؟ نە دوژمن و نە داگیرکەر و نە دراوسێوە ,بەڵکو لەیەن لایەنێکی سیاسی و

www.dengekan.com

کەسێکی هەڵەبجەیی خۆیەوە ئەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانە هێمنانەیە بگۆڕێت بە کاری تێکدەرانە و ئاژاوە چیانە و هەڵبکوتنە سەر مۆنۆمێنتی شەهیدان و بیسوتێنن و فەرهودی بکەن .ئەم کارە هیچی کەمتر نیە لەکارەساتە بەسوێکەی ساڵی 1988و ئەگەر لەوکاتەدا هەڵەبجە و 5000کورد شەهید بوون ئەوا بەسووتاندنی ئەو مۆنۆمێتە جارێکی تر ڕەمزی ئەو قوربانی و کارەساتە شەهیدکرایەوە کە ببوە جێگە نزرگە و سەردان و سەردانەواندنی میوانانی بێگانە و دۆستەکانمان و دەسەلاَتدارانی دونیاو وەك دانپیادانانێك بۆ ماف و ڕەوایی کێشەی کورد و مەزلۆمیەتمان ..

دەکرا هەموو گلەیی و ڕەخنە و قین و ڕقەکان هەڵبگیرانایە بۆ کاتێکی تر و دوور لەیادی کارەساتەکە کە ئەم ساڵ میوانانی دەرەوە هاتبون بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو مەرگەساتە و ئاسەوارەکانی ببن و هاوکاری و پشتیوانی بۆ قوربانیان پێشکەش بکەن .

جائەگەر کورد خۆی ئاوها ڕێز لە پیرۆزی و گەورەیی قوربانیانی بگرێت ئیدی بۆ گلەیی لە دوژمنەکانمان بکەین کە لەئێستادا نەك یەك دوژمنن بەڵکو دەیان دوژمنمان هەیە کە ئەگەر دەستیان هەبێت لەبەعسیەکان خراپترمان پێدەکەن .

- هەڵەبجەییە ڕەسەنەکان ئەرکیانە کە ڕێگە بەهیچ کەس و



www.dengekan.com



لایەنێکی سیاسی نەدەن کە داواکاری و مافە ڕەواکانیان لەکیس بدەن و بەهانەدانی چەند کەسێکی گێرە شێوێن خۆپیشاندانەکە بگۆڕن بۆ کاری تێکدەرانە و فەرهودکردن و سووتاندنی مۆنۆمێنتەکە و بەو کەسەش بلێن کە ئەو مۆنۆمێنتە(( مەعبەد )) نیە و بت و صەنەمی تیادا نیە و بەڵکو ئەوە ڕەمزی قوربانی و مەزلومیەتی هەڵەبجەییە ڕەسەنەکانە .

- ئەرکی حکومەتیشە کە بەووردی لێپێچینەوە بکات لەو دەستە ڕەش و دڵ پڕ لەقینەی کە لە پشت ئەو کارەوەیە و بەپێی یاسا سزای بدا و لەناوچەکەشی دوور بخاتەوە . بەهەمان شێوەش ئەرکی حکومەتە لەلایەکەوە کە مۆنۆمێنتەکە بەجوانترین شێوە لەجاران بونیاد بنێتەوە بەجۆرێك سەرکەشتر و ڕازاوەتر بێت ,لەلایەکی تریشەوە لەهەموو لێپرسراوە حیزبی و حکومیەکانی ناوچەکە بپرسێتەوە کە نەیان توانیوە باشترین ئاسایش و خزمەتگوزاری و ئاوەدانی پێشکەش بە هەڵەبجە بکەن و بێ توانا بوون لەو کارەدا .
- لەکۆتایدا دەڵێین کە بەدڵنیایەوە ئەم کارە گێرە شوێنیە دەستێکی ناحەزانەی لەپشتەوە بوە ئەگینا هیچ مەنتیق نیە کە گەنجێکی کەم تەمەن ئەوەندە ڕق ئەستوور بێت و

کەمتەرخەمیەکانیش بەو ڕێژەیە گەورە نین کە بەو شێوەیە و لەو دیمەنانەی تەلەفزیۆنەوە بینیمان گەنجێك هەستێت بە سووتاندن و وێرانکردنی ڕەمزی شارێکی مەزلومی وەك هەڵەبجە وەك ئەوەی کە ئەو جێگەیە بارەگای دوژمن و بەعسیان بێت .

- بۆیە دەبێت کورد و هەڵەبجەییەکان لەم کارەساتەوە بڕواننە خەڵك و بشڕواننە خوا و ڕێگە بەهەموو کەس و لایەنێك نەدەن کە خۆی لەپێستی مەڕدا شاردۆتەوە و بەدرۆ بەرگری لە مافی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان دەکات و ڕێگە نەدەن جارێکی تر هەڵەبجە بۆ چەندەمین جار شەهید و زامدار بکرێتەوە و هەرچی داواکاریەکیان هەیە ڕاستەوخۆ و بێ شاردنەوە و بێ شەرمکردن ئاڕاستەی حکومەتەکەی خۆیانی بکەن و حکومەتیش واجبێتی کە لەمەودوا بەجدی تر و باشتر بەدەم کێشە و گرفت و داواکاریەکانی هەڵەبجە و سەرجەم ناوچەکانی تریشەوە بچێت و هیچ کەمتەرخەمی و خەم ساردیەك نەنوێنێت ..

________________________________

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3929 لە 2006/3/28دا بلاْوکراوەتەوە.



كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

# لەنێوان دواخستن و دوانەخستنی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

## کورد هەڵویستی چ دەبێت ؟*

- دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەعێراق ڕۆژی 30 ی کانونی دووەمی ساڵی 2005 ی دیاریکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ... گروپێك لەپارت و ڕێکخراوکە زۆربەیان سونی مەزهەب بوون و بنکە و لایەنگریان لە ناوچەکانی سێگۆشەی مەرگدا هەیە , داوای دواخستنی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکەن بۆ 6 مانگی تر . ئەم داواکاریەیان لە ڕووکەشدا نیەت پاکی و بەرژەوەندی گەلانی عێراقی تیادایە وەك گوایە ڕایانگەیاندوە لەبەر سەرکەوتن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و خاوێن و دوور لەدەست تێوەردان و باش خۆ ئامادەکردنە بۆ پڕۆسەکە و بۆ ئەوەی زۆرترین چین و توێژەکان بەشداری تیادا بکەن بەبیانوی ئەوەی لەهەندێ ناوچەکاندا شەڕو شۆڕ و نائارامی هەیە کە ناوچەیەکی کەمن بەبەراورد لەگەڵ کوردوستان و پارێزگاکانی باشوردا کە ئارام و ئاسایشن و کەش و هەوایەکی لەباریان هەیە بۆ هەڵبژاردنەکان .. بەلاّم لەناوەڕۆکدا ئەو گروپانەی

www.dengekan.com

بەشداری كۆبونەوەكەی ماڵی عدنان پاچەچیان كردو بەیان نامەیەكیان ئیمزاكرد بریتین لە عەرەبە قەومیەكان و ئیسلامیە توند ڕەوەكان و جەبهەی توركومانی و هەندێكی تر كە هەریەكەیان بڕوبیانو و مەرامێكی تایبەتی لەپشت ئەم داواكاریەوەیان هەیە كە تەنها بەرژەوەندی خۆیانی تیادایە . مەرامی سەرەكیان نەكردنی هەڵبژاردنەكانە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن كە ئەمریكاو پڕۆژەو بەڵێنەكانی سەرنەكەوتن لەعێراقدا و شكستیان هێناوە و بەومانایە دەیانەوێت بلێن كە تیرۆریستان سەركەوتوون و دەیانەوێت درێژە بەتەمەنیان بدەن بۆ 6 مانگی ترو هەموو كردەوە تیرۆریستی و تەقاندنەوە و دزین و ڕفاندن و سەربڕینەكان بەردەوام بن و عێراق لە دەوامەیەكی توندو تیژی و فەوزاو بیٚ سەروبەرەیدا بژێت و تیرۆریستانیش لەناو ئاوی لێڵدا مەلە بكە ن ... نازانن بەم داوایەو كردەوەیەیان درێژە بەمانەوەی هێزەكانی ئەمریكاو فرەڕەگەزەكانی تر دەدەن و بەهەدەرچوونی سەروەت و سامانی عێراق درێژەی دەبێت و بیٚ یاسایی و بیٚ حكومەتی دەبێت و هەرگیز دەسەلاّتێكی شەرعی و بەهێز بوونی نابێت و ئاشتی و ئارامی جێگیر نابێت لە عێراق و ناوچەكەدا .





- ئەمە هەڵویستی توند ڕەوەكانە و هەڵویستی حیزبی ئیسلامی عێراقی سونی مەزهەب و میانڕە و و بەشدار لە ئەنجومەن و حكومەتی كاتی عێراقیدا تا ئەم كاتانەش هەڵوێستی ڕوون و ئاشكراو یەكلاكەرەوەیان نەنواندوە و خۆیان هێشتۆتەوە تابزانن ڕووداو و پێشهاتەكان بەكویٚ دەگات ..
- هەرچی حیزب و گروپە شیعیەكانیش هەیە بە ئیسلامی و عیلمانیەوە و لەسەروو هەمووشیانەوە گەورە مەرجەعی دینیان ئایەتولاّ علی سیستانی پێكەوە لەگەڵ ئەنجامدان و سەرخستنی پڕۆسەكەدان لەكاتی خۆیدا و بیٚ دواكەوتن و كاری جدیشیان بۆ كردوە و ئێرانیش لەپشتەوە هاوكاری و كارئاسا نی و هانیان دەدات بۆ بەشداریكردن و پێداگرتن لەسەر ئەنجامدانی پڕۆسەكە لەكاتی خۆیدا ...
- ئەمریكاو بەریتانیاو دەوڵەتانی تریش لەگەڵ ئەنجامدانی پڕۆسەكەدان لەوادەی دیاریكراوی خۆیدا و لەسەرو هەمووشیانەوە سەرۆك بۆش پیٚ لەسەر ئەنجامدانی پڕۆسەكە دادەگرێت و پشتیوانی لیٚ دەكات ...
- لەم نێوەندە پڕ جەنجاڵی و گفتو گۆو كەش و هەوا مەشحونەدا ..دەبێت كورد هەڵوێستی چ بێت لە دواخستن یان دوانەخستنی هەڵبژاردنەكاندا ؟؟؟

www.dengekan.com

کورد لەسەر زاری هەردوو پارتی و یەکێتی وەك سەرکردایەتی سیاسی کورد ڕایان گەیاندووە کە لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵباردنەکاندان لەکاتی خۆیدا و بەلاَم ئەگەر کۆدەنگیەکی عێراقی هەبوو لەسەر دواخستنی ئەوا کوردیش لەگەڵدایە .. سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردایەتی کورد تێبینی خۆی هەیە لەسەر وادەی هەڵبژاردنەکە بەهۆی کەش و هەوای ساردی وەرزی زستان لە کوردوستان لەلایەك و جێبەجێنەکردنی مادەی 58 لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق تایبەت بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی پارێزگای کەرکوك ..

هەڵویستی کورد لە دوانەخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە :-

1. کورد دەیەوێت لەئەنجامی ئەم هەڵبژارنانەوە ماڵی ناوخۆی خۆی ڕێك بخاتەوە و هەردوو ئیدارەکەی یەك بگرێتەوە و پەرلەمانێکی نوێی بەهێز و فرەیی و شەرعی هەڵببژێرێتەوە و حکومەتێکی خۆماڵی بەهێز لەکارو کردەوەدا دابمەزرێنێت و کورد ببێتە خاوەن بڕیارو هەڵویست و گوتاری یەکگرتوو بەهێز لەبەردەم هەمواندا..
2. سازدانی هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیدا مانای بەرەوپێشەوە چوونی هەموو کارەکانەو هەڵبژاردنی



کوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

پەرلەمانی هەمیشەیی عێراقە و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەییە و ڕوونتر بونەوەی ئاسۆکانی دواڕۆژە و سەلماندن و چەسپاندنی مافەکانی کوردیشە بەپێی یاسا و دەستور و شەرعیەت ..

3. سازدانی هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیدا مانای دامەزراندنی حکومەتێکی هەمیشەیی و بەهێز و خاوەن شەرعیەتی ناوخۆو نێودەوڵتیە و کە کورد دەتوانێت باشتر و کاراتر بەشداری تیادا بکات و هەوڵی جدیتریش بدات بۆ سەندن و سەلماندنی مافەکانی تری ..

- بەلاَم ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا مانای سەرکەوتنی باڵی قەومی و توندڕەو کۆنەبەعسی و بەگشتیش تیرۆریستانە لە عێراقدا و مانای مانەوەی زیاتری ئەمریکایە و درێژە دانیشە بەداگیرکردن و فەوزا و ئاژاوە و نەبونی یاسا و ئاوەدانکردنەوە و نەبون و نەچەسپاندنی دەسەلاَتێکی بەهێز و شەرعیشە لەعێراقدا ..
- بۆیە دەبێت کورد لەپێش هەموانەوە و بەتوندیش بەرگری لە سازدانی هەڵبژاردنەکان بکات لە عێراقدا و لەکاتی خۆیدا, ئەم هەڵوێستەشی بەپلەی یەکەم لەپێناو بەرژەوەندی بالاَی کورد و مەسەلەکەی و یەکگرتنەوە و یەك ڕیزی و بەهێزکردنی

www.dengekan.com

ماڵی کوردیە لەناوخۆدا و دواتریش بە قازانجی دەسکەوتی گەورە و ستراتیژیەکانێتی لەسەر ئاستی عێراق و داهاتوودا ....

لەپەراوێزی دووەم دانیشتنی داداگایی ئەنفالدا....

## ڕۆحتان شاد ئەنفالکراوەکان

## لەڕۆژی دادگایی ئەنفالچیەکاندا....*





❖ لەو کاتەوەی کە پڕۆسەی ئەنفالی بەدناو لەساڵی 1987 وە جێبەجێکراوە کەم تازۆر لەلایەن ڕوناکبیران و نوسەرانی کوردو بێگانەوە دەربارەی ئەنفال نوسین و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە ,بەمەبەستی زیاتر ناساندن و پیشاندانی گەورەیی و مەترسی ئەو پڕۆسەیە بەدونیای ڕۆژئاوا.

وەڵێ هەموویان هێندەی پڕۆسەی دادگایکردنی ئەنفالچیەکان کە صدام و عەلی کیمیاوی و ئەوانی تر ئامادەی بوون لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکانی دونیادا پەخش دەکرا گەورە وکاریگەر نەبوون لەسەر سۆز و نەستی تاکەکان.ئەم پڕۆسەی دادگایکردنە لەلایەك دانپیادانانێکی ڕەسمی و حاشاهەڵنەگرە لەسەر ڕاستی و دروستی ئەنجامدانی ئەو پڕۆسەیە کە دژ بەگەلی کورد ئەنجامدراوە لەلایەن سەرانی ڕژێمی بەعسی لەناوچووەوە کە تائەم کاتەش زۆرێك لەعەرەبە شۆڤێنی و بیرتەسك و دوژمن بەهەموو ئاکارە مرۆڤایەتیەکان ڕەتیان دەکردەوە و بەڵگەش ئەو پارێزەرە عەرەبانەیە کە بەرگری لە ئەنفالچیەکان دەکەن و لەپرسیارەکانیانیاندا لە شاهیدە قوربانیەکانی بەڕوونی دەردەکەوێت.لەلایەکی تریشەوە قوربانی و مەزڵومیەتی گەلی کوردی موسوڵمان دەردەخات کەلەلایەن ڕژێمێك و دەسەڵاتدارەکانی خۆیەوە و لەژێر ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزدا پڕۆسەی مەرگی خاك و گەلێکی جێبەجێدەکرد.وەك

www.dengekan.com

ئەوەی کورد کافرو دوور لەئیسلام و هەڵگەڕاوە لەئیسلام بێت.بردنی سەرو ماڵ و خاکیان حەلاڵ بێت و وەك غەنیمەی شەڕ دابەشبکرێت .

بەم شێوەیە ئەم دادگاییەی ئەنفالچیەکان و دانانی بەدووەم کێشەی دادگایی سەرانی ڕژێمی بەعسی لەناوچووبۆخۆی ئاماژەو دەلالاتی گەورەی هەیە بۆ وولآتان و کۆمەڵگاکانی دونیا بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی و دەریدەخات کە گەلی کورد لەعێراقی نوێدا جێگە و پێگەی کاریگەری هەیە و ڕۆڵی ئاکتیڤیشی دەبێت لەداهاتوودا. لەدانانی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازادی و فرەیی حیزبیدا بەشێوەیەك کە جارێکی دی هیچ نەتەوە و مەزهەب و تاکێك لە عێراقدا تووشی کارەسات و لەناوبردن نەبێتەوە و بە هاوبەشی کارای کورد لە بەغداد و لەناوەندی بڕیاردا لە عێراقی داهاتووداو مژدەی قۆناغێکی نوێ و ژیانێکی نوێیە لە پێکەوەژیانی گەلانی عێراق لەگەڵ یەکدا.دوور لەدوژمنایەتی و ڕەتکردنەوە و لەناوبردنی بەرامبەر .لەنەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان.

کورد لەمێژوی کۆن و نوێی عێراقدا سەرەڕای هەموو کارەسات و دوژمنایەتیەکانی دەسەلآتدارانی لە بەغداد بەرامبەر داواکاری و ماف و شۆڕشە ڕەواکانی .هەمیشە کاراکتەری ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان بوە و هەرگیز هەوڵی جیابونەوە و پارچەپارچەکردنی





خاك و گەلی عێراقی نەداوە .و لەوپەڕی تەنگانە و میحنەتدا باوەشی بۆ برا عەرەبەکانی کردۆتەوە وهاوکاری و یارمەتی و کارئاسانی بۆ کردوون لەڕۆژانی ئۆپۆزسیۆنی دژ بەڕژێمی صدام و لە ئێستای شەڕی ناوخۆی مەزهەبەکانی سونە و شیعەشدا.

کورد هەمیشە خاوەن وەفا ودڵسۆزی و سۆزبوە تەنانەت بەرامبەر دوژمنەکانیشی ئەوەتا شاهیدێکی شاژنی کورد لەدادگاکەدا و لەبەرامبەر صدامدا.دەڵێت (( لەکاتی ڕاپەرینی ساڵی 1991دا کە سوپاکەی صدام تێکشکابوو لە کوردوستان و بێهێز و لاواز بوون ئالەوکاتەدا کورد لەجیاتی تۆڵەکردنەوە لێیان خواردنی بۆ ئامادە دەکردن)).ئەوەگیانی لەخۆبوردەیی و مرۆڤ دۆستانەی کوردە.لەبەرامبەر دڕندایەتی ئەنفالچیەکانی بەعس کە دژ بەخاك و ئاو و هەواو میلەتی کوردو کوردوستانیان کردو بەنیازبوون مێژوو جوگرافیاو کەلتوری نەتەوەو خاکێك بسڕنەوە.

- ڕۆژی 11ی سێپتەمبەر کە دووەم دانیشتنی ئەو دادگاییکردنەیە زۆر گرنگە و هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکای ساڵی 2001کە لەلایەن ڕێکخراوەی ئەلقاعیدەوە هێرشکرایە سەر سەنتەری بازرگانی و پنتاگۆن وجێگەی تریش.

ئەم ڕۆژە بوە سەرەتایەك بۆ ڕووخان و لەناوبردنی ڕژێمی بەعس و ئێستا لەو ڕۆژەدا صدام و ئەنفالچیەکانی تر داداگایی دەکرێن و

www.dengekan.com

له قەفەسی تاوانباریدا ڕاوەستاون زەلیلانه لەسەر کێشەی ئەنفالی بەدناوکە دژ بەکورد کرا.بۆیە هەقی خۆیەتی ئەنفالکراوەکان ڕۆحیان شاد بێت لەناو گۆڕە ون و بەکۆمەڵەکانیاندا و کەسوکاریشیان و سەرجەم گەلی کوردیش هێندەی تر شادو دڵخۆش بن بەوەی کە یەکێك لە خەون و ئاوات و داواکاریەکانیان هاتەدی کە گرتن و دادگایکردنی ئەو ئەنفالچیانەی بەعس بوو وە بەچاوی خۆیان بینیان کە زەلیل و سەرشۆڕن.

➢ هەر لێرەشەوە ئەرکی هەمووانە بەپارت و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و مەدەنیەکانەوە کاری جدی بکەن بۆ پیشاندان و مەزلومیەتی کوردو لەهەموو میدیاکاندا بەباشترین شێوە ئەم پرۆسەی دادگایکگردنە بلاوبکەنەوە و لەناو هۆڵی دادگاشدا پارێزەر و شاهیدەکانیش بەبەهێزترین شێوە گوتە و پارێزگاری خۆیان بکەن و هەوڵ بدەن ڕاستی و دروستی ئەو پرۆسە بەدناوە بەدەربخەن و بە توندی وەلامی ئەنفالچیەکان و پارێزەرەکانیشیان بدەنەوە .تائەو ڕۆژەی ئەو ئەنفالچیە تاوانبارانە بەسزای ڕەواو هەقی خۆیان دەگەن پێویستە هەموو گەلی کورد شایی و ئاهەنگی سەرکەوتن و خۆشی بگێڕن و بەردەوام بن لەسەر هەڵمەتی خۆپیشاندانەکان وچالاکیە جۆربەجۆرەکان لەناو کوردوستان و دەرەوەشدا.





--------------------------------

➢ *ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4074 لە 2006/9/15دا بلاوکراوەتەوە.

## مانگی مایس

## مانگی یەکگرتنەوەی کوردان*

➢ زۆرن ئەو ڕۆژ و بەروارانەی کە لە مێژووی گەلاندا بەنەمری و پرشنگداری دەمێننەوە لەبەرئەوەی لەوکات و ساتانەدا ڕووداوێك ڕوویانداوە کە کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەر دواڕۆژی ئەو کۆمەڵگە و گەلانە و بە ئاقارێکی وادا بردوونی کە گەشە و پێشکەوتن و سەربەوخۆیی و ئازادی وەدەستهێنراوە. لەو ڕۆژارنەش ڕۆژی سەربەخۆی وولات و ڕۆژی جەژنە نەتەوەیی و ئاینی و مێژویەکانن و ...هتد

➢ گەلی کوردیش کە بەداخەوە تاکو ئێستا نەبۆتە خاوەنی وولاتی سەربەخۆیی خۆی و ڕۆژی سەربەخۆیی نیە , بەلام گەلێك ساتەوەختی مێژوویی هەیە کە بوونەتە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی قۆناغێکی نوێی گەشەکردوو و بالاتر لەکاروانی خەباتی کوردایەتیدا ..وەك جەژنەکانی نەورۆز و ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوك و هەڵبژاردنی مام

www.dengekan.com

جەلال بە سەرۆك كۆماری عێراقی فیدڕاڵ و گەلێك بۆنەی تر یش..

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ڕۆژی یەكگرتنەوەی هەردوو حكومەتەكەی هەرێمی كوردوستانە لەیەك حكومەتی بنكە فراوانی یەكێتی نیشتیمانیدا كە لە 2006/5/7 دا ڕاگەیەنرا و بوە مایەی خۆشحاڵی لەلایەن سەرجەم چین و توێژەكانی كۆمەڵەوە ,لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بەرەو قۆناغێكی نوێ لە كاروانی خەباتی كوردایەتیدا چونكە دوای نزیكەی 10 ساڵ لەدووكەرت بوونی دەسەڵاتی كوردی دێت و ئەم هەنگاوی یەكگرتنەوەیە ببووە داواكاریەكی هەنوكەیی و بەردەوامی كۆمەڵانی خەڵكی كوردوستان بەهەموو جیاوازیە فكری و ئایدیا و بیرو بۆچوونە حیزبیەكانەوە .ئەم هەنگاوی یەكگرتنەوەی حكومەتە لەم قۆناغە ناسكەی كە كوردستان و عێراقی پیادا تێپەڕ دەبێت هێندەی دی گرنگیەكەی زیاتر دەبێت چونكە هێز و توانا و پێگە و خیتابی سیاسی كورد لە ناوخۆی عێراق و ناوچەكە و دونیادا هێندەی دی بەهێز و پتە و دەكات و ئەم قۆناغە نوێیە پێویستی بەیەك حكومەتی یەكگرتووی پتەو و بەهێز هەیە كە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی هەموو ناوچەكانی كوردوستان بكات و پرۆژەی ئاوەدانكردنەوە و گەشە پێدانیان بەتوانایەكی





نوێوە دەستپێبكات و هانی وەبەرهێنانی سەرمایەگوزاری بیانی بدات لە كوردوستاندا ..

ئەم یەكگرتنەوەیە ڕێگە لە كنەكردن و دزەكردنی ناحەزان و دوژمنانی ناوخۆو دەرەوە دەگرێت بۆ ناوڕیزەكانی كورد لەلایەن هێزە سیاسیەكانی سەر گۆڕەپانی عێراق و دەوڵەتانی دەرو دروازسێشەوە . ئەم حكومەتی یەكگرتووە لە 4 ساڵی داهاتوودا دەتوانێت لەگەڵ حكومەتی داهاتووی عێراقدا هەموو ئەو یاسا یانە جێگیر بكات كە لە بەرژەوەندی داهاتووی گەلی كوردو حكومەتی هەرێمی كوردوستاندان لە دەستوری هەمیشەیدا و بەهەمان شێوە ڕۆڵی كاراتر دەگێڕێت لە گەڕانەوەی هەموو ئەو ناوچانەی كە تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی كوردوستان هەر لەكەركوك و خانەقین و هەموو شوێنەكانی تر .

- بۆیە ئەم ڕۆژە و ئەم مانگە هێندەی جاران لەمێژووی كوردایەتیدا پرشنگدارتر دەبێت كاتێك ئەوە وەبیرخۆمان بهێنینەوە كە هەر لەم مانگەدا و لە 1992/5/19دا بوو كە یەكەم پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموكراسی سازدرا بۆ هەڵبژاردنی یەكەم پەڕلەمانی كوردی لە مێژوودا و دواتر یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردوستانی یەكگرتووی

www.dengekan.com

لێکەوتەوە و لەم مانگەوە سەرچاوەی هەموو دەسکەوتەکانی تر وەدی هات .

بۆیە ئەم مانگە مانگێکی گەلێك پیرۆز و پڕ هاتە بۆ کوردان و لەوکاتەوە و لەساڵی 1992 وە ئەم هەرێمە بۆتە نمونە و پێشەنگ بۆ هەموو ناوچەکانی تری عێراق بەهەموو ئاین و مەزهەب و نەتەوەکانیەوە لە ئازادی و دیموکراسی و هێمنی و ئارامی و جوانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان وئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی ئابوری و بازاڕ و بواری کۆمەڵایەتی و خوێندن و تەندروستی و ...هتد.

بەم یەککگرتنەوەیەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان جارێکی تریش کورد سەلماندیەوە کە توانای خۆبەڕێوەبردن و چارەسەری کێشەکانی نەك هەر ناوخۆی خۆی بەڵکو هەموو عێراقیشی هەیەو ئەوەتا بەتوانا و هاوکاری کورد توانرا سەرکەوتن لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەدیبێت و جارێکی تریش بوینە پێشەنگ بۆ حکومەتی مەرکەزی لە بەغدادا کە تائێستا چاوی بەدونیا هەڵنەهێناوە .........

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3966 لە 2006/5/14دا بڵاوکراوەتەوە





## گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی لەکوێوە

## و

## بەرەو کوێ ؟*

- گەندەڵی دیاردەو پەتایەکی کوشندە و قێزەونە , لەهەر دەسەڵات و دام و دەزگایەکی حیزبی و حکومی یان هەر

www.dengekan.com

كۆمەڵگايەكدا دەربكەوێت و سەرهەڵبدا , ئەوا بەدڵنياييەوە ئەو سيستەم ودام ودەزگايە بەرەو لاوازبوون و بێهێزبوون و هەڵوەشان و رووخان دەبات .

- گەندەڵی دیاردەیەکی بەربڵاوە لەهەموو دونیادا و تایبەت نیە بەناوچەیەك یان كۆمەڵگایەك یان دەسەڵاتێکی دیاریکراوە وە وناتوانرێت قەتیس بکرێت لەجێگە و زەمانێکدا .كۆمەڵگا پێشکەوتوەکان بەهەمان شێوەی كۆمەڵگا دواکەوتووەکان بەدەست دیاردەی کوشندەی گەندەڵیەوە دەناڵێنن, تەنها ئەوەندە هەیە ئەو دیاردەیە هێندەی كۆمەڵگا دواکەوتووەکان دانەچۆڕاوەتە ناو ناخ و هەناوی دام و دەزگا و خێزان و تاك بەتاکی كۆمەڵگاکانیانەوە , بەڵکو لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا ماوەتەوە و هەیە. هەربۆیەشە زاڵ بون یان چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی و ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی پرۆسەیەکی ساناو لەتوانادایە بەبەراوورد لەگەڵ كۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا .

گەندەڵی لە وولاتانی دواکەوتووی هەژار و نەخوێندەواری باشوور و ڕۆژهەلاتی دونیادا کە خاوەن دەسەلاتی دیکتاتۆری و تاك ڕەو و كۆنەپەرست و توتالیتارین بۆتە سیماوکولتوور و بەشێکی دانەبڕاو لە هەڵسوکەوت و ئەخلاقیەت و تەنانەت بیرکردنەوە و سلوکی ڕۆژانەی دەسەلاتداران و دام ودەزگاکان





و خێزان و تاك بەتاكی ئەو كۆمەڵگايانە, هەربۆيە بەشێوەيەك ئەو كۆمەڵگايانە گەندەڵی تاسەر ئێسکیان ڕۆچۆتە خوارەوە و پرۆسەی زاڵبوون و چاکسازی و پاكسازی تیایاندا پرۆسەیەکی هێند سەخت و قورسە کە ناتوانرێت ڕێگەی لێبگیرێت و بنەبڕبکرێت ..

گەندەڵی بەزۆری لەو وولات و دەسەلات و حوکم و سیستەمانەدا هەیە کە دیکتاتۆری و تاك ڕەو و عەسکەرتاریەتن و خاوەن عەقڵیەت و بیرکردنەوەیەکی دواکەوتوو دۆگما و خێڵەکی و ناوچەگەرێتی و بنەماڵەیی و گروپچێتین . و لە حوکم و دەسەلاتیشیاندا تەنها گرنگی دەدەنە کەمینەیەکی بودەڵ و مشەخۆر و ماستاوچی و لەسەر بنچینەی خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە و دڵ ڕازیکردن و ناوچەگەرێتی و خزم خزمێنە و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و تەکەتولچێتی پاداشت و داهات و دەسکەوت و ئیمتیازاتەکان و پلەو پایە گرنگەکانی دەسەلاتەکانیان دابەش دەکەن و بەمەش چینێکی جیاوازی کەمینە دروست دەکەن کە لەزۆرینەی كۆمەڵگا کە چەوساوە و مافپێشێلکراو و دوور لەدەسەلات و خۆشگوزەرانی و ئیمتیازاتەکان دوورن دروست دەبێت و بەمەش سەرەتای ئۆپۆزسیۆن و نارەزایی و بێزاری و تووڕەبوون سەرهەڵدەدا و بە بەردەوام

www.dengekan.com

بوونی ئەم حاڵەتەش ڕۆژ بەڕۆژ ئەو ماوەیەی لەنێوان ئەو دووچینەدا زیاد دەكات و تادێت بەرەنگاربونەوەو هەڵمەتبردن بۆ سەر دام و دەزگاكانی حوكم دەستپێدەكات و لەكۆتایشدا ڕووخاندن و سەرەونگومكردنی ئەو دەسەلاتە گەندەڵەی لێدەكەوێتەوە .

هەروەها فاكتەرێكی تر بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی بریتیە لە بوونی بیرۆكراسیەت و ڕۆتینی خراپ لە جێبەجێكردنی ئیشوكاری هاولاتیاندا لەدام ودەزگاكاندا .. هەروەها نەبوونی یاساو ڕێسای ڕوون و شەفاف كە دەسەلات و لێپرسراوێتیەكان دیاری بكات دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی و تێكچڕژانی دەسەلاتەكان و ونبوونی كەسانی گەندەڵ و مشەخۆر . بەهەمان شێوە دانانی كەسانی بێ توانا و گەندەڵ و مشەخۆر لە پۆست و پلە و پایە گرنگەكانی حوكمدا كە كەسانێكی پیر و پەكەوتەو عەقڵ بەستوو و نەگۆڕ و نەشیاون بۆ ئەو پلەو پایانە كە لەسەر بنچینەی بڕوانامە و لێهاتووی و شارەزای و مومارەسە دانەنراون هۆكارێكی تری سەرهەڵدانی گەندەڵیە .

بۆ ڕێگرتن یان كەمكردنەوە یان بەگژداچونەوەی گەندەڵی دەبێت سەرەتا لەلوتكەی هەرەمی دەسەلاتەوە دەست پێبكرێت و كەسانی گەندەڵ دووربخرێنەوە و سزا بدرێن



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

هەرچەندە گەورە و بەر پرسیارێتیان هەبێت و هەموو ئەو فاكتەرو هۆكارانەش بن بڕبكرێت كە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەكردنی گەندەڵی وەك لە پێشەوە باسمان لێوەكردن .

- گەندەڵی لەم ولات و دەسەلات و كۆمەڵگایەنەی وەك كوردەواریدا لە لوتكەی هەرەمی دەسەلات و پارتی دەسەلاتەوە دەست پێدەكات و بۆگەن دەكات و ووردە ووردەش دادەچۆڕێتە ناو تاك بەتاكی كۆمەڵگاوە چونكە وەك ووتراوە (( الناس على دين ملوكهم )) واتە میلەت و جەماوەر چاو لە سەركردە و ڕابەرو لێپرسراوەكانیان دەكەن ئەگەر ئەوان پاك و بێگەرد و دڵسۆز بوون ئەوا ئەوانیش وا دەبن و بەپێچەوانەشەوە . كاتێكیش سەركردەو جەماوەر گەندەڵ بوون ئەوا زاڵبوون و چارەسەركردنی پرۆسەیەكی گەلێك سەخت و قورس دەبێت و تەنانەت مەحاڵیش دەبێت .

## دەسەلاتی كوردی و گەندەڵ

دەسەلاتی كوردی هەر لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و لەسەردەمی بەرەی یەككگرتووی كوردوستانیەوەو دواتر هەڵبژاردنی یەكەم پەرلەمان و دامەزراندنی یەكەم حكومەت ودەسەلاتی كوردی لەساڵی 1992دا و پێكەوەنانی دەسەلاتی

دادوەریش, بەگەندەڵی دەستیان پێکرد و لەیەکەم ڕۆژی ڕزگاری و ئازادیەوە تا پێکەوەنانی دەسەلأتە شەرعیەکان دیاردەی گەندەڵی بوون و بنەماو ڕەگی داکوتراوی هەبوو لە سلوك و بیرکردنەوە و بەرنامە و کاری ڕۆژانەی دەسەلأتی کوردیدا و بە ئاودیوکردنی شۆفلْ و گرێدەر و ئۆتۆمبێل و چەك و تەقەمەنی و هەزاران کەل و پەل و ئاسەواری ئەم وولأتەیان بردە پشت سنوورەکانەوە لەپێناو بەدەستکەوتنی بڕێك پارەی کەمدا . ئەم گەندەڵیە لە سەرکردە و لێپرسراوو سەرە زلەکانی حیزبە گەورە و بچووکەکانەوە دەستی پێکرد و شۆڕ بوە وە بۆ ناو جەماوەر و ئەوانیش دەستیان پێکرد و ڕۆژ بەڕۆژ و سالْ بەسالْ دیاردەی گەندەڵی لە گەشەکردن و تەشەنەسەندندا بوو تاکارگەیشتە ئەوەی لەدوای شەڕی خۆکوژی و براکوژیەوە گەیشتە دزینی سەروەت و سامانی گەل و نیشتیمان بەئاشکراو لەڕێگەی خاڵە گومرکیەکانی سنورەکانەوە و لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا و لەسەردەمی بڕیاری 986 یشدا هێندەی تر زیادی کرد و لەدوای پڕۆسەی ڕزگارکردنی عێراقیشەوە بەجۆرەهای تر دزی و گەندەڵی و فەسادی ئیداری و ئەخلاقی لە دەسەلأتی کوردیدا گەشەی کرد و ئێستا لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی دونیادا کەوتونەتە مامەڵە و فرۆشتن و بەهەدەر دانی سەروەت و سامانی ئەم گەل و ولأتە





. لەڕێگەی پێدانی پڕۆرژە گەورەکان کە هەمویان بە نیوەناچڵی یان پێشەکی پارە پێدا ن و یان بەکرێدانی موڵك و ماڵی حکومەت و پێدانی ڕووبەری گەورەی زەوی بە کۆمپانیاو کەسانی بیانی بەبیانووی هاندانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لەکوردوستاندا .. کە هیچ کام لەو پڕۆژانەش ستراتیژی و گرنگ نین بەهێندەی بودجەو پارەی بەهەدەر چوو تیایاندا .

بەم شێوەیە گەندەڵی بۆتە سیما و ڕووخساری هەردوو ئیدارەکە و هیچ کام لە سەرکردە و سەرۆکەکان ناتوانن ڕێگەی لێبگرن چونکە هەموو سەرکردە و سەرانی حیزبەکانیان و ئەوانی ترن کە پێشقەولْ و پێشەنگی کاروانی دوورو درێژی گەندەڵین و پشت و پەنای زۆرێکی تریشن کە ئەویان خزمە و ئەویان بنەماڵەیە و ئەویان لەفلأن ناوچەیەو و ئەویان لەتەکەتولی خۆمە و ئەویان فلأن خێڵە و تادوایی .. ئیدی سیمایەك کەدەسەلأتی کوردی پێدەناسرێتەوە گەندەڵیە , وەك لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکاندا هاتووە کە عێراق بەگشتی و لەناویشیدا کوردوستان بەڕێژەی 70٪ گەندەڵی تیادایە بەدڵنیایشەوە لە30٪ کەشی نیوەگەندەڵە جائیدی چۆن دەتوانرێت گەندەڵی بنەبڕبکرێت لەکۆمەڵگایەکی وادا کە ڕابەر و سەرکردە و میلەت هەموو تیوەگلابن .

www.dengekan.com

گەندەڵی بەجۆرێك لە حیزب و حكومەتی كوردیدا بلاٚوبۆتەوە كە هەموو كەس هەڵپەی بەدەستهێنانی پلە و پایەن بۆئەوەی لەماوەیەكی كەمدا سەروەت و سامانێكی بیٚ شوومار كۆبكەنەوە و هەموو بیرو خەیاڵێكیان لای گیرفان و دۆلار و كۆشك و تەلار و ئۆتۆمبێل وكۆمپانیاو پڕۆژەو باخەكانیانەوەیە وئەم دەسكەوتانە بوونەتە ئامانج و هەموو وەسیلەیەك دەگرنە بەر بۆ بەدەستهێنانیان بیٚ گوێدانە وەفاو ڕێز و خۆشەویستی و بیروباوەڕ و ئیدی بیری كوردایەتی و دڵسۆزی و گەل و نیشتیمان و شەهیدان و بیرو باوەڕیان نەماوە و بەرژەوەندی نەك گەل و نیشتیمان بەڵكو حیزبەكانیشیان خستۆتە خزمەتی بەرژەوەندیە تایبەتیەكانی خۆیانەوە و كوردایەتی و كورد بە فلسێك ناكڕن .

هەردوولا چەندین جار هەڵمەتی چاكسازی و پاكسازیان كردۆتە دروشم و لەڕاگەیاندنەكاندا كردویانەتە هەلاٚو بە هێرش و تۆقاندن و چاوسووركردنەوە و سزادان خەڵكیان ترساندوە بەلاٚم دواتریش بەهێواشی لێی بێدەنگ بوونە چونكە كە زانیویانە هەموو سەركردە و لێپرسراو كادرەكانی خۆیانن پەشیمان بونەتەوە و هیچیان پێنەكراوە تەنها هەندێك كەسی بێگوناهو بیٚ پشت و پەنایان دەركردوە و سزایان داوە ئەویش بۆ ماوەیەكی كاتی و دواتر پلەو پایەی بەرزنتریشیان داونەتەوە و ئیدی بەم شێوەیە



www.dengekan.com



گەندەڵی گەشەی سەندوە و لەبەرامبەریشدا بێزاری و توڕەیی و خۆپیشاندان و مانگرتن و هەڵمەتبردنە سەر دام و دەزگا حیزبی و حكومیەكان لەهەردوو دەسەلاٚتدا دەستی پێكردوە و ڕۆژ بەڕۆژیش لە زیادبوندایە و بەدڵنیایشەوە گەر گەندەڵی ئاوها گەورەو گەشەی زیاتر بسێنێت ئەوا لەبەرامبەریشدا توڕەبوون و بێزاری جەماوەر زیاتر دەبێت و هەردوو حوكم و دەسەلاٚتە كوردیە تەمەن 14 ساڵەییەكە بەرەو نەمان و ڕووخان و زبڵدانی مێژوو سەرەونگوم دەبن ...

بۆیە پێویستە لە سەر سەركردە و پارتە سیاسیەكان و جەماوەریش هەموو پێكەوە هەڵمەتێكی بەهێزی ڕاستەقینەی چاكسازی و پاكسازی ئەنجام بدەن كە ڕابەری ئەو پڕۆسەیە كەسانی خوێندەوار و نەزیە و گەنج و لاو و ڕابووردوو پاك بن و تەنها ئینتیمایان بۆ كوردو كوردایەتی بێت نەك كەسانی پیرو پەككەوتە و عەقڵ دۆگماكانی دەسەلاٚت كە تەنها ئینتیمایان بۆ حیزب و گیرفانیان هەیە , لەپێناو دەرخستنەوەی ڕووی گەشی كوردایەتی و كۆمەڵگای ڕەسەنی كوردو پیشاندانی نموونەیەكی جوان لە بەردەم گەلانی ناوچەكە و دونیاشدا.

---

*ئەم ووتارە لە سایتی ئینتەرنێتی كوردوستان پۆستدا بلاٚوكراوەتەوە

## کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست
## بۆمبێکی تەوقیتکراون !*

ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیەکی جیۆپۆلەتیکی گەورەی هەیە لە دونیادا و هەمیشە جێگەی کێبڕکێ و ململانێ و سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکیەکان بوە لەنێوان زلهێزەکانی دونیا لەکۆن و نوێداو هۆکاری ئەم ململانێیانەش بەهۆی-:

دەوڵەمەندبوونی ئەم ناوچەیە بە ئاوی شیرین و کانزاو سامانی سروشتی و بەتایبەتیش نەوت کەلەئێستادا بۆتە کۆڵەکەی بنچینەیی بۆ هەموپێشکەوتن و داهێنانەکان .

بوونی ئاوی گەرم لەدەریاو زەریاکانی ناوچەکەدا لەهەموو



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

وەرزەکانی ساڵدا کە هۆکارێکە بۆ بەردەوام بوونی هاتوچۆو و بازرگانی.

بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی هەژار و نەخوێندەوار و بێ کار کەهێزێکی گەورەی هەرزانن و بونەتە بازاڕێکی گەورە و پڕ فرۆشی بەرهەمی ولاتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نێونەتەوەیی .

بوونی سەدان کێشەی ناوخۆیی نێوان ئەو وولاتانەی ئەم ناوچەیە هەر لەکێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و دینی و کۆمەلایەتی و سنووریەکانەوە تا دوای .

نەبوونی سیستەمێکی سیاسی و دیموکراسی و پێشکەوتووی وەها کە یاسا تیایدا سەروەر بێت و مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراو بێت ,هەموو ئەو دەوڵەتانە لەلایەن سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی تاك ڕە و کۆنە پارێز و دواکەوتوو و داخراوەوە کۆنترۆڵکراون و ڕێگە بەهیچ جۆرە کرانەو شەفافیەت و ئازادیەکان نادەن .

سەرەڕای ئەم کێشەسەرەکی و موزمینانە " دامەزراندن و ڕواندنی دەوڵەتی ئیسڕائیلی جوولەکە لەناوجەرگە و دڵی ئەم ناوچەیەدا کە بەعەرەبی و ئیسلامی ناودەبرێت هۆکارێکی تر بوو بۆ قوڵبونەوە و ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی ئەم ناوچەیە و کرانەوەی زیاتری دەرگاکان بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بۆ

www.dengekan.com

دەستێوەردان و هاتنە ناوەوەی زلهێزەکان بۆ ناوچەکە .

هەموو ئەم هۆکارانە و دەیانی تریش بونەتە هۆی چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێز و کۆمپانیا گەورە نێونەتەوەییەکان بۆ ئەم ناوچەیە و هەریەکەیان بە بیانوویەك و لەبەررژەوەندی یەکانی خۆیەوە دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆیی ئەم ناوچەیەو هەربۆیەش هەر لایەك بیەوێت دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا ئاژەوەو شەڕی ناوخۆوکێشە دروست بکات لەناوخۆی هەر وولآتێك و دوو وولآت یان زیاتری ناوچەکە وبۆ ئەوەی مەرامەکانی خۆی جێبەجێبکات .

- لەئێستادا ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست لەهەموو کاتێکی تر زیاتر ئامادەیە بۆ تەقینەوەی کێشەکانی لەناوخۆی خۆیدا و دەستێوەردانی دەرەکیش بۆی ,لەو کێشە گەرم و گوڕانەی کە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو وان و کۆنترۆڵەکەشیان بەدەست وولآتانی ناوچەکەوە نیە بەڵکە بەدەستی هێزە دەرەکیەکانەوەیە وبونەتە هۆی نزیك بونەوەی تەقاندنەوەی کێشەکان بریتین لە -:

1. کێشەی ئیسرائیل _فەلەستینیەکانە بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی توندڕەوی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەدا کێشەکە پێی ناوەتە





قۆناغێکی ترسناك و زۆر هەستیارەوە و پێشدەچێت تابێت ئاڵۆزتر و گەرمتر دەبێت ئەگەر حەماس دان نەنێت بەوجودی ئیسرائیل و ڕێکەوتنامە مۆرکراوەکانی نێوان فەلەستین و جولەکەدا و لەوکاتەشدا هەرچی تائێستا هاتۆتە دی هەموو دەچێتەوە خاڵی سفر و و دەبێت سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە.

2. کێشەی ناوخۆی لوبنانیەکانە کە بونەتە دووبەرەی دژ بەیەك لەسەر بنچینەی دژایەتی دەسەلآتی سوریاو ئێران لەلوبناندا ,بەرەی حیزبولآو ئەمەل شیعە لەگەڵ سوریاو ئێراندان و بەرەی سونە و مەسیحیەکانیش بەرەی ئازادی خوازان (دژ بە سوریاو ئێرانن ).
3. کێشەی ڕژێمی بەعسی سوریایە کە لەئێستادا و لەدوای تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریریەوە بۆتە کێشەیەکی گەرمو گورو جێگەی گرنگی پێدانی ئەمریکا و فەڕەنساو ئەوروپا بەگشتی و ئەو ڕژێمەیان بنکۆڵکردوە و لەهەوڵی ڕووخانیدان و لەئێستادا ئۆپۆزسیۆنی ئەو ڕژێمەیان کۆکردۆتەوە و ئامادەی دەکەن بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە و کوردیش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەو بوارەدا .
4. کێشەی مەسەلە ئەتۆمیەکی ئێرانە کە بۆتە کێشەیەکی گەورە و جێگەی گرنگی دونیاو ئەمریکاو ئەوروپا لەمەشدا

www.dengekan.com

هاوڕان و دەیانەوێت کە ئێران نەبێتە خاوەنی ئەو چەکە کوشندە و کاریگەرە ولەهەولی ئەوەدان کەلەلایەن نەتەوە یەککگرتوەکانەوە گەمارۆبدرێت و .ئێرانیش تائێستا سەرسەختانە بەرگری لە هەلویست و کردارەکانی دەکات و هەڕەشە و گوڕەشەی قەبەش لە ئەمریکا و ئیسڕائیل دەکات .

5. کێشەی عێراق کە تائێستا و لەدوای 3سالٚ ئەمریکا نەیتوانیوە کە بەتەواوەتی هێمنی و ئاسایش بچەسپێنێت و نەهێلێت وولاتانی دەوروبەر دەستوەربدەنە کاروباری ناوخۆی عێراق و هاوکاری و پشتیوانی تیرۆریستان نەکەن .

6. ئەمە سەرەڕای کێشەی نەبوونی دیموکراسیەت و ئازادیەکان لە و ولاتانەی کەدۆست و نزیکی ئەمریکان لە ناوچەکەدا ,لەگەلٚ چەندین کێشەی تری ناوخۆیی وەك کێشە مەزهەبی و نەتەوەیی و سنووری و کۆمەلایەتی و..هتد کە ئەمانەش هیچیان کەمتر نیە لە ترسناکی و تەقینەوەیاندا لە و کێشە گەرمانەی کە لەپێشدا باسمان کردن .

- هەربۆیە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئێستادا لەکوانویەکی پڕژیلەمۆی خامۆش دەچێت کە هێدی هێدی و لەسەرخۆ دەگەشێتەوە و نزیك دەبێتەوە لەگڕگرتن . هەرکاتێکیش کێشەکان تەقینەوە ئەوا گڕی ئاگرەکە تەنها ناوچەکە ناگرێتەوە بەلکو کاریگەری دەبێت بۆ سەر هەموو





دونیاو کۆنترۆلکردنیشی کارێکی سانا نابێت و بەلانسی هێزەکان لەدونیادا دەگۆڕێت .چونکە ئەم ناوچەیە خالی چڕبونەوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و کەلتوری و زانستیەکانی زلهێز و کۆمپانیاکانە و بەئاسانیش دەست بەرداری ئەو بەرژەوەندیانەیان نابن و هەریەکەیان بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان دەستوەردەدەنە کاروباری ناوچەکەوەو هێندەی تر زەیت بەسەر ئاگرەکەدا دەکەن .

- چارەسەر بۆ هەموو ئەم کێشە گەرم و گوڕو ترسناکانەش بریتیە لە ڕووخاندن و ڕامالینی سیستەم و ڕژێمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیە دیکتاتۆر و دواکەوتوو داخراوەکانی ناوچەکە و بەرقەرارکردنی سیستەمێکی دیموکراسیی و ئازادیەکان وسەربەستی کاری سیاسی و جەماوەری و گروپەکانی کۆمەلگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کرانەوەی بازاڕو ئابوری و بەزانستکردنی دامودەزگاکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنانە لەو کۆمەلگایانەدا .بەمانەش کاری تیرۆرو تۆقاندن و چەوساندنەوە و زولم و زۆرو دواکەوتن و هەژاری بەری پێدەگیرێت و هێمنی و ئارامیش بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە و پێشکەوتن و داهێنانەکانیش ڕێچکەی خۆیان دەگرن لەهەموو

www.dengekan.com

بوارەكاندا .

بەڵام ئەم كارانە پلانی وورد و ستراتیژی و دیقەتی دەوێت نەوەك كاری سەرپێی و هەڵچون و پەلەكردن .بۆیەش پڕۆسەكە كارێكی سانانیە و لە شەوڕۆژێكدا بەدینایەت و بەڵكو پێدەچێت دەیان ساڵ بخایەنێت و گەلێك بەربەست و ڕێگر لە بەردەم ئەم پڕۆسە گەورەی گۆڕانكاریانەدان كە بریتین لە -:

1. دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی ئێرانە بەپلەی یەكەم چونكە ئەو وولاتە توانایەكی گەورەی مادی و مرۆیی هەیە و خاوەن پانوپۆڕیەكی گەورەی جوگرافیایە و توانایەكی باشی سەربازی و چەك و تەقەمەنی هەیە و وولاتێكە بەدرێژای 26 ساڵەی تەمەنی كۆماری ئیسلامی تاڕادەیەكی باش سیاسەتی خۆژیانی پەیڕەوكردەوە و پشتی بەستۆتە سەر تواناكانی خۆی و سەركەوتووش بوە كە هەموو ئەمانە كاری گۆڕانكاری تیایدا گران و قورس دەكەن .بەڵام هەندێ هۆكاری تریش هەن كە خاڵی لاوازن لە پێكهاتەی ئەو كۆمەڵگایەدا لەوانەش بوونی نەتەوە و مەزهەب و دینی جیاواز كەدەكرێت لێوەی بنكۆڵی ئەو ڕژێمە بكرێت و كار بۆ ڕوخاندنی بكرێت .كە لێرەشدا كورد ڕۆڵ و كاریگەری خۆی هەیە و ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانكاریانە ,سەرەڕای بوونی دەیان كێشەی ناوخۆیی و ناوچەیی لەگەڵ دراوسێكانیدا كە هۆكاری ترن بۆ



www.dengekan.com



سەركەوتنی پڕۆسەی گۆڕانكاریەكان.هەركاتێك توانرا ئەم ڕژێمە و وولاتە بڕوخێنرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە كەلەلایەن ئەمریكاوە داڕێژراوە و دەست بەجێبەجێكردنیشی كراوە دەتوانێت ئامانجەكانی داهاتووی بپێكێت و زاڵ بێت بەسەر هەموو لەمپەڕ و بەربەستەكانی تردا .

2. دووەم بەربەست بریتیە لە سەرهەڵدان و گەشەكردن و پەلهاویشتنی بزوتنەوە توندڕەوە سەلەفی و ئیسلامیەكان لەم ناوچەیەدا و بونەتە هێزێكی پڕ مەترسی بۆ سەر ئاسایش و ئارامی ناوچەكە و هەموو دونیاش وەك ڕێكخراوی ئەلقاعیدە و چەندانی تر ..بۆیە كاری سەرەكی و لەپێشینەی ئەو پڕۆسەیە بریتیە لە سەركوتكردن و لەناوبردن و لەڕیشەهەڵكێشانی ئەو بزوتنەوانە لەناوچەكەدا .

- لەم ناوچە پڕ لەكێشە و گرفت و ئاڵۆز و مەترسیدارەدا ئایا كورد وەك نەتەوەیەكی ژێردەست و داگیر و دابەشكراو دەتوانێت چ ڕۆڵێك ببینێت و چ كاریگەریەكی هەبێت لەسەر ڕووداوەكان و چۆن دەتوانێت بەرژەوەندیەكانی خۆی و مافە زەوتكراوەكانی چەندین سەدەیەكانی خۆی دابین بكات و بسەنێت ؟؟؟؟؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تریش ..

بۆ وەلأمی ئەم پرسیارانە دەڵێی کەن کورد وەك نەتەوەیەکی دێرینی ئەم ناوچەیەو بەو ژمارە زۆرەی کە خۆی لە نزیکەی 40ملیۆن کەس دەدات تائێستا بە داگیرکراوی و دابەشکراوی ماوەتەوە و نەبۆتە خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی فارس و تورك و عەرەبەوە دەچەوسێتەوە .

لەپرۆسەی ئەم گۆڕانکاریانەدا پێدەچێت کورد ببێتە سەرەنێزە و لەپێش هەموانیشەوە ساز و ئامادەیە و بەدڵنیایش لەهەمووانیش سوودمەندتر دەبێت لەم پرۆسەیەدا و کورد دەبێتە ئەو دەرگایەی کە هەموو گۆڕانکاریەکانی لێوە دەست پێبکات و پیایدا تێپەڕببێت .چونکە فاکتەرێکی گونجاوەو ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە و بەلێك هەڵوەشان و ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی ناوچەکە کورد سوودمەند دەبێت و ئەگەر ژیرانە و حەکیمانە ڕووداو وپێشهاتەکان بخوێنێتەوە و هەڵیانبسەنگێنێت و حساباتی ڕاست و دروستی هەبێت بۆیان و بتوانێت هەلی گونجاو بقۆزێتەوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بەرژەوەندی براوە و زلهێزەکاندا ,ئەوا لەوڕێگەیەوە دەتوانێت کە ماف و داواکاریە ڕەواکانی بەدەست بهێنێتەوە و بەشداریەکی کاریگەریش بکات لە سەر لەنوێ بونیادنانەوەی ناوچەکەدا ئەویش بەهەڵبژاردنی سیستەمێکی دیموکراسی و





ئارام و پێشکەوتوو کە کار بۆ پاراستنی ئازادیەکان و پێکەوەژیانی نەتەوەکان بکات لە ناوچەکەدا .

دەنا بەپێچەوانەوە گەر کورد بەهەڵەشەیی و سۆز و هەڵچونەوە بەشداری بکات دوور لە بوونی بەرنامە و خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی پێشوەخت ئەوا بەزەرەرو زیانی زۆر گەورەتر دەشکێتەوە بەسەریدا .

خۆشبەختانەش لە ئێستا دا و لەو وولأتانەی کەکوردی تیادایە چانسی لەپێش و لەسەرەوەیە و ئەو دەوڵەتانە پێیان خۆشبێت یان نا ئەستێرەی بەختی کوردان لەگەشانەوەدایە و ئەوەتا لەعێراقدا سەرۆك کۆمار و سەرۆك هەرێم و پۆستی سیادی گرنگی بەدەستەوەیە و خاوەن هەرێمێکی تایبەتە و بەشداریەکی گەورە و کاریگەریشی هەیە لە بڕیاردان و بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا .

لە وولأتانی سوریاو ئێران و تورکیاشدا کورد لەسەر پێیە بۆ گۆڕانکاری و لە سەدەکانی پێشووتر چالاکانەتر هەوڵ دەدات بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی و لەسەر ڕێگا ڕاست و دروستەکەی گۆڕانکاریەکانە .

هەربۆیە پێشبینی دەکرێت کە ئەم سەدەی بیست و یەکەمە ببێتە سەدەی کوردان و قەرەبووی هەموو سەدەکانی ڕابووردووی بۆ

www.dengekan.com

بکاتەوە وئەوەش تەنها بەیەك و یەکگرتوویی ڕیز و هێز و توانا و کارو بەرنامەکانی خۆی دەبێت بەڕووی دۆست و دوژمناندا...

• ئەم بابەتە بڵاوکراوەتەوە لەسایتی کوردوستان پۆست لەڕۆژی 2006/3/26دا.

## پێگەی کورد
## لەپرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا*

❖ ئاشکرایە لەسەدەکانی ڕابوردوودا چەند پرۆژەیەکی جیهانی لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی دونیاوە طرح کراون و هەریەکە بەناوێك و لەڕوانگەی جیاوازەوە,وەك پرۆژەی 14 خاڵی (( ویدرۆ ویلسن))ی سەرۆکی ئەمریکا و پرۆژەی مارشاڵ و سیستەمی نوێی دونیا و بەعەولەمەکردنی جیهان و ...هتد.

بەمەبەستی درێژەپێدانی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی جیهان و فەراهەمکردنی بەرژەوەندیە دوور و نزیکەکانیان,جابەخۆشی بوبێتن یان بەزۆر سەپاندویانە و گەل و نەتەوەکان و دەوڵەتەکانیش بەناچاری جێبەجێیان کردوە ئەگەر بەزیانیش گەڕابێتەوە بۆ سەر دەسەڵات ونفوزیان لەناوخۆی وولاتەکانیان و





ناوچەکەشدا تەنها بەمەبەستی مانەوەیان لەدەسەڵاتدا. هەشبووە زوو فریای خۆی کەوتوە و کەوتۆتە خۆگونجاندن لەگەڵ تەوژمی گۆڕانکاریەکان و دەستی کردووە بە ڕیفۆرم لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و خوێندن و باری کۆمەڵایەتی و یاساو دروشمەکانیدا.

لەئێستاشدا و لەسەرتای سەدەی بیست و یەکەمدا و لەدوای زنجیرەیەك گۆڕانکاری گەورە لە دونیادا کە بونە مایەی قڵپبونەوەی سەرتاپای تێگەیشتن و پرنسیپەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەدونیادا وەك سەرهەڵدان و بەهێزبوونی تیرۆریزم و هەموو ئەوکاڵبونەوەی ئایدیا و شارستانیەتەکان کە بونە مایەی لێکترازانی ڕیزەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دابەشبونیان بەسەر دوو سەنگەری دژ بەیەکدا کە ئەوانیش سەنگەری تیرۆر و سەنگەری تیرۆریستان بوو کە سەنگەری یەکەمیان هەموو دەوڵەتانی پێشکەوتوو خاوەن شارستانیەت و تەکنەلۆژیاو خۆشگوزەرانەکان بوون لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا و ئەو گەلانەشی کە زەبریان بەدەستی تیرۆریستان خواردبوو هەمان سەنگەریان هەڵبژارد.

لەبەرامبەریشدا هەموو ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایانەی سیمای دواکەوتوویی و نەفامی و تێنەگەیشتوو بوون و بە عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاستەوە تحلیل و تێڕوانینیان دەکرد بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان,خۆیان خستە سەنگەری

www.dengekan.com

تیرۆریستانەوە و دەیانزانی و دەیانویست بەزەبری ترس و تۆقاندن و زەوتکردنی ئازادی و سەربەستیەکان و وەلاتانی خوێندن و خوێندەواری و دژایەتی کردنی هەموو دیاردەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی دونیای سەردەم بخەنە ژێر ڕکێف و حەز و ئارەزوە مردوەکانیانەوە .

بەلاَم خۆشبەختانە هەر لەسەرەتای بیرکردنەوە و خۆناساندنیان بەدونیا لەڕێگەی ترس و تۆقاندن و کارە تێکدەرەکانیانەوە لەڕووداوی 11ی سێپتەمبەری 2001 ی ئەمریکاوە و تەقاندنەوەکانی تەنزانیاو دار السلام و فلیپین و ئەندەنوسیاو کارە تێکدەرانەکانیان لەکوردوستان و گرتنە دەستی دەسەلاَت لە ئەفغانستان و شیشان و ...هتد.مەرگی خۆیان دیاریکرد و خۆیان بوونە مایەی پێشخستنی مەرگ و ڕۆژی کۆتاییان و هەر زوو هەڵدێران و سەرەونگوم بون و لەهەموو دونیادا بێزراو و ڕسوا بوون.و بەزووی ئیمارەتە سەلەفیە توندڕەوەکەیان ڕووخاو لێك هەڵوەشا و ئیدی لەهەموو کوچە و قوژبنێکی دونیادا جێگەیەکی ئارام و ڕووناکیان بۆ نەمایەوە و هەرچۆن لەتاریکیەوە هاتبوون ئاوهاش گەڕانەوە بۆ تاریکستانەکانیان لە ئەشکەوت و ژێرزەوی و جێگەی تری بێزراودا. لەکوردوستان و لە عێراقیشدا پێش ڕووخان و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کەوتنە بەر گورزی





گورچك بڕ و لە ئێستادا گیانەلاَی مەرگیانە و بەرەو دواڕۆژەکانی ژیانیان هەنگاو دەنێن, دوای ئەوەی کە گەلی کوردو عێراق ڕووی ڕاستەقینەیانی ناسی و بەئاوات و ئامانج و مەرامە ناڕەواکانیان ئاشنا بوو و بینیان کە چۆن دوور لەهەموو بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیان دەستیان دەچێتە گیانی ڕۆڵەکانی عێراق بەبێ جیاوازی لەنێوان عەرەب و کوردو تورکومان و ئاشوری و ئەمریکیدا و کارە تێکدەر و تۆقێنەرەکانیان لەشارەکانی هەولێر و کەرکوك و بەغدا و موصلّ و کەربەلا و بەصرە و ...هتد.ئەنجام دەدەن و ڕۆژانە چەندین هاولاَتی بێ گوناه دەکەنە قوربانی هەوەس و مەرامە گلاَوەکانیان, هەربۆیە بەدڵنیاییەوە ڕۆژانی ژیانیان بەرەوکۆتایی دەچێت.

لەم سەرو بەندەدا و لەگەرمەی گۆڕانکاریەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا کە بەجەرگەی کێشە و ململانێ مێژوویەکانی شارستانێتیەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاَت دەژمێردرێت و گۆمی خوێناوی‌و سەرچاوەی توندڕەوی و تیرۆریزم وکاری تێکدەرانە و ململانێ خوێناویەکان بووە.هەربۆیەش دەکرێت بەئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەییی و گەورە لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی وفێرکاری لەم ناوچەیەدا بتوانرێت ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش و پێشکەوتوو دوور لە خوێن ڕشتن و دواکەوتوویی و هەژاری بێتەدی و دونیاش

www.dengekan.com

لەسایەی سەقامگیری ئەم ناوچەیەدا بحەوێتەوە و لەهەموو ئەو دیاردە دزێوانەی کە باسمان کرد ڕزگاری ببێت و دونیایەکی پڕ لە خۆشی و ئاشتی بەرقەرار بێت, لەم پێناوەشدا لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە جۆرج بووش (( پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە)) پێشنیازکراوە و بەنیازە لەکۆبونەوەی 8 وولاتە گەورە پیشەسازیەکەی دونیادا کەبڕیارە لەمانگی حوزەیراندا ببەسرێت بخاتە بەردەم کۆنگرە بەمەبەستی ئالوگۆڕکردنی بیروڕاو دانانی ئالیەتێکی گونجاوبۆ جێبەجێکردنی و بەهاوکاریەکی هەمەلایەنە و بەئیرادەیەکی نێو دەولەتی.ئاشکرایە پڕۆژەکە گەورەو ستراتیژیە و پێویستی بەزەمان و زەمینەیەکی لەباری گونجاو هەیە بۆ سەرکەوتنی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی,بۆ ئەمەش پێویستی بەتێگەیشتن و هەلسەنگاندن و قبولکردنی هەیە لەلایەن کۆمەلگاکانی ئەو وولاتانەی کە پڕۆژەکە دەیانگرێتەوە کەبریتین لە ( هەموو وولاتانی عەرەبی و ئێران و تورکیاو ئیسڕائیل و پاکستان و ئەفغانستان) و پڕۆژەکەشی لەسەر (( 3)) ئاستی سەرەکی ئاڕاستەکراوە کەبریتین لە:-

1. هاندانی دیموکراسی و دەسەلاتێکی باش
2. بونیادنانی کۆمەلگایەکی زانیاری
3. بەرفراوانکردنی هەلی ئابوری



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

کە ئەم ((3)) بنەمایە بنچینەیەکی گونجاوە بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژیای ناوچەکەدا,هەر کاتێکیش ئەو گۆڕانکاریانە هاتنە دی ئەوا بەدلنیاییەوە کۆمەلگایەکی دیموکراسی و مەدەنی کە یاسا سەروەر بێت و دووربێت لەگەندەلی و مشەخۆری و دووربێت لەڕێگری ئازادیەکان و سەربەستیە کەسیەکان و دامەزراندنی میدیای سەربەخۆو پەیڕەوکردنی سیستەمێکی سیاسی هەلبژێردراو و بەدەستەوەگرتنی دەسەلات بەنۆرە و سیستەمێکی شەفاف دێتە دی و لەڕووی زانست و فێرکردن و تەکنەلۆژیاشەوە کۆمەلگایەکی داهێنەر بەدی دێت و هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر سیستەمی ئابوری و بازاڕ بەشێوەیەکی نامەرکەزی دەولەتی جێبەجێبکرێ و کەرتی تایبەت ڕۆلێ و سەرمایەکەی وەگەڕ بخات و بازرگانی و هاموشۆ ئازادبێت و وولاتانی ناو پڕۆژەکە هانبدرێن کە بەشداری ڕێکخراوە بازرگانیە جیهانیەکان بکەن و ناوچەی بازرگانی ئازاد لەنێوانیاندا دروست بکەن . بنەمای هەموو ئەم گۆڕانکاریانە و بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بریتیە لە (( ڕیفۆرم )) و ئاشکراشە پڕۆسەی ڕیفۆرم بریتیە لە پڕۆژەیەکی نەرم ونیان و شەفاف و لەسەر خۆ و بەبەرنامە, کەبیری تیژ و ژیری و ووریای زۆری دەوێت بۆ سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی چونکە بچوکترین هەلە دەبێتە مایەی پاشا

www.dengekan.com

گەردانی و بەزیان گەڕانەوە بۆ مەبەست و ئامانجە سەرەکیەکە کە بریتیە لە گۆڕان لەسەرتاپای سیستەمە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەلاَیەتی و زانستیەکاندا.بۆیە پرۆسەی ڕیفۆرم پرۆسەیەکی سانا نیە و لەماوەیەکی کورتیشدا ئامانجەکان نایەنە دی, بەڵکو پێویستی بەکەسانی هێڤار و بیریار و دانایە کە خاوەن ئەقڵیەتێکی کراوە و ڕۆشن و ڕەهەندێکی ستراتیژی بن,بۆئەوە ی پرۆسەکە تووشی شکست و لەبارچوون نەبێت,لەئەنجامی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرمیش لەناوچەکەدا کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورە دروست دەبێت کەلە هەموو ڕووەکانەوە پێچەوانەی ئەم واقیعەی ئێستا دەبێت کە پێیەوە دەناڵێنن هەر لەسیستەمی دیکتاتۆری و بنەماڵەیی و خێڵەکی ودواکەوتوویی وە کە بڕوایان بەکرانەوە و شەفافیەت و دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ نیە و تاتەپڵی سەریان ڕۆچوون لە گەندەڵی و دواکەوتوویی لەڕووی کەلتوور و شارستانیەت و زانست و تەکنەلۆژیاو باری ئابوریەوە و کۆمەڵگاکانیان بریتین لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و داخراو و پڕ جەهالەتی سەدەکانی ناوەڕاست کە ژنان بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵیان تیایدا نیە و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و کراوە وجودیان بۆ نیە و یاسا یاسای بنەماڵە و تاکە کەس و سەرۆك عەشیرەت و نەخوێندەوارەکانە.





ئەوەی مەبەستمانە لەم باسەدا ئەوەیە کە پێگەی کورد لەم پرۆژەیەدا چیە و دەبێت کورد چۆن بوون و وجودی خۆی بسەلمێنێت؟ و بەرژەوەندیەکانی خۆی چۆن یەك بخات لەگەڵ ئامانج و ئاڕاستەکانی ئەم پرۆژەیەدا؟

ئاشکرایە کە کورد وەك گەل و وەك نەتەوەش تا ئێستا خاوەن قەوارە و دەوڵەت و ئالاَی خۆی نیە و سنورێکی دیاریکراویشی نیە و بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەشکراوە و کوردوستانی گەورەش دەکەوێتە ناو جەرگە و چەقی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستەوە و ئەم پرۆژەیەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دۆزی کوردو کوردوستان .کورد هیچ کاتێك سوودمەند نەبوە لەهەموو ئەو پرۆژانەی لەوە و پێش طرحکراون و سەپێنراون بەڵکو زیانی گەورەشی بەرکەوتوە و بێ بەش کراوە لەسەرەتاییترین مافەکانی لەپێکەوەنانی دەوڵەت و سەربەخۆبوونی.

بەلاَم لە ئێستادا و لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانێتیە گرنگەی کە هەیەتی لەگەڵ گەورەترین دوو زلهێزی دونیادا و وەستانی لەسەنگەری دژە تیرۆرداو هاوبەشی کردنی لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و ئەنسارولئیسلام و ئەلقاعیدە لەکوردوستان و عێراقدا و چەسپاندنی ئەزموونی 13 ساڵەی حوکمڕانی کورد بۆ خۆیی و ئەو هەموو پێشکەوتن و دەسکەوتانەی کە بەدی هێناوە

www.dengekan.com

لەئەنجامی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 دا و دامەزراندنی دام و دەزگای دەوڵەتی و چەسپاندنی دیموکراسی و هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی یاساو ڕێگا خۆشکردن بۆ دروست بوونی کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان و گرنگی دان بە مافەکانی ژنان و بەشداریکردنیان لەهەموو وێستگەکانی ژیان و دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا.

زامنکردنی ئازادیەکانی ڕادەربڕین و میدیای ئازاد و بەئازادکردنی بازاڕ و بوژانەوەی کەرتی تایبەت و هاندانی سەرمایەداران و کۆمپانیا بیانیەکان بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان لەکوردوستاندا هەموو گەشتیاران و باشکردنی بواری خوێندن و فێرکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان و گرنگی دان بە زانکۆو پەیمانگاکان و فێربوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا و سازدانی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان و هەموو ئەنجومەن و ڕێکخراوەکان وەك پرۆسەیەکی دیموکراسی و شارستانیانە.

زەمینەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ کورد ڕەخساندوە کەلەپێش هەموو کۆمەڵگاکانەوە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئامانج و هێڵە گشتیەکانی پرۆژەکەدا, ئەگەر بەژیری و ووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا بکات و بتوانێت درێژە بەم





هاوپەیمانێتیەی ئێستای بدات لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیادا و بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەدا یەك بخات و بەپێچەوانەی هەموو پرۆژەکانی پێشووەوە کورد دەبێتە کۆمەڵگایەکی شایستەو جێگای متمانەی زلهێزەکان و دەکرێت ببێتە چەقی گۆڕانکاریەکان و بەشی شێریشی بەربکەوێت لە دەسکەوتەکانی پرۆژەکەدا.

سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەش پێویستی بەکاری جدی و نەبڕاوە و ماندوونەناسانە هەیە لەسەر ڕێگای ریفۆرمەکان لەهەموو بوارەکاندا و پشوودرێژی و هۆشیاری گەورەی دەوێت لەسەر ئاستی پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و تاك بەتاکی هاولاتیان و یەك ڕیزی و یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی کوردیش بەرامبەر بە تیرۆر و تیرۆریستان زامنی گەورەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە و چەندە بتوانین کە دیموکراسیەت و ئاشتی بچەسپێنین و لەیاساو بڕیارەکان و پەیوەندیەکانمان و سیاسەتە ئابوری و فەرهەنگیەکانماندا کراوە و شەفاف بین و هەوڵدەین و ڕەخنە و بیر ورای جیاواز قبوڵ بکەین ئەوەندە لە ئامانجەکانمان نزیکتر دەبینەوە و دەتوانرێت پێگەی کورد قایمتر و تۆکمەتر بکرێت و هەوڵبدرێت کەمەسەلەی کورد لەکارتی گوشارەوە بگۆڕدرێت بۆ پایەی کۆنکرێتی بەهێز کە زلهێزەکان

www.dengekan.com

پشتی پێ ببەستن لەبەرنامە و پلان و پرۆژەکانیاندا و هیوای سەرکەوتنیشی لەسەر هەڵبچنن.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 77 لە 2004/4/17دا بڵاوکراوەتەوە

## کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورە وکتوپڕدا

- ئاشکرایە لەدوای ڕووخانی هەردوو ڕژێمی تاڵیبانی ئیسلامی سەلەفی و توندڕەو و لەبەریەك هەڵوەشانی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست لە ئەفغانستان و ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری و قەومی لە عێراقدا , ( پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە ) لەلایەن براوەی هەردوو جەنگەکەوە و براوەی جەنگی سارد ( ئەمریکا ) ی زلهێز و تاکە باڵادەستی دونیاو لەسەرەتای چەرخی بیست و یەکەمەوە ڕاگەیەنرا و خرایە بەردەم دەوڵەتەگەورەکانی پیشەسازی دونیا بەمەبەستی گۆڕانکاری زیاتر و گەورەتر لە ڕژێمەکانی سنوری جوگرافیای پرۆژەکەوە کە( هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل و تورکیاو ئێران و پاکستان و



www.dengekan.com



ئەفغانستان ) دەگرێتەوە و لەو ساتەوە هەوڵی جدی و چڕو پڕ دەدرێت بۆ سەرخستن و بەئەنجام گەیاندنی . سنوری جوگرافیای پرۆژەکە ناوچەیەکی هەستیارو دەوڵەمەند و پڕکێشە و دواکەوتوو ململانێی شارستانیەتەکانە و لایەنەکانی ناو پرۆژەکە هەریەکەیان هەوڵ دەدات دەسەڵات و نفوزو ئایدیا و بەرنامەکانی خۆی بچەسپێنێت و بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت ..

- ئاشکراشە کە ئەم پرۆژەیە لەسەر 3 بنەمای سەرەکی داڕێژراوە کە ئەوانیش بریتین لە :-

1. چەسپاندنی دیموکراسیەت و بەرجەستەکردنی ئازادی و سەربەستیەکان و هەڵبژاردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان .
2. ئازادکردنی بازاڕ و ڕزگارکردنی ئابوری داخراویانە و هەوڵدانە بۆ کرانەوەی زیاتر و پەیڕەوکردنی شەفافیەت و دەرهێنانی بازاڕ و ئابوریە لەدەستی حکومەت و زیاترکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئابوریە و نەمانی سنورو بە جیهانی کردنی دونیایە.
3. بەزانستی کردنی کۆمەڵگایە بە سوودوەرگرتنی زیاتر لە تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەکانی بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە و

گۆڕانكاریە لە پرۆگرامەكانی خوێندن لەهەموو قۆناغەكاندا و ...هتد

ئاشكراشە كە هیچ كام لەو سێ بنەمایە لە بەرژەوەندی و سوودی دەسەلات و ڕژێمەكانی ئەم ناوچەیەدا نین و بەڵكو هۆكاری سەرەكین بۆ ڕووخاندنیان و لەناوچوون و تووڕهەڵدانیانە بۆ زبڵدانی مێژوو بەهۆی هوشیاربونەوەی گەلەكانیان . هەربۆیە لەسەرەتاوە هەمووانیان دژایەتی پرۆژەكەیان دەكرد و هەوڵیان دەدا كە نەكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە و بروبیانوی جۆراو جۆریان دەهێنایەوە بۆ سەرنەكەوتن و بەجێنەگەیاندنی , بەلام داڕێژەرانی پرۆژەكەو هاوپەیمانەكانی و لەگەڵیشیاندا ڕای گشتی جەماوەرو گەلانی ناوچەكە بەدڵنیاییەوە و بەسووربونیان بۆ سەركەوتنی پرۆژەكە و بەرەوپێرچوونیەوە ئومێدی سەركەوتنی زۆری لێدەكرێت .

سەرەتای پرۆژەكە بە ڕووخانی هەردوو ڕژێمی ئەفغانستان و عێراق دەستی پێكرد و لەئێستاشدا ئاماژە و ئاراستەی گۆڕانكاریەكان بەرەو گۆڕانكاری لە ڕژێمەكانی ئێران و سوریاو میسر و سعودیە و تەنانەت توركیاشدا دەچن بەهۆی جۆرەها گوشاری سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە و ...هتد ئەوەتا ئەمریكا و ئەوروپا گوشار دەخەنە سەر ئێران لەڕێگەی بونی





بەرنامە ئەتۆمیەكەیەوە و پشتگیری كردنی تیرۆریستان وبۆسوریاش بەهانەی بوونی لە لوبنان وپشتگیری حیزبوڵاو ڕێكخراوە توندڕەوەكانی فەڵەستین و تیرۆریستانی ناو عێراقەوە گوشاریان خستۆتە سەر و بڕیاری 1559 یان لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دژی دەركردوە و بە جدیش كار بۆ جێبەجێكردنی دەكەن و بۆ میسریش بیانوی كەمینە مەسیحیە قیبتیەكان و نەبونی ئازادی و دیموكراسی و نەپاراستنی مافەكانی مرۆڤ و ژنانەوە دەهێننەوە و بۆ توركیاش دابین نەكردنی مافەكانی كوردو كەمینەكانی تر و كێشەی قوبروسەوە دەستی دەستی پێدەكەن لە وەرگرتنی لە یەكێتی ئەوروپادا , بۆ شانشینی سعودیەش كە دۆستێكی تەقلیدی و بەهێزیان بوو تا ساڵی 2001 لەئێستادا و بەبیانوی هاوكاری كردنی سەرجەم ڕێكخراوە ئیسلامیە وەهابیەكانەوە لەجیهاندا و دەركەوتنی ڕۆڵی هەندێ كەسایەتی بنەماڵەی شاهانەی سعودی لە پشتگیری كردنی ئەو ڕێكخراوانەدا و نەبونی ئازادی و مافەكانی ژنان و مرۆڤەوە گوشاریان خستۆتە سەر ئەو وڵاتە و لەئێستادا ئەمریكا دەیەوێت ڕۆڵی دەوڵەتۆكە بچوكەكانی وەك قەتەر و بەحرێن و كوێت وئیمارات و عومان لەدژایەتی سعودیە زیاد

www.dengekan.com

دەكات و پەیوەندیەكانی زیاتر و توندو تۆڵتر دەكات لەگەڵیاندا .

بەم شێوەیە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانكاریە گەورەكان و سەركەوتنی پڕۆژەكە لەم وڵاتانەوە دەست پێدەكات بەهۆی نەبونی پشتیوانی گەورەبۆیان لە ناوخۆو گەلەكانیانە وە ناتوانن بچوكترین هەڵوێست و كرداریان هەبێت دژی پڕۆژەكە و ناتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوون و سەركەوتن و سەپاندنیدا بەسەریاندا , تەنها و تەنها تاكە ڕێگە لەبەردەمیاندا بەناچاری بریتیە لە خۆ گونجاندن و سازدانی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و زانستی و ...هتد لەگەڵ پڕۆژەو ئامانجەكانیدا بۆ خۆ دەربازكردن لە ڕووخان و لەناوچونیان و بەردەوامی دان بەمان و ژیانیان و دەسەڵاتیان و كە لەكۆتایشدا جێبەجێكردنی ئامانجەكانی پڕۆژەكە هەر بەنەمان و لەناوچوونی خۆیان تەواو دەبێت و بەناچاریش و بەدەستی خۆیان گۆڕی خۆیان هەڵدەكەنن .

➢ لە ئێستادا و دوای ئەنجامدانی پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموكراسی لە هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراقدا و دانان بە سیستەمی دیموكراسی و دابینكردنی تاڕادەیەكی باش لە ئازادیەكانی ڕۆژنامەگەری و كاری سیاسی و ئازادكردنی بازاڕو تاڕادەیەكیش سوود وەرگرتن لە تەكنەلۆژیاكان و



www.dengekan.com



تێكەڵاوبوونیان بە جیهان هاتونەتە سەر سكە و ڕێچكەی پڕۆژەكە و هەنگاوەكانی تریش بەڕێوەن. توركیاش هەوڵی زۆر دەدات لەمیانەی گۆڕانكاری لە دەستور و دابینكردنی ئازادیەكانی بیرو ڕا و كاری سیاسی و ئابوری و دابینكردن و دانپیادانانی كوردو كەمینەكان و نەرمیش دەنوێنێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی قوبرس و بەردەوامیشن لە هەوڵەكانیاندا , هەرچی میسر و سعودیەشن لەڕێگەی ئیصلاحاتی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و دابینكردنی ئازادیەكان و زیاتر كرانەوە و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و ژنان و كەمینەكانیانەوە دەیانەوێت ڕووخساری خۆیان جوان بكەن و ئەوەتا لەمیسردا قیبتیەك دیاریكراوە بۆ جێگری سەرۆك كۆمار و هەوڵی جدی و هەندێ جاریش فشار دەخاتە سەر فەلەستینیەكانیش بۆ تەنازول كردن و ڕێكەوتن لەگەڵ ئیسرائیلیەكاندا و هەرچی سعودیەش هەیە بۆ یەكەمین جارە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا هەڵبژاردنی شارەوەنیەكان ئەنجام بدرێت ئەگەرچیش بەناتەواوی و كاڵو كرچیش بێت ساز دەكرێت و ڕێچكەیەكی زۆر نەرم و نیان و مامناوەد پەیڕەو دەكەن لە فەتواكانیان و بەئاشكراش كاری تیرۆریستان و توندڕەوە ئیسلامیەكان سەرزەنشت دەكەن و هاوكاریە مادی و مەعنەویەكانیشیان بەڕادەیەكی زۆر بۆیان كەمكردونەتەوە .

ئەوەی کەماوەتەوە و تائێستا بەڕواڵەت دژایەتی دەکەن و هەوڵی جدی نادەن بۆ خۆگونجاندن و سوورن لەسەر خۆگیڤکردنەوە و هەر لەسەردەمی دروشمە زل و بریقەدارەکاندا دەژین ئێران و سوریان کە هەردووکیان شیعە مەزهەبن و هاوکاری ڕێکخراوە توندڕە وە ئیسلامی و فەلەستینیەکان دەکەن و تەماعی زاڵبونی زیاتریان هەیە لەلوبناندا لەلایەك بۆ گوشارخستنە سەر ئیسرائیل و لەولاشەوە بۆ زیادکردنی نفوزی شیعە لەبەرامبەر سونەی ناوچەکەدا و ئەم مەترسیەش لەسەر زاری شا عەبدولأی ئوردونەوە بە ئاشکرا گوزارشتی لێوەکرا و داوای کرد کە ڕێگە نەدرێت شیعە لەعێراقیشدا بالأدەست بن چونکە دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئوردون و ولأتانی کەنداو وئیسرائیلیش . هەروەها هەردووکیان هەوڵ دەدەن سەردەمی ( ناردنەدەرەوەی شۆڕش ) زیندوو بکەنەوە و ئایدیا و بیرو ڕاکانیان گەشە و پەرە پێبدەن لەناوچەکەدا و دژایەتی ئەمریکا و ئەوروپا و شارستانێتی ڕۆژئاوایان پێبکەن کە ئەمانەش هەموو دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتن و بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەکەدا کە ئەمریکاش بەهیچ جۆرێك بەم کردارانە ڕازی نابێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش لەهەوڵی جدیدایە بۆ زیاتر کردنی گوشار و گەمارۆدانی ئەو دووولأتە .





لەئێستادا و دوای تیرۆرکردنی سیاسەتمەدار و پیاوی هەڵکەوتوو دەوڵەمەندو سەرۆك وەزیرانی پێشوی لوبنان ( ڕەفیق ئەلحەریری ) کە ڕۆژی 14/ 2 لە بەیروتی پایتەختدا تیرۆرکرا , پێدەچێت ببێتە ئەو دەنکە شقارتەیەی کە ئاگرەکەی پێهەڵدەگیرسێت و کوژانەوەشی مەحاڵ دەبێت و لەپێش هەموانیشەوە سوریاو ئێران و دەست وپێوەندەکانیان دەگرێتەوە و دەبنە سووتەمەنی و خۆراکی ئاگرەکە و لەڕێگەی ئەم تیرۆرکردنەوەوە و لەم کات و ساتە ناسك و زۆر هەستیارەدا کە ناوچەکەی پیاداتێپەڕ دەبێت هەلێکی زۆر گونجاو ولەبار هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەمریکاو خۆش بەختانەش کە ئەوروپاش و لەپێشەوەیاندا فەڕەنسا هاودەنگن بۆ چەسپاندنی بڕیاری 1559 ی نێودەوڵەتی بۆ دەرپەڕاندنی سوریا لە لوبنان و بچوکردنەوەی دەسەلأتی و دوورخستنەوەی لە سنورەکانی ئیسرائیل و بەهەمان شێوەش زیاتر لەمەنگەنەدان و بچوککردنەوەی نفوزی ئێران لەناوچەکەدا و دەست و پێکردنی حیزبولأو ڕێگە خۆشکردن بۆ دەستێوەردان و هاندانی ئەو گەلانەی ئێران و سوریاو دەستپێکردنی گۆڕانکاریەکان و ڕێگە ئاسانکردن بۆ ڕووخان و لەبەریەك هەڵوەشانیان و چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینیەکانیش بەقازانجی ئیسرائیل, چونکە کەسایەتی

www.dengekan.com

ڕەفیق حەریری و ساردی میانەی لەگەڵ سوریادا و لەولاشەوە پشتگیری و پشتیوانی ئەمریکاو ئەوروپاو دەوڵەتانی کەنداو بۆی هاندەرن بۆ تۆڵەسەندنەوە لەسوریاو ئێران و بەتایبەتیش کە ڕێکخراوێکی نەناسراوی ئیسلامی سەلەفی ( جهاد و تەوحید لە بلادی شام ) لێپرسراوێتی خۆیان لە کارە تیرۆریستیەکە دانپیادانا وەك پەردەپۆشکردن و لەڕێگە لادانی بۆچونەکان و دوورخستنەوەی سوریا و ئێران لە و کردارە .

- گۆڕانی هەردوو نیزامی سوری و ئێرانی گەورەترین سەرکەوتن دەبێت بۆ پڕۆژەکە و تای تەرازووی ململانیٚ و هێزەکان و شارستانیەتەکانیش ناهاوسەنگ دەکات و ئاشکراشە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش بە سانایی جێبەجیٚ نابێت و کات و زەمینەی گونجاو لەباری گەرەکە و پێدەچێت لە چەند ساڵی داهاتووی نزیکدا سەربگرێت کاتێك بەرژەوەندیە تیکچڕژاوەکانی گەورە زلهێزەکان یەکانگیربێت کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەی سەرکەوتنەکەیە , بەلاٚم لەئێستادا هاوهەڵوێستی ئەوروپاو ئەمریکا خۆش بەختانە هاندەری باشن بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژە گەورەیە کە لەکاتی جێبەجێکردن و بەئەنجامگەیاندنیدا ئەم ناوچە ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە بەدرێژایی مێژوو سەرجەم ململانێکان و



www.dengekan.com



دژایەتیەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی تیادا بوە دەبێتە کانگای خۆشی و بەختەوەری ولانکی سەرهەڵدانی شارستانیەتێکی نویٚ کە سەرجەم ئازادی و مافەکان و داهێنانەکان و پێشکەوتنەکانی تیادا بەدی بێت و بەهیوای ئەوەش گە گەلی کوردیش وەك یەکێك لە پاڵەوانەکانی سەر گۆڕەپانی ڕووداوەکان جیٚ پێی خۆی بکاتەوە و بەشداری کاراشی هەبێت لە بەئەنجامگەیاندنی پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا و بەهیوای ئەوەی بتوانێت کە ئامانج و ئاواتەکانی لە پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو وەرگرتنی هەموو مافەکانی لەهەرچوار پارچەکەیدا بەدەست بهێنێت چونکە لە بەختی کورداندا هەرچوار دەوڵەتەکەی کەکوردی بەسەردا دابەشکراوە ( تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا ) لەپێشەوەی گۆڕانکاریەکاندان و بەجێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کورد دەتوانێت ببێتە خاوەن کیان و دەسەلاٚتی خۆی ئەگەر بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بکات و بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و داڕێژەری پڕۆژەکەدا .....

## پڕۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە لە چ قۆناغێکدایە ؟*

❖ ئاشکرایە پڕۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە لە لایەن ئەمریکاوە پلانی بۆ دانراوە و هەرخۆشی سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی جێبەجێکردنەکەشی دەکات بەهاوکاری دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپاوناوچەکەدا .ئەم پڕۆژەیە پێش ساڵێك و ڕاستەوخۆ لەدوای ڕووخانی هەردوو ڕژێمەکانی تاڵیبانی ئیسلامی سەلەفی لە ئەفغانستان و بەعسی دیکتاتۆری لە عێراقدا ڕاگەیەنراو کەوتە قۆناغی جێبەجێکردن و پیادەکردنیەوە لەسەر زەمینەی واقع و خاڵە میحوەریەکانی و مەرام و سنووری جوگرافیاکەشی دیاریکرا بۆ هەموو دونیا, لەکاتێکدا قۆناغی پلاندانان و بەرنامە ڕێژیەکەی و گفتوگۆ چڕوپڕەکان لەسەری زۆر پێشتر دانرابوون, بەلاّم ڕوودانی کارەساتی 3شەممەی گەورە (( خاپوورکردنی هەردوو هەوربڕەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەواشنتۆن و نیۆیۆرك )) دا لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئیسلامی سەلەفی بەڕابەرایەتی ئوسامە بن لادن سەرتاپای گۆڕانکاریەکان و



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ...

پێشهاتەکانی لەدونیادا پێشخست و لەدوای ئەو ڕووداوەوە دونیا پێی نایە قۆناغ و سەردەمێکی زۆر ترسناك و نوێوە بەشێوەیەك کە هەموو دونیا بەگەورە و بچوکەوە کەوتە بەر مەترسی تیرۆرو تیرۆریستانەوە و پێویستی دەکرد کە پڕۆژەیەك هەبێت بۆ بەگژداچونەوە وبەرپێگرتنی ئەو تەوژمە ی تیرۆریستان و ئەلقاعیدە و هەموو ڕێکخراوە هاوشێوەکانیشی و ڕێگە نەدرێت کە چەرخی بیست ویەکەمیش بگەڕێنرێتەوە دواوە و وەك چەرخە تاریکەکانی ناوەڕاستی لێبکەن لەتاریکی و دواکەوتن و جەهالەتدا .

➢ بۆیە لەدایك بوون و جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و لە 3 تەوەری سەرەکیدا داڕێژرا کە بریتی بوون لە ( دیموکراسیەت و بازاڕی ئازاد و بەزانستی کردنی ناوچەکە ) هەرسیٚ ئەم تەوەرانەش بە نەمانی ڕژێمە دیکتاتۆری و سەلەفی و نەتەوەییە دەمارگیر و ئیسلامیە توندڕە و کۆنەپەرست و توتالیتاریەکان دەگەنە ئەنجام و لەکەش و هەوایەکی ئاشتی و ئارامیدا کە مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراو بێت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو دروست بوون بڕوات , هەروەها بەکرانەوەی بازاڕەکان و ئازادکردنی لە دەستی ڕژێم و حکومەتەکان و بوار والاّکردن لەبەردەم کەرتی تایبەت و

کۆمپانیا زەبەلاحە نێونەتەوەیەکاندا چیٚ دەبێت و هەموو ئەمانەش بەسوود وەرگرتن دەبێت لە پرۆسەی بەجیهان بوونی دونیاو نەمانی سنوورەکان و تێکەڵاوبوونی گەلان و نەتەوەکان و سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو پێشکەوتنە سەر سووڕهێنانەی کەلەبواری زانست و تەکنەلۆژیادا ڕوویانداوە و سەرتاپای جیهانیان گرتۆتەوە ... بەم شێوەیە ئەم پرۆژەیە گشتگیرە و بەڵام تایبەتە بە سنوورێکی جوگرافیای دیاریکراوە وە کە وولاتانی (( عەرەبی لە مەغریبەوە تا کەنداو و ئیسرائیل و تورکیاو ئێران و پاکستان و ئەفغانستان )) دەگرێتەوە و ئاشکراشە کە ئەم سنوورە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەگرێتەوە و ناوجەرگەی دونیاش پێك دێنن و خاڵی چڕبوونەوەی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانن و خاوەن سەرمایە یەکی مرۆیی و سروشتی زۆر و زەوەندن بەتایبەتیش نەوت وبازاڕێکی پڕ فرۆختیشن بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان و هەریەکەشیان بەدەست سەدان کێشەی سیاسی و سنووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جەهالەت و دواکەتنەوە دەناڵێنن و کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی داخراوو ماف پێشێلکراون و خاوەنی حوکمڕانی فەساد و کۆنەپارێزو ئیسلامی و شۆڤێنی و دواکەوتون وتائێستا سوودێکی ئەوتۆیان لەو هەموو پێشکەوتنانە نەبینیوە و بەم حاڵەشیانە



www.dengekan.com



وە لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەبنە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەدا هەربۆیە پرۆسەی بەدیموکراسی کردن و ئازادکردنی بازڕەکانیان و سوود وەرگرتنیان لە زانستەکانی سەردەم و پێشکەوتنەکانی بواری پەیوەندیەکان بۆتە کارێکی زێدەگرنگ و هەنوکەی و ناکرێت هەروا بەئاسانی پشتگوێ بخرێن و نەخرێنە ئەجێندای گۆڕانکاریەکانەوە ..

- ئەمریکا بەڕووخاندنی هەردوو ڕژێمەکانی ئەفغانستان و عێراق گورزێکی کاریگەرو کوشندەی سرەواندە جەستەی سیستەمە داخراو و دواکەوتووەکانی ناوچەکە و بەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و ئیدی هەموو ئەو وولاتانەی کە پرۆژەکە دەیانگرێتەوە کەوتنە خۆ بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە سیستەم و یاسا و دەستوور و لەهەوڵێکی بێووچاندان بۆ خۆگونجاندن بۆ ئەوەی بەر گورزی گۆڕانکاریەکان نەکەون و پێش ئەوەی سەریان بتاشن خۆیان سەری خۆیان بتاشن وەك عەلی عەبدوڵا صاڵحی سەرۆکی یەمەن دەڵێت و بۆئەوەی ئەو نفوز و دەسەڵات و سەروەت و سامانە زۆرەیان لەدەست نەچێت بۆیە بەناچاری و دوودڵی و لەژێر فشارەکانداکەوتنە خۆ بۆ جوانکردنی سیمای حوکمڕانیەکانیان بەوەی کەوتنە هەڵبژاردنی شارەوانی و

پەرلەمان و سەرۆكی ولآتەكانیان و جۆرە كرانە وە یەكیان دا بەكاری سیاسی و ڕێكخراوەیی و ڕۆژنامەوانی و ئازادی بازاڕەكانیان زیاتر كرد و سنوورەكانیان ئەو پیرۆزیەی جارانیان نەما, بەلآم هێشتا لەئاستی پێویست و ئەو پرۆژەیەدا نین بۆیە فشارەكان لەسەریان بەردەوامە .

- ئەو وولآتانەی كە پرۆژەكە زۆر مەبەستێتی كە گۆڕانكاریان تیادا ببێت بریتین لە وولآتانی عەرەبی و ئێران و لەپێش هەمووشیانەوە سووریاو ئێران دێت و لەئێستاشدا هەردووكیان بەبیانووی جیاوازەوە كەوتونەتە بەر فشاری نێودەولەتی و ناوچەیی گەورەوە و خۆش بەختانەش لەم پرۆسەیەدا ئەمریكاو ئەوروپا هاوڕان و تەبان و پێكەوە كار دەكەن بۆ ئەو گۆڕانكاریانە .
- بەفیعلیش گۆڕانكاری لە ڕژێمی سووریادا دەستی پێكردوە هەر لە كشانەوەی هێزەكانی لە لوبنان و لێكۆڵینەوە لەگەڵ سەرانی ڕژێمەكەیدا بەهۆی تێوەگلانیان لە تیرۆركردنی ڕەفیق حەریریەوەو جیابونەوەی عەبدول حەلیم خەدامی جێگری سەرۆك كۆمار كە زیاتر لە 30 ساڵ سەركردایەتی حیزبی بەعسی كردەوە و ئێستا لەهەولی ڕووخانی ئەو ڕژێیمەدایە و بەدڵنیایشەوە ڕووخان و گۆڕانكاری لە سوریادا زۆر ئاسان و نزیكە و قۆناغی زۆرباش چۆتە پێش ..





- سەركەوتنی هەرەگەورەی پرۆژەكە لە گۆڕانكاری لە ئێراندایە چونكە ئێران وولآتێكی خاوەن توانای مرۆیی و مادی و سروشتی گەورەیە و پانتاییەكی گەورەی جوگرافیاشی هەیە كە سەنگی لەناوچەكە و دونیاشدا گەورەتر كردوە و خاوەن هێز و سوپاو تەكنەلۆژیای پێشكەوتوی سەربازیە و گۆڕانكاری تیایدا بەو ئاسانیەی سوریا نیە , بۆیە دەكرێت كە كاری جدی تر و بەدیقەتتری تیادا بكرێت بەهاوكاری و هاوپەیمانی دەولەتانی دونیاو ناوچەكە لەڕێی فشارە سیاسی و سەربازی و زانستی و ئابوریەوە ئەو گۆڕانكاریە ئەنجام بدرێت و بەسەركەوتنیش بەسەر ئێراندا پرۆژەكە 80٪ ی تێدەپەڕێنێت و قۆناغی هەرەگەورەی جێبەجێدەبێت و ئەو ڕێژەی 20٪ ی كە دەمێنێتەوە بۆ گۆڕانكاریەكانی وولآتانی دیكەی عەرەبی و توركیا و پاكستانە چونكە ئەو وولآتانە خۆبەخۆ و لەبەر پێویستی زۆریان بە هاوكاریەكانی ئەمریكا و ئەوروپا خۆیان گۆڕانكاری دەكەن و ملكەچ دەكەن بۆ پرۆژەكە و هیچ كاتێكیش ڕێگریەكی گەورەیان نەكردوە لەبەردەم سیاسەتەكانی ئەمریكادا و دەتوانرێت بەزۆر پرۆژەكەیان بەسەردا بسەپێنرێت .

www.dengekan.com

➢ لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین و بڵێین ئایا پرۆژەکە گەیشتۆتە چ قۆناغێك و ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەمی چین و ئومێدی چی لێدەکرێت ؟

➢ بۆ وەلاّم دانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین پرۆژەکە لە ئێستادا لە قۆناغێکی گەلێگ گرنگ و هەستیاردایە و ناکرێت بەهیچ جۆرێك سازش لەسەر خالّ و برگەکانی بکرێت و هیچ ساردبونە وە و کەمتەرخەمیەك هەڵناگرێت .. ئەمریکا و ئەوروپا بەتەنها ناتوانن سەرتاپای پرۆسەکە جێبەجێبکەن ئەگەر هاوکاری و کارئاسانی و پشتگیری دەوڵەتانی تری دونیاو ناوچەکەشیان لەگەڵدا نەبێت . بۆیە دروستبوونی دەوڵەتانێکی وەکو ئەفغانستان و عێراقی نویّ و ئیسرائیل و ..هتد و تەنانەت دروست بوونی دەوڵەتی نوێی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیش لەناوچەکەدا هێندەی تر زەمانەتی سەرکەوتنی پرۆژەکە دەبێت و گەلێك گرنگن بۆ سەرکەتنی پرۆژەکە.

➢ بۆیە ئەرکێکی تری گرنگی ئەمریکا بریتیە لە هاوکاری و پشتگیری زیاتری کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان لەو وولاّتانەدا و بەتایبەتیش عەرەبیەکان وەك نەتەوەکانی (( کورد و ئەمازیغی و باشووریەکانی سوودان و قیبتیەکانی میسر و بەلوش و ئازەر و ئەرمەن و ...هتد )) چونکە ئەوان



www.dengekan.com



هەمیشە سەرەنێزەی گۆڕانکاریەکان بونە و خاڵی لاوازی ئەو دەسەلاّتانەش بونە و هۆکارێکی کاراشن بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە ..

➢ لەکۆتاییدا دەڵێین لەئەنجامی پرۆژەکانی ویڵسن و مارشاڵەوە لەسەدەی بیستدا گەلێك گۆڕانکاری لە جوگرافیای دونیادا ڕوویاندا و بوونە دیفاکتۆ و گەلێك دەوڵەتی سەربەخۆ پێك هاتن و نەتەوە ژێر دەستەکان ڕزگاریان بوو , بەهیوای ئەوەی لەئەنجامی ئەم پرۆژەیەشدا ئەو گۆڕانکاریانە ڕوووبدەنەوە و نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەیەکی زیندوو دابەش و داگیرکراو ڕزگاری ببێت و ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ..

➢ بۆیە پێویست دەکات کە سەرکردایەتی کورد لەم قۆناغە زێدە هەستیارەدا وەك هاوپەیمانێکی ڕاستەقینە و شێلگیری پرۆژەکە و ئەمریکا هاوکار و کارئاسانی تەواوبکات و خۆی بگونجێنێت لەگەلّ ڕەوت و مەرامەکانی پرۆژەکەدا و هەرچی زووترە هەولّی زیاتری چەسپاندنی دیموکراسیەت و بازاڕی ئازاد و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی مەدەنی بدەن کە یاساو مافی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراوبێت و دوور بکەوێتەوە لە گەندەڵی و فەساد و دیکتاتۆریەت و هەوالّی زیاتری سوود وەرگرتنی بێت لە پێشکەوتن و داهێنانەکان و

سوود لە تەکنەلۆژیاو زانستەکانی سەردەم وەربگرێت و زۆر ئاقلأنە و حەکیمانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا بکات و سەدەی بیست و یەکەم بکاتە سەدەی کوردان و ڕێگە نەدات کە وەك سەدەی بیست کۆیلە و داگیر و دابەشکراوبێت و چیدی ئەم سەدەیە سەدەی عەرەب و تورك و فارس نەبێت و خۆشبەختانەش لەئێستادا حەکیم و لێزان و ڕیشسپیەکانی عەرەب یەك بەدوای یەکدا کۆچ دەکەن و لەئێرانیشدا توندڕەوە بێ ئەزموونەکان حوکم دەکەن و هەرچی تورکیاشە هیچ کاتێك هێندەی ئێستا نەرم و نیان نەبوە لەبەردەم داواکاری و مافەکانی کوردا ..

- بۆیە ماوەتەوە سەر کورد خۆی کە ماڵی خۆی ڕێك بخاتەوە و دەسەلأتی خۆی پاك و خاوێن و بەهێز و دامەزرا و یەکگرتوو بکاتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی کە هاو جووتە لەگەڵ ئامانج و مەرامەکانی پڕۆژەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی گەورەدا ...

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 165 لە 2006/1/21دا بلأوکراوەتەوە





# ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991
# سەرەتایەك بۆ ڕزگاربوونی گەلانی عێراق
# و
# ڕووخاندنی بەعسیان ........*

❖ ئاشکرایە ڕژێمە توتالیتاری و شۆڤێنیەکەی بەعسی صدامیان بەئاگرو ئاسن بۆ ماوەی نزیکەی 35 ساڵ حوکمی گەلانی عێراقیان دەکرد و بەبێ جیاوازی کوشتن و بڕین و جینۆسایدی گەلانی عێراقیان پیادە دەکرد لە باشورەوە بۆ باکورو و بەناوڕەاستی عێراقیشەوە بە شیعە و سونەی عەرەب و کوردو تورکومان و ئاشوری و ..هتد هەربۆیەش لەلایەن سەرجەم گەلانی عێراقەوە هەوڵی ڕووخان و لەناوبردنیان دەدا و لە ڕۆژێك دەگەڕان کە ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێت ..

ئەوەبوو ڕژێمی بەعسیان هەڵە گەورە و مێژووییەکەیان کرد بە داگیرکردنی دەوڵەتی کوێتی دراوسێ بچوك لەقەوارە و دەوڵەمەند و گەورە لە سەرمایە و دۆستەکانی لەدونیادا و ئیدی ئەو هەڵەیە بووە مایەی سەرخواردن و بەرەوژێربوونەوەی کێرڤی نفوز و دەسەلأتی صدام و بەعسیان لە عێراقدا . ئەوەبوو لەناکاو و لە ڕۆژی 1991/8/2دا سوپای گەورەی 1ملیۆنی عێراق ڕوویان

کردە کوێت و لەماوەیەکی کەمدا داگیریان کردو سەرکردەکانی ئەو وولاتەیان ئاوارەو دەربەدەرکردو ژێرخانی ولاتەکەشیان داڕمان ..و مەترسیی بۆ وولاتانی تری کەنداویش دروست کردوو کەوتە هەڕەشەو گوڕەشەش لە ئیسرائیل و بەکارهێنانی نەوت وەك چەكێكی سیاسی دژ بە ئەمریکاو و ولاتانی ڕۆژئاوا ..بەم شێوەیە و لەئەنجامی حساباتە هەڵەکانی بەعسیانەوە کۆدەنگیەکی عەرەبی و ئیسلامی و دونیایی دروست بوو بۆ ڕزگارکردنی کوێت و وەدەرنانی عێراق لە و وولاتە.

ئەوەبوو لە 1991/1/17 هێرشی ئاسمانی دەستپێکرد و لە 1991/2/19یشەوە هێرشی زەمینی دەستپێکرد و لەماوەی 100 کاتژمێر لە هێرشی زەمینی توانرا سوپا زەبەلاحەکەی عێراق تێکبشکێنرێت و ڕیزەکانی لەیەك هەڵبوەشێنرێت و بەدۆڕاوی و سەرشۆڕیەوە وەدەربنرێت لەکوێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو خاکی عێراق . زیانەکانی سوپای عێراق مەزەندە دەکرێت بە 25–30 هەزار کوژراو هەزاران بریندارو بێ سەروشوێن و بەدیلگیراو ..ئەمە جگە لەزیانە مادیەکان لە کەل و پەل و ئامێرە سەربازیەکان و تەقەمەنی و ڕۆکێت و تانك و زرێپۆش و ...هتد.

لەکاتێکدا سوپا دۆڕاوەکەی صدام دەگەڕایەوە لە شاری بەصرە یەکەم گولە تانك بەرەو رووی وێنەیەکی دیکتاتۆر تەقێنراو بەمەش فتیلەی ڕاپەڕین لە باشووردا هەڵگیرساو ئیدی درێژەی





کێشا بۆ هەموو شارەکانی باشوور و ناوەڕاست و تەنانەت بەغداد و دیالە و موصڵ و تکریتیشی گرتەوە کە ئەم شارانە پێگەی سەرەکی بەعسیان بوون ..

- لەکوردوستانیشەوە کوردو هێزی پێشمەرگە و لایەنە سیاسیەکان بەرنامە و پلانی لەپێشینەیان داڕشتبوو بۆ ڕاپەڕین و لەو پێناوەشدا لەلایەن (( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانەوە )) شانە چەکدارەکانی (( شالاو و بروسك )) لەناو شارەکاندا پێك هێنرابوون و ڕادیۆی دەنگی گەلی کورستانیش ساز و ئامادەکرابوو و پەیوەندیش بەهەموو چەکدارەکانی ڕژێمیشەوە کرابوو .. بەم شێوەیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی 1991/3/5 دا لە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین یەکەم بزیسکەی ڕاپەڕین دەستی پێکرد و لە چاونوقاندنێکدا هەموو ناوچەکانی پشدەر ڕزگارکران و لە 3/7شدا شاری سلێمانی کە یەکەم شاری گەورە بوو ڕزگارکراو ڕاپەڕی وبەمەش ڕاپەڕین پێی نایە قۆناغێکی گەورەتر و سەرکەوتن ئاسانتربوو . بەم شێوەیە کاتژمێرێك یان ڕۆژێك تێپەڕ نەدەبوو تا چەندین شارو شارۆچکە ڕزگار دەکران و شارەگەورەکانی هەولێر و دهۆکیش ڕزگار کران و دواتریش شاری خانەقین و مەندەلی و مەخمور و شەنگار و ....هتد ڕزگار کران و لە 3/20 و لەیادی جەژنی نەورۆزی

www.dengekan.com

مێژوویی کوردانیشدا شاری کەرکوکی قودسی کوردوستانیش ڕزگار کراو و بەمەش ڕاپەڕین تاجی سەرکەوتنەکانی لەسەرنا و بۆ یەکەم جار کورد توانی هەموو خاکی کوردوستانی باشوور ڕزگار بکات بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراقی لەساڵی 1921وە .

➢ بەم شێوەیە ڕاپەڕین مەترسیەکی گەورەی دروست کرد لەسەر ڕژێمی بەعسیان و دەسەلاَتیان و مان و نەمانیان لەئان و ساتدا بوو ئەگەر ئەمریکا ڕێکنەکەوتایە لەگەڵ سوپای صدامدا لە ژێر خەیمەی صەفواندا بەسەرشۆڕکردنی سوپای صدام و لەپێناو مانەوەی خۆیاندا هەموو مەرجەکانی ئەمریکایان قبوڵکرد و لەبەرامبەریشدا ئەمریکا ڕازی بوو کە سوپای عێراق هەلیکۆپتەر بەکاربهێنێت و بەمەش سوپای عێراق دەستی کرایە و کەوتە هێرشکردنە سەر هێزەکانی ڕاپەڕین لە باشوور و کوردوستاندا و توانیان زۆربەی شارو شارۆچکەکان داگیربکەنەوە و کوشت و کوشتارێکی زۆریشیان ئەنجام داو دەیانویست هەموو کوردوستانیش داگیربکەنەوە بەلاَم لەداستانە نەمرەکانی ئەزمەڕ و کۆڕێدا هێزی پێشمەرگە ڕێگەیان لە سوپاکەی عێراق گرت و نەیان هێشت شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك داگیربکەنەوە و و بەهۆی ڕاپەڕینەکانی دووەم و سێیەمیشەوە توانرا





پارێزگاری لە وسیٚ شارە گەورە و شارۆچکە و گوندەکانیان بکرێت و لەئەنجامی ووتوێژدا لەگەڵ حکومەتدا توانرا بەتەواوەتی ئەو سیٚ پارێزگایە بپارێزرێت ..

هەموو ئەم سەرکەوتنانەش لە ئەنجامی یەك و یەك ڕیزی و یەکگرتووی سەرجەم پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردەوە بوو بەپشتیوانی جەماوەری پان و پۆڕی گەلەکەمان ..وئیدی کورد کەوتە خۆی بۆ خۆڕێکخستن و پێکەوەنانی دەسەلاَتی شەرعی خۆی بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بەڕێوەببات کەلەژێر دەسەلاَتیدا بوون, ئەوەبوو یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمان لەمێژووی خەباتی کوردایەتیدا ئەنجام دراو دواتر حکومەتی هەرێمی کوردوستان دامەزرێنراو دەیان دەسکەوتی گەورەی مێژووی تر وەدەست هێنراو ئەگەر شەڕی نەگریسی ناوخۆ و پیلانی ناحەزانی گەلەکەمان نەبوایە پێدەچوو بتوانرێت دانپیادانانی نێودەوڵەتیش بەدەست بهێنرێت .و بەم شێوەیە ئەم کیانە سەربەخۆ و دیموکراس و ئازادە بوە دیفاکتۆو هەمووان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و دواتریش بووە پێگە و جێگەی حەوانەوەی سەرجەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بۆ درێژەدان بەخەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی صدام و ئەوەبوو لەساڵی 2003شدا بوە سەرەنێزەی ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە بەهاوکاری هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو ..هتد

www.dengekan.com

- بەم شێوەیە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 گەرچی وەك ماوە کەم و کورت بوو بەڵام بوە سەرتایەك بۆ ڕزگارکردنی گەلانی عێراق و ڕێگە خۆشکردنیش بۆ ڕووخانی یەکجارەکی ئەو ڕژێمە زاڵمە و توانی جەماوەی گەلانی عێراق لە سام و هەیبەت و مەترسی ئەو ڕژێمە ڕاچڵەکێنێت و چیدی ترسیان نەمێنێت لە سوپا و دام ودەزگاکانی ..
- ڕاپەڕین پێش هەموو شتێك دەسکەوتێکی جەماوەری بوو پێش پارت و لایەنە سیاسیەکان و هەموو کورد خاوەنێتی بەپێی قەوارە و توانای بەشداریکردنیان و مافی هەمووانیشە فەخرو شانازی پێوەبکەن .

ڕاپەڕین بۆ کورد سەرەتای قۆناغێکی گرنگی مێژوویی بوو چونکە کۆتایی بەدەسەلاتی بەعسیان هێنا لەبەشێکی گەورەی کوردوستان و کوردوستان کرایەوە بەسەر دونیادا و ڕاپەڕین بوە پێکەوەنانی بەردی بناغەی دەسەلاتی کوردی و ناساندنی دونیاش بەمەسەلەی کوردو مەرگەساتەکانی ئەویش بەهۆی دەرچوونی بڕیاری 688 ی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لە 4/5/ 1991 دا لەئەنجامی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی کوردانەوە کەوەك نارەزاییەکی گەورە وابوو بۆ حوکم و گەڕانەوە و داگیرکردنەوەی بەعسیان بۆ کوردوستان ..





- ڕاپەڕین لەئەنجامی تێکشکاندنی هێزەکانی عێراقەوە بوو لەبەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا و لەسەردەمی بۆشی باوکدا دەستی پێکرد و لە سەردەمی بۆشی کوڕدا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەستهێنراو توانرا ڕژێمێکی خوێنمژو سەرکردایەتیەکی جاهل و نەزان تووڕ هەڵبداتە زبڵدانی مێژوە و لەبەرچاوی گەلانی عێراق و دونیاشدا لە بەندیخانەیان توند بکات و داداگایشیان بکات .. بەم گۆڕانە گەورانە دونیا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و لەسایەی سیستەمێکی نوێوە کە لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت بەڕێوە بچێت دوای ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستی و دەوڵەتی شۆرەوی جاران و کوردیش زیرەکانە توانی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا و لەئێستاشدا ڕۆڵ و کاریگەری گەورە ببینێت لە داڕشتنەوەی دەستوور و یاساو نەزم و بناغەی دەوڵەتی عێراقی نوێ بەشێوەیەك کەزۆرترین داواکاریە ڕەواکانی کورد بەدیبهێنرێت .

بۆیە پێویستە لەسەر هەموان کە گیانی ڕۆژانی ڕاپەڕین بەزیندووی بهێڵینەوە و یەك و یەکگرتووی ڕیزەکانی پارت و ڕێکخراووجەماوەری گەلەکەمان بپارێزین و دەسەلات و حکومەتی یەکگرتووی کورد پتەو و بەهێزتر بکەین لەپێناو

www.dengekan.com

خـۆ ئامـادەكردن بـۆ هـەموو پێـشهات و ڕووداوەكـان كـە لـە سوودی كورد و مەسەلەكەیدا نەبن  لەداهاتوودا ......

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێی ژمارە 3911 لە 2005/3/10 دا بلاّوكراوەتەوە

## ڕۆڵی ڕێكخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناسیونال SI لەبەجیهانی كردنی مەسەلەی كورددا ...*





❖ ئاشـكرایە خـەباتی ڕەوای گـەلان لـەدونیادا هەمیـشە دووهۆكـاری گـرنگ كـاری كردۆتـە سـەر ڕێـڕە و و ڕێبـاز و گەشـەكردن و گەیـشتن بەئامانجـەكانی  ئـەوانیش هۆكـاری ناوخۆیی و دەرەكی بونە  ..هەرچی هۆكارە ناوخۆییەكانە بریتی بوە لە خەباتی چەكداری و پشتیوانی جەماوەری و مقاوەمەت و بەرەنگاربونـەوەی ڕژێمـە داگـیر و داپڵۆسـێنەرەكان لەسـەر زەمینەی واقع ,و هەرچی هۆكاری دەرەكیش بوە بریتی بوە لە هاوكـاری و پـشتیوانی مـادی و لۆجـستی  لەسـەر ئاسـتی ناوچەیی و دونیـادا بۆ ئەو ڕێكخـراو و پارتـە سیاسیانەی كە شـۆڕش و خـەباتی ئاشـتی و چـەكداریان لـە نـاو گـەلان و ولاّتەكانیاندا بەرپا كردوە بەمەبەستی گۆڕینی ڕژێمـەكانیان و نەهێشتنی زوڵـم چەوسـاندنەوە و لەجێگەشـیاندا چەسـپاندنی دیموكراسی و ئازادیەكان و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و ..هتد

- ئاشكراشە گرێدانی ئەو دوو هۆكارە بەیەكەوە و ئاوێتە كردنیان لە پێناو خزمەتكردنی زیاتری ئامانج و خەباتەكەیان هەمیشە هەلی سەركەوتنیان زیاتر نزیك كردۆتەوە .

ئەم ڕاستیەش لای كوردو سەركردایەتی و پارتە سیاسیەكانی چەسپیوە و لە سەرەتای دامەزراندن و دەسكردن بەخەباتی ڕەوای كوردایەتی دژی ڕژێمە توتالیتاری و دیكتاتۆر و تاك ڕەوە سەردەستەكانی كوردوستان بەهەردوو ئاڕاستەی

www.dengekan.com

ناوخۆی و دەرەکی خەباتیان کردوە و هەوڵی ناساندنی مەسەلەی کورد و پێکەوەنان و وەدەستهێنانی هاوکاری و پشتیوان و دۆستی زیاتریان بۆ کوردو خەباتە ڕەواکەی داوە لەسەر ئاستی ناوچەیی و دونیادا .

- لەو ڕێکخراوە گەورەو کاریگەرانەش نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناسیونالە کە ڕۆڵێکی کاراو ئاکتیڤ دەگێڕن لە دونیادا و بە دوو ڕێکخراوی گەورە دادەنرێن و دەتوانن کاریگەریان هەبێت لە سەر بڕیار و ناوەندەکانی دەسەڵات لە دونیادا و هەموو دەوڵەت و ڕێکخراوێك هەوڵی بەدەستهێنانی بوون بەئەندام بوون دەدات لەو دوو ڕێکخراوەدا
- ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەر ناسیونالە S I کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ سۆسیال دیموکرات و حیزبە دیموکرات سۆشیالیستەکان لەساڵی 1864وە دامەزراوە و دواتر لە ساڵی 1872دا جارێکی تر ڕێکخراوەتەوە بە ئەنتەر ناسیونالی یەکەم ناسرا و لەساڵی **1889**شدا ئینتەر ناسیۆنالی دووەم دامەزرا بەسەرپەرشتی فردریك ئەنجلز و تاساڵی **1916**بەردەوام بوو دواتر لە ساڵی **1923**دا بەسەرپەرشتی یەکێتی سۆڤیەت و لینین و حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کۆنگرەیەکی تری سازدا وخۆی بنیاد





نایەوە و بەمەش ئینتەر ناسیۆنالی سێیەم ڕاگەیەنرا چونکە بەهۆی هەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لێك هەڵوەشاو پەرتەوازە بوو ,بەهەمان شێوە و لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە ئەم ڕێکخراوە جارێکی تر لاواز و پەرتەوازە بووە ,ئەوەبوو لە ڕۆژانی6/30 تا1956/7/3 کۆنگرە بەناوبانگەکەی شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا سازدرا وئەم کۆنگرەیە بەیەکەم کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتەر ناسیونال دادەنرێت و تێیدا 31 پارت و ڕێکخراو بەشداریان تیادا کردکە نمایندەی کیشوەرەکانی ئەوروپاو ئەمریکا و ئاسیایان دەکرد ئیدی لەو ڕۆژەوە وهەر لەسەرەتای دامەزراندنیشیەوە ڕۆڵ و قورسایی خۆی هەبوە لەسەر ئاستی دونیاو ڕۆژ بەرۆژیش لەگەشەکردن و فراوان بونی زیاتردا بوە و لەئێستادا 149 پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەخۆ دەگرێت بەسیفەتی ئەندام و ئەندامی چاودێر و ئەندامی ڕاوێژکار و دووەم کۆنگرەش لەشاری ساوپاولۆی بەڕازیل له27 -2003/10/29 دا سازدرا ,هەموو ئەو پارت و ڕێکخراوانە کە بەشدارن لەم ڕێکخراوەدا باوەڕیان بە مافی چارەنوسی گەلان هەیە و تێدەکۆشن بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و دابینکردنی ئازادیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ڕێز لە یاسا دەگرن و عەدالەتی کۆمەلآیەتی پەیڕەو دەکەن و

www.dengekan.com

هەوڵی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگاکانیان دەدەن و خۆیان ساز دەدەن بۆ ئابوریەکی ئازاد و بازاڕێکی کراوە و ..هتد

- ئەم ڕێکخراوە لەئێستادا لە سەر ئاستی دونیا ڕۆڵێکی ئاکتیڤ دەگێڕێت لە یەکلایی کردنەوە ی کێشە ناوچەیی و جیهانیەکان و تەنانەت ناوخۆیەکانی گەلانیشدا و کاریگەری هەیە لەناوەندەکانی بڕیاردا و لەزۆرێك لە وولاّتانی ئەوروپاو ئەمریکادا و دونیاشدا ئەو پارتانە لەدەسەلاّتدان ,هەربۆیە بەشداریکردن و بوون بەئەندام بوون لەم ڕێکراوە جیهانیەدا لەلایەن کورد و پارتە سیاسیەکانیەوە کاریگەریەکی گەورەی دەبێت لە سەر داهاتووی مەسەلەی کورد لەناوچەکە و دونیاشدا .هەربۆیە هەموو ڕێکخراوە کوردیەکان و بەتایبەتیش یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و بەڕێز مام جەلال لەهەوڵی بەردەوام و بێووچاندا بوون بۆ بەدەستهێنانی سیفەتی ئەندامێتی تەواو لەو ڕێکخراوەدا و یەکێتی لە ساڵی 1992 دا و لەکۆبونەوەی بەڕلین بەڕێز مام جەلال بەڕەسمی داوای ئەندامێتی لەو ڕێکخراوەدا پێشکەش کرد ,بەلاّم هەلومەرجی سەختی خەبات و گەمارۆی ڕژێمەکانی ناوچەکە و پێنەگەیشتن و کامڵ نەبوونی یەکێتی و ڕێباز و ئایدیاکەی وای کرد کە بوون بەئەندام بوون لەو ڕێکخراوەدا دوابکەوێت بۆ ئەم سەدەی بیست و یەکەمە و لەئێستادا یەکێتی ئەندامی



www.dengekan.com



تەواوی ئەو ڕێکخراوەیە لەپاڵ ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی سیاسی تری کوردوستانی گەورەدا و هەمووان پێکەوە گروپی کوردیان پێکەوەناوە لەو ڕێکخراوەدا و کاردەکەن بۆ زیاتر ناساندنی مەسەلەی کوردو وەدەستهێنانی دۆست و لایەنگری زیاتر بۆ پشتیوانی کردنی ڕەوایی خەبات و داواکاری و مافەکانی گەلی کورد .

- لەڕۆژانی 5/28 و بۆ ماوەی 15 ڕۆژ وەفدێکی بالاّی S I بەسەرۆکایەتی بەڕێز لویس ئایالا سکرتێری گشتی و چەند کەسایەتیەکی دیاری ناو ئەو ڕێکخراوە سەردانی کوردوستانیان کردو هاتونەتە شاری سلێمانی و دەمێننەوە بەمەبەستی سازدانی کۆبونەوەی سالاّنەی گروپی کوردی کە هەر ساڵە و لە وولاّتێکدا ئەم کۆبونەوەیە ساز دەدەن بۆ ئەم ساڵیش کوردوستانیان هەڵبژاردوە کە ئەم هەنگاوە گەلێك ئاماژە و خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت -:

1. کێشەی کورد چیتر بە بچووکی و پشتگوێ خراوی نامێنێتەوە

2.بوونی دۆست و پشتیوانی دونیایی دەسەلمێنێت بۆ دۆزی کورد

3.کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری بەئاڕاستەی ڕاست و دروستی پێکەوەنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانین و

هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان دەدات و دەیهەوێت مافەکانی مرۆڤ و ژنان ڕێزیان لێبگیرێت و یاسا سەروەربێت و دادەپەروەری کۆمەلأیەتیش بەرقەرار بکات .

4.ئەم سەردانە نامەیەکە بۆ دەورو جیرانیش کە کورد چیدی بەتەنها نیە و مەسەلەی کوردیش بەکێشەیەکی ناوخۆیی نەماوەتەوە و بۆتەکێشەیەکی جیهانی و پێویست دەکات بەڕێگا چارەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت و وەك هەموو گەلانی دونیا کوردیش مافی ژیان و دەوڵەت و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە .

5. بوونی ژمارەیەك ڕێکخراو و پارتی سیاسی لەپارچەکانی کوردوستانی ئێران و تورکیاوە لەم ڕێکخراوەدا مانای ئەوەیە کە SI بەیەك چاو و تێگەیشتنەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکات لەهەر چوار پارچەکەدا و بە کێشەیەکی لێکدانەبڕاو سەیری دەکات و تێدەکۆشێت بۆ چارەسەرکردنی لەسەر ئاستی کوردوستانی گەورە کە ئەمە بۆخۆی هەنگاوێکی زۆر کاریگەرو گرنگە بۆ کورد

- ئاشکرایە ئەم سەردانە لەسەر داوەتنامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بوە کە بۆ خۆی و بەڕێز مام جەلالیش وەك سکرتێری گشتی یەکێتی ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی هەبوە لە توندو تۆڵکردنی پەیوەندیەکان و گەشەکردنی و گەیاندنی بەم



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

ئاستە و هاتنی شەخصی لویس ئایالا و چەند سەرکردەیەکی تری ڕێکخراوەکە کە بۆخۆیان کەسایەتی بەناوبانگن لەدونیادا گەورەیی و گرنگی سەردانەکە هێندەی تر زیاتر دەکات و بەباسکردنی کێشەی کەرکوکیش هێندەی تر مەسەلەی کورد بەرەو پێشەوە دەبات .

بۆیە ئەرکی کوردو سەرکردایەتیەکەیەتی لەهەر چوار پارچەکەدا ڕۆڵی کاراتر بگێڕن لە گەشەپێدان و چەسپاندنی ئەم پەیوەندیەدا و هەوڵ بدەن ئەم هەرێمەی کوردوستان بەڕەسمی بناسرێت و ببێتە پێگەیەکی گرنگ بۆ ئەم ڕێکخراوە لەناوچەکەدا ئەوەش هەمووی بە بەردەوام بوون و سووربوونی کورد و یەکێتی دەبێت لەسەر ڕێبازی بوژانەوەی ئابوری و بازاڕی ئازاد و کرانەوەی بازرگانی و پەیوەندیەکان و لەڕووی سیاسیشەوە بەشداری گرنگ بکات لە چەسپاندنی دیموکراسیەت لەکوردوستان و عێراقیشدا و ئازادیەکان فەراهەم بکات و هەنگاوی جدیش هەڵبنێت بەئاڕاستەی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا و عەدالەتی کۆمەلأیەتیش دابین بکات و کۆمەڵگایەکی ڕەفاه و خۆش گوزەران پێکەوە بنێت کە دروشم و ئامانجێکی سەرەکی S I لە جیهاندا ...

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4016 لە 2006/7/10دا بلأوکراوەتەوە

## خوليا وئەندێشەكانی گەنج
## لەسايەی دەسەڵاتی كورديدا ...*

- ❖ ئاشكرايە گەنج و لاو پاشەكەوتێكی ستراتيژی قوڵی هەموو كۆمەڵگە و نەتەوەيەكن و ئاسۆی دواڕۆژی هەر ميلەتێك لەچاوی گەنجانەوە دەردەكەوێت و گەنجان هەميشە بزوێنەر وهەڵسوڕێنەری كۆمەڵگان و ئەگەر باش پەروەردەكران و وەكارهێنران ئەوا بەدڵنياييەوە پاشەڕۆژی ئەو كۆمەڵگايە ڕوون و گەشاوە دەبێت و بەپێچەوانەشەوە كۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر و دواكەوتووی و لێك هەڵوەشان هەنگاو دەنێت .
- ➢ لەئێستادا و لەدوای پانزە ساڵ لە ئازادی و ديموكراسی و بوونی تاڕادەيەكی باش لە سەربەستی ڕادەربڕين و كاری سياسی و كاری پيشەيی و ڕۆژنامەوانی و خۆڕێكخستن لەگروپ و كۆمەڵە مەدەنی و ديموكراسيەكاندا لەكوردوستاندا



كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

لە سايەی دەسەڵاتی كورديدا و بەتايبەتيش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003دا .كۆمەڵگای كوردەواری هەنگاوگەلێكی گەورەی ناوە بۆ پێشەوە لەسەرجەم بوارەكانی ژياندا و لەم چوارچێوەيەشدا هەموو چين وتوێژەكانی كۆمەڵگاش خۆيان ڕێكخستووە لە كۆمەڵە و ڕێكخراوە پيشەيی و مەدەنی و ديموكراسيەكانی تايبەت بەخۆياندا و هەمووان كەوتونەتە خۆ بۆ بەدەستهێنانی داخوازی و مافە ڕەواكانيان.

ئاشكرايە كاری ئەم ڕێكخراوانە سەرجەميان بريتيە لە گەشەپێدانی ژيانی ديموكراسی و مەدەنيەت لەكۆمەڵگادا و چاودێريكردنی دام و دەزگاكانی حكومی و دەوڵەتيەكان و كار و پيشەی پارتی دەسەڵاتدار بۆ ئەوەی مافەكان و ئازاديەكانی تاك و كۆمەڵ پێشێل نەكرێت و يەكسانی و دادپەروەری كۆمەڵايەتی دابين بكرێت و وەك يەكی هاولاتيان لەبەردەم ياسادا بپارێزرێت.

هەموو كۆمەڵگايەك لەژێر سايەی سيستەمێكی ديموكراسيدا بەدڵنياييەوە تاك و كۆ هەست بەئارامی و ئاسايش دەكەن و هەوڵی بەرەپێشچوون و داهێنان دەدەن هەريەكە لەبوار و پسپۆڕی خۆيدا . نموونەش كۆمەڵگا پێشكەوتوەكانی ڕۆژئاواو ئەوروپايە, بەپێچەوانەشەوە لەكۆمەڵگا تاك ڕەو و

www.dengekan.com

كۆنە پاریز و داخراوەكاندا كۆمەڵگا بەتاك و كۆوە چونكە لەژێر سایەی سیستەمێكی توندڕەو و داپڵۆسێنەر و ترسێكی بەردەوامدا دەژین كە ڕێگە نیە بۆ داهێنان و بیركردنەوە.بۆیە هەمیشە دواكەوتوو هەژار و نەخوێندەوارن , نموونەش هەموو كۆمەڵگا ڕۆژهەلاتی و ئیسلامی و عەرەبیەكانە .

تاك چەندە ئازاد بێت لەبیركردنەوە و هەڵسوكەوتیدا ئەوەندەش توانای خوڵقاندن و داهێنانی دەبێت و ڕەهەند و فەزا پەی پێنەبراوەكان ڕادەهێنێت و پێیان ئاشنا دەبێت . بەپێچەوانەشەوە چەند لەژێر ترس و كوشتن و چاوسوركردنەوە و داپڵۆسیندا بێت هێندەش بیرتەسك و بەرچاو تاریك و عەقڵ دۆگما دەبێت .

- كۆمەڵگای كوردەواریش كە كۆمەڵگەیەكی ڕۆژهەلاتیە و لەناوەندێكی ئیسلامیدایە و چواردەوریش دراوە بە كۆمەڵگا دواكەوتوو كۆنەپاریز و سەردەستەكانی عەرەب و تورك و فارسەوە . هێندەی تر بۆتە كۆمەڵگەیەكی دواكەوتووی هەژاری نەخوێندەوار كە هۆكاری داگیر و دابەشكردنەكەشی بۆتە هۆی دانەمەزراندنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی سەربەخۆ, كەتیایدا تاكی كورد هەست بەبوون و ئیڕادەی سەربەخۆی خۆی بكات و بتوانێت یان بیەوێت بەخواست و داخوازیەكانی خۆی شاد ببێت .





- لێرەوە تێدەگەین كە تاكی كورد بەگەنج و پیر و ژن و پیاوە وە بۆچی نەیتوانیوە هەڵكەوتوو دەركەوتووبێت و تاكێكی داهێنەرو كۆمەڵگایەكی پێشكەوتووش بێت . هۆكاری سەرەكیش نەبوونی دەوڵەت و دەسەلاتێكی كوردانەی خۆماڵی خەمخۆر بووە . چونكە مرۆ كاتێك هەست دەكات كە مان و وجودی لە مەترسی لەناوچووندایە ئیدی هەموو هەستەكانی بەرەو بەرەنگاربونەوە و مقاوەمەت دەچێت بۆ پاریزگاری لەخۆی و وولات و گەل و كەلتور و زمان و مێژوەكەی و بواری فكر و داهێنان و پێشكەوتنی بۆ نامێنێتەوە .

هەربۆیە تاكو ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و بەئێستاشەوە تاكی كورد لە دڵەڕاوكێ و دوودڵی لەچارەنوسیدا ژیاوە و لەئێستادا كە هەنگاونان و پێشكەوتنی بەرچاو لەهەموو بوارەكانی كۆمەڵگادا هاتۆتە دی تاكی كورد دەستی كردووە بە جوڵە و تینی داوەتە خۆی بۆ ئەوەی قەرەبووی چەندان ساڵەی لەپێشینەی لەدەستچووی بكاتەوە .

- لێرەدا دەپرسین كە گەنجی كورد لەسایەی دەسەلاتی كوردیدا چی بۆ كراوە ؟ خۆی داوای چی

www.dengekan.com

**دەکات ؟ بیرو ئەندێشەی گەنجی کورد بەرەو کێ ئاراستە دەگرێت ؟ و چ ئاراستەیەك هەڵدەبژێرێت؟**

بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین :

گەنجی کورد وەك هەموو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای کوردەواری تووشی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر بۆتەوە و لەترسێکی گەورەی هەمیشەیدا ژیاوە و لەپێش ڕاپەڕیندا نەوەیەکی ناکامڵ و ناتەواو لە پەروەردە و گەورەبوون و گەشەکردن و بیرکردنەوە و هەڵوێستدا گەورەبووە . لەسایەی ڕژێمی بەعسی داگیرکەر و شۆڤێنی و تاك ڕەودا , بۆیە کارێکی سانا نیە کە ئەو نەوەی پێش ڕاپەڕین و ئازار چەشتوە بەسانایی و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پێبگەیەنرێتەوە لەڕووی بیرکردنەوە و دەرونی و ...هتد.

ئەم نەوەیەش هێندەی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر لێکراوی قەرەبوو نەکراوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا نەبۆتە کێشە و سەرئێشە بۆ دەسەڵاتی کوردی , بۆیە ئەم نەوەیە خۆی بەخاوەنی ئەم دەسەڵات و ڕۆژگارە ئازادە دەزانێت و بەچەسپاندنی دەسەڵات و گەشەکردنی ئەزیەت و ئازار و خوێن و فرمێسکەکانی لەبیر دەچێتەوە . ئەم نەوەیە نەوەی شۆڕش و مقاوەمەت و سەردەمی گیانی نەتەوایەتی و گیانفیدایی و خۆبەختکردنن. نەوەیەکن ئێستاش لەمپەڕن و



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

بەرگریکارێکی نەبەزیون لەبەردەم هێرش و دەستەڕەشەکانی ناو کۆمەڵگا و دەوروبەر و ناحەزان بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە کوردیە .

نەوەی دووەم نەوەی پاش ڕاپەڕینە, ئەم لەکاتێکدا چاوی بەژیان هەڵهێناوە نەڕژێمی بەعسی داگیر کەر ماوە وەك داگیر کەر و زاڵم و خوێنڕێژ و خاوەن بیرۆکەی جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفال و ڕاوەدونان و گرتن و لەسێدارەدان و سەربازی زۆرەملێ و جەیشی شەعبی و دەیان و دەیان پرۆسەی مەرگ و لەناوبردنی کورد کە بەدرێژایی 35 ساڵەی حوکمی بەعسیان و لەوە و پێشتریش هەر بەردەوامی هەبووە . ئەم نەوەیە نەوەی ڕاپەڕین و دیموکراسی و ئازادین.نەوەی خۆشگوزەرانی و ڕەفاهو ڕۆژگارە ئازادەکانن, نەوەی پێشکەوتن و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژیاکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل و عەولەمەو هۆکارەکانی تری خۆشگوزەرانی ئەم سەردەمەن.

هەربۆیە هێندەی داواکاری و داخوازیان هەیە . لەگەڵ ڕێژمدا زۆربەیان نیو هێندە داهێنان و بەرهەم و بەخششیان نیە. بەهەمان شێوە هێندەی ڕق ئەستوور و دڕدۆنگن بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە کوردیە خۆماڵیە کە خەونی دەیان نەوەی پێش خۆمان بووە, نیو هێندە خۆیان بەخاوەن و پارێزەر و

www.dengekan.com

میراتگری ئەم دەسەلآتە نازانن. هێندەی بەدوای داخوازیە ڕۆژانەیی و قۆناغە هەرزەکاریەکانیاندا وێڵن نیوهێندە بیر لە ئێستا و دواڕۆژ و چارەنوسی ئەم ڕۆژگارە و دەسەلآتە کوردیە ناکەنەوە . کە بەبەراوورد لەگەڵ سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا دوژمنان و ناحەزانی کورد دەهێندەی جاران زیادیان کردووە و لەڕۆژێك دەگەڕێن کە کورد و دەسەلآتەکەی لەناوبەرن و بچووکی بکەنەوە و بیخەنەوە قومقومەکەی جاران کە هیچ کەس و وولآت و ڕێکخراوێکی مرودۆستیش دەنگ و ڕەنگیان نەدەبیست.

جائەگەر ڕژێمی بەعس بەهێزی ئاسن و ئاگر و تۆپ و تانك و کیمیاباران و ئەنفال و جینۆساید لەناوی دەبردین , لەئێستادا دۆستەکانی دوێنێ و دوژمن و ناحەزانی ئەمڕۆمان دەیانەوێت لەسایەی هەڵبژاردن و دیموکراسی و پەرلەماندا لەناومان بەرن.

جائەگەر بەرەهەندێکی سیاسی و نەتەوەیی بڕوانینە ئەم قۆناغە ئەوا بەدڵنیاییەوە مەترسیەکانی لە قۆناغی پێشتر گەر زیاتر نەبێت هیچی کەمتر نیە چ لەڕووی هێز و ژمارە و توانا و پشتگیری و هۆکارەکانیەوە بێت یان لەڕووی پلاندانان و ڕق و دوژمنایەتیەوە بێت . خۆ ئەگەر بەم هەموو دوژمن و مەترسیانەوە ئاوها ئەم نەوەیە پشتگیری و پشتیوانی ئەم



www.dengekan.com



دەسەلآتەی کورد بکەن, ئەوا دەبێت فاتیحا بخوێنین لەسەر ئەو هەموو قوربانی و خوێن و فرمێسکانەی کە بۆ هێنانە دی ئەم ڕۆژگارە ڕێژراون .

نەوەی دوای ڕاپەڕین نەوەیەکی ئامادەخۆرن و ناهەقی دەکەن ئەگەر بەرامبەر ئەم دەسەلآتە کوردیە ئاوها مامەڵە بکەن و خۆیان بخەنە سەنگەری بەرامبەرەوەو بەچاوی دوژمن و خۆسەپێن و داگیرکەران لێیان بڕوانن.

- لێرەدا ئەو پرسیارانە خۆیان دەسەپێنن کە بۆچی نەوەی دواڕاپەڕین ئاوها مامەڵە دەکەن و خۆیان بەبەشخوراو و پەراوێزخراو دەزانن و هەموو کارێکی دەسەلآتی کوردیان پێ خراپە ؟ ئەوان ئەگەر زۆرینەش نین لەناو ئەو نەوەیەدا گەر دەستیان بڕوات و لەتوانایاندا بێت بۆچی دەیانەوێت ئەم دەسەلآت و دامودەزگایانەشی کە هەیەتی سەرەوژێر بکەنەوە ؟ بۆچی ئەم نەوەیە کە هەموو تەمەنیان لە 16-20 ساڵ دەبێت ئاوها ڕق ئەستوورن بەرامبەر ئەم ڕۆژگارە و دەسەلآتە ؟ ئایا دەسەلآتیش لەبەرمبەردا کەمتەرخەم و خەم سارد بوە لە بۆ بەدیهێنانی داخوازی و ویستەکانی گەنجاندا ؟؟ ئایا دەسەلآت هیچی نەکردوە بۆ گەنج یان ئەو کارانەی کەکراون لەئاستی خواست و ویستەکانی گەنجاندا نەبوون ؟؟؟

لەوەلآمی هەموو ئەم پرسیارانەدا دەڵێین :

دەسەلأتی کوردی بۆخۆی تەمەنێکی 15 ساڵانەی هەیە وەك زەمەن , بەلأم لەم 15 ساڵەشدا تەنها سەرقاڵی کاری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بوژاندنەوەی بازاڕ و بازرگانی و ژێرخانی ئابوری و پێکەوەنانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك یەك نەبوە , بەڵکو زۆربەی کاتەکان و بەپیلانی دوژمنانی ناوخۆو دەرەکی سەرقاڵی شەڕی نەگریسی سەپێنراوی ناوخۆو کێبڕکێی حیزبایەتی و مقاوەمەتکردنی ڕژێمی بەعس بوە و پاراستنی ئاسایش و سنوورەکانی لەئەستۆبوە و هەڵپەی پەیداکردنی مووچەی فەرمانبەران بوە کە هەموو ئەمانە پێویستی سەرەکی و ڕۆژانەی هەموو هاولأتیەك بوون بەگەنج و پیر و ژن و منداڵەوە .

بۆیە گەر بەویژدانێکی زیندووەوە بڕوانینە کاروانی تەمەنی کار و پڕۆژە و خزمەتگوزاری ئەم دەسەلأتە لەم 15 ساڵەدا ئەوا تەنها نزیکەی 8 ساڵی هەردوو ئیدارەکە کورد توانیویەتی لەناوچەکانی ژێر دەسەلأتی خۆیدا بواری هەبێت کە بەتەواوەتی بەرنامە و پلان بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان .

هەربۆیە ناکرێت هەموو تاوان و کەمتەرخەمیی و کەموکوڕیەکان و نەهاتنە دی هەموو خەون و ئاواتەکان بدەینە پاڵ دەسەلأت بەڵکو پیلانی ناحەزانی ناوخۆو دەرودراوسێ



www.dengekan.com



و سەپاندنی شەڕی ناوخۆ و درێژەپێدانی بەمەبەستی لەناوبردنی ئەم ئەزموونەی کورد هۆکارێکی سەرەکی ئەم بارودۆخەبوون .

➢ **لێرەدا دەکرێت پرسیار بکرێت کە ئایا نەدەکرا هەوڵێکی باشتر و زیاتر بدرایە لەلایەن دەسەلأتەوە بۆ کەمکردنەوەی نارەزایی گەنجان و بەدیهێنانی خواست و ئاواتەکانیان ؟**

دەڵێین ئەوەندەی لەدەسەلأت و توانادا بوە کراوە و هەموو کەسێکیش داوای ئەوەندەی لێدەکرێت کە لەتوانایدایە و لەبەردەستیدایە . من دڵنیام گەر بارودۆخەکە ئاسایی بوایە و داهات و دەرامەتیش وەکو ئێستای دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بوایەولەساڵی 2003وە ئەوەدەکرا زۆر کارو پڕۆژە و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بکرایە بەهەموو ناوچەکان و بەهەموو چین وو توێژەوکانیش و بەتایبەتیش بۆ گەنجان هەر لە :

کردنەوەی چەندین هۆڵی سینەما لە شار و شارۆچکەکاندا و جێگەی بەیەك گەیشتنی کوڕان و کچان و جێگەی گەشت و گوزاری و یانەی کۆمەڵایەتی و کتێبخانە و یانەی وەرزشی و

مەلەوانگە و دابینکردنی کارو ئازادیەکانی تریش و دەیان پڕۆژەی تر...

بەلأم کە نەکراوە مانای بەتەنگەوە نەهاتن و پشتگوێخستنی و پەراوێزخستنی گەنجان ناگەیەنێت لەلایەن دەسەلأتەوە . لەهەمان کاتیشدا ناکرێت بڵێین دەسەلأتیش بەهەشتی بۆ گەنجان دروستکردوە و بێ کەموکڕیە و هیچ جۆرە گەندەڵی و خەمساردیەك نەبوە لەئاست داواکاری و خواستەکانی گەنجاندا .

بەلێ دەسەلأتیش لە هەردوولا دان دەنێین بەوەدا کە کەموکوڕی و خەمساردی هەبوە لەئاست داواکاریەکانی گەنج و وەك پێویست نەتوانراوە کە سەرجەم ویستەکانیان بهێنرێتە دی .. من دەڵێم دەبوایە و کارێکی پێویستی دەسەلأت بوو کە لەهەموو شارو شارۆچکەکاندا چەندین هۆڵی سینەما هەبوایە بۆ کات بەسەربردنی گەنجان , نەك وەك ئێستا نەك شارۆچکەکان بەڵکو شارێکی گەورەی وەك سلێمانی تەنها 2-3 هۆڵی سینەمای کۆنی سەردەمی پەنجاکانی تیادایە کە دەکرا زیاتر لە 10 هۆڵی سینەما هەبوایە. دەکرا دەیان هۆڵی تایبەت بەگەنجان دروستبکرایە بۆ بەسەر بردنی کاتەکانیان و گەشەپێدانی خولیاکانیان لەوەرزش و مۆزیك و خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردن لەڕێگەی



www.dengekan.com



دروستکردنی کتێبخانەی مۆدێرنی پڕ لەسەرچاوە مەعریفیەکان , دەکرا پڕۆژەی بەهاوسەرکردنی کوڕان و کچان باشتر ڕێکبخرایە و کارئاسانی و هاوکاری زیاتر بکرانەیە. دەکرا جێگەی نیشتەجێبوون و خانوو شوقە و زەوی تەرخان بکرایە . دەکرا کار بۆ دۆزینەوە و دابینکردنی ئیش بۆ گەنجان جدیتر بیری لێبکرایەتەوە و سەفەری گەشتو گوزاری و خولی بەهێزکردن و جێگەی زیاتر بۆ فێربوونی زمان و کۆمپیوتەرو ...هتد یان بۆ بکرایەتەوە ..

بەهەمان شێوەش گەنجانیش خۆیان دەیانتوانی زیاتر و باشتر ڕێکبخەن لەناو گروپ و کۆمەڵە گەنجانەکاندا و ببنە خاوەن بەرنامە و پڕۆژەی خۆیان. نەك وەك ئێستا لەناو کۆمەڵەو ڕێکخراوە پاشکۆ حیزبیەکاندا کۆبونەتەوە و نەبەرنامەیان هەیە و نەکارو نە پڕۆژە و نەتوانای ڕادەربڕینێکی ئازادیان هەیە. زۆربەی گەنجانی کورد بەداخەوە دەڵێم تەنها هەموو داواو خواستیان تێکەڵ بوونی کوڕان و کچان و مەی خواردنەوە و جگەرە کێشان و خەریکیشە خواردنی مادە بێهۆشکەرەکانیش دەست پێدەکات و ڕابواردنی سێکسی و هیچی تر .

نموونە خراپەکانی ئەم لایەنەش: دەرکردنی فلیمی سێکسیە لەناو خوێندکارانی زانکۆدا لەبەشە ناوخۆییەکاندا و ناردنی

وێنەی سێکسیە بە مۆبایل و کورتە نامە و ...هتد کەناکرێت گەنجی کورد بەو شێوەیە خۆی پێشکەش بەجەماوەر ودەسەلأت بکات.

هەربۆیە بۆ بە ئەنجام گەیشتن و هاتنە دی خواست و ئاواتەکانیان دەبێت هەردوولا هەم دەسەلأت و هەم گەنجان خاوەن بەرنامە و پڕۆژەی خۆیان بن و بەحیوار و لێکتێگەیشتن و دایەلۆگی سەردەمانە لەیەکتر بگەن و هاوکارو کارئاسانی بۆ یەکتریش بکەن , نەك بە شێوەیەکی ناشارستانیانە پەنا بۆ گێرە شێوێنی و ئاژاوە دروستکردن و هاتنە سەر شەقام لەخۆوە و هوتاف و هوها کێشان کە ڕوشتی کەسانی زانستخواز و پێشکەوتوو خاوەن مەعریفە نیە دەست پێبکەن و کاری سوتاندن و فەرهودکردنی دام و دەزگاکانی حکومەت دەستپێبکەن.

پێویستە گەنجان بۆ خۆیان خاوەن بەرنامەی پێشکەوتنخوازانەی سەردەم بن و ببنە گروپی فشار بۆ سەر دەسەلأت لەسەر هەموو لادان و پێشێلکردنی مافەکانیان و نواندنی هەر خەم ساردیەك بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان .

گەنجان ئەرکیانە خۆیان ڕۆشنبیر بکەن بە مەعریفەی نوێ و لێکۆڵینەوەی زانستی و کنەکردنی زانستەکان , نەك وەك





ئێستا سالأنە لە زانکۆکانی کوردوستاندا بە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و پەیمانگاکانیشەوە نزیکەی 10هەزار خوێندکار خوێندن تەواو دەکەن و زۆر بەکەمی و ژمارەیەکی کەمیان توانیویانە ببنە کەسایەتی دیار و داهێنەر و هەڵکەوتووی ناو کۆمەڵگا لەبوارو پسپۆڕی خۆیاندا, ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنجان هێندەی هەوڵی تەواوکردنی خوێندن و بەدەسهێنانی بڕوانامەکانیانن بۆ ئەوەی وەزیفە یان پلە و پۆستێك بەدەست بێنن نیو هێندە بۆ پێشخستنی زانست و گەل و نیشتیمانەکەیان نیە کەئەمەش بۆ خۆی کارەساتە .

گەنجان لە وولأت و کۆمەڵگای کوردەواریدا تەنها بەچاو و سۆز و بەشێوەیەکی کاتی و کورتبینانە بیردەکەنەوە و دەیانەوێت لە تەمەنێکی کەمی 16-20 ساڵیدا کە هێشتا خوێندکارە ببێتە خاوەنی خانوو و شوقە و ئۆتۆمبێل و سەروەت و سامان و پلە و پۆستی گەورەو بەرز . کەلەدونیادا کاری وانەکراوە بۆ گەنج , لەکاتێکدا لە ژیانی عەمەلی زۆربەی گەنجاندا کە خێزانیان پێکەوە ناوە سەرکەوتوو نەبوون و بەرزترین ڕێژەی جیابونەوە لەناو گەنجاندایە کە هەرچەندە بەناو بەخۆشەویستیش هاوسەر گیرێتیان کردوە , لە زانکۆیەکی وەك زانکۆی سلێمانیدا کە ژمارەی خوێندکارانی

www.dengekan.com

زیاد لە 10 هەزار خوێندکار دەبێت , ئەوانەی کە بەتواناو لێهاتوون لەبواری پسپۆڕی خۆیاندا و دەرکەوتوون و دەناسرێن لە کۆمەڵگادا لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن, کەئەمەش کارەساتێکی ترە , لەگەڵ ئەوەی کە بەهەموو پێوانەکان زانکۆ سەنتەری ڕۆشنبیری و مەعریفەیە.

دەڵێین گەنجان هەقیانە داخوازی و خەون و خولیاو ئەندێشەکانیان بۆ دابینبکرێت و بهێنرێتە دی , بەلام ئەرکیشیانە هێندەی داواکاریەکانیان هاوکارو پشتیوانی دەسەڵاتە خۆماڵیەکەشیان بن و بەچاوی ڕق و قین و دوژمنایەتیەوە لێی نەڕوانن و ئەوەی تائێستا دەسەڵات بۆی کردوون کەم نیە .

- لەکۆتایدا دەڵێین هەروەکو نوسەری گەورەی تورکی دۆستی کورد ئیسماعیل بێشکەچی بەهەشتی دەڵێت

(( **خراپترین دەسەڵاتی کوردی لە باشترین دەسەڵاتەکانی تورك و فارس و عەرەب باشترە بۆیان** )) .

بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا و لە بارودۆخێکی ئارام و گەشەکردووتردا سەرجەم خەون و ئاوات و خواستە ڕەواکانی گەنجانی کورد لەکوردوستانی ئازادو دیموکراسی کامڵدا بێنە دی بۆ ئەوەی بەهەمووان ( دەسەڵات و هەموو چین و



www.dengekan.com



توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری) کوردوستان زیندووتر و ڕازاوەتر و پێشکەوتووتر بونیاد بنێینەوە ...

------------------------------

* ئەم بابەتە لە سلیتی کوردوستان پۆست و لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3948 لە 2006/4/20 و لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 189 لە 2006/7/15دا بلاوکراوەتەوە

## خەباتی کرێکاری لەکوردوستاندا بەرەو کوێ ؟*

❖ ئاشکرایە خەباتی کرێکاران لەجیهاندا دێرینە و لەمێژووی خەباتی گەلاندا هەمیشە چینی کرێکاران ڕۆڵ وکاریگەری گەورەیان هەبوە لە سەرکەوتن و بەدەسهێنانی دەسکەوت و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا.

کرێکاران چینێکی هەژار و دەستکورتن لەڕووی مادییەوە بەلام خاوەن توانا و هێز و بازووی پۆلاین و بزوێنەری شادەماری گەشەکردن و ژیانی هەموو کۆمەڵگایەکن.هەمیشەش سووتەمەنی

ململانێی چینەکان و شۆڕشەکان و خۆپیشاندن و ناڕەزاییەکان بون لەبەرامبەر ڕژێمە دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەرەکاندا.

کرێکاران سەرەنێزە و دەسمایەی ڕەسەنی بیر و ڕێبازی سۆسیالیستی بونە و چینی پێشڕە و زەحمەتکێش بونە لەبەرامبەر خاوەن سەرمایە و بۆرژوا و بیر و ڕێبازی سەرمایەداریدا, بۆیە لە هەر جێگەیەك سەرمایەداری و بیری چەوسانەوە و زوڵم و زۆر و بەناهەق خواردنی بەری ڕەنج هەبوبێت . لەوێدا چینی کرێکاران و پرۆلیتاریا ئامادەی بەگژداچونەوەو شۆڕش و قوربانی دان بونە.

کرێکاران لەدونیای کۆن و نوێداو لەدونیای سەردەمی گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی و لەدوای هەموو شەڕە کاولکاریەکانی جیهاندا ڕۆڵی گەورەو کاریگەریان بینیوە لەزیندووکردنەوەو بوژاندنەوەی ئابوری و بازاڕ و پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی ژیاندا.

لەدونیای ئێستای سەردەمی تەکنەلۆژیاو بەجیهانی بوندا لەدونیای ڕۆژئاواو ئەمریکادا بەهەمان شێوە کرێکاران ڕۆڵ وکاریگەری گەورەیان هەیە لە خەباتی درێژخایەن و خوێناوی خۆیانداو توانیویانە ببنە خاوەن چەندین سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوی چینایەتی و پیشەیی خۆیان و هەموان لەژێر چەتری ئەو ڕێکخراوانەدا خەبات دەکەن بۆ وەدەستهێنانی ئامانج



كوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

و داواکاری و مافە ڕەواکانیان, خەباتی کرێکاران لەدونیای پێشکەوتووی پیشەسازی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتیشدا هەنگاوی گەلێك گەورەی ناوە و ڕێکخراوەکانیان و خەباتەکانیان پێگەیشتوون و هوشیاری چینی کرێکاران لە ئاستێکی بەرزدایە و لەڕێگەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا گەورە فرە نەتەوەییە ئابورییەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ حکومەتەکاندا توانیویانە ببنە پایەیەکی گرنگی هاوکێشەی سێ کوچکەی( سەندیکا و کۆمپانیا و حکومەت)و بەبێ سەندیکا کرێکاریەکان نەکۆمپانیاکان و نەحکومەتەکان ناتوانن بەرنامە و پلانی گەشەکردن و داهێنانیان جێبەجێبکەن ,چونکە هەرکاتێك سەندیکا کرێکاریەکان دەستیان دایە خۆپیشاندان و مانگرتن ئەوا هەموو بوارەکانی ژیان لە پیشەسازی و بازرگانی و ئابوری و بازاڕ و نەوت و خزمەتگوزاریەکان و ...هتد.لەو وولاتانەدا پەکیان دەکەوێت و دەوەستن , بۆیە بەناچاری دەکەونە گفتوگۆ و دان وسان لەگەڵیاندا و داندەنێن بە ماف و داواکاریەکانیاندا.بەم شێوەیە چینی کرێکار لە ئێستادا و لەدونیای سەردەمدا بونەتە چینێکی گرنگ و بالأدەست و ناکرێت پشتگوێ و پەراوێز بخرێن .

لەناو چینی کرێکاراندا گەلێك سەرکردەو ڕابەری مەزن هەڵکەوتوون و بونەتە سەرۆك کۆمار و پۆستی بالأی وولاتیان

www.dengekan.com

بەدەست بوە وەک (( ليخ ڤاليسياى )) سەرۆکی پۆڵەندا کە خۆی کرێکارێکی سکەی شەمەندۆفێر بوە و دەيانی تريش.

➢ لێرەدا پرسيار ئەوەيە کە ئايا خەباتی کرێکاران لەکوردوستاندا لە چ ئاستێکدايە ؟؟؟و بەرەو کوێش هەنگاو دەنێت ؟؟ئايندەشيان چ دەبێت ؟؟

لەوەلاَمدا دەڵێين , لەبەرئەوەی کوردوستان وولاَتێکی داگير و دابەشکراو بوە و سەربەخۆ نيە و لەژێر دەسەلاَتی داگيرکەراندا بوە لەلايەک و لەلايەکی تريشەوە کوردوستان وولاَتێکی هەژار و دواکەوتووبوە لەڕووی پيشەسازی و ئابوری و بازرگانی و تەنانەت کۆمەلاَيەتيشەوە و نەبونی کارگەی گەورە و پالاَوگەی نەوت و پڕۆژەی ئابوری گەورە توانايەکی گەورە و بەهێزی نەبوە ..

هەر لەبەر ئەوەش چينی کرێکاران لەکوردوستاندا وەک هەموو چين و توێژەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری بەهەژاری و دواکەوتووی و نەخوێندەواری وناهوشياری ماونەتەوە. خەباتی پيشەيی لەکوردوستاندا قۆناغە ئاساييەکانی گەشەکردنی خۆی نەبڕيوە بەڵکو هەميشە وابەستەی خەباتە سياسی و چەکداری و ڕزگاريخوازەکەی گەلی کورد بوە لەپێناو ئازادی و سەربەستی و ڕزگارکردنی کوردوستان لەداگيرکەران.



www.dengekan.com



بۆيە خەباتی چينەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەميشە ئاوێتە بوە بەخەباتی سياسی و چەکداری و هەموو چينەکان بەکرێکارانيشەوە لەژێر چەتر و دروشمی ڕزگاری نيشتيمانيدا خەباتيان کردەوە و لەهەموو هەل و فورسەتێکيشدا کە خەباتە سياسی و چەکداريەکەی کورد توانيبێتی هەندێ دەسکەوت و دەسەلاَت بگرێتە دەست, ڕاستەوخۆ هەموو چين و توێژەکان کەوتونەتە خۆ بۆ دامەزراندن و پێکەوەنانی کۆمەڵە و يەکێتی و سەنديکا و ڕێکخراوە پيشەيی و جەماوەری و ديموکراسی خوازەکانيان و کەوتونەتە خەباتکردن بۆ سەندنی ماف و داواکاريە ڕەواکانيان و توانيويانە کۆمەڵ گەلێک دەسکەوتی گەورەی پيشەيی خۆيان بەدەست بهێنن.

چينی کرێکاران لەکوردوستاندا تائێستاش بەتەواوەتی پێنەگيشتون و نەخەملێون و نەيان توانيوە بەشێوەيەکی زانستی و بەرنامە ڕێژی کاری سەنديکايی و ڕێکخراوەيی خۆيان ڕێک بخەن و گەشە پێبدەن و هەموو کرێکارانی بوارە جياوازەکان و کەرتی تايبەتی و گشتی لەخۆيان کۆبکەنەوە و بتوانن ببنە نوێنەری ڕاستەقينە و ڕەسەنی خۆيان و بتوانن لەبەرامبەر دەسەلاَت و حکومەتی کورديدا هەموو ماف و داواکاريەکانيان بخەنە ڕوو.

کرێکارانی کورد لەسەردەمی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی حکومەتی عێراقیدا هەمیشە سەرنێزەی خەبات و تێکۆشان بونە و مانگرتن و خۆپیشاندانەکان و قوربانیەکانیان گەواهی ئەو ڕاستیەن . مانگرتنی کرێکارانی نەوتی گاورباخی لەسەردەمی پاشایەتیداو دەیانی تر نمونەی زیندووی ئەو هاوبەشی و خەباتە ڕەوایەی کرێکاران بوون.

لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی صدامیشدا گەورەترین و ناڕەواترین ناهەقی بەرامبەر کرێکارانی عێراق بەگشتی و کوردوستان بەتایبەتی کرا کە بەپێی یاسای ژمارە 150 ساڵی 1987 بەبڕیارێکی دیکتاتۆریانە و تاك ڕەوانە و بێ گویدانە بەرژەوەندیەکانی کرێکاران هەموو کرێکارانی کردە فەرمانبەر و لە هەموو ماف و ئیستیحقاقە پیشەییەکانیانی بێ بەری کردن .کرێکارانی کورد هەمیشە و بەبەردەوامی لە شۆڕشەکانی کوردا ڕۆڵی مەزنیان بینیوە هەر لەڕێکخستنە نهێنیەکان و ڕیزی پێشمەرگایەتیدا و بەدەیان و بگرە سەدان کرێکاری وشیار و قارەمان لەزیندانەکاندا بەندکراون و چەندانیشیان لە سێدارە دراون .

لەسەردەمی ئێستای حوکمڕانی کورد خۆشیدا و لەدوای ساڵی 1991وە و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا. کرێکاران گورج و گۆڵانە کەوتونەتە خۆ بۆ





پێکەوەنانی سەندیکا و ڕێکخراو وکۆمەڵە و یەکێتیە پیشەییەکانی خۆیان بەنیازی کۆکردنەوەی هەموو توانا و وزەکان لەژێر چەتری یەك ڕێکخراوی کرێکاریدا. بەلآم مەخابن بەهۆی بارودۆخەکانی کوردوستان و عێراق و وابەستەی ئەو ڕێکخراوانەش بە پارتە سیاسیەکانەوە و..چەندین هۆکاری تریش نەتوانراوە ئەو خەونەی کرێکاران بهێننە دی.تاکرێکاران ببنە گروپی فشار بۆ سەردەسەلآت لەپێناو گۆڕینی یاساو ڕێسا و پێدانی مافە ڕەواکانی کرێکاران و چەسپاندنی لەدەستورو یاسادا.

بەداخەوە کرێکاران بۆ خۆشیان ئاستی هوشیاری پیشەییان هێندە بەرز نیە کە هەست بەگرنگی و ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بکەن.بەلآم خۆشبەختانە دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی و کرانەوەی کوردوستان بەڕووی دونیادا و دروستکردنی پەیوەندی سەندیکایی لەنێوان کوردوستاند و وولآتانی ناوچەیی و دونیایدا و بوژانەوەی بازاڕ و کار و بازرگانی و ئابوری و پیشەسازی و..هتد لەکوردوستاندا کرێکاران و ئایندەی خەباتەکەیان ڕوو لە گەشەسەندن و پێشکەوتن وزیاتر خۆڕێکخستنەوەیە.

بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا کرێکارانی کوردیش لەڕێگەی چونە دەرەوە بۆ وولآتانی بیانی و بینینی ئەزمونی ئەو وولآتانەو

www.dengekan.com

بەشداریکردنی خولی هوشیار ی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و بەشداریکردنی کۆڕو کۆبونەوە کرێکاریەکان گوڕوتینێکی زیاتر بدەنە خەباتەکەیان و وەك هەمیشە چینی پێشڕەو و خاوەن بەخشش و قوربانی دان بوون هەروا بمێننەوە ..

---

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری کاری ژمارە 21 لە مانگی 2006/10دا بڵاوکراوەتەوە.



www.dengekan.com



## بڕیارێکی زێدە گرنگ کرایە جەژنانەی سەرجەم گەلی کورد*

- ئاشکرایە کاروانی خەباتی کوردایەتی بەژمارە و وێستگە گەلێك لە نوچدان و سەرکەوتندا تێپەڕیوە و گەلێك جاران لەئەنجامی ئەو نوچدان و ناتەبایی و براکوژی و ناکۆکی و پیلانی دوژمانی ناوخۆیی و دەرەکیدا کۆمەلانی خەڵك و دۆستان و تەنانەت سیاسەتمەدارەکانیش تووشی جۆرێك لە شۆك و نائومێدی و دوودڵی و دڵەڕاوکێ بوون لە نەگەیشتنە سەرکەوتن و ئاشتبونەوە و تەبایی و یەکڕیزی و یەك دەنگی ویەك ڕەنگی کورددا و ترسی لەناوچوونی دەسکەوت و قوربانیدانەکان و ئەو ڕووبارە خوێن و فرمێسکانەی کەلەپێناوی ڕزگاری کوردوستاندا ڕژاون هاتۆتە ئاراوە و باڵی بەسەر بیرکردنەوە و دەرونەکاندا کێشاوە و ئومێدی سەرکەوتن و ئاسۆکانی دواڕۆژی دوورتر و تاریك و تووتتر دەکرد..
- یەکێك لە و هۆکارانەی کە ببوە جێگەی نائومێدی لای هەموان بە پارت و ڕێکخراو و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵی

کوردەواری و دۆستانی گەلەکەمان و دوژمنانیش گرەویان لەسەر دەکرد و چووبونە ئەو بڕوایەوە کە هەرگیز کورد و دەسەڵاتەکەی یەك ناگرنەوە ئەویش بریتی بوو لە دووکەرت بوونی هەردوو ئیدارە و دەسەڵاتی کوردی لە هەولێر و سلێمانیدا . ئەم هۆکارە ماوەی نزیکەی 10ساڵی خایاند لەئەنجامی پیلانی دوژمان و ناحەزانی گەلەکەمان و مەسەلە ڕەواکەیداو لەئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆوە هاتبوە ئاراوەو یەکگرتنەوەی ئەو دووئیدارە و دەسەڵاتەش ببوە داواکاری سەرجەم چین و توێژەکان و ببوە خەونێکی خۆشی بەدینەهاتووش .

❖ بەڵام خۆشبەختانە و لەئەنجامی هەوڵ و ماندووبوونی هەردوو سەرکردە مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ و کاك مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێم و هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەئێستادا بەبڕیارێکی زێدە گرنگ و پیرۆز و مێژوویی کە هێندەی گەورەیی و ناسکی و هەستیاری قۆناغەکە گرنگە و هێندەی مەترسیەکانیش مەزنترە بڕیاری کۆتاییاندا بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و بەمەش ڕۆژی 1/6/ 2006 بوە ڕۆژێکی مێژوویی نەمر لەخەباتی کوردایەتیدا و دڵی کۆمەڵانی خەڵك و دۆستانیان شاد کردو دڵی دوژمنانیشیان تەقاند و ڕۆحی شەهیدان و کیمیاویبارانکراو ئەنفالکراوەکانیان شاد کرد و بەمەش جەژنانەی جەژنی قوربانیان بێ وێنە و ناوازە و پڕ بەهاتر





کرد و ئەم جەژنەیان کردە دووجەژنە و تاجی هەموو سەرکەوتن و دەسکەوتەکانیان نایە سەر گەلەکەمان ...

❖ بەمەش هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی سەلماندیانەوە بۆ دۆست و دوژمنان و لەپێش هەموانیشەوە بۆ دۆست و ئەندام و لایەنگرانی خۆیان و سەرجەم پارتە سیاسی (( بەنەیارو هاوپەیمانەکانەوە)) و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە کە ئەوان هەمیشە بەرژەوەندی باڵای کوردو کوردوستانیان لەسەروو بەرژەوەندی حیزبایەتی و سەرکردایەتی و بەرژەوەندی تایبەتیەوە داناوە و هیچ کاتێکیش مساوەمە و سازش لەسەر بچوکترین ماف و داواکاری ڕەوای کورد ناکەن لەبەرامبەر نەیاران و دوژمناندا و و سەلماندیانەوە کە گەلی کورد گەلێکی زیندوو خاوەن ئەزموون و دەسەڵاتە و توانای خۆگونجاندن و حوکم کردنی نەك تەنها خۆی بەڵکو هەموو عێراقیشی هەیە و نموونەش سەرکەوتنی بەڕێز مام جەلالە لە پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقدا کە جێگەی ڕەزامەندی نەك هەردۆستەکانی ئەمریکاو ئینگلیز و دونیای ڕۆژئاواشە بەڵکو دەوڵەتانی دژی ناوچەکە و سەرجەم هێزە سیاسیەکانی ناو عێراقیش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن و لەئێستاشدا ڕەزامەندن کەجارێکی تر بەڕێز مام جەلال ببێتەوە بەسەرۆك کۆمار . سەرکردایەتی هەردوو حیزب سەلماندیانەوە کە هیچ کاتێك ڕێگە

www.dengekan.com

نادەن کە ئەو ڕووبارە گەورەیەی خوێن و فرمێسکی گەلەکەمان کەلەپێناوی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی کورردوستاندا ڕژاون بەفیڕۆ بڕوات و لە کیس بچێت و هەمیشەش بەتەنگ چارەنوس و ئاسۆی دواڕۆژی نەوەکانی داهاتووی کوردەوەن .

بەم بڕیارە و بڕیاری کاندیدکردنەوەی بەڕێز مام جەلال وەك نوێنەری هاوپەیمانی کوردوستان و سەرجەم گەلی کورد بۆ سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ ماوەی 4 ساڵی تر , هێندەی تر جێگەی گومان و دڵەڕاوکێ و دوودڵی نەما لە یەکڕیزی و یەکبوون و یەکگرتنەوەی ئەو دووئیدارەیە و دەسەلآتی کوردی و نەهێشتن و نەمانی کەلێن و درز لەنێو ڕیزەکانی کورددا . ئەم بڕیارە گرنگە یەك دەنگی و یەك ڕەنگی و یەك هەڵوێستی و خیتابی سیاسی کوردی هێندەی تر بەهێز و پتەو کرد لەبەرامبەر هێزە سیاسیە عێراقیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیاش هەر ئەم یەك و یەکگرتووییەش دەبێتە زامنی هەموو سەرکەوتنەکان و دەسکەوتەکانی داهاتووش لە عێراقی نوێدا ..

ئاشکراشەکە کورد تا سەرکردە و سەرکردایەتی ئاوها حەکیم و دڵسۆز و بەپەرۆشی هەبێت بەدڵنیایەوە دەگاتە دوامەنزڵی سەرکەوتن و ئاسۆی دواڕۆژیش ڕوونتر دەبێتەوە .. بەهیوای



ئەوەی لە 4 ساڵی داهاتوودا سەرجەم داواکاری و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بێنە دی و لەدەستووردا بچەسپێن ..

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3870 لە 2006/1/15دا بلأوکراوەتەوە.

## بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم
## لەنێوان هەڵوێستی نەتەوایەتی
## و هەڵوێست فرۆشتنەوەدا.....*

➢ لەوکاتەوەی کە بەڕێز کاك مەسعود بارزانی کرایە سەرۆکی هەرێمی کوردوستان کە نزیکەی ساڵێك زیاترە, هێندەی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردوستان هەڵوێست و گوتاری



www.dengekan.com

وەرگرتوە و داوە ,چارەكێكی ئەوە وەك سەرۆكی هەرێمی كوردوستان هەڵسوكەوتی نەكردوە.كەئەمەش كاریگەری لەسەر مصداقیەتی بڕیار و گوتار و هەڵوێستەكانی هەیە چونكە تەنها لە دیدگا و بۆچوونی پارتیەوە دەڕوانێت و هەر لە بیرو باوەڕەكانی پارتیشەوە سەرچاوەیان هەڵگرتوە نەك لەبەرژەوەندی گەلی كوردوستان و دواڕۆژیەوە .

- ئەشێ ئەم هەڵوێستەی سەرۆك لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ كە كاك مەسعود بەهەڵبژاردن نەبۆتە سەرۆكی هەرێم بەڵكو لە ئەنجامی ڕێكەوتنێكی سیاسیدا بوو لەگەڵ یەكێتیدا ,مادام مام جەلال لەبەغداد بۆتە سەرۆك كۆمار دەبێت كاك مەسعودیش لەكوردوستان ببێتە سەرۆكی هەرێم. كە ئەم دانانەشی لەڕووی یاساییەوە مصداقیەتی نیە چونكە بەڕێز كاك مەسعود ئەندامی هەڵبژێراوی پەڕلەمانی كوردوستانیش نەبوە لەلایەن جەماوەری گەلەوە تابڵێن نوێنەرایەتی جەماوەر دەكات بۆیە ئەم گرێ دەرونیە ڕەنگی داوەتەوە لەسەر هەموو هەڵسوكەوت و بڕیارەكانی.
- لەم نمونانەی لای خواەوە باشتر و ڕوونتر لەو ڕاستیەی لای سەرەوە تێدەگەین:

1. تائێستا سەرۆكی هەرێم بینایەكی سەرۆكایەتی تایبەتی نیە لە پایتەختی هەرێمدا كە پێویست وایە تەلاری ڕەسمی





سەرۆكایەتی لە شاری هەولێر بێت وەك پایتەخت نەك سەری ڕەش و پیرمامم كە بارەگای مەكتەبی سیاسی پارتی لێیە.

2. لەیەكەم سەردانی سەرۆكدا بۆ شاری سلێمانی پێویست وابوو كە یەكەم جار بچێتە بینایەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی ئەوكات , بەلاَم جەنابی سەرۆك چوە بارەگای لقی /4 پارتی دیموكراتی كوردوستان.
3. لەڕاگەیاندنەكانی پارتیدا زاراوەی ( سەرۆكی كوردوستان ) بەكار دەهێنن لە جیاتی ( سەرۆكی هەرێمی كوردوستان ) كە نە لەڕووی یاساییەوە و دەستوریشەوە و نەلەڕووی عەقڵ و واقع و حەقیقەتیشەوە ئەم زارەوەیە ڕاست و دروست نیە, جەنابی سەرۆك كە تائێستا نەیتوانیبێت یان نەیویستبێت سەردانی ناوچەكانی گەرمیان و پێنجوێن و هەڵەبجە و پشدەر و شارباژێڕ و ...هتدی ئەم بەشەی كوردوستان بكات , ئیدی چۆن دەكرێت ناوی سەرۆكی هەرچوار پارچەكەی لێبنرێت .كێ دەڵێت كوردوستانیانی پارچەكانی تر سەرۆكیان قبوڵە.
4. جەنابی سەرۆك ڕەزامەندی داوە بەهەڵواسینی وێنەی خۆی و سەرۆكی عێراقی فیدڕاڵ لەدام و دەزگا حكومیەكاندا لەسەر پێشنیازی حكومەتی یەكگرتووی هەرێم , بەلاَم تائێستا ئەم بڕیارە تەنها لەشاری هەولێر و ناو دیوانی

www.dengekan.com

وەزارەتەكاندا جێبەجێكراوە ئەویش بەنیوە ناچڵی چونكە تائێستا پەڕلەمانی كوردوستان ئەو بڕیارەی نەڕاستاندوە ئەمەلەلایەك لەلایەكی تریشەوە لەبەرامبەر وێنەی هەردوو سەرۆكدا وێنەی بارزانی باوكیش هەر ماوە و هەڵواسراوە پرسیار لێرەدا ئەوەیە كە ئەگەر هەردوو سەرۆك پۆستی ڕەسمی دەوڵەت و هەرێمیان هەبێت ئەی بارزانی باوك چی ؟؟و ئەم هەڵواسینی وێنەی بارزانی باوكە دەچێتە چواچێوەی چ یاساو ڕێسایەكەوە . ئاشكرایە لەدونیادا ئەگەر وێنەی سەرۆك هەڵبواسرێت ئەوا ئیتر پێویست بەوێنەی باوك و باپیر و بنەماڵەی سەرۆك ناكات.

5. لەبڕیاری ژمارە 60 سەرۆكایەتی هەرێمدا هاتوە كە (( تەنها ئالاَی كوردوستان لەسەر دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمدا هەڵبواسرێت و ئالاَی عێراقی فیدراڵی 3 ئەستێرە و ئەلاَهوئەكبەرەكە دابگیرێت )) .

ئەگەر بەدیقەت لەم بڕیارە ووردببینەوە دەبینین كە :

- ئەم بڕیارە دژی دەستوری هەمیشەیی عێراقە كە كورد ڕۆڵێكی گەورەی بینی لە دەرچون و ڕاستاندنیدا لە ڕیفراندۆمی 2005/10/15دا. چونكە تاگۆڕینی ئەو ئالاَیە بەئالاَیەكی تر كە ڕەمزی پێكهاتەی هەموو گەلانی عێراقی تیادا بێت و لەلایەنی پەڕلەمانی عێراقیشەوە بڕاستێنرێت





دەبێت ئالاَ كۆنەكە دانەگیرێت, ئاشكرایە كە ماوەی 15 ساڵە لەم حكومەتی هەرێمەدا هەموو یاساكانی صدام و مجلس قیادة الثورة جێبەجێدەكرێت , ئیدی ئەمە چ حیكمەتێكی تیادایە كە ئەم ئالاَیە دابگیرێت با ئەمیش وەك هەمو و یاساكانی سەردەمی بەعس كاری پێبكرێت بۆ ئەوانمان قبوڵە و بەلاَم ئالاَكەیمان پێقبوڵ نیە.

- ئەم ئالاَی بەعس و صدامە لەیەكەم كۆبونەوەی پەڕلەمانی كوردوستاندا لە ساڵی 1992دا هەرایەكی گەورەی لەسەر دروست بوو كە لیستەكەی سەرۆك پێیان دادەگرت كە دەبێت ئەو ئالاَیە لە هۆڵی پەڕلەماندا بێت چونكە كورد داوای فیدراڵی كردوە نەك جیابونەوە و سەربەخۆیی , كەچی بە قودرەتی قادر و دوای تەنها 15 ساڵ لەهەڵكردنی ئەو ئالاَیە ئێستا داوای داگرتنی دەكرێت , ئەبێ حیكمەتەكە ئەوەبێ كە ئەوكات صدام و بەعس لەدەسەلاَتدا بون و نەبادا توڕە ودڵگران بن لە سەرۆك و پارتەكە ی و ئێستا لە زینداندان.
- ئایا هەر ئەو ئالاَیە و سوپاكەی صدام و بەعسیان و ئەنفالچیان نەبوو كە سەرۆك و پارتەكەی لە كوشتن یان بەدیل گرتن یان نەمان ڕزگاركرد لە 31ی ئابی 1996دا , ئیدی بۆدەبێت ئێستا ئەمەكداری ئەو ئالاَیە نەبن كە لەزۆر ڕۆژگاری تەنگانەدا بەفریای سەرۆك و پارتەكەی كەوتبوو.

www.dengekan.com

➢ هەر لەهەمان بڕیاری سەرۆکایەتیدا هاتووەکە(( لەکاتی پێویستدا ئالآی زەمانی عەبدولکەریم قاسم هەڵبکرێت لە بۆنەکاندا)). لێرەشدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو ئالآیەی زەعیم نەبوو کە بارزانی باوك یەکەم شۆڕشی ئەیلولی 14 ساڵەی لەساڵی 1961دا لەدژ بەرپاکردو زۆر بەشان و باڵی ئەوشۆڕشەشدا هەڵدراو ودەوترێت کەئەو شۆڕشە بوو کە کوردو مەسەلەکەی بەدونیا ناساندوە کەچی ئەنجامەکەشی شکست و نسکۆ بوو. ئەی بۆچی ئێستا پاشگەزبونەتەوە لەو شۆڕش و هەڵوێستە و ئالآکەی زەعیم بەرز دەکەنەوە.

بۆزانیاریش تەنها شۆڕشی ئەیلول و بارزانی نەبون کەکوردو مەسەلەکەی بەدونیا بناسێنن بەڵکو زۆر لەپێش ئەویشدا کوردو مەسەلەکەی ناسراوبون هەر لەسەردەمی بەدرخانیەکان و شێخ عوبەیدولآی نەهری‌و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی مەلیك و پێشەواو ئینجا شۆڕشی ئەیلول وبارزانی . لێرەدا دەپرسین ئایا ئەم بڕیار و گوتار و هەڵوێستانەی جەنابی سەرۆك و پارتەکەی و میدیاکانی دەچنە چ چوارچێوە و چ بەرژەوەندیەکەوە؟؟ . ئایا ئەمانە هەڵوێستی نیشتیمانی ونەتەوەیین یان فرۆشتنەوەی هەڵوێستن بە جەماوەر و بەتایبەتیش شەریکە بەشەکەی ( یەکێتی ) ..



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست ...

ئێستا پارتی وای پیشان دەدات کە ئەو بالآدەستی کوردوستانە و ئاوا مەسەلەی کورد پێشدەخات. نەك وەك تاڵەبانی لەبەغداد هیچی بۆ کورد پێناکرێت . بەلآم نازانن کە جەماوەر مێژوو و ڕابووردوی هەموو سەرکردە و پارتەکانی کوردوستان باش دەزانێت و ئەوەندە هوشیاریشە کە دۆست و دوژمنی کوردو مەسەلەکەی لەیەکتر جیابکاتەوە و باشیش دەزانێت کێیان دڵسۆزتر و کارامەتر و شۆڕشگێڕتر و خزمەتکارترە بۆ جەماوەر.و لەلایەکی تریشەوە باش دەزانن کە ئەم بڕیار و گوتارە سەرپێییانە هەڵەیەکی کوشندەیە و بەدژی مەسەلەی کورد تەواو دەبێت و لەناوخۆی عێراق و ناوچەکەشدا دوژمنی زۆرتری بۆدروست دەبێت و هیچیان دۆستی ڕاستەقینەی کورد نین و هێندەی دی دەکەونە دژایەتی نەك سەربەخۆیی بەڵکو فیدراڵیەکەشمان .چونکە تائێستا موچە و دارایی و بودجە و کارەباو سوتەمەنی و ..هتد لە بەغداوە پێمان دەگات ئەگەر ئەوانیش ئەو سەرچاوانە بڕن دەبێت جارێکی تریش بەناچاری پاشگەزبینەوە لە بڕیارەکەمان,کورردیش لەمێژە ووتویەتی ( سوار بون عەیبێك و دابەزین دوو).

➢ ئەم بڕیارانە ئەگەر سەرۆك یەك لایەنە و بێ پرسی شەریکەبەش لەحکومەتدا( یەکێتی ) داویەتی ئەوا دەبێت

ئەنجامەکەشی هەر سەرۆك و پارتەکەی باجەکەی بدات نەك میلەتێك , ئەگەریش تەنها لە خودی سەرۆکەوە درچوە بیٚ پرس بەڕاوێژکارە زۆرو زەوەندەکانی ئیدی ئەم هەموو پارە و نەسریە و ئۆتۆمبێل و خانوانە بۆچی خەرج دەکرێت بۆ ڕاوێژکارانی سەرۆك کە پرسیان پێناکرێت .

- لەکۆتاییدا دەڵێین زۆرمان بەشان و باڵی ئەم ئەزمون و حکومەت و دەسەلآت و دیموکراسیەی کوردا هەڵدا و گەورەو جوانمان کرد لەبەردەم دۆست و دوژمناندا, جا با بەبڕیاری هەڵە و سەرپێی و گوتاری ناپێویستەوە لەدەستی نەدەین و خوێن و فرمێسکی شەهیدان و کەسوکاریان و ئەنفالکراوان و کیمیاویبارانکراوان بەفیڕۆنەدەین و ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گەلەکەشمان بۆ دواوە نەگێڕینەوە .

*ئەم ووتارە لەدوای بڕیاری ژمارە 60 سەرۆکایەتی هەرێمەوە نوسراوەکە هەلآیەکی گەورە لەسەر ئەم بڕیارە دروست بوو لەلایەن عەرەبی شیعە و سونەوە بەیەکەوە , بەلآم چانسی بلآوکردنەوەی لە ڕۆژنامەو سایتەکاندا بەر نەکەوتوە.





## بەرنامەی کاری جەعفەری وحکومەتەکەی
## لە
## 4 ساڵی داهاتوودا بەرامبەر بەکووردا ....*

- ئاشکرایە پرۆسەی سیاسی لە عێراقی دوای ڕووخانی بەعس و صدامیەکان هەنگاوی گەلێك گەورەی ناوە بەرەو پێشەوە سەرەڕای بەردەوامی و توندوتیژی کارە تیرۆریستیەکان کەلەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و کۆنە بەعسیەکان و چەندین گروپی ترەوە جێبەجێدەکرێن ..هەر لە پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکمەوە تا نوسینی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت و تاگەڕانەوەی سیادە و پێکەوەنانی حکومەتی عەلاوی و دواتر یەکەم هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی لە 2005/1/30دا کەلەئەنجامدا دەستەی سەرۆکایەتی و حکومەتی کاتی جەعفەری لێکەوتەوە و دواتر

www.dengekan.com

ڕەشنوسی دەستوور نوسرایەوە و لە 2005/8/15یشدا لە ڕاپرسیەکی جەماوەریدا دەستوورەکە بەبەڵێ پەسەندکرا و هەڵبژاردنی 2005/12/15 یش پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا کۆتایی بە قۆناغێکی ناسك و هەستیارو کاتی هێنا و لە ئێستاشدا لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەوە وبەڕەسمی ناساندنی ئەنجامەکانی هەوڵی لیستە براوەکان و سەرجەم کوتلە سیاسیەکان لەئارادایە بۆ بەستنی یەکەم کۆبونەوەی پەڕلەمانی هەمیشەیی عێراق و دواتر دەستنیشان کردنی دەستەی سەرۆکایەتی و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار کە ئەویش سەرۆك وەزیر لە لیستی براوەی یەکەم کە لیستی شیعەکانە ڕادەسپێرێت بۆ پێکەوەنانی حکومەتێکی هەمیشەیی 4 ساڵەیی .

بەکۆتایی هاتنی پێکەوەنانی دەستەی سەرۆکایەتی و حکومەت پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەنگاوێکی گەورە دەبڕێت و ئیدی ئەم حکومەتە بەرپرسیارە تا 4 ساڵی داهاتوو لە بەڕێوەبردنی وولآت و جێبەجێکردنی بەند و بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی و گەلێك ئەرك و لێپرسراوێتی گەورەی لەئەستۆدایە لەپێش هەمویاندا چاکردنی باری ئەمنی و ئابوری و سەربازی و دواتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی لەبواری دابینکردنی کارەباو ئاو وسووتەمەنی و نەهێشتنی بێکاری و بوژاندنەوەی ژێرخانی



www.dengekan.com



ئابوری و جێبەجێکردنی خاڵ و بەند و بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی و چەندانی تر ..

- جالێرەدا دەیان پرسیار دێتە پێشەوە کە ئایا جەعفەری و حکومەتی داهاتوو لە ئاست ئەو لێپرسراوێتیەدایە ؟و دەتوانێت هاوسەنگی هێز و لایەنەکان بپارێزێت ؟و جیاوازی نەکات لە نێوان هەرێم و ناوچە جیاوازەکاندا؟ و پابەند دەبێت بەبەندەکانی دەستوورەوە و کاری جدی دەکات بۆ چەسپاندنی و جێبەجێکردنی ؟ و گەلێکی تر ..

بۆوەلآمی ئەو پرسیارانە دەبێت کەمێك بەووردی لە ئەزموونی چەند مانگەی ڕابووردووی جەعفەری و حکومەتەکەی و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گوتارەکانی خودی جەعفەری و حکومەتەکەی ووردبینەوە و لە ئەنجامدا بڕیاربدەین ..

ئاشکرایە جەعفەری لەوماوە کەمەی حکومەتەکەیدا هەر لەسەرەتاوە بەفرت وفێڵ و خۆدزینەوە و درۆکردن و جێبەجێنەکردنی پەیماننامە و گۆڕینی سوێندخواردنی کابینەکەی و جیاوازی کردن لەنێوان پارێزگا و ناوچەکاندا دەستی پێکردو هیچ ئیلتیزامێکی بەبەندەکانی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتەوە نەکردوو و هەوڵی جدیشی نەدا بۆ جێبەجێکردنیان و بەتایبەتیش مادەی 58 ی تایبەت بە کەرکوك و ناوچەکانی تر ..

بەم شێوەیە جەعفەری و حکومەتەکەی لەگەڵ سەرجەم ناوچە و هەرێم و مەزهەب و لایەنە سیاسی و نەتەوەییەکاندا بەشێوەیەکی تـاك ڕەوانـە و حـساب بـۆ نـەکردن و جیاوازیـەوە مامەڵـە و بڕیارەکانی دەکرد و هەربۆیـە بـوە مایـەی ناڕازیبوون و گلـەیی هەمووان و لە پێشیشیانەوە کورد .

جاجەعفەریەك کەلەماوەیەکی کورت و کاتی چەند مانگەدا ئاوها هەڵسوکەوتی دەکرد ئـەبێ لـە 4 ساڵی داهاتوودا و لـە سایەی دەستوور و شەرعیەتی زیاتردا چۆن هەڵسوکەوت بکات ؟؟

دیاریکردنی جەعفەری سەر بە حیزبی دەعوەی توندڕەوی سەر بـەئێرانی ئیـسلامی بـە جیـاوازی 1 دەنـگ بەسـەر د.عـادل عبدالمهدی میانڕەوی سەربە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و پشتیوانلێکراو لەلایەن هەموانەوە بەکوردو ئەمریکاو تورکیاو ئێران و وولاتانی سونە مەزهەبی عەرەبیشەوە ، لەم قۆناغەدا نەك هەر بۆ عێراق و گەلانی مایەی سەر ئێشە و ململانێ و ناڕەزاییە بـەڵکو بـۆ تـەواوی ناوچـەکەش مایـەی بێـزاری و نـاڕازی بـوون و پێناخۆش بوونە .

چونکە سەرکەوتنی و دیاریکردنی جەعفەری بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران لەم قۆناغە ناسکەی کە عێراق و ناوچەکەشی پیادا تێپەڕ دەبێت، دەبێتە مایەی زیاتر گەرمکردنەوەی ململانێکانی ئەمریکا و ڕۆژئـاوا لـە گـەڵ سـوریاو ئێـران و تیرۆریـستاندا , چـونکە





جەعفەری و حیزبی دەعوە و تەیاری صەدری بەشێوەیەکی توند و تۆڵ پابەندی سیاسەتەکانی ئێران و مەرجەعیەتەکانی ناو ئێرانن وەك لـە مەرجەعیەتـەکانی نـاو عێـراق و نەجـەف و کەربـەلا، و سـەرکەوتنی جەعفـەریش بـە پاڵپـشتی تـەیاری صـەدری بـوو کـە تـەیارێکی تونـد ڕەوی خـاوەن میلیـشیای سـەر بـەئێرانن و دژ بـە ئـەمریکان و بـەم دواییـەش موقتـەدا صـەدر سـەردانی هـەردوو وولاتـی ئێـران و سـوریای کـرد و بەئاشـکرا ڕایگەیانـد کـە میلیشیاکەی پارێزگاری لە ئێران دەکات لەکاتی ڕوودانی شەڕدا و پشتگیری هەڵوێستی حکومەتی سوریاشی کرد دژ بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ..

جاهەڵبـژاردنی جەعفـەری لـەم کاتـەدا لەبـەرەی شیعەی حیزبـولاو سوریاو ئێران بەهێزتر دەکات و ململانێکانیش توندتر دەکات ، و سەرکەوتنی بزوتنەوەی حەماسیش لە فەلەستین هەرچەندە شیعە مەزهەبیش نیە بەڵام پشتیوانیەکی زیاتر دەبێت بۆ ئەو بەرەیە ، چـونکە بـەرەی شـیعە دژ بـە ئـەمریکاو ئیـسرائیلن لـە بنەڕەتـدا . هەربۆیـە سـەرکەوتنی بزوتنـەوەی حەماسـیش هێنـدەی تـر هاوسـەنگیەکەی تێکـدا و بارەکـەی هێنـدەی تـر ئـاڵۆزتر کـرد .بـەهێزبوونی شـیعە بـەم شـێوەیە لـەم ناوچـەیەدا دەبێتـە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر بوونی وولاتـانی سونە مەزهەبـەکانی ناوچەکە لە کەنداو و ئوردون و میسر و ..هتد

www.dengekan.com

➢ لەسەر ئاستی ناوخۆشدا هێز و لایەنە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی سونە و عیلمانی و کوردیش بەسانایی ناتوانن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن چونکە جەعفەری لەماوەی پێشوودا وێنەیەکی باش و سەرکەوتووی پێشکەش بەهیچ لایەك نەکرد . وبەتایبەتیش لەگەڵ کورد و ماف و داواکاریە ڕەواکانیدا ، ئەوەبوو 2جار بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود نامەی توند و ناڕەزاییان دایە و وەزیرە کوردەکان گلەیی خۆیان کرد لە جیاوازیکردنیان و سەرجەم گەلی کوردیش لەسەر جێبەجێنەکردنی مادەی 58ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت گلەیی و ناڕەزایی خۆیان نواند بەرامبەر بەم پیاوە و دارودەستەکەیی و هەڵسوکەوتەکانیان دژ بەکورد و لەئەنجامیشدا هەر سوور بوو لەسەر بەرنامە تەسك و حیزبایەتی و مەزهەبیەکەی خۆی و تاك ڕەوانە هەڵسوکەوتی دەکردو حسابی بۆ داواکانی کوردو سەرکردایەتیەکەی نەکرد و هیچ پەشیمان بونەوەو نەرمیەکیشی نەنواند .

➢ بۆیە لەئەنجامدا دەتوانیین بڵێین و پێشبینی بکەین کە 4 ساڵی داهاتوو لەنێوان جەعفەری و بەگشتی سەرجەم لایەن و مەزهەب و نەتەوەکان و بەتایبەتیش کورد 4 ساڵی سەخت و دژوار و ووشك دەبێت ، بەتایبەتیش گەر جەعفەری سووربێت لەسەر ئەو ڕەفتار و سیاسەتە تاکڕەو و ناژیرانەیەی ..



www.dengekan.com



ڕاستە لە ئێستادا کورد لیستی دووەمی براوەیە بەڵام گروپ و تەکەتولی تری سونە و عیلمانی و نەتەوەییەکانی تریش هاتونەتە گۆڕەپانەکەوە و سەنگ و قورساییان هەیە و پێویست دەکات حسابیان بۆ بکرێت و بەشداریان پێبکرێت لە حکومەت و بڕیارداندا و ئەگەریش لەیەك کوتلەدا یەکبگرن ئەوا ئەوان دەبنە لیستی دووەم و کوردیش لیستی سێیەم و لەوکاتەشدا کورد وەك پێشتر هێز و قورسایی نامێنێت لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیدا .

➢ ڕاستە کورد هەمیشە برای تەوافوق و تەبایی نێوان هەمووان بوە بەڵام لە یاریە سیاسیەکاندا زۆر جارانیش دوژمنە سەرسەختەکانیش یەکدەگرن دژ بە دووژمنی هاوبەشیان بۆیە کوردو سەرکردایەتیەکەی پێویستە زۆر بەووریای و زیرەکانە و حەکیمانە بچێتە ناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزانەوە و هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتنامە لەگەڵ لایەنی براوەدا بکەن بۆئەوەی لەم 4 ساڵەدا بتوانن زیاترین ماف و داواکاری گەلەکەمان لە یاسا و دەستووردا بچەسپێنن ,و بتوانن هەموو مافە یاسایی و دیموکراتیەکان پەیڕەو بکەن بە پێی ئیستیحقاقی پەرلەمانی کە لیستی دووەمی براوەن و لەهەمان کاتیشدا نەتەوەی دووەمی عێراقن ..

➢ بۆیە ئەگەر هەڵوێستەکانی کورد لەلایەنگری تەبایی و برایەتی و تەوافوق و لێکتێگەیشتن لەلایەن جەعفەری و حکومەتەکەی و لیستەکەیەوە بە بێهێزی و لاوازی و ناپەرۆشیەوە لێکدراریەوە ئەوا کورد دەتوانێت بەپێی یاساو ڕێکەوتنەکانی نێوان کوردو شیعە هەرەس بە حکومەتەکەی بهێنێت و بکشێتەوە لە پەرلەمان و حکومەتدا .. بۆیە پێویستە چەندە کورد بە پەرۆشە بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و داهاتووی عێراق و گەلەکەیەوە ، دەبێت جەعفەری و هەموانیش هێندەی تر بەتەنگیەوە بن ئەگینا عێراقی فیدراڵی ودیموکراسی و پەرلەمانی هیچ مانایەکی نامێنێتەوە و بەرەو هەرەس و بەفەناچوونی یەکجارەکی دەچێت و ئەوکاتەش کورد لێپرسراو نابێت لە هەڵوەشان و جیابونەوەی لەو دەوڵەتەی کە عەرەب خۆی دەستی هەبێت لە ڕووخاندن و پارچەپارچە بوونیدا .....

---

*ئەم ووتارە لە سایتی کوردوستان پۆست و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 170 لە 2006/2/25دا بڵاوکراوەتەوە



www.dengekan.com



# ئایندەی شاری سلێمانی بەرەو کوێ دوای یەککگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان*

➢ ئاشکرایە هەموو شارێك مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە و گەلێك هۆکار کاردەکەنە سەر دەرکەوتنی و بەناوبانگ بوونی و وای لێدەکەن کە گرنگی زۆری هەبێت لەوهۆکارانەش هۆکاری سیاسی و ئابوری و ئەدەبی و کەلتوری و ..هتدن و هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافیاو هۆشیاری دانیشتوانەکەشی بەهەمان شێوە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لەزیادبوونی گرنگی شار یان ووڵاتدا.

هەربۆیە لەگەلێك ووڵاتی دونیادا هەندێ شار هاوشانی پایتەختی ووڵاتەکانیان بەناوبانگن و بگرە زۆرجارانیش لە پایتەختەکانیش بەناوبانگتر و گرنگترن هەریەکەیان لەڕووی سیاسی یان ئابوری یان دینی یان گەشتوگوزاری و کەلتور و ئەدەبەوە .بۆنموونە شاری ساوپاولۆی بەڕازیل بەهەمان شێوە بگرە زیاتریش لەشاری ڕۆدیجانیرۆی پایتەخت لەڕووی ئابوریەوە بەناوبانگترە , هەروەها شاری مانشستەری بەریتانیا هاوشانی لەندەنی پایتەخت لەڕووی پیشەسازیەوە گرنگی خۆی هەیە , لەئەمریکادا شاری نیۆیۆرك

هیچی کەمتر نیە لەڕووی گرنگی سیاسی و ئابوری لەواشنتۆنی پایتەخت. لە وولاٌتی چین هەرێمی شانغهای و هۆنگ کۆنگ گەلێك زیاتر لە پەکینی پایتەخت کاریگەری و گرنگیان هەیە, لە ئەڵمانیدا شاری بۆن بەهەمان شێوەی بەرلینی پایتەخت گرنگی خۆی هەیە , لە ئیماراتی عەرەبی شاری دوبەی زۆر زیاتر لە شاری ئەبوزەبی پایتەخت بەناوبانگترە , لەتورکیادا شاری ئەستانبوڵ بەهەمان شێوە یان زیاتر لە ئەنقەرەی پایتەخت بەناوبانگتر و کاریگەرترە.

بەم شێوەیە دەبینین کە هەندێك وولاٌت بەشێوەیەکی تایبەت گرنگی دەداتە پایتەختی وولاٌتەکە و دەسەلاٌتە سیاسیەکان و ناوەندەکانی بڕیاری و دام ودەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەتی تیادا کۆدەکاتەوە , بەلاٌم لەپاڵ ئەمیشدا گرنگی دەداتە هەندێك شار و شارۆچکە و هەرێمی تریش بۆئەوەی هیچ شار یان هەرێمێك پشتگوێ و پەراوێز نەخرێت و لەگرنگیە مێژوویەکەی کەم نەکرێتە وە و کاریگەری لەسەر ئایندەی گەشەکردنی وولاٌت لەبەرچاو دەگیرێت .

کوردوستانیش بەدەرنیە لەم چوارچێوەیە و ئەوەتا کوردوستان کە لەچوار شاری گەورە وگرنگی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆك پێك هاتوە لەپاڵ ئەمانیشدا هەندێ شارۆچکە گرنگی



كوردو ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست ...

تریشی تیادایە وەك پێنجوێن و زاخۆ و خانەقین و هەڵەبجە و کەلار و ...هتد

لێرەدا مەبەستمانە ڕۆڵی شاری سلێمانی لەڕابوردو و ئێستاو ئایندەشدا دەربخەین بۆئەوەی چۆن لەڕابووردودا گرنگ و بەناوبانگ بوە هەرئاواش لە ئایندەدا بمێنێتەوە ..

- ئاشکرایە شاری سلێمانی لەوکاتەوەی دامەزراوە لەلایەن پاشاکانی بابانەوە لەساڵی 1784دا وهەر لەسەرەتاوە بۆ پایتەخت دروستکراوە و کاری دیزاین و نەخشەکێشانی ئەم شارە بەشێوەیەکی ئەندازەیی جوان و ڕێك و پێك کێشراوە و نەخشەی کۆلاٌن و گەرەك و مزگەوت و ئاوەڕۆ و خوێندنگە و شەقام و حەمام و جێگەکانی تر بەشێوەیەکی جوان ڕێکخراوە و هەر لەچرکە ساتی دامەزراندنیەوە گرنگی زۆری هەبوە و کاریگەری گەورەشی لەسەر هەموو ناوچەکانی دەورووپشتیشی داناوە , سلێمانی لەگەڵ ئەوەی پایتەختی سیاسی ئیمارەتی بابانەکان بوە و جێگەی دانیشتن و حوکمڕانی پاشاکانی بوە لەهەمان کاتیشدا مەڵبەندی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی بوارەکانی ئەدەب و هونەر و شیعر و گۆرانی بوە و بەهەمان شێوە مەڵبەندی سەرهەڵدانی هەردوو تەریقەتی ئاینی قادری و نەقشبەندی بوە , سلێمانی کەلەئێستادا تەمەنی 222 ساڵە و بەچاو شاری هەولێردا لەتەمەنی گەنجی و لاویدایە و لەتەمەنی

www.dengekan.com

بەخشش و ڕۆڵ بينينى گەورەترداية لەم سەردەمەدا و هەميشە هەروا بوە و كوانوى جۆشدان و هەلأيسانى شۆڕش و ڕاپەڕين و خۆپيشاندان و بزوتنەوە سياسيە نەتەوايەتيەكانى كورد بوە و بەهۆى هۆشيارى دانيشتوانەكەشيەوە گەلێك ڕۆڵەى بەناوبانگى خستۆتەوە لەهەموو بوارەكانى سياسەت و ئابورى و كۆمەلأيەتى و دينى و هونەردا كە جێگە دەستيان دياربوە بەسەر ڕابوردوو ئێستاو ئايندەى سەرجەم گەلى كوردەوە لەهەر چوار پارچەكەى كوردوستاندا . سلێمانى هەروەك چۆن پايتەختى بابانەكان بوە لەسەردەمى حوكمڕانى مەليك مەحموديشدا پايتەختى مەملەكەتەكەى ئەويش بوە , ئەم شارە لەسەردەمەكانى پاشايەتى و بەعسيشدا هەميشە پێشەنگ و ڕابەر بوە لە دژايەتى كردنى سياسەتەكانى ئەو ڕژێمانەدا و سەر قافڵەى كاروانى خەباتى كوردايەتى بوە و دوژمنانيش هەميشە بەسەرى ڕمەكە و بەمايەى سەرئێشە و مەترسيان زانيوە بۆ سەر دەسەلأتەكانيان و هەربۆيەش هەرچى پێيان كرابێت دژايەتى ئەم شارە و دانيشتوانەكەيان كردوە و هيچ خزمەتگوزاريەك و پڕۆژەيەكى گەورە و ستراتيژيان لەم شارەدا نەكردۆتەوە بۆئەوەى ڕۆڵ و كاريگەرى كەمبكەنەوە و بچوك و بێهێزى بكەن .بەهەمان شێوە شارى سلێمانى لەسەردەمى نوێشدا و لە شۆڕشى ئەيلول و شۆڕشى نوێى گەلەكەشماندا ڕۆڵ و



www.dengekan.com



كاريگەرى بەرچاوى هەبوە لە هەلأيسانى شۆڕشەكاندا پشت و پەناى سەرەكى شۆڕش بووە.و بەقەلأى سياسى يەكێتى نيشتيمانى كوردوستانيش دادەنرێت و لەساڵى 1997 يشەوە جارێكى تر بوەوە پايتەختى بەشێك لە حكومەتى هەرێمى كوردوستان و بوە سەنتەرى بڕياردان و سەرجەم دام و دەزگاكانى حكومەتى تيادا دامەزراو تا يەكگرتنەوەى هەردوو ئيدارەكە شارى سلێمانى پێشكەوتن و گەشەيەكى بەرچاوى بەخۆوە بينيوە كە جێگەى سەرنج ڕاكێشانى دۆست و دوژمنان بوە , سلێمانى نەك هەر لەڕووى سياسيەوە گرنگى هەيە بەڵكو لەڕووى ئابوريشەوە هەمان گرنگى خۆى هەيە چونكە كەوتۆتە نزيك سنوورى وولأتى ئێران و كاروان سەراى قافڵەكانى بازرگانى بوە لە كۆن و ئێستادا , لەلايەكى تريشەوە بەوەى كە شارى سلێمانى يەكەم شارى كوردوستانە كە زانكۆى تيادا كرابێتەوە لەساڵى 1968دا ئاستى هوشيارى و كرانەوە و لێكتێگەيشتنى هاولأتيانى گەلێك بەرزە و لەڕووى زانست و كۆمەلأيەتيشەوە شارێكى ڕۆشنبير و كراوە و مۆدێرنە , ئەمە سەرەڕاى بوونى چەندين جێگەى سەيرانگاو گەشتوگوزارى كە هێندەى تر شارەكەى جوان و ڕازاوەتر كردوە .

بەم شێوەيە دەبينين كە شارى سلێمانى هەر لەسەرەتاى دامەزراندنيەوە ڕۆڵ و كاريگەرى هەبوە لەسەر ڕووداوەكانى

کوردوستان و مێژوویەکی پڕ سەروەری و پرشنگداری تۆمار کردوە .

- ➢ لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و گەڕانەوەی وەزارەت و دام و دەزگا سەرەکیەکانی بۆ شاری هەولێری پایتەخت ئایندەی شاری سلێمانی بەرەو کوێ دەچێت ؟؟؟؟

لەوەڵامدا دەڵێین ڕاستە پایتەخت لەهەموو وولاتێکدا گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و حکومەتیش لەهەموو ڕووەکانەوە گرنگی پێدەدات چونکە پایتەخت مەڵبەندی دەسەڵاتە و پێگەی پێگەیشتن و دامەزراندنی ئۆفیس و کونسوڵخانە و سەفارەتی وولاتانی بێگانەیە, بۆیە پێویست دەکات کە جوانکاری و هەموو گرنگیەکی پێبدرێت, شاری هەولێریش کە یەکێکە لە هەرە کۆنترین شارەکانی جیهان و مێژوویەکی تایبەتیشی هەیە ناکرێت پەراوێز و پشتگوێ بخرێت , بەڵام لەپاڵ ئەویشدا وەك وولاتانی تری دونیا نابێت شارە گەورە و گرنگ و مێژوویەکانی تر پەراوێز و کەنارگیر بکرێن بەڵکو دەبێت بە هاوشان یان زیاتریش لە پایتەخت گرنگی بدرێت بەهەندێ شار و شارۆچکەی تریش , بۆیە دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردوستان لەدوای یەکگرتنەوەش بەهەمان شێوە و گوڕو تینی پیشتر گرنگی



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

بداتە شاری سلێمانی و لە بایەخ و گرنگی و گەورەیی مێژووەکەی کەم نەکاتەوە کەئەوەش بەوە دەبێت کە حکومەت هەندێك لە دام و دەزگاکانی لەم شارەدا بکاتەوە و لانی کەم بیکاتە پایتەختێکی ئابوری کوردوستان و لەداهاتودا هەندێك لەکونسوڵخانەی وولاتان لەم شارەدا بکاتەوە و هانی کۆمپانیا تایبەتەکانی بیانی بدات کە لەسلێمانی مەڵبەند و لقیان بکەنەوەو حکومەت پرۆژە ی خزمەتگوزاری و پیشەسازی و بازرگانی گەورە لەسلێمانیدا دابمەزرێنێت و هەوڵی بەستنەوەی سلێمانی بدات بەشارەکانی هەولێر و کەرکوك و سنورەکانەوە لەرێگەی هێڵی شەمەندۆفێرەوە و تۆری ڕێگاوبانەکان و پردەکان باشتر ڕێکبخاتەوە و گرنگی زیاتر بداتە فرۆکەخانەی نێودەڵەتی سلێمانی و گەورەتر و فراوانتری بکات و هەوڵی کردنەوەی چەندین هۆڵی سینەماو شانۆو مۆزەخانەی گەورەی مۆدێرن بدات بۆ پێشخستنی هونەرو ئەدەب و کەلتوری کوردی و یاریگایەکی گەورەی نێودەڵەتی و شاری یاری هەمەجۆری تیادا دابمەزرێنێت , دەکرێت حکومەت گەلێك پرۆژەی تریش دابمەزرێنێت و سلێمانیش هاوشان لەگەڵ هەولێر و شارەکانی تریش گەشە بکات و ڕۆڵ و کاریگەری زیاتری هەبێت نەك کەم بکاتەوە . بەڵام گەر حکومەت بەپێچەوانەوە مامەڵە و پلانی هەبوو ئەوا ئایندەی

www.dengekan.com

سلێمانی بەداخەوە پەراوێز و پشتگوێ خستن دەبێت و بەرەو بچوك بونەو و بۆ دواوە دەگەڕێتەوە .

➢ بەڵام خاڵێکی ڕۆشن و دڵخۆشکەر لە ئایندەی ئەم شارەدا ئەوەیە کە دانیشتوانەکەی گەلێك ڕۆشنفکر و هۆشیارن و بەڕادەیەك کراوەن کە زۆر بەخێرایی داهێنان و کەلتورە نوێکان وەردەگرن و توانای تێکەڵاوبونی شارستانیەتە نوێکانیان هەیە هەر ئەمەش ئەم شارەی بە زیندوویی هێشتۆتەوە , بۆیە ئومێدی زۆر هەیە کە لەداهاتووشدا هەمان ڕۆڵ و کاریگەری ڕابووردووی هەبێت و ئایندەشی وەك ڕابووردووە پڕ سەروەری و گەشەدارەکەی پرشنگدارتر و پێشکەوتووتر بێت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ..

---

*ئەم ووتارە لەسەر داوای کاك کامیل پەیامنێری گۆڤاری سلێمانی نوسرا.بەڵام ئاگادارنیم کە بڵاوکرابێتەوە.

## ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی
## لە کوردوستاندا
## بۆ کێ دەبێت و بەرەو چ ئاڕاستەیەك دەچێت ؟*



www.dengekan.com



وەك ئاشکرایە گەلی کورد یان ڕاستر نەتەوەی کورد کە لە ئێستادا ژمارەی دەگاتە نزیکەی 40 ملیۆن کەس لەکوردوستانی گەورەدا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی هەر لەوکاتەی کە دابەشکراوە بەسەر چوار وولاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەنددا و بۆتە چوار پارچەوە و بەم شێوەیەش دەسەڵاتێکی سیاسی خۆماڵی لەکوردوستاندا دانەمەزراوە و کورد نەیتوانیوە دیدو بۆچوون و سیاسەت و ئەدائی سیاسی خۆی بۆ گەلان و نەتەوەکانی دەوروپشتی و جیهانیش ئاشکرا بکات و نەیتوانیوە یان ڕێگەیان پێنەداوە کە ڕۆڵی ئەکتیڤی خۆی ببینێت لەئاشتی و پاراستنی کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی لە شەڕو ئاژاوەکاندا , بەتایبەتیش کە نەتەوەیەکی زیندوو بەتوانا و خاوەن کەلتوور و مێژوو و جوگرافیاو دابو نەریت و زمانی تایبەتی خۆیەتی و گەر لێبگەڕانایە دەیتوانی هاوکاری و هاوبەشی جدیانە بکات .

➢ بەڵام خۆشبەختانە و لەدوای ڕاپەڕینی گەلی کوردوستان لە باشووردا لەساڵی 1991 وە توانرا پەڕلەمان و حکومەت و دەسەڵاتێکی سیاسی هەرێمایەتی کوردانە دابمەزرێت. گەرچی لە هەڵەو کەموکوڕی و ناتەواوی بەدوور نەبوو کە هێندەی تاوانی دوژمنان و پیلانە ناحەزانەکانیانی تیادا بوو هێندە کورد خۆی دەستی تیادا نەبووە, هەر لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ و دووکەرت بوونی دووئیدارەکە و بچووك بوونەوەی مەقامی کورد

له ناوخۆو ناوچەکە و دونیاشدا و کالْ بونەوەی بیری نەتەوایەتی و زاڵبوونی بیری حیزبایەتی و تەکەتولچێتی و عەشایەرچێتی و ...هەموو دیاردە خراپەکانی تر. هەموو ئەم هۆکارە نەگەتیڤانە وای کرد کە دەسەلاَتی سیاسی کورد لە گەشەکردن و پتەوبوون و چەسپاندنی بوەستێت و نەتوانێت خواست و ویستەکانی کۆمەلاَنی خەڵك لە ئاوەدانکردنەوەی زیاتر و ساڕێژکردنی برینەکانی ڕابووردو و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگاو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی کۆمەلاَنی خەڵك جێبەجێبکات, لەکاتێکدا کە گۆڕانەکانی دەوروبەر و دونیاش هێندە گەورەو کاریگەربوون کە پێڕانەئەگەیشت لەگەڵیاندا پێشبکەوێت . گۆڕانە یەك لەدوایەکەکانی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکا و هەڵگیرساندنی شەڕی دژە تیرۆرو سەرهەڵدان و گەشەکردنی زیاتری بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەکوردوستاندا(( بەمیانڕەو توندڕەویانەوە )) هێندەی تر دەسەلاَتە سیاسیەکەی لەکوردوستاندا سەرقاڵ و ناجێگیر کرد.

بەم شێوەیە لەبەرامبەر دەسەلاَتی سیاسی کوردا ( بەهەردوو ئاڕاستەی جیاوازی پارتی و یەکێتی وەك دوو زلهێزو پارتی دەسەلاَتدار ) لەکوردوستاندا کە پێکەوە نماینەدەی بیروڕاو ئایدیایەکی نەتەوەیی و عیلمانی و پێشکەوتنخوازیان دەکرد لەگەڵ هەموو هێزە سیاسیە عیلمانیەکانی تردا.ئاڕاستەیەکی





سیاسی جیاواز پەیدا بوو لەبیربۆچوونی سیاسی کە خۆی لە ئیسلامی سیاسیدا دەنواند و بەنهێنی و بەئاشکرا دژایەتی دەسەلاَت و سیاسەت و کارو پڕۆژە و پلانەکانی دەسەلاَتە سیاسیە کوردانەکەیان دەکرد. هەربۆیە کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لەڕاپەڕینەوە و تاکو ئێستاش بەسەر ئەو دووئاڕاستە جیاوازە لە فکر و ڕێباز و خیتابدا دابەشبووە .

بەرەی دەسەلاَتی سیاسی کە خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارە لە خەبات و مقاوەمەت دژی ڕژێمی بەعس و تاوانەکانی و لەدوای ڕاپەڕینیشەوە دەسەلاَتی سیاسی حوکمیان لەدەستدابوە و هێندەی دی خزمەتیان بەگەل و نیشتیمان کردوە و بەهەموو لێلی و ئالۆزیەکانیەوە توانیویانە کە کەشتی کوردایەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لە 2003دابگەیەننە مەنزڵێکی ئارام و زۆر سەرکەوتوو نەك هەر لەکوردوستاندا بەڵکو لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا.

هەرچی بەرەی ئیسلامی سیاسیش هەیە کە نەخاوەن مێژوویەکی خەباتی کوردانەی ڕەسەنن (( ئەگەر هەمووشیان نەبێت )) دژی ڕژێمی بەعس و تاوانەکانی .نەخاوەن مێژوویەکی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەشن لەکوردوستانی کاولی دوای ڕاپەڕینیشدا , ئەگەر لێرەو لەوێش

www.dengekan.com

کارێك یان پرۆژەیەکیان کردبێت پاڵنەری سیاسی لەپشتەوە بووە نەك سوود گەیاندن بە گەلی کورد.

ئەم بەرەیە بەرەیەکی کۆنەپارێزی دوژمن بەدەسکەوت و دەسەڵاتی کورد بوونە و یەکەم ئاگری شەڕی ناوخۆش هەر لەمانەوە دەستی پێکرد و لەسەرەتاشەوە کە خۆیان بەگەورەو قەبە دەهاتە پێش چاو هێزیان دایە بەر خۆیان و بەگژ قولەی قافدا چونەوە و ئەنجامەکەشی بەسەر خۆیاندا شکایەو لەهەموو کوردوستاندا بچوك و بێزراو تەفروتوناکران . چونکە بزوتنەوەیەکی خۆڕسکی مێژووکردی ڕەسەنی کوردانە نەبوون و خاوەن جەماوەر و پێگەیەکی فراوان نەبوون , بەم شێوەیە لە قۆناغی چەکداریدا نەیان توانی سەربکەون. ئیدی ئەو بزوتنەوە ئیسلامیە کەرت بوە چەندین هێڵ و خەت و حیزبی ئیسلامی میانڕەو توندڕەوی لێ جیابوەوە وهەریەکەشیان خۆی بە نمایندەی خواو خەڵکیش دەزانی و دەیانوویست خۆیان لەگەڵ بارودۆخە سیاسیە نوێکەدا بگونجێنن و لەدەسەڵاتی سیاسی نزیك ببنەوەو تێکەڵاوی ببن . ئەوەبوو لە هەڵبژاردنەکاندا و لەدوای ڕووخانی بەعسیەکانەوە کەوتنە خۆ بۆ دەنگ کۆکردنەوە و توانیان تاڕادەیەکی بەرچاو بەبەراوورد لەگەڵ یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی 1992دا دەنگی



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

زیاتر بەدەست بهێنن و ببنە خاوەن کورسی و وەزارەت چ لەحکومەتی کوردستاندا بێت یان لە حکومەتی عێراقدا بێت .

- لەدوای ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی لە بەڵانسی سیاسیدا ڕوویانداوە لە نێوان ئەو دووبەرەیەدا ئەو پرسیارە خۆ دەسەپێنێت کە ئایا ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لەکوردوستاندا بۆ کێ دەبێت بەرەی نەتەوەیی و کوردانەی ڕەسەن و عیلمانی و پێشکەوتنخوازەکان یان بەرەی ئیسلامی سیاسی و کۆنەپارێزەکان ؟؟ و ئایا بە چ ئاقارێکدا گوزەر دەکات و بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت ؟؟؟؟؟

ئەگەر سەر پێیانە و ڕووکەشانە سەیری ڕووداوەکان و ئاڕاستەکان و ئاستی گۆڕانی بەڵانسە سیاسیەکان و هێزەکان بکەین و ئەو گەشە و سەرکەوتنە ماوە کورت و تەکتیکیانەی ئیسلامی سیاسی ببینین لە کوردوستان و ناوچەکەدا( لە ئێران و تورکیاو فەلەستین و لوبنان و میسر و ...هتد ) دەبێت ڕاستە و خۆ بڕیاری ئەوە بدەین کە ئایندە بۆ ئیسلامی سیاسیە لەکوردوستاندا .

بەڵام خۆشبەختانە وانیە , چونکە سەرەتا کۆمەڵگەی کوردەواری ڕاستە لەمێژە وە ئاینی ئیسلامی پاك و بێگەردی وەرگرتوە و لەهەموانیش باشتر و پاکتر و ڕاستگۆیانەتر پاراستویەتی و ڕایگرتوە بەڵام هەرگیز قبوڵی دەسەڵاتێکی

www.dengekan.com

سیاسی ئیسلامی توندڕەو یان میانڕەوی نەکردوە, لەبەرئەوەی کۆمەڵگایەکی کراوە و ڕۆشنبیر و نەتەوەییە وەك لەوەی کۆمەڵگایەکی ئاینی و مەزهەبی و کۆنە پارێز بێت ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە گۆڕانکار ی و پێشکەوتنەکان لە ناوچەکە و دونیاشدا بەبەرژەوەندی ئیسلامی سیاسی نیە , چونکە شەڕی دژە تیرۆر کە لەدونیادا بەرپاکراوە و بەردەوامیشی هەیە ڕاستەو خۆ دژ بە ئیسلامی سیاسیە . بۆیە ئەم بەرە کۆنەپارێز و بچووك و بیٚ دەسەلاٌتە هیچ کاتێك خۆی پێراناگیرێت لەبەردەم هێزی گەورەو زەبەلاحی ئیرادە و دارایی و مرۆیی و هێزی سەربازی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی دونیا .

هەروەها پێشکەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکان و بچووك بونەوە ی دونیاش لەسەردەمی بەجیهانی بووندا لەگەڵ بەرنامە و عەقڵی دۆگما و ژەنگاوی و بچووکی ئیسلامی سیاسیدا نایەتەوە و یەکانگیر نابێت. هەربۆیە لە ئێستاشدا و لەکوردوستانی ئازاد و دیموکراس و کراوە بەسەر هەموو دونیادا کۆمەڵگەی کوردەوای هوشیارتر و گەشەکردو تر و زیندوانەتر لەجاران مەترسی گەشەی کۆنەپارێز و ئیسلامی سیاسی لەسەر نەماوە و هیچ کاتێك ئامادەنیە ڕۆژ و داهاتووی ڕووناك و پرشنگدار بگۆڕێتەوە بە شەوەزەنگی تاریکی و



www.dengekan.com



دواکەوتووی و هەژاری و نەخوێندەواری و مل کەچکردن بۆ دەسەلاٌتێکی بێزراو و ناتەبا لە گەڵ ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانیە کوردانەکەیدا .

ئەمەش وادەخوازێت لەدەسەلاٌتی سیاسی کوردوستان لە جاران زیاتر بەدەم کێشە و گرفتە نەتەوەیی و مەدەنی و دیموکراسیەکانەوە بێت و زیاتر خەمخۆری خزمەتگوزاری و بەدیهێنانی خەونەکانی سەرجەم چین و توێژەکان بێت و خۆی بپارێزێت لەگەندەڵی و فەساد و کەموکوڕی و هەڵەی کوشندە و هیمەتی زیاتر بکات بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەلاٌیەتی و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دابینکردن و پاراستنی ئازادیەکان و گەشەپێدان و تۆخکردنەوەی بیری کوردایەتی ڕەسەن لە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەدا. بەم شێوەیە بەدڵنیاییەوە ئایندەیەکی گەشی ڕووناك چاوەڕێی کۆمەڵگەی کوردەواری و نەوەکانی داهاتوومان دەکات دوور لەبیری تەسك و بچووك و تاریکپەرستانی ئیسلامی سیاسی .

---

*ئەم ووتارە لە سایتی کوردوستان پۆستدا بلاٌوکراوەتەوە

## ئایا وەزیرەکانی هەردووحکومەتی هەرێم ماوەیان تەواو بوو یان دەرکران ؟*

❖ ئاشکرایە لەهەموو دونیادا و لەهەموو حکومەت و ئیدارەیەکدا گەورەبێت یان بچووك ئەو ئیدارەیە بەپێی کۆمەڵ گەلێك ڕێنمایی و ئصولّی ئیداری بەڕێوەدەچێت بۆ کارئاسان کردن و بەڕێوەبردنی کار و مامەڵەی ڕۆژانەی هاولاٌتیان و ئەو ئیدارەیە . چەندە ئەو ڕێنماییانە وەك خۆیان و لەکاتی خۆیاندا



www.dengekan.com



جێبەجێکران ئەوەندە ئەو ئیدارەیەش سەرکەووت وبێ هەڵە و کەموکوڕی دەبێت بەپێچەوانەشەوە جێبەجێنەکردنی یاساو ڕێنماییەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی فەوزاو تێکچڕژانی دەسەلاٌتەکان و پەککەوتنی ئەو ئیدارەیە .

➢ یەکێك لەو ڕێچکە ئیداریانە کە سەرەتای ئەلف و بێی ئیدارەیە بریتیە لەوەی کە هەرکاتێك فەرمانبەرێك لە بچووکترین پلەی وەزیفیەوە تا بەرزترین فەرمانبەر لەکاتی دامەزراندن یان گواستنەوە یان لەسەر کار لابردن یان کۆتایی هێنان بەڕاژەکەی دەبێت بەفەرمانێکی سەرۆکایەتی یان وەزاری یان کارگێڕی ڕۆژ و کاتی کۆتایهێنانەکەی دیاریبکرێت و تا کەسی دووەم دێتە جێگەی دەبێت ئیشوکارەکان ڕایی بکات و ئەوکات دەوروتەسلیم لەگەڵیدا دەکرێت و ئەستۆپاکی خۆی وەردەگرێت و ماڵئاوایی دەکات . و ئەگەر کەسێکی بەتوانا و کاراو جێگە دەستی دیار بوو لە کارو پڕۆژەو لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کاری کردبوو خەلاٌت یان پاداشت یان لانی کەم سوپاس و پێزانینێکی ئاڕاستە دەکرێت وەك ڕێزگرتنێك لەهەوڵ و ماندووبوون و دڵسۆزی .

ئەوسا بەهەمان شێوە بەفەرمانێکی تر کەسی دووەم دەستنیشان دەکرێت و دێتە جێگەکەیی و دەوروتەسلیم دەکەن و ئەستۆپاکی دەدەنە کەسی یەکەم و دووەمیش دەست بەکار دەبێت .

- بەلام لەکوردوستانی خۆماندا و لەحکومەتە بێ وێنەکەماندا ئەم ڕێوڕەسمانە یان ناکرێن یان پشتگوێ دەخرێن ئەویش لە گرنگی نەدان بەو یاساو ڕێنماییانەوە دێت یان لە کەم شارەزاییەوە دێت . بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە ڕوویدا لەپڕۆسەی یەکگرتنەوەی حکومەتدا ئەویش ئەوەبوو:
- کە لە هەردوو ئیدارەکەدا ئەم ڕێوڕەسمانە جێبەجێنەکراون و پشتگوێ خراون و هیچ حسابێك بۆ وەزیرە کۆنەکان نەکراوەو بەفەرمانێك نەکۆتایی بەڕاژەکانیان هاتوە نە مۆڵەتی بێ مووچە یان بە مووچەیان بۆکراوە و نەخانەنشینیش کراون و نەخەلات و پاداشت و نە سوپاسیش کراوە و نەوەکو میوانە بەڕێزە بیانی و ناوخۆییەکانی تریش ڕێزیان لێگیراوە ونە بانگیش کراون بۆ هۆڵی متمانە پێدانی کابینەی نوێ و هیچ کەسیش سوپاسی هەوڵ و ماندوبونیانیان نەکرد و ناویان لەکولەکەی تەڕیشدا نەهات .و نەدەوروتەسلیمیان لەگەڵدا کراو نەئەستۆپاکیشیان دراوەتێ.
- ئەم هەڵوێستەی حکومەتی هەرێم چەند لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت :-

1. دیارە هەردوو حکومەت زۆر بێزاربوون لەو وەزیرانە بەچاك و خراپیانەوە و خوازیاربوون ڕۆژێك زووتر لەکۆڵیان ببنەوە



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

2. هەردوولا هەموانیان ئەوەندە بەگەندەڵ و فاشل و بێ توانا زانیوە کە نەیان ویستوە نەخەلات و نە پاداشت و نە سوپاسیان بکەن
3. نەکردنی دەورو تەسلیم و وەرنەگرتنی ئەستۆپاکیان وادەکات کە دۆسیەکانیان بەکراوەیی بمێنێتەوە و هەرکاتێك ویسترا لێکۆڵینەوە و لێپیچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت
4. ئەو وەزیرە کۆنانە چونکە بەفەرمانێك چارەنوسیان دیارنەکراوە لەسەروو خۆیانەوە لەم ماوەیەدا کە لەماڵەوە دانیشتوون کەس نازانێت  مۆڵەتی بێ مووچەن یان بەمووچە ئایا بە غائب حساب دەکرێن.یان....

کە دەبێت هەموو ئەم کارانە بەفەرمانێکی سەروو خۆیان دیاریبکرێن .

- لێرەدا دەپرسین: ئایا حکومەتی هەردوولا کە دەیانزانی یان ئەوەندە داخ لەدڵ بوون لەو وەزیرە کۆنانە بۆ زووتر لایان نەبردن یان نەیان گۆڕین بەکەسی شیاوتر ؟؟ یان ئەگەر وەزیرێك گەندەڵ و بێ توانا و فاشل بوە یان لەوەزارەتەکەیدا گەندەڵی و مشەخۆری و فەساد هەبووە بۆچی زووتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە ؟؟؟ ئایا لەبەر سومعە و ناوبانگی وەزیرەکان بوە یان ناو و ناوبانگی حکومەت خۆی بوە ؟؟؟ئایا ئەگەر لەبەر ناوناوبانگی حکومەت و وەزیرەکان

بوە ئەی گوایە مافی هاولاتیان و بەرژەوەندیە بالآکانی وولات لەکوێ دایە ؟؟؟؟؟

- ➢ بۆ وەلآمی هەموو ئەم پرسیارانە دەلێین ئەگەر بەچاوێکی مرۆیی و بەویژدانێکی کەمێك زیندووەوە سەیر بکەین دەتوانین بلێین کە هەموو ئەو وەزیرە کۆنانە گەندەلْ و بێ توانا نەبوون و بگرە هەندێکیشیان زۆر هەلسوڕاو لەلایەن فەرمانبەر و هاولاتیانیشەوە جێگەی ڕێز و تەقدیر بونە و جێگە دەستیان دیاربوە لەوەزارەتەکانیاندا , بۆیە دەکرا جیاوازی لەنیوانیاندا بکرایە و کەسی بەتواناو سەر ڕاست و ئەمین و دەست پاکیان لەگەلْ کەسی گەندەلْ و بێ توانا جیابکردایەتەوە .. ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەلەم کابینە نوێیەشدا هەندێك کەسی تیادایە کە لە ڕابوردوودا لە حکومەتدا پۆستی هەبوە و لەسەر کەموکوڕی و بێ توانایی و گەندەلیش لابراون و ئێستا هاتونەتوە ناو حکومەت و کۆمەلانی خەلکیش هەموانیان باش دەناسێت . جابۆئەوەی لەداهاتووشدا ئەمانیش بەدەردی ئەم وەزیرانەی کە دەرکراون و لابراون نەچن پێشنیاز دەکەم کە:
- ➢ لە پرۆسەی ئالوگۆڕکردن و گۆڕانی کابینەی وەزاریدا لەداهاتوودا ئەو ڕێو شوێنە ئیداریانە پەیرەو بکرێت و وەزیری دلسۆز و کارامە هەست بەغوبن و پێشێلکردنی ماف



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

و پشتگوێخستن نەکەن کە من دلنیام لەوەی زۆربەی وەزیرەکان زویرو تورەن لەو مامەلەیەی لەگەلیاندا کراوە, چونکە هەر هیچ نەبێت لەوماوەی پۆستانەیاندا هەندێك کاریان کردوە کە جێگەی پێزانین بن ..

ئەم ڕێساویاسایانە لەحکومەتە بێ بنەماو شلۆق و پڕگێژاوەکەی بەغدادا پەیڕەو دەکرێت و تاوەزیری نوێ دەست بەکار نەبێت وەزیری کۆن مالئاوایی ناکات بەبێ دەوروتەسلیم ئەگەر ڕۆتینیش بێت , چۆن دەبێت لەحکومەتی هەرێمدا بەڕێوە نەچێت کە خۆمان بە پێشەنگ و پێشکەوتووتر لەوان دەزانین , ئایا ئەمە هەنگاوێگ نیە بۆ پێشەوە و دووهەنگاویش بۆ دواوە و ئاماژەش نیە بۆ لاوازی و ئیفلیجی ئیدارەکەمان و نەبوونی هەلسەگاندنیش بۆ ڕۆلی کاراو ئاکتیڤی کەسانی شیاو ......

---

*ئەم ووتارە چانسی بلآوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و سایتەکاندا بەرنەکەوتوە.

## باسەركردەو پارتە سیاسیەكان یەك جار لێگەڕین جەماوەر ڕای خۆی بەسەربەستی بلَیَ*

- كورد وەك نەتەوەیەكی چەوساوە و زوڵملێكراو وخاك داگیرو دابەشكراو هەمیشە و تائێستاش لەلایەك بۆتە قوربانی نادڵسۆزی و خۆپەرستی و ناتێگەیشتوویی و حساباتە هەڵەكانی سەركردە و پارتە سیاسیەكانی و لەلایەكی تریشەوە بەهۆی پیلانی دوژمنان و ناحەزان و فەرامۆشكردنی مافەكانی لەلایەن زلهێزەكان و دەوڵەتانی دراوسێوە كە هیچ دەرفەت و هەلێكیان لەكیس نەداوە كە زیان و نەمانی كوردی تیادا بوبێت .

مێژووی شۆڕش و سەركردە و پارتە سیاسیەكانی كورد بەدرێژایی خەباتی كوردایەتی هەروا هاتوە و سیفاتی تاك ڕەویی و دیكتاتۆری و خۆسەپاندن و بەشداری نەكردنی سەركردایەتی سیاسی و جەماوەر لەلایەن سەركردە و بنەماڵە و پارتە سیاسیەگەورەكانی كوردەوە یەكێك بوە لەو فاكتەرە گرنگانەی كە بونەتە هۆی سەرنەكەوتن و نوچدانی شۆڕشەكان و خەباتی كوردایەتی .





چونكە هەمیشە سەركردەكان و پارتەكان هەموو بڕیارە گەورەو چارەنوس سازەكانیان لەدەستی خۆیاندا هێشتۆتەوە و هیچ كاتێك حسابیان نەك بۆ جەماوەر تەنانەت بۆ سەركردەو مەكتەب سیاسیەكان و نزیكەكانی خۆشیان نەكردوە و زۆرجارانیش لە پشت پەردە و دەرگا داخراوەكانیشەوە كۆبونەوە دووقۆڵیەكانیان لەگەڵ دژەكان و دوژمنەكان و نەیارەكانیشیاندا سازداوە و بڕیاری كۆتایشیان ئیمزاكردوە و هەركاتێكیش زیان و مەترسی بۆ سەر كەسی خۆیان و بنەماڵە و بەرژەوەندیەكانیان نزیك بوبێتەوە ئەوا بێ سێ ودوو خۆیان داوەتە دەستەوە و چۆكیان داداوە و تەسلیم بوون و ئەوكات كە بواری هیچ مقاوەمەتێك نەماوەتەوە تەنها بەبەیانێك پێشمەرگە و ڕێكخستن و تەنانەت سەركردایەتیەكانی خۆشیان و جەماوەریان لە شەرمەزاری و چۆكدادانەكانیان ئاگاداركردۆتەوە و بەم شێوەیە هیچ كاتێك جەماوەر ئۆباڵی هەموو ئەو ژێركەوتن و نوچدان و قوربانیانەی ناكەوێتە ئەستۆ و تەنها سەركردەو پارتە سیاسیەكان ئەو هەڵە كوشندانە دەگرنە ئەستۆ .

نموونەش شۆڕشەكانی شێخ و مەلاكانی (( شەمدینان و نەهری و نەمر و قازی و شۆڕشی ئەیلول و بارزانی)) و لەئێستاشدا هەردوو بارزانی كوڕ و تاڵەبانی و پارتەكانیان هەمان هەڵوێستی پێش 100 ساڵ پێشتر دووبارەدەكەنەوە . بۆیە مرۆ هەست بە دڵە

www.dengekan.com

ڕاوکیّ و ترس دەکات لە دواڕۆژ و چارەنووسی کورد لەم بەشەی کوردوستاندا .

هەموو ئەو شۆڕشە کۆن و نوێیانەی ئێستاش لەکاتی مردن یان تەسلیم بوون و چۆکدادان یان لەسێدارەدانی سەرکردەکانیان ئیدی شۆڕشەکان چەندە بەهێز و گەورە بووبن ئەوا وەك بڵقی سەرئاو وابوون و لە چاوتروکاندنێکدا تەقیوون و تواونەتەوە و بونەتە ئاردی ناو درك .. سەیر لەوەدایە کە لەئێستاشدا کە هەموو سەرکردەکانی کورد خۆیان بە پێشکەوتنخواز و ئازادی خواز و دیموکراسی خواز دەزانن بەگەورەو بچوکیانەوە و لەم سەدەی بیست و یەکەی پێشکەوتنەدا هەمان سیاسەتی باوباپیرانیان دووبارە دەکەنەوە وەك بەمیرات بۆیان مابێتەوە و تەنها دڵسۆزیان لەو کارە هەڵەیەدایە بۆ نەوەکانیان و بەموو لێی لا نادەن وەك ئەوەی دەقێکی پیرۆز بێت .

- لەئێستاشدا و لەم قۆناغە ناسك و زێدە هەستیارەدا بەتایبەتیش بۆ کورد کە کاتی نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە , باسەرکردەو پارتە سیاسیەکان بۆ یەکەم جار و دواجار لێگەڕین کە جەماوەر بەسەربەستی خۆیان بیرو ڕایان هەبێت لە دیاریکردنی چارەنوسی کوردا و بۆ یەکەم جار بڕیارێکی گرنگی چارەنوساز بدەن و چیدی لە پشت پەردە و دەرگا داخراوەکانەوە سازش نەکەن و مەسەلەی



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

کورد بەگورگان خواردوو نەدەنەوە و بامێژووش بەخوێناوی ترین شێوە خۆیمان بۆ دووبارە نەکاتەوە .

- عەرەب ( سونە و شیعە ) و تورکومان و ئاشوری و مەسیحیەکان وکۆنە بەعسیان و دەوڵەتانی دراوسێ و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا و بەریتانیاش هەموان پێکەوە دژی بڕیار و پرۆژە و داواکار ی و مافە ڕەواکانی کوردن لە نوسینەوەی دەستووردا . جا ئیدی چ ئۆمێدێکمان بەسەرکردە و پارتە سیاسیەکانمان هەبێت کە تائێستا نەیان توانیوە بەنەرمی و موجامەلەی درۆ ئەوان قەناعەت پێبکەن بە ڕەوایی مافەکانی کوردو دانپیادانانیان , لەئێستاداشدا وجارێکی تریش دەیانەوێت تراجیدیای پێش 100 ساڵ لە ئێستا بۆ کوردو مەسەلەکەی دووپات بکەنەوە و خاکەکەی جارێکی تریش داگیر و دابەش بکەنەوە و مافەکانمان پێشێل بکەنەوە و بمان کەنەوە بە ژێر دەستە وەك چۆن ئینگلیز لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان کردی .
- بۆیە گەر سەرکردەکان ناتوانن بە ڕاشکاوی و بێ پەردە و بێ ترس و دوور لە موجامەلە بەوانە بڵێن ناڕازین و ووشەی (( نـــا )) بەکاربێنن ..

بالێگەڕێن جەماوەر بەدەنگی بەرز پێیان بڵێن :-

(( نــا ) ) بۆ دەستوورێك كە مافە سەرەتایی و ڕەواكانی كوردی تیا نەچەسپابێت ..

(( نــا)) بۆ برایەتیەك كە هاوسەنگی و وەك یەكی تیانەبێت و تەنها بەدروشمی درۆ و دووڕوویی و موجامەلە و بەزۆر دروست كرابێت .

(( نــا )) بۆ یەككگرتوویی و یەك پارچەیی خاك و گەلێك كە ویستی ڕاستەقینەی كوردی تیادا نەبێت .

---

*ئەم ووتارە لە سایتی كوردوستان پۆستدا بلأوكراوەتەوە

## مادەی 58 ی یاسای كاتی
## ئەو تەڵەسمەی كە هەمووان لێی دەترسن
## جگە لەكورد*

- لەدایك بوونی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی لە 2004/3/8دا بۆخۆی ڕۆژێكی زێدە گرنگ بوو لە قۆناغێكی گرنگتر و زۆر هەستیارو ناسكی دەوڵەت و هەموو نەتەوەكانی عێراقدا بەجیاوازی دین و مەزهەبیانەوە .. ئەم یاسایە یەكەم یاسای دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و یەكەم یاسای دوای ڕزگاركردنی عێراق و نەمانی فاشیەت و ڕەگەزپەرستی و





سەردەمی نوێی دەسەلأتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانی عێراق بوو كە كورد ڕۆڵ و كاریگەری گەورەی هەبوو تیایدا .

ئەم یاسایە دوای ژانێكی دوورو درێژو گران و سەخت و ململانێیەكی دژواری نێوان هێزە سیاسیە عیلمانی و ئاینی و دیموكراسخوازەكان هاتە بوون و لەدایك بوو كە بەشێوەیەكی تەوافوق داڕێژراو بووە هۆی دڵ ڕازیكردنی زۆرینە گەرچیش هەموو بەند و بڕگەكانیشی بەدڵی هەمووان نەبوو وە هەموو خواست و ئاواتەكانیشی نەهێناوەتە دی بەتایبەتیش بۆ كورد .بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا كورد لەپێش هەمووانەوە پەرۆشی جێبەجێكردن و پابەندبونیەتی پێیەوە.

یاساكە لە 61 مادە پێك دێت و لەناویاندا هەندێ مادە و بەتایبەتیش مادەی 58 بونەتە جێگەی مشتومڕ و لێكۆلینەوە و سەرنج ڕاكێشان و گرنگی پێدان لەلایەن هەموانەوە و هەریەكەش دیدو بۆچوونی خۆی هەیە دەربارەی و هەیە دژیەتی و هەشە لەگەڵیدایە ..

كورد پێی وایە لەجێبەجێكردنی ئەو مادەیەدا هەموو عێراق و بەهەموو پیكهاتە ئەتنی و دینی و مەزهەبیەكانیەوە سوودمەند دەبێت و دۆخێكی نائاسایی و ناجێگیر و پڕ لەدڵە ڕاوكێ و نائارامی دەگۆڕێت بۆ دۆخێكی ئاسایی و ئارام و مافێكی زەوتكراوی چەندین ساڵەی كوردو توركومان و كلدۆئاشوری و

www.dengekan.com

تەنانەت عەرەبیش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان و ئیدی چیتر سیاسەتە چەوت و هەڵەو ڕەگەزپەرستانەکانی ڕژێمی بەعس لەناو دەچێت و سەرەونگوم دەبێت .. گەرچی مادەی 58 بەڕوونی باس لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك دەکات بەلاّم ئەو بارودۆخەناهەموارو گۆڕانکاری و شێواندنە تەنها لەشاری کەرکوکدا ئەنجام نەدراوە بەڵکو لەزۆرێك لەشارەکانی موصلّ و دیالە و تکریت و شارو شارۆچکەی تریشدا ئەنجام دراوە و ڕژێمی بەعس جوگرافیاو دیموٚگرافیای ئەو ناوچانەی تێکداوە و مادەی 58 داوای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەموو ئەو ناوچانە دەکات کەکێشەو گرفتیان تیادایە . و کورد داوادەکات کە ئاوارە کوردو تورکومانەکان بگەڕێنەوە کەرکوك و هاوردەکانیش بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان لەو ناوچانەی لێوەی هاتوون و قەرەبووکردنەوەیان و ئاسایی کردنەوەی سەرجەم بارودۆخەکان .

زۆرێك نەك هەموو لە عەرەبی ( شیعە و سونە ) وە لەگەلیشیاندا تورکومان و کۆنە بەعسی و شۆفێنیستەکان داواکارن کە بارودۆخەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تا دوا نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی و کەرکوك وەك شارێکی عێراقی حساب دەکەن و داننانێن بە کوردوستانی بوونی ئەو شارەدا و پێیان قبولّ نیە کە کەرکوك بخرێتەوە سەر سنوورو جوگرافیای کوردوستان و هەرجارەی بەبڕوبیانویەکەوە خۆیان لە جێبەجێکردنی مادەی 58





دەدزنەوە و دوای دەخەن و نایانەوێت ئەو لێپرسراوێتیە مێژوویە و ئەو ئەرکە قورسە بخەنە ئەستۆی خۆیان و هەموو ڕێکەوتن و بەڵگەنامەکانی کە کاتی خۆی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و لەئێستاشدا لەنێوان کوردو شیعەدا ئیمزایان کردوە و لەسەری ڕێکەوتوون جێبەجێبکەن ..

بۆیە مانەوەی ئەو یاسایە بێ جێبەجێکردن لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە کە دەبوو دوای 1 مانگ لە دەست بەکاربوونی حکومەتی جەعفەری بارودۆخی کەرکوك ئاسایی بکرێتەوە و مادەی 58 بەهەموو خاڵەکانیەوە جێبەجێبکرێت .. بەلاّم نەك هەرجێبەجێنەکراوە بەڵکو ڕێگر و ئاستەنگیش دروست دەکرێت لەبەردەم ئالیەتی جێبەجێکردن و کاری لیژنەی تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیەدا و ڕێگری گەورەتریش دروست دەکرێت بۆئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی کەرکوك .

هەمووان لەو ڕاستیە مێژوویی و جوگرافی و بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتانە خۆ دەدزنەوە کە تەنها کورد دەستی تیایاندا نەبوە لەدانان و نووسین و تۆمارکردن و دروستکردنیاندا بەڵکوو هەموویان لەلایەن عەرەب و تورك و ئینگلیز و لایەنی ترەوە دانپیادانراوە و سەلمێنراون کە کەرکوك شارێکی کوردوستانیە و هەمیشە کورد وەك توخم و نەتەوەیەکی زۆرینە و گەورە لەو شارەدا بوونی هەبووە ..و هەموو ئەو بەڵگە و تۆمار و ئامار و

www.dengekan.com

نەخشە مێژووییانە لەبەردەم ئەنجومەنی حوکمی ئەوکاتە و بەئامادەبوونی سەفیر پۆڵ بریمەر لەکۆبونەوەیەکدا لەلایەنی سەرکۆماری ئێستای عێراقەوە بەڕێز مام جەلالەوە جارێکی تر وەبیر هەموان هێنرایەوە و هەموویانی لەبەردەم ئەو ڕاستیانەدا مات و بێدەنگ کردو هەمووان لەناخەوە لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا بوون بەڵام بەرژەوەندی و بێ هەڵوێستی و نادیموکراسی و شەڕخوازی و شۆڤێنیەتی ئەو لایەن و گروپ و کەسانەوە ڕێگە نادەن لەسەر زەمینەی واقع جێبەجێبکرێت و ئەو مافە ڕەوایەی کە کورد هەموو شۆڕش و مێژوو خەباتی خۆی لەپێناویدا بەخشیوە بیدەنەوە بەکوردو لەگەڵیشیدا داوای لێبووردنیش بکەن بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و چەوسانەوەیە کەکورد بەدەستی ڕژێمەکانی عێراقەوە چەشتویەتی ...

بەڵکو وادەزانن کە جێبەجێکردنی مادەی 58 و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك خێر و صەدەقەیە بەکورد دەدرێت و بەلوت بەرزی و ناڕەزایی و تووڕەییەوە باسی لێوە دەکەن بەناچاری .

کوردو ئەو هەڵوێستە جوامێر و مرۆڤانەیەی کەلەبەرامبەر کەرکوکدا دەینوێنێت ئەو ڕاستیانە دووپات دەکاتەوە کە کورد لایەنگری یەك ڕیزی و یەکێتی و تەبایی و برایەتی گەل و خاکی عێراقە و دەیەوێت لە عێراقێکی فیدڕاڵ و دیموکراس و



www.dengekan.com



پەرلەمانیدا بژێت وەك برا لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی تردا و بەشداری لە داڕشتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی نوێی یەك و یەکگرتوودا بکات و داواکارە وەك هاوڵاتیەکی پلە یەك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەست بە ماف و ئەرکەکانی بکات و پشتگوێ و پەراوێز نەخرێت .. هەموو ئەم هەڵوێستانەی کورد لەپەرۆشیەوەیەتی بۆ داهاتووی عێراق و ئەگەر نەتەوەکانی تر وەك کورد پەرۆشی داهاتووی عێراق نەبن و بەتەنگ یەك و یەکگرتویەوە نەیەن ئەوا کورد تەنها ڕێگەی جیابونەوەی لەبەردەم دەمێنێت و ناچار دەبێت کە ئەو مافە ئاسایی و سەرەتاییەی خۆی جێبەجێبکات کەلەم قۆناغەدا ئەو مافە بریتیە لە ( ابغض الحلال ) .

کورد کاتێك داوای جێبەجێکردنی مادەی 58 دەکات لەکەرکوکدا ئەوە سەرەتاییترین و ساناترین مافی خۆیەتی و هیچ زیادە و داواکاریەکی موستەحیل نیە و کورد بەم هەڵوێستەی کەدوورە لەگیانی تۆڵە سەندنەوە و تووڕەبون و دەمارگیری جوانترین و گەورەترین قوربانیشە کە لەپێناو ئاشتی و برایەتیدا دەیدات بۆ کەرکوك و هەموو عێراقیش کە پێویست دەکات هەمووان لە و هەڵوێستە گەورەیەی کورد بگەن و بەدەمیشیەوە بێن نەك خۆیانی لێدوور بخەنەوە و خۆیانی لێبدزنەوە ..

➢ بۆیە چەندی دەکرێت دەبێت کورد شێلگیرانەتر لەهەموو کاتێك داوای جێبەجێکردنی مادەی 58 بکات بەتایبەتیش لەو قۆناغەدا کەسەرودەمی نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و چەندی دەکرێت خەبات و قوربانی بدات بۆ چەسپاندنی زۆرترین و سەرەکی ترینی مافەکانی و هیچ سازش و پاشگەزبونەوەیەك نەدات بۆ مافەکانی و لەسەروو هەمووشیانەوە کەرکوك و چارەنوسەکەی ,چونکە کەرکوك هەمیشە خالّی لێکتێنەگەیشتن و ڕێکنەکەوتنی کوردو ڕژێمەکانی عێراق بوە و خەباتی کوردیش لەسەر کەرکوك خەڵتانی خوێن کراوە و سەری نەگرتوە ,, بۆیە نوێنەرانی کوردو و هەموو پارتە سیاسیەکان و جەماوەریش پێویست دەکات کە ڕێگە نەدەن ئەم جارەش بەری ڕەنجی خەبات و خوێن و فرمێسکی گەلەکەمان بەهەدەر بڕوات و کەرکوکی دلّ و قودسی کوردو کوردوستانمان لەدەست بچێت, ئەویش تەنها بەیەك و یەکگرتووی هەلّوێست و گوتار و کردارمان دەبێت ...

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە 123 لە 2005/8/7دا بلاّوکراوەتەوە .



www.dengekan.com



## پاش 13سالّ
## لە حوکمی کورد
## کوردایەتی لە چ ئاستێکدایە ؟*

❖ئاشکرایە بوون و بەهێزی هەست و بیری نەتەوەیی بۆ هەموو نەتەوەیەك زێدە گرنگ وکاریگەرە کە لەهەست و ڕوح و بیری هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیەدا بەزیندویی هەبێت , بەجۆرێك ڕۆچووبێت و بەبەردەوامیش لە گەشەکردندا بێت کە شانازی کردن بەنەتەوە و سەرەوەریەکانی و مێژووی ڕابووردویی و قوربانیدانەکان و خەباتەکەی ببێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ زیاتر قولّکردنەوەی هەست و بیری نەتەوەایەتی کە هیچ بەرژەوەندیەکی تاك و حیزب و ناوچە و خێلّ و بنەمالّە و خوێن و...هتد نەکەوێتە سەروو ئاستی نەتەوەوە و تەنها ئینتیماش بۆ نەتەوە بێت و کاربکرێت بۆ زیاتر پیرۆزکردن و قولّکردنەوەی و چەسپاندنی لەدلّ و مێشك و هەست و نەستی تاکەکاندا .

زۆر لەگەلان و نەتەوەی ئەم دونیایە لەڕێگەی پیرۆزکردنی هەست و بیری نەتەوەییەوە توانیویانە دەسەلاّت و کیان و دەولّەتی نەتەوەیی خۆیان پێك بهێنن و دابمەزرێنن و بتوانن

ببنە هێز و توانا و بوونی خۆیان بسەپێنن وەك نەتەوەكانی تورك و فارس و عەرەب و ئەڵمان و ڕووس و ئینگلیز و ..هتد ,ئاشكراشە پێكەوەنانی ئەم دەوڵەت و دەسەڵاتە نەتەوەییانە لەخۆڕاو لە بۆشاییەوە نەهاتون بەڵكو لەئەنجامی كۆشش و خەباتی خوێناویەوە هاتون چونكە هەموو ئەو نەتەوانە لەپێشدا بچووك و بێهێز و خۆخۆرو پەرت و بڵاوبوون بەڵام بەهۆی هەڵكەوتنی زەمان و زەمینە و سەركردەی مێژووكرد و كاریزمایەكی بەهێزیانەوە توانیویانە ئەو حاڵەتی بێهێزی و لاوازی و پەرتبونەیان بگۆڕن بە یەكگرتوویی و بەهێزی و سەربەخۆبوون و پێكەوەنانی دەوڵەتێكی نەتەوەیی سەربەخۆ بەخۆیان .و دواتریش پەلبكێشن بۆ فراوان بوون و داگیركردنی خاك و نەتەوەی تریش .بەم جۆرە فاكتەری سەرەكی و گرنگی ئەم پرۆسە سەخت و دژوارە بریتی بوو لە بەهێزبوونی هەست و بیری نەتەوەیی لەلای تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایانە .

- بەڵام بەداخەوە نەتەوەی كورد كە لەئێستادا نزیكەی 40 ملیۆن كەس دەبێت و نەتەوەیەكی دێرین ولەمێژینەی ئەم ناوچەیە لەپاڵ نەتەوەكانی تورك و فارس و عەرەب و ...هتد دا دەژێت و لە زەمانێكدا كە كورد خاوەنی دەسەڵات و ئیمپراتۆریەت بوە ئەم نەتەوانە لاواز و ژێردەستەی كورد





بوون بەڵام بەهۆی نەبوونی هەست و بیری نەتەوەیی كوردایەتی لای كوردەكان نەیان توانی پارێزگاری لە دەوڵەت و دەسەڵاتەكەیان بكەن و سەرئەنجامیش ڕووخان و لەناوچوون ,بەڵام ئەو نەتەوانەی تر كەوتنە خۆ و بەهۆی بەهێزبوونی بیری نەتەوایەتیانەوە توانیان خۆ كۆبكەنەوە و یەكبگرن و هەموانیان لە چوار دەوری بیری نەتەوەیی خۆیان كۆببنەوە و بتوانن دەوڵە ت و دەسەڵاتی خۆیان دروستبكەن و بەهێزیش ببن و تائێستاش بەردەوام بن و كورد و كوردوستانیش داگیرو دابەش بكەن .و ئیدی لەو ڕۆژگارەوە و بەهۆی غیابی دەسەڵات و هێز و یەكگرتوی كوردەوە هێندەی تر بیری كوردایەتی وەك بیرێكی نەتەوەیی ئەوەندەی تر بێهێز و لاواز و كزبوە و ڕیزەكانی كورد لێكترازا و تائێستاش و لەسەردەمی نوێشدا و لەسەدەی نۆزدە و بیستدا كە جارێكی تر بەهۆی سەرهەڵدانەوەی بیری نەتەوەییەوە زۆرێك لە گەلان توانیان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن و بگەنە دەسەڵات و هێز .

- هەرچەندە كوردیش لە كاروانی خەباتی خۆیدا هەست و بیری كوردایەتی لێرەو لەوێ و لەسەر دەستی ژمارەیەك ڕۆشنفكر و ڕێكخراو و كۆمەڵەی سیاسی سەری هەڵدا و بزواو چەكەرەی كردەوە بەڵام بەداخەوە بەهۆی گەلێك

www.dengekan.com

فاکتەری خۆیی و بابەتییەوە نەگەیشتە ئەنجام ,هەرچەندە لەو پارچە یان ئەو پارچەیەی کوردوستان ئیمارات و دەسەلاَتی ناوچەیی و کۆماریش پێکەوەنرا ,بەلاَم جارێکی تریش بەداخەوە سەرکردە و پارتە سیاسیەکان کە دەسەلاَتدار بوون نەیان توانی لەماوەی دەسەلاَتیاندا هەستی کوردایەتی بڕوێنن و بیگەیەننە ڕادەی بیر و بتوانن قوڵی بکەنەوە لەناو هەست و نەستی تاکەکانی کوردا و خۆشیان و کۆمەڵگاش واڵێ بکەن کە کوردایەتی ڕاستەقینە وەك بیرێکی نەتەوەیی بکەنە دروشم و ئامانج و قوربانی و خەباتیان تەنها لەپێناو کوردایەتیدا بێت دوور لە بەرژەوەندیە بچوکەکانی حیزب و سەرکردە و ناوچە و خێڵ و ئاین ..

بەداخەوە هەرکاتێك کوردێك یان سەرکردە و پارتێك توانیبێتیان دەسەلاَت بگرنە دەست لەهەر زەمان و زەمێنێکدا بوبێت هەریەکەیان بەهۆیەکەوە کوردایەتیان بیرچۆتەوە و تەوژمی دین و مەزهەب و ناوچە و خێڵ و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و حیزبەکانیان لە شاڕێی کوردایەتی لای داون و لەکاتێکیشدا لەدەسەلاَتدا نەماون پەنجەی پەشیمانیان گەستوە و ئیدی بەوشێوەیە کاروانی خەباتی کوردایەتی





زیاترین نوچدان و کەوتن تیایدا بەرجەستە بووە تا سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتن .

- لە ئێستاشدا و لە پاش 13ساڵی دەسەلاَتی کورد لەم بەشەی کوردوستاندا (باشووری کوردوستان ) و خۆبەڕێوەبردن و خۆڕاگرتنی لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنان و خۆ سەپاندنی و بون بە دیفاکتۆ و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیش هێندەی تر کورد بەهێز و بالاَدەست بوو لەهەموو عێراقدا و هیچ کاتێك کورد هێندەی ئێستا و ئەم قۆناغە بەهێز و یەکگرتوو سەنگ و قورسایی نەبوە لە بەلاَنسی هێزە ناوچەی و دونیاییەکانیشدا بەشێوەیەك کەکوردێك بۆ یەکەم جار ببێتە سەرۆك کۆماری دەوڵەتێکی زۆرینە عەرەب و هەرێمێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت و سەرجەم دەسەلاَت و بنەماکانی دەوڵتیشی تیادا بێت ..

ئالێرەدا کۆمەڵێك پرسیار سەرهەڵدەدەن لەوانە ئایا لەگەڵ ئەم هەموو دەسەلاَت و هێز و توانا و بالاَدەستیەی کورددا, کوردایەتی لە چ ئاستێکدایە ؟ گەشەکردووە یان کزو لاوازە ؟ ئایا کوردایەتی لە دروشمەوە بۆتە واقیع و چەسپێنراوە لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا ؟ ئایا هەموو حیزب و سەرکردەکان کوردایەتیان کردۆتە ئامانجی بالاَ و وازیان لە بەرژەوەندی شەخصی و حیزبی و ناوچەیی و خێڵ و بنەماڵە و مەزهەب و

www.dengekan.com

دین هێناوە ؟؟ئایا ئەم دەسەلاتەی کورد توانیویەتی کوردایەتی لە هەستێکی لاواز و کزەوە بکاتە بیرێکی نەتەوەیی جێگیر و چەسپاو و زیندوو لە ناخ و مێشکی تاکەکاندا ؟؟؟؟؟ئەمە و چەندین پرسیاری تر ..

بۆ وەلام دانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە و چەندانی تریش دەکرێت بلێین بەداخەوە تاکو ئێستا کوردایەتی لاوازە و تەنها لەچوارچێوەی دروشمێکی ڕازاوە و جوان و بریقەداردا ماوەتەوە و نەبۆتە ئامانجێکی بالاو بەرز و پیرۆز و دەسەلات و پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکان نەیان ویستوە یان نەیان توانیوە یان کاریان بۆ نەکردوە بۆ ئەوەی کوردایەتی لەچوارچێوەیەکی فەرمی و پلانێکی وورد و حساب بۆ کراودا بکرێتە بەرنامەی کار و خەباتی حیزبەکان و لە دام و دەزگاکانی حیزب و حکومەتدا گرنگی پێبدرێت و لە ڕاگەیاندن و بەرنامەی خوێندن و نوسین و ئەدەب و هونەر و هەموو بوارەکانی ژیاندا بچەسپێنرێت و قوولْ بکرێتەوە بەناو هەموو هەست و مێشك و دلی نەوەکانی ئێستاو داهاتوودا بۆ ئەوەی نەوەیەکی کوردپەروەر بخولقێنین و لەسەر فکرو بیری کوردایەتی ڕەسەن پەروەردە وگەورەیان بکەین چونکە زۆر زەحمەتە نەوەیەك پێبگەیەنیت لەسەر کوردایەتی کە هیچ کارەسات و چەوسانەوەیەکی نەبینیبێت و بتوانیت بیری





نەتەوەیی لای بەرز و پیرۆز بکەیت ,ئاشکرایە چەوساندنەوە و داگیرکردن و زولم و زۆر دایکی خەبات و مقاوەمەت و لەڕێگەشیانەوە گەشەکردنی فکری نەتەوەیی و خۆشەویستنی نیشتیمانن.

حیزبەکان و سەرکردەکان هێندەی بەتەنگ بەرژەوەندی خۆیان و تەسکی حیزبایەتی و بنەمالە و خێلْ و دین و مەزهەبەوەن نیو ئەوەندە بەخەمی کوردایەتیەوە نین و کار بۆ گەشەکردن و برەو پێدانی ناکەنەوە .

بۆیە تاکو ئێستا ئینتیما لای تاکی کورد ئەوەندەی بەلای حیزب و سەرکردە و بنەمالە و خێلەوە یە نیو ئەوەندە بەلای کوردایەتی ڕاستەقینەوە نیە .کە ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێکی گەورەیە و ئەگەر بەزووی فریای نەکەوین دوورنیە هەموو کارەساتەکانی ڕابووردوو دووبارە ببنەوە و تراژیدیا جەرگ بڕەکان بەسەر گەلەکەماندا بێتەوە و ئەو دەسەلات و هێزەی کە هەمانیشە لەکیس بچێت و بەدەیان سالی تریش ئەم ڕێکەوتەمان بۆ دووبارە نەبێتەوە .

بۆیە ئەرکی دەسەلات و حیزب و سەرکردە سیاسیەکانە کە بەجدی لەمەودوا کاربکەن بۆ تۆخکردنەوە و بزواندن و گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی لەناو دلْ و مێشکی تاك بەتاکی کۆمەلی کوردەواریدا و ئەم دەسەلات و هێزە بکەنە خالی

www.dengekan.com

بنچینه‌ و په‌لهاویشتن بۆ به‌شه‌كانی تری كوردوستانی گه‌وره‌ و كاربكه‌ن بۆ كۆكردنه‌وه‌ی هه‌موو كورد له‌ چوار ده‌وری كوردایه‌تی ڕاسته‌قینه‌ وه‌ك بیرێكی نه‌ته‌وه‌یی پاك و بێگه‌رد و دوور له‌ ده‌مارگیری و توندڕه‌وی و حساب بۆ نه‌كردنی نه‌ته‌وه‌كانی تر و نه‌گاته‌ ڕاده‌ی پێكادان .چونكه‌ سه‌رده‌م سه‌رده‌می تێكچڕژانی به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانه‌و پێكه‌وه‌ ژیانی گه‌لانه‌ و ئاشتی و دیموكراسی و مافه‌كانی مرۆڤه‌ و سه‌رده‌می به‌جیهانبونی دونیایه‌ و پێشكه‌وتن و داهێنانه‌ گه‌وره‌كانی ته‌كنه‌لۆژیاو زانسته‌كانه‌ و پێویست ده‌كات كوردیش وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌كی زیندووی ئه‌م ناوچه‌ و دونیایه‌ هاوبه‌ش و هاوكار و كۆمه‌كی ئه‌م ڕه‌وت و نه‌زمه‌ نوێیه‌ی دونیا بكات و وه‌ك ئه‌كته‌رێكی چالاكی سه‌ر گۆڕه‌پانه‌كه‌ گه‌مه‌و پێشهات و ڕووداوه‌كان بخوێنێته‌وه‌ و له‌ به‌رژه‌وه‌ندی كوردایه‌تی بیان گونجێنێت ..به‌هیوای ئه‌و ڕۆژه‌ی كه‌ ده‌وڵه‌تێكی كوردی خاوه‌ن بیرێكی كوردایه‌تی ڕاسته‌قینه‌ و ڕه‌سه‌ن ببینین كه‌ خه‌وون و خواستی چه‌ندین ساڵه‌ی تاك به‌تاكی كورده‌ و ئه‌وه‌ش ته‌نها به‌ زیندوو ڕاگرتن و گه‌شه‌سه‌ندنی بیری نه‌ته‌وایه‌تی كوردی ده‌بێت و به‌س .

---



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست ...

* ئه‌م ووتاره‌ له‌ سایتی كوردوستان پۆست و ڕۆژنامه‌ی هه‌واڵی ژماره‌ 156 له‌ 2005/11/12دا بلأوكراوه‌ته‌وه‌

# نا
# بۆ دەستوورێکی کاڵ و کرچ
# کە مافە سەرەکیەکانی کوردی تیادا نەچەسپێت*

➢ ئاشکرایە دوای هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق یەکەم کاری و سەرەکیترینیان بریتی بوو لە نوسینەوەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عێراقی نوێ کە بەدرێژایی تەمەنی 84 ساڵەی دەوڵەتی عێراق دەستوورێکی نەبوو .. بەڵام ماوەی نووسینەوەی دەستوور هێندە کەم و کورت بوو کە ناتوانرێت دەستووری هیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی بێ کێشە و گرفتی دینی و مەزهەبی و نەتەوەیشی تیادا بنوسرێتەوە , چ جای وڵاتێکی عەجایەبی وەك عێراقی فرە نەتەوە و مەزهەب و ئاین و کێشە و گرفتی جوگرافیاو و ..هتد کە ماوەیەکی ئێجگار کەمە..

هەربۆیە هەموو پارت و سەرکردەکان بەجیاوازی ئایدیاو بەرنامە و ڕێباز و بەگەورەو بچوکیانەوە کەوتنە خۆ بۆ نوسینەوەی ئەو دەستورە بەهیوای ئەوەی بتوانن کە زیاترین ماف و داواکاریەکانیانی تیادا بچەسپێنن و بتوانن لەماوەی دیاریکراودا 2005/8/15 دا بیخەنە بەردەم کۆمەڵەی



www.dengekan.com



نیشتیمانی و دواتریش لە ڕێگەی دەنگدانێکی ئازادەوە گەلی عێراق بە (( ئا )) یان بە (( نا )) دەنگی لەسەر بدەن و ئیدی ببێتە دەستورێکی هەمیشەیی و مێژوویی بۆ عێراقی نوێ .
بەڵام بەداخەوە ئەو کارە چێ نەبوو و دواکەوت بۆ هەفتەیەك و لەئێستاشدا بەهۆی ڕێکنەکەوتنی هەموانەوە لەسەر چەند بڕگە و داواکاریەك کە زیاترینیان هی کوردە جارێکی تریش بۆ 3 ڕۆژی تر دواخرایەوە ..

➢ لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا کێ و چ لایەنێك بەرپرسیارە لەم دواکەوتنە؟

لەوەڵامدا دەڵێین کە لەئێستادا و بەهۆی بەشداری نەکردنی هێزە سیاسیەکانی سونە و جەماوەرەکەیان لە هەڵبژاردنەکاندا و نەبوونی نوێنەرانێکی ڕەسەن و کارامە و دڵسۆزیشیان لە لیژنەی نوسینەوەی دەستووردا , شیعە و کورد بەپلەی یەکەم و دووەم هاتن و بوونە بڕیار بەدەست و باڵادەست لە عێراقدا و دوای مشتومڕێکی زۆریش ڕێکەوتنێکیشیان ئیمزاکرد بۆ پێکەوەنانی حکومەت و چۆنێتی دەسەڵات و بونیادنانەوەی عێراقی نوێ و گرەنتی ئەوەشیان دا کە سەرکەوتن و بەردەوامبوونی ئەو حکومەتە پەیوەستە بە بەردەوامبونی ئەو ڕێکەوتن و هاوکاری و تەبایی ئەو دوولایەنەوە و هەرکاتێك لایەك کشایەوە ئەوا حکومەت هەڵدەوەشێتەوە ..

بەلآم لەدوای ئەو ڕێکەوتنامەیە و بەدرێژایی تەمەنی کەمی حکومەتی جەعفەری و ڕۆژ دوای ڕۆژ لایەنی شیعە لە جەعفەریەوە بۆ ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانیان هەموویان کەوتنە خۆ دزینەوە لەو ئەرك و ئیلتیزاماتانەی کە ئیمزایان لەسەر کردبوو هەر لە سوێندخواردن و بەرنامەی کاری حکومەت و ڕێگری دروست کردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58 و ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخی شاری کەرکوك و دەستێوەردانی وەزارەتە کوردیەکان و کەمکردنەوەی دەسەلآتیان و لەئێستاشدا و لەکاتی نوسینەوەی دەستووردا بەشێوەیەکی خەمساردو بێ باك و لووت بەرزیەوە دەڕواننە داواکاری و مافەکانی کورد و بەئاسانی دانیان پێادا نانێن وەك ئەوەی ئەوان خاوەنی فەزڵ و منەت بن بەسەر کوردەوە و زۆر جاران تاك ڕەوانەو دوور لە ئەتەکێتی دیپلۆماسی و لەباقەتی ئیداریەوە هەڵسوکەوت دەکەن و دەسەلآتی خۆیان تێپەڕ دەکەن و گوێ بە ڕاسپاردە و دەسەلآتەکانی سەرۆکی کۆماریش نادەن ..

➢ کورد بۆ نوسینەوەی دەستوور چەند داواکاری و مافێکی داواکردبوو وەك چەسپاندنی فیدراڵیەت و مافی چارەی خۆنووسین و دیموکراسیەت و جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت و مانەوەی هێزی پێشمەرگە و جێبەجێکردنی مادەی 58 و



www.dengekan.com



دابەشکردنی سامانە سروشتیەکان و جوگرافیای کوردوستان و هەندێ مادەی تر .. بەلآم واپێدەچێت کە لایەنی شیعە لەسەر خاڵە هەرە بنەڕەتیەکانی کورد ڕازی نەبن و لە لێدوانەکانی ئەندامەکانیانەدا نوسینەوەی دەستوور (( بەشەڕێکی قورس و پاڵەوان بازی دەزانن و ئەوان بونەتە بەرانگاریکەرێکی خۆڕاگر و دڵسۆز بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاك و گەلی عێراق و بەعەدالەت دابەشکردنی سامانە سروشتیەکان )) و دەڵێن دەبێت مێژوو ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیەی ئەوان تۆمار بکات , ئەمە ووتەی د. حسین شەهرستانی و شێخ جلال الدین الصغیرە کە دوو ئەندامی دیاری ناو لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعەن ..

دەپرسین ئەم شەڕە لەگەڵ کێ و لەبەرامبەر کێدا مقاوەتیان کردوە ؟؟ بەدڵنیایشەوە لەبەرامبەر کوردو داوا ڕەواکانیان لە فیدراڵیەت و مافی چارەنوس و سامانەکانی کوردوستان و شاری کەرکوك و ..هتدا, ئەگەر ئەمە ڕاوو بۆچوونی شیعە بێت لەسەر نوسینەوەی دەستوور ئیتر بۆچی کوردیش چەکی بەهێزی ئەو شەڕە هەڵناگرێت و بەرگری لەخۆی و داواکانی و داهاتووی نەوەکانیشی ناکات و چیدی ڕاشکاوانە و بێ ترس و بەبێ موجامەلە و دوور لە شەرم و ڕێزگرتن و برایەتیەکی درۆیانە هەڵوێست وەرناگرێت و هەموو خاڵە بنەڕەتیەکانی

فیدراڵی و کەرکوك و سامان و پێشکەرگە و مافی چارەنووس لەسەریان پێداناگرێت و بۆچی ئیتر ڕازی دەبێت بەدواخستن و هەڵپەساردنیان ..

ئەگەر سەرکردایەتی کورد بەم دەستووره ڕازی ببێت کە ئەو مافانەی تیادا نەچەسپابێت ئەوا بەدڵنیاییەوە داهاتووی کوردو مەسەلەکەی تاریك و ناڕۆشن دەبێت و دەستوورێك بەبێ چەسپاندنی ئەو مافە سەرەکیانە چ سوودو ئەرزشێکی دەبێت و نابێت سەرکردایەتی کورد لەپێناو هەندێ مافی گشتی و لاوەکیدا دەست بەرداری ئەو داواکاریە سەرەکیانە بێت , چونکە ئەم قۆناغە بۆ کورد زۆر ناسك و هەستیار و چارەنوسسازە و ئەم کاتە پڕ هێز و دەسەلاتەی کورد لەداهاتوودا دووبارە نابێتەوە بەتایبەتیش کە سونەکان ئەم جارە بەشداریەکی جدی و کاریگەریان دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا و ژمارەی کورسیەکانیان زیاتر دەبێت و کوردیش لەو کاتەدا دەبێتە هێزی سێیەم , بۆیە ئەگەر لەم کاتەدا کورد مافە سەرەکیەکانی نەچەسپێنێت ئەوا ئەو کاتە کەمترین داواکاری لێ قبولْ ناکەن .

بۆیە دەکرێت کورد بکشێتەوە لەحکومەتی جەعفەری و وەك کارتێکی گوشار بەکاریبهێنێت بۆئەوەی شیعە بەناچاری دان بەمافەکانی کوردا بنێت و باش دەزانن کە بێ کورد کارێکیان



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

پێناکرێت چونکە شیعە باش دەزانن کە لەداهاتوودا لەگەڵ سونەدا ناگوجێن و ئەگەری شەڕی تایەفی و مەزهەبی دێتە گۆڕێ و زۆر ئەگەری تریش ..

بۆیە هیچ کاتێك جەماوەری گەلەکەمان بە دەستوورێکی کالْ و کرچ ڕازی نابێت کە مافە سەرەکیەکانی تیادا نەچەسپابێت و لە ڕۆژی دەنگداندا (( نا )) یەکی بەهێز دەداتە ئەو دەستووره و ڕەتی دەکاتەوە و ئەنجامیش چ دەبێت لەئەستۆی دەگرێت و قوربانیشی لەپێناودا دەدات و ئەو کاتەش ئۆباڵی تێکچوون و لەباربردنی ئەم قۆناغە و نەنوسینەوەی دەستور و دروست بوونی شەڕی تایەفی و مەزهەبی و تێکچڕژانی بارودۆخی عێراق دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی شیعەوە و بەرپرسیارێتی مێژوویشیان دەکەوێتە ئەستۆ و کوردیش تەنها ڕیگا چارە لەبەردەمیدا جیابونەوەیە لە عێراقی بەزۆر دروستکراو و بەزۆریش پێکەوەلکانەوە دوور لەخواست و ویستی گەلانی عێراق ...

* ئەم ووتارە لە سایتی کوردوستان پۆستدا بلاْوکراوەتەوە .

## لەنێوان (( بەڵێ )) و (( نەخێر )) بۆ دەستووردا کامیان هەڵبژێرین؟*

- ئاشکرایە دوای ڕزگارکردنی عێراق لە چنگاڵی ڕەشی 35 ساڵەی حوکمی بەعسیانی صدامی ,عێراق و کۆمەڵگای عێراقی بەگشت نەتەوە و ئاین و ڕەوتە فکری و سیاسیەکانیەوە کرانەوەو گۆڕانێکی بەرچاوو گەورەیان بەخۆوە بینی و پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ قۆناغەکاندا بەرەو پێش چوەو ڕۆژ بەڕۆژیش لەهەموو بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و ئەمنی و ..هتدوە



www.dengekan.com



بەرەو باشتر دەچێت .لەپێناو چەسپاندنی قەوارەی سیاسی عێراق وسەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق و کۆمەڵگاکەی لەسەر بنچینەی یاسا و دیموکراسیەت و ئازادای و فیدراڵی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە و وەك یەکی لەئەرك و مافەکاندا پێویست دەکات کە عێراق ببێتە خاوەنی دەستوورێکی مۆدێرنی کراوە و شەفاف کەهەموو مافەکانی هاولاّتیانی تیا بچەسپێت بەبێ جیاوازی ڕەنگ و دین و نەتەوە و مەزهەب..

- بوونی دەستوور لەهەر وولاّتێکدا مانای پاراستنی ماف و بوونی ئازادی و ئاسایش و پاراستنی کەرامەت و سەلامەتی هاولاّتیان و مانای بوونی دەسەلاّتێکی یاسایی و شەرعی یە کە لەجەماوەرەوە هەڵبژێردراوە, هەروا مانای پێشکەوتن و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و پێکەوە ژیانیشە . هەربۆیە سەرکردە سیاسیەکان هەوڵی جدیان دا بۆ نوسینەوەی ئەو دەستوورە هەمیشەییە لەدوای هەڵبژاردنە گشتیەکەی 2005/1/30وە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و پێکەوەنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بۆ یەکەمین جار لەمێژووی عێراقدا . ئاشکراشە ئەرکی سەرەکی کۆمەڵەی

نیشتیمانی بریتی بوو لە نوسینەوەی ڕەشنووسی ئەو دەستووره و دەبوایە لە 2005/8/15یشدا کۆتایی بهاتەیە .

- لەگەڵ نائارامی باری سیاسی و ئەمنی لەلایەك و کەمی ماوەکە بۆ نوسینەوەی دەستووریٚکی وا گرنگ و ناوازە لەلایەکی ترەوە و لەلای سیٚهەمیشەوە بەهۆی نەبوونی لیٚکتیٚگەیشتنیٚکی ڕوون و ئاشکرا لەنیٚوان باڵە سیاسیەکانی کورد و عەرەبی سونە و شیعە و کەمینەکانی تر و هەروا بەهۆی غیابی سونەکانیشەوە , ئەرکی نوسینەوەی ئەو ڕەش نووسە هیٚندەی تر گران و سەخت بوو کەدەتوانریٚت بەشەڕیٚکی سەخت و قورس ناوی بنریٚت بۆ هەموو لایەنەکان . چونکە هەریەکە لە کورد و عەرەبی سونە و شیعە و کەمینەکان لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە زۆرترین ماف و داواکاریەکانیان لەو ڕەشنووسەدا بچەسپیٚنن و جیٚ ی بکەنەوە کەئەمەش مشتومڕ و گفتوگۆ و دان و سانیٚکی گەرم و توندو تیژو دریٚژخایەنی گەرەك بوو خۆئەگەر دەماخ ساردی و نەرمی نواندن و بەتەنگەوە هاتنی لایەنە عیٚراقیەکان لەلایەك و هەوڵ و کاریگەری و تاڕادەیەکیش فشاری ئەمریکای تیادا نەبوایە نەدەتوانرا لەو ماوە کەمەدا ئەو ڕەشنووسە ئامادەبکریٚت .





- بەهەرحاڵ و دوای ئەو هەموو مشتومڕەو بیٚنەو بەرەیەو وەك دەڵیٚن لەکاتی بەسەرچوودا ( وقت الضائع ) دا توانرا ڕەشنووسەکە کۆتایی پیٚبهیٚنریٚت و تەسلیم بەکۆمەڵەی نیشتیمانی بکریٚت لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی گفتوگۆکان بەکراوەیی هیٚشترایەوە تاهەمووان لەسەر خاڵە ناکۆکەکان بگەنە ئەنجامیٚکی هاوبەش و لە ئەنجامدا لە بەرواری 2005/9/14دا بەڕەسمی ویٚنەی ڕەشنووسەکە درایە نەتەوە یەکگرتووەکان تا 4-5 ملیۆن ویٚنەی لیٚ ڕابکیٚشن و پیٚش دەنگدان لەبەردەستی هەموو خیٚزانیٚکی عیٚراقیدا بیٚت تا بەدەستووری داهاتوویان ئاشنا ببن . هەرچەندە هەموو لایەنەکان نەیان توانی کەهەموو داواکاری و مافەکانیانی تیادا جیٚ بکەنەوە و لەسەروو هەمووشیانەوە کورد . لەگەڵ ناڕەزایی و بیٚزاری جەماوەر و تەنانەت سەرکردەکانیش کە نەتوانرا بەڕوونی و بە صریحی مافەکانی چارەنووس و فیدڕاڵی و مەسەلەی کەرکوك لەبەندی سەربەخۆو ڕووندا بچەسپیٚنریٚت و مولزەم بکریٚت کە هەموو حکومەتەکانی داهاتوو جیٚبەجیٚیان بکات و دوایان نەخات ...بەڵام ئەگەر کەسیٚك بەویژدانی زیندووەوە و لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی کۆبونەوە و گفتوگۆکانی نوسینەوەی ئەو دەستووره بیٚت هەرگیز گلەیی لە نویٚنەران و سەرکردەکانی کورد ناکات و دان

www.dengekan.com

بەو ڕاستیەدا دەنێت کە بەرەنگاری و کاری دژوار و قورسیان ئەنجام داوە لەبەردەم ئەو هەموو فشارو مانۆڕو ناحەزانەی مافەکانی گەلی کوردا و ئەوەی کەلەم قۆناغەدا بەدەست هاتوە هەرگیز ناتوانرێت لەداهاتوویەکدا ئەنجام بدرێت کە سونەی عەرەب بەگەرموگوڕی و هەموو هێزێکیانەوە بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن بۆ ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی کورسی بەدەست بهێنن و لەوکاتەشدا کورد دەبێتە لیستی سێیەم و ئەو قورسایی و ژمارەیەی ئێستای نامێنێت . جالەئێستادا کە هێزیان نیە ئاوها بەرەنگاری دەکەن و ناڕازین بەزۆربەی مافە ڕەواکانی کورد ئەدی ئەوکاتەی بەهێزبوون چۆن هەڵوێست و دژایەتیەکیان دەبێت . هەربۆیە ئەوەی لەئێستادا بەدەست هاتوە کارێکی زێدەگەورە و زۆرباشە و دەبێت هەموان بەرز بینرخێنین .

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە لە ڕۆژی 2005/10/15دا و لەکاتی دەنگدان لەسەر ئەو ڕەشنوسی دەستوورە دەبێت هەڵوێستی تاك بەتاکی کورد چی بێت ؟ ئایا بە(( بەڵێ )) یان بە(( نەخێر )) ئەو ڕەشنووسە پەسەند یان ڕەتی بکەینەوە ؟ ئایا بەرژەوەندی کورد و داهاتووی مەسەلەکەیی و نەوەکانی داهاتووی لە بەڵێ کردندایە یان لە نەخێر کردندا یە ؟





بۆ وەلاّم دانەوەی هەموو ئەو پرسانەو دەیانی تریش و بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە و بەدەستهێنانی ئەو دەسکەوتە گەورانەی کە بەدەست هاتوون و لەسەروو هەمووشیانەوە دروستکردنی ئەو هاوپەیمانێتیە گرنگەی لەگەڵ ئەمریکادا دروستکراوە و گەورەبونی ڕۆڵی کورد و گەرمبوونی مەسەلەکەی وەك مەسەلەیەکی زیندووی نێودەوڵەتی و ناساندنی لەلایەن هەرەزۆری گەلانی دونیاوە لەدوای هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال بەیەکەم سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی عێراق و بانگهێشتکردنی بۆ کۆشکی سپی و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆك بۆش و لێدوانی بەزمانی کوردی لە کۆشکی سپی و لە یادی 60ساڵەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان و لەبەردەم هەموو سەرکردەکانی دونیادا کە ئەمە یەکەم جارە بەو شێوەیە سەرکردەیەکی کوردو زمانی کوردی ئامادەبوونی هەبێت لەکۆڕێکی واگەورەی نێودەوڵەتیدا , کەئەمانە هەموو دەسکەوتی گەورەن کە لەڕۆژگارێکدا نەدەچوونە خانەی خەونیشەوە بەلاّم لەئێستادا بونەتە دیفاکتۆ و دەبێت دۆست و دوژمنانی کورد دانی پێدا بنێن ,, بۆیە وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئەخلاقیش دەبێت هەموانمان و بەهەموو جیاوازیەکانمانەوە لەڕۆژی 2005/10/15دا بەکۆی دەنگ بە (( بەڵێ )) دەنگ

www.dengekan.com

بدەین بۆ ئەو دەستووره و گەورەترین ئامادەبونیشمان هەبێت لەپێناو زیاتر گەورەکردنی مەسەلەی کورد و ڕۆڵی لەداهاتووی عێراقــدا و لــەپێناو زامنکردنــی ژیــانێکی ئاســوودەش بــۆ نەوەکانی داهاتوومان .

---

* ئەم ووتاره چانسی بلأوکردنەوەی لە گۆڤار و سایتەکاندا بەرنەکەوتوە.



## یەکگرتووی ئیسلامی
## یان ..............*

● لەدایك بوون و دامەزراندنی هـەر ڕێکخراوێك  چ پیشەیی یان دیموکراسی و مەدەنی  یان جەماوەری بێت ئەوا پێویست دەکات کە زەرورەتی قۆناغ و پیشە و هەل و مەرجەکە و لەگەڵ خواســت و داواکــاری و پێویــستیەکانی ئــەو چــین و توێــژ و کۆمەڵگایەدا یەك بگرێتەوە. جا چ جای ڕێکخراوێك یان پارتێکی سیاسی کە دەبێت هەستیار ی و زەرورەت و پێویستی قۆناغ و خەبات و کۆمەڵگا بیسەپێنێت و دامەزراندن و لە دایك بوونەکەی وەلأمدەرەوەیەك بێت بۆ ئەو قۆناغ و هەل و مەرجە خۆیی و بابەتییەی کە ئەو ڕێکخراوە تیایدا لەدایك دەبێت و پێویستیشە هەر لەدایك بوونێکی نوێ بەواتای ووشە نوێ بێت لە بەرنامە و ئایدیاو فکر و گووتار و ڕەفتاری سیاسیدا و جیاواز بێت لە پێش



www.dengekan.com

خۆیو بێتە مەیدانی خەباتەوە بە گوڕو تینێگی گەورەوە کە بتوانێت ئەو کارانەی کە پێش خۆی نەیانکردوە ئەم بیکات .

- ئەم ڕاستیەی سەرەوە لەدونیادا وا پەیڕەو دەکرێت , بەلاَم بەداخەوە لە ڕۆژهەلاَت و بەتایبەتیش لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا بە کوردوستانەکەی خۆشمانەوە بەپێچەوانەوەیە . ئەوەتا لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 لەکوردوستاندا و لەئێستای عێراقیشدا چەندین حیزب و پارتی سیاسی عیلمانی و ئیسلامی و چەپ و ڕاست هاتونەتە بوون یان دروستکراون و ناچنە ئەو چوارچێوەیەی سەرەوە . بەڵکو تەنها و تەنها هەندێکیان بەمەبەستی سیاسی و لەلایەن وولاَت و ڕێکخراوی بیانی و دەرەکیەوە دروست کراون بەنیازی تێکدان و ئاژاوە نانەوە و وەك پوازێك لە لاشەی بزوتنەوەی کوردایەتی ڕەسەن و کوردوستاندا .
- ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە(( یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستانە )) کە لە ئێستادا و لەگەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی 2005/12/15دا و لەم قۆناغە هەستیار و ناسك و زۆر چارەنوسسازەدا کە بۆ کورد و داهاتووی مەسەلەکەی زێدە گرنگە و وا پێویست دەکات کە هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرەکەیان و هەموو لایەکیشیان بە یەك و یەکگرتووی و یەك دەنگ و یەك ڕەنگ و لە یەك لیستی





یەکگرتووی بەهێزدا بچنە ئەو پڕۆسەیەوە و هاوکاری و تەباو وەك یەك بن و پشت و پەنا بن بۆ کوردو کوردوستان لەبەرامبەر هەموو ڕەوتە دینی و سەلەفی و نەتەوەیی و مەزهەبی عەرەبی شیعە و سوونە و تورکومان و ئاشووری و ...هتدا چونکە تەنها کوردە کە پشت و پەنایەکی ڕاستەقینەی نیە و تەنها خوا و جەماوەر و شاخەکانی لەگەڵدایە , ئەگینا هەموو هێزە ناوخۆیی و ناوچەییەکان دژی کورد و ماف و داواکاریەکانیانن ..

بۆیە پێویستی دەکرد کە یەکگرتوو لەم قۆناغە ناسکەدا و لەم ڕۆژەدا کە کورد و کوردوستان پێویستی بەهیمەتی هەموو لایەکە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانیترداو لەیەك لیست و لەژێر چەتری هاوپەیمانی کوردوستاندا دابەزیایە هەڵبژاردنەکانەوەو نەبوایەتە هۆی تێکدان و لەبەر یەك هەڵوەشانی ڕیزەکانی کوردایەتیەوە و بەرژەوەندی کوردو کوردوستانی بۆ یەك جاریش بوایە بخستایەتە سەروو بەرژەوەندیە بچووك و کەمەکانی حیزبەکەیەوە و بۆ یەك جاریش بوایە بە بڕیار و عەقڵی کوردانە بیری بکردایەتەوە و گوێی بۆ ئاغاکانی نەگرتایە لە میسر و سعودیە و جێگەی تر. و هەڵوێستێکی کوردانەو ئیسلامیانەی ڕاستەقینەی بنوانایە و

www.dengekan.com

خەرمانی مێژوو خەباتەکەی کە ئەوەندە کەم و بێ مێژووە پێ زیاد بکردایە .

یەکگرتوو بەم هەڵوێستەی هەڵەیەکی سیاسی و دینی و جەماوەری گەورە دەکات و لە داهاتوودا بەری ئەو هەڵەیە وەردەگرێتەوە کاتێک کە لەلایەن زۆرینەی جەماوەری کوردوستانەوە بێزراوو ڕەت دەکرێنەوە و قەوارەو هێز و بنکەیان کز و لاواز دەبێت .

➢ یەکگرتووی ئیسلامی ئیدیعای :-

1. یەک و یەکبوون و یەکێتی ڕیزەکانی کوردو ئیسلامیەکان دەکات
2. ئیدیعای سەربەستی و ئازادی و دیموکراسی و بەشداری هەڵبژاردن دەکات
3. ئیدیعای ڕزگاری ئافرەت و دەرهێنانیان لە زیندانی ماڵەکان دەکات
4. خۆی بە نمایندەی خواو پێغەمبەر و ئیسلام وقورئان دەکات لە کوردوستاندا
5. ئیدیعای نەرم و نیانی و باڵی دەعوە دەکات
6. ئیدیعای دەست پاکی و دەم پاکی و ڕەوشت بەرزی و دوور لە فەساد و گەندەڵی دەکات و خۆی بە موصلیح و چاکە خواز و خزمەتگوزار پیشان دەدات





7. ئیدیعای زۆر شتی تریش

بەڵام ئەگەر کەمێک بەویژدان و بێ لایەنانە وە بڕوانینە خەبات و کارو کردەوە ی یەکگرتووی ئیسلامی لە ساڵی 1994 وە کەدروستکراوە و تاکو ئێستا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە :-

1. یەکگرتوو لەپێش دروستکردنیەوە و تاکو ئێستاش خاوەن نەمێژوو نە خەبات و نە گووتار و نە بەرنامە و نە ئایدیایەکی سیاسی ڕۆشن و ڕوون و پڕ شانازی و سەروەی کوردانەی ڕەسەن بووە . هەمیشە لەئاوی لێڵدا مەلەی کردوە و هەل و فورسەتی هەژاری و برسێتی و نەخوێندەواری جەماوەری کوردی قۆستۆتەوە و بەپشتیوانی و کۆمەکی دۆلاری زۆر و زەوەندی ئیخوان موسلیمین و ئیغاسە و ڕابیتەی ئیسلامی دونیا و بەناوی هەتیوانە و خەتەنەکردنی مێینە و مزگەوت دروستکردنەوە و ڕەمەزانانەوە لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەک خەڵکی تێنەگەیشتو و لاواز هەڵبخەڵەتێنێت بەڵام لەدوای باش بوونی حاڵی مووچە و دەرامەتی خەڵکەوە ئەو بەناو (( صەحوەی ئیسلامیە )) بەرەو کشو ماتی و بێهێزی ڕۆیشتوو یەکگرتوو دەنگ و صەدای بەهێزی نەماوە لەناو جەماوەردا .. لەڕێگەی بەناو ئەو کۆمەک و یارمەتیەوە سەرانی یەکگرتوو لەڕێگەی دزی و خواردنی ماڵی هەتیوان بە فاحیشە

www.dengekan.com

هەموانیان دەولەمەندبوون و بوونە خاوەن كۆشك و بارەگاو ئۆتۆمبێل و ڕەفاهیەت و هیچ كاتێكیش شەرەفی بەرەنگاربونەوەی چەكداریان دژی ڕژێمی بەعسی صدامی پێنەبڕاوە و كەمترین خوێن و فرمێسكیان بۆ كوردو كوردوستان ڕشتووە .

2. یەككگرتوو ئەگەر بەڕاستی بەتەنگ یەك و یەكبونەوەی ریزەكانی كوردو ئیسلامیەكانەوە بهاتایە نەدەبوو خۆیان جیابكەنەوە و بەلیستێكی جیا لە هاوپەیمانی كوردوستان كە هەموو پارت و ڕێكخراوە عیلمانی و ئیسلامیە ڕەسەنەكانی كوردایەتی تیادا كۆبۆتەوە و بەگوێرەی ئایەتی (( وتعاونوا علی البر والتقوی ولاتعاونوا علی الاثم والعدوان )) یان (( واعتصموا بحبل الله ولا تفرقوا )) یان لەژێر تیشكی فەرموودەی پێغەمبەری مەزندا كە دەلێت (( انصر اخاك ظالما او مظلوما )) كاریان بكردایە . ئەگەر یەككگرتوو گوێڕایەڵی ئایەت و فەرموودەكان ناكات و بیری كوردایەتی و ئیسلامیەتیشی خستۆتە لاوە ئیتر هەق نیە ناوی بنرێت یەككگرتوو بەڵكو وەك لەناو ڕەوتە ئیسلامیە كوردیەكاندا بەناوبانگە پێی بووترێت (( خواگرتوو )) چونكە پێشینانیش ووتویانە (( بزن كە ئەجەلی هات نانی شوان دەخوات )) خواگرتووش بەدەردی ئەو بزنە لاتە چووە كە نانی شوانەكە دەخوات و لە ئەنجامیشدا تێهەڵدان



www.dengekan.com



و تووڕهەڵدانی بەرەو زبڵدانی مێژوو پێدەبڕێت و ریسوایی هەردوو دونیاشی بۆ دەمێنێتەوە چونكە (( ڕێوی لەكون و لانەی خۆی هەڵبگەڕێتەوە گەڕ دەبێت )) خواگرتووش دژی خوا و پێغەمبەر و نەتەوە و ئیسلامیش هەڵگەڕاوەتەوە بۆیە لەبەرچاوی جەماوەرو لەداهاتووشدا وەك ئەو ڕێویە گەڕە سەیر دەكرێت .

3. خواگرتوو چەند ساڵە خۆڵ دەكاتە چاوی سەران و كادران و جەماوەری خۆی و كوردوستانیشەوە بەوەی كە ڕێكخراوێكی نەرم و نیان و شەرمن و ترسنۆك و ئیصلاحی و چاكە خواز و هەڵگری ئالآی ئازادی و دیموكراسی و ڕزگاركردنی ئافرەتان و بەشداربووی پرۆسەكانی هەڵبژاردنە..

لێرەدا دەڵێین لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆ پاك و بێگەردی ئاینی پیرۆزی ئیسلام . بەلآم لە هیچ ئایەت و فەرموودەیەكدا باس لە دیموكراسەیەت نەكراوە هەربۆیەش یەك خەلیفەی موسوڵمانان بە هەڵبژاردن نەهاتوە . ئیسلام هەرگیز لەگەڵ ئازادی و سەربەستی ئافرەتاندا نیە و تەنها ماڵ و منداڵ و ئیطاعەی مێرد بەجێگەو كاری شیاوی ئەوان دەزانێت , ئیدی نازانین چۆن (( خواگرتوو )) ئەم دیاردە و سیما دیكموكراسیانە و ڕۆژئاواییانەی بۆ خۆی حەلآل كردوە و گوێی نەداوە بەو هەمو ئایەت و فەرموودانە . یان ئەوان لە پێناو كاری سیاسی و پلە و

پۆست و کورسی پەڕلەماندا هەموو ڕێگە و وەسیلەیەك دەگرنە بەر بۆ گەیشتن بەئامانج .

4. (( خواگرتوو )) کەلەناو باڵە جیاوازە ئیسلامیە کوردوستانیەکاندا بەم ناوەوە ناودەبرێت بە چ یاساو بە چ هەڵبژاردن و لە چ دەنگدانێکی جەماوەریدا خۆی کردۆتە دەم ڕاست و نوماینەدەی خواو پێغەمبەر و ئیسلام و قورئان لە کوردوستاندا ئەگەر بەخەباتی شاخ و چەکداری و بەرەنگاری ڕژێمی بەعس بێت ئەوا دەبێت ( بزوتنەوەی ئیسلامی یان کۆمەڵی ئیسلامی )) ئەو پۆستەیان بدرێتیٚ نەك خواگرتوو کە خاوەن شەرەفی ئەو خەبات و خوێنبەخشینە نیە لەپێناو کوردایەتی و ئیسلامیشدا . کوردو کوردوستان هەر لەسەرەتای ئیسلام و خەلیفە عومەری کوڕی خەتابەوە موسڵمان بونە و ئیسلامیان وەك دینێکی ئاسمانی پاك و بێگرد قبوڵ کردوە و لەوکاتەشەوە چەندین ڕۆڵەی بەئەمەکی پێشکەش کردوە بە ئیسلام و دونیای ئیسلامیەت و کەسیش ئەگەر تەنها بەتەسکەرەش موسوڵمان بێت هەرگیز ڕازی نیە بچێتە سەر دینێکی تر ئیدی بۆ خواگرتوو خۆی لێکردووین بە فریشتەو بیٚ گوناه و خزمەتگوزار و کوردیشی کردۆتە زەندیق و هەڵگڕاوە و کافر و هیچیشی پێشکەش بەکورد نەکردوە ئەگەر مەرامی سیاسی لە پشتەوە نەبووبێت .و ئیدی ئیصلاح و چاکە





خوازی خواگرتوو لەکویٚ دایە کەخۆی بۆتە سەرەنێزەی جیابونەوە و تێکدانی ڕیزەکان .

5. خواگرتوو باس لەگەندەڵی و فەساد لەدەسەلاتی کوردو حکومەتەکانیدا دەکات , ئێمەش دەڵێن و ووتوشمانە بەڵیٚ گەندەڵی و کەموکوڕی و لادان و دواخستن لە ئیشو کاری حکومەتدا هەیە بەلاّم خۆ ئەم گەندەڵیە نەك هەر لە کوردوستان بەڵکو 70٪ ی عێراق و سەرجەمی ولاّتانی ناوچەکە و عەرەب و ئیسلامیشی گرتۆتەوە ئیدی بۆ دەبێت بۆ کورد عەیب و بۆ ئەوان عیبرەت بێت . ئاشکرایە حکومەت لە ئەنجامی کارو پڕۆژەی زۆر و ئاوەدانکردنەوەی کوردوستانی کاول و وێران و کیمیاوی و ئەنفالدا و بوونی ژمارەیەکی کەمی کەسانی نەفس نزم تووشی هەڵە و گەندەڵی بوە بەلاّم لە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتگوزاری و کار ەچاك و گەورە و گرنگانەدا بەراوورد ناکرێت , بەلاّم خواگرتوو وەك هەنگێکی لەداردا دۆزیبێتەوە و سەری زمان و بنی زمانی باس لە گەندەڵیٚ دەکات . ئەگەر ڕاست دەکەن ئەی بۆ لە ساڵی 1996 وە بەشداریت لە حکومەتی هەولێر و ئەی بۆ مانگانە نثریەکەت لە حکومەتی سلێمانی وەردەگریت و گویٚ نادەیتە گەندەڵی , ئەگەر کەسێکی چاودێر و ووردبین و بیٚ لاین بەئامارێك سەروەت و سامان و داهاتی سەرانی خواگرتوو لەپێش ڕاپەڕین و دروستکردنیانەوە

www.dengekan.com

و لەئێستادا بەراوورد بكات دەزانرێت كە چەند جیاوازی هەیە و ئایا ئەو جیاوازیە لە كوێوە هاتووە ئەگەر سەرانی خواگرتوو بۆ خۆشیان گەندەڵ نەبووبن لەڕێگەی نامەشروع و لەسەر حساب و بەناوی كوردەوە دزی و فزیان نەكردبێت . بۆیە دەبێت كەسێك ماڵی لە شووشە بێت نابێت بەرد بگرێتە ماڵی خەڵكی . خۆ ئەگەر ئەوان گەندەڵ بن ئەوا بەدڵنیاییشەوە ئێوەش بەشتان پێوەیەتی , خۆ بانێك و دووهەوانیە لە خێردا بەشدار بن و لە شەڕو خراپەدا خۆتانی لێببوێرن . ئەمە دوو ڕوویە و لەئیسلامیشدا كەسی دووڕوو مونافیقە و مونافیقیش سزای گەورەی هەیە لە ڕۆژی دوایدا .

- لەكۆتاییدا دەڵێین یەكگرتوو بەم هەڵوێستەی پەردەی لەسەر ڕووی خۆی لادا و بە ڕووە ئاشكراو ڕاستەقینەكەی خۆیەوە دەركەوت كە دژایەتی كردنی كوردو كوردوستانە و هیچ كاتێك خەمخۆری ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری كورد نەبوە و تەنها و تەنها لە ژێر ئیعازو فەرمانی غەیرە كوردا بوە و هەمیشە ئەوامری لە دەرەوەی كوردوستانەوە وەرگرتوە كە ئەوەش لە كوردا پێی دەوترێت كاسەلێسی و جاشایەتی كە هەمیشەش نوشستی لەدوابوە و یەكگرتووش بەم كارەی بۆتە جێگەی



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

ڕووڕەشی و ڕیسوایی هەردوو دونیاو بەرنەفرەتی نەتەوە و مێژوو نەوەكانی داهاتووش دەكەوێت .. گەر تۆبە و پەشیمان نەبێتەوە و داوای لێبووردن لە گەلی كورد نەكات ..

---

* ئەم ووتارە لە سایتی ئینتەرنێتی كوردوستان پۆستدا بڵاوكراوەتەوە

# بەشی دووەم





لەیادی 31 ساڵەی دامەزراندنیدا

یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

## ڕابەری

## سەرهەڵدانەوە و مقاوەمەت و دەسەلاٚت و نوێبوونەوە*

❖ لەمێژووی گەلاندا هەمیشە ڕێکخراوە سیاسی و شۆڕشگێڕە ڕەسەنەکانی هەڵقولاٚوی ناو ناخی جەماوەر و زادەی زەرورەتی قۆناغ و خۆڕسك و مێژوو کردەکان . ڕۆڵێکی ئاکتیڤ و بەرچاویان هەبووە لەکاروانی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی و بەدەسهێنانی سەربەخۆیی گەل و نیشتیمانەکانیاندا, ئەو ڕێکخراوانە هەر لەڕۆژی سەرهەڵدان و لەدایك بونیانەوە ڕووبەڕووی گەلێك نسکۆ و سەرکەوتن و ململانێی ناوخۆیی ودەرەکی دەبنەوەو هەمیشە دوژمنانیان بەربەرەکانیان دەکەن لەڕێگەی شۆڕشی چەواشەو پەرچە شۆڕشەوە و لێکترازانی ڕیزەکانی و گەلێك پیلانی نەگریس

www.dengekan.com

وچەپەڵانەی وەها دادەنێن بەنیازی لادانی لەشاڕێگەی خەباتی ڕەسەن و ڕەوای خۆی , بەڵام سەرئەنجام ئەو ڕێکخراوە سەرکەوتن هەمیشە لە چانسی ئەو دەبێت و دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و بەرنامەی کاری سیاسی خۆی پێشکەش بەجەماوەرەکەی بکات کە ساڵانی خەبات مقاوەمەتی لەپێناودا کردوە, جاڕێکخراوی زیندوو هەمیشە لە خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندایە لەگەڵ ڕوودا و پێشهاتەکانی سەردەم بۆ ئەوەی درێژە بەمان و خەباتی خۆی بدات لەپێناو پێشکەشکردنی باشترین و زۆرترین خزمەتگوزاریدا و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان وگوزەرانی کۆمەڵگا و گەیشتن بەسەرجەم ئامانجەکان .

- لەمێژووی گەلی کوردیشدا و لەکاروانی خەباتی خوێناوی دوورو درێژی کوردایەتیدا چەندین ڕێکخراو و پارتی سیاسی سەریان هەڵداوە و بۆ ماوەیەك وەك ئەستێرەیەکی گەش لەئاسمانی کوردایەتیدا درەوشاونەتەوە, بەڵام مەخابن نەیانتوانیوە ئەو کاروانی خەباتە بگەیەننە دوامەنزڵی سەرکەوتن. بەهۆی هۆکارو فاکتەری خۆیی و بابەتیەوە لەناوخۆو دەرەوەی کوردوستان و ناوچەکەدا , کەبۆتە هۆی شکست و نسکۆو پوکانەوەیان.



www.dengekan.com



بەڵام لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەوە و ڕێك لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی 14 ساڵ تەمەنەوە و لە 1975/6/1دا و لەدەرەوە وولات و لە کافاتریایەکی شاری دیمەشقی پایتەختی وولاتی سوریا لەلایەن 7 تێکۆشەری کوردایەتیەوە یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان نوسراو ڕاگەیاندرا و بلاوکرایەوە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە 1970/6/1وە و لەناو هەناوی شۆڕشی ئەیلولدا بناغەی کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردوستان لەڕێگەی ئەڵقە ڕۆشنبیریەکانەوە دامەزرابوو و چالاکی خۆی دەنواند بەنهێنی و ژمارەیەکی بەرچاوی تێکۆشەرانی لەناودا کۆکرابۆوە . ئیدی ڕۆژی ئیعلانکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بوە ڕۆژێکی پرشنگدارو مێژوویی لە خەباتی کوردایەتیدا و سەرەتای سەردەمێکی نوێ بوو بۆ کوردان و دوای ئەو بانگەوازەش و لەدوای ساڵێکی ڕێك لە 1976/6/1دا شۆڕشی چەکداری لەکوردوستاندا دەستی پێکردەوە و چەخماخەی شۆڕش لەسەر زەمینەی کوردوستان هەڵگیرساو بەمەش وەك زەنگێکی ناوەخت وابوو بۆ دوژمنان چونکە هیچ کاتێك چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد کە لەماوەیەکی کەمدا کورد بتوانێت لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول شۆڕش دەستپێبکاتەوە و بچێتەوە بەگژ ڕژێمێکدا کە هەموو دونیا

پشتگیری و هاوکاریان دەکرد و کوردیش تاکە دۆست و پشتیوانێکی تەنها و تەنها بیرو باوەڕو ڕەوایی مەسەلەکەیی و شەرعیەتی مقاوەمەت و چیا سەرکەشەکانی کوردوستان و جەماوەرکەی بوو و هیچ تروسکایەکی ئومێد و ڕۆشنایی بەدینەدەکرا .

یەکێتی لەخۆڕاو لە چرکەیەکی ناوەختی زەمەندا لەدایك نەبوە , بەڵکو لە بنچینەیەکی پتەوی زەرورەتی قۆناغ و ئەو سەردەمەی کە دۆخی کوردی پیادا تێپەڕدەبوو لەدایك بوەو یەکێتی وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی پێك هاتبوو کە ئەمەش بۆخۆی و بۆ ئەو سەردەمە کارێکی نوێ بوو کە تاکە ڕێکخراوێك 3 باڵ و ئاڕاستەی فکری جیاواز لەخۆیدا کۆبکاتەوە و کە هەموویان تێکۆشەرانی نەتەوەیی و چەپ و نیشتیمانی و ئاڕاستە فکریە جیاوازەکانی تر بوون و کوردایەتی خاڵی کۆکردنەوەیان بوو و هەمووشیان لەسەر مقاوەمەت و شۆڕش یەك دەنگ بوون و پێکەوەش ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و بەربەست و پیلانەکانی دوژمنان بونەوە و مژدەی سەرلەنوێ درەوشانەوەی ئەستێرەیەکی گەشتر لەهەموو ئەستێرەکانی ڕابووردویان لەئاسمانی کوردایەتیدا ڕاگەیاند بەگەلی کوردو دووست و دوژمنانیش .



www.dengekan.com



لەسەرەتاوە زۆر لە دۆستەکانیش بەئومێد نەبوون لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە نوێیە بەلاّم خۆڕاگری و گیانی مقاوەمەت و ڕەسەنایەتی شۆڕشەکە زامنی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون و تێپەڕاندنی ڕۆژە سەختەکانی سەرهەڵدانەوە و بەگژداچونەوەی پیلانەکانی دوژمنان هەر لە گەلەکۆمەکی تورکیاو ئێران و عێراق بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکە لەلانکدا و دواتر هەلاّیسانی شەڕی ناوخۆی براکان و جیابونەوەی باڵەکان و گەلێك پیلان و بۆسەی وا کە تەنها لەتوانای یەکێتیدا بوە کە سەربەرزانە لێی دەربچێت چونکە یەکێتی بۆخۆی لە ئەنجامی ژانێکی سەخت و لە منداڵدانی ڕەسەنی کوردایەتیدا لە دایك ببوو بۆیە توانی لەبەردەم ئەم هەموو پیلانانەدا خۆی ڕابگرێت و درێژە بەمقاوەمەت و شۆڕش و خەباتی چەکداری و فکری و ئایدۆلۆژی و دیپلۆماسی خۆی بدات کە ئاماجی بەدیهێنانی ئازادی و ڕزگاربوون و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی هوشیاری مەدەنی ودیموکراسی بوو.

یەکێتی قۆناغی سەختی سەرهەڵدانەوەی تێپەڕاندو پێی نایە قۆناغی مقاوەمەت و بەرگریەوەکە قۆناغێکی خوێناوی و درێژخایەن و سەخت بوو بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەخت و بەتوانا و هێزی مادی و مرۆیی و داخ لەدڵ لەبەرامبەر

مەسەلەی كوردو توانی لەم قۆناغەشدا بەسەركەوتووی دەربچێت و ببێتە تاكە هێزی سیاسی و سەربازی لەسەرجەم ناوچەكانی كوردوستاندا بەشێوەیەك كە لەلایەن ڕژێمی بەعس و هەموو دۆست و دوژمنەكانەوە حسابی بۆ بكرێت و لە هاوكێشە و بەلأنسی هێزەكاندا لەبیر نەكرێت و بوە هێزێكی دیفاكتۆ كەهەمووان بەناچاری مامەڵەیان لەگەڵدا كرد و ئینجا كەوتنە هاوكاری و پشتیوانی لێكردنی لەڕووی مادی و لۆجستی و ...هتد.

كورد لەسایەی شۆڕشی نوێدا بەڕابەرایەتی یەكێتی جارێكی تر دەنگی گەیشتەوە هەموو ناوەندە بڕیار بەدەستەكانی ناوچەكە و دونیا و ڕۆژ بەڕۆژ گەشەكردووتر و گەورەتر و سەنگینتر دەبوو لەهەموو ڕووەكانەوە و توانی گیانی بەرگری بەهێز و پتەو بكات و ورەی ڕووخاوی سەردەمی نسكۆ بەرز بكاتەوە و گیانی ئومێد و سەركەوتن لای جەماوەری گەل دروست بكاتەوەو بەرگری لە سیاسەتەكانی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر بكات و مقاوەمەتی ئەنفال و كیمیاوی باران و جینۆساید بكاتەوە و كەوتە خۆ بۆ كۆكردنەوەی سەرجەم هێز و پارتە سیاسی و چەكدارەكانی كوردوستان بۆ ئەوەی هەموان پێكەوە ڕووی چەك و بەرگریان بكەنە ڕژێمی بەعس و ئەوەبوو لەساڵی 1988دا بەرەی یەكگرتووی كوردوستانی





دامەزرا كە هەنگاوێكی گەورە بوو بەئاڕاستەی نزیك بونەوە لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس . خوێندنەوەی ڕوودا و پێشهاتەكانی ئەو سەردەمە لەلایەن سەركردایەتی كوردەوە بەڕاست و دروستی و خۆ ئامادەكردن بۆ ڕۆژێكی نادیار بەلأم مژدە هێن بۆ كورد ئەوەبوو لەدوای شەڕی عێراق _كوێت كورد توانی ڕاپەڕینێكی گەورەی مێژوویی لە بەهاری ساڵی 1991دا بەرپا بكات و لەماوەی كەمتر لەمانگێكدا هەموو كوردوستان لە دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەكانی بەعس پاك بكاتەوە و كە ئەمە یەكەمین جار بوو بەدرێژایی 70 ساڵی حكومەتی عێراقی كەكورد هەموو كوردوستان ڕزگار بكات بەشاری كەركوكی قودس و دڵی كوردوستانیشەوە .

بەم شێوەیە یەكێتی توانی قۆناغی مقاوەمەتی شۆڕشگێڕیش بەسەركەوتووی ببڕێت و بەمەش بوە تاكە ڕێكخراوێكی سیاسی لەمێژووی كوردایەتیدا كە لەماوەیەكی كەمی 16 ساڵیدا بتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت و گەل و نیشتیمانەكەی ڕزگار بكات و لەئەنجامی هەڵبژاردنێكی دیموكراسی بێ وێنەشدا لەناوچەكەدا بۆ یەكەم جار پەرلەمان و حكومەتێكی كوری دابمەزرێنێت و نیوەی دەسەڵات و كورسیەكانی بەدەستەوە بێت كەلەساڵی 1992دا ئەم پرۆسەیە ئەنجام درا و ئیدی لەو ڕۆژەوە قۆناغی دەسەڵات

www.dengekan.com

دەستی پێکرد و یەکێتی بەهەموو توانایەکیەوە کەوتە خۆ بۆ خزمەتکردنی سەرجەم چین و توێژەکان و ناوچە جیاوازەکانی کوردوستان و جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسیەکەی خۆی بۆ ئەوەی چیدی کورد بەکۆمەڵگایەکی دواکە وتوو هەژار و وێرانکراو نەمێنێتەوە . و ئاستی گوزەران و ژیانی هاولأتیان بەرزبکاتەوە و بواری ئابوری و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و ...هتد ببوژێنێتەوەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێشکەوتنخوازی دیموکراسی دروست بکات .

بەلأم دوژمنان لێنەگەڕان کە کورد لەم هەرێمە دا بەئارەزوو ویستی خۆی بژێت و کەوتنەخۆ بۆ گەلەکۆمەکی کردن بۆ سەر ئەم ئەزموونە و بەتانك و تۆپ و فرۆکە لە هەرسێ لای ئێران وعێراق و تورکیاوە دەخالەتیان دەکرد هەروەك چۆن لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیەوە گەلە کۆمەکیان لێکرد بۆ لەناوبردنی و ئەم جارەش لەڕێگەی هەلأیسانی ئاگری شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی و هەموو حیزبە بچووکەکانی ترەوە توانیان ئەم دەسەلأت و ئەزمونە نوێیەی کورد لاوازبکەن و دوای بخەن لە پێشکەوتن و گەشەکردن و حکومەت کەمتر لە 2ساڵ بەیەکگرتووی مایەوە و دواتر بووە دووکەرت و ئیدی ماڵی کورد و خیتابی سیاسی کورد بوە دوو ئاڕاستەی جیاواز و دوژمنان لەم هەلە سوودیان وەرگرت و ئەگەر پیلانی دوژمنان نەبوایە و لەلایەکی تریشەوە کورد بۆخۆشی هوشیارتر بوایە ئەوا ئەم هەرێمە دەبوە دیفاکتۆ و ڕەنگیش بوایە لەلایەن کۆمەلأنی دەوڵەتانیشەوە دانی پیادا بنرایە و بەلأم بەو هەموو باردودۆخە ئاڵۆزەیشەوە بوە جێگەی متمانە و مامەڵە کردن لەگەڵیدا لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومی و نێونەتەوەییەکانیشەوە و بەهەوڵ و هیمەتی دۆسەتەکانی کورد نەهێڵرا کوردایەتی بچوك و لاواز بکەنەوە وبیگێڕنەوە دۆخی جارانی . لەئێستاشدا بەناچاری و بەمەمنونیشەوە دوژمنانی ناوچەکە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکەن لە ڕێگەی کۆمپانیا ئابوریەکانیانەوە .

یەکێتی توانی پشت ئەستوور بە سیاسەتێکی حەکیمانەو پشوودرێژانە و دڵسۆزانەی بۆ داهاتووی مەسەلە گەورەکەی کورد کۆتایی بەناکۆکیەکانی نێوان هەردوو دەسەلأتی کورد بهێنێت و ئاشتبونەوە ڕابگەیەنێت و دەسەلأت و خیتابی دووکەرت بووی کورد یەك بخاتەوە و جارێکی تر ڕیزەکانی گەلی کورد و کوردایەتی ساز و ئامادە بکاتەوە بۆ ڕۆژگارێکی پرشنگدارتر کە ئەویش ڕووخانی یەکجارەکی ڕژێمی خوێنمژی بەعس بوو لە ساڵی 2003دا بەهاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانان و کورد توانی جێگە و پێگەی شایستەی خۆی وەربگرێت و دەستور بنوسێت و مافە ڕەواکانی گەلەکەمانی



www.dengekan.com

تیادا بچەسپێنێت و ڕۆڵی کارا و ئاکتیڤ بگێڕێت لە بڕیار و سیاسەتی دەوڵەتی نوێی عێراقدا و پۆستی سیادی و گەورە وەربگرێت و کورد بتوانێت ببێتە خاڵی کۆکردنەوە و پێکگەیاندنی ئاڕاستەو سیاسەتە جیاوازەکانی عەرەب و سونە و شیعە و هەمووانی تریش و ببێتە جێگە متمانەیان و بەکۆی دەنگ کوردێك تێکۆشەرێك ماندوونەناسێك و سیاسەتمەدارێك حەکیمێکی وەك بەڕێز مام جەلال بۆ دووەم جار هەڵببژێرێتەوە بەسەرۆکی وولاتێکی زۆرینە عەرەبی 27 ملیۆن کەسی کە ئەمە بۆ خۆی لەلایەکەوە کارێکی زۆر ئەستەمە یان موعجیزەیە لە ناو ناوچەیەکی عەرەبی و ئیسلامی سەردەست و خۆسەپێن و نەتەوەپەرستیدا و لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوە کە کورد ئەگەر هەلی بۆ هەڵکەوێت دەتوانێت نەك تەنها ئیدارەی خۆی بکات بەڵکو وولاتێکی گەورەی وەك عێراقیش و زیاتریش بدات , هەر کورد بوو بوە زامنی پاراستنی یەکپارچەیی خاك و گەلی عێراق و هەڵنەیسانی شەڕی ناوخۆی نێوان شیعە و سونە و ..هتد هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە تائێستاو لەداهاتووشدا بەدەست دێن دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوو پێشهاتەکان بەڕاستی و دروستی لەلایەن سەرکردایەتی کوردە وە و لەناویشیاندا ڕۆڵی یەکێتی و بەڕێز مام جەلال پرشنگدار





و درەوشاوەیە هەربۆیە یەکێتی و مام جەلال بونەتە ئەو کاریزمایەی کە داهاتووی عێراقیان لەسەر بەندە و ئومێدی دواڕۆژێکی ڕوونیان لێدەکرێت .

ئاشکرایە یەکێتی هەموو ئەو قۆناغە ناسك و هەستیار و پڕمەترسیانەی بەڕووبارێك خوێن و فرمێسك تێپەڕاندوە و بەسەریاندا زاڵبوە ,یەکێتی لە ڕۆژی سەرهەڵدانیەوە تاکو ئێستا ڕێکخراوی ڕۆژانی سەخت و تەنگانە و بەرەنگاربونە وەو مقاوەمەت و شۆڕش بوە . لەمێژووی خەباتی خۆیدا گەلێك نسکۆی پشت شکێنی بەسەردا هاتووە کە تەنها یەکێتی بوە توانیویەتی خۆی ڕابگرێت و هەڵبسێتەوە و بەردەوام بێت لە خەباتە ڕەواکەیدا و ئەگەر هەر ڕێکخراو یان حیزبێکی دی بوایە دەیان جار توابۆوە و نەمابوو .بەلاّم یەکێتی چونکە ڕێکخراوێکی تێکۆشەرانی بیر و بازوو بوو هەروا مێژوو کرد و خۆڕسکی ناو هەناوی جەماوەر و کوردایەتی بوو و زەرورەتی قۆناغەکەش هێنابویە لەدایك بوون و سەریهەڵدا بوو , هەروا چونکە خاوەن ڕچەو و ڕێبازێکی فکری و ئایدیایەکی تۆکمەی شۆڕشگێڕانەی چەپ و پێشکەوتنخوازی عیلمانی بوو وە لەشاڕێگەی خەباتی کوردایەتی لای نەدابوو , توانی بەسەر

www.dengekan.com

هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ ببێت و شکست بە شکست بهێنێت و هەموو جارێك لەو نسکۆیانە بەسەربەرزانەتر و بەهێزتر و یەکگرتووتر دەردەکەوتەوە ودەیتوانی قۆناغەکە تێپەڕبکات .

یەکێتی لەدوای ساڵی 1991وە و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و بەتایبەتیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003دا زۆر لەجاران گەورەتر و بەربڵاوتر بوو دوای ڕزگار کردنی شارەکانی کەرکوك و خانەقین و موصڵ و بەغدا و..هتد , ڕێکخستن و هێزەکانی و جەماوەرەکەشی سەدان جار زیادیان کرد و فراوان بوون و هەمە جۆرە هەڤاڵی نوێ هاتە ناویەکێتیەوە بەجیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوە و فکرەوە , هەربۆیە کارێکی ئاساییە کە هەر کاتێك ڕێکخراوێکی بچووکی کوردوستانی لەسەر هەموو عێراق بکرێتەوە و لەئەرك و دەسەڵاتێکی بچووکی شاخ و شاری کوردوستانەوە بچێتە ناو هەموو عێراقەوە , قورساییەك یان لادانێك لەبەرنامەی کارو پلان و ئەرك و دەسەڵاتەکانیدا دروست ببێت و نەتوانێت بەشێوازێکی تۆکمە و بێ کەموکوڕی ڕابپەڕێنێت و کۆنترۆڵی سەد دەر سەدی هەموو ئیشوکارەکان بکات , چونکە پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی نوێ جۆرەها ئیفرازات و لادا ن و جۆرێك لەگەندەڵی خراپ و لادان لە فکر و بەرنامە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت , بۆ خۆشی یەکێتی لە بنچینەدا





لە فکر و ئاڕاستە و مینبەری جیاواز پێك هاتوە و دیاردەی ململانێی و ناکۆکی نێوان ئەو ئاڕاستانە لەناو یەکێتیدا کارێکی ئاساییە و پێشبڕکێیەکی شەریفانە بوە و هەمیشە لەپێناو یەك و یەکگرتوویی و بەهێزی یەکێتیدا بوە نەك وەك دوژمنان سەیری دەکەن بەخاڵی لاوازی یەکێتی . چونکە هەمووان بەسەرکردایەتی و جەماوەرو بنکەی یەکێتیەوە ئەو ڕاستیە باش دەزانن کە بەهێزی و حساب بۆکردنیان هەموو بەندە بە بەهێزی یەکێتیەوە نەك گروپچێتی و ناوچەگەرێتی و ...هتدوە وچونکە بەنەمان یان بچوك بونەوە ولاوازبوونی یەکێتی هەموان زەرەر دەکەن و لەپێشیشیانەوە مەسەلە گەورەکەی کوردایەتیە .

هەربۆیە لەم قۆناغەدا یەکێتی پێویستی بە پرۆسەیەکی هێمنی لەسەر خۆو دووردرێژی نوێبونەوە وچاکسازی هەیە لەناو هەموو ئۆرگانەکانی خۆیدا بۆ بەسەرداچونەوە و داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمەتری وا کە وەڵامدەرەوەی قۆناغەکە بێت و یەکێتی بتوانێت بەبیرو خوێن و عەقڵ و توانای نوێوە ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و ڕووداوەکان و داواکاری جەماوەر ببێتەوە و بتوانێت خۆی ساز و ئامادە بکات بۆ زیاتر خزمەتکردنی سەرجەم چین و توێژەکان و ناوچە جیاوازەکانی کوردوستان بێ جیاوازی و بتوانێت زۆرترین جەماوەر لەدەوری بەرنامە سیاسیەکەی خۆی کۆ بکاتەوە . ئەم پرۆسەیەش گەلێك هەستیار و مەترسیداریشە و پێویست

www.dengekan.com

بەهەڵچوون و توندڕەوی و پەلە کردن ناکات بەڵکو دەبێت عەقڵێکی حەکیم و داناو ژیرو پشوودرێژ ڕابەرایەتی بکات و هەمووان لەسەر یەك بەرنامە و بەیەك ئاڕاستەو بەیەك گوڕ وتینەوە کار بۆ سەرکەوتن و جێبەجێکردنی بکەنەوە دوور لە لێکدانەوە و دەسکەوت و بەرژەوەندی شەخصی و ناوچەیی و گروپچێتی . بۆیە ئەم پڕۆسەی نوێبونەوەو چاکسازیە بۆتە داواکاریەکی سەرجەمی تێکۆشەرانی ناو یەکێتی و جەماوەرەکەشی و سەرکەوتن لەم پڕۆسەیەدا بەمانای مانەوە و بەردەوام بوونی یەکێتیە لە خەباتی کوردایەتی و ڕابەرایەتی کردنی مەسەلەی کوردا بۆ گەیشتن بەدوا مەنزڵی سەرکەوتن ..

بەدڵنیاییەوە چۆن یەکێتی توانی ڕۆژانی سەختی سەرهەڵدانە و مقاوەمەت و دەسەلات تێبپەڕێنێت و سەربەرز و پتەو و بەهێز و یەکگرتویەوە تیایدا دەربچێت ئاوهاش لەم پڕۆسە گرنگەی نوێبونەوە و چاکسازیەشدا دەتوانێت زۆر لەجاران سەربەرز و بەهێز دەربچێت و دڵی دوژمنان بتەقێنێت کە گرەویان لەسەر هەڵوەشانەوەو جیابونەوەی یەکێتی کردبوو وە دڵی هەڤالان و دۆستەکانی و جەماوەرەکەشی شاد و دڵخۆش بکات و ئومێدی سەرکەوتنی زیاتری بەداهاتوویەکی گەشاوەتر لای هەموان دروست بکات و ببێتەوە جێگە متمانەی هەموان و بۆ هەمیشەش هەر بە ڕابەر و پێشەنگ بمێنێتەوە ...





*ئەم بابەتە چانسی بلاوکردنەوەی لە گۆڤارو سایتەکاندا بەرنەکەوتوە.

لەبەردەم هەڵبژاردنەکانی ڕێکخستندا...

## پڕۆسەی نوێبونەوە یەکێتی بەهێزتر دەکات نەك لاواز و بەرەو هەڵوەشانەوەی دەبات .....*

❖ یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەسالی 1975دا وەك ڕێکخراوێکی سیاسی

www.dengekan.com

ڕەسەن و شۆڕشگێڕی کوردایەتی هاتە مەیدان و لەکاروانی خەباتی 31 ساڵەی خۆیدا چەندین جار ڕووبەڕووی نسکۆ و کارەسات و جیابونەوەی براکان و شەڕەکانی ناوخۆ بۆتەوە لەگەڵ دوژمنەکانی گەلی کوردو مەسەلە ڕەواکەیدا و لەگەڵ هێز و پارتە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردوستانیش, ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتی سروشتی دامەزراندنیشی وەك ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی کە چەند باڵ و ئاڕاستەی فکری و سیاسی جیاوازی لەخۆ گرتبوو هەمیشە لە ململانێ و کێبڕکێی ناوخۆیشدا بوە, کەهەر ئەم ململانێی ناوخۆییانەشی بونەتە هۆکاری بەهێزبوونی و ڕەگ داکوتانی لەناوجەماوەردا و نهێنی سەرکەوتنەکانیشی و زاڵبوون بەسەر کێشە و ململانێ ناوخۆی و دەرەکیەکانیشی هەر بۆ بوونی ئەم ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن و جیاوازی فیکر و مینبەر و ئاڕاستە جیاوازانە بوە لەناو سەرکردایەتی و بنکەی ڕێکخستنەکانیشیدا.

یەکێتی هەموو قۆناغە هەستیار و سەخت و دژوارەکانی تێپەڕاند هەر لەکارەساتی هەکاری و جیابونەوەی براکان و شەڕی بەرامبەری دوژمن و کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و دواتریش شەڕەکانی ناوخۆی شاخ و شار و کارەساتی مانگی ئابی 1996 , کە ئەگەر ئەم کارەساتانە بەسەر



www.dengekan.com



هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی تردا بهاتایە بەدڵنیاییەوە هەر نەدەماو بچوك و دەپوکایەوە , بەلاّم بەتەنها یەکێتی بوو کە توانی بەرەنگاری ئەو کارەساتە پشتشکێن و جەرگ بڕانە بکاتەوە و نهێنی سەرکەوتنەکانیشی کە لەدوا هەموو کارەساتێك بەهێزتر و سەرکەوتووتر و یەکگرتوتر و تۆکمەتر دەهاتە دەرەوە و قۆناغەکەی تێدەپەڕاند ئەوەبوو کە یەکێتی ڕێکخراوێکی هەڵقولاّوی ناو جەماوەری پان و پۆڕی گەلی کوردبوو و وەلاّمدەرەوەیەکی واقیعیانەی قۆناغەکەبو و زەرەورەتی بارودۆخەکە هێناویەتیە بوون , لەهەموو ئەو قۆناغە ناسکانەشدا کە یەکێتی پیایدا تێپەڕیوە و بەئێستاشەوە دوژمنانی گەلەکەمان و ناحەزانی ناوخۆو هێزە کوردیەکانیش گرەویان لەسەر ئەوە کردوە کە یەکێتی بەرەو نەمان و بچوکبونەوە و لێك هەڵوەشان دەچێت و لاواز و بێهێز دەبێت . بەلاّم خۆشبەختانە بەپێچەوانەی حەزو پیلان و ئاواتی دوژمنەکان و ناحەزانەوە یەکێتی بەهێزتر و گەشەکردوتر و کاریگەر تر لێی دەربازبوە .

- لەئێستاشدا کە یەکێتی بڕیاری خۆڕێکخستنەوە و خۆ نوێکردنەوەی داوە لەسەرجەم ئۆرگانەکانی ڕێکخستنەکانیدا بەمەبەستی بەشداریکردنی توانا و کەسانی نوێی کە بەبیر و خوێن و لێهاتووی تازەوە بەشداری لەو پرۆسەی نوێبونەوەی یەکێتیدا بکەن و بتوانن تەکانێکی بەهێزی پێبدەن بۆ پێشەوە

بۆ ئەوەی یەکێتی ڕزگار بکەن لەو خەوش و گەندەڵی و سستی و ساربونەوە و خوێن وتوانا لاواز و کۆنانەی کە یەکێتیان تووشی خاوبونەوە و خوێن ساردی کردوە .

ئەم پڕۆسەیە زۆر هەستیار و گرنگە وبە تەنها ڕێکخراوێکی زیندوو وبوێری وەك یەکێتی دەتوانێت پێی هەڵبسێت ,چونکە پڕۆسەکە گەلێك گەورە و مەترسیدارە بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا کە زۆر کەس و لایەن لە پارتە سیاسیەکانی ناو کوردوستان (( جارێکی تریش وای بۆ دەچن کە یەکێتی لەم پڕۆسەیەدا دەرناچێت و تووشی شکست و بچوك بونە و لاوازی و لێك هەڵوەشان دەبێتەوە و تەنها تەمەنی درێژی 6 مانگی ترە )) . بەڵام ئەوان خەیاڵیان خاوە و نازانن هەمیشە نهێنی سەرکەوتن و گەشەکردنی یەکێتی و مانەوە و بەردەوامی و کاریگەری لەناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشدا بریتی بوە لە خۆنوێکردنەوە و خۆڕێکخستنەوە بێ سڵەمینەوە لەوەی کە هەندێك کادر و ئەندامی خۆ هەڵواسێنەر کە تەنها مەبەستیان لە بەدەستهێنانی پلەو پایە و ئیمتیازاتە و هیچی تر زویر دەبن یان جیادەبنەوە و سەنگەر دەگوێزنەوە نازانن یەکێتی بە دوورکەوتنەوەی ئەو جۆرە کەسانە ڕیزەکانی خاوێنتر و پتەوتر و تۆکمە تر دەبێت ,,



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

لەئێستادا و لەئەنجامی ئەو هەموو تاڵی و سوێریانەی‌کە لەکاروانی خەباتی 31 ساڵەی یەکێتیدا بەسەر سەرکردایەتی و بنکەکانی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەیدا هاتوە هەموویان ئەو ڕاستیە باش درك پێدەکەن و تێیگەیشتون کە (( مانەوە و سەروەری و بەردەوامی و دەسەڵاتیشیان بەندە بە مانەوە و یەکگرتووی و بەهێزی یەکێتیە وە )) هەر بۆیە هەموویان توند دەستیان گرتوە بە ئەڵقەی یەکێتی ناو یەکێتیەوە و بەهیچ جۆرێك ڕێگە نادەن ململانێکانی ناوخۆیان بگاتە ڕادەی لێکترازانی ڕیزەکان و هەڵوەشانەوە و بچوك بونەوەی یەکێتی و هیچ کەس و گروپێکیش چەندە خۆی بەبەهێز دابنێت لەناو یەکێتیدا ڕێگە بەخۆی نادات ئەو هەموو سەروەری و خەبات و مێژووە پڕشنگدار و خوێن و شەهید و فرمێسکانەی کە یەکێتی تۆماری کردوە و بەخشیویەتی بگۆڕنەوە بەدەسکەوتی مادی و دەسەڵات و بەرژەوەندی تاکە کەسی و گروپەوە .

- هەربۆیە بەدڵنیاییەوە یەکێتی لەم پڕۆسە گرنگەشدا بەپێچەوانەی خواست و ویستەکانی ناحەزان و دوژمنانەوە بەهێزتر و پتەوتر و گەشەکردوو تر دەرباز دەبێت و ئەم قۆناغەش تێپەڕ دەکات و خەونەکانی ناحەزانیش وەك بڵقی سەر ئاو دەتەقن و نایەنەدی و یەکێتیش بەسەر خستنی ئەم پڕۆسەی نوێبونەوەیە تەکانێکی گەورەتر دەداتە جەستە و خوێن و فکر و

www.dengekan.com

ئاڕاستە سیاسیەکەی خۆی و دۆزی کورد لەعێراقدا و باشتر دەتوانێت دەسکەوتەکان گەورەتر بچەسپێنێت و هەنگاوی گەورەتریش هەڵبنێت بەرەو ئایندەیەکی گەشتر بەتایبەتیش لە ئێستادا کە ناوچەکە سەرتاپا لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەدایە و پێویست دەکات کوردیش خۆی بە ئالیەت و شێوازی نوێی سەردەمی و توانا و فکری نوێوە خۆی سازبدات بۆ هەموو ئەو پێشهات و گۆڕانکاریانە بۆئەوەی کوردو مەسەلەکەی بچوك نەبێتەوە و جارێکی تر لەدروست بوونی فەوزایەك لەناوچەکەدا پەراوێز نەخرێتەوە و لەبیر نەکرێتەوە ئەو کارانەش بە پارت و ڕێکخراوە سیاسیە زیندو هوشیار و تۆکمە ویتەوەکان دەکرێت وەك یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان نەك بە پارتە تەقلیدی و بیرتەسك و دۆگماو خاوەن عەقڵیەتی خێڵەکی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرێتی و عەشایەری و..هتد .

لەپەراوێزی بەشداریکردنی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆمار لەیادی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ...

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4033 لە 2006/7/30دا بڵاوکراوەتەوە





لەبەردەم هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا...

## عەقڵ و ویژدانی هەڤالآن

## کڕین و فرۆشتنی پێوە مەکەن ...*

❖ ئاشکرایە (( ی ن ك )) وەك هێزێکی ڕەسەن و شۆڕشگێڕی کوردایەتی لەو کاتەوەی دامەزراوە لەساڵی 1975 وە هەمیشە پێشەنگ و ڕابەری داهێنان و خوو نەریتی بەرزی شۆڕشگێڕانەی کوردانە بووە و هەر ئەم داهێنان و نوێبونەوەوانە وایان کردووە کە لەماوەی 31 ساڵی تەمەنیدا هەمیشە وە ك ڕێکخراوێکی زیندوو کارای سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردوستان و عێراق و ناوچەکەش بمێنێتەوە و حسابی بۆ بکرێت و لە هاوکێشەی گۆڕانکاریەکاندا ڕۆڵی هەبێت و دوای چەندین نسکۆ و نوچدانی سیاسی و سەربازی لەکاروانی خەباتەکەیدا توانیویەتی هەمیشە ئەو

www.dengekan.com

قۆناغە ناسك و سەختانە بېڕێت و سەربەرزانەش و بەهێزتر لەجاران ووچان بۆ داهاتوو بگرێتەوە .

هەموو ئەمانەش بۆ ڕۆحی زیندوو و بیری پێشکەوتنخواز و ئایدیایەکی هەڵقوڵاوی ناو ناخی جەماوەری کوردوستان دەگەڕێتەوە کە (( ی ن ك )) وەك پێویستی قۆناغ و سەردەم و ڕێکخراوێکی خۆڕسکی ڕەسەنی کوردایەتی هاتۆتە بوون .هەربۆیە جەماوەر و بنکەی ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگە هەمیشە بەدڵسۆزیەوە لەپێناو جێبەجێکردنی بەرنامەکەیدا بوون.هەرواش بوونی دیاردەکانی دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربڕین و فرە مینبەری لەناو یەکێتیدا بەهەمان شێوە بونەتە هۆی بەردەوامی ژیان و هێزی یەکێتی و داینەمۆی داهێنان و سەرکەوتنەکان و نوێبونەوەکان.

- لە ئێستاشدا و لەم قۆناغە نوێیە و زۆر ناسکەشدا کە کوردوستان و عێراق و ناوچەکەشی پیادا تێپەڕدەبێت کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەشی هەیە بەسەر ژیانی سیاسی و حیزبایەتی لەکوردوستاندا و جۆرێك لە تەنگژە و گێژاوی حیزبی دروست بوە و جۆرە سستی و کەمتەرخەمی و خەمساردیەك لەناوڕیزەکانی حیزبایەتیدا دروست بوە, هەموو ئەمانەش بەهۆی فراوانبوونی جوگرافیای دەسەلات و کار و نفوز و ڕێکخستنەکاندا و پێڕانەگەیشتنی جێبەجێکردنی





داواکاری و داخوازی سەردەمە نوێکە و تێکەڵاوبوونی دەسەلاتی حیزبی و حکومی و زیادبوونی ئیمتیازات و سەروەت و سامانەکان و زۆر جاریش ململانێی دەسەلات لەناو حیزبەکاندا هۆیەکی تر بوون بۆ جۆرە گەندەڵیەك لەناو ژیانی حیزبایەتیدا بەبچووك و گەورەوە .

- ئاشکراشە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانیش وەك حیزبێکی گەورەو دەسەلاتداریش بەدەر نیە لەو کاریگەری و هەڵە و کەموکوڕی و ململانێیانە.و بگرە زیاتریش هەستی پێدەکرێت .هەربۆیە ماوەیەکە لەناو بنکە و سەرکردایەتی یەکێتیدا داواکاری ڕیفۆرم و چاکسازی و تەنانەت پاکسازیش بەرزبۆتەوە وبەنیازی توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکان و پتەوکردنەوەی تواناکان و نوێکردنەوەی بیرو هێز و خوێنەکانی ناو یەکێتی و زاڵ بوون بەسەر دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و تەکتولچێتی و عەشایەرچێتی و ناوچەگەرێتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و خزمایەتی و ..هتد کە هەموو ئەمانە خاڵی لاوازی ناو جەستەی یەکێتین هەربۆیە لەئێستادا و وەك هەنگاوی دەستپێکی ئەو پرۆسە گرنگەو لەناوخۆی یەکێتیوە دەستپێکراوە و بڕیاری سەرلەنوێ دارشتنەوەی هەیکەلەی ڕێکخستنی یەکێتی دراوە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی مەکتەبی سیاسیدا کە هەرچەندە ئەو

www.dengekan.com

پرۆژەیەش تەواو کامڵ و بێ کەموکوڕی نیە و گەلێك خاڵی نێگەتیڤیشی تیادایە, بەلاَم بەهیوای بەسەرداچونەوە و بەدیهاتنی خواستەکان بۆ گەشەسەندن و جۆشدانەوەی ڕێکخستن مایەی قبوڵکردنە.

- بڕیارە لەم ماوەیەی داهاتوودا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرجەم ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و مەڵبەند و مەکتەبەکانی یەکێتی بەڕێوەبچێت بەمەبەستی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لە کۆتایی ئەم ساڵدا.

بۆیە لێرەوە ڕووی قەڵەم و داواکاریەکانم دەکەمە سەرجەم هەڤالاَنم لە ناو ڕیزەکانی یەکێتیدا کە لەم پرۆسە گرنگ و هەستیارەدا باهەمووان بەگیانێکی ڕەسەنی شۆڕشگێڕانە وە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەین و هەموو ئامانجمان پاککردنەوە و بەهێزکردنی ڕیزەکانی یەکێتی بێت لەکەسانی گەندەڵ و ڕابووردوو پیس و بێ توانا و مشەخۆر.

- باهەموومان بەرژەوەندی یەکێتی بخەینە سەروو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆمان و ئەو ڕاستیەشمان هەمیشە لەیاد بێت کە (( سەروەری و مانەوەی نەك هەر هەڤالاَنی یەکێتی بەڵکو سەرتاپای مەسەلەی کوردو کوردایەتیش بەندە بە مانەوە و بەهێزی و یەکگرتووی یەکێتی نیشتنیمانی کوردوستانەوە ))



www.dengekan.com



- هەڤالاَنم لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەموو هەڤاڵێك مافی خۆ هەڵبژاردنی هەیە بۆ هەموو ئاست و ئۆرگانەکان و لەم پێناوەشدا مافی هەیە کە پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکات بەشێوەیەك کە سنووری هەڤالاَنە و خوونەریتی شۆڕشگێڕانە تێپەڕنەکات , بەلاَم مافی ئەوەی نیە لەسەر حسابی هەڤاڵەکانی تر و بەشێوازی ناشیرین و دوور لەنەریتی شۆڕشگێڕی و شارستانیانە ناو و ناتۆرە و توهمەی بێ بنەما بخاتە پاڵ هەڤاڵەکانی و بیانشکێنی و ناویان بزڕێنێ بۆ ئەوەی خۆی سەربکەوێت.
- داواکارم لە هەڤالاَنم کە پەنا نەبەنە بەر دیاردەی ناشیرینی کڕین و فرۆشتنی عەقڵ و ویژدانی هەڤالاَن ومامەڵەیان پێوە بکەن و بەرامبەر بەدەنگ پێدانیان و بکەونە بەخشینەوەی ناڕەوا و ناعەدالەتی پارە و پول و دەعوەتکردن و پێدانی ئۆتۆمبێل و دەمانچە و کارتی مۆبایل و ...هتد چونکە ئەگەر پەنابەرنە بەر ئەو شێوازە نادروستە ئەوا بەدڵنیاییەوە کەسانی لاواز و بێ توانا سەردەکەون , چونکە هەمیشە کەسانی گەندەڵ و لاواز بەرژەوەندی پەرست و هەڵپەکەر بۆ پلە و پایە و پۆست و ئیمتیازات پەنا دەبەنە بەر ئەو جۆرە کارانە.
- هەڤالاَنم داواکارم هەڵسەنگاندنی هەڤالاَن بۆ پلە و پایەکان لەسەر بنچینەی بەتوانایی و لێوەشاوەیی و سەنگ و قورسایی ناو جەماوەر و ڕێکخستن بێت و کەسانی خاوەن بڕوانامە و گەنج

و دڵسۆز و بەوەفا بۆ خوێنی شەهیدان و ڕێگە پیرۆزەکەی کوردایەتی و یەکێتی بێت و کەسانێك هەڵببژێرن کە بیر و خوێن و عەقڵی نوێیان پێبێت نەك کەسانێکی بیر تەسکی دۆگماو مشەخۆر و هەلپەرست ، چونکە ئەم قۆناغە قۆناغی زمانزانی و دیپلۆماسیەت و خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان و پەرلەمانیە ، نەك هەروەك سەردەمانی پێشووی شاخ و شەڕ و چەك مامەڵە بکەین .

- هەڤاڵانم چەندە خۆمان دوور بگرین لە دیاردەکانی گروپچێتی ناڕەوا و نادروست و هەڕەشەلێکردنی نانبڕین و چەندی دووربکەوینەوە لە خۆهەڵواسین بە کەسانی سەرووتر و لێپرسراواندا و چەندە دووربکەوینەوە لە زیندووکردنەوەی گیانی عەشایەرچێتی و ناوچەگەرێتی و خزمایەتی و مەحسوبیەت ئەوەندە یەکێتی پتەوتر و سەربەرزتر و ڕووسووتر دەبێت و بەپێچەوانەشەوە بەدەستی خۆمان مەرگی یەکێتی دیاری دەکەین و زیندە بەچاڵی دەکەین.

هەڤاڵان ئەرکی هەموانیشمانە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەرچۆنێك بێت قبوڵیان بکەین و بەگیانێکی وەرزشیانە و شۆڕشگێڕانەی ڕەسەنەوە مامەڵە لەگەڵ هەڤاڵە سەرکەوتوەکانماندا بکەین و هاوکاری و پشتیوانیان بین و



www.dengekan.com



پێویستیشە لەمەودوا ڕۆحیەتی قبوڵکردنی ڕەخنەو تەرزی پێچەوانە و لایەنی بەرامبەریشمان قبوڵ بکەین .

- لێرەوە ئەرکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیشە کە بەجدی بێنە ناو ڕێکخستنەکان و بەووردی چاودێری بەڕێوە چوونی پرۆسەی پڕوپاگەندەکانی بن و ڕێگە نەدەن بەهیچ هەڤاڵێك کە پەنا بباتە بەر دیاردەی تەکتول و زیندووکردنەوەی گیانی ناتەبایی و دروستکردنی کەش و هەوایەکی مەشحون و توندو تیژ لەناو ڕێکخستنەکاندا و سزای توندی ئەو کادرانەش بدەن کە بە دەست لەپشتدانی هەڤاڵانی سەرووتر ئەو کارە دەکەن و لەلایەن خۆشیانەوە سەروەت و سامان و پارەو پوولی یەکێتی تەخشان و پەخشان پێنەکەن بۆ کڕینی ویژدان و عەقڵی هەڤاڵان و هەرکاتێك سەرکردایەتی ئەو کارەی کرد و خۆیان لەپشت پەردەوە ئامادەییان نەبێت هیچ کادرێك لەخوارەوە جورئەتی ئەوە ناکات کە تەکەتول و شەو دەعوەتکردن و پارەو پول تەخشانکردن بکات کە هەمووی بەزیان بۆ سەر یەکێتی دەگەڕێتەوە .
- لەکۆتاییدا سوێندی هەمووتان دەدەم بەخوێنی شەهیدان و مێژووە پڕسەروەریەکەی یەکێتی و پیرۆزی کوردوستان و بەرنامە ڕەسەنەکەی کوردایەتی یەکێتی کە لەم قۆناغەدا

یەكێتی ڕابەرو پێشەنگێتی و زامنی سەركەوتنیشێتی باهەمومان ڕاستگۆ و دڵپاك بین بەرامبەر بەیەكتری و دووركەوینەوە لە نیفاق و دووڕووی و دڵڕازیكردن و ئیحراجكردنی یەكتر و وبەگیانێكی كوردانە و دڵسۆزانەوە بەشداری لەم پڕۆسەیەدا بكەین وداهاتووی یەكێتی و كوردایەتی جوانترو ڕازاوەتر و گەشاوەتر بكەین و بەوەش ئایندەی نەوەكانی داهاتووش مسۆگەرو ڕۆشن و بەختەوەر دەكەین و ناشكەوینە بەر نەفرەتی گەل و مێژووشەوە .

*ئەم ووتارەش چانسی بلأوكردنەوەی بەرنەكەوتوە لە گۆڤارو سایتەكاندا.





له چوارچێوەی هەوڵەكانی ڕیفۆرم و نەهێشتنی گەندەڵی لە ناو (( ی ن ك )) دا

## بەزیندووكردنەوەی سەرەتا شۆڕشگێڕیەكان یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان بەهێزترو یەكگرتووتر دەبێت*

❖ یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەڕێچكەو ڕێباز و ئایدیاو شێوازێكی نوێی خەباتەوە هاتە بوون و مەیدانی كوردایەتیەوە. و بوە سەرقافڵە و ڕچەشكێن و داهێنەری شێوازێكی نوێی پێكەوە ژیانی سیاسی و چەكداری لەنێوان باڵە جیاوازەكاندا و بەمەش شێوە خەباتێكی چەكداری و سیاسی و سەربازی و كۆمەلأیەتی و ....هتدی داهێنا و لەڕێگە كلاسیكیە باوەكەی ئەو سەردەمانە لایدا .

ڕۆژانی هاتنە بوون و مەیدانی خەباتی یەكێتی ساتەوەختێكی زۆر دژوار و سەخت بوو لەهەموو ڕووە سیاسی و ئابوری و سەربازی وتەنانەت جەماوەریشەوە . بەلأم یەكێتی بەهێز و توانا و بڕوابوون بەخۆو جەماوەری كۆمەلأنی خەڵكی كوردوستان و بەسەركردایەتیەكی قارەمان و خۆبەخش و

www.dengekan.com

گیانفیدا و پێشکەوتنخوازو خاوەن مێژویەکی پرشنگداری خەباتی سیاسی و چەکداری لە شۆڕشەکانی پێشوودا یەکێتی بەسەرەتایەکی ڕۆشن وپرشنگدارو خاوەن بەرنامەو پەیڕەوێکی ناوخۆی تۆکمە و دیسپلینێکی پێشمەرگانەی خاوەن هەموو سەرەتا شۆڕشگێڕیە ڕەسەنەکان هاتە مەیدان . ئیدی لەوڕۆژگارە سەختانەوە تا سەردەمانی شەڕی ناوخۆکان و جیابونەوەکان و کارەساتەکانی هەکاری وجینۆسایدی کوردوستان و ئەنفال و کیمیاوی باران و پێك هێنانی بەرەی کوردوستانی و ڕاپەڕین و پێك هێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردوستان و دووبارە یەکگرتنەوەی باڵەکان و شەڕی ناوخۆ و 31 ی ئاب و ئاشتبونەوە و ڕزگارکردنی عێراق و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس. کاروانێکی دوور و درێژ و خوێناوی بەڕێکرد کەتەمەنی ئەم خەباتە ڕەسەن و سەرکەوتووە وا بۆ 30 ساڵ دەچێت .

کاتێ یەکێتی بەدرێژایی ساڵەکانی هەشتاکان تاکە هێزی کاریگەر و حساب بۆکراو بوو لە سەرتاپای گۆڕەپانی کوردوستان و پێشەنگ و باڵا دەستیش بوو و توانی لەماوەیەکی کەمی خەباتیدا کە لە 16–17 ساڵ تێپەڕنەکات زۆربەی ئامانجەکانی بهێنێتە دی و دەسەلات و حوکم بگرێتە دەست و لەسەروو هەمووشیانەوە و لە 29 ساڵەی خەباتیدا

کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

کەتەمەنێکی کەمە توانی ڕژێمی بەعسی صەدامیش بڕوخێنێت .

- مێژووی پڕ خەباتی خوێناوی یەکێتی گەلێك لاپەڕەی گەش و نسکۆی تێدایە. بەڵام یەکێتی پشت ئەستوور بەخۆی و سەرکردایەتیەکە ی و جەماوەرەکەی و ئامانج و ئەو ڕێچکە و ڕێبازە و سەرەتا شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخواز و دیموکراسیانەی هەڵیگرتبوو . توانی بەسەر هەموو ئەو نسکۆ و شکستانەدا سەر بکەوێت کە تەنها لەتوانای ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ڕەسەنی وەك یەکێتیدا بوو .

لەناو یەکێتیدا ڕەخنە و ڕەخنەگرتن و بەسەربەستی ڕا دەربڕین مافی سەرجەم ئەندامەکانێتی و یەکێکە لە سەرەتا شۆڕشگێڕیەکان و فرەڕایی و ڕای جیاواز و دیموکراسیەتیش بەهەمان شێوە تاڕادەیەکی باش لەناو سەرکردایەتی و بنکردایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەمووان بەڕەخنەی بیناکەر ڕازین و ملکەچی ڕای زۆرینە و ڕاو بۆچوونە ڕاست و دروستەکانن کە لە بەرژەوەندی سەرکەوتن و پێشکەوتن و توندو تۆڵکردنەوەی ڕیزەکانی یەکێتیدا بێت .

سەرەتایەکی تری پرشنگداری یەکێتی نەبوونی دیکتاتۆریەت و تاك ڕەوی و خۆ سەپاندن و پاوانکردنی دەسەلاتە چ لەلایەن سکرتێری گشتیەوە بێت یان لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە



www.dengekan.com

بێت . هیچ کامیان هەوڵی زاڵ بوونی  خۆی و خێزان و بنەماڵە و کەس وکاری و عەشیرەتی خۆی نادات, بەڵکو زۆربەشیان تاکە کەسن لەناو خێزانەکانیاندا کەکاری سیاسی دەکەن .

➢ هەموو ئەو سەرەتا جوان و شۆڕشگێڕیانە وایان لە یەکێتی کردووە کە ببێتە هێزێکی جەماوەری گەورەی وا کە سەرجەم چین و توێژەکان لە کرێکارو جووتیار و خوێندکارو ژنان و ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینی و کۆمەلآیەتی و خاوەن بروانامەکان و .....هتد لەکوردوستان و عێراقیشدا لەناو ڕیزەکانیدا خەبات بکەن و خۆیان ڕێکبخەن و ببنە ئەندام و لایەنگری .

➢ هەموو ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتانە ی کە بەدەست هاتوون و تەلاری گەورەی یەکێتیان پێك هێناوە بەرێژەیەکی گەورە بۆ ڕۆڵ و کاریگەری وکەسایەتی و حیکمەت و لێزانین و توانا و سیاسەتی  مام جەلال دەگەرێتەوە , کە ئەو پیاوە بەدرێژایی زیاتر لە 50 ساڵی خەباتی چەکداری و سیاسی و جەماوەری بەدەستی هێناوە و بەشێوەیەك کارامە و لێهاتوبوە و  قاڵبۆتەوە لە کوانووی هەموو شێوازەکانی خەباتدا . و هەمیشە شارێگە و ڕاستە شەقامە ڕەسەنەکەی کوردایەتی بەرنەداوە و لەگەڵ قۆناغ و پێش هات و ڕووداوەکاندا خۆی گونجاندوە و توانیویەتی بەسەرکەوتووی قۆناغەکە ببڕێت و یەکێتی و کوردایەتیش سەرفراز و دەرباز بکات . ئەو زاتە نەك هەر بە پیاهەڵدا ن و گوتەو



www.dengekan.com



گەواهی ئێمە ومانان کەئەو بۆ خۆی هەرگیز لایەنگری پیاهەڵدان و دەست ماچکردن و کڕنۆش بردن  و وێنە بەرزکردنەوە و تەقدیسکردن نیە و نەبووشە , بەڵکو بەدانپیادانان وگەواهی شارەزایان و سیاسەتمەدارانی ناوچەکە و دونیاش پیاوێکە دەتوانێت کە ولآتێکی گەورەی وەك فەرەنسا و ئەلمانیا و ....هتد بەرێوە بەرێت ...

لەئێستاشدا کە هەڵبژێراو بۆتە  سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ ڕۆڵ و کارامەیی ئەو پیاوە لە چوارچێوە تەسك و بچوکەکەی یەکێتی کوردوستان درچوو وە هەنگاوی بەرەو بە کەسایەتیەکی ناوچەیی و جیهانی ناو و بەو هەموو خەبات و کۆڵ نەدان و ڕەسەنایەتیەی بۆتە جێگەی ڕێز و تەقدیری گەورە سەرۆك و پادشاکانی دونیاو فەخر بە دۆستایەتیەکەیەوە دەکەن ...هەربۆیەشە کە زەمانێکە دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەش گرەو لەسەر تەمەن و مانی مام جەلال دەکەن لە سەرکردایەتی یەکێتی و کوردایەتیدا و پێیان وایە  بەنەمانی مام جەلال لە سەرکردایەتی یەکێتی و ڕابەرایەتی کردنی کوردایەتیدا ئیدی یەکێتی و کوردایەتی بەرە و پەرتەوازە بوون و بچووك بونە وە و نەمان دەچن . چونکە باش دەزانن کە مام جەلال ڕۆڵ و کاریگەری و قورسایی و سەنگینی چەندە  و ڕۆڵی ( صمام الامان )

دەبینێت بۆ یەکێتی و سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردوستانیش . زۆر ئەستەمیشە لە مێژوویەکی نزیك و کورتدا سەرکردە و ڕابەرێکی هەڵکەوتووی وەك مام جەلال دروست ببێت چونکە سەرکردەی مەزن مێژوو کردە نەك دەستکرد . بۆیە ئەرکی سەرکردایەتی یەکێتیە لەپێش هەمووانەوە ئەو ڕاستیانە بزانن و بەتوندیش بەرگری لەمانەوەی سکرتێری گشتیان بکەن و ڕێگەش بەهیچ کەس و لایەنێك نەدەن نان و پیازی پێوەبخوات و هەموو خەون و خەیاڵەکانیشیان بەتاڵ بکەنەوە کە دەیبینن بەوڕۆژەوەی کە یەکێتی پەرت و بلاو و بچوك ببێتەوە و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردوستان و عێراق و ناوچەکەش نەمێنێت . دەبێت سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەش بزانن هەر جیابونەوەیەك لە یەکێتی هەر چەندێك کەسیان لەگەڵدابێت هیچ کاتێك بەقەدەر گەورەیی یەکێتی نابن و تانوانن ڕۆڵ و کاریگەری یەکێتیشیان هەبێت و هەمووشیان بە گەورەیی یەکێتیەوە گەورە و جوانن. سەرکردایەتی یەکێتیش هەموویان قاڵبووی خەبات و شۆڕشن و سالأنێکی زۆرە قوربانی دەدەن لەپێناو ئەم ڕۆژەدا و هێندە ژیرن و حەکیمن کە نەیەڵن ئەم دەسکەوت و ڕۆژەیان لەدەست خۆیان و



www.dengekan.com



جەماوەرەکەیان و مەسەلە گەورەکەی کوردیشیان لەدەست بچێت ..

- لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا ڕێگە لەوە ناگیرێت کە ڕەخنە ی دروستکەر و پێشنیازی گونجاوو بەجێ پێشکەش بە مام جەلال بکرێت لەپێناو پاراستنی ڕووی گەشی یەکێتی و مێژووە پڕ لەخەباتەکەی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی یەکێتی و پاکردنەوەی و چاکسازی و ڕیفۆرمی سیاسی لەناو یەکێتیدا و دەبێت تەنهاش مەبەست بەرژەوەندی بالأی یەکێتی و کوردایەتیدا بێت نەك دەسەلأت و کۆکردنەوەی سامان و بەهێزکردنی نفوزی کەس و وەرگرتنی پلە و پایە بێت .

هەمیشە ڕەخنەی دروستکەر و ڕیفۆرم دووانەیەکی جیانەبووەوەن بۆ بەزیندوو هێشتنەوە و بەردەوام بوون و بەئامانج گەیشتنی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی و پێویست دەکات بەبەرنامە و پلانێکی وورد و بۆ داڕێژرا و بێت نەك پاڵنەری شەخصی و سۆز و بەنیەتی سەندنی زیاترین دەسەلأت و دەسکەوت بێت و پێویست دەکات زەمان و زەمینەی گونجاویشی بۆ هەڵببژێرێت نەك لە خۆڕا ولە ناسکترین قۆناغی خەباتدا کەپێویست دەکات لەهەموو کاتێکی ترزیاتر یەك و یەکگرتووی ڕیزەکانی یەکێتی بپارێزرێت .

ئەو یاداشتەی کە مەکتەبی سیاسیش ئاڕاستەی سکرتێری گشتیان کردوە بەدڵنیاییەوە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی یەکێتی و کوردایەتیدا دەرنەچوە ، بەلاّم ئەو کارە کارێکی تەواو حیزبیەوە و دەبوایە لە ناو یەکێتی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدا موناقەشەبکرایە و چارەسەریش بکرایە و نەدەبوو بگەیشتایەتە ناو هەموو ماڵێك و ببێتە بنێشتە خۆشەی ژێر زمان و هەریەکە بەناوێکەوە تێبیڕوانێت و ( هەیە بە کودەتای سپی و هەشە بە ئینشیقاق و هەشە لێکدانەوەی جۆراو جۆری تری بۆ دەکات و دەهۆڵی بۆ دەکوتن ) , ئەگەر هەر بشکرایە دەبوو یەکێتی کەخاوەنی ئۆرگان و دەزگایەکی گەورەی ڕاگەیاندنە وەك کارێکی حیزبی لە ئۆرگانەکانی خۆیدا بێ پێچ و پەناو زۆر شەفافانە بلاّوی بکردایەتەوە و بیخستایەتە بەردەم سەدان هەزار کادر و لایەنگر و جەماوەرەکەی بۆئەوەی ڕێگە لە میدیاکانی دژ بە یەکێتی بگرێت کە نان و پیازی پێوە بخۆن و پارەی پێ پەیدا بکەن .

ناحەزان و دوژمنان لەوە تێناگەن کە ئەم هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسی لەچوار چێوەی ئەو سەرەتا شۆڕشگێڕیانە دەرناچێت کە لەسەرەوە باسمان کرد کەتەنها مەبەستیان خستنەوە سەر سکەی ئیشوکارەکانە و دابەشکردنەوەی دەسەلاّتەکان و ئەرکەکانە، ئاشکراشە کاتێك ئیشوکارەکان و





دەسەلاّتەکان تێك دەڕژێن دیاردەی زیادەڕۆیی و کەموکوڕی و سەرپێچی و لادان وجۆرێك لەگەندەڵی دروست دەبێت ، ئاشکراشە کە زۆربەی ئیش وکارەکان لەلایەن سکرتێری گشتیەوە ڕاپەڕێنراوە بەبچوك و گەورەوە لەئەنجامی دەوام نەکردن و ئیش نەکردنی هەندێ لە سەرکردایەتی و بەم شێوەیەش جۆرە غوبنێك لەلای مەکتەبی سیاسی دروست ببوو بۆیەش ئەو یاداشتەیان ئاڕاستەی مام جەلال کردبوو .

بەخۆشحالیشەوە و دوور لەهەموو خەیاڵ پلاّویەکانی دوژمنانەوە هەردوولایان بەگیانێکی شۆڕشگێڕانە و دڵ فراوانیەوە ڕاوبۆچونەکانی یەکتریان وەرگرت و بەجدیش کەوتنە خۆ بۆ چارەسەری و نەهێشتنی ڕەخنە و کەموکوڕیەکان و ئەم هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسیش بوە هۆی ڕاچەنین و بەخۆدا چوونەوەی هەموو لایەك بۆ خۆکۆکردنەوە و خۆ ڕێکخستنە وە و خۆ ئامادەکردن بۆ گەورەترین و گرنگترین پڕۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و کوردوستاندا و هەردوولاش سەلماندیان کە کەسانی شۆڕشگێڕی ڕەسەن و پەرۆشن بۆ داهاتووی یەکێتی و کوردایەتی و نەوەکانی داهاتوش و بەم هەڵوێستەشیان دڵی دوژمنانیان تەقاند و دۆستەکانیشیان ڕوو سوور و سەرفراز و دڵ خۆش کرد و

www.dengekan.com

ئاسۆکانی دواڕۆژی یەکێتی و کوردایەتیشیان گەشاوەتر و ڕوونتر کردەوە ....

- بەڵام بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەر ئەو یاداشتەدا و هیچ لایەکیان نە سکرتێری گشتی و نە مەکتەبی سیاسی ئەو باسە ناوروژێنن و بەدوایدا ناچن و هەریەکەیان جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیەکی هەیە لە زیندوکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەو یاداشتەدا و هەردوولایان و دوای تێپەڕبوونی ئەو کاتە زۆرە دەیانەوێت لەبیر خۆیان و کادرو جەماوەرەکەشیان ببەنەوەو جارێکی تر باس نەکرێتەوە .. لێرەوە جێگەی خۆیەتی کە پرسیاربکرێت بۆ و لەبەرچی ئەم یاداشتە نوسراو بڵاوکرایەوە و لەدوایشدا کاری پێنەکراو و دیزە بەدەرخۆنە کرا ؟؟ ئایا بۆچی هیچ لایەکیان سوور نەبوون لەسەر داواکاریەکانیان و ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەنەوە و نیەت و مەرامە ڕاستەقینەکانی دوای ئەو یاداشتەش ڕوونتر باس بکەن و ئەگەر نیەتی ڕیفۆرم و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی و پاکسازی ڕاستەقینە بوو ئەی بۆ وازیان لێهێنا ؟؟ ئایا بەردەوامبوون لە سەر گەندەڵی حیزب و حکومەت لە بەرژەوەندی یەکێتی و کورد دایە ؟ ئەگەر نا ئەی بۆچی وازیان لە داواکاریەکانی ڕیفۆرم و نەهێشتنی گەندەڵی هێنا ؟؟ ئالێرەوە پرسیار لەسەر ڕاستی و دروستی داواکاری و



www.dengekan.com



خاڵەکانی ئەو یاداشتە و ڕیفۆرم خوازان دروست دەبێت .. بۆیە وازهێنان و دیزە بەدەرخۆنەکردنی ئەو باسە بۆخۆی چەندین گومان و پرسیاری بیٚ وەڵام لەسەر هەردوولا دروست دەکات .. کە پێویست دەکات هەردوولا لەپێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردو کوردایەتیدا ئەو مەسەلەیە بۆ هەمووان ڕوون بکەنەوە .کە یان ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازان هەڵەن و بەهەڵە ئەو کردارەیان کردوە یان دەبێت سووربونایە لەسەر بەردەوام بوون لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەو پڕۆسە گرنگ و هەستیارە ئەگەر مەبەستیان ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و زیندووکردنەوەی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی یەکێتی و ناو و ناوبانگ و مێژووی یەکێتی و بەرزڕاگرتنی خەبات و مێژوەکەی بونایە .. دەنا ئەو بەئەنجام نەگەیاندنە ڕاستی و دروستی و لەڕێگە لانەدان و نەبوونی گەندەڵی و سەلامەتی یەکێتی و سکرتێرەکەی دەگەیەنێت ..

- بەهیوای لەداهاتوودا ئەو مەسەلەیە ڕوونتر بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێت ..

* ئەم ووتارەش چانسی بڵاوکردنەوەی لەگۆڤارو سایتەکاندا نەبوە.

## بادەنگ نەدەین
## بەلیستی پارتی و یەکێتی*

➢ سەرەتا هەڵبژاردن سیمایەکی گەشی دیموکراسیەتە و پیادەکردنێتی لەسەر زەمینەی واقیع و بەم شێوەیەش لەکاتی کێشە و گرفتە سیاسیەکاندا پەنا دەبرێتە بەر سندوقی دەنگدان و سازدانی هەڵبژاردن بۆ یەکلایی کردنەوەی ڕووداو و ڕاستیەکان و هەموانیش پابەند دەبن بە ئەنجامەکانی و قبوڵکردنی و ڕێز لە ئیرادەی جەماوەر دەگرن ئەگەر پەنا نەبرابێتە بەر گزی و فرت و فێڵ و ساختەکاری , ئم پرۆسەیە لەدونیای سەردەم و دیموکراسیەت و پێشکەوتوودا واپیادە دەکرێت .

بەلام ئایا لەکوردوستانی بەناو دیموکراسیەت و ئازادیدا کە 13 ساڵە دەهۆڵ و زوڕنای بۆ دەکوتین ئەم پرۆسەیە ئاوها بەڕێوە دەچێت ؟؟؟ یان هەڵبژاردن بۆ چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندنی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەکار دەهێنرێت وپارتی و یەکێتی دەیانەوێت بەناوی دیموکراسیەتەوە دیکتاتۆریەتی سەرکردە و مەکتەب سیاسیەکان وبنەماڵە و شێخ و عەشیرەت و ....هتد بسەپێنن و بەرژەوەندیە تایبەتی و ستراتیژیەکانیان بپارێزن ... ئەگینا ئەمە چ



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

دیموکراسیەتێکە کە دوای ململانێی زیاتر لە 40 ساڵی نێوان پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی شەستەکان و ئێستای یەکێتی کە مێژووی ئەم ململانێیە چەندین لاپەڕەی ڕەش و شەرمەزاریان تیادا تۆمارکراوە و چەندین سەرکردەو کادر و لایەنگر و ڕۆڵەی ئەم گەلەیان بەکوشتن داوە و چەندین خیانەت و دەست تێکەڵاوکردنیان ئەنجام داوە لەگەڵ دوژمنانی کوردا تەنها لەبەرژەوەندی خۆیان و حیزبەکەیان و دژی لاکەی تر ..

مێژووی شۆڕشی ئەیلولی ئاشبەتاڵکراو و شۆڕشی نوێی لە ڕێباز لادراوی سەرەتاکانی پڕن لە کارەسات وبراکوژی وتان و پۆ چنینی خیانەتکردن بەرامبەر بەیەکتر و بەکوردیش , کەچی لەئێستادا و دوای 13 ساڵ لەدوژمنایەتی نوێی سەردەمی بەناو ئازادی و دیموکراسی و دوای ڕاپەڕین لەحکومەت و پەرلەمان وشەڕی ناوخۆ و دزینی سەروەت و سامانی کورد و خیانەتەکانی 31 ئاب و ...هتد .. لەپڕێکدا و لە شەووڕۆژێك و چاوتروکاندنێکدا و دوای ئەو هەموو کاولکاری و ماڵ وێرانیە کەبەسەر کورد و مەسەلەکەیاندا هێنا , لەبەردەم دونیادا ڕایدەگەیەنن کە ڕێکەوتنێکی مێژوویی و گرنگیان ئەنجام داوە لەپێناو بەرژەوەندی کوردا ..

www.dengekan.com

لەبیریان چۆوە کە چەندین ڕێکەوتنامەی دووقۆڵی و ستراتیژی و گرنگی تریان لە ( پاریس و درۆگیدا و دبلن و ئەنقەرە و تاران و واشنتۆن و پەڕلەمان و ....هتد ) لەکاتی شەڕەکانی ناوخۆدا ئیمزاکردو هیچیان نەچوونە قاڵبی جێبەجێکردنەوە و وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مانەوە , تەنها لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی سەرانی هەردوو حیزبەکەو بازرگانانی شەڕدا نەبوو. خۆ ئەگەر ئەو ڕێکەوتننامانەیان لەکاتی خۆیدا جێبەجێبکردایە ئەوا بەرژەوەندی و ئاستی مەسەلەکەشمان دە هێندەی تر گەشەکردووتر و بالآتر و پێشکەوتووتر دەبوو بەلآم ئەوانە هیچ کاتێك کارێك ناکەن کەلەبەرژەوەندی گەل و زۆرینەدا بێت ئەگەر بەقازانجی خۆیان نەبێت . بەلآم ئەم ڕێکەوتنەی ئێستایان چونکە مەترسی لەسەر داهاتوو یان و مانەوە و دەسکەوت کورسی و ئیمتیازاتەکانیان هەیە هەرزوو خاڵ بەخاڵی جێبەجێدەکەن, جارێکی تریش بەبیانوی (( بەرژەوەندی گەل و وڵات و دواڕۆژی نەوەکانی داهاتوو )) . کە وانیە ..

➢ ئەرێ بەرژەوەندی کورد لەوەدا نیە کە دوو ئیدارەکەتان یەکبگرنەوە ؟ ئەی ئایا بەرژەوەندی کورد لەیەکڕیزی و تەبایتان نیە دەربارەی کەرکوك و ئاوارەکان ؟ ئەی گوایە گوێ گرتنتان لە ڕای زۆرینەی جەماوەرو ڕۆشنبیران و نوسەران





و ...هتد لەبەشداریکردن لە دەسەلآت و بڕیارە چارەنوس سازەکاندا لەبەرژەوەندی کوردا نیە ؟ ئەرێ ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنی سەرجەم چین و توێژەکان و ناوچەکان بەبێ جیاوازی لەبەرژەوەندی یەکڕیزی کوردا نیە ؟؟؟ چەندین پرسیارو و ئەرێی تریش لەبەرژەوەندی کوردا نەبوون و نەتانکردن .. یان بانێکە و دوو هەوا و ئێوە ( پارتی و یەکێتی ) تەنها بە چاویلکەی تەسك و ڕەشی حیزبایەتی و بەرژەوەندیەکانی خۆتان و دەست و پێوەندەکانتانەوە دەڕواننە ڕاستیەکان و ئاوەژوویان دەکەنەوە و دەشتانەوێت ڕای گشتی جەماوەر و تەنانەت بنکە حیزبیەکانیشتانیان پێ قەناعەت بکەن بۆ ئەوەی دەهۆڵتان بۆ بکوتن و درێژە بە بەکارهێنانیان بدەن وەکو ئەسپی تەروادە و پێیان بگەنە ئەوبەری ئاوەکە و ڕزگارتان ببێت .

لەولاشەوە بەپێدانی چەند کورسیەکی کەم بەحیزب و لایەنەکانی تر دەیانەوێت خۆڵ بکەنە چاوی ئەوانیش و دەم کوتیان بکەن , بێدەنگی ئەم حیزبانە و ڕازیبونیشیان مانای بێ هەڵوێستی و ناڕەسەنایەتی ئەوانن چونکە ئەوانیش لەمان شەریفترنین و بێ هەڵوێستی ئەو حیزبانە بوو کە درێژەی دەدا بەشەڕی ناوخۆ و دەیانەوێت هەرچۆنێك بێت بەشداربن لەو بازرگانی و ئیمتیاز و دەسکەوتانەی کەبەناوی گەلەوە

www.dengekan.com

دەستیان دەکەوێت و مامەڵەی پێ دەکەن . ئەگینا ئەگەر ئەو حیزبانەش لەخۆیان ڕادەبینی و جەماوەریان هەبوایە و بیان زانیایە لەو کورسیانە زیاتر دەهێنن و دیموکراسی خوازی ڕاستەقینەش بونایە چۆن ڕازی دەبوون کە پارتی و یەکێتی بەئارەزووی خۆیان سەنگ و قورساییان دیاری بکەن و ڕەحمیان پێ بکەن کە یەك کورسی یان دوان و یان زیاتریان پێ بدەن کە هیچ لەهاوکێشە گەورەکە ناگۆڕن و باری لاری کەسیشیان پێ ڕاست ناکرێتەوە .

- ئەم ڕێکەوتنە بەناو مێژووییە تەنها و تەنها لەپێنا و مانەوە و پاوان کردن و دەسکەوتی زیاتر و کورسیەکانە بۆ تاڵەبانی و بەرزانی و سەرکردایەتی دوو حیزبەکەیان و بۆ خانەوادە و بنەماڵە و کاسەلێسەکانیانە , ئەگینا کرێکار و پاڵە و ڕەنجدەران و ( تێکۆشەرانی بیر و بازوو ) هیچ سوودێکی لێنابینن . بەم ڕێکەوتنەیان مانەوەی خۆیان درێژە پێدەدەن چونکە زۆرباش دەزانن کە هیچیان بەتەنها زۆرینەی ڕەها ناهێنن و هەرکاتێکیش هەرلایەکیان بردیانەوە بەتەنهاو دەسەلآتدار بوون لەکوردوستاندا ئەوی تریان ڕەت دەکەنەوە و دووریش نابێت کە سەرکردە و کادر و بازرگانەکانی شەڕی لاکەی تریان بدەنە دادگا و لە بەندیخانەیان توند بکەن و بەتۆمەتی خیانەتیش لەسێدارەیان بدەن ، لەبەرئەوەی هیچ



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست ...

لایەکیان لە دیموکراسیەت و بنەماکانی نەگەیشتوون و ناشیانەوێت دیموکراسی پیادەبکەن و بەئاشتی ئاڵوگۆڕی دەسەلآت بکەن و لەکاتی سەرنەکەوتنیاندا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی ئاشتیانە ببینن . ئەوان بۆ زیاتر خۆ دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی ڕەصیدی بانکەکانیان و زامن کردنی ژیانی کوڕی کوڕیان و کڕینی کۆمپانیاو چێشتخانە و گازینۆ و میوانخانەو ڤێلا و جزیرە لە ئەوروپا و ئەمریکادا هەوڵ دەدەن و نازانن کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە و لە صدامی کۆنە دیکتاتۆری ڕووخاو خراپتریان بەسەردێت , چونکە سەروەت و سامانی دزراوی گەل و کورسی بەخوێن سورکراویان دادیان نادات و تاسەر بۆیان نامێنێتەوە و ئەوەی کەدەمێنێتەوە تەنها پشتیوانی جەماوەری گەلەکەیانە کە پێویستە پشتی تێنەکەن و خۆیان نەکەنە ئاغاو کوێخایان و گوێشیان لێ نەگرن .

- هەروەك چۆن ئەم ڕێکەوتنەیان بۆ درێژە پێدانی تەمەنیانە بۆ چەند ساڵی تر چونکە باش دەزانن کە پارتی بەپلەی یەکەم و یەکێتیش بە پلەی دووەم ( نەك سکرتێرەکەی کە زەمانی ماوەیەکە بەسەر چووە ) زەمەنیان بەسەر چوە و لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی بیستدا ئەوانیش ئێکسپایەر بونە و ئیدی ناتوانن بەرگەی پێشکەوتن و گۆڕانکاریە گەورە و

سەرسوڕهێنەرەكانی سەدەی بیست و یەك بگرن و بتوانن خۆیان و ئایدیا كۆنە كلاسیكیەكانیان بگونجێنن , چونكە ڕاستیەكی مێژووییە كە هیچ كەسێك زەمەنی كەسێكی تر نابات و تەنها زەمەنەكەی خۆی بەسەر دەبات و پێویست دەكات كە لەدەرەوەی زەمەنی خۆی كار نەكات و قۆناغەكە تەسلیم بەنەوەی نوێ بكات ، چ پارتی و چ یەكێتیش زەمەنیان لە شەستەكان و تا كۆتایی نەوەدەكان بوە و بۆیە ئەگەر لەئێستادا بەیەكەوە و بەیەك لیست كارنەكەن بۆ دەربازبوون لە كەوتن و دۆڕاندنیان و هەولٚ نەدەن خۆیان لەبەرچاوی جەماوەرو ئەو لایەنگرانەی كە تائێستا لەدەوریان كۆبونەتەوە جوان پیشان نەدەن ئەوا سەركەوتن و مانەوەیان زۆر زەحمەت دەبێت . چونكە سەردەمەكە سەردەمێكی نوێیە و كەس و عەقلٚ و كاری نوێی گەرەكە بەشێوەیەك كە بڕوای بە شەفافیەت و دیموكراسیەت و مەدەنیەتی ڕاستەقینە هەبێت , نەك كەسانی عەقلٚ دۆگما و پیر وپەكەوتە و كۆنە پارێز . لەبەر ئەم هەموو ڕاستیە حاشا هەلٚنەگرانە بەزوویی كەوتنە خۆ بۆ ئیمزاكردنی ئەم ڕێكەوتننامەیە و منەتیش بەسەر جەماوەردا دەكەن كە كارێكی مێژوویی و زێدە گرنگیان كردوە .



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

- بۆیە جەماوەر و لەپێش هەموانەوە بنكە و ڕێكخستنەكانی هەردوو حیزبەكە بكەونە خۆ بۆ سەرنەخستن و سەرنەكەوتنی ئەو ڕێكەوتنە و هیچ كەسیش دەنگ نەدات بەو لیستە هاوبەشەی پارتی و یەكێتی ، ڕێكخستنەكانیان و جەماوەریشیان تائێستا واگۆش كردووە كە دوژمنی یەكترین و لەدژی یەكتر هانیان دەدان كەچی لەكون فەیەكونێكدا و بەبێ گەڕانەوە بۆ جەماوەرو ڕێكخستنەكانیان و بەبێ پێشەكی و ڕێگە خۆشكردن نەفسیەن بۆ ئەم ڕێكەوتنە هەمووانیان سەرسام كرد لەتەلەفزیۆنەكانەوە بەم ڕێكەوتنە بەناو مێژوییەیان . باهەموان سەربەست بین لەدەنگدانماندا و دەنگ بدەینە لیستی جیاواز لە كەسانی بێلایەن و ڕووناكبیران و نوسەران و ...هتد ..هیچ نەبێت با ئالٚوگۆڕێك بكەین لە دەموچاو و كارو كردار و شێوازی حكومدا و بۆ داهاتووش باش و خراپ باشتر لەیەك جیابكەینەوە . و لەئێستاشدا خۆش بەختانە هیچ لایەكیان لەترسی ئەمریكا ناتوانن شەڕی ناوخۆ هەلٚبگیرسێننەوە .

من بەش بەحالٚی خۆم لەگەلٚ بەشداریكرندی هەلٚبژاردنەكانی پەڕلەمانی عێراقدام و تائەتوانین كە زۆرترین دەنگ بدەینە لیستی هاوبەشی كوردوستان ( هەرچەندە ئەم لیستەش هەر بریتین لە داردەست و كلك و پێوەندەكانی پارتی و یەكێتی )

بەلأم لەبەرامبەر عەرەب و شیعە و تورکومان ...هتدا.. ئەرکە نەتەوایەتیەکەمان ئەوە دەسەپێنێت بەسەرماندا ... بەلأم هیچ بیانویەك نابینم کە هەمووان دەنگ بدەینە ئەو لیستە یەکگرتوەی پارتی و یەکێتی بۆ پەرلەمانی کوردوستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ( هەولێر و سلێمانی و دهۆك ) ..

لەکۆتایشدا دەڵێم هەرکەسە با ئەو ڕاستیە لەبیر نەکات کە بەرپرسە بەرامبەر ویژدان و مێژوو و گەلەکەی نەك حیزب و سەرکردە کانی ..........

---

* ئەم ووتارە لەسایتی کوردوستان پۆستدا لە 2005/12/5دا لەژێر ناوی خوازراوی ( میدیا مەزدە ئاڤێستا) دا بلأوکراوەتەوە

## نـــــــــــــا بۆ گەندەڵی ئیداری
## بــــــــەڵـــــــێ بۆ پاکسازی و چاکسازی*

کوردو ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست ...

□ ئاشکرایە ئیدارە کۆڵەکەیەکی سەرەکی و گرنگی هەموو دەسەلأتێکە و ئیدارەدانیش هونەرە و لێزانین و کەسانی پسپۆڕو شارەزا و بەئەزموونی گەرەکە . مێژووی مرۆڤایەتی گەواهی ئەو ئیدارە و دەسەلأتە بەهێزوسەرکەوتوانە دەدەن کە بونەتە مایەی لەدایك بون و هێنانەدی شارستانیەتە بەناوبانگ و نەمرەکانی مرۆڤایەتی وەك شارستانیەتەکانی هندیەکان و چینیەکان و فارس و ڕۆم و ئیسلامەکان ....هتد .

سەرجەم ئەو شارستانیەتانە لەئەنجامی ئیدارەیەکی بەهێزو تۆکمەی واوە هاتونەتە دی کە لە لایەن کەسانێکی ئیداری بەهێز و شارەزا و بەئەزمونەوە سەرپەرشتی کراون و ئاڕاستە کراون.

ئیدارەیەك کەتوانیویەتی هەموو توانا مادی و مرۆییەکان بخاتە گەڕ بەباشترین شێوە و کەمترین زیان و بەفیڕۆدان ڕووبدات و بتوانێت سەرپەرشتی و ئاڕاستەکردنی هەموو تواناکان بکات و پلانی زانستی و واقعی و دووربینی وا دابڕێژێت کە لە داهاتوودا بە قازانج بۆ دەسەلأت و کۆمەڵگە بگەڕێتەوە و ڕێگە لەهەموو دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و لەکیسدان و خراپ بەکارهێنان بگرێت .

بەم شێوەیە ئیدارە بریتیە لە زانست و هونەری سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی سەرجەم توانا مادی و مرۆیەکان



www.dengekan.com

بەشێوەیەك كەكەمترین لەكیس چوون و بەهەدەرچوون ڕوویدات و هەروەها دانانی پلان و بەرنامەی ڕوون و شەفاف و واقعی و دووربینی وایە کە بۆ داهاتوو بەقازانج بشكێتەوە ، ئەم ئیدارەیەش بەهیچ شێوەیەك جێگەی گەندەڵی (( بەرتیل وەرگرتن ، خراپ بەکارهێنانی دەسەلاَت ، ڕۆتینی خراپ و مەحسوبیەت و خزمخزمێنە و نەبونی هەڵسەنگاندنی واقعی و زانستی ، ڕێزنەگرتنی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕی و خاوەن ئەزمون و شارەزایی، خاوەن داهێنان و توانا و چالاكی و .....هتد )) تیادا نابێتەوە.

كەسی ئیداریش بریتیە لە و كەسەی کە توانای بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی كردن و ئاڕاستەکردن و بەدواداچوون وپلاندانان و بڕیاردانی ڕاست و دروستی هەبێت و بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتەکانی ئیدارەدا بکات و لەهەمان كاتیشدا خاوەن هێز و دەسەلاَتی تەواویش بێت لەبڕیارداندا ..

لەئەنجامی ئەم ڕاستیانەوە دەتوانرێت ئیدارە بکرێتە دوو جۆرەوە :-

1. ئیدارەی باش و سەرکەوتوو
2. ئیدارەی خراپ و لاواز و گەندەڵ

هەر لەم ڕوانگەیەوە هەرکاتێ ئیدارە باش و سەرکەوتوو بوو بەمانای بەهێزی دەسەلاَت و بەپێچەوانەشەوە ئیدارەی خراپ و



www.dengekan.com



لاواز بەمانای دەسەلاَتی بێهێز و گەندەڵ دێت ، كەواتە ئیدارە ئاوێنەی بالاَنومای دەسەلاَتە ..

□ لەئێستاشدا و لەزەمانی دەسەلاَت و حکومەتی کوردیدا و دوای نزیکەی 13 ساڵ لەتەمەنی ئیدارەی کوردیدا پێویست دەکات کەئەم ئیدارە(( تاڕادەیەك ساواو سەرەتایە )) گرنگی زیاتری پێبدرێت و چاودێری باشتر بکرێت و پڕۆسەی پاکسازی کەسانی گەندەڵی تیادا ئەنجام بدرێت و دواتریش چاکسازی بنەڕەتی تیادا بکرێت و ئەو ساش پلان و بەرنامە و یاسا و ڕێنمایی شەفاف و گونجا و و ڕوون دەربکرێت بۆ بەڕێوەبردنی و كەسانی شیاو و گونجاو و خاوەن بڕاوانامە وپسپۆڕی و شارەزایی و كەسانی بەتوانا و لێهاتوو چالاك و دڵسۆز و دەست پاك و ئەمین و ڕاستگۆ لەپۆستە ئیداریەکاندا دابنرێت ....

ئەوە بۆ چەند جارێکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردوستانی ئەم دەڤەرەوە هەڵمەتی پاکسازی و چاکسازی دژی گەندەڵی بەڕێوە دەچێت ، ئەم هەڵمەتە لەلایەك بەمانای بوونی گەندەڵی و كەسانی گەندەڵ دێت لە ئیدارەدا و لەلایەکی ترەوە مانای جورئەت و ڕاشكاوی ونیازپاکی حکومەت دێت بۆ سزادانی كەسانی گەندەڵ و بنەبڕکردنی دیاردەی دزێوی گەندەڵی و

هەروەها دڵنیاکردنەوەی هاولاَتیانیشە لەماف و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان بەباشترین شێوە .

ئەم هەڵمەتە کارێکی هەروا سانا و بیٚ گرفت نیە بۆیە پێویست دەکات کەئەم پڕۆسە زۆر گرنگ و هەستیارە بەپێی بەرنامەیەکی وورد و لەسەرخۆو بیٚ دەنگ بکرێت و وانەبێت کە کەسانی پاك و دڵسۆز و بەتواناشی تێبکەوێت و بە زیانی زیاتر بگەڕێتەوە سەر دەسەلاَت بەتایبەتیش لەم کاتە هەستیارو ناسکەی بەردەم پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردوستاندا ..

- بەمەبەستی سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە پێشنیاز دەکەین کە :-

1. سەرەتا یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی نویٚ و شەفاف و ڕوون وبیٚ پێچووپەنا دەربکرێت .
2. دەسەلاَتی تەواو و گونجاو بدرێتە ئاستە جیاوازەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە .
3. لابردن و لەسەرکاردەرکردنی کەسانی گەندەڵ و پیروپەکەوتەو مشەخۆر و بیٚ توانا و ڕابووردو خراپ لەپۆستە ئیداریەکاندا .
4. هەڵمەتێکی چاکسازی گونجاو و لەسەر خۆ ئەنجامبدرێت لەهەیکەل و دەسەلاَتی دام و دەزگاکاندا .



www.dengekan.com



5. لەبەرامبەردا پۆستەکان هەر لەوەزیر و بریکار و ب.گشتی و ڕاوێژکارو شارەزا و بەڕێوەبەرەکاندا لەکەسانی ڕابوردو پاك و خاوەن بڕاوانامە و شارەزا و بەئەزموون و داهێنەر و لێهاتوو گەنج کە خاوەن عەقڵیەتێکی کراوە و گوڕوتینی نویٚ بن کەلەگەڵ ئەم سەردەمە نوێیە و گۆڕانکاری و داهێنانە تەکنەلۆژیا نوێکاندا بتوانێت مامەڵە بکات و مەرجی ساڵی زۆری خزمەت نەکرێتە مەرجێکی نەگۆڕ و کۆسپ لەبەردەم توانا لا و و گەنجەکاندا .
6. هەڵسەنگاندن لەسەر بناغەی توانا و داهێنان و لێوەشاوەیی و بڕوانامە بێت و دوور بێت لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و خزمایەتی و عەشایەرچێتی و واستەکاری و نامەی لێپرسراوان و تەکەتولات و ناوچەگەرێتی و دڵ ڕازی کردن .
7. تێگەیاندن و هوشیارکردنەوەی هاولاَتیان و پشتگیری کردنیان بۆ پڕۆسەکە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنە.

- ئەگەر بەم شێوەیە پڕۆسەی پاکسازی و چاکسازیەکە بەڕێوە بچێت ئەوا بەدڵنیاییەوە پڕۆسەیەکی عادیلانە و بەویژدانانە دەبێت و دەبێتە جێگەی ڕەزامەندی و پشتگیری کردنی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگاو پتەوبونەوەی

متمانە بە حکومەتە خاکی و خزمەتگوزارەکەی ئەم هەریّمە و ئەنجامیش ڕووسوری و سەرکەوتنی حکومەت و ( ی ن ك ) ی لیّدەکەویّتەوە و هەموانیش ئەرکی بەشداریکردن و سەرکەوتنی ئەم هەلّمەتەمان دەکەویّتە ئەستۆ (( لە دەستنیشانکردنی دیاردە گەندەلّ و کەسانی گەندەلّ )) لەهەر پۆست و پلەیەکی حیزبی و حکومیدا بیّت و دەبیّت فشاری بەردەوامیش هەبیّت بۆ چاولیّنەپۆشین و دەربازنەبوونی کەسانی گەندەلّ لەسزای یاسایی عادیلانە تابەتەواوی دیاردەی گەندەلّی بنەبڕدەکریّت و ڕووە گەشەکەی حکومەت و دەسەلاّتە خۆمالّیە کوردیەکە لەبەردەم دۆست و دوژمناندا دەردەخەینەوە و دەیسەلمیّنین کە کوردیش توانای بەڕیّوەبردن و ئیدارە دانی خۆی هەیە و هیچی کەمتر نیە لە گەلانی تر...

---

* ئەم ووتارەش چانسی بلاّوکردنەوەی لە گۆڤارو سایتەکاندا بەرنەکەوتوە.





www.dengekan.com

## ئایا یەکێتی و پارتی
## بۆ هەڵبژاردنی 2005/12/15
## چیان هەیە پێشکەش بە جەماوەری بکەن ؟*

❖ ئاشکرایە لەهەموو هەڵمەتێکی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا پارت و سەرکردە و لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیە بێ لایەنەکان کە خۆیان پالآوتوە بۆ هەڵبژاردن هەریەکە بەرنامەیەکی کارو پڕۆژەکانیان بۆ داهاتوو دەخەنە بەردەم جەماوەر بۆ ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان و کورسی ئەنجومەنەکان بەدەست بهێنن.

ئەم پڕۆسەیە لەهەموو دونیادا ئاوهایە. بەڵام بەداخەوە ئەو سەرکردە و پارت و کەسایەتیانە بەزۆریش لەدوای سەرکەوتنیان کەمترین برگەکانی ئەو بەڵێن و بەرنامەیە جێبەجێدەکەن کە پڕوپاگەندەیان بۆ کردبو و ئیدی پشت دەکەنە جەماوەر تا هەڵبژاردنێکی تر و خولێکی نوێ لە درۆ و دەلەسە و دروشم و بەڵێنی بریقەدار و لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە سەرقاڵی بەدەستهێنان و وەرگرتنی پۆست و پلە و ئیمتیازاتە شەخصیەکانی خۆیان و حیزبەکانیان..

➢ لەکوردوستانیشدا پڕۆسەکە ئەگەر وەك ئەمە نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە خراپتریشە .. هەموان لەساڵی 2005دا پڕۆسەی

کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

هەڵبژاردنێك و دەنگدانی دەستوورمان بینی کە بەچ جۆرێك بانگەشەی بۆ دەکرا و هیوا و ئومێدی زۆرمان لەسەر هەڵچنی و بەتەمای گۆڕانکاری زۆربووین لەژیان و ئاسایش و دابینکردنی پێداویستیەکان و خزمەتگوزاریەکان.. بەڵام هەموان بەهەڵەداچووین و چارەکی داواکاریەکانی جەماوەر و چارەکی بەرنامە و بەڵێنەکانی حیزب و سەرکردە و پارتە سیاسیەکان نەهاتنە دی و جێبەجێنەکران .

➢ گەڕانەوە بۆ جەماوەر و قبوڵکردنی ڕەخنەو گلەییەکانیان و چاوپۆشین لە تەجاوزات و زیادەڕۆیی و دڵڕازیکردنیان و بەخشینەوەی زەوی و ئۆتۆمبێل و شوقە و ئیمتیازاتەکانی تر و بەڵێندانی گەورە و جێبەجێنەکردنیان و ئەنجامدانی هەندێ پڕۆژە لێرەو لەوێ و بەنیوە ناچڵی و سەقەتی و ...تێکەڵاوکردنی ئەو بەڵێنانە بە مەسەلەی کورد و چارەنوسی گەلەکەمان و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانی و ئاینی و ....هتد و گەلێکی تر سیمای دیاری هەڵمەتی ئەو هەڵبژاردنانە بوون ...

➢ جەماوەریش لەبەرامبەردا و لەئەنجامی ئەو چەند پڕۆسە هەڵبژاردنانەدا باش لە هەموو سەرکردە و پارت و کەسایەتیەکان و لەبەرنامە و کارەکانیان و مەبەستەکانیان گەیشتووەو ئەمیش بەهەمان شێوەی ئەوان کەوتۆتە فرت و فێڵ کردن و وەعد دانی



www.dengekan.com

درۆو گەمەی هەڵبژاردنەکان باش دەخوێننەوە و لەوکاتانەدا داواکاریەکانیان و گلەییەکانیان زۆرتر و گرانتر دەکەن و فێری گەمەی هەڵبژاردنەکان بونە و بازاڕی ئەم بەرو ئەوبەری سیاسی گەرم دەکەن و کێ و چ لایەنێك زیاتری دا ئەوا وەعد دەدن بەو لایە و لەڕۆژی هەڵبژاردنیشدا فێڵیان لێ دەکەن و دەنگەکانیان بەئارەزو و میزاجی تێکچوویان دەدەن بەو کەس و لایەنەی کە بازەکەی بەسەرەوە دەنیشێتەوە یان بەسپێتی و یان بەنەخێر وەرەقەکە دەخەنە صندوقی دەنگدانەوە و دواتریش لای هەموان دەڵێن دەنگم داوە بەحەق کە کەسیان ناگرێتەوە چونکە حەق و ڕاستی لای هیچ کامیان نیە و ئیدی بەم شێوەیە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواریش و سەرجەمی جەماوەریش بەم شێوەیە بەشداری لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن و هەریەکەیان چ لایەن و سەرکردەو کەسەکان و چ جەماوەریش لەبەرژەوەندی تەسکی خۆیانەوە دەڕواننە پرۆسەکە و نیوهێندە بیریان لای هەست و بیری نەتەوە و مەسەلە گەورەکەی کوردایەتی و نیشتیمان و نەتەوە نیە و لەکۆتایشدا بەزیان و زەرەری گەورە بۆ سەرهەموان دەشکێتەوە و دوژمنانمان قازانج دەکەن .

➢ ئاخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی 2005/12/15 چ یەکێتی و پارتی و پارتە سیاسیەکانی تریش و چ جەماوەریش چۆن چۆنی و بەچ ئاقار و ئاڕاستەیەك بەشداری دەکەن ؟؟ ئایا یەکێتی و



www.dengekan.com



پارتی چ بەڵێن و بەرنامەی کارێك پێشکەش بەجەماوەر دەکەن ؟؟ ئایا جەماوەریش بەگەرمی و حەماسی شۆڕشگێڕانەوە بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن؟؟ ئایا هەردوولا دەتوانن ئەم جارەش کورد سەربەرز و ڕووسوور بکەن لەعێراقی داهاتووی خاوەن دەستوری هەمیشەیدا ؟؟ ئایا دەتوانن 60٪ ی جەماوەر بە پیاو و ژن و گەنج و دەوڵەمەند و هەژار و شارنشین و گوندنشینەکانەوە بێنە سەر صندوقەکانی دەنگدان ؟؟؟ دەیان پرسیاری تریش ....

➢ لەوەڵامدا دەڵێین یەکێتی و پارتی وەك دووپارتی سیاسی باڵادەست و خاوەن بڕیار و دەسەڵات و سەرمایە لەکوردوستاندا تائێستا چارەکی بەرنامە سیاسیەکان و خزمەتگوزاریەکانی خۆیان لە چەسپاندنی مافی چارەنوس و دیاریکردنی کیانێك بۆ کوردو ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و یەکخستنەوەی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان و نەخزمەتگوزاریەکان لە دابینکردنی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و شەقام و ڕێگاوبان و پرد و خوێندنگە و نەخۆشخانە ونەهێشتنی ئەزمەی سەکەن و دەیانی تر جێبەجێنەکردوە بۆ جەماوەر بەهێندەی پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بۆ خۆیان و حیزبەکانیان ...

➢ بۆیە ئەگەر لەم ماوەیەدا هەردوولا بەجدی هەوڵ و هیمەت نەکەن بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستی و داواکاریانە و لەسەر وو

هەموشیانەوە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە.. ئەوا ئاست و ڕێژەی بەشداری کردنی جەماوەر لە هەڵبژاردنی 2005 /12/15 دا زۆر کەم و نزم دەبێت و لەوکاتەشدا تەنها کوردو کوردایەتی و مەسەلە گەورەکەی کورد زیانی پێدەگات چونکە ژمارەی کورسیەکانی کورد کەم دەبێتەوە لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقداو بەم ژمارەیەی ئێستا نامێنێتەوە , ئەمە لەکاتێکدا کە عەرەبی سونە و شیعەش خۆیان ئامادەکردوە کە زۆر بەفراوانی بەشداری بکەن و لەوکاتەشدا گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی پێك دێنن و کوردیش دەبێتە لیستی سێیەم و چوارەم .. کاتێك سونە بوونێکی بەرچاویان نەبوە و ژمارەیان کەمبوە بەزۆربەی داواکاریەکانی کورد ڕازی نەبوون کە بچەسپێت لە دەستووردا جا لەداهاتوودا چۆن هەڵوێستێکیان دەبێت کە بەهێز و ژمارە زۆر بوون و چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد و داواکاری و مافەکانماندا دەکەن ..

- جابۆیە ئەرکی هەنوکەیی و بەپەلەی هەردوو پارتی و یەکێتی و سەرکردەکانیانە و لەگەڵ ئەوانیشدا هەموو سەرکردە و پارتە سیاسیەکان و جەماوەریشە کە دوور لەگیانی سستی و ناکۆکی و خۆخۆری و هەڵدانەوەی لاپەرە ڕەشەکانی ڕابووردوی نێوان هەموان و بەگیانێکی کوردایەتی ڕەسەن و خەمخۆرانەی داهاتووی کوردو کوردوستانەوە با هەموان بەشداریەکی گەورەو بەرفراوان بکەین لەو هەڵبژاردنەی 2005 /12/15دا و بۆئەمەش واجبی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئەخلاقیی یەکێتی و پارتیە لەپێش هەمواندا کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بکەنە چەپکە گوڵی خۆیان و پێشکەش بەجەماوەری بکەن وەك هاندان و پەرۆشیان بۆ کوردو داهاتووی نەوەکانمان دوور لە بەڵێن و وەعد و بەرنامەی کاری درۆو فشەڵ و بریقەداری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن .............

---

* ئەم ووتارە لە سایتی کوردوستان پۆستدا بلاوکراوەتەوە



www.dengekan.com

# بەشی سێیەم





## پیرۆز بێت جەنابی
## یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق*

- لەمێژووی خەباتی شۆڕشی گەلاندا کەمن ئەو سەرکردەو پێشمەرگە و شۆڕشگێرانەی کە فورسەتیان بۆ هەڵکەوتبێت و لەژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕش ڕزگاریان بوبێت و بەسەرکەوتووی ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندبێ و پلەی شەهیدی و نەمریان بەدەست نەهێنابێت و توانیبێتیان بەری ڕەنج و خوێنی چەندین ساڵەیان دەسکەوتبێ و بوبنە سەرۆک کۆمار و لێپرسراوی گەورەی دەوڵەت لە وڵاتەکانیاندا و لەلایەن کۆمەڵانی گەلەکانیانەوە هەڵبژێردرابن .

www.dengekan.com

ئەو شۆڕشگێرانەی کە لەمێژوودا بەسەرکەوتووی گەیشتونەتە پلەی سەرۆك و لێپرسراوێتی دەوڵەت بونەتە سونبولی ڕزگاری و ئازادی و مێژوویەکی نەمریان بۆ خۆیان و گەلەکانیان تۆمارکردوە و بونەتە پیاوانی هەڵکەوتوو لەدونیادا و مێژوو بەشانازیەوە باسیان دەکات لەو سەرکردە نەمرانەش لینینی ڕوسیا و ماوتسی تۆنگی چین و کاسترۆ و چیٚ جیڤارای کوبا و ماندێلای ئەفریکاو...زۆری تر .

خۆشبەختانەش شۆڕشی کورد لەم سەردەمەی ئێستادا و دوای چەندین ساڵەی خەباتی خوێناوی توانی کە سەرکردە و شۆڕشگێڕو پێشمەرگەی دوێنێی وەك بەڕێز مام جەلال کەپیاوی هەڵکەوتوو کاریزمای کوردە بگەیەنێتە ڕیزی نەمران و سەرکردە هەڵکەوتوەکانی دونیا و لەلایەن سەرجەم گەلانی عێراقەوە هەڵبژێرێت بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار و ببێتە سونبولێکی نەمر بۆ ڕزگاری و ئازادی گەلانی عێراق و کوردیش لەهەموو پارچەکاندا ..

مام جەلال دوای خەباتی 50 پەنجا ساڵەیی مێژوو فورسەتی دایە کە بەری ڕەنجی هەموو شۆڕشەکانی کۆن و نوێی کورد لەعێراقدا بچنێتەوە و ببێتە یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق . ئەم سەرکەوتن و هەڵبژاردنەی مام جەلالیش لەخۆڕا نەهاتوە و ئەو هەر لەمنداڵیەوە و سەردەمی لاوێتی و دواتریش کاروانی





خەباتی و شۆڕشدا .. تائەمڕۆ کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو داهێنەر و چاونەترس و کۆڵنەدەر و پشوودرێژ بوە و خاوەنی کەسایەتیەکی بەهێز و عەقڵیەتێکی ستراتیژی و دووربین بوە و لەبوارەکانی سیاسەت و دیپلۆماسیەت و کۆمەلایەتی و ...هتد کەسێکی چالاك و لێزان و زمانزان بوە و لەسەردەمی شۆڕشدا شۆڕشگێڕێکی پلە یەك بوە و توانیویەتی کە ئیدارەی سەرجەم ململانێی ناوخۆکانی یەکێتی و سەرگۆڕەپانی سیاسی کوردوستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاش بدات وبتوانێت ڕێڕەوی شۆڕش بە ئاراستەی ڕاست و دروست و ڕەسەنی خۆیدا سەرکردایەتی بکات و لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمیشەوە وە ك سەرۆکی هەرێم توانی وەك کەسێکی زۆر شارەزا لەئیدارە و دەسەلات و حوکمدا هەڵسوکەوت بکات و ببێتە ( رجل الدولة من طراز الاول ) و لەئێستاشدا و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری صدامی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەعێراقدا و دانانی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەدوای 35 ساڵ دیکتاتۆریەت و بۆ یەکەم جار لەمێژووی کۆن و نوێی عێراقدا و بەتێکڕای بیروبۆچون و ئاراستە سیاسیەکانی ناو عێراق و تیرە و مەزهەب و ئاین و نەتەوە کانەوە ..مام جەلالیان هەڵبژارد بۆ سەرۆك کۆماری عێراقی نویٚ کە بۆ یەکەم جارە کوردێك ئەو پۆستە گەورەو گرنگە وەربگرێت لەعێراقدا .

www.dengekan.com

لەكاتێكدا تەنها مام جەلال لەكاتی ڕژێمی پێشووی ڕووخاودا لێبووردنی بۆ نەبووە و بەگاڵتەجاڕیشەوە پێیان دەوت ( لەشاخی مامەندە دانیشتوە و داوای حوكمی بەغداد دەكات ) ..

ئەوا خۆشبەختانە و بۆ یەكەمین جارە مێژوو كاری خۆی كرد بۆ بەرژەوەندی كورد و مەسەلەكەیی و ڕژێم و دیكتاتۆری پێشووی ڕووخاند و پێشمەرگە و شۆڕگێڕی دوێنێی كردە سەرۆك كۆماری عێراقی ئەمڕۆ .

ئاشكرایە ئەم هەڵبژاردنەی مام جەلال كارێكی سەرپێی و سانا و بیٚ بنەما نیە بەڵكو ئەوە بەری ڕەنجی چەندین ساڵەی خەباتی سەرجەم گەلی كوردە و بەرهەمی ڕەنجی خوێن و فرمێسكی شەهیدان و دایك و خوشكی جەرگ سووتاوی كوردوستانە .

بەری ڕەنجی خەباتێكی ڕاست و ڕەوان و ڕەسەنی كوردایەتیە ..

بۆیە كاتژمێر 25ر11 ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 4شەممەی ڕێكەوتی 2005/4/6 ڕۆژێكی زێدە مێژوویی و نەمرە لە مێژوویی خەباتی كوردایەتی و كورددا و پێویست دەكات كە هەموان و بە جیاوازی بیروڕا و بۆچونەكانەوە پشتگیری لە بەڕێز مام جەلال بكەین و ئەم هەڵبژاردنەش هاندەرێكی تر بێت بۆ یەكگرتوویی هەڵوێست و گوتاری سیاسی كورد و ڕێگە نەدرێت كە بەهیچ شێوەیەك كەلێن بكەوێتە ڕیزەكانی گەلی كوردەوە و





هەموان بەرژەوەندی كوردو كوردوستان بخەینە سەروو بەرژەوەندی حیزب و عەشیرەت و ناوچەوە .

دووبارە پیرۆزبێت جەنابی یەكەم سەرۆكی هەڵبژێردراوی كۆماری عیڕاقی نویٚ ....

---

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێی ژمارە 3643 لە 2005/4/12دا بلأوكراوەتەوە.

له پەراوێزی بەشداریكردنی مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراق لەیادی دامەزراندنی ساڵانەی نەتەوە یەكگرتوەكاندا...

www.dengekan.com

## مام جەلال
## نوێنەری هەموو گەلانی عێراقە...*

- ❖ ئاشکرایە بەڕێز مام جەلال لەوکاتەوەی کە لەساڵی 2005دا وبەکۆی دەنگی هەموو لیستەکانی ناوپەڕلەمانی عێراق بوە یەکەم سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕالْ بەبیْ مونافیس و بۆ ماوەی 1 سالْ کە قۆناغێکی کاتی بوو ,لەهەمان کاتیشدا د.ئیبراهیم جەعفەری ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی و بوە سەرۆك وەزیران . بەلاَم لەماوەی ئەو ساڵەدا بەهۆی دەمارگیری و توندی و تاکڕەوی و نەبونی نیەتێکی پاك و ڕاستەقینە لەلایەن جەعفەریەوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و جێبەجێکردنی بەندەکانی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان لیستەکان و بەتایبەتیش لیستی هاوپەیمانی کوردوستان کە شەریکێکی گەورە و بەهێزی حکومەت و پەڕلەمان بوو لەگەلْ لیستی شیعەکاندا.هەروەها بەهۆی پشتگویْ خستن و ماتکردنی کاری لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 58ی تایبەت بەکەرکوك و جێگەکانی تر . و خراپ بوونی باری ئەمنی و ئابوری وولاَت و سەرهەڵدانی زەقی ململانیْ وناکۆکی تایەفی شیعە و سونەو



www.dengekan.com



گەلێك کێشەی تر.بارودۆخی وولاَت بەرەو خراپتربوون دەچوو وەپەیوەندیەکانی نێوان لیستەکانیش بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر دەچوو.

- ➢ جەعفەری بەهۆی کەم ئەزموونی لە ئیدارەدا و لەکاری دیپلۆماسی و لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەکانی هەندیْ لایەنی تایەفی و مەزهەبی و تەنانەت دەرەکی عێراقیشی دەپاراست لەسەر حسابی لایەنەکانی تر , وهیچ کاتێك بەڕاستگۆیی کار و فەرمان و بەڵێنەکانی جێبەجێنەدەکرد و پەنای دەبردە بەر خۆدزینەوە و درۆکردن و مراوەغەکردن و پەکخستنی ئیشوکارەکان.بەڕووکەش لەگەلْ سەرۆك کۆماردا کە بەڕێز مام جەلال بوو پەیوەندی گەرم و گوڕ ودۆستانەی هەیە بەلاَم لەژێریشەوە خۆی دەدزیەوە لە داواکاری یەکانی سەرۆکایەتی و وەزیرەکوردەکان و ئەوەبوو دووجار و لە دوونامەی توندی هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعودو هەموو وەزیرەکوردەکاندا ئاگاداری ئەو هەڵە و پشتگویْ خستنانەکرایەوە .بەلاَم ئەو هەر لەسەر تاکڕەوی و پشتگویْ خستنی داواکاریەکانی کورد بەردەوام بوو.
- ➢ ڕێك پیش ساڵێك لەمەوبەر و لەیادی سالاَنەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە هەموو وولاَتانی ئەندام ووتاریان دەبێت لەو کۆبونەوە جیهانیەدا , عێراقیش بڕیاربوو بەشداری بکات و

سەرۆك كۆمار ووتار بخوێنێتەوە كەچی جەعفەری وەك كەسێكی گڕوگر داوای كرد كە دەبێت ئەو ووتاری عێراق پێشكەش بكات دوای هێنان و بردنێكی زۆر ئەنجام بەوە شكايەوە كە عێراق دوو ووتاری هەبێت و هەريەكەيان لەلايەن سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزيرانەوە پێشكەش بكرێت .

➢ بەم شێوەيە سەردەمی جەعفەری و حكومەتەكەی سەردەمێكی پڕ ئالۆزی و دڕدۆنگی بوو لەنێوان هەرسێ سەرۆكايەتی ووڵاتدا , چەندين كێشەی تريش سەريان هەڵدا, ئەوەبوو بەهۆی هەڵبژاردنەوەی جارێكی تری جەعفەری بۆ دووەم جار بۆ پۆستی سەرۆك وەزيران لەلايەن ليستی شيعەكانەوە كە لەژێر فشار و چاوسووركردنەوە دا و بەزيادەی تەنها 1 دەنگ جەعفەری سەركەوت بەسەر د.عادل عەبدولمەهديدا و ئەم دياريكردنەش بوە جێگەی ناڕازی هەموو ليستەكانی ناو پەرلەمان و هەر لەسەرە تاشەوە ليستی هاوپەيمانی كوردوستان ئەو ناڕەزاييەی بەئاشكرا بەهەموو لايەك ڕاگەياند و ئەم كارەش پرۆسەی سياسی لەعێراقدا بۆ زياتر لە 3 مانگ دواخست بەهۆی ملهوڕی جەعفەريەوە و دەست گرتنی بەكورسی حوكمەوە و وای دەزانی هەموو كارێكی بۆ دەچێتە سەر , ئەو نەيزانی كە لەبەرامبەر كەسايەتيەكی بەهێز و خۆشەويست و هەڵبژێردراوی ڕاستەقينەی سەرجەم گەلانی عێراقەوە كار دەكات ,كەسايەتيەك



www.dengekan.com



كە لەناوچەكە و جيهانيشدا ڕێزلێگيراو قبوڵكراوە ئەويش كەسايەتی بەڕێز مام جەلال بوو .ئەو نەيدەزانی يان خۆی لەو ڕاستيە گێل دەكرد كە مام جەلال خاوەن و نوێنەری نەتەوەی كوردە و 5 مليۆن كوردی عێراق و هەموو كوردی بەشەكانی تريشی لەگەڵدايە و پشتيوانی لێدەكەن وسكرتێری پارتێكی سياسی گەورەی وەك يەكێتی نيشتيمانی كوردوستانە و خاوەن زياتر لە 50سالی خەباتی نەبڕاوە و نەپساوەی دژ بە ديكتاتۆريەتە و سەنگ و قورسايی گەورەی هەيە لە بواری سياسەت و ديپلۆماسيەتدا و كەسێكی ژير و بيرمەند و پشوودرێژە.

بۆيە جەعفەری كە تەنها نوێنەری باڵێكی بچوكی شيعەكان و لەناو شيعەكانيشدا نوێنەری باڵێكی حيزبی دەعوە بوو. نەيتوانی لەم جەنگەدا سەركەوتن بەدەست بهێنێت و كۆدەنگی هەموو ليست و نەتەوەكان بەدەست بهێنێت . لەبەرامبەر بەڕێز مام جەلالدا و ئەوەبوو لەسايەی فشار و ڕەتكردنەوەی ليستی هاوپەيمانی كوردوستان بەئاشكراو دواتريش هەموو ليستەكانی تر و دواتريش شيعەكان بۆ خۆشيان جەعفەريان ڕەتكردەوە و لەجێگەيدا د.نوری مالكيان دەستنيشان كرد بۆ پۆستی سەرۆك وەزيرانی .

ئیدی لەو ڕۆژەوە سەردەمێکی نویێ لە عێراقی نوێدا دەستی پێکرد و بۆ 4 ساڵی داهاتوو لەسایەی دەستورێکی هەمیشەیدا عێراق بەڕێوە دەبرێت . کە سەردەمی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆو تەوافوق بوو لە جیاتی دڕدۆنگی و کارنەکردن پێکەوە و هەربۆیەش لە ئێستادا و لەسایەی حیکمەت و هوشیاری و جورئەتی سەرۆك کۆمارەوە لەلایەك و نەرم ونیانی و تێگەیشتووی و بوونی گیانی تەبایی و برایەتی لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە ئیشوکارەکان و پەیوەندیەکانی نێوان هەرسێ سەرۆکایەتی دەوڵەت زۆر بەباشی بەڕێوە دەچێت. سەرۆك وەزیران خاوەنی بەرنامە و پلانی ئاشتەوایی و کارکردن بەبەندو مادەکانی دەستوور و لەناویشیاندا مادەی 140 ی تایبەت بەکەرکوك و جێگەکانی تر و کار دەکات بۆ هێورکردنەوەی باری ئەمنی و باشکردنی باری ئابوری و ..هتد.

- لەیادی ساڵانەی دامەزراندنی نەتەوە یەککگرتوەکانی ئەمساڵدا و کە بڕیارە عێراق لە 9/22 دا ووتار پێشکەش بکات بەبێ کێشە و گرفت سەرۆك کۆمار بەڕێز مام جەلال بەیاوەری وەفدێکی گەورە لە ئەمریکایە و بەناوی سەرجەم گەلانی عێراقەوە ووتاری دەوڵەت و کۆماری عێراق پێشکەش دەکات وەك ڕەمزی یەکگرتووی و نوێنەری ڕاستەقینە و هەڵبژێراوی هەموو تایەفە و





نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکانی ناو عێراق هەربۆیە جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان سەردەمی جەعفەری و بەڕێز مالکیدا و بارودۆخی ئێستا و ڕاگرتنی نەزمی دەوڵەت و ئیلتیزامکردن بە بەندەکانی دەستور و پێشێلنەکردنی مافی بەرامبەر و هەڵسوکەوتکردن لە چوارچێوەی یاساو دەسەڵاتەکاندا و ڕێگەکرتن لە هەڵایسانی جەنگێکی ناوخۆیی تایەفی نێوان شیعە و سونە و ..هتد.

- بەشی زۆری ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکان و سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا بۆ حیکمەت و دانایی سەرۆك کۆمار دەگەڕێتەوە کە بەگەواهی شیعە و سونەکان خۆیان کە دەڵێن (( گەر بەڕێز مام جەلال نەبوایە لەو پۆستەدا و هەرکەسێکی تر بوایە ئەوا ئیشوکارەکانی دەوڵەت و بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەڕێوە نەدەچوو)) چونکە مام جەلال وەك سەرۆك کۆماریێ بێ جیاوازی تایەفە و مەزهەب و نەتەوەکان کار دەکات و لەهەموو کێشە گەرم و گوڕ و مەترسیدار و زۆر هەستیارەکاندا ڕاستەوخۆو بێ سڵمینەوە و بەرپەڕی جورئەتەوە دێتە ناوکێشەکانەوە و ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەورەبوون و تەشەنکردنی کێشەکە و ئەنجامیش بەبەرژەوەندی گەلانی عێراق و پڕۆسە سیاسیەکەی تەواو دەبێت . بەمەش بۆتە جێگەی ڕێز و ڕەزامەندی هەموان .

www.dengekan.com

نزیکترین و مەترسیدارترین کێشەش کێشەی ئاڵای عێراق بوو کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بزوێنراو هەڵایەکی گەورەی لێکەوتەوە کە ئەگەر هەڵوێستی ڕون و ئاشکراو بوێرانەی بەڕێز مام جەلال نەبوایە پێدەچوو کێشەکە زۆر گەورەتر و مەترسیدار تر بێت .

➢ هەربۆیە ئەم قۆناغە نوێیە و ئەم 4 ساڵی حوکمی هەمیشەییەی بەڕێز مام جەلال دەبێتە بەردی بناغەیەکی بەهێز و تۆکەمە بۆ عێراقێکی نوێ کە لەسایەی دەستورێکی هەمیشەیدا هەموو گەلانی عێراق و مەزهەبە جیاوازەکانیش هەست بەئارامی و تەبایی و پێکەوەژیانی بکەن و دەوڵەت و کۆمارێکی فیدڕاڵی دیموکراسی و فرەیەی لەناوچەکەدا دابمەزرێت و ببێتە ڕۆژێکی پرشنگداریش بۆ گەلانی ناوچەکەش. ئاشکراشە ئەم هەڵوێستە برایەتی و تەبایی و بێ جیاوازیەی بەڕێز مام جەلال نوێ نیە و بەڵکو هەر ئەو هەڵوێستانەی بەڕێزی بوو لەکوردوستانیشدا و لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانیشدا هەمیشە ببوە قەڵغانێکی بەهێز و ڕێگر لەبەردەم لەبەریەك هەڵوەشانی ڕیزەکانی ناو یەکێتی و ناو گەڵی کوردیش و مام جەلال وەك هەمیشە و بۆ هەمیشەش هەر (( صەمامی ئەمان )) بوە و بەڕاستگۆیانەش گیانی تەبایی و برایەتی و یەکڕیزی هەموو لایەکی پاراستوە وکاری جدیشی بۆ کردوە و بۆیەش هەموولایەك



www.dengekan.com



لەناوخۆی یەکێتی و سەرجەم پارتە سیاسیەکانی کوردوستان و لەئێستاشدا لەعێراقی نوێشدا هەموان بەبرایەکی گەورە و ڕابەرێکی مەزن و سەرکردەیەکی بێ وێنە و پشوودرێژو ماندونەناسی دادەنێن و جێگەی ڕێز و تەقدیری هەموانە ..

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4082 لە 2006/9/25دا بڵاوکراوەتەوە

## مام جەلال
## سەرۆك کۆمارێکی بێ مونافیس*

❖ مێژوو بەچەند دەیە ساڵێك و لەکاتی تەنگانەو زەرورەتی قۆناغەکاندا لەناو کۆمەڵگا و نەتەوە و وولاتانی جیاوازدا ڕابەر و سەرکردە ڕزگارکەرەکان دروست دەکات , ئەو کەسانەش هەڵکە وتوو دەرکەوتووی ڕۆژو سەردەمی خۆیانن

و بێ وێنەن , هەربۆیە کەمن ئەو کەسانەی کە لەمێژوودا بونەتە کاریزما , بێ وێنەن ئەو پیاوانەی کە بونەتە ڕزگارکەر و یەکخەرەوەی گەل و نیشتیمانەکانیان . دەگمەنن ئەو سەرکردانەی کەلەکاتی تەنگانەدا و پشوودرێژانە و سەرکەوتووانە توانیویانە گەل و وولاَتەکانیان لەکێشەی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ و هەلوەشانەوە بپارێزن .هەربۆیە ئەو سەرکردە و ڕابەرانەی کە بەم شێوەیە هەلسوکەوتیان کردوە , بوونەتە کەسایەتی نەمر لە مێژوودا و هەمیشە یادەوەریان بەزیندووی ماوەتەوە لەبیرو یادەوەری گەلەکانیاندا و بونەتە جێگەی شانازی و سەروەری بۆ کۆمەلَگاکانیان.

ئەبراهام لنکۆلن و جۆرج واشنتۆن لە ئەمریکاو چەرچل لە بەریتانیا و ناپلیۆن لە فەرەنساو بسمارك لە ئەلَمانیا و تیتۆ لە یۆگسلافیاو غاندی لە هندستان و ماوتسی تۆنگ لەچین و ماندێلا لە ئەفریقیاو ئەتاتۆرك لە تورکیا و ...چەندانی تر , کەئەم هەموو کەلَە پیاوانە بونەتە سومبولی ئازادی و سەربەخۆیی و پارێزەری گەل و خاکەکانیان لەناو گەلەکانیاندا و زەرورەتی قۆناغەکان سەپاندویانەو پێیگەیاندون.

- لەئێستاشدا و لەعێراقی فرە مەزهەب و فرە نەتەوە و فرە دیانەت. لەعێراقی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صدامی و لە



www.dengekan.com



عێراقێکی لێك هەلوەشاوی لەسەر لێواری شەڕی ناوخۆیی و ململانێی سیاسی و تایەفی و نەتەوەیی لە عێراقی مەترسیدار بۆ پارچە پارچەبونی گەل و خاکەکەی, لەعێراقی نوقوم بوو لەشەڕی دژە تیرۆر و کۆنە بەعسی و تەکفیریەکاندا, لەم عێراقە عەجایەبە بەکێشە و ململانێ و پێك هاتەکەیەوە , سەرکردەیەك هەلَکەوتوە و بۆتە صمام الامان بۆ پاراستنی لە پارچەپارچە بوون و لێك هەلوەشان, سەرکردەیەك کە مێژووو کردە و زەرورەتی ئەم قۆناغە ناسك و هەستیارەی ئێستای عێراق سەپاندویەتی, پیاوێك کەهەموو تەمەنی لەخەبات و شۆڕشدا بەسەربردووە ,پیاوێك مێژوویەکی ڕەسەن و ڕۆشنی هەیە لە گیانفیدایی و مقاوەمەت دژی دیکتاتۆریەت.پیاووێك کە ئەزموونی زیاد لە 50 سالَەی لەبواری سیاسەت و دیپلۆماسیەت و ڕۆژنامەنووسی و خەباتی دیموکراسیدا بردۆتە سەر.پیاوێك کەلەناو میلەتی خۆیدا((کورد)) بێ وێنە و بێ مونافیسە لەسەر گۆڕەپانی خەبات و ئیدارەدا. پیاوێك کە بۆ ڕێکخراوە سیاسیەکەی خۆشی کەم وێنە و بێ مونافیسە و هۆکاری سەرکەوتن و مانەوەیەتی . جا سەرکردەیەك بەم هەموو سیفات و ڕەسەنایەتی و دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی وخەباتەیەوە ئیدی چۆن دەبێت مونافیسی هەبێت .

➢ ئەو سەرکردەو ڕابەرەش بەڕێز مام جەلالە, کە توانیویەتی بەو خەبات و کۆڵنەدان و عەدالەتخوازی و پەرۆشیەی بۆ هەموو گەلانی عێراق, ببێتە مایەی ڕەزامەندی و قبوڵکردنی ناحەزانی لەپێش دۆستەکانیەوە و بێ موناڤیس و بەزۆرینەی دەنگ و بۆ جاری دووەم و لەڕۆژی شەممە 2006/4/22دا و بۆ ماوەی 4 ساڵی تر هەڵبژێرێتەوە بۆ سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ .

مام جەلال لەم قۆناغە ناسك و زۆر هەستیارەدا هیچی کەمتر نیە لەو سەرکردە و ڕابەرانەی دونیا کە لەناو گەل و نەتەوەکانیاندا هەڵکەوتوون . مام جەلال لە سەرکردەیەکی میلەتێکی لەبیرکراو و بێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیەوە بوە سەرکردەیەکی وولاتێکی عەرەبی و لەناوچەکە و دونیاشدا خاوەن ڕێز تەقدیر و خۆشەویستیە.

➢ لەدونیای ئێستادا و لەهەردوو سیستەمی دیموکراسی و تەنانەت دیکتاتۆریەتەکانیشدا کەم هەڵکەوتوە کە سەرۆك کۆمارێك بێ موناڤیس بێت , چونکە هەر پاڵێوراوێك بۆ ئەو پۆستە کەسانی تریش هەن کە لەئاستی ئەو دا بن , بەلاَم لەعێراقی ئەمڕۆدا کە پڕە لە کێشە و ململانێ و ئاستەنگ و ناکۆکی بەهەموو جۆرەکانیەوە کەسێکی تری شیاو بۆ ئەو پۆستە سیادی و گرنگە نیە وەك مام جەلال , هێندەی عێراق و پۆستی سەرۆك کۆمار پێویستی بە مام جەلالە , هەرگیز مام



www.dengekan.com

کوردو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

جەلال پێویستی بەوان نیە . هیچ کاتێکیش مام جەلال بەو پۆستەوە گەورە و ناوبانگی زیاتری پەیدا نەکردوە هەربۆیە زۆر بێ منەتانە ووتی (( هەرکاتێك هەموو کوتلە سیاسیەکان و عێراقیەکان بەمن ڕازی نەبوون وەك سەرۆك کۆمار ئەوا منیش قبوڵم نیە ومنیش ڕەتی دەکەمەوە )) بەم شێوەیە مام جەلال هیچ کاتێك خوازیاری کورسی و دەسەلاَت و خۆسەپاندن و تاك ڕەوی نەبوە و نیشە , بۆیە لەم قۆناغەدا و لەعێراقدا کەسێکی وەك مام جەلال نیە کە بتوانێت هاوسەنگی ململانێکان و بەلاَنسی هاوکێشە سیاسیەکان ڕابگرێت و ببێتە مایەی کۆکردنەوە و بەیەك گەیاندنی هەموو نەتەوە و مەزهەب و ئاراستە سیاسیە جیاوازەکانی گروپ و تایەفە و نەتەوەکان و دیانەتە جیاوازەکان . هەربۆیە مام جەلال توانی لەسەر زەمینەی واقعیش و لەماوەی ساڵی ڕابوردووی سەرۆکایەتیەکەیدا بەعەمەلی سەلماندی کە پیاوی دەوڵەتە لەجۆری زۆر نایاب و بەشێوەیەکی زۆر لێهاتوو و بێ لایەنیەوە هەڵسوکەوتی دەکرد لەچوارچێوەی یاساکاندا و وێنەیەکی گەشی دایە هەموو لایەك بەعەرەب و کورد و تورکومان و شیعە و سونە و مەسیحیەکانەوە و توانی بە ڕاستگۆیی و عەدالەتخوازی و ڕەسانەیەتی و خۆڕسکی و پەرۆشی بۆ پاراستنی ئەمانەت ببێتە ئەو کەسەی کە لەلایەن هەموو لایەکەوە و بێ موناڤیس قبوڵی بکەنەوەو

ڕازی ببنەوە کە کوردێك ببێتەوە سەرۆك کۆماری 27 ملیۆن کەس کەزۆرینەیان عەرەبن و ببێتە سەرۆك کۆماری وولاتێکی عەرەبی لەکۆی 22 وولات کە ئەمە لەمێژووی نەتەوەی عەرەبدا زۆر دەگمەنە و جێگەی قبوڵکردن نەبوە .

- ڕۆژی 22/ 4 لەمێژووی کوردا بەهۆی یادی دامەزراندنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیەوە (( کوردوستان )) لە قاهیرە ڕۆژێکی مێژوویی و پرشنگدار و نەمربووە . بەڵام 2006/4/22 بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی مام جەلالی ڕژنامەنوسی کوردەوە و دوای 108 ساڵ توانی ببێتە سەرۆك کۆماری بەشێك لە کوردوستان ولەوولاتێکی عەرەبیدا.. کەئەمە لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بێ وێنە و یەکەم کەسە کە پۆستی سەرۆك کۆماری وەربگرێت . بۆیە ئەم ڕۆژە هێندەی دی گرنگتر و پرشنگدار تر بوو.
- وەك ئاشکرایە مام جەلال لەخۆوە و لە ناکاو و لەبۆشاییەوە نەهاتوە و هەڵنەکەوتوە بەڵکو بەری ڕەنج و خەبات و شۆڕش و مقاوەمەتی کوردایەتیە لەهەر چوار بەشەکەی کوردوستاندا , مام جەلال درێژە پێدەر و تەواوکەری ڕێبازی ڕەسەنی کوردایەتی هەموو سەرکردە و ڕابەرەکانی کوردە هەر لە شێخی نەمرو پێشەوای شەهید و بارزانی هەڵکەوتو و هەموو سەرکردەکانی تریش.





- بۆیە جێگەی خۆیەتی کە هەموو کوردێك شانازی بەمام جەلالەوە بکات, چونکە گەر نەتەوەیەك ڕێزی سەرکردە و ڕابەرەکانی خۆی نەگرێت , ئەوا دوژمنان و ناحەزانیشی ڕێزی ئەو گەل و نەتەوەیە ناگرن , بۆیە ئەرکی هەمووانە بەهەموو جیاوازی بیروڕاو ئایدیاو بیروبۆچونەوە پشتگیری و پشتیوانی لەمام جەلال بکەین بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر و چەسپاندنی ماف و داواکاریە ڕەواکانی گەلەکەمان لەعێراق وکوردوستاندا لەم چوار ساڵەی ئایندەدا,
- دووبارە پیرۆزبێت ئەو پۆستەت جەنابی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵی بێ مونافیس .......

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 3954 لە 2006/4/27دا بلاوکراوەتەوە

www.dengekan.com

## سەرۆك وەزیرانی عێراقی داهاتوو کێ دەبێت؟*

❖ پڕۆسەی سیاسی لە عێراقی ڕزگاربووی دوای ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی 2003 بەدواوە گەلێك هەنگاوی گەورەو بەرچاوی بۆ پێشەوە هەڵناوە , هەر لە پێکەوەنانی مەجلیسی حوکم و نوسینەوەی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت و وەرگرتنەوەی سیادەوپێکەوەنانی حکومەتی عەلاوی و دواتر هەڵبژاردنی یەکەمین کۆمەڵەی نیشتیمانی لەئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و ناوازە لە مێژووی عێراقدا لە 2005/1/30 و پێکەوەنانی حکومەتی جەعفەری و لە هەنگاوێگی گرنگیشدا ڕەش نووسی دەستووری هەمیشەیی نوسرایەوە و لە 2005/10/15دا خرایە دەنگدانەوە و بەزۆرینەو 64٪ بەبەڵێ سەلمێنراو لەئێستاشدا هەرە هەنگاوی





گرنگتر و چارەنوسسازتر بۆ هەمووان هەڵبژاردنی پەڕلەمان و دامەزراندنی حکومەتێکی هەمیشەیی 4 ساڵەییە کە لەسایەی دەستوورێکی هەمیشەیدا و لە 2005/12/15دا ساز دەدرێت ..و لەدوا ئەم وادەیەوە هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادەوەری دەبنە شەرعی و متمانەیەکی ناوخۆیی و یاسایی و ناوچەیی و دونیایی وەردەگرن و عێراق هەموو شەرعیەتە ناوخۆیی و ناوچەیەکان و دونیایشی بۆ دەگەڕێتەوە چونکە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵانی عێراق لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەن و نوێنەری زۆرینەی عێراقیەکان دەبێت و لەسایەی دەستوری هەمیشەیدا بۆ یەکەمین جار هەموو دەسەڵات و دام و دەزگاکان و ئەرك و مافەکان لە عێراقدا ڕێك دەخرێنەوە و دەپارێزرین .

قۆناغی دوای هەڵبژاردن قۆناغی دەست بەکاربون و جێبەجێکردنی بەند و بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی دەبێت , قۆناغی دەرکەوتنی نیەت و نیاز پاکی زۆرینەی عەرەبی شیعە و سوونە دەبێت بەرامبەر بەکورد و مافە ڕەواکانی و سەلماندنیان و چەسپاندنیان. قۆناغی نەمانی دوو ڕووی و بێ متمانەی و دەستی بەدەستی پێکردنی کورد دەبێت . قۆناغی دوانەخستن و گوێ گرتنی پلان و بەرنامە و بەڵێنەکان دەبێت .

www.dengekan.com

بۆیە ئەم قۆناغە بۆ کورد زێدە گرنگ و چارەنوسسازە و دەبێت هەمووان بەشداریەکی گەرم و گوڕ بکەین لە و هەڵبژاردنەدا بە نیازی بەدەست هێنانی زۆرترین ژمارەی کورسی لە پەرلەماندا و بۆ ئەوەی هێز و توانا و دەسەلاّتی کورد لە بەغدادا بە ئەکتیڤانە بمێنێتەوە و کورد بەشداریەکی کاراو دەنگ و ڕەنگ و دەستی هەبێت لە وورد و درشتی بڕیارەکاندا .

- ئاشکرایە هەردوو حکومەتی عەلاوی و جەعفەری و بەتایبەتیش ئەمەی جەعفەری هیچ کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ چەسپاندن و داواکانی کورد , بەڵکو لێشیان کەمدەکردەوە و بەرەنگاری و ئاستەنگ و دژایەتیشیان دەکرد و لە وەعد و بەڵێن و ڕێکەوتنەکانیشیان پاشگەزدەبونەوە و دەربارەی مادەی 58 ی کەرکوك و ئاوارە و ...هتد گوێی خۆیان لێ دەخەواند و نەیاندەویست جێبەجێی بکەن و هەرواشیان کرد.

دوای فشارێکی زۆری کورد و سەرکردەکان و ناردنی نامەی توند و ناڕەزایی و هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەت و ناڕەزایی وەزیرە کوردەکان و ڕەخنە گرتنی نوێنەرانی کورد لە کۆمەڵەی نیشتیمانیدا هەر لەسوێند خواردنی وەزیرەکان و بەرنامەی کاری حکومەتەکەی و جێبەجێنەکردنی مادەی 58 و بڕیاری پێدانی 200 ملیۆن دۆلار بۆ لیژنەی تایبەتی مادەی 58 ..



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ...

کەچی جەعفەری هەر لەسەر پشتگوێخستن و ملهوڕی و تاکڕەوی خۆی بەردەوامە لەبەرامبەر ماف و داواکاریەکانی کورددا و تازەش هیچی پێناکرێت چونکە لەڕۆژە کۆتاکانی دەسەلاّتیدایە .

جاشیعەیەکی زۆرینەی هاوپەیمان و هاوبەشی خەبات و بەشداربووی یەك بەرەی دژ بە صدام و ڕژێمەکەی ئاوها ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ کورد و داواکانیدا بکات ئەی دەبێت سونەیەکی کەمینەی دڕدۆنگ و دژ بەکورد و داواکانی و کە هیچ هاوپەیمانی و ڕێکەوتن و کارێکی هاوبەشی لەگەڵ کوردا نیە دژ بە ڕژێمی ڕووخاو چونکە خۆیان بەشێك بوون لە حوکم و دەسەلاّت دەبێت چۆنها ڕەفتارێك لەگەڵ کورددا بکات ؟؟؟

- کەواتە کورد دەبێت چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە و بە چ هۆکارێك ئەم هاوسەنگیە ڕابگرێت ؟ چۆن بتوانێت لە کێشمە کێش و ململانێ ناوخۆیی و ناوچەیی و عەرەبیەکاندا خۆی بسازێنێت ؟ چۆن لە دەسەلاّت و حوکمی بەغدادا بە فاکتەری گرنگ و گوێ لێگیراو بمێنێتەوە ؟

پێشەکی لەبەر ئەوەی لە دەستووری هەمیشەیدا هاتووە کە سەرۆك وەزیران دەسەلاّتی زیاتری هەیە و کاراو چالاکترە وەك لایەنی جێبەجێکەر, بۆیە چ شیعە و چ سوونە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پۆستە دەدەن و لەبەرئەوە عەرەبی شیعە

زۆرینەن کارێکی ئاساییە کە ئەو پۆستە بەر ئەوان بکەوێت وەك ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بۆیە کورد ئەو پۆستەی بەرناکەوێت و ئەگەریش لیستی براوەی دووەم بێت و سەنگ و قورسایی لە پەرلەماندا هەبێت ئەوا پۆستی سەرۆك کۆماری بەردەکەوێت کە بەهەمان شێوە گرنگ و کاریگەر و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لێرەدا و لەناو ئەم شەڕە کورسی و پۆستانەدا ئایا پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی داهاتوو بەرکێ دەکەوێت و کێ دەبێت بەسەرۆك وەزیر لە دوای هەڵبژاردنەکانی 12/15/ 2005 وە و بۆ ماوەی 4 ساڵ ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بەووردی هاوکێشە و کاریگەریە ناوخۆیی و ناوچەیی و عەرەبی و ئەمریکا و بەریتانیا و سوونە لە وڵاتانی عەرەبیدا هەڵبسەنگێنین , چونکە هەموو ئەو لایەنانە کاریگەریان هەیە لە دارشتن و سەرکەوتن و بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا .

بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بێت ئەو پۆستە بەر شیعە دەکەوێت چونکە زۆرینەن لە ژمارەدا , بەڵام چ شیعەیەك و کێ دەبێت بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردن ؟؟؟ئایا لەرەوتە جیاوازەکانی شیعە کامیان ؟؟ وە لەناو کەسایەتیە شیعیەکاندا کێ ؟ لیبراڵ و عیلمانی یا توندڕەو و دەمارگیر یان میانڕە و ؟





لەدوو حکومەتی عیلمانی و لیبڕاڵی شیعەی عەلاوی و حکومەتی شیعەی جەعفەری توند ڕەو و ملهوڕ و دەمارگیر هیچیان نە بۆ کورد نە بۆ عێراق کارێکی ئەو تۆیان نەکرد کە بتوانن جارێکی تر بێنەوە سەر حوکم و دەسەڵات . و وێنەیەکی هێندە خراپیان لەپێش کورددا پیشان شیعەو وسونە و تورکومان و ئاشوری وناوچەکە و دونیاو ..هتد دا کە هەمووان بێزارن لە حوکم و دەسەڵاتی کەم و کاتیان .و نابێت جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە ببێتەوە ..

ئەی کەواتە کێ یە ئەو کەسایەتیە میانڕە و وگونجاو و شیاوە بۆ ئەو قۆناغە چارەنوسساز و هەستیارەی دوای هەڵبژاردن و کێ یە ئەو کەسەی کە بۆتە جێگە متمانەی مەرجەعە شیعەکان و باڵە جیاوازەکانی شیعە و دەوڵەتانی ناوچەکە بە عەرەب و غەیرە عەرەبەوە بەسوونە و شیعە مەزهەبەوە و لە سەروو هەمووشیانەوە ئەمریکا و بەریتانیا ؟؟؟

وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش بریتیە لە (( دکتۆر عادل عبدالمهدی )) کەسایەتی میانڕە و ڕەفتار شیرین و خۆشەویست لای کورد و شیعە و سونە و دەوڵەتانی ئێران و تورکیاو عەرەبە سوونەکانی ئوردون و سعودیە و میسر و ئەمریکاو بەریتانیا و. دکتۆر عادل عبدالمهدی کەسی دووەمی ناو ( ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق ) کە

www.dengekan.com

چەندین پۆستی وەرگرتوە هەر لەوەزیری دارایی و جێگری سەرۆك كۆمار و جێگە متمانەی زۆری بەڕێز مام جەلال سەرۆك كۆمار و لەو ماوەیەی كە سەرقاڵی پێشنیازكردنی چەند كەسێك بوون بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ حكومەتی جەعفەری , دكتۆر عادل عبدالمهدی یەكێك بوە لەو 3 كەسە و لەئەنجامی ئەو زنجیرە سەفەرەی ئەم دواییەی بۆ هەریەكە لە ئوردون و سعودیە و میسر و ئەمریكاو بەریتانیاو ئێران و توركیا تیشكی سەوزی پێدراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق ..

كورد و سەركردەكانی پەیوەندیەكی باشیان هەیە لەگەڵ دكتۆر عادلدا و دەتوانن ئەو پەیوەندیە بكەنە فاكتەری گەشەپێدانی زیاتری پەیوەندیەكان و چەسپاندنی مافەكان و جێبە جێكردنی مادەی 58 و ...هتدو ئەو 4 ساڵەی داهاتوو بكەنە خاڵی دەستپێكردن وچەسپاندنێكی بەهێزی كۆنكرێتی بۆ داهاتوی كورد .

ئاشكراشە كورد بەدرێژایی مێژووی عێراق و بەتایبەتیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس فاكتەری برایەتی و تەبایی و تەوافوق و نەهێشتنی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و یەك و یەكبون بوە بۆ خاك و گەلانی عێراق و بەمەش بۆتە جێی ڕێز و تەقدیری هەموو لایەك و توانیویەتی ئەو مافانە بەدەست





بهێنێت كە لەدەستوردا چەسپیوە و لەداهاتووشدا دەتوانێت ڕۆڵی كاریگەرتر و بەرچاوتر ببینێت و كورد و مەسەلەكەی زیاتر بخاتە بەرچاوی هەموو دونیاو ناوچەكە و دۆست و پشتیوانی زیاتریش بۆ كورد وەدەست بهێنێت .

---

* ئەم ووتارە لە سایتی كوردوستان پۆستدا بلأوكراوەتەوە

www.dengekan.com

## جامعەی عەرەبی

## و

## ڕۆڵی نەگەتیفی دەربارەی بارودۆخی عێراق*

➢ ئاشكرایە جامعەی عەرەبی لەساڵی 1948 وە دامەزراوە بەمەبەستی كۆكردنەوەی هەموو وولاَتانی عەرەبی لەژێر چەتری خۆیدا وەك نموونەیەكی نەتەوە یەككگرتوەكان .

لەئامانجەكانی ئەم جامیعەیە ئەوەیە كە هەڵوێست و گوتاری سیاسی و ئابوری و سەربازی و زانستی و ..هتد عەرەب یەكبخات و دەوڵەتێكی عەرەبی یەك و یەكگرتوو دابمەزرێنێت بۆئەوەی پارێزگاری لە كیان و وجود و كەلتوری عەرەبی بكات لەبەرامبەر ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوادا و عەرەب كە گەورەترین نەتەوەی ئەم ناوچەیەیە بەهێز و ڕێز لێگیراو بكات , بەلاَم ئەوە بۆ نزیكەی 60 ساڵ دەچێت ئەو بەرنامەیەیان بۆ جێبەجێنەكراوە و تەنها وەك خەونێك ماوەتەوە و لەسەر زەمینەی واقع هیچ نەكراوە .

جامعەی عەرەبی كە ماوەی 57 ساڵە دامەزراوە و لە میثاقە كەی خۆیدا كە لە 22 بەند و 8 بڕگە پێك هاتوە بۆ یەك جاریش باس لە دیموكراتیەت و ئازادی ناكات و یەكێك لەخاڵە هەرە





گرنگەكانی ئەو میثاقە ئەوەیە كە نابێت هیچ دەوڵەتێكی عەرەبی دەست وەربداتە كاروباری ناوخۆی ولاَتێكی تری عەرەبیەوە كە لەماوەی ئەو 57 ساڵەی تەمەنیدا تەنها ئەو كارەیان كردوە و هیچی تر و ئەوەندەی سەرقاڵی دەستێوەردانی كاروباری یەكترین و پاشقول لەیەكتر دەگرن نیو ئەوەندە گرنگی نادەن بە بەهێزبوون یان گەشەكردن و پێشكەوتنیان . ئەم جامیعەیە بەم شێوەیە و تائێستا لەسەر ئاستی ناوخۆیی نەیتوانیوە كە بچوكترین كێشە و گرفتی عەرەبەكان چارەسەر بكات و ببێتە جێگەی ڕێزی گەلانی عەرەب چونكە هەمیشە پشتیوانی لە ڕژێم و دەسەلاَتدارانیانی كردوە نەك گەلانیان . هەروەك چۆن نەیتوانیوە كە بچوكترین ئامادەبوونی هەبێت لە نزیكردنەوەی برا دژەكاندا ولەسەر ئاستی دەرەكیشدا نەیتوانیوە كە بوون و پێگەی عەرەب بەهێز بكات لەبەرامبەر ئەو گروپ و تەكەتولە ئابوری و سیاسیانەی كە لە دونیادا دروست بوون و نەیتوانیوە خۆی وەك ڕێكخراوێكی ناوچەیی و دونیایی بسەپێنێت كە بەشێوەیك لە هاوكێشە و بەلاَنسەكاندا حسابی بۆ بكرێت .

ولاَتانی عەرەبیش هێندەی خەریكی پێكەوەنانی كوتلەی ناوچەیی خۆیانن و گرنگی پێدەدەن نیو ئەوەندە گرنگی بەم جامیعە بیهێزە نادەن و ئەوەتا لەساڵەكانی هەشتاكاندا 3

www.dengekan.com

تەکەتولی ناوچەیی( سیاسی و ئابوری ) لە نێوان ژمارەیەك ولأتانی عەرەبیدا پێکەوەنرا لە کەنداو وناوەڕاست و ڕۆژئاوای ولأتانی عەرەبدا و بەمەش هێندەی تر ئەم جامیعەیە بێهێز و لاواز بوو . لەئێستاشدا ئەم جامیعەیە لەگەرمترین و هەستیارترین بارودۆخەکانی عەرەبدا کە کێشەو ململانێ و گرفتی جۆراو جۆر ڕووی کردۆتە ولأتان و گەلانی عەرەب کە وەك لێکۆڵەرەوە عەرەبەکان خۆیان دانی پیادا دەنێن گوایە زیاتر لە 126 کێشە و گرفتی هەمەجۆری سیاسی و ئابوری و سەربازی و سنووری و ئاو و بازرگانی و نەتەوەیی و مەزهەبی و دینی و ...هتد هەن لەنێوان ولأتانی عەربدا کە خۆیان 21 ولأتن لەئەنجامی ئەم کێشانەشدا 3 ملیۆن هاولأتی گیانیان لەدەسداوە و نزیکەی 13 ملیۆنی تریش بێ سەرو شوێن و زیانیان لێکەوتوە لەکۆی نزیکەی 284 ملیۆن هاولأتی لە دەولأتانی عەرەبدا , کێشە سەرەکی و گەورەکانی عێراق و لوبنان و سوریا و فەلەستین و کێشەکانی سنووری نێوان سعودیە و قەتەر و سودان ئەریتریاو یەمەن و سعودیە و لیبیاو مۆریتانیاو مەغریب و جەزائیر و ئیمارات و ئێران و تورکیاو سوریاو ئێران و عێراق و کوێت و عێراق و گەلێکی تر ...هتد لەکێشە بەرچاوەکانن کە ئەم جامیعەیە نەیتوانیوە بچوکترینیان چارەسەر بکات .



www.dengekan.com



ئەم جامیعیە تائێستا نەبۆتە مەرجەعێکی بەهێزی عەرەبەکان و نەیتوانیوە بچوکترین پرۆژە و بەرنامەی ئابوری و زانستی و وەبەرهێنان و بەرگری هاوبەشی نێوان عەرەبەکان جێبەجێبکات و ئەوەتا ڕێژەی نەخوێندەوای لە ولأتانی عەرەبدا زیاد لە 30٪ و ڕێژەی دەرچوونی کتێب و بلأوکراوە لە ولأتانی عەرەبدا لەماوەی هەزار ساڵدا ناگاتە بەرهەمی چاپ و بلأوکردنەوەی تەنها 1 ساڵی ولأتێکی بچوکی وەك فنلەندا کە ژمارەی دانیشتوانی تەنها 5 ملیۆنە و ژمارەی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لەوولأتانی عەرەبیدا ناگاتە لە 5٪ بەلأم لە ئەفریقادا کە بەحساب دواکەوتوە ئەو ڕێژەیە بریتیە لە 4ر7٪ . جا لە حاڵەتێکی وادا ئەم جامیعەیە کە تەنها بەناو کۆکەرەوەی عەرەبەکانە, بەلأم لە واقیعیشدا نەیتوانیوە بچوکترین کێشە چارەسەر بکات ئەوا نەمان و هەڵوەشاندنەوە و گۆڕینی بۆتە کارێکی زۆر پێویست و ئەم جامیعەیە لە 57 ساڵەی تەمەنیدا نەك ڕۆڵی کۆکەرەوەی عەرەبەکانی نەبینیوە بەڵکو گەلێك جار بە هەڵوێست و لێدوان و گوتارەکانیشی ئەوەندەی تر ڕیزەکانی عەرەبی لێك ترازاندوە وەك ئەوەی بەرامبەر بەعێراق نواندویەتی لەماوەی ئەم 2 ساڵەی ڕزگاربونیدا ئەوەش بەلایەنگرتنی بەشێك یان مەزهەبێکی وەکو عەرەبی سونە لەبەرامبەر زۆرینەی عەرەبی شیعە و

کوردو تورکومان و ئاشوری و ..هتد لەکاتێکدا کەعێراق ولاَتێکی بنچینەیی و دامەزرێنەری ئەم جامیعەیە بوە و لەسەردەمی بەعسیەکانیشدا یارمەتی و هاوکاری زۆری ولاَتانی عەرەبی هەژار و دواکەوتووی داوە کە ئەم جامیعەیە و ئەمینداری گشتیەکەی (( عەمرو موسا )) کە نەتەوەییەکی سەرسەختە لێنەبڕاوە بۆ دۆزینەوە ی چارەسەرێکی ئەم کێشەیەی بارودۆخی عێراق و تائێستاش بۆ خۆی سەردانی عێراقی نەکردوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بەئاگا بێت لە بارودۆخەکە و تەنانەت هەندێ جاریش پشتیوانی لە تیرۆریستانیش دەکەن و بەمقاوەمەتیان ناو دەبەن .

ئەم جامیعەیە نەیتوانیوە کە فشار بخاتە سەر سوریاو سعودیە و ئوردون ولاَتانی تر کە کارئاسانی و هاکاری مادی و مەعنوی تیرۆریستان دەکەن بۆ ناو عێراق بۆ درێژەدان بە کارە تیرۆریستیەکانیان . ئەم جامیعیە بەدەردی ئێستای لە کۆنیشدا و لەسەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا هیچ کاتێك هەڵوێستێکی مرۆیشی نەبوە بەرامبەر کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیایی بارانکردن و جینۆساید و ڕەشەکوژیەکان و گۆڕەبەکۆمەڵەکانی گەلانی عێراق . کەچی لەئێستادا خۆی و ئەمیندارەکەی خۆیان بە پارێزەری شوناسی عەرەبی عێراق



www.dengekan.com



دادەنێن و دەست وەردەدەنە ناو کاروبار و نوسینەوەی دەستوور و بەمەش هێندەی تر بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکەن .

هەربۆیە ئەم جامیعەیە بەم هەموو هەڵوێستە لاواز و بێتواناییەوە نەك تەنها بەرامبەر بەعێراق بەڵکو بەرامبەر بەهەموو گەلانی عەرەب کە چارەسەری کێشەکانیانی پێناکرێت هەق وایە خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و ئەمیندارە گشتیەکەشی (( عەمرو موسا ) سەری خۆیان هەڵگرن چونکە هەر لەسەر خواستی ئەمریکا لە وەزیر دەرەوەی میسر لابرا, لەکاتێکدا کە ئەمریکاو پرۆژەکانی بۆ بەدیموکراسی کردنی ئەم ناوچەیە و ڕزگارکردنی گەلانی ناوچەکە لە دەست دیکتاتۆر و تاغوتەکانی عەرەب بەردەوامە و ئەوەی ناتوانێت خۆی لەگەڵ ئەم شەپۆلە بەهێزەدا بگونجێنێت ئەوا دەبێت کونجی قەناعەت و زبڵدانی مێژوو هەڵببژێرێت . ئەمەش ڕاست لەگەڵ جامیعەی عەرەبی و ڕژێمە تاك ڕەو و کۆنە پارێزەکانی عەرەبدا یەکدەگرێتەوە چونکە نایەنەوێت و ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهات و پێشکەوتنەکانی دونیادا و بتوانن لە و کاروانە پێشکەوتنخوازیەدا ڕێگە بگرن و گەلانیشیان بە دیموکراسی و ئازادیەکان شادبکەن وجێگەی شیاوو شایستەی خۆیان لەڕیزی ولاَتانی دونیادا بکەنەوە و

رۆڵ و کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبێت لەسەر ئاشتی و ئارامی ناوچەکە و دونیاشدا .

----------------------------------

* ئەم ووتارە لە رۆژنامەی هەوالی ژمارە 153 لە 2005/10/17دا بلاوکراوەتەوە

## ئەرێ دەوڵەتی عێراق سیاسەتمەدارە عێراقیەکان دەیبەن بەرێوە یان سەربازە ئەمریکیەکان*

- ئاشکرایە دوای رزگارکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە و بریاری نەتەوەیەکگرتوەکانی 1456 عێراق بە ولاتێکی داگیرکراو ناسراو ئیدی بۆماوەی 1 ساڵ و 2 مانگ واتا تا 2004/6/30 ئەو مافە درا بەئەمریکا وەك دەوڵەتێکی



www.dengekan.com



داگیرکەر هەڵس و کەوت بکات و خۆی بکوژ و ببڕ و بڕیاردەری کۆتا بێت لەهەموو مەسەلەکاندا و لەو ماوەیەشدا سەروەت و سامانی عێراق و سەرەوەریەکەشی بەدەست ئەمریکیەکانەوە گەمەی پێدەکراو حورمەت و کەرامەتی عێراقیەکانیش بەهەمان شێوە .. بەلام دوای ئەوەی لە لایەن حاکمی مەدەنی عێراقەوە ( پۆڵ بریمەر ) وە یاسەیەك ئیمزاکرا و تیایدا وادەی گەڕانەوەی سیادەوسەروەری بۆ عێراق دیاری کرا و ئەوەبوو پێش ئەو وادەیەش بە دوو رۆژ واتە لە 28/6/ 2004 دا بەحەساب سەروەری بۆ عێراق گێڕدرایەوە و بریمەریش دوای یەك کاتژمێر عێراقی بەجێهێشت و لەجیاتی ئەو( جۆن نیگرۆ پۆنتی ) سەفیری ئەمریکی جێگەی گرتەوە بەلام بەناوێکی ترەوە .. بەم شێوەیەش حکومەتێك و پەرلەمانێکی کاتی نەزۆك و بەعەمەلیەی قەیصری لەدایك بوون و بە شەلەلی ئیش وکارەکان دەبەن بەرێوە و بوونەتە رووکاری دەرەوەی ئیش و کارەکان و سەربازەکانی ئەمریکا , ئەگینا لەڕاستیدا سەربازەکان و سەفیری ئەمریکا بڕیاردەرو هەڵسوڕێنەری کارەکانن و تەوجیهیش لە کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە وەردەگرن .. ئەگینا چۆن دەوڵەتێکی گەورەی 27 ملیۆنی و ئالۆز و لێك هەڵوەشاو و ئالودە بە تیرۆر و

تەقاندنەوە و بێ یاسایی و كوشت كوشتار و ئاژەوە و بێ سەرو بەری و ...هتدی وەك عێراقی فرە نەتەوە و ئاین و مەزهەب بەم شێوە خەم ساردیە دەبرێت بەڕێوە لەلایەن سەركردەو لێپرسراوە عێراقیەكانەوە , بەشێوەیەك لەیەك كاتدا و هەموو لێپرسراوە گرنگ و بالاَدەستەكانی عێراقی لە سەفەر و گەڕانی دەرەوەی ولاَتن و ولاَتیان بەجێهێشتوە بۆ سەربازە ئەمریكیەكان و سەفیر پۆنتی .. ئەوەتا سەرۆك كۆمار ( غازی یاوەر ) لە سەردانی ئەمریكایە و ئیبراهیم جەعفەری جێگری لە سەفەرێكی ئێران و توركیا و سعودی و كوێت و ...هتد و جێگرەكەی تریشی ( د. ڕۆژ نوری شاوەیس ) لەكوردوستانە و سەرۆك وەزیران ( د. ئەیاد علاوی ) لەسەردانی ئوردون و ئەڵمانیا و ڕوسیایە و د. بەرهەم صڵح جێگری سەرۆك وەزیران لە لەندەن و وەزیری بەرگری حازم شەعلان لە ئیتالیا و وەزیری ناوخۆش ( فلاح النقیب ) لە كۆنگرەی وەزیرانی ناوخۆیە لە ئێران و وەزیری مافی مرۆڤیش ( بەختیار ئەمین ) لە ئەڵمانیا و دەبێت چەند وەزیری تریش لە دەرەوەی ولاَت بن .. جا حكومەتێك بەبێ بون و ئامادەبوونی ئەم دەسەلاَتە گەورانە بڕواتە ڕێوە مانای وایە كە ( ئاشی نەزانە و خودا دەیگێڕێت ) یان ئەوەتا كە دڵنیان كە كە ئینقلابی عەسكەری ناكرێت و ولاَت ئارامە و



www.dengekan.com



گورگ و مەڕ لەگەڵ یەكدا ئاودەخواتەوە و ولاَت شامی شەریفە و یان ئەوەتا پشتیان تێكردوە و هەر خەریكی سەفەرو گەڕانن و پارەو پول كۆدەكەنەوە و هەڵپەی خۆ دەوڵەمەندكردنیانە و دەیانەوێت تا دەستور و هەڵبژاردن دەكرێت و یاسا سەروەر دەبێت دەستی خۆیان بوەشێنن و لەولاشەوە بەدڵ پێیان خۆشە كە بارودۆخەكە هەروا بمێنێتەوە و سەربازەكانی ئەمریكاش نەك نەگەڕێنەوە بەڵكو داوای زیادكردنیشیان كردوە و ئەوەتا لە 130 هەزار سەربازەوە ئەمریكا هێزەكانی زیاد كرد بۆ 150 هەزار سەرباز چونكە دەزانن بەبێ بونی ئەوان حكومەت و دەوڵەتیان بۆ نابرێت بەڕێوە .. بۆیە ئاوها بەناوی سیادەی عێراقیەوە جارێكی ترو لەژێر پەردەی یاساو بڕیاری عێراقیەكان خۆیاندا سەروەی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقیان داوەتەوە دەست ئەمریكا و پشتێنیان لێ كردۆتەوە و ڕێگەش بەكەس نادەن چیتر بلێت كە ئەمریكا داگیركەرە و عێراق خاوەن سیادە و سەروەری خۆی نیە .......

---

*ئەم ووتارە چانسی بلاَوكردنەوەی نەبووە.

له پەراوێزی چاوپێکەوتنی بەڕێز مام جەلال لەگەڵ ڕۆژنامەی واشتۆن پۆستدا........

## بەڵێ ڕاکەی مام جەلال
## لەبەرژەوەندی هەموو عێراقیەکاندایە.....*

- لەبەرواری 2006/9/25دا بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ڕۆژنامەی بەناوبانگی واشنتۆن پۆستی ئەمریکیدا ئەنجام دابوو , وەلەوەلامی پرسیارێکدا وەك ڕای تایبەتی ووتبوی (( کە بەلامانەوە باشە کە هێز و بنکەی ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕەمزی و تەنها 10 هەزار سەرباز و دووبنکەی ئاسمانی بمێنێتەوە لە سەر خاکی عێراق نەك هێزێکی گەورەی وەك ئێستا پێك هاتوو له 100 هەزار سەرباز)) ..
- ئەم ڕایەی سەرۆك کۆمار لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتوە کە عێراق لەم قۆناغەی ئێستادا کە خاوەنی سوپایەکی بەهێز و مۆدێرن نیە چ لەڕووی ژمارە وە و چ لەڕووی چەك و تەقەمەنی و مەشق و ڕاهێنانەوە و هەروەها خاوەنی هێزی دەریایی و ئاسمانیش نیە.کە هەموو وولاتێك پێویستی بە سوپاو هێزێکی پڕمەشق و پڕ چەك و تەقەمەنی و



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

تەکنەلۆژیای سەربازی نوێ هەیە بۆ پارێزگاری لە سنورەکانی وولات , بەتایبەتیش وولاتێکی وەك عێراق کە پێگەیەکی جوگرافی و مێژوویی لەناوچەکەدا هەیە و پێویستی زۆری هەیە بە سوپاو هێزێکی گەورە و مۆدێرن.

بەتایبەتیش لەم قۆناغەی ئێستادا کە عێراقی نوێ لەسەر ڕێڕەوی دروستکردنەوە و دامەزراندنەوەیە لەهەموو بوارەکاندا و مەترسی و هەڕەشەی گەورەشی لەسەرە لەلایەن تیرۆریستان و کۆنە بەعسیەکانەوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە مەترسی دەست تێوەردان و هاتنە ناوەوەی سوپای وولاتانی ناوچەکەشی لەسەرە هەریەکە بەبیانویەکەوە . بۆیە بون و مانەوەی سوپاو بنکەی ئەمریکا ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەمزیش بێت کارێکی زۆر هەنوکەیی و پێویستە لانی کەم لەم قۆناغەدا ئەم ڕاستیەش هەموو کوتلە سیاسیەکان بەشیعە و سونە و کوردو ئەوانی تریشەوە لەسەری ڕێکەوتون بەومەرجەی کە خشتەیەك بۆ پاشەکشەو دەرچونی سوپای ئەمریکا دابنێرت و زەرورەتی مانەوەشیان لەبەرچاوگرتوە تائەوکاتەی هێز و سوپای عێراق بەتەواوەتی دەتوانێت ئەرکی پارێزگاری سنورو ئاسایشی ناوخۆ بپارێزێت .

بۆیەش ڕاو بۆچونەکەی بەڕێز مام جەلالیش لەو چوار چێوەیە دەرناچێت و هێندەی بەڕێزیشیان بەتەنگ یەك و یەکگرتووی خاك

www.dengekan.com

و گەلانی عێراقەوە دێت نە سونەکان و نە شیعەکانیش بەتەنگ ئەو مەسەلەیەوە نایەن چونکە ئەوان تەنها لەبەرژەوەندی تەسکی مەزهەبی خۆیانەوە دەڕواننە مەسەلەکە نەك وەك کورد و بەڕێز مام جەلال کە وازیان لەبەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆیان هێناوە و پەرۆشی پاراستنی یەکگرتویی گەل و خاکی عێراقن و ڕێگری سەرەکین لەبەردەم هەلآیسانی شەڕی تایەفی و مەزهەبی سونە و شیعەکان.

لەئێستاداو دوای گوتەکەی سەرۆك کۆمار هەندێ لەتوندڕەوە سونە و شیعەکان کەوتونەتە ڕەخنەگرتن لە سەرۆك کۆمار و گوتەکەی و بەپیلانێکی تری دادەنێن بۆ دابەشکردنی عێراق و دەڵێن سەرۆك کۆمار دەسەلآتی ئەو مەسەلەیەی نیە . ئەوان ئەوەیان بیرچوە کە بەڕێزمام جەلال نوێنەری هەموو گەلانی عێراقە بەبێ جیاوازی و هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی هەموو کوتلە سیاسیەکانیشە وهەموو کارو کردەواکانیشی لەچوارچێوەی یاساو دەستور دەرناچێت و مولتزیمیشە پێیانەوە لەبەرئەوەی بۆخۆشی کەسێکی یاساییەو ئەو ڕایەشی وەك ڕایەکی تایبەت دەربڕیوە نەك وەك بڕیارو ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی.

➢ دڵنیاشم کە لەئایندەدا هەروەك چۆن ڕاوبۆچونەکان و پێشبینیەکانی بەڕێز مام جەلال لەمەڕ زۆرێك لەمەسەلە گرنگ و هەستیارەکان ڕاست و ڕەوان دەرچوون , ئەم بۆچونەشی هەروا



www.dengekan.com



دەبێت چونکە بەڕێزیان لەشارەزاییان و دووربینی و ژیریانەوە مەسەلەکەی هەڵسەنگاندوە نەك وەك ئەو کەسە توندڕەوانەی کەتەنها بەر پێی خۆیان دەبینن و لەبەرژەوەندی تەسکی مەزهەبیانەوە دەڕواننە مەسەلەکە ,ئەوان ئەو ڕاستیە مێژوییانەیان لەبیرچۆتەوە کە هەریەکە لەئێران و تورکیا تەماعیان لە خاکی عێراقدا هەیە و بەبیانوی پاراستنی شیعە لەلایەن ئێرانەوە و تەماعی تورکیاش لەویلایەتی موصڵ و بەتایبەتیش شاری کەرکوك و پاراستنی تورکومان و ئەوان ئێستا خۆیان ئامادەکردوە بۆ هاتنە ناوە وە و دەستێوەردان لەکاروباری عێراقدا جا کاتێك عێراق نەسوپاکەی توانای بەرگری کردنی هەیە و نە پشتیوانیەکیشی هەیە ئیدی چۆن دەتوانێت بەرەنگاری ئەوان ببێتەوە , بۆیە جارێکی تریش مانەوەی بنکە و هێزێکی ڕەمزی ئەمریکا کارێکی زۆر پێویستە.لەبەردەم ئەو هەڕەشانەدا.

➢ ئاشکراشە تەنها عێراق نیە کە سوپاو بنکەی هێزی ئەمریکی تیادابێت ئەوەتا چەندان وولآتی بەهێزی وەك ئەڵمانیاو ژاپۆن و تورکیاو سعودیە و وولآتانی کەنداو و ...هتد سوپاو بنکەی ئەمریکایان تیادایە و گەلێك قازانجیشیان کردوە نەك زەرەر.ئیدی بۆچی مانەوەی ئەو

هێزانـه لـه عێراقـدا نـەنگی و شـورەیی بێـت و بـەداگیرکردن حساب بكرێت و بۆ ئەو وولاّتانەش كارێكی ئاسایی بێت.

لەكۆتایدا دەڵێین كه عێراقی نویٚ كۆمارێكی دیموكرات و فیدڕالٚ و هەرێمـەكان دەبێـت بـەپێی دەسـتووری هەمیـشەیی و لەوكاتەشـدا سـونەكان لاوازتـرین هـەرێم دەبـن لەبەرامبـەر هـەردوو هـەرێمی شیعەكان و كوردەكاندا لەباشور و باكوری وولاّتدا و ئەوكاتـه دان بـەو ڕاسـتیەدا دەنـێن و داوادەكـەن كـه سـوپاو بنكـەی ئـەمریكا بمێنێتـەوه بـۆ پارێزگاریـان . نـەك وەك ئێـستا لەلایـەن كـەمێكی شـیعه و سـونه تونڕەوكانـەوه ئـەو بۆچـونه بەهەڵـه دەزانـن و داوادەكـەن بـەزوترین كـات هێـزی ئـەمریكا عێـراق بـەجێبهێڵێت چـونكه ئـەوان دەیانـەوێت عێراقـی نـوێی دوای ڕزگـاركردن و نەمانی هێزی ئەمریكا بكەنه گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆو تایـەفی و مەزهەبی سونەو شیعه توندڕەوكان ....ئەو كاتەش هەموو گەلانی عێراق زەرەرمەند دەبێت و لەو ساتەشدا ڕاست و دروستی بۆچون و ڕاكەی بەڕێز مام جەلال وەك نەخشی سەر بەرد دەردەچێت و دان بەو ڕاستەیەدا دەنێن كەئەو بۆچوونه لەبەرژەوەندی هـەموو گەلانی عێرقدایه.........

---



www.dengekan.com



* ئـەم ووتـاره لـه ڕۆژنامـەی كوردوسـتانی نـوێی ژمـاره 4093 لـه 2006/10/8دا بلاّوكراوەتەوه

# بەشی چوارەم

## ئایا تورکیا چی
## لە پەکەکە و کورد دەوێت ؟*

- تورکیــای ئــەتاتورك لەوكاتــەوەی لــە ســاڵی 1923وە دامـەزراوە لەسـەر داروپـەردووی داڕوخـاوی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی كە نزیكەی 500ساڵ لەهەریەكە لە كیشوەرەكانی ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیادا حوكم و دەسـەلاَتی بەدەسـتەوە





بـوو بـەناوی خەلافـەتی ئیـسلامیەوە , ئـەم كۆمـارە نوێیـەی ئـەتاتورك لەسـەر چـەند بنەمایـەكی شـۆڤێنی و پـان تـوركیزم دامــەزراوە لەوانــەش بیربــاوەڕی عیلمــانی دوور لــەئاین و مەزهــەب و نەتــەوە و هــەروەها دان نــەنان بــە بــوونی هــیچ نەتەوەیەكی تردا لەسەر خاكی توركیا جگە لە نەتەوەی تورك و ڕێگــە نــەدان بــە بــەكارهێنانی زمــانی زگمـاكی خۆیــان لــە خوێندن و نوسین و مامەڵەی حكومەتدا جگە لەزمانی توركی و گەلێك بنەمای ڕەگەزپەرستی تریش.

- جا ئەم بنەمایانەش كە ئەتاتورك دایڕشتوە بۆتە بەرنامەی كــاری هــەموو حكومەتــەكانی دوا خــۆی بــە عیلمــانی و ئیسلامیەوە و هیچ كامێكیان جورئەت ناكەن جێبەجێی نەكەن چونكە بەهۆی بوونی دەزگایەكی سەربازی بەهێزە وە كە لە پـشت پـەردەوە حـوكمی توركیـا دەكـات و وەك پـارێزەرێكی بەرنامە و بنەماكانی ئەتاتورك وایە و ڕێگە بەهیچ دەسەلاَتێك نادەن لەو بنەمایانە لابدەن.
- ئـەم بنەمایانـەش بۆخـۆی كۆمـەڵ گـەلێك بنـەمای دوور لـە مرۆڤایـەتین و شـۆڤێنی و پێـشێلكەری مافـەكانی مـرۆڤن لـە نەتەوە كەمینەكانی ناو توركیا لـە كوردو ئەرمـەن و ئازەری و عـەرەب و ...هتـد.كـە لـەتوركیادا لـەدێر زەمانـەوە دەژیـن و

www.dengekan.com

خاوەن مێژوو جوگرافیاو کەلتور و داب و نەریتی تایبەتی خۆیانن.

- نەتەوەی کورد لەسەر خاك و نیشتیمانی خۆی دەژێت لەو بەشەی کوردوستاندا و هەمیشەش کەمینەیەکی مەترسیدار بوە بۆ دەسەلاَتەکانی ئەستانبولٚ و ئەنکەرە و هەتا بۆشیان کرابێت کوردیان وەك داردەستێکی خۆیان بەکارهێناوە لەبەرژەوەندی سیاسەتەکانیاندا و کاتێکیش پێویستیان پێیان نەمابێت ئەوا کەوتونەتە کوشتن و بڕین و ڕاوەدونان و کاولکردنی گوندو شارە کوردیەکان و پڕۆسەی سەربازی و جینۆسایدی کوردیان پەیڕەوکردوە و سیاسەتی بەتورککردن و ڕاگواستن و سوتماك کردنی خاك و گەلی کوردیان جێبەجێکردوە و هەولٚی سڕینەوەی مێژوو و جوگرافیاو کەلتوری ڕەسەنی کوردیان داوە بەهەموو شێوازێك هەروەك چۆن ڕژێمەکانی سوریاو بەعسی صدامی و ئێرانیەکانیش جێبیەجێی دەکەن .
- بەلاَم کوردیش دلێرانە دژی هەموو ئەو سیاسەتە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستانەی تورکەکان وەساوەتەوە و دەیان شۆڕش و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی سیاسیی و چەکداریان ئەنجام داوە هەر لە شۆڕشەکانی بەدرخانیەکان و شێخەکانی عوبەیدولاَو شەمزیانان و پیران و دوابنیشیان لەسەدەی بیستدا شۆڕشی





سیاسی و چەکداری پەکەکە بوە کە بەهێز و توانایەکی پتەوەوە و خاوەن جەماورێکی فراوان نەك تەنها لە کوردوستانی تورکیادا بەلٚکو لەهەر چوار بەشەکەی تری کوردوستانیشدا و لەئەوروپاشدا خاوەن چەندان ملیۆن لایەنگرو دۆستە لەکوردو بیانیان و شۆرشێکی سیاسی و گەریلایی بەرپاکردوە و بۆتە سەرەنێزەی خەباتی کوردایەتی لەو بەشەی کوردوستاندا و بەبیروباوەڕێکی پتەوی چەپی مارکسی لینینیەوە دەستی پێکرد,لە بەرامبەر سوپایەکی گەورەو مۆدێرنی تورکیای پڕ مەشقی سەربازی و تەکنەلەۆرژیای پێشکەوتووی سەربازی ناتۆ وەستاوەتەوە و بۆماوەی 22 سالٚە شەڕێکی نابەرابەری بەرپا کردوە و توانیویەتی ببێتە هێزێکی گەورەی ناوچەیی و حساباتی بۆ دەکرێت لەهاوکێشە سیاسیەکاندا..

- بەلاَم پەکەکە بەهۆی زیادەڕەوی لە توندڕەویدا لەبیروباوەڕ و بەرنامەی و چالاکیەکانیدا کەوتە هەندێ هەلٚەی سیاسی و سەربازیەوە وەك ئەوەی کە هێزێکی توندڕەو وخاوەن سەرکردەیەکی دیکتاتۆر و تاك ڕەو خۆسەپێن بوو کە ئاپۆ وەك ستالین و سەرکردە شیوعیەکانی سەردەمی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیست وەك ڕابەری بێ وێنە و حیزبی پێشڕەو هەلٚسوکەوتی دەکرد کە ئەمەش لە گەلٚ

www.dengekan.com

سەردەمی عەولەمە و کرانەوە و هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی و گۆڕانکاریەکانی جیهاندا نەدەگونجا و بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە گەمارۆیەکی سیاسی و سەربازی درا لەلایەن تورکیاو وولاّتانی ناوچەکە و ئەمریکاو موخابەراتی نێودەوڵەتیە و ئەوەبوو توانیان لەساڵی 1999/2 داعەبولاّ ئۆچەئالان(ئاپۆ) سەرکردەی پەکەکە دەستگیر بکەن لە کینیا لە ئەفریقادا و بە چاوبەسراوی و قۆڵ بەسراویەوە و بە بێ هۆشی بە فڕۆکەیەك بیگەیەننەوە تورکیاو لەدادگایەکی کارتۆنیدا حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاندو بەلاّم لەژێر فشارە دەرەکیەکاندا جێبەجێیان نەکردو ئەوەتا ماوەی 7 ساڵە بەتەنها لە دورگەی ئیمرالّی بەندە, بەم کارە پەکەکە گورزێکی کوشندەی بەرکەوت و لەدوای ئەوە پەکەکە کۆمەڵێك نەرمی و پاشەکشەی نواند لە بەرنامە و گوتار و دروشمەکانیدا و جیابونەوەی باڵەکان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە ی بەناڕاستەوخۆ لێکەوتەوە و زۆرێك لەدروشم و گوتارەکانیان خاوبونەوە و ساردبونەوەی پێوەدیاربوو . لەئێستاشدا و لەدوای دەرکردنیان لە سوریا لەدەشتی بیقاع و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق و گەمارۆدانی تورکیاو ئێرانیش تەنها شاخەسەرکەشەکانی کوردوستان لەناوچەی





قەندیل پێگە و جێگەی حەوانەوەیانە و تورکیاش ڕۆژ ڕۆژ فشار و گەمارۆی زیاتریان بۆ دەهێنێت بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای ئێرانیدا و بەفڕۆکە و تۆپ هێرشیان دەکاتە سەر و هێزێکی سوپای گەورەشی لەسەر سنورەکان کۆکردۆتەوە .

➢ لێرەدا پرسیار ئەوەیە تورکیا چی لە پەکەکە بەتایبەتی و کوردیش بەگشتی دەوێت ؟؟؟

ئاشکرایە پەکەکە لەدوای دەستگیرکردنی ئاپۆی سەرکردەوە و بەمیانەی کورد خۆی و بەتایبەتیش مام جەلال بۆ ناوبژیوانی و شەڕ ڕاگرتن و ئاگربڕ تائێستا 4 جار پەکەکە یەك لایەنە شەڕی ڕاگرتوە وەك نیەت پاکیەك و هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێ و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا بەڕێگاچارەی ئاشتی و سیاسی بەلاّم تورکەکان تائێستا وەلاّمێکی ڕاست و ڕەوان و ئاشکرایان نەداوەتەوە و بەڵکو پشتگوێشیان خستوە و تورکیا ڕازی نیە کە تەنها لێبوردنێکی گشتیش بۆ گەریلاکانی پەکەکە دەربکات و بگەڕێنەوە ناو تورکیاو وەك هاولاّتیەك بژین و ئەو تەنها بە خۆ تەسلیم کردنیان بەبێ مەرج ڕازیە بۆ ئەوەی دواتر و بەبیانوی جیاوازەوە و لەداداگایەکی کارتۆنیدا هەموانیان بەند و مەحکوم بکات ..و لەهەوڵەکانیشیدا بۆ بچوککردنەوە و ناشیرینکردنی مقاوەمەتی شەرعی پەکەکە بەردەوامە و لەڕێگەی پەیوەندیەکانیەوە و دوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەرەوە توانی

پەكەكە بخاتە لیستی ڕەشی ڕێكخراوە تیرۆریسیتیەكانەوە لەلایەن ئەمریكاو ئەوروپاوە و بەمەش زیانێكی تری گەورە بەر پەكەكە كەوت كە لەئێستادا لایەنگرانی پەكەكەی لە ئەوروپا داوایەكیان پێشكەش بە داداگای بالأی یەكێتی ئەوروپا كردوە كە ئەو تۆمەتە لەسەر پەكەكە هەڵبگرن و چاوەڕوانیش دەكرێت كە بڕیاری دادگاكە بەقازانجی پەكەكە تەواوببێت .

بەرامبەر مەسەلەی كوردیش بچوكترین سازش ناكات و لەهەر جێگەیەك لێپرسراوێكی كورد یان ڕێكخراوێكی مەدەنی گوتەیەك یان هەڵوێستێك دژی توركیا بنوێنێت بەتوندترین شێواز وەلأمی دەداتەوە ئەوەتا لەسەر ئیمزاكردنی 56 سەرۆك شارەوانی كورد لەتوركیا بۆ بەردەوام بوونی كەناڵی ڕۆژی سەتەلایت لە دانیمارك حكومەتی توركیا هەر 56 سەرۆك شارەوانیەكەی داوەتە داداگا , توركیا لەلایەك ئاوها توندە لەبەرامبەر كوردو پەكەكەدا و لەلایەكی تریشەوە بۆ خۆڵكردنە چاوی یەكێتی ئەوروپا هەندێ ڕیفۆرمی سادە و ساكارو بچوكی ئەنجام داوە وەك كردنەوەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەزمانی كوردی و ڕێگەدان بەخوێندنی كوردی و بەكارهێنانی بەئاشكرا و ئەمەشی تەنها بۆ جوانكردنی سیماو ڕوخساری سیاسەتەكانێتی لەبەردەم ئەوروپادا بۆ وەرگرتنی لەو یەكێتیەدا .



www.dengekan.com



بەلأم هەر هەمان توركیاو دەسەلأتدارەكانێتی لەوەتەی ساڵی 1991 وە ڕاپەڕینی گەلی كورد لەباشوری كوردوستاندا ڕوویداوە و حكومەتی هەرێمی كوردوستان دامەزراوە ئیدی ئەو كەوتۆتە پیلان گێڕان بۆ لەناوبردن و بچوكردنەوەی ئەو دەسەلأتە كوردیە و بەناوی پاراستنی توركومان و خاوەنداریێتی مێژوویی ویلایەتی موصڵ و شاری كەركوكەوە دەست وەردەداتە كاروباری ناوخۆی هەرێم و عێراقیشەوە و جارجارەش هەڕەشەو گوڕەشەش دەكات . ئەوەتا لە 25/ 9/ 2006 دا بەڕێز مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراق لە ئەمریكا ووتبوی داوا لە توركیاو ئێران و سوریا دەكەین كە دەست وەرنەدەنە كاروباری ناوخۆی عێراقەوە , كەچی لەسەر زاری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە و ووتەبێژی فەرمی حكومەتی توركیا بەتوندترین شێواز وەلأم درایەوە دوور لەهەموو نەریتێكی دیپلۆماسی , لەگەڵ ئەوەی كە توركیاو دەسەلأتدارانی ئێستای خۆیان داوایان كردوە كە بەڕێز مام جەلال هەوڵ لەگەڵ پەكەكەدا بدات بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاگر بڕ وەك ئەوەی كە بەڕێز بەهرۆز گەلألی نوێنەری یەكێتی لە توركیا بە ڕۆژنامەنوسی توركی بەناوبانگ ( جەنگیز جانداری) ڕاگەیاندوە و ووتوشێتی ئەگەر ئەو هێرشە ڕاگەیاندنە لەتوركیا ڕانەگیرێت دژی بەڕێز مام جەلال ئەوا ئامادەم ناوی ئەو لێپرسراوانە ئاشكرا بكەم . بەم شێوەیە توركیا بۆ خۆی حەلألە كە دەست وەربداتە كاروباری

ناوخۆی وولاّتێکی تر و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆی داپلۆسێت بەلاّم حەرامە  بۆ کوردو پەکەکە کە بەرگری ڕەواو شەرعی لەمافی گەل و نەتەوەیەکی 40 ملیۆن کەسی بکەن لەسەر خاك و نیشتیمانی داگیر و دابەشکراویان .

➢ ڕژێمی تورکیا ئەوەی لەیاد چوە کە پرۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە ی ئەمریکا بەڕێوەیە کە لەئەنجامدا ڕۆژهەلاّتێکی ناوەڕاستی نوێی لێدەکەوێتەوە و ئەم جوگرافیاو سنورە دەسکردانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و تورکیاش بۆخۆی یەکێکە لە و وولاّتانەی دەکەوێتە ناو ئەو پرۆژەیەوەو ئەگەری گۆڕانی زۆر هەیە لەسنورو جوگرافیاکەیدا , تورکیاش بەهۆی بوونی کێشەی زۆری ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییەوە ناتوانێت تا سەر بەرگری لە خۆی و هەلوێستەکانی بکات و وەلاّمی ڕاست و دروستی نەتەوەی کورد نەداتەوە چونکە ئەو دەیەوێت بەهەر نرخێك بوە ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا ئەوانیش مەرجی سەرەکیان بوونی دیموکراسی و ئازادی و مافی کەمینەکانە و لەپێشەوەشیاندا مافی کوردە و کێشەی دورگەی قوبروسە کە تورکیاش بەئاسانی ئەم دوومەسەلەیەی پێ هەزم ناکرێت , بەلاّم بەناچاریش بێت دەبێت تورکیا بۆ خۆگونجاندن لەگەلّ ڕۆحی سەردەمەکەدا دان بەبوونی کوردا بنێت و ئەوکاتەش



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ...

کورد چۆن لە عێراقدا هاوکارو شەریکێکی بەهێزە لەو حوکومەتەدا ئاوهاش لەتورکیادا دەبێتە کارەکتەرێکی بەتواناو ئاکتیڤ بۆ خزمەتکردنی کۆماری تورکیای نوێی پۆست ئەتاتورك...

* ئەم ووتارە لە هەریکە لە سایتی ناوخۆ و ڕۆژنامەی هەوالّی ژمارە 201 لە 2006/10/7دا بلاّوکراوەتەوە .

## هەیمەنەی ئەمریکا
## بەرەو کوێ لە ئەمریکای لاتیندا !*

❖ ئاشکرایە کیشوەری ئەمریکای لاتینی یەکێکە لە کیشوەرە دوورە دەستەکانی دونیاو لەلێواری گۆی زەویدایە و خاوەن کەش و هەوایەکی فرەبارانی گەرمی ئیستیوائیە و دانیشتوانێکی هەژارو نەخوێندەواری قەرەباڵغی هەیە, هەرچەندە دەولّەمەندە بە نەوت و کانزا سروشتیەکانی تر و کشتوکالّ و دارستان و ...هتد.و دانیشتوانی ئەصلّی ئەم کیشوەرە بریتین لە هندیە سوورەکان .سنوری جوگرافی ئەم

كيشوەرە لە ئەمريكای ناوەڕاست و باشوور پێك دێت و 22 دەوڵەتی گەورەو بچووك لەخۆ دەگرێت .

دوای دۆزينەوەی ئەم كيشوەرە , لەلايەن هۆڵەنديەكان وپورتوگالی و ئيسپانيەكان و ئينگليزەكان و فەرەنسيەكانەوە داگيركراو بۆ دەيان سەدە خێرو بێری ئەم كيشوەرەيان بەتالاَن دەبرد و دانيشتوانەكەشيان وەك كۆيلە كڕين و فرۆشتنی پێوەدەكراو لەپرۆسەی داگيركردنی ئەم كيشوەرەدا بە هەزاران و مليۆنان لە دانيشتوانی ئەصڵی جينۆسايد و ئەنفال و دەربەدەركران و كرانە ژێر دەستە و ئەم كيشوەرە دابەشكرا بەسەر ئەو داگيركەرانەدا و بووە كۆلۆنياليەكی هەميشەيی بۆيان و لەئێستادا بەهۆی سەركەوتن و مانەوەی ئيسپانيەكان زۆربەی گەلانی ئەم كيشوەرە بەزمان و كەلتوری پورتوگالی و ئيسپانی دەدەوێن و ئاشنان .

بەلاَم دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەری بەلشەوی لەڕووسيا لەسالَی 1917 وە و بلاَوبونەوەی بيرباوەڕی ماركسی لينينی و چەپ لە دونيادا كە دروشميان يەكسانی و عەدالەت و نەبونی زوڵم و زۆری مرۆڤ بۆ مرۆڤ و ديكتاتۆريەتی پرۆليتارياو دەوڵەتی كرێكاری و دژايەتی كردنی سەرمايەداری و داگيركەران بوو .دانيشتوانی ئەم كيشوەرە كەوتنە خۆ بۆ پێكەوەنانی گروپ و ڕێكخراو و پارتی سياسی لەمۆدێلی حيزبی شيوعی سۆڤيەتی



كوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

بەنهێنی و بەئاشكرا بۆ دژايەتی كردنی داگيركەران و ڕزگاربوونيان لە زوڵم زۆرو چەوساندنەوە .

بەم شێوەيە بيروباوەڕی چەپ و شۆڕشگێڕی و خەبات بۆ سەربەخۆی و ئازادی و ڕزگاربوون پەرەی سەند و لەدوای جەنگی جيهانی دووەمەوە و لەماوەی جەنگی ساردی نێوان دووبلۆكی سەرمايەداری و سۆسياليستی كە دوو دوژمنی سەرسەختی يەكتری بوون و هەميشە لەهەوڵ و پيلاندا بوون بۆ شكستپێهێنانی يەكتری و دونيايان دابەشكردبوە سەر دووبلۆكی لايەنگرانی ڕۆژئاوای سەرمايەداری و ڕۆژهەلاَتی سۆسياليستی .

يەكێتی سۆڤيەتی جاران لەمێژ بوو گرنگی ستراتيژی ئەم كيشەوەرەی هەست پێكردبوو هەربۆيە هەر زوو كەوتە خۆ بۆ بنكەند كردنی دەسەلاَت و نفوزی ئەمريكا لەو كيشوەرەدا و ئەوەبوو لەسالَی 1959دا يەكەم سەركەوتنی بەدەست هێنا ئەويش بەسەركەوتنی شۆڕش لەكوبادا بە ڕابەرايەتی كاسترۆ و چیْ جيڤارای شۆڕشگێڕی بەناوبانگ و تائێستاش بۆ ماوەی 47 ساڵە بەردەوامە لەحوكم و دەسەلاَت دژی ئەمريكا و سەرمايەداری و سياسەتەكانی لە كيشوەری ئەمريكای لاتيندا .

ئيدی ئەم سەركەوتنەی شۆڕش و چەپەكان لە كوبادا بوە نموونە و سەرقافڵەی شۆڕشەكان لەو كيشوەرەدا بەتايبەتی و لە دونياشدا بەگشتی . ئەوەبوو شۆڕش لە نيكاراگوا و سلڤادۆر و

www.dengekan.com

كۆلۆمبیاو پۆلیڤیا و پیرۆ و چیلی و گەلێك وولاَتی تر دەستیان پێكرد و زۆربەیان سەركەوتنیان بەدەست هێنا و لەدەیەی حەفتاكانی سەدەی بیستدا زۆرترین دەسەلاَت لەو كیشوەرەدا بەلای چەپەكانەوە بوو سەرەڕای بوونی فشار و دەسەلاَت و پیلانی ئەمریكا بۆ لاوازكردن و ڕووخاندنیان ..

ئەم كیشەوەرە بەهۆی نزیكی لە ئەمریكاوە كەهەمیشە وەك باخچەی دواوەی ئەمریكا حساب دەكراو هەمیشە دەتوانرێت بەئاسانی خەنجەر لەكەمەری ئەمریكا بدرێت لەدواوەو ئەمریكاش بۆخۆی ئەم مەترسیەی دەزانی و بۆیەش هەمیشە لە پیلان گێڕان و دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لەو كیشوەرەدا نەوەستاوە و هەمیشە لەسەر خەت بووە .. ئەوەبوو ئەمریكا بەهێزێكی گەورەی ئابوری و سەربازی و داراییەوە كە تەكنەلۆژیایەكی پێشكەوتوو گەشەكردووی هەبوو توانی لە وولاَتی چیلیدا كودەتایەكی سەربازی خوێناوی بەڕابەرایەتی جەنەڕاڵ بینۆشێ ئەنجام بدات و سەرۆك كۆماری چەپ (( سلڤادۆر دالی )) خەڵتانی خوێن بكات و ئیدی ئەمریكا پێگەیەكی بەهێزی لەم كیشوەرەدا دروست كرد و لێرەوە ولەڕێگەی كۆمپانیا گەورە فرەتەنەتەوەیە ئابوریەكان و دەزگا سیخوڕیەكان و ..هتدەوە كەوتە دەستێوەردان و دروستكردنی شۆڕشی چەواشە و میلیشیای سەربازی دژ بە دەسەلاَت و شۆڕشە چەكداریە چەپەكانی ئەم كیشەوەرە . ئەوەبوو





لەولاَتی پۆلیڤیادا بە كوشتنی جیڤارای شۆڕشگێڕ كۆتایی بەشۆڕش لەو وولاَتەدا هێناو لەچیلی لەساڵی 1973دا بەكوشتنی سلڤادۆر دالی پارتی چەپی دەسەلاَتداری ڕووخاند و لە سلڤادۆر شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساند لەڕێگەی شۆڕشی چەواشەوە و لەهەموو ئەو وولاَتانەی كە بیروڕای چەپ باوی بوو توانی تاڕادەیەكی گەورە شكستیان پێبهێنێت و لە قاڵبیان بدات و بچوكیان بكاتەوە , بەم شێوەیە ئەوەی لە سەرەتای پەنجاكان و شەستەكان و حەفتاكاندا توانرا بەدەست بێت لە نیوەی دووەمی حەفتاكانەوە بەرەبەرە بەرەو لەناوچوون و ڕووخاندن بوە و ئەم بارودۆخە تا سەرەتای سەدەی بیست یەك بەردەوام بوو , دەیەی نەوەتەكانی سەدەی بیست خراپترین قۆناغ بوو بۆ ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی لەدونیادا بەگشتی و لەم كیشوەرەدا بەتایبەتی چونكە یەكێتی سۆڤیەتی جاران هەڵوەشایەوە و بلۆكی سۆسیالیستی هەرەسی هێنا و ئەمریكا بوە تاكە ڕابەری دونیا و سیستەمی نوێی دونیای سەپاندبەسەر هەمواندا و بەم شێوەیە كوشندەترین لێدان بەر بیروڕاو ئایدیای ماركسی لینینی و چەپ كەوت لەدونیادا و گەلێك گۆڕانكاری هات بەسەر دروشم و بەرنامە و پەیڕەوەی ناوخۆی حیزبە چەپ و ماركسیەكاندا بۆ خۆگونجاندن و بەردەوام بونیان لەمانەوەدا و كەوتنە خۆ بۆ جوانكردنی سیما و ڕووخساریان و لەوەشدا هەندێكیان

سەرکەوتن و زۆریشیان بەر لافاوی گۆڕانکاری و دیموکراسی کەوتن و لەلایەن گەلەکانیانەوە بەرەو زبڵدانی مێژوو تورِ هەڵدران.

❖ لەئێستاشدا و لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا و لەئەنجامی خۆبەزل زانین و چاوسوورکردنەوە و بەکار هێنانی هێز و هەیمەنە و خۆسەپاندن و داگیرکردنی ئەمریکاوە و تاك ڕەو بوونی لە بڕیارو ڕابەرایەتی کردنی دونیاوە , ئەمریکا بۆتە جێگەی دژایەتی کردن و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی و جێبەجێنەکردنی بڕیار و فەرمانەکانی لەلایەن ژمارەیەك دەوڵەت و پارتی دەسەلاتدار لەو وولاتانەدا و ڕازی نین بەهەیمەنە و چاوسوورکردنەوەی ئەمریکا و لەپێش هەموانیشەوە وولاتانی کیشەوەری ئەمریکای لاتینین .

➢ ئەوەتا لەسەرەتای ساڵی 2000 وە هۆگۆ شافێز لە فەنزەوێلا دژایەتی ئەمریکا دەکات و لەبەڕازیل سەرۆك کۆمارێکی کرێکاری و چەپ دێتە سەر حوکم و لە چیلیدا بۆیەکەم جار ژنێکی چەپ دێتە سەر حوکم و لەپیرۆ بەهەمان شێوە و لە پۆلیڤیا بۆ یەکەم جارە کە هندیەکی سووری ئەصڵی کیشەوەرەکە دەبێتە سەرۆك کۆمار (( ئیڤۆ مۆرالین )) و لەدەیان وولاتی تری کیشەوەرەکەدا مەدێکی چەپ بەڕێوەیە و ئەمە و سەرەڕای بەردەوامبوون و مانەوە و خۆڕاگری





کاسترۆی کوبا کە بەقەڵای شیوعیەت ناو دەبرێت لەو کیشەوەرەدا بەڕووی ئەمریکای سەرمایەداریدا . و بەهەمان شێوەش وولاتانی کیشەوەرەکە کەوتونەتە خۆ بۆ کۆتایهێنان بە چەندین ساڵەی هەیمەنە و داگیرکردن و بەتالانبردنی خێر و بێری وولاتەکانیان و بەژێردەستە کردنی گەلانیان و نەهێشتنی بێکاری و نەخوێندەواری و هەژاری لەکیشوەرەکەیاندا .. بۆیە ئەم هاوکاری و هەمئاهەنگیەی کە لەنێوان ئەم وولاتانەدا دروست بوە بەزەنگێکی ئاگادارکەرەوە دادەنرێت بۆ ئەمریکا کە چیدی بەردەوام نەبێت لەسەر خۆسەپاندن و چاوسوورکردنەوە و داگیر و بەتالانبردنی سەروەت و سامانی ئەو وولاتانە و گەمارۆی ئابوریان.. چونکە ئەو وولاتانە زۆربەیان دەوڵەمەندن بەنەوت و کانزا سروشتیەکانی ترو کەوتونەتە خۆ بۆ پەیوەندی کردن بە هەموو ئەو وولاتانەی ترەوە لەدونیادا کەدژی ئەمریکاو دەسەلاتەکەین وەك ئێران و سوریا و کۆریای باکور و چین و ڕوسیا و کوبا و وولاتانی ئەفریقیا و عەرەبەکان و ئیسلامیەکان کە ئەمانەش خاوەنی سەرمایە و دارایی و نەوت و ...هتد

www.dengekan.com

سەرەڕای ئەمانەش ئەمریكا لە ئێستادا لەناو ئەوروپاشدا دژایەتی بۆ پەیدا بوە و وەكو جاران هاوپەیمانی و پەیوەندی توند و تۆڵیان نەماوە وگوێڕایەڵی كوێرانەی ئەمریكا ناكەن .

- ❖ ئەمریكا لەدوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەری 2001 وە تووشی جۆرە تێكچونێك بوە لە بڕیار و هەڵوێست و گوتاری سیاسیدا و تەكتیك و ستراتیژی تێكچوە و لەدونیای ئێستای دابەشبووی بەسەر دوو سەنگەری تیرۆر و دژە تیرۆردا هێندەی تر دوژمن بۆ ئەمریكا پەیدا بوە بەتایبەتیش لەناو وولاتە عەرەبی و ئیسلامیەكاندا . بەهۆی داگیركردنی ئەفغانستان و عێراقەوە و كێشەی ئەتۆمی ئێران و سوریا و لوبنان و فەلەستینیەكان و كێشەی لەگەڵ ڕوسیا و چین و كۆریای باكور و وولاتانی تری ئەفریقیا و ...هتد بەم شێوەیە ئەمریكا گێژاوێكی دروستكردوە كە داهاتووی ڕۆشن نیە و هیچ كەس و لایەنێكیش ناتوانێت زەمانی سەركەوتن و یەكلاكردنەوەی بۆ بەرژەوەندی ئەمریكا بكات .

- ➢ بۆیە سالآنی داهاتوو گەر دووریش بێت و ئەمریكا بەردەوام بێت لەسەر ملهوڕی و هێز بەكارهێنان لە دونیادا ئەوا بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی و بەردەوام بوونی هێز و دەسەلاتی ئەمریكا نابێت . بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانكاریە گەورانەی كە لە بەلآنسی هێز و هاوپەیمانیەكاندا هاتووە لە



www.dengekan.com



دونیادا و سەرهەڵدانی دەیان بزوتنەوەی ئیسلامی و ماركسی و توندڕەو كە هەموویان پێكەوە هەڕەشە دروست دەكەن لەسەر بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا ..

---

* ئەم ووتارە لەهەریەكە لە سایتی ئینتەرنێتی كوردوستان پۆست و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 178 لە 2006/4/29دا بلأوكراوەتەو

## كێشەی قیبتیەكان لەمیسردا بەرەو كویٚ ؟*

- ❖ ئاشكرایە وولاتی میسر لەدوای وولاتی دۆڵی ڕافیدەینی كۆن و عێراقی ئێستا بەدووەم لانكەی لەدایك بوونی كۆنترین شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەنرێت و ئیدی لەوكاتەوە تاكو ئێستا ڕۆڵی گەورەو گرنگی گێڕاوە لەناوچەكەدا.هەڵكەوتەی جوگرافیای میسر هێندەی دی گرنگی و كاریگەریەكەی زیادكردووە بەوەی كە كەوتۆتە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە و لەوێشدا بۆتە چەق و جەرگەی وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی و خالی بەیەكگەیشتنی هەردوو كیشەوەری ئەفریقاو ئاسیا و دەروازەیەكی گرنگیشە بۆ دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور و بەمەش لەوكاتەوەی كە كەنالی سوێس هەڵكەنراوە میسر بۆتە

خاڵی پەڕینەوە لەئەوروپاو ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیك .

➢ ئەم خاڵە پۆزەتیڤانە وایان لە میسر كردوە كە هەمیشە ڕۆڵی ڕابەرایەتی و كاریگەر بگێڕێت لەدونیای عەرەب و ئیسلامیدا و بەتایبەتیش كێشەی فەلەستین _ئیسرائیل.بەڵام هەموو ئەم خاڵە پۆزەتیڤانە وایان نەكردوە كە میسر وولاتێكی بێ كێشە بێت , بەڵكو میسر لەلایەكەوە بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانیەوە كە لە ئێستادا لە 70 ملیۆن كەس تێپەڕیكردوە بۆتە هۆی هەژاری وبلاوبونەوەی بێ كاری و كەمی داهات و دەرامەتی تاك ولەلایەكی تریشەوە بەهۆی نەبونی زۆری سەرچاوەی كانزا سروشتی و نەوتێكی زۆریش لەو وولاتەدا وای كردوە كە میسر نەتوانێت هەنگاوی گەورە بنێت بەرەو پێشكەوتن و دەوڵەمەندبوون. ئەمە سەرەڕای كێشە سنووریەكانی لەگەڵ سودان لەناوچەی ( حەلایب ) و بونی كێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا تا ساڵی 1978 كە ڕێكەوتنامەی ئاشتی لەگەڵدا ئیمزاكرد كێشەی زۆری لەگەڵ جولەكەكاندا هەبوە و چەندین جار شەڕی قورس لەنێوانیادا ڕوویداوە لەساڵەكانی 1948 و 1967 و 1973 دا.

➢ سەرەڕای ئەم كێشە دەرەكیانەی كێشەی ناوخۆیشی زۆرە لەوانە :-نەبوونی سیستەمێكی دیموكراسی كەوای كردوە



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

لەسەرەتای شۆڕشی ساڵی 1952 ی ئەفسەرە ئازادیخوازەكانەوە بەڕابەرایەتی جمال عبدولناصر و تائێستاتەنها یەك حیزب لەدەسەڵاتدا بوە بۆماوەی 54ساڵ و لەدوای تیرۆركردنی ئەنوەر ساداتیشەوە لەساڵی 1981وە ئەو وولاتە لەسایەی یاسای تەواریئەوە بەڕێوەدەچێت كە ئەم یاسایەش كاری فرە حیزبی و ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و نارەزاییەكان پەك خستوە ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە و لەوكاتەوەی لەساڵی 1928 وە كە بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمینی جیهانی دامەزراوە بەڕابەرایەتی ( حەسەن بەنا ) هەمیشە ململانێیەكی نهێنی و زۆر جارانیش بە ئاشكرا لەنێوان حكومەت و ئیخوانەكاندا هەبوە و هەمیشە سەرئێشە و مەترسیەكی گەورە بوە بۆ سەر دەسەڵات , ئەم ڕێكخراوە لەئێستاشدا لەڕووی یاساوە قەدەغەیەو ڕێگەی پێنادرێت وەك حیزبێكی سیاسی ئاشكرا كاربكات بەڵام لە هەڵبژاردنەكاندا وەك كەسانی بێ لایەن خۆ كاندید دەكەن و لەم هەڵبژاردنەی ئەم ساڵدا توانیان 76 كورسی ئەنجومەنی گەلی میسر بەدەست بهێنن كە ئەم هەنگاوە یەكەم جارە بەو شێوەیە سەركەوتن بەدەست بهێنن و لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا كاری توندو تیژی زۆری لێكەوتەوە و بۆ یەكەم جاریش لەدەستوردا ڕێگە درا كە زیاد لەیەك كاندید بۆ سەرۆكایەتی كۆمار خۆ بپاڵێوێت و

جۆرێك لەكرانەوە و ئازادی بڕیاری لێدرا هەموو ئەم كارانەش لەژێر فشاری دەرەكی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانی ناوەوەدا هاتنەبەرهەم , ڕۆژ بەڕۆژیش ئاڕاستەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكان بەئیسلامی و عیلمانی و نیشتیمانیەوە زیاتر لە ئاڕاستەی حیزبی دەسەلأتدار جیادەبێتەوە و كێشەی نێوانیان قولّتر دەبێتەوە .

- كێشەیەكی ترسناكتر و گەورەتری میسر لەئایندەدا كێشەی كەمینە قیبتیەكانە كە بەئاین جیاوازن و مەزهەبی ئەرسۆدەكسی مەسیحیان هەیە و لەئێستادا ژمارەیان لە 10ملیۆن كەس تێپەڕی كردوە . قیبتیەكان لەدێر زەمانەوە لەم وولأتەدا ژیاون وخۆیان بەهاولأتی ڕەسەنی میسر دەزانن و ناوی میسر بەئینگلیزی ( eygept) لەناوی قیبتیەكانەوە هاتوە ئەم كێشەیەش ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە و زۆرجاران لەگەلّ دەسەلأتدا گەیشتۆتە ڕادەی پێكدادان و شەڕ و ئاژاوە و خۆپیشاندان و كاری تێكدەرانە و سەرئێشەی زۆریان بۆ حكومەت ناوەتەوە , بۆیە ئەم كێشەیە ئەگەر لەچەند قۆناغێكدا كپ و بێ دەنگ بوبێت ئەوا هەمیشە وەك بۆمبێكی تەوقیتكراو وابوە لەژێر كورسی دەسەلأتدا .

لەم چەند مانگەی ڕابووردوشدا لەشارەكانی قاهیرە و ئەسكەندەریە و ...هتد شەڕو پێكدادان لەنێوان قیبتیەكان و





ئیسلامیەكاندا ڕوویدا و كارگەیشتە سووتاندنی كەنیسە و كوشتنی یەكتری و حكومەتیش بەوەتاوانباركرا كە لایەنگری ئیسلامیەكان بوە .هەربۆیە قیبتیەكان هەست بەپەراوێز خستن و دوورخستنەوە لەپۆست و پلەو پایە بەرزەكانی دەولّەت دەكەنەوە لەگەلّ ئەوەی ژمارەیەكی كەمیان لەهەندێك پۆستدان, هەروەها هەست بەجیاوازی كردن و چەوساندنەوەی دینی و زولّم و زۆر دەكەن و هەست دەكەن كە هاولأتی پلە دوون و هیچ حسابێكیان بۆ ناكرێت و زیاتریش لەوە ترسیان هەیە كە لەئایندەدا ئیخوان موسلیمینەكان بگەنە دەسەلأت چونكە بەدوژمنی سەرسەختی دین و بونیان دەكەن لە میسردا.

قیبتیەكان لە ناوخۆو دەرەوەشدا كەوتونەتە چالاكی سیاسی و خۆكۆكردنەوە لەژێر یەك چەتردا و كەوتونەتە خۆ بۆ پێكەوەنانی گورووپ و ڕێكخراوی مەدەنی و لەماوەی سالأنی 2004 –2006 دا چوار كۆنگرەیان لەدەرەوەی میسر و لەشارەكانی ( زیویرخی سویسراو واشنتۆنی ئەمریكا و مۆنتریالی كەندا و نیوجێرسی ئەمریكادا ) سازداوە, بەمەبەستی كۆكردنەوەی قیبتیەكان و گەیاندنی دەنگیان بەناوەندەكانی بڕیار بەدەست لەدونیادا و بۆ بەگژداچونەوەی سیاسەتی قەلأچۆكردنی قیبتیەكان لەمیسردا كە لەماوەی 25 سالّی حوكمی حوسنی موبارەكدا گەیشتۆتە لوتكە وقیبتیەكان لەچوارچێوەی شۆڕشێكی سپی ئاشتیانەدا

www.dengekan.com

هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە , بەم شێوەیە کێشەی قیبتیەکان بۆتە کێشەیەك کە ناکرێت چیدی پشتگوێ بخرێت و دان بەبوون و مافەکانیاندا نەنرێت . چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی گۆڕانکاریەکان و شۆڕشی تەکنەلۆژیاو زانست و بەجیهانی بوونە . و دەتوانرێت لەماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو دونیا لە کێشە و گرفتی کەمینەکان تێبگەیەنرێن و دۆست و پشتیوانیان بۆ پەیدا بکرێت .

میسر بەو هەموو کێشانەوە کە هەیەتی لەناوخۆو دەرەوەدا ناتوانێت درێژە بەتەمەنی سیستەمێکی دیکتاتۆری و خۆسەپێن و تاك حیزبی بدات و تاهەتاهەتاشە ناکرێت یاسای تەواری پیادە بکات , هەربۆیە ئایندەی وولاتی میسر ناڕۆشنە و هەموو ئەگەرەکانیش لەسەر خەتن هەر لەدابەشبوونی میسر و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ و هەر کاتێکیش ئەوە ڕوویدا ئەوا فەوزایەکی گەورە لە ناوچەکەدا دروست دەبێت , ئەگەری گۆڕانیش زۆر نزیکە چونکە لەلایەك گەلی میسر ئامادەیە بۆ گۆڕان و چیدی قبوڵی تاك ڕەوی لەدەسەڵاتدا ناکات و لەلایەکی تریشەوە هەموو ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانێکی گەورە و فراواندایە لەچوارچێوەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا کە لەلایەن ئەمریکاوە پلانی جێبەجێکردنی بۆ کێشراوە کە ئامانجی دیموکراسی کردنی ناوچەکە و ئازادکردنی ئابوری و بەزانست



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

ی‌کردنی کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیەیە کە ئەم ئامانجانەش بۆ خۆیان دوژمنی سەرسەختی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و خۆسەپێن و توندڕەوەکانە و مانای گۆڕین و هەڵتەکاندنی دەسەڵاتەکانیانە, هەروەك چۆن هەردوو دەسەڵاتی توندڕە و سەلەفی تاڵیبانی ئەفغانستان و بەعسی شۆڤێنی و دیکتاتۆری لەعێراقدا بەرەو زبڵدانی مێژوو تووڕ هەڵدا. بۆیە ئەگەر ئەو ڕژێمانەی ناوچەکە بەردەوام بن لە خۆسەپاندن و زوڵم و زۆری کەمینەکان وپشتگوێ خستنی داواکاری و مافەکانیان و خۆ دزینەوە لە دیموکراسی و ئازادیەکانی گەلانیان ئەوا هەمان چارەنوس چاوەڕێیان دەکات.

--------------------------------

*ئەم ووتارە لە سایتی ئینتەرنێتی کوردوستان پۆستدا لە 2006/7/18دا بلاٌوکراوەتەوە

## صۆمالیش

www.dengekan.com

## بەرەو ئەفغانستانێکی تر ... *

❖ وولاتی صۆمال یەکێکە لە 22 وولاتە عەرەبییەکە و دەکەوێتە قەڕنی ئەفریقی و ئەوپەڕی ڕۆژهەلاتی دووری کیشوەری ئەفریقاوە و لەباکورەوە کەنداوی عەدەن و لەڕۆژهەلات و باشوری ڕۆژهەلاتیشەوە زەریای هندی و لە باشور و باشوری ڕۆژئاواشەوە کینیاو لەباکوریشەوە جیبۆتی و لە ڕۆژئاواشەوە ئەسیوبیا هاوسنوری صۆمالن , و لە سالی 1960وە سەربەخۆیی بەدەستهێناوە لە ئیستیعماری ئینگلیزی و ئیتالی و لەچەند ئاین و مەزهەب و نەتەوەیەکی جیاواز پێك هاتوە و ژمارەی دانیشتوانی بریتیە لە (7140634 ) ملیۆن کەس بەپێی سەرژمێری سالی1999 کە زۆرینەیان ئیسلامن و ڕووبەری زەویەکەی بریتیە لە ( 637657 ) کم چوارگۆشە. ئەم وولاتە پێگەیەکی گرنگی جوگرافی و سیاسی هەیە بەهۆی ئەوەی کە دەروازەی بەستنەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە بەکیشوەری ئەفریقاوە و هەروەهاش لە قەڕنی ئەفریقادایە و نزیکە لە وولاتی یەمەنەوە .

❖صۆمال هەلکەوتەیەکی جوگرافیایی قولی ستراتیژی نیە لەڕووی سەربازیەوە و وولاتێکی کراوەیە بەسەر زەریای هندی و دەریای عەرەبیدا و کەش و هەوایەکی کیشوەری ووشکی هەیە





وزمانی ڕەسمی صۆمالی و عەرەبیەو لەگەلیشیاندا زمانی ئیتالی و ئینگلیزی بەکاردێت دابەشبۆتە سەر سیٚ ناوچەی باکورو ناوەڕاست و باشوری جیاواز لە دیانەت و مەزهەب و نەتەوە و ئینتیمای عرقیەوە و لەناوخۆشیاندا ناکۆك و ململانێی توندیان لەنێواندایە. ئەم وولاتە وولاتێکی ناتەندروست و هەژار و نەخوێندەوار و دواکەوتوو لەڕووی پیشەسازی و ئابوری و بازرگانی و کۆمەلایەتیەوە .و چەندین دەسەلات و حکوماتی جیاوازی بینیوە و بەلام هیچیان هێندەی دەسەلاتی (( محمەد سیاد بڕی )) بەهێز و ماوە درێژ نەبونەو وەك ئەویش نەیان توانیوە خاك و گەلانی صۆمال بەیەك و یەکگرتووی بهێلنەوە , ئەو دەسەلاتە سەر بەبلۆکی سۆسیالیست و یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو , دەسەلاتێکی دیکتاتۆر و تاك ڕەو و توتالیتاری بووکە لە سالەکانی هەشتاوە تا سالی 1991 ی سەدەی ڕابوردوو بەردەوامی هەبوو, لەدوای ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستی و هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هاتنە ئارای سیستەمێکی نوێی جیهانی و هەلکردنی باهۆزی دیموکراسی و گۆڕانکاریەکان لە دونیادا , دەسەلاتی ئەو کاتەی صۆمالیش بەر ئەو گۆڕانکاریانە کەوت و سەرەو نگوم بوو ڕووخێنراو سیاد بڕیش لە وولات ڕایکردو ئیدی لەو کاتەوە صۆمال بووە بەوولاتی شەڕی ناوخۆو ململانێی نێو دەولەتی و ناوچەیی و ڕۆژ بە ڕۆژ و

www.dengekan.com

ماوەی 15 ساڵە بەردەوامی هەیە . و صۆماڵ و گەلەکەی تووشی دابەشبوون و لێکترازانی ڕیزەکانی بوەوە و هەر ماوەیەك و هێزێك یان گروپێکی سیاسی یان عەشایەری و دینی زاڵ دەبن و هێندەی تر ململانێکان توند دەبنەوە و بەمەش صۆمال هێندەی دی بۆ دواوەوە دەگەڕێتەوە .

ئەوەبوو لەساڵی 1994دا ئەمریکا بەهێزی سەربازیەوە لەکەنارەکانی ئەو وولاتە دابەزی و نزیکەی 3 ساڵ لەو وولاتەدا مایەوە و لەکۆتایشدا نەیتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و لە شەڕێکی سەر جادە و کۆڵانەکاندا و بەشێرزەیی خۆی دەرباز کرد کە تەنها لەو شەڕەدا 18 کۆماندۆس کوژران و 2 هەلیکۆپتەریش بەربونەوە و ئەمریکاش وەك ڤێتنام بە بەزیوی لەو وولاتە کرایە دەرەوە و ئیتر هێندەی تر بارودۆخی ئەو وولاتە تێکچوو , شەڕیش لە نێوان (( بازرگانانی شەڕدا )) بە بەردەوام مایەوە .

- ئەمریکا مەبەستی لەچوونە ناوەوەی ئەو وولاتە ئەوەبوو کە ڕێگە بگرێت لە گەشەسەندنی تیرۆر و پێگەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەناوچەکەدا ,چونکە لەوکاتەدا ئوسامە بن لادن و قاعیدە لە سوداندا چالاکیان دەنواند و ئەوەبوو ئەمریکا بە مووشەك هێرشی کردە سەر بارەگاکانیان لە سوداندا و دوای ئەوە ئوسامە بن لادن بەرەو یەمەن و لەوێشەوە بۆ ئەفغانستان



www.dengekan.com



کارو چالاکیەکانی گواستەوە , بەزینی ئەمریکا لە صۆمالدا دەستی قاعیدە و ئوسامە بن لادنی تێدا بوو .

- لەئێستادا صۆمال هەنگاو بەرەو دروستبوونی ئەفغانستانێکی نوێ دەنێت بە زاڵ بوون و پێشڕەوی کردنی (( گروپی دادگاکانی ئیسلامی )) لەو وولاتەدا کە گروپێکی چەکداری ئیسلامی سیاسی سەلەفی توندڕەوە بەهاوشێوەی تاڵیبانی ئەفغانستان و لەبەرنامەیاندایە کە شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێبکەن و دژی هەموو ئازادی و کرانەوەو مافی ژنان و یاسا مەدەنیەکانن و دژی هەموو جۆرە هاتنە ناوەوەیەکی هێزی سەربازی ئەمریکی و نێو دەوڵەتین بۆ صۆماڵ . لەئێستادا بەشێکی زۆری ئەو وولاتەیان کەوتۆتە ژێر دەست بەمەقادیشۆی پایتەختیشەوە و پێشڕەوی دەکەن بۆ باشووری وولات بەرەو شاری ( بێداوا)) کە بارەگای حکومەت و پەرلەمانی کاتی صۆمالی لێیە و ئەگەر توانیان ئەو شارە بگرن ئەوا ئەو گروپە دەبنە بالادەست لەهەموو وولاتدا و دەتوانن ئیمارەتێکی ئیسلامی دروست بکەن وەك هاوشێوەی تاڵیبانەکانی ئەفغانستان و ئەم گروپە لەناکاوێك و لەزەمەنێکی کەمدا دەرکەوتن و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە هەناوی کێشە و ململانێی باڵە شەڕکەرەکانی تردا و

زۆرینەی هاولاَتیانیش پشتیوانیان لێدەکەن بەخۆشی بێت یان بە زۆربێت .

➢ بەهەمان شێوەی وولاَتانی دراوسێی ئەفغانستان چۆن هەریەکە لە ئێران و پاکستان و سعودیە و وولاَتانی تری کەنداو و لەسەروو هەمووشیانەوە ئەمریکا پشتیوانیان لە گروپ و ڕێکخراو و باڵە جیاوازەکانی شەڕی ئەفغانستانیان دەکرد هەریەکە لە بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیای خۆیەوە بەهەمان شێوە وولاَتانی دراوسێی صۆمال و بەتایبەتیش وولاَتی (( کینیا )) ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت ,ئەمە سەرەڕای وولاَتانی ئیسلامی و عەرەبی و ئەمریکا لەسەروو هەموویانەوە . بەمەش درێژە دەدەن بە شەری ناوخۆی ئەو وولاَتە ..

وولاَتانی عەرەبی لەمێژەوە کێشەی وولاَتانی صۆمال و ئەریتریاو تەنانەت سودانیشیان پشتگوێ خستوە و هێندەی بەتەنگ کێشەکانی سوریاو عێراق و میسر و فەلەستینەوە خەریکن چارەکی ئەوە گوێ بە کێشە و ململانێکانی ئەو وولاَتانە نادەن هەرچەندە ئەندامی جامیعەی عەرەبیشن . چونکە ئەو وولاَتانەش هێندە بەتەنگ کێشە و مەسەلە نەتەوەیەکانی عەرەبی و ئیسلامیەوە نین و تەنها ئەوەندەیان لە عەرەب و ئیسلام دەوێت کە هاوکاری و پشتیوانی مادیان





بکەن و لەبرسێتی و هەژاری ڕزگاریان بکەن کە ئەمەش بۆتە قورسایی لەسەر عەرەب و ئیسلامەکان .

➢ لەبەر گرنگی پێگە جوگرافیەکەی صۆمال لە قەرنی ئەفریقیدا, ئەمریکا دەیەوێت بەهەر ڕێگەیەك بێت ڕێگە بگرێت لەدامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی توندڕەوی سەلەفی بەشێوەی تالیبانی ئەفغانستان , بەلاَم وادیارە ئەمریکا تائێستا و لەماوەی ئەم 15 ساڵەدا ڕێگە ڕاست و دروستەکەی نەدۆزیوەتەوە یان نایەوێت بیدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی صۆمال , چونکە ئەمریکا لەماوەی ئەو 15 ساڵەدا و هەر ماوەیەك پشتیوانی مادی و لۆجستی پێشکەش بە گروپ یان پارتێك یان سەرۆك عەشیرەتێك دەکرد بەهیوای یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بەلاَم تائێستا هەر دەستی دەستی بەئەمریکا دەکەن و نەتوانراوە کۆنترۆڵی کێشەکە بکرێت . ئەو گروپانەش بەجیاوازی بیرو ڕایانەوە بونەتە (( بازرگانی شەڕ )) و چەندی پێیان بکرێت هەوڵی کۆکردنەوە و وەرگرتنی دۆلاری زیاتر دەدەن لە ئەمریکا بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و گرتنە دەستی دەسەلاَت .

➢ بۆیە ئەرکی ئەمریکایە کە هەوڵی جدی بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئەو کێشەیە و ڕێگە نەدات و هەڵەی ئەفغانستان دووبارە نەکاتەوە کە هەرخۆی هاوکاریکەر و

www.dengekan.com

دروستكەری زۆرێك لەو بالأنەی ناو ئەفغانستان بوو دواتریش بوونــە دوژمنــی ئـەمریكاو ڕووداوی 11 ی سـێپتەمبەریان بەسـەر ئـەمریكادا هێنـا و بوونـە هەڕەشـەی ڕاسـتەقینە و پـڕ مەترسـی بـۆ سـەر بەرژەوەندیـەكانی ئـەمریكا لـەدونیادا . چونكە سەركەوتنی ئەو گروپە ئیسلامیانە لە قەڕنی ئەفریقیدا زیاتر مەترسی دروست دەكەن وەك لـە تالیبانی ئەفغانستان چـونكە صـۆمال وولأتێكـە كەوتۆتـە ناوچـەیەكی گـرنگ و هەسـتیاری دونیـاوە و بەرژەوەندیـەكانی ئەمریكاشـی تیـادا كۆبوتەوە و وەك ئەفغانستانیش نیە كە تەریك و دوورە دەست بێت . ناوچەی قەڕنی ئەفریقی لەئایندەدا سیاسەت و ئابوری دونیا بۆخۆی ڕادەكێشێت و كیشوەری ئەفرقیای خامیش لـە كەرەسـە و سـەروەت و سـامان و كـانزای سروشـتیەوە گـەلێك دەوڵەمەنـدە و هـەروەها بـازاڕێكی پـڕ فـرۆش و داهاتـە بـۆ ئەمریكا و ئەوروپاو لەئێستاشەوە ململانێی لەسـەرە , بۆیـە ئـەمریكا ئـەركێتی لـە پێنـاو پاراسـتن و بـەرداوەمی دان بەبەرژەوەندیـەكانی داهـاتووی ڕێگـە بـە دامەزرانـدنی ئیمارەتێكی ئیسلامی توندڕە و نەدات لـەو ناوچـەیە و هـەوڵی جـدی بـدات چـیدی كێـشەی صـۆمال بەچارەسـەرنەكراوی نەمێنتێتـەوە و صـۆمال بگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەردەمی تـاك دەسەلأتی بەهێزی عیلمانی و دیموكراسی و ئازادی و خۆش





گوزەرانی دوور لە دەسەلأتێكی ئاینی دواكەوتو و هەڕەشە بۆ سەر ئەمریكاو دونیاو داهاتووش .

## سەركێشی و كەلە ڕەقیەكەی حیزبولأ لەبەرژەوەندی كیٚ و بەچ ئاڕاستەیەك ؟*

❖ ئاشكرایە لوبنان وولأتێكی بچوكی عەرەبیە كە ڕووبەرەكەی 10452كم2یە و دانیشتوانەكەی ژمارەیان 4ر5 ملیۆن كەسە و سیستەمی حوكم تیایدا پەڕلەمانی و دیموكراسیە ولەسەر بنچینەی تایەفی داڕێژراوە لەبەرئەوەی مەزهەب و تایەفە و

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 185 لە 2006/6/18دا بلأوكراوەتەوە

www.dengekan.com

دیانەتی زۆری تیادایە هەر لە عەرەب و ئەرمەن و ئاشوری و کلدان و دیانەتەکانی مەسیحی ( کاسۆلیك و ئەرسۆدەکس ) و ئیسلامی( سونە و شیعە و ) ژمارەیەکی زۆریش کوردی تیادایە ، زمانی ڕەسمیش عەرەبیە و لەپاڵیشیدا زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزیش بەکاردێت و پارەکەی بریتیە لە لیرەی لوبنانی , لوبنان پێگەیەکی گرنگی جوگرافی هەیە بەوەی کەوتۆتە ناوجەرگەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستەوە و خاڵی بەیەکگەیشتنی هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیایە بۆتە سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی و دراو و خزمەتگوزاریە پیشەسازی و ڕۆشنبیری و گەشت و گوزاریەکانی ناوچەیی ونێودەوڵەتی و لوبنان ئازادیەکی زۆری ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕینی تیادا بەرجەستەبوە و بەهەمان شێوەش ئابوریەکی ئازادیشی هەیە و کەرتی تایبەتی تیایدا چالاکە و دەستی کاری لوبنانیش ڕۆشنبیر و زمان زان و خاوەن شارەزایین. لوبنان لەناو وولأتانی عەرەبیدا جێگە و گرنگی خۆی هەبوە و ڕۆڵێکی گەورەشی هەبوە لە بواری چاپەمەنی و ڕۆشنفکریدا .

بەلأم لوبنان بەهۆی زۆری دیانەت و نەتەوەکانەوە هەمیشە لەبەر مەترسی شەڕی ناوخۆو دابەشبوندا بوە و ئەم هۆکارە گەورەترین مەترسی بوە لەسەر کۆمەڵگای لوبنانی , بەهەمان شێوە لوبنان





هەرچەندە کەوتۆتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و بەوولأتێکی کراوە ناودەبرێت بەلأم لە ڕووی ووشکانیەوە داخراوە و تەنها سنووری لەگەڵ سووریادا هەیە و بەوەی سوریاش هەمیشە لەکۆنەوە تاکو ئێستاش ویستویەتی لوبنان داگیربکات و بیخاتە سەر وولأتی سوریاو شامی گەورە دروست بکات بەهۆی بوونی بچوکترین کێشەوە کە سنووری داخست لوبنان لە جیهانی دەرەوەی عەرەبی و ..هتد دادەبڕێت . هەروەها لوبنان بۆخۆی خاوەن داهات و سەرچاوەکانی کانزای سروشتی و نەوت و...هتد نیە , بۆیە ئەم هۆکارانە هەمیشە بەشێوەیەکی نەگەتیف کاریان کردۆتە سەر ڕۆڵ و کاریگەری ئەو وولأتە و وابەستەی ئەو هەموو گیرو گرفتانە بوە و ئایندەی لەبەردەم مەترسیەکی هەمیشەییدا بوە , هەرئەم جیاوازیانەش وایکرد کە لەساڵی 1975دا شەڕێکی خوێناوی لەو وولأتەدا بەرپاببێت و هەموو پێکهاتە و دیانەت و نەتەوەکان بگرێتەوە ودرێژەش بکێشێت تاساڵەکانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو کە بوە هۆی وێرانکردن و داتەپینی ژێرخانی ئابوری و گەڕانەوەی میلی پێشکەوتن لەو وولأتەدا بۆ دواوە, لەئێستاشدا و دوای 15ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی پەیماننامەی ئاشتی تائیف کە بوە هۆی ڕاگرتنی ئەو شەرە جارێکی تر لوبنان کەوتۆتەوە بەر هەڕەشەی شەڕێکی ناوخۆیی تر لەسەر دەستی هەمان سەرکردە کۆنەکانی کە شەڕی ساڵی

www.dengekan.com

1975 یان هەڵگیرسان هەر لە ( نەبیە بەری و وەلیدجومبوڵات و میشێل عۆن و سەمیر جەعجەع و سەرکردەکان حیزبوڵا ) , هۆکاری سەرەکیش بریتیە لە دروست بوونی حیزبوڵای لوبنانی شیعە مەزهەب کە لەساڵی 1982دا لە بزوتنەوی ئەمەل جیابۆوە کە ئەویش هەر شیعە مەزهەبە بەڵام میانڕەوترە , هەرچی حیزبوڵایە ڕێکخراوێکی بۆرژوازی بچوکی توندڕەوە و لەئێستادا خاوەن هێزێکی سەربازی زۆر و بەهێزە لەباشووری لوبناندا وچالاکی و بارەگای هەیە و بەناوی (( مقاوەمەی ئیسلامیەوە )) دژی ئیسرائیل کاردەکات و بۆتە مایەی سەرئێشە بۆ ئیسرائیل و کێشە ش بۆ لوبنان . بەشەڕی لێدە و ڕاکە ئیسڕائیلی ناچارکرد کە پاشەکشە بکات بۆ کێڵگەکانی ( شەبعای لوبنانی ) و ئیدی لەو سەرکەوتنە بچوکەشیدا حیزبوڵا خۆی لێبوە قارەمانی ئومەی عەرەبی و ئیسلامی و هێندەی تر دەنگی بەرزدەکردەوە بەسەر هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی ناو لوبنان و گوێی بە دان و سان و ڕێکەوتن و ئاشتبونەوەی نیشتیمانی نەئەدا و هەڕەشەی گەورەتریشی لە ئیسڕائیل دەکرد دەوڵەتی لوبنان دوای شەڕ ڕاگرتن توانای سەربازی بێهێزە و خاوەن سوپایەك نیە كە دەسەڵاتی بەسەر هەموو خاکی لوبناندا هەبێت و چەك و تەقەمەنی و فرۆکەی جەنگی نیە و ناتوانێت بەرگری لە سنوورەکان بکات و لەماوەی 15 ساڵی ڕابووردووشدا سوپای





سوریا ئەو ئەرکەی پێسپێردرابوو. هەربۆیە حیزبوڵا هەرگیز ملی نەئەدا دوای شەڕ وەستان و کشانەوەی سوریا چەکی دابماڵێت و ببێتە حیزبێکی سیاسی و دوای کشانەوەی هێزەکانی سوریاش هێندەی تر خۆی بەدەمڕاست و بڕیار بەدەستی لوبنان دەزانی ئەمەشی بەپشتیوانی سوریاو ئێران دەکرد و ببوە داردەست و جێبەجێکەری سیاسەتەکانی ئەوان لە ناوخۆی لوبنان و دژی ئیسڕائیلیش . ئەو دوو وولاتە هەموو پشتیوانیەکی مادی و مەعنەویان بۆ دابینکردبوو بەڵام سوریا کە لەساڵی 1969 وە گردی جۆلانی داگیرکراوە تائێستاش شەڕی دژی ئیسڕائیل نەکردوە .

❖ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەی بۆچی حیزبوڵا لەم کاتەدا ئەم چالاکیە زۆر بچوکەی کرد کە بریتی بوو لە بۆسە دانان بۆ دەبابەیەکی ئیسڕائیلی و توانی 7 سەرباز بکوژێت و دوانیش بەدیل بگرێت و هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە ئیسڕائیلیش زۆر بەتوندی وەڵام بداتەوە و لە ڕۆژی 2006/7/12وە هێرشێکی سەربازی گەورەی ئەنجام داوە و گەمارۆی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی سەپاندۆتە سەر لوبنان , کە ئەم کارەی حیزبوڵا بەبەراوورد لەگەڵ ئەنجامی وێرانکاریەکانی هێرشی ئیسڕائیلدا بۆ سەر هەموو دام و دەزگا خزمەتگوزاری و گەشت وگوزاری و

www.dengekan.com

پیشەسازی و مەدەنیەکانی زۆر بچوکە و نەدەبوو ئەو سەرکێشیە بێ حساباتە ئەنجام بدایە کە لوبنان و ئابوری و ژێرخانەکەی کە تائێستاش بەتەواوەتی نەهاتبۆوە سەر ئاستی جارانی جارێکی تریش وێران کرایەوە و ڕۆژانە 100 ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات و تائێستا کە 12 هەمین ڕۆژی هێرشەکانە زیاد لە 350 لوبنانی کوژراون و بەسەدانی تریش بریندارو ماڵ وێران بوون , حیزبولاش تەنها چەند سەد گولە کاتیوشایەکی ناوە بە ئیسرائیلەوە . بەلام ئەم کارەی وەك هەموو کارەکانی تری بە ئیعازی سوریاو ئێران بوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی دەرەکی و لە هەردوولاوە فشار لەسەر ئێران لەسەر کێشە ئەتۆمیەکەی و سوریاش کەم بکاتەوە و سەرنجی دونیا بەرەو لوبنان و کێشەکەی ڕابکێشێت و لەسەر ئاستی ناوخۆی لوبنانیش (( گفتوگۆیەکی نیشتیمانی )) لەنێوان لایەنە سەرەکیەکانی کێشەکەدا هاتبۆ ئاراوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان هەر لە مەسەلەی سەرۆکایەتی ئەمین لەحود و چەك کردنی حیزبولا و جێبەجێکردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکانی ژمارە 1559. بەلام حیزبولا کەزانی چیدی ماوەی مانۆڕو خۆدزینەوە نەماوە لە و دانیشتنانە هەربۆیە لەم کاتەدا ئەم کارە زۆر بچوکەی کردو بارودۆخەکەی ئالۆز کرد و ئەم کارەی حیزبولاش بەتەنها لەبەرژەوەندی ئێران و سوریا تەواودەبێت و ئاڕاستەکەشی بەرەو





ماڵ وێرانی و جەنگێکی سەرتاسەری ناوچەکە دەچێت و لە ئەنجامیشدا فەوزایەکی سیاسی گەورە دروست دەبێت کە حیزبولا دەتوانێت درێژە بەمانەوە و چەکەکانی بدات چونکە وەك هەموو حیزبێکی ئیسلامی سیاسی لە بارودۆخی سیاسی و ئابوری ئارام و گەشەکردوودا ئەوان پاشەکشە دەکەن بەلام لە دۆخێکی لێڵ و تەماویدا ئەوان دەتوانن بژین و بمێننەوە . ئیسرائیلیش تائێستا ڕازی نیە کە شەڕەکە ڕابگرێت تا 2 سەربازەکەی ڕزگار نەکرێت و حیزبولا چەك نەکرێت و بڕیاری 1559 ی نەتەوە یەگکرتوە کانیش جێبەجێنەکرێت , لەئێستاشدا حیزبولا لەژێر فشارەکانی ئەوروپاو وولاتانی عەرەبیدا نەرمی نواندوە و ڕازیبوە کە حکومەتی لوبنان ئەرکی گفتوگۆ بۆ گەڕانەوەی 2 سەربازەکەی ئیسڕائیل بەگۆڕینەوەی بە دیلەکانی لوبنان بگرێتە ئەسۆ, ئەم هەڵوێستە نەرمەشی لەوەوە هات کە زانی ئەمریکاو ئەوروپاش پشتیوانی لە هەڵوێستی ئیسڕائیل دەکەن و سوریاو ئێرانیش هیچیان پێناکرێت .

❖ بۆیە ئەرکی وولاتە عەرەبیەکانە کە هەوڵی جدی بدەن بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە و دوورخستنەوەی دەست تێوەردانی سوریاو

www.dengekan.com

ئێران بۆ کێشەکە  و دوورخستنەوەی حیزبولاّش لە سنوورەکانی ئیسڕائیل و گەڕانەوەی 2 سەربازەکە و لەولاشەوە وا لەئەمریکا بکەن کە ئیسڕائیل چیدی درێژە بە شەرەکە نەدات بۆئەوەی ناوچەکە و دونیاش لە شەڕێکی نەویستراو دووربخەنەوە کە ڕەنگە ئەگەر درێژە بکێشێت زۆر لایەنی تری نێودەوڵەتیش بەشداری تێدا بکەن و کارەساتێکی گەورەتر بەسەر ناوچەکەدا بهێنن کەهەمووان تێیدا زەرەرمەند دەبن .

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 191لە 2006/7/29دا بڵاوکراوەتەوە





## سەر کێشیەکانی  کۆریای باکور بەرەو کوێ ؟*

➢

❖ ئاشکرایە کۆریای باکور و کۆریای باشوور  لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بوونە دووکەرت و  دوو وولاّتی سەربەخۆی جیاواز لەیەکتری لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و بەدوو ئاڕاستەی جیاوازی دوور لەیەکتر کاریان دەکردو دابەشبوونە سەر  دوو ئایدۆلۆژیای جیاواز کە کۆریای باکور بوە خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی چەپ و مارکسی و سۆسیالیستی و لەفەلەکی بلۆکی ڕۆژهەلات و سۆسیالیستیدا دەسوڕایەوە و کۆمارێکی  داخراو و تاکڕەو و خۆسەپێن و دیکتاتۆری تیادا چەسپی، هەرچی کۆریای باشووریشە بوە خاوەن

www.dengekan.com

ئایدۆلۆژیایەکی سەرمایەداری و لە فەزای دونیای ڕۆژئاواو بلۆکی سەرمایەداریدا دەسوڕایەوە و بوە سیستەمێکی ئازاد و دیموکراس و کراوەی تیادا چەسپیو ڕۆژ بەڕۆژیش بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتر دەچوو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا و ئێستا یەکێکە لە وولأتانی پیشەسازی دونیا بەپێچەوانەی کۆریای باکورەوە کە لەئێستادا یەکێکە لە وولأتە هەژارەکان و بەدەست هەژاری و برسێتی و بێ کاریەوە دەناڵێنێت , ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕژێمی دەسەلأتدار لەکۆریای باکوردا وەك هەموو ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی دونیا تەنها لەبەرژەوەندی چینی دەسەلأتدارن و هەموو خواستێکیان ئەوەیە کە زۆرترین ماوە لە دەسەلأتدا بمێننەوە و لەو پێناوەشدا پەنا دەبەنە بەر خۆ پڕ چەك کردن و پێکەوەنانی تەرسانەیەکی قەبە و زەبەلاحی سەربازی و بەدەسهێنانی چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆژی و کیمیاوی و ..هتدوە . بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەلأتی تاك ڕەوی خۆیان لەسەر حسابی هەژاری و دواکەوتووی و برسێتی گەلەکانیان .

بەم شێوەیە ئەم دوو وولأتە کە یەك زمان و یەك ئاین و یەك خاك و یەك مێژوو کلتوریان هەیە بونەتە دوو وولأتی دوژمنی سەرسەختی بەیەك و زیاد لە 50 ساڵە بە دووئاڕاستەی جیاواز کاردەکەن بەشێوەیەك کە ئومێدی یەکگرتنەوەی ئەو



کوردو ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست ...

دوو پارچەیە زۆر زەحمەت و ئاستەم بوە . هەرچەندە لە ئێستادا و بۆ ماوەی چەند ساڵێکە هەولی یەکگرتنەوە لەنێوانیاندا دەستی پێکردوە و لیژنەی تایبەتی دانراوە بۆ ئەو مەبەستە بەلأم ئومێدێکی زۆری لێناکرێت . ئەوەش بەهۆی ترسی ڕژێمی کۆریای باکورەوەیە چونکە ڕژێمێکی داخراو وخۆسەپێنە و دەترسێت لەگەڵ هەموو کراوەنەیەکدا بەسەر دونیای ڕۆژئاوا و تەکنەلۆژیاو شارستانیەتی پێشکەوتوودا , هەروەك چۆن هاولأتیانی ئەلمانیای ڕۆژهەلأت لە ساڵی 1991دا دیواری بەرلینیان تێکداو بەلێشاو ڕوویان کردە ئەلمانیای خۆرئاوا چونکە زیاد لە 50 ساڵ بوو لە زیندانێکی گەورەی داخراوی بلۆکی سۆسیالیستیدا دەژیان کە دووربوون لەهەموو پێشکەوتن و ئازادی و دیموکراسیەکدا. بۆیە هەمیشە کۆریای باکور بەبیانووی جۆراوجۆرەوە پەکی ئەو هەولی یەکگرتنەوەیە دەدات . کۆریای باکور لە ئەنجامی ئەم داخرانەیدا بۆتە وولأتێکی تەریك و پەراوێزخراوو زۆر بەکەمی هەواڵ و دەنگ و باسەکانی دێتە دەرەوە بۆ دونیاو زۆر بەکەمی دونیا ئاشنایە بەو وولأتە و ژیان و گوزەران و پێشێلکردنەکانی مافەکانی مرۆڤ لەو ولأتەدا و ڕێژەی هەژاری و بێ کاری و برسێتی و ...هتد, هەروا نەبوونی دیموکراسی و ئازادیەکان و ژیانی حیزبایەتی و فرەیی نەبونی سەربەستی

www.dengekan.com

چاپەمەنی و ..هتد بونەتە هۆی سەپاندنی تاك دەسەلاَتی و هەموو ئینتیمایەك تەنها بۆ سەرۆکی تاك و دیکتاتۆرە.

ئەم ڕژێمە لەئێستاشدا بەخەیاڵ و ئەندێشەکانی ساڵەکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم بیر دەکاتەوە وا دەزانێت کە جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سۆسیالیستی و سەرمایەداری لەو پەڕی گڕوتینندایە و تائێستا یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەرماوە و هاوڕێ ستالین و خرۆشۆف و بریجنێڤ و ..هتد لەسەر حوکمن. نازانێت دونیا لەلایەن ئەمریکاوە ڕابەرایەتی دەکرێت و سەردەمی بەجیهان بونی دونیایە و سەدەی پێشکەوتن و داهێنان و تەکنەلۆژیا زانستیەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و ..هتد و سەردەمی دیموکراسی و ئازادی و کرانەوەی سیاسەت و ئابوری و بازاڕەکان و سنورەکانە و لەئێستادا مۆدێلی دیکتاتۆر و تاکڕە و سیستەمە داخراوەکان نەماوە کە گەلانیان دەمکوت دەکرد . بۆیە هەر بەردەوامە لەسەر خۆپڕچەك کردن و هەوڵی بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵ کوژەکانە و بەملیۆنان سەربازی ڕاگرتوە .

❖ ئاشکرایە پێگەی جوگرافی کۆریای باکور لەڕۆژهەلاَتی دووردا پێگەیەگی گرنگە لەکاتێکدا لەگەڵ ڕووسیا و چیندا 3 کوچکەی سۆسیالیستی پێك دێنن دژ بە 3 کوچکەی ئەمریکا



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

ویابان و کۆریای باشوور کە سەرمایەدارین و سەرکەوتنی هەرلایەکیشیان دەبێتە هۆی دەست بەسەراگرتنی ناوچەکە و توانا مادی و مرۆییەکانی, هەربۆیە ئەمریکا دەیەوێت بە هەر شێوازێك بوە ڕێگە بگرێت لە کۆریای باکور لەبەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و پەرەپێدانی توانا سەربازی و فەزاییەکان و ڕۆکێتە بالیستیەکانی و دەیەوێت ئەم ململانێیە کە تەمەنی زیاد لە 50 ساڵە چارەسەر بکات , بەلاَم تائێستا کۆریای باکور سوورە لەسەر هەڵوێستی خۆی و بەسانایی تەسلیمی قەدەری خۆی نابێت چونکە باش دەزانێت بەبێ بوونی هێزێکی سەربازی و ئەتۆمی مانەوەی مەحاڵە و ڕووبەڕووی ڕووخان و گۆڕان دەبێتەوە . ئەمریکا لەلایەن لیژنەیەکی 6 قۆڵی ( ئەمریکاو ڕوسیاو چین و یابان و هەردوو کۆریاکەوە ) دەیەوێت دان و سان بکات و لەبەرامبەر قەرەبووکردنەوە و هاوکاری و پشتیوانی مادی بۆ کۆریای باکور , دەست هەڵگرێت لەو بەرنامەیەی چونکە بەردەوام بوونی کۆریا لەسەر ئەو پڕۆسەیە مەترسی بۆ سەر ناوچەکە و دراوسێکانی و ئەمریکاش دروست دەکات و هانی یابانیش دەدا بۆ پەرەپێدانی توانا سەربازی و تەقەمەنیەکانی و هێندەی تر ململانێکان توند وتیژ دەبن و مەترسیەکانیش گەورەتر دەبنەوە .

لەم هەفتەیەدا و بەبلاَبونەوەی دەنگوباسی تاقیکردنەوەی ڕۆکێتێکی بالیستی کیشوەر بڕ لەلایەن کۆریای باکورەوە ئەمریکاو یابانی نیگەران و تورەکردو بوە مەسەلەیەکی گەرم و گوڕی دونیا و ئەمریکا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەو کێشەیە دەباتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەگەری گوشاری ئابوری و لێدانی سەربازیشی خستە ڕوو هەرچی یابانیشە هەڕەشەی وەلاَمدانەوەیەکی توندی کرد , بەمشێوەیە ئارامی ناوچەکە و دونیاش شڵەقاو ئەمریکاش بەناچاری سیستەمی دژە ڕۆکێتی کیشوەر بڕی خستەوە کار ..

لەگەرمەی ئەم کێشەیەدا و بەردەوام بوونی ئەم سەرکێشیانەی کۆریای باکور و گوێپێنەدانی بەهەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەمریکا پرسیار ئەوەیە : ئایا ئایندەی ئەم کێشەیە بەرەو کوێ ؟؟و چارەسەریش چیە؟؟

ئاشکرایە لەئەنجامی داگیرکردنی یابان بۆ هەردوو وولاَتانی کۆریاو چینەوە لەسەدەی ڕابووردوودا دوژمنایەتیەکی مێژوویی دروست بوە و گیانی تۆڵەکردنەوە لەلایەن کۆریایی و چینیەکانەوە دژ بە یابانیەکان زیندوە و هەموو کات ئامادەبوونی هەیە لەکاتی توندبونەوەی کێشەکاندا و بەهەمان شێوە یابان کێشەی لەگەڵ ڕووسیاشدا هەیە لەسەر



www.dengekan.com



دوورگەکانی کۆرێل لە زەریای ئارامدا و تائێستاش چارەسەرنەکراوە.

بۆیە لەئەنجامی ئەم کێشانەدا ناوچەی ڕۆژهەلاَتی دوور هەمیشە و بۆماوەی زیاتر لە 50ساڵە لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە و بەتایبەتیش هەموو لایەنەکان لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوریشەوە بەهێزن و بەردەوام بوونی کۆریای باکور لەسەر پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمی و ڕۆکێتە بالیستیەکانی و ئیستیفزازکردنی یابان بەبەردەوامی هانی یابان دەدات کە ئەویش توانا سەربازی و فەزاییەکانی خۆی پەرەپێبدات بەتایبەتیش کە یابان عیملاقێکی گەورە و بەهێزی ئابوریە و خاوەن توانایەکی گەورەی تەکنەلۆژیاو داهێنانی سەردەمە و دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا پێش کۆریای باکور بکەوێتەوە بەتایبەتیش کە هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکاشە لەناوچەکەدا . بۆیە گەر بەپەلە چارەسەری ئەم کێشەیە نەکرێت کەلەئێستادا هێورە ئەوا بەرەو توندبون و هەژان و تەقینەوە دەچێت و مەترسیش لەسەر ئارامی نەک ناوچەکە بەڵکو دونیاش دروست دەکات و تێوەگلانی وولاَتانی تریشی تێدەکەوێت و ئەوساش بەسانایی کۆنترۆڵ ناکرێت .

چارەسەریش ئەوەیە کە هەرچۆنێك بوە گوشار بخرێتە سەر کۆریای باکور دەست هەڵبگرێت لەو بەرنامە سەربازی و

ئەتۆمیەی و بۆئەوەی یابان و وولآتانی تری ناوچەکەش هان نەدات بۆ ئەو کارە و بەم کارەشی توندو تیژی و نائارامی لەناوچەکە و دونیاش دووردەخاتەوە و مرۆڤایەتی و گۆی زەویش لەمەترسی بەفەناچوونی کۆتایی دەپارێزێت .....

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4014 لە 2006/7/7دا بلأوکراوەتەوە



www.dengekan.com



## سەدەی بیست ویەك
## بۆ كێ دەبێت ؟*

➢ دونیای ئێستا پڕاو پڕ دونیایەکی زۆر جیاوازە لە دونیای سەدەکانی ناوەڕاست و دواتریش , ئەمەش بەهۆی هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە گەورانەی کە لەزانست و تەکنەلۆژیاوە بەدیهاتوە و ئەو دونیا گەورەو پان و پۆڕو دوورە دەستەی جارانیان کردۆتە گوندێکی بچوکی هاوچەرخی نزیکە دەست و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد ی زلهێزەکانیش هێندەی تر تێك چڕژاون بەشێوەیەك کە هەمیشە لە ململانێی یەکتردان بۆ گەیشتن بەسەرچاوەی نەوت و کانزا و توخمە سروشتیەکان و هەروەها داهێنانی نوێ و دۆزینەوەی دەستی کاری هەرزان و بازاڕی پڕ فرۆش لەسەرتاپای دونیادا .

ئەم زلهێزانە هێندەی لە ململانێدان ئەوەندەش ناتوانن بێیەك هەڵبکەن و یەکتری پشتگوێ بخەن,چونکە هەریەکەیان چەندە ناردنە دەرەوەی کالآو بەرهەمەکانی بەلاوە گرنگە هێندەش هێنانە ناوەوەی کالآو بەرهەمی وولآتانی تری بەلاوە گرنگە ,چونکە کۆمەڵگاو شارستانیەتەکان هەمیشە لەگەڵ ئەوەی دڕدۆنگ و

ناتەبابوون لەسەردەمەكانی ڕابووردوودا بەلأم لەئێستادا زۆر پێویستیان بەهاوكاری و لێكتێگەیشتن و نزیك بونەوە و گفتوگۆی شارستانیەتیەكان و كلتوور و دیانەتە جیاوازەكان هەیە.

لەڕووی سەربازیشەوە ئەم سەدەیە سەدەی تەكنەلۆژیاو هۆكارەكانی پەیوەندیە تازە داهێنراوەكانن نەك سەدەی هۆكارە كلاسیكیە سەربازیەكان لەسوپای زەبەلاح و چەك و تەقەمەنی تەقلیدی و ئەو ڕاستیەش لای هەمووان ئاشكرایە كە سەدەی بیست ویەك هێندەی توانای ئابوری و ئالۆ گۆڕی بازرگانی ڕۆڵ دەبینێت لە پەیوەندیە جیهانیەكاندا و دەسەلأت گرتنە دەستی دونیا,هێندە هێزی سەربازی و چەك و تەقەمەنی ڕۆڵ نابینێت . چونكە زۆر هۆكار هاتونەتە ئاراوە كە دەبێت دەسەلأتە سیاسەكان و حكومەتەكان پلان و بەرنامەی ستراتیژی و تاكتیكی سەردەمیانەی وای بۆ دابنێن كە هەمیشە لە گۆڕان و نوێكردنەوەدا بێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەكانی تیرۆری جێهانی و كەمبونەوەی سەرچاوە سروشتیەكانی ( نەوت و كانزاكان و ئاوی سازگار و..هتد) و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆربوونی كارەساتە سروشتیەكان و بەرزبونەوەی پلەی گەرمای زەوی و گۆڕانی كتوپڕی ئاو وهەوای دونیاو تێكچوون و پیسبوونی ژینگە بەگازە ژەهراویەكان و زۆربوونی دیاردەی بەبیابان بوون و كێشەی كونبوونی بەرگە هەوای زەوی





و ...دەیان كێشەی تر كە پێویست دەكات بەدەستە جەمعی و هاوكاری و لێكتێگەیشتنی هەموو ووولأتانی دونیا بەگەورە و بچووكەوە ڕووبەڕوویان ببنەوە وچارەسەریان بكەن نەك بەكردەی سەربازی و ناتەبایی لەگەڵ یەكدا.

بۆیە ئەگەر سەدەی بیست و تائێستاش ئەمریكا ڕابەر و تاك جەمسەر و تاكە زلهێز و چاودێریكەر و دانەری نەزمی نوێی دونیا بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە تاسەر و تاكۆتایی سەدەی بیست و یەك هەیمەنە و دەسەلأتی ئەمریكا بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە . چونكە هەر لەئێستاوە چەندین وولأتی گەورەو بچووك كەوتونەتە سەركێشی و هەوڵی دەرچوون و ڕزگاربوون دەدەن لە دەسەلأت و هەیمەنەی ئەمریكی و هەوڵی پێكەوەنانی هاوپەیمانی و تەكەتولاتی ئابوری و سیاسی و سەربازی دەدەن . مێژووش و سەدەكانی ڕابووردووش چەندین شارستانی و ئیمپڕاتۆریەتی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە و لەتواناو هێزو دەسەلأتدا لەسەردەمی خۆیاندا هیچیان كەمتر نەبوە لە ئەمریكا بەلأم ڕۆژگارێك هاتوە كە بونەتە مێژوو و ڕابووردوو ئەستێرەی بەختیان كوژاوەتەوە و دەسەلأت و هەیمەنەیان بچوك بۆتەوە بۆناو سنورە جوگرافیا دیاریكراوەكەیان . نموونەش هەموو ئیمپڕاتۆریەتەكانی ڕۆمان و ئیغریق و چین و فارس و عوسمانیەكان و ئینگلیز و ...هتد نمونەی زیندووی ئەو ڕاستیەن .

www.dengekan.com

- ئـــەمریکا لـــەدوای دۆزینـــەوەی لەلایـــەن کریـــستۆڤر کۆڵۆمبۆســـەوە لەســـاڵی 1729دا ودروســـت بـــوونی ژیـــان و شارستانیەت لەو وولأتەدا و دواتر گەشەکردنی و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و دەسەلأت و سوپاو بەدەستهێنانی پێشکەوتنەکان وای لێهات ئەستێرەی بەخت و توانا و هێزی ئەمریکا لەسەرەتای سەدەی بیستەوە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵکشان و گەشبونەوە دەچوو , تاوای لێهات لەکۆتای جەنگی جیهانی دووەمەوە بوە ڕابەری دونیای سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەبەرامبەر بلـــۆکی سۆسیالیـــستی ڕۆژهەلأتـــدا و لەئەنجامیـــشدا و دوای نزیکەی 50 سالْ توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و کۆتایی بەجەنگی سارد بهێنێت و نەزمێکی نویْ بۆ جیهان دابنێت و هەیمەنە و دەسەلأتی خۆی بەسەر دونیادا فەرز بکات بەزل هێز و بچووکەکانیشەوە و ببێتە فەرمان بەدەست و بڕیاردەرەی تەنهای دونیا و ماوەی نزیکەی 15 ساڵە بەم شێوەیە دونیا بەویست و ئارەزوو سیاسەتەکانی ئەمریکا بەڕێوە دەچێت .
- ئاشـکرایە تواناکـانی ئـەمریکا لـەڕووی نـەوت و سـامانە سروشتیەکانی ترەو لەلایەك و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بێگانـەکان لـە و وولأتـەداو زۆربـوونی ژمـارەی ناحـەزان و دوژمنانی سیاسەتەکانی لەدونیادا و بوونی مەترسی بەردەوامی تیرۆر لەسەر بەرژەوەندیەکانی و ...هتد وەك و سەدەی بیست





نـەماون و ڕووە و کەمبونـەوە دەچـن کەلـەداهاتوودا پێـشبینی دەکرێـت تـەنها پێویـستیەکانی خـۆی دابـین بکـات و نـەتوانێت هاوکاریـە مـادی و لۆجـستیەکانی درێـژە پێبـدات بـۆ وولأتـانی هاوپـەیمانی و هـەژارەکانی دونیـا و هـەرکاتێکیش ئـەوە ڕوویـدا ئەوا هەیمەنە و دەسەلأتی بچووك دەبێتە وە و دەکشێتەوە بۆ ناو چوارچـێوەی سـنوورە جوگرافیاکـەی خـۆی و ئەگـەر ئـەوەش ڕوویدا دوور نیە کە یەکگرتووی خاك و گەلی ئەمریکا بکەوێتـە بـەر مەترسـی لێـك هەڵوەشـان و هـەر ویلایەتـەی بۆخـۆی ببێتـە وولأتێکی سەربەخۆ بەهۆی جیاوازیان لـە داهـات و دەوڵەمەنـدی و ژمارەی دانیشتوان و سوپا و توانا مرۆیـی و ئابوریەکانیانـەوە بەمـەش ئـەمریکای ئێـستا وەکـو هـەموو ئیمپڕاتۆریەتـەکانی مێـــژووی کـــۆن نامێنێـــت و دەبێتـــە ڕابـــووردوو لەمێـــژووی مرۆڤایەتیدا .لەبەرامبەر ئەم چاوەڕوانی و پێشبینی کردنانەدا بۆ داهاتووی ئەمریکا , پێشبینی ئەوە دەکرێت کە وولأتـی چین (( پڵنگـە نوسـتوەکەی ئێـستا )) لەخـەو ڕاپبـەڕێت و بـەتوانا زەبەلاحـە مرۆیـی و مادیەکانیەوەکـە لـە ئێستادا لەسـەرەتایدایە وبتوانێت جێگە بەدەسەلأت و هەیمەنەی ئەمریکا لێژ بکات .. لە ڕاسـتیداو لـەم زەمەنـەی ئێـستادا تاکـە کێبڕکێـی ئـەمریکا لـە سیاسەت و ئابوری و سەربازی و چوونە فەزا و ...هتدا بریتیـە لە وولأتـی چین.

➢ ئەم وولاٚتە بەژمارە زۆرەکەی دانیشتوانی کە یەکەم وولاٚتە لەڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانیەوە لە دونیادا کە زیاترە لە 1ملیار و دووسەد و هەشتاو چوار ملیۆن کەس بەپێی ئاماری ساڵی 2002و کە لە 56 نەتەوەی جیاواز پێك هاتوە کە گەورەترینیان بریتیە لەنەتەوەی ( هان ) کە ژمارەیان بریتیە لە 1ملیارو 100ملیۆن کەس و بەم پێیەش زمانی ڕەسمی چین بریتیە لەزمانی ئەم نەتەوەیە کە ( مەندرێنە ) و لەپاڵ ئەم زمانەشدا زمانی تری نەتەوەکانی تر لەناوچە جیاوازەکاندا بەکاردێت و ئاینەکانی ( بوزی و ئیسلام و مەسیحی و کۆنفۆشیۆسی ) تیادایە و ڕووبەری زەویەکەی بریتیە لە 9 ملیۆن و 602 هەزار و 716 کیلۆمەتری چوارگۆشە کە سێیەم وولاٚتە لەدونیادا لەدوای ڕوسیاو کەنەداوە وسنوری لەگەڵ 16 وولاٚتدا هەیە و ژمارەی سوپاکەشی 2300000 سەربازە و خاوەنی جبەخانەیەکی چەك و تەقەمەنی و ڕۆکێتی دوورهاوێژو کلاٚوەی ئەتۆمی و ژێر دەریایی و چەکە کۆکوژەکانی کیمیاوی و بایۆلۆژی و چەکی ئەتۆمیشە و توانای چوونە فەزاشیەوە هەیە و پارەیەکی تاڕادەیەك جێگیر و بەهێزیشی هەیە ( یوان ) و خاوەن توانایەکی ئابوری و بازرگانی و کانزا سروشتیەکان و ئاوی سازگار و دارستان و لەوەڕگاو زەویەکی پان و بەرینی کشتوکاڵیەو هەروەها خاوەن پێشینە و مێژوویەکی پڕ





سەروەرییە لە شارستانیەت و کلتورێکی دەوڵەمەندیشی هەیە ولەساڵی 1949/10/1 بەڕەسمی دامەزراندنی کۆماری گەلی چین وەك کۆمارێکی شیوعی ڕاگەیەنرا و سیستەمێکی تاڕادەیەك داخراو وتاك حیزب و توتالیتاری تیادا چەسپیوە و لە بلۆکی سۆسیالیستی ئەو کاتەشدا ڕۆڵ و کاریگەری هەبوە و لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانیشەوە لەساڵی 1991دا گەورەترین وولاٚتی سۆسیالیستی بوو کە توانی خۆی ڕابگرێت لەبەردەم باهۆزی گۆڕانکاری و دیموکراسیەکاندا کە دونیای دوای شەڕی ساردی گرتەوە و زۆرێك لە سیستەمە شیوعیەکان ڕووخان و بەرەو فەنا چوون چوون و ئاسەواریان نەما, بەلاٚم چین بەسیاسەتێکی هێمنانە و میانڕە و وورد توانی بەردەوامی بدات بەڕەوتی پێشکەوتن و داهێنانەکانی و سووربێت لەسەر سیاسەت و ئایدۆلۆژیای چەپی خۆی و لەئێستادا بۆتە یەکێك لە زلهێزە ئابوری و پیشەسازیەکانی دونیا و لەهەموو بازاڕەکانی جیهاندا کالاٚو بازرگانی ئامادەیی هەیە و توانویەتی نەك هەر کێبڕکێی ئەمریکا بکات بەڵکو مەترسیەکی گەورەشی لەسەر داهاتووی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دروست کردوە . چونکە چین پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و تاڕادەیەك زۆرباشی لەگەڵ سەرجەم وولاٚتە گەورەو بچووکەکانی هەموو کیشوەرەکانی ئاسیای دراوسێی و عەرەبیە ئیسلامیەکان و ئەوروپا

www.dengekan.com

مەسیحیەکان و ئەمریکای لاتین و ئەفریقیای هەژار هەیە . سیاسەتی نەرم و نیان و دوور لە خۆسەپاندن و چاوسوورکردنەوەی چین وای کردوە کەکەمترین مەترسی دروست ببێت لەسەر بەرژەوەندیەکانی لەدونیادا لەم سەردەمەی کە تیرۆر هەڕەشەی دروست کردوە لەسەر زۆرێك لەبەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئەمریکا . چین توانیویەتی کە هەم سەرچاوەی باش بۆ بەرهەمەکانی دابین بکات و هەمیش بازاڕێکی فراوانیش بدۆزێتەوە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی و چالاکیە سیاسی و ئابوری و ..هتد بەگشتی ڕوو لەهەموو جیهان کردوە و بەتایبەتیش ڕووە و کیشوەری هەژار و دواکەوتوو برسی و گەوزاو لەشەڕی ناوخۆدا , بەلاّم دەوڵەمەند بە سەرچاوەی کەرەسە خاوەکان و زۆری ژمارەی دانیشتوانی کە ئەویش کیشوەری ڕەش پێستەکانی ئەفریقایە .

- لەڕۆژانی 6/18 و بۆماوەی زیاتر لە 10 ڕۆژ سەرۆك وەزیرانی چین سەردانێکی بۆ ئەم کیشوەرە کردو لە 3 وولاّتی گرنگدا چەندین ڕێکەوتننامەی لەبواری وزە و بازرگانی و دیپلۆماسیدا ئیمزاکرد کە ئەوانیش وولاّتانی میسر و غاناو کۆنغۆ بوون کەئەم سێ وولاّتە هەریەکەیان لەڕوو سیاسی و ئابوری و بازرگانیەوە گرنگی خۆیان هەیە هەرچی میسرە



www.dengekan.com



دەروازەی ئەم کیشوەرەیە و هەردوو دوورابیە عەرەبی و ئیسلامیەکەشی هێندەی تر گرنگیەکەی زیاد کردوە بۆ چین و ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و بازاڕێکی پڕ فرۆختیشە .هەرچی وولاّتی غانا یە کە لەساڵی 1960وە پەیوەندی لەگەڵ چیندا هەیە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەکانی وزە لە یۆڕانیۆم کە سووتەمەنی سەرەکیە بۆ کورە ئەتۆمیەکان و هەرچی وولاّتی کۆنغۆشە دەوڵەمەندە بە کانزای سروشتی مس و ئەڵماس و ئاڵتون و ...هتد بەم شێوەیە چین هەوڵ دەدات کە جێگە پێیەکی قایم و پتەو بۆ خۆی بکاتەوە لەم کیشوەرەدا.

- ئاشکراشە کیشوەری ئەفریقای ڕەش پێست کیشوەرێکی هەژار و دواکەوتووە بەهۆی برسێتی و شەڕی ناوخۆ و کارەساتە سروشتیەکان و نەخۆشیەکانی ئیبۆلا و ئایدز و ..هتد بەلاّم دەوڵەمەندە لەهەموو کەرەسە خاوو کانزا سروشتیەکان و دارستان و لەوەڕگاو تائێستاش زۆر جێگە هەیە کە دەستی تەکنەلۆژیاو وەبەرهێنانی بەر نەکەوتوە و بە بایاری ماوەتەوە و داهاتووی ئەم کیشوەرە داهاتویەکی گەشە سەندوو دەبێت بەوەی کە ئاڕاستەی بەرژەوەندیەکانی هەموو زلهێزەکان بۆ ئەم کیشوەرە دەچێت هەر لە ئەمریکا و ئەوروپا و چین و ڕووسیاو یابان و ...هتد و کۆمپانیا گەورە فرە نەتەوەییەکان وەبەرهێنانی گەورە لەو کیشوەرەدا دادەمەزرێنن چونکە هەم

دەستی كاری هەرزانە و هەمیش بازاڕێكی فراوانە . ئەمریكا لە ئێستادا و دوای چەندین ساڵ پشتگوێ خستنی ئەم كیشوەرە ئێستا هەوڵی جدی دەدات بۆئەوەی ڕووە و ئەو كیشوەرە بكرێتەوە وچەندین سەردانی سەرۆكی ئەمریكاو وەزیرەكانی دەرەوەی و بازرگانی و خەزێنەی ئەمریكا بۆئەو كیشەوەرە ڕاستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن ..

➢ لەم ڕاستیانەی سەرەوە لەوە تێدەگەین كە سەدەی بیست و یەكەم بەتەنها بۆ ئەمریكا نابێت و ناتوانێت درێژە بە هەیمەنە و دەسەلأت و خۆسەپاندنی بدات بەسەر دونیادا وەك تاك جەمسەر و بڕیار بەدەستی بێ هاوتا ئەگەر سووربێت لەسەر پەیڕەوكردنی ئەم سیاسەتی چاوسووركردنەوە و كردە سەربازیانەی , بەڵكو چەندین جەمسەر و هاوپەیمانی بەهێزی بۆ دروست دەبێت كە ململانێی لەگەڵدا دەكەن . وولأتی چینیش یەكێكە لەو جەمسەر و كێبڕكێی سەرەكی و بەهێز و بەتوانایەی كە دەیەوێت ئەگەر سەدەی بیست و یەكەم نەكاتە هی خۆی ئەوا بەدڵنیاییەوە ئایندە و ئەم سەدەیە لەگەڵ ئەمریكادا بەش دەكات و دەبێتە شەریكێكی بەهێز و ئەستێرەی بەختی ئەمریكاو دەسەلأتە خۆسەپێنە بێزراوەكەی بەرەو ئاوابوون دەبات و ڕۆژگاری داهاتووش زامنی وەدی هاتنی ئەم پێشبینیانە و سەلماندنیانە ..



www.dengekan.com



➢

--------------------------------------------------------

* ئەم ووتارە لەسایتی ئینتەرنێتی كوردوستان پۆستی بەرواری 2006/7/16دا بلأوكراوەتەوە

## دواین قەڵای شیوعیەت لە ئەمریکای لاتیندا بەرەو هەرەس و ڕووخان دەچێت...*

❖ ژمارەیەکی بچووك کە لە 82 کەس تێپەڕیان نەدەکرد و لەساتەوەختێکدا بزیسکەی شۆڕشی چەکدارییان لە وولاَتێکی بچووکی وەك کوبادا و لە کیشوەرێکی دواکەوتوو و ژێردەستە و چەوساوەی وەك ئەمریکای لاتیندا بەرپاکرد هیچ کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەکاتێکدا کە ئەو وولاَتە و هەموو کیشوەرەکەش بە باخچەی دواوەی ئەمریکای قەڵای سەرمایەداری دادەنرا. ئەو ژمارە کەمەی شۆڕشگێڕان لە 1956/12/2دا کەنارەکانی مەکسیکیان بەجێهێشت بە بەلەمی( جراغا) ڕوەو سنورەکانی کوباو لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وولاَتەدا دابەزین و تووشی شەڕو پێکادانێکی قورس بوون لەگەڵ هێزەکانی دیکتاتۆری کوبا (( فۆلهنیۆ باتیستا )) کەلەساڵی 1950وە ببوە دیکتاتۆرو لەئەنجامدا تەنها 22 شۆڕشگێڕ مانەوە و کەوتنە خۆڕێکخستنەوەی هێزەکەیان لەچیای (( سیرا مایسترا )) ی بەناوبانگ بەرەو قوڵایی خاکی کوبا و دەستیان دایە شەڕی گەریلایی و لەماوەیەکی کەمدا توانیان بەسەدان و هەزران ئەندام و لایەنگر بۆ شۆڕشەکەیان



www.dengekan.com



پەیدا بکەن وبەرامبەر هێزی سوپای 40000 کەسی دیکتاتۆر بجەنگێن و لە بەرواری 2/یەنایەری /1959 توانیان بچنە ناو هاڤانا پایتەختەوە و لەئەنجامدا دیکتاتۆر هەڵهات بۆ دۆمێنیکان و بەمەش شۆڕشی کوبای شیوعی سەرکەوتنی بەدەستهێنا .و ئەو ڕۆژە بۆ خۆی ڕۆژێکی گەلێك مێژووی بوو وە دەسپێکی قۆناغێکی نوێی یەکلاکەرەوەش بوو لەمێژووی ئەو کیشەوەرەدا , بەتایبەتیش کە لەکاتێکدا بوو کە سەرەتای جەنگی ساردی نێوان دووبلۆکی سۆسیالیسی ڕۆژهەڵات و بلۆکی سەرمایەداری ڕۆژئاوا بوو . کاتی کێبڕکێی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا بوو بۆ چوونە ناو فەزای خاریجیەوە و سەرەتای ڕۆژگارێکی نوێی ڕزگاری نیشتیمانی گەلانی ژێردەستەو چەوساوە بوو لە هەموو دونیادا . لەماوەیەکی کەمی چەند ساڵەدا ئەم ژمارە کەمەی شۆڕشگێڕان بوونە سەدان و هەزاران شۆڕشگێر و لەهەموو وولاَتانی ناوچەکەوە هاوکاری و پشت و پەناو لایەنگریان بۆ زیاد بوو , ئەم کۆمەڵە شۆڕشگێڕە پەروەردەی بیروباوەڕی مارکس لینینی و ئیشتراکیەت بوون و تامەزرۆی دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆی شیوعیەت بوون . هەربۆیەش وورە پۆڵاین و چاونەترس و سڵنەکەرەوە بوون لەمەرگ و هەموو مەترسیەکان و هەموو هەڕەشەو گوڕەشەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرو تاکرەوەکانی ناوچەکە بەسەرکردایەتی

ئەمریكای زلهێز و بالادەست . لەناو ئەم كۆمەڵە شۆڕشگێڕەدا 2 لاوی خوێن گەرم و بە حەماس و ووره پۆلاین هەبوون كەئەوانیش ((ڤیدلْ كاستۆر ڕوز و شۆڕشگێڕی بەناوبانگی دونیا دكتۆر ئەرنستۆچیْ جیڤارای بەڕەگەز ئەرجەنتینی )) بوون كە هەردووكیان لەو سەردەمەداو تائێستاش لای هەزارن كەس و پارت و شۆڕشگێڕ بونەتە ڕەمز و سومبلی شۆڕشگێڕان و خەباتكەری دژی سەرمایەداری . ئەو دوولاوە كەتەمەنیان لەوكاتەدا تەنها 30 بەهار بوو توانیان ڕابەرایەتی ئەو شۆڕشە بكەن و بتوانن لەساڵی 1959دا سەركەوتنی یەكجارەكی بەسەر دەسەلاتی سەپێنراو چەوسێنەردا زالْ ببن و تەخت و تاجی تێك بدەن و ئیدی لەوكاتەوە كوبا بوە كۆمارێكی شیوعی بەهێز بەپشتیوانی هەموو بلۆكی سۆسیالیستی و بەتایبەتیش یەكێتی سۆڤیەتی جاران بەهەموو توانایەكی مادی و لۆجستییەوە و لەهەمووبوارەكانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتدوە هاوكاری و پشتیوانیەكی گەورەی لێدەكرد . كاسترۆ بوە یەكەم سەرۆك كۆمار و هەر لەوكاتەشەوە بوە ناسنامە و ڕەمزی كوباو ناوی لەگەلْ كوبادا هەمیشە وەك دوانەیەك دەهاتنە گوتن و بوون . كوباو كاسترۆ بەدرێژایی ئەو تەمەنەی كە پێكەوەن گەلێك جاران ڕووبەڕووی مەرگ و پیلانی لەناوبردن بونەتەوە دیارترینیشیان ئەوەبوو كە ئەمریكا لەساڵی 1961دا ویستی





هێرش بكاتە سەر كوبا بەلام لەبەرامبەردا یەكێتی سۆڤیەتیش هەڕەشەی كردو ڕۆكێتی بالیستی لە دورگەی (( بەرازەكاندا )) لەكوبادا جێگیركردو لەئەنجامدا ئەمریكا كشایەوە و بەمەش هێندەی تر كوباو كاسترۆ ناوبانگیان پەیدا كردوو بونە خاوەن هێز و توانایەك كە زۆربەی گەلانی ناوچەكە و شۆڕش و خەباتگێڕانیان كردبویاننە پشت و پەنای خۆیان و هەرواش بوو چونكە كوبا بوە یەكەم پێگەی شیوعیەت لەو كیشوەرەدا و لەوێوە ئایدیاو فكری ماركس لینینی بلاوبۆوەبەهەموو كیشوەرەكەدا و شۆڕش و خەباتی چەپ و شیوعیەت دەستی پێكرد لەزۆر وولاتی وەك نیكاراگوا و سلڤادۆر و بۆلیڤیاو پیرو كۆستاریكاو مەكسیك و چیلی و...هتد .. هەربۆیەش ئەمریكا هەمیشە لەپیلانگێڕان بوو بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشانە و هەمیشە دژە شۆڕش و شۆڕشی چەواشەی بەرپا دەكرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازەكان . كاسترۆ لەتەمەنیدا و لەماوەی 47 ساڵی حوكمیدا زیاتر لە 30 جار پیلانی كوشتن و تیرۆركردنی دراوە لەلایەن دەزگا جاسوسیەكانی سی ئای ئەی ئەمریكاوە بەلام ڕزگاری بوە و توانیویەتی درێژە بە سیاسەت و حوكم و دەسەلاتی تاك ڕەو وئیشتراكیەتی خۆی بدات . كاستۆر لەساڵی 1991دا كە یەكێتی سۆڤیەتی جاران كە پشت و پەنای هەموو وولاتانی

www.dengekan.com

شيوعيەت بوو لە دونيادا و بەتايبەتيش كوبا كاتێك هەڵوەشايەوە و سيستەمێكى نوێى جيهانى هاتە گۆڕێ بەرابەرايەتى ئەمريكا و لەگەڵ خۆيدا باهۆزى ديموكراسى و ئازادى و مافەكانى مرۆڤى هێنا و بوە مايەى ڕووخان و سەرەونگوم بوونى زۆرێك لە ڕژێمە شيوعيەكانى دونيا , ئەم توانى خۆى ڕابگرێت و بچوكترين گۆڕانكاريشى لەشێوازى حوكم و دەسەڵاتيدا نەكردو بەهەمووو شێوەيەك بەرەنگارى ئەو گۆڕانكاريە ئەمريكاييەى كردو توانى وەك قەڵايەكى بەهێز و پتەو خۆڕاگرى شيوعيەت بمينێتەوە و دژايەتى سياسەتەكانى ئەمريكاش بكات . كاسترۆ هەرچەندە سەركۆمارێكى ووڵاتێكى بچووكى وەك كوبا بووكە گەورەترين دورگەى بەحرى كاريبيەو لەساڵى 1492دا لەلايەن كريستۆڤەر كۆڵۆمبسەوە دۆزرايەوەو تەنها 145كم لەولايەتى فلۆريداى ئەمريكاوە دوورە كە ڕووبەرەكەى تەنها ( 100860 ) كم2 و ژمارەى دانيشتوانى ( 11184023 ) مليۆن كەسە و خاوەن ئابوريەكى بێهێز و كۆمەڵگايەكى دواكەوتووش بوو بەڵام توانى بەهۆى سياسەتى پشت بەخۆبەستن و جێبەجێكردنى ئيشتراكيەتێكى تاڕادەيەك سەركەوتوو بتوانێت بژێوى دانيشتوانەكەى دابين بكات و بەسەر هەموو كێشە و گرفتە ئابوريەكانيدا سەربكەوێت كە تەنها ئابوريەكەى پشت دەبەستێت بە بەرهەمى ( شەكرو توتن و شيرو





تەختە و ئيسفنج وپێستە و كانزاكانى ئاسن و مس و نيكڵ و كرۆم و باريۆم ) و تائێستاش لەناو زۆرينەى گەلەكەيدا خۆشەويستەو و ژمارەيەكى كەمى ئۆپۆزسيۆنى لە ئەمريكادا بۆ دروست بوە , كاسترۆ لەسەر بنەماكانى بيروباوەڕەكانى شيوعيەت كە بڕواى بە ديكتاتۆريەتى پڕۆليتاريا هەيە بوە تاكە ڕابەر و تاكە بڕيار بەدەست و بەدرێژايى 47 ساڵى دەسەڵاتى تەنها يەك حيزب و يەك سياسەت و يەك ئايديا ويەك مۆدێلى حوكمى بەرجەستە كردوو ڕێگەى بەهيچ ئازاديەكى بيرو ڕاو ڕۆژنامە و كارى سياسى نەداوە كە هەموو ئەمانەش وايكردوە كە بە ديكتاتۆر ناوزەد بكرێت و كاسترۆ تائێستاش هەر لەسەر مۆدێلى حيزبى پێشڕە و ڕابەرى بێ هاوتا لەوێنەى ماوتسى تۆنگ و ستالين و ئەنوەر خۆجە و چاوچيسكۆ و صدام حسێن حوكم دەكات و گوێ بەهەموو ئەو گۆڕانكارى و داهێنانە زانستى و تەكنەلۆژياو بەجيهانكردنى دونيا نادات و هەمووى بە بيدعەى ئەمريكا دەزانێت.

- ❖ لەئێستادا و دواى 47 ساڵ لە حوكم و دەسەڵات ولە 8/13 يشدا تەمەنى 80 ساڵ تەواو دەكات , كاسترۆ كاسترۆكەى جاران و دەيەكانى شەست و حەفتاكانى سەدەى بيست نەماوە و ئەو هەرچەند توندڕەو و دەمارگيريەكەى جارانى ماوە بۆ ڕێباز و ئايدياى شيوعيەت و هەميشە بە جگەرە

www.dengekan.com

بەناوبانگە کوبیەکەی و جلە زەیتونیەکەی و ڕیشە درێژەکەیەوە دەردەکەوێت بەڵام بێهێز و لاواز و جەستە پوکاوە لەجاران و لەم چەند ساڵەدا چەندجارێك تووشی نەخۆشی و قاچ شکان و عەمەلیات کردن بۆتەوە کە دواجاریان لەڕۆژی 2006/7/31دا بوو کە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا بۆ عەمەلیاتێك لە ڕیخۆڵە باریکەیدا و پێویستی بەچەند هەفتەیەکیش ئیسراحەت دەبێت و بۆیەکـــــەم جـــــاریش لەتەمەنیـــــدا هەموودەسەڵاتەکانی(( سەرکردایەتی حیزب و فەرماندەی گشتی سوپاو سەرۆك کۆمار )) بەشێوەیەکی کاتی دایە برا بچوکەکەی ( ڕائۆل ) کە تەمەنی 75 ساڵە. کەئەم کارەی سەرەتای کۆتای و دووركەوتنەوەی کاسترۆ دەگەیەنێت لەحکوم و دەسەڵاتدا و دەسپێکی قۆناغێکی نوێش دەبێت بۆ کوباو ناوچەکە و کیشوەری ئەمریکای لاتینیش و کوبای دوای کاسترۆ بەدڵنیاییی کوبای سەردەمی کاسترۆ نامێنێتەوە و ڕووخان و مردنی کاسترۆ دەبێتە مایەی لێك هەڵوەشانەوەی وولاتی شیوعی کوبا کە کاسترۆ هەموو تەمەنی لە پێناویدا گوزەراندو خەوەنوچکە و خەباتی لەپێناویدا کرد . پرۆسەی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ڕاناوەستێت و بەردەوام دەبێت گەرچی هەندێك جار دوادەکەوێت . بەڵام سەرەنجام هەر دەسپێدەکات و هەموو ڕێگری و بەربەستەکان دەپلیشێنێتەوە و لەرەوتی سروشتی



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

خۆیدا بەردەوام دەبێت , نەمانی کاسترۆ مانای نەمانی ڕژێمی شیوعیەت و هەموو دام و دەزگاکانی حوکمەتەکەیەتی چونکە سیتسمە دیکتاتۆرە تاك ڕەوەکان ڕابەرو سەرکردە هەموو شتێکە و بەنەمانی ئەویش وەك شێرە بەفرینە هەمووی دەتوێتەوە . لەئێستاشدا هەموو دونیاو بەتایبەتیش ئەمریکا بە وریای و دڵخۆشیەوە چاوەڕوانی مەرگی کۆتایی کاسترۆ و کوبای دوا قەڵا بەهێز و دێرن و پتەوەکەی شیوعیەت دەکات لەو کیشەوەرەدا وخۆیان ئامادەکردوە بۆئەوەی گۆڕانی گەورە و دیموکراسیەت لەو وولاتەدا بچەسپێنن وبڕی 59 ملیۆن دۆلاری تەرخانکردوە بۆ ئەو مەبەستە و بۆئەوەی هەتاهەتایش ئیسراحەت بکەن لە ترس و دڵەڕاوکێی کاسترۆو کوبا , بەمردن و لەناوچوونی شیوعیەتی کوباش هەموو بزوتنەوە شیوعی و چەپەکانی ئێستای ئەو کیشوەرە زەرەرمەند دەبن کە لەئێستادا لەسەر دەستی هۆگۆ شافێز و ژمارەیەك سەرکردە و پارتی چەپ لەو کیشوەرەدا ڕابەرایەتی دەکرێت دژ بەسیاسەت و هەیمەنە و دەسەڵاتی ئەمریکا و تاڕادەیەکیش لە ڕووی سیاسی و ئابوریشەوە بەهێزن و هاوکار و پشتیوانیشیان لەدونیادا بۆ پەیدابوە کە ڕەنگە ئاینەدەی ئەو کیشەوەرە بە ویست و ئارەزوەکانی ئەمریکا نەمێنێتەوە لەئەنجامی ئەم دژایەتی و ململانێیە نوێیەدا . .

www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

* ئەم ووتارە چانسی بلاوکردنەوەی لە گۆڤارو سایتەکاندا بەرنەکەوتوە.

## پۆتین

## و

## ڕاگەیاندنی جەنگێکی ساردی دیکە .....*



www.dengekan.com

- لەبەرواری 2006/5/10 دا ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی ڕووسیای فیدڕاڵ لەبەردەم دۆمای ڕووسیادا ووتارێکی دا و تیایدا سیاسەتی وولاَتەکەی لەمەڕ زۆر لە کێشە هەنوکەیی و گەرمەکانی دونیا ڕوونکردەوە .ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە دەربارەی سووریاو ئێران ڕایگەیاند.
- دەربارەی سووریا ووتی ((ئێمە ناڕازین کە بڕیارێکی تری نوێ دژی سوریا دەربچێت )) و دەربارەی ئێرانیش ڕایگەیاند (( کە ڕازی نین بڕیارێك دەربچێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵتیەوە لەژێر بەندی (7)ی یاسای نەتەوە یەککگرتوەکاندا کە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ڕێگە پێدەدات بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە ئەتۆمیەکەی ئێران )) لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو کە لە درێژەی ووتارەکەیدا باسی لێوەکرد ئەویش ئەوەبوو(( کە ئەمریکا دەیەوێت دیوارێکی بەرگری بۆخۆی دروست بکات ,ئەوا ئێمەش مافی خۆمانە کە ئەو دیوارە دروست بکەین و بەرژەوەندیەکانمان بپارێزین و ڕاشیگەیاند کە هێشتا کێبڕکێ و پێشخستنی چەك کۆتایی نەهاتوە ))

بەم ووتانەی پۆتین جەنگێکی تری ساردی لە دونیادا ڕاگەیاند لە نێوان خۆی و ئەمریکادا کە گۆڕەپانی ململانێکانیشیان



www.dengekan.com



هەموو وولاَتانی دونیایە .ئاشکرایە ڕووسیای فیدڕاڵ میراتگری هەموو چەك و تەقەمەنی و کارخانە و تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و سەربازی یەکێتی سۆڤێتی جارانە .بەلاَم ئابوریەکی بێهێز و گەندەڵیەکی زۆر و برسێتی و هەژاری ڕێگەی پێنادەن جارێکی تر وەك هێزێکی گەورەی دونیا ڕۆڵی خۆی ببێنێت . بەلاَم بەئاسانیش وازناهێنێت کە پەراوێزبخرێت و حسابی بۆ نەکرێت و لەهەر چوار لاوە گەمارۆ بدرێت و وولاَتە دۆست و هاوپەیمانەکانیشی ڕۆژ دوای ڕۆژ لەناوببرێن و لەجێیاندا حکومەتی سەر بەئەمریکا و ڕۆژئاوا دروست بکرێن .

هەربۆیە ئەوەی ئەمریکا دژی بێت ئەم لەگەڵیدایە و هاوکاری و پشتیوانی لێدەکات ,ئەوەتا سووریا هاوپەیمانی دێرینی کەوتۆتە بەر شالاَوی ڕۆژئاوا و بەهەر شێوەیەك بێت ئەوروپا و ئەمریکا دەیانەوێت ڕژێمی سووریا بگۆڕێت ,کەچی ڕووسیا ڕازی نابێت .

هەرچی کێشەی ئەتۆمی ئێرانیشە کە هەر لە سەرەتاوە ڕووسیا هاوکارو پشتیوانی بوە و یەکەم سەرچاوەی وەدەستخستنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئەتۆمی بوە بۆ کورە ئەتۆمیوکانی ئێران و لە ئێستاشدا قۆناغی زۆر پێشکەوتووی بڕیوە لەبواری دروستکردنی چەکی ئەتۆمیدا و ئێران ڕازی نیە کە لەو پرۆژە گرنگە چارەنوسسازە پاشەکشە

بکات و ئەو هەموو خەرجیەشی بەفیڕۆ بڕوات و نایەوێت بە سانایی تەسلیمی داواکاریەکانی ئەمریکا وئەوروپا ببێت . کەچی ڕووسیا پشتیوانی لێدەکات و ڕێگە نادات کە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بڕیارێکی دژ بە ئێران دەربچێت ،بۆ ئەوەی ئێران وەك بەربەستێك وابێت لە بەردەم بەرنامە و پلانەکانی ئەمریکادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا و پێشڕەویەکەی ڕابگرێت بەرەو ڕووسیا .

ڕووسیا لە ساڵی 1991وە هەستی بەلاوازی خۆی و سیاسەت و بەهێزی ئەمریکا کردووە لە دونیادا و نیەت و بەرنامەکانیشی دەخوێنێتەوە بۆ پاوانکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بۆ خۆی .ئەوەتا هند و پاکستان بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕازی بوونی ئەمریکایان وەرگرتوە لەسەر چەکە ئەتۆمیەکانیان .هەرچی ئەفغانستانیشە بۆتە پێگەیەکی گەورەی ئەمریکاو و ولاتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش هەریەکە بەجۆرێك لە فەلەکی ئەمریکادا دەسوڕێنەوە و یابان و کۆریای باشوریش دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکان و ،وولاتی چینیش لە ئێستادا نایەوێت لەگەڵ ئەمریکادا گرژی دروست بکات . ئاشکراشە سەرجەم وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەموویان ملکەچی بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەمریکان و



www.dengekan.com



هیچیان لاملی ناکەن .ئەوەی دەمێنێتەوە سوریاو ئێرانە کە بەڕووکەش دژایەتی ئەمریکا دەکەن و ڕووسیاش پشتیوانیان لێ دەکات .کە هەرسێکانیان کەوتونەتە دورگەیەکەوە کە لەهەر چوار لاوە گەمارۆ دراوە بە وولاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا .

بۆیە ڕووسیا جارێك ڕوو دەکاتە ئەوروپا و جارێکی تر بۆ وولاتانی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا و جارێکی دی بۆ ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین و ..هتدبۆ ئەوەی درزێك یا کەلێنێك بدۆزێتەوە و خۆی لەو گەمارۆو بچوك بونەوەیە ڕزگار بکات , بۆیە هەتا بۆی بکرێت پشتیوانی و هاوکاری کۆنە هاوپەیمانەکانی دەکات و دەیەوێت شێوە هاوپەیمانیەکی دونیای دژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دروست بکاتەوە لەگەڵ وولاتانی (( فەنزەوێلا و ئێران و کوبا و سوریاو کۆریای باکور و ...هتد ))وەك ئەوەی لە سەردەمی جەنگی ساردی دوای شەڕی جیهانی دووەم دروست ببوو لەنێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا .بەڵام ئەم حساباتەی ڕووسیا بەهەڵەدا دەچێت چونکە سەردەم و گۆڕانکاریەکان زۆر گۆڕاون و پێشکەوتوون .و ڕووسیاش خۆی توانای جارانی نەماوە و ناتوانێت بەم کارانەی گرەو بباتەوە هەروەك چۆن لە سەدەی ڕابووردودا نەیتوانی و شکستی هێنا و هاوپەیمانێتیەکەی لەبەر یەك هەڵوەشایەوە .ئەو وولاتانەی کە ڕووسیا هاوکاریان

دەكات بۆ خۆیان لەناو گەلەكانیاندا پێگەیەكی بەهێزی جەماوەریان نیە و گەلەكانیان زۆر بەداخن لێیان و لە هەلێك دەگەڕێن كە بیانڕووخێنن .هەمیشە ڕووسیا هەر لەكۆنەوە بەهەمان سیاسەت مامەڵەی لەگەڵ گەلان و شۆڕشگێڕەكاندا كردوە و تا دوا هەناسە پشتیوانی لە دیكتاتۆر و زاڵمەكان كردوە و دواتر كەزانیویەتی ڕووخانیان حەتمیە ئەوسا بایداوەتەوە بەلای گەل و شۆڕشگێڕەكاندا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆی لەناوچەكەدا .بۆیە هیچ كاتێك ڕووسیا جێگە متمانەی گەلانی ژێر دەستە نەبوە .ئیدی پۆتین لە ئێستادا دەیەوێت چی بكات و چیش بەدونیا بلێت بەهاوكاری ووڵاتانی شەڕەنگێز و كۆنە پارێز و دیكتاتۆر و تیرۆریستەكان.

- ئاشكرایە دونیای ئێستا دابەشبۆتە سەر دووبەرەی دژ بەیەك بەرەی تیرۆریستان و دژ بە تیرۆریستان .جا ڕووسیا بەپشتیوانی كردنی لە ووڵاتانی داڵدەیەری تیرۆریستان خۆی دەخاتە ئەو بەرەیەوە كە هەموو دونیا دژایەتی دەكات و بەمەش هێندەی تر هەڵوێست و پێگە و خیتابی لەدونیادا بێهێز و لاواز دەبێت و خۆی دەكاتە دوژمنی هەموو گەلان و هێندەی دیش دونیا ڕووبەڕووی كاولكاری و وێرانكردن و جەنگ دەكاتەوە .و ئاشتی و





ئارامی دونیاش تێك دەدات و ئایندەی مرۆڤایەتیش دەخاتە بەر مەترسیەوە .چونكە دوورنیە لەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا جەنگی جیهانی سێیەم هەڵبگیرسێت و تیایدا چەكی ئەتۆم بەكاربێت و ئەو كاتەش مرۆڤایەتی بەرەو ڕووی مردن و بەفەنا چوونی هەتاهەتایی دەبێتەوە ئەو كاتەش زیان بەر هەمووان دەكەوێت و مێژووش لاپەڕەیەكی ڕەش بۆ ئەو كەس و ووڵاتانە تۆمار دەكات كە دەستیان هەبوە لە هەڵگیرساندنی شەڕەكەداو كاولبوونی جیهان و مرۆڤایەتیدا.

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 182 لە 2006/5/27دا بڵاوكراوەتەوە

www.dengekan.com

## ئەمازیغیەکان کێن

## و

## ئایندەی مەسەلەکەیان بەرەو کوێ ؟*

➢

❖ ئاشــکرایە لەناوچــەی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت و بــاکوری ئـەفریقادا کـە بەزۆرینـە عـەرەب و ئیسلام ناسـراون , گـەلێك نەتەوە و دیانەتی جیاوازی تریش هەن کە لەدێر زەمانەوە لەم ناوچەیەدا ژیاون و خاوەن مێژوو جوگرافیا و زمان و ئاین و کەلتوری تایبـەتی خۆیـانن و هـەموو فاکتـەرەکانی نەتـەوەیان تیادایە و هیچیان کەمتر نیە لەنەتەوە سەردەستەکانی عـەرەب و تـورك و فـارس و ...هتـد. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نەبونەتـە





خـاوەنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی خۆیـان, لـەو گـەل و نەتـەوە و ئاینانـەش (( کـورد لەهەریـەك لـەوولاّتانی عێـراق و سـوریاو ئێـران و تورکیـا و ئـەمازیغ لەهەریەکـە لـە وولاّتـانی لیبیـاو تونس و جەزائیر و مەغریب و قیبتیە مەسیحیەکان لـە میسر و گـەلانی غـەیرە عـەرەب لـە وولاّتـانی سـودان و جیبـۆتی و صۆمال و ..هتد.

➢ ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بریتیە لە گەلی ئەمازیغ بزانین کـێن و کێـشەکەیان چـیە و ئاینـدەیان بـەرەو کـوێ ئاڕاسـتە دەگرێ .....

ئەمازیغیـەکان بـریتین لـە هـاوولاّتی ڕەسـەنی وولاّتـانی باکوری ئەفریقیا لە لیبیا و تونس و مـەغریب و جـەزائیر و ژمارەیـەکی کـەمیش لـە مۆریتانیـاو نەیجـەر و ژمارەیـەکی کەمتریـشیان لـە سـەر سـنووری میـسر ولیبیـا هـەن .دوژمنـانی ئەمازیغیـەکان بەمەبەستی ناوزڕاندن و وەك تۆمەتێکی ناشیرین و قێـزەون بـە (( بەربەر )) ناویان دەبەن و وەك دڕندە و خوێنمژ و شـەرەنگێز ناویان دەهێنن, لەگەڵ ئەوەی کە ئەمازیغیەکان گـەلێکی میـوان دۆست و ڕاستگۆ و خەباتگێڕ و ئـازا و چاونەترسـن لەشـەڕدا , بەهەمان شێوە ڕۆڵ و کاریگەریان هەبوە لەسەر ئەو کۆمـەڵگاو نەتەوانەش کە لەو وولاّتانەدا دەژین لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیـەتی و ئـاینی و ..هتـد و ژمارەیـەکی زۆر کەسـایەتی

www.dengekan.com

ناودارییان تیادا هەڵکەوتوە وەك حەمیدە بەربەری و تاریقی کوری زیاد و شۆڕشگێڕی بەناوبانگ (( دیدۆش )) کە بەدەستی فەرەنسیەکان شەهید کراو چەندان کەسایەتی تریش کە بونەتە سیمبولی ئازادی و خەباتگێڕی و کاریگەریان هەبوە لەداهێنان و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایانەدا.

گەلی ئەمازیغ لەبنەچەدا یەکن بەلاَم لەشێوە دیالێکتی زماندا بەپێی ناوچە و وولاَتەکانیان جیاوازیان هەیە, کەئەمەش بۆ خۆی خاڵی بەهێزی و دەوڵەمەندی زمانەکەیان دەگەیەنێت نەك وەك دوژمنانیان بەخاڵی لاواز سەیری دەکەن.

بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنستی دەوڵەتەکانی ئەو ناوچەیە کە عەقڵی عەرەبی و ئیسلامی تیایدا زاڵە نەتوانراوە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەمازیغیەکان بزانرێت لەبەرئەوە تەنها بەڕێژەیەکی نزیکی مەزەندە کراون بۆ نموونە لە وولاَتی مەغریبدا 45٪ کۆی دانیشتوانن و لە جەزائیر لە 30٪ و لە لیبیادا 200–300هەزارکەس دەبن و لەتونس ژمارەیان نەزانراوە.

ئەمازیغیەکان بەدیانەت هەموویان موسوڵمانن و لەمەغریب و جەزائیردا زۆرینەیان سونە مەزهەبن و کەمێکیشیان شیعەن و لەلیبیادا مەزهەبی ( ئەبازیان )) هەیە و لەتونسدا نازانرێت.



www.dengekan.com



- ئەمازیغیەکان کە خۆیان واپێیان خۆشە ناوبرێن گەلێکی چەوساوە و زوڵملێکراون لەو وولاَتانەی کە تیایدا دەژین و بەهەموو جۆر و شێوازێك قات وقڕیان کراوە و هێرشی لەناوبردنیان بەرامبەر ئەنجام دراوە , زۆریان لەسێدارەدراوە و ڕێگەیان پێ نادرێت کە بەزمان و کلتوری خۆیان بدوێن و مامەڵە بکەن و پۆست و پلە وپایەی ڕەسمی دەوڵەتیان پێنادرێت و تەنانەت ڕێگەشیان پێنادرێت کە ناوی منداڵەکانیشیان بەناوە ئەمازیغیەکان ناوبنێن , بەهەمان شێوەی گەلی کوردیش پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانیان بەرامبەر پەیڕەوکراوە, هەروەك چۆن لەهەرێمی دارفۆری سووداندا (4000) گوندیان خاپورکردوە و بەتەنها لە قوتابخانەیەکدا 64 منداڵیان کوشتوە لەلایەن چەکدارەکانی جەنجەویدی سەر بەحکومەتە ئیسلامی و عەرەبیەکەی سودانەوە .

➢ ئەمازیغیەکان داوای چی دەکەن ؟؟؟؟

لەبەرئەوەی ئەمازیغیەکان خۆیان بەهاوولاَتی ڕەسەن و بنچینەی ئەو وولاَتانە دەزانن و خۆیان بەخاوەن خاك و زەوی دەزانن و عەرەبەکان بەداگیرکەر دەزانن و هیچ کاتێك خۆیان بەکەمایەتی حساب ناکەن لەوولاَتی عەرەبدا بەڵکو عەرەبەکان بەکەمایەتی دەزانن بۆیە هیچ کاتێك داوای دەوڵەتی سەربەخۆ ناکەن بەڵکو ئەو سنوور و وولاَتانەی کە هەیە بەهی خۆیانی دەزانن و

خۆیان زۆرینەن و عەرەبەکانیش کەمینەن و بەپاڵپشتی دەوڵەتی فەڕەنسای کۆنە داگیرکەری ئەو وولاَتانە خۆیان سەپاندوە بەسەریاندا.

ئەمازیغییەکان هەمیشە وەك بورکانێکی خەفەبوو وان و هەرکاتێك توانا و هێز و پاڵپشتیان بۆ پەیدا ببێت ئەوا دەتەقنەوە و کۆمەڵگا و نەتەوەی سەردەستی ئەو وولاَتانە تەفروتونا دەکەن و مافی زەوتکراوی چەندین ساڵەیانیان لێ وەردەگرنەوە .لەو پێناوەشدا دوای چەندین سەدە لەکپکردن و بچوککردنەوەی کێشەکەیان ئەمازیغیەکان کەوتونەتە خۆیان بۆ توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانیان و پێکەوەنانی گروپی فشار و ڕێکخراوی مەدەنی بۆ پەیداکردنی دۆست و پشتیوان لەناوچەکە و دونیاشدا و گەیاندنی دەنگ و ڕەنگیان بەهەموو ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی دونیا.

بۆئەو مەبەستەش چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراویان پێکەوەناوە و لەماوەی 10 ساڵدا بەتەنها لەوولاَتی مەغریبدا لە 7 کۆمەڵەوە بونەتە 80 کۆمەڵە و کەوتونەتە کاری ناڕەزایی و خۆپیشاندان و داواکردنی مافەکانیان, ئەوەبوو لەوولاَتی جەزائیردا و بەتایبەتیش لە هەرێمی (( تیزی ئۆزۆ))دا لەئەنجامی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین دەوڵەتی جەزائیر بەناچاری دانی نا بەبوونی گەلی ئەمازیغ لەو وولاَتەدا , هەوڵ و





خەباتیشیان بەردەوامە بۆناساندن و چەسپاندنی زمانی ئەمازیغی لە خوێندنگە و نوسراوە ڕەسمی و ناوەندەکانی دەوڵەتدا.

- لەکۆتاییدادەڵێین ئایندەی ئەمازیغیەکان و مەسەلەکەیان ڕوون و پرشنگدارەو لەئەنجامی ئەو خەبات و فشارانەی کە دەستیان پێکردوە بونەتە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر دەسەلاَتەکانی ئەو وولاَتانە , بۆیە پێویست بەوەدەکات کەلەم سەردەمەی بەجیهانی بوون و گۆڕانکاریەکاندا ئەو حکومەتانە بیر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەستیارە بکەنەوە بەڕێگەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە نەك بە سەرکوتکردن و جینۆساید کردن, بەتایبەتیش کە ئەو وولاَتانە دەکەونە ناو سنوری جوگرافیای پڕۆژەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورەوە کە ئەمریکا دایڕشتوە بەمەبەستی گۆڕانکاری لەو وولاَتانەدا کە پڕۆژەکە دەیان گرێتەوە کە سەرەتاکەشی بەڕووخاندنی هەردوو ڕژێمەکەی تالیبانی ئەفغانستان و بەعسی عێراقی دەستی پێکردوە و لەئێستاشدا فشارەکان لەسەر ئێران و سوریا و تورکیا بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەکان و دیموکراسی و بەزانستی کردنی ئەو کۆمەڵگایانە .

www.dengekan.com

- جاباشتر وایە کە ئەو وولاتانە (( پێش ئەوەی سەریان بتاشن و ئاوێنەکەشیان بدەنەدەست خۆیان چاکی بکەن )) و بکەونە خۆ بۆئەوەی بەر بەلێشاوی گۆڕانکاریەکان و ڕووخاندنیان بگرن ئەوەش بە سازدانی ڕیفۆرم لەسیاسەت و مامەڵەیاندا دەبێت بەرامبەر بە ئەمازیغیەکان کە لە وولاتەکانیاندا دەژین, بەدڵنیایشەوە ئایندە هەمیشە بۆ گەل و نەتەوە چەوساوە و ژێر دەستەکان دەبێت و ڕۆژێك دێت تەختی کورسی و دەسەلاتی داگیرکەر و زاڵمان تەفروتونا بکرێت و بەرەو زبڵدانی مێژوو تورهەڵبدرێن وەك لەمێژووی خەباتی گەلانی دوور و نزیکدا گەلێك نمونەیی زیندوولەو چەشنە هەن ....

*ئەم ووتارە لە سایتی کوردوستان پۆستی بەرواری 2006/7/20دا و ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4104 لە 2006/10/20دا بلاوکراوەتەوە

کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

## ئەم هەرایە لەسەر کورە ئەتۆمیەکانی ئێران بۆ ؟*

- لەدونیای ئێستادا 440 کورەی ئەتۆمی هەیە و 30 کورەی تریش لە قۆناغی دامەزراندندان و نزیکەی 30 وولات خاوەنی کورەی ئەتۆمین لەدونیادا. و وزەی ئەتۆمی لە 16٪ وزەی کارەبای دونیا پێك دەهێنێت و ئەم وزەیە چەندە لایەنی پۆزەتیڤی هەیە لەڕووی ئابوری و پاراستنی خاوێنی ژینگە و بواری تەندروستی و لێکۆلێنەوەکان و ..هتد ئەوەندەش لایەنی نێگەتیڤی هەیە کاتێك بۆ مەبەستی سەربازی و جەنگ و وێرانکاری دونیا بەکاربێت و ئەم چەکە مەترسیدارترین و کاولکارترین چەکە بۆ سەر ژیان و داهاتووی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم کەونە .ئەگەر بکەوێتە دەست وولات و گروپ و لایەنی توندڕە و تیرۆریستیەوە .
- کورە ئەتۆمیەکان بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی توخمی بلۆتۆنیۆمی 239 بەکاردەهێنن و لەبواری ئاشتیشدا توخمی بلۆتۆنیۆمی 238 و 240 و 241 بەکاردەهێنن و سووتەمەنی سەرەکی ئەم کورانەش بریتیە لە توخمی یۆرانیۆمی 235 کە



www.dengekan.com

دەسکەوتن و گواستنەوەشی ئاسانە لەژێر تەکنەلۆژیایەکی پێشەکەوتوو ووردا.

مێژووی بیرۆکەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ 1939/8/2 دەگەڕێتەوە لەلایەن زانای ئەمریکی ئەلبێرت ئەنیشتاین و توانرا لەلایەن کۆمەڵێك زاناوە و لەماوەی 7 ساڵدا و ڕێك لە 1945/6/16دا یەکەم بۆمبی ئەتۆمی تاقیبکرێتەوە و بۆ یەکلایکردنەوەی جەنگی جیهانی دووەمیش لەلایەن ئەمریکاوە یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لەو جەنگەدا بەکارهات دژی یابان و ئەوەبوو لە 1945/8/6دا یەکەم بۆمب درا بە شاری هێرۆشیمادا و بەناوی (( کوڕی بچکۆلە)) و کێشەکەی زیاتر لە 10 هەزار تەن دەبوو لەکاتی تەقینەوەدا و لە چاوتروکاندنێکدا بوە هۆی کوژرانی 66 هەزار کەس و 69 هەزاری تریش بریندار و لێقەوماو بوون و هەر دوای 3 ڕۆژ و لە 1945/8/9دا بۆمبی دووەمیش درا بە شاری ناگازاکیدا و ئەمیان بەناوی (( پیاوە قەڵەوەکەوە )) بوو کێشەکەشی نزیکەی 10 هەزار تەن و بوەهۆی کوژرانی 39 هەزار کەس و 25 هەزاری تریش بریندار بوون و ئەنجام جەنگەکە کۆتایی هات بەسەرکەوتنی هاوپەیمانان و ئەمریکاو چۆکدادانی یابان .

بەم شێوەیە بۆمبی ئەتۆمی بوە هۆی کاولکاری و دروست بوونی گەورەترین مەترسی لەسەر ژیان و داهاتووی هەموو



www.dengekan.com



مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەوی , ئەم کورە ئەتۆمیانەش هەمیشە لەبەردەم مەترسی لێچوون و بلاوبونەوەی گازی ئەتۆمیدان و لەمێژوودا چەندین کارەسات ڕوویانداوە و لەوانە ڕووداوی کورەی (( پری مایل ئایلاند)) لەنزیك پەنسلڤانیای ئەمریکی لەساڵی 1979دا و کورەی (( چێرنۆبیل)) ی ڕووسیا لە ساڵی 1986دا کەبوونەتە هۆی پیس بوونی ژینگە و مردنی چەندان کەس .

❖ لەم ڕاستیە مێژوویانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمریکا بۆخۆی یەکەم وولآتی بەرهەمهێنی بۆمبی ئەتۆمی بوە و هەرخۆشی یەکەم وولآت بوە کە بەکاریهێناوە و کاولکاری و مەترسی بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام داوە و بوە یەکەم وولآتیش کە تاوانی جینۆسایدی دژی مرۆڤایەتی پەیڕەو کردوە, هەروەها دەرکەوت کە ئەم چەکە گەورەترین مەترسی و کاولکاری بۆ مرۆڤایەتی پێیە .

➢ جێی خۆیەتی بپرسین کە لەئێستادا 30 وولآت خاوەنی کورەی ئەتۆمین بۆچی ڕێگە نادرێت بەهەندێ وولآتی تر وەك کۆریای باکور و ئێران و ..هتد ببنە خاوەنی ئەو چەکە ؟؟ بۆچی ئەم هەموو هەراو بێنە و بەرەیە لەسەر ئێران و کۆریا بەرپا دەکرێت و لەبەرامبەری وولآتی تریشدا بێدەنگەی لێکراوە ؟؟ ئایا هەموو وولآتێك مافی بەدەستهێنانی ئەو چەکەی هەیە ؟ ئەگەر

بەڵێ ئەی بۆچی ڕێگە بەئێران نادرێت تاببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی ؟؟ئایا ئەمە دووڕوویی و دوو پێوەری نیە کە ئەمریکا پەیڕەوی دەکات لە سیاسەت و نەزمی جیهاندا؟؟

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین : مرۆڤایەتی و بەردەوام بوونی ژیان لەسەر ڕووی ئەم زەویە پێویست بەوە دەکات کە هەموو وولاَتان هەوڵی جدی بدەن بۆ پاراستن و ڕاگرتنی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هەوڵبدەن مرۆڤایەتی بەرەو بەفەناچوون و لەناوبردن نەبەن بە کێبڕکێ کردنیان لەسەر بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵ کوژ و کیمیاوی و بایۆلۆژی و ..هتد ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە مافی وولاَتانە کە ببنە خاوەنی چەکی ئەتۆمی لەبواری ئاشتیدا و لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتن وزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەو وزەیە و ..هتد ئەو چەکە بەکاربێنن چونکە هەرزان و کەم تێچووە لەڕوو ئابوری و خاوێنیشە بۆ پاراستنی ژینگە لە پیس بوون..
- بەلاَم ئاشکراشە ئەم چەکە دوو ڕووی هەیە ئەگەر بەدەستێکی ئەمینەوە نەبێت دەکرێت ببێتە هۆی کاولکاری و مەرگەسات بۆ مرۆڤایەتی , سەرەتاش هەموو وولاَتان





ڕایدەگەیەنن کە بۆ مەبەستی ئاشتی بەکاری دەهێنن بەلاَم لە بنچینەدا بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە خۆ بەکاری دەهێنن.

- لەئێستاشدا ئەمریکای زلهێز و تاکە جەمسە ر و تاکە ڕابەری سیاسەتی دونیا و بەپێوەرە تایبەتەکانی خۆی کە هەمووی لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانیدایە ڕێگە بەهەندێ وولاَت دەدات کەببنە خاوەنی ئەو چەکە و هەندێکی تریشی لێ قەدەغە دەکات , ئەم جیاوازیە و ئەم خۆسەپاندنەی ئەمریکا تا ڕۆژی کۆتا نیە و ئەمریکاش تا دونیا هەیە هەر ئاوا بە زلهێزی و تاکڕە و ملهوڕی نامێنێتەوە و دونیای ئایندەش بەرەو فرە جەمسەری و بەرژەوەندی تێکەلاَو دەچێت و سەرمایە و بازاڕ ڕۆڵی گەورەتر دەبینن و هاوپەیمانی و پێکەوەنانی گروپی جیاواز لەدونیادا سەرهەڵدەدات و بڕیاردانیش بەتەنها لای لایەن و گروپێك نامێنێتەوە , هەربۆیەشە ئەمریکا لە ئێستادا بەتوندی دژی هەردوو کورەی ئەتۆمی (( بیونج بیون)) ی کۆریای باکورو (( بوشەهری )) ئێرانە و دەیەوێت بەهەر ڕێگایەك بێت ئەو دوو وولاَتە نەبنە خاوەنی ئەو چەکە . چونکە ئەو دوو وولاَتە بەمەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی خۆی و هاوپەیمانەکانی دادەنێت لەهەردوو

www.dengekan.com

ناوچەی ڕۆژهەلاَتی دوور و ناوەڕاستدا کە دوو ناوچەی زیندوو گرنگ و هەستیارن بۆ ئەمریکا .

- لەم نێوەندەشدا ڕووسیا هاوکاری و پشتیوامی ئەو دوو وولاَتە دەکات ئەویش لەبەرژەوەندی خۆیەوە چونکە ڕووسیاش هەست بەگەمارۆیەکی ئەتۆمی دەکات بۆسەر خۆی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە هندستان و پاکستان و یابان و کۆریای باشور و دەیەوێت ئێران و وکۆریای باکور وەك هاوپەیمانێتیەکی بەرامبەر بە ئەمریکا دروست بکات و ئەو گەمارۆیە لەسەر خۆی سووك بکات و پێگە و بەرژەوەندیەکانی لەناوچەکە و دونیاشدا پەرە پێبدات و بیپارێزێت و بۆ جارێکی تریش بلۆکی ڕۆژهەلاَت و شەڕێکی نوێی ساردی تر لەبەرامبەر ئەمریکاو بلۆکی ڕۆژئاوادا بەرپابکاتەوە بەمەش ڕێگە دەگرێت لە پڕۆژە پاوان خوازی و فراوانخوازیەکەی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورەدا .
- لە ئێستادا گەرمترین مەسەلە لای ئەمریکا کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی ئێرانە و دونیاشی پێوە سەر قاڵ کردوە و ئێرانیش تائێستا سوورە لەسەر هەلوێستی خۆی کە دەستبەرداری بەدەستهێنانی ئەو چەکە نابێت و خۆشی ئامادەکردوە بۆ هەر ئەگەر و ڕووداوێك و لە پێناو هێورکردنەوەی ئەم کێشەیەدا ئەوروپاو دەوڵەتانی دراوسێ



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

و زلهێزەکانی دونیا هەوڵی هێورکردنەوە و خاوکردنەوەی کێشەکە دەدەن و دەیانەوێت ئێران ڕازی بکەن بەوازهێنان لەبەدەستهێنانی ئەو چەکە لەبەرامبەر هەندێك پاداشت و بەڵێنی ئابوری و ..هتد بەلاَم ئێران لەسەر زاری ڕابەری کۆمار و سەرۆك کۆماریشەوە سوورن لەسەر بەدەستهێنانی زانستی سەردەم و چەکی ئەتۆمی و بەمافی خۆشیانی دەزانن..

- لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا چی دەمێنێتەوە لەبەردەم ئەمریکادا کە دژ بەئێران بیکات ؟؟

ئەمریکا دوای ڕاگەیاندنی جەنگی دژە تیرۆر لە دونیادا و ڕووخانی هەردوو ڕژێمەکانی تالیبان و بەعس لە ئەفغانستان و عێراقدا و لەدوای نزیکەی 4ساڵ و نەتوانینی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەو دوو وولاَتەدا و تائێستا بارودۆخەکەی بۆ کۆنتڕۆڵ نەکراوە و بەڵکو گێژاو و فەوزایەك دروست بوە کە ئەمریکا ناتوانێت بە سانایی لێیدەرباز ببێت, ئەمریکا لەئەنجامدا تووشی پشێوی و سەر لێتێکچونێك بوە لە سیاسەت و گوتار و هەڵوێسەتەکانیدا لەدونیادا و هەربۆیەشە لەبەرامبەر ئێراندا دوودڵ و ڕاڕایە و نازانێت چۆن و بە چ ڕێگەیەك دژ بەئێران و بەرنامە ئەتۆمیەکەی بوەستێتەوە . چونکە هێرشی سەربازی و چونە ناوەوەی ئەو وولاَتە ئاسان نیە و ئێران ولاَتێکی گەورەیە لەڕووی مادی و مرۆییەوە و

پێگە و گرنگی خۆی هەیە لەناوچەکەدا و هەر هەڵەیەك لەو پرۆسەیەدا بە زیانی گەورەتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و گێچەڵ و گێژاوێکی ئەوتۆش دروست دەبێت کە کۆنترۆڵکردنی گەلێك زەحمەت دەبێت . بۆیە ئەگەری گەورە و لەپێشینە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئیسڕائیل گورزێکی لەناکاو لە دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران بوەشێنن وەك ئەوەی لە ساڵی 1981دا لەگەڵ عێراق کردیان , لەبەرامبەریشدا ئێران ڕێگە چارە و وەرەقەی خۆی هەیە کە بەکاریان بهێنێت و وەڵامی ئەمریکاو ئیسڕائیلیشی پێبداتەوە .

لەم بارودۆخە نائاساییەدا دونیا چاوەڕوانی ڕۆژانێکی نادیار و تاریك و لێڵ دەکەن کە مەترسی بۆ هەمووڵایەك دەبێت و تەنهاو تەنهاش مرۆڤایەتی زەرەرمەندی گەورە دەبێت و ڕەوتی پێشکەوتن و داهێنانەکان دەوەستن و بۆ دواوە دەگەڕێنەوە و ڕەنگیشە جەنگێکی جیهانی و دوا جەنگیش بێت ڕووبدات و مرۆڤایەتیش لە ئەنجامدا بۆ سەردەمە تاریك و سەرەتایی و دواکەوتوەکان بگەڕێتەوە ..





-----------------------------------

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 184 لە 2006/6/10دا بڵاوکراوەتەوە

www.dengekan.com

لەپەراوێزی تازەترین گۆڕانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا ...

## تورکیای ئەتاتورکی لە عیلمانیەوە
## بەرەو ئیسلامی و لەداهاتووشدا بەرەو .......*

➢ ئاشکرایە کۆماری نوێی تورکیا لەساڵی 1923دا لەسەردەستی مستەفا کمال ئەتاتورکدا دامەزرا و لەماوەی 15 ساڵی حوکمی ئەتاتورکدا بناغەی دەوڵەتێکی عیلمانی بەهێزی داناو لەماوەی ژیانیدا ڕەگ و ڕیشەی هەموو سیماو ڕووخسارو دیاردەیەکی سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانیەکانی هەڵتەکاندو زۆر بەتوندی و بەهێزەوە دژی هەموو هەڵس وکەوت و پاشماوەکانی سەردەمی خەلافەتی عوسمانیەکان دەبۆوە و بەهەموو تواناییەوە دەیویست کە بەرگێکی نوێ بکاتە بەر حوکم و دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکیەوە بەونیازەی کە لەکۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی ئەوروپای نزیك بکاتەوە و ووچانێکی بەهێز و نوێ بداتە کاروانی پێشکەوتنەکان و گەشەسەندنەکان لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و پیشەسازی و سەربازی و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و..هتد وە .زۆر هەوڵیشیدا کە بەرگی ئاین و دیانەت و مەزهەبچێتی لەجۆری سیستەم و حوکم و کۆمەڵگای تورکی داماڵێت و تورکیا بکاتە نموونەیەکی زیندوو



www.dengekan.com



لەناوچەکە و لەدونیای ئیسلامیدا لەبەرەپێشچوون وچەسپاندنی دیموکراسیەتدا وتاڕادەیەکی باشیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بەلأم کەمی تەمەن و دەسەلأتی لەحوکمدا مەودای نەدا کە تەواوی کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت و هەموو پرۆژەکانی لەوپێناوەدا جێبەجێ بکات, لەگەڵ ئەوەشدا توانی کە بەردی بناغەو ڕێچکەیەکی بەهێزی وادابنێت کە تاکو ئێستاش و بەدرێژایی 82 ساڵ تەمەنی ئەم کۆمارە پارێزگاری لە ڕچەو ڕێباز و بنەماو بیروباوەڕەکانی ئەتاتورك بکەن و پەیڕەویشی بکەن و هەمیشەش لە فکر و یادیاندا بەزیندووی و نەمری بمێنێتەوە و نەوە دوای نەوە و هەر لەخوێندنگە سەرەتاییەکانەوە منداڵانیان گۆش دەکەن بە بیرو بۆچونەکانی ئەتاتورك و بە ڕێز و خۆشەویستیشەوە زیارەتی گۆڕی ئەتاتورك دەکەن. بەشێوەیەك کە ئەتاتورك لای تورکەکان بۆتە ڕەمزی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی تورك و بەباوکی تورکی ناودەبەن و ئەم هەموو ڕێز و نەمریەشی لەوکارو خەبات و گیانفیداییەوە دێت کە پێشکەشی نەتەوەی تورکی کردوە ..

بەلأم دوای 73 ساڵ و لەباردودۆخێکی شڵەژاوی سیاسی تورکیادا و تێکچوونی بەلأنس لەنێوان پارتە سیاسیە عیلمانی و چەپەکانیدا و وەرنەگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا و

نائومێد بوونی سەران و جەماوەری تورکیا لەو وەرگرتنە کە تورکیا کۆششی زۆری کرد بۆ وەرگرتنی بەئەندام تیایدا.

هەموو ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی بادانەوەی تورکیا بەلای ئەصڵی خۆیدا کە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیە و لەگەڵ ئەوەی لەدەستووری تورکیادا دامەزراندنی پارتی سیاسی ئیسلامی قەدەغەکراوە بەڵام لە کەش و هەوایەکی نادیاردا پارتی ڕەفاهی ئیسلامی دروست بوو بە سەرکردایەتی نەجمەدین ئەربەکان بۆیەکەم جار لە تورکیای عیلمانی و ئەتاتورکیداو توانیشی لە 1996/6/29دا زۆرینەی دەنگی جەماوەر بەدەست بهێنێت و لەگەڵ پارتی نیشتیمانی دایکدا بەسەرۆکایەتی مەسعود یەڵماز حکومەتێکی ئیئتیلافی پێك بهێنن , ئەم سەرکەوتن و گەشەکردنە خێرایەی حیزبی ڕەفاه شۆکێك بوو بۆ هەموو پارتە سیاسیە چەپ و عیلمانی و دامەزراوەی بەهێزی سەربازی کە بەپارێزەری بنەماکانی ئەتاتۆرك و ڕێبازەکەی دادەنرێت و ڕێگەش بەهیچ پارت و کەسێك نادات کەلەو بنەمایانە لابدات . هەرچەندە تەمەنی ئەم حکومەتە کەم و کورت خایەن بوو بەڵام سەرەتایەکی مەترسی دار بوو بۆ لەڕێلادان و دەرچوونی تورکیا لەڕەوتی عیلمانی و ئەتاتورکی و گێڕانەوەی تورکیا بۆ سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی کە خەونی زۆرینەی تورکەکان بوو بۆ



www.dengekan.com



گێڕانەوەی سەردەمی ئیمپراتۆریەت و عەزەمەتی تورکیا لەجیهانی ئیسلامی و ناوچەکە و ئەوروپاشدا ..

بەڵام چ دامەزراوەی سەربازی و چ پارتە سیاسیەکانیش دەستەوستان دانەنیشتن و هەموویان پێکەوە کەوتنە دژایەتی کردنی ئەو حیزبە و توانیان لەسەر کاری لاببەن و دواتریش سەرۆکەکەشی بدەنە دادگا بەتۆمەتی لادانی لە بنەماکانی ئەتاتورك و دیموکراسیەت و حیزبەکەشی هەڵبوەشێننەوە و حکومەتێکی عیلمانی بهێننەوە سەر کار .

بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو کە حیزبێکی ئیسلامی تر بەناوی ( عەدالەت و گەشەپێدان ) بەسەرۆکایەتی تەیب ڕەجەب ئەردۆگان کە سەرکردەیەکی حیزبی ڕەفاه و قوتابی و دۆستی نزیکی ئەربەکان بوو دامەزرا توانی لەماوەیەکی کەمی تەمەنیدا و لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 2001 دا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت و زیاتر لە 3/2ی کورسیەکانی پەرلەمان کۆبکاتەوەو بەو پێیەش توانی بەتەنها حکومەتێکی بەهێز پێك بهێنێت کەلەماوەی 10 ساڵی تورکیادا یەکەم جارە بەتەنها حیزبێك بتوانێت حکومەت پێك بهێنێت و هەموو پارتە سیاسیە گەورەکانی نیشتیمانی دایك و چەپی دیکوکرات و گەلی کۆماری و ...هتد لەپەرلەمان دوور بخاتەوەو تەنها بە

پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی بچوك لەپەرلەماندا ڕازی ببێت کە هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە .

ئەم پارتە توانویەتی ماوەی حوکمی خۆی بەسەر بەرێت و دڵی هەمووانیش تاڕادەیەك ڕازی بکات و زۆر گۆڕانکاری و ڕیفۆرمیش لەدەستووردا ئەنجام بدات وەك زیاتر چەسپاندنی دیموکراسیەت و پاراستنی مافی کەمینەکانی کورد و ئەرمەن و مافەکانی مرۆڤ و کێشەی قوبرس و هەمووشی بۆ جوانکردنی سیما و ڕووخساری تورکیایە لەبەردەم یەکێتی ئەوروپادا بەمەبەستی وەرگرتنی لەو یەکێتیەدا کە ماوەی ئەم 6 مانگەی داهاتوو یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ تورکیا بۆ وەرگرتنی لەو یەکێتیەدا ...بەم شێوەیە ئەگەر پارتی عەدالەت و گەشەپێدان بتوانێت بۆ چەند ساڵێکی تر لەحوکمدا بمێنێتەوەو بشتوانێت لەیەکێتی ئەوروپاشدا وەربگیرێت ئەوا دەکرێت بووترێت کە ئیدی تورکیای عیلمانی ئەتاتورك لەگۆڕنراوە و جمهوریەتێکی نوێ لەجۆرێکی دی هاتۆتە کایەوە...

بەڵام گۆڕان و گەشەسەندنەکان و پەیوەندی و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی دونیا و زلهێزەکان ڕێگەنادەن تورکیا کە وولاتێکی خاوەن پێگەیەکی جیۆستراتیژی گرنگە و توانایەکی سەربازی گەورەی هەیە لەناوچەکەدا



www.dengekan.com



بەئاڕاستەیەکی وابڕوات کە مەترسی دروست بکات بۆسەر ناوچەکە و بەرژەوەندیەکانیان چونکە جمهوریەتێکی ئیسلامی بەهێز وگەشەسەندوو لەتورکیادا بەقازانجی زلهێزەکان و بەرژەوەندیەکانیان نیە و بەتایبەتیش لە ئێستادا کە ڕەوتێکی ئیسلامی توندڕەو لەئارادایە و جەنگی دژە تیرۆریش لەدونیادا باڵی کێشاوەتە سەر هەموو وولات و گەلێك و تیرۆریش بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر دواڕۆژی دونیا..

جالێرەوە پاشەڕۆژی حوکم و دەسەڵات و سیستەمی سیاسی تورکیا بەئاڕاستەیەکی نادیار و ناڕوون هەنگاو دەنێت و ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا تورکیای عیلمانی بۆ جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە یان جمهوریەتێکی ئیسلامی تێدا دەچەسپێت یان ئەم جمهوریەتەی ئێستای تورکیا بەرەو بچووکبونەوەو دابەشبوون و دواڕۆژێکی نادیار هەنگاو دەنێت ؟؟؟؟بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش مێژوو و زەمەن وەڵامدەرەوەیەکی ڕاست و دروستن و هیچ کەس و لایەن و پارتێکیش ناتوانن زامنی هیچ کام لەو ئەگەرانە بکەن ....

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە 138لە 2005/9/11دا بڵاوكراوەتەوە

## داهاتووی سوریاو ڕژێمی بەعس تیایدا بەرەو كوێ ؟ *

- ئاشكرایە سوریا یەكێكە لەو وڵاتە عەرەبیانەی كە لەسایەی ڕژێمی بەعسەوە ساڵانێكی دوور و درێژە بەڕێوە





دەچێت و بۆتە قەڵایەكی سەختی پارێزگاری لەنەتەوەی عەرەب دژ بەسیاسەتەكانی ئەمریكا و ئیسرائیل گەرچی بە دروشمی باق وبریقیش بێت .

سوریا كە خۆی لانكی لەدایك بوونی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستیە لە وڵاتانی عەرەبیدا و بەهۆیەوە خۆی كردۆتە دەم ڕاست و پێشقەوڵی نەتەوەی عەرەب بەوەی كە حیزبێكی قەومی توندڕە ونەتەوەییەوهیچ سازشێك ناكات لەسەر مافەكانی عەرەب و هیچ بستە خاكێكی عەرەب و لەسوریادا سیستەمێكی سیاسی داخراو و تاكڕە وی تیادا دامەزراندوە و ڕێگا بەهیچ پارت و ڕێكخراوێكی سیاسی و جەماوەری نادا كە كاربكەن و بەشداری لەدەسەڵات و حوكمدا بكەن و هەموو هەوڵەكانیش پەك دەخات كە دەدرێت بۆ كرانەوەی زیاتر و بوونی ئازادیەكان و چەسپاندنی دیموكراسیەت لە وڵاتدا وبەهیچ جۆرێكیش بڕوای بە فرەیی كاری سیاسی و جیاوازی ڕاوبۆچوون و بەشداری جەماوەر نیە و تەنها خۆی بەپارتی پێشڕە و تاك حیزب دەزانێت .

لەساڵی 1966وە ئەم حیزبە بەسەرۆكایەتی حافز ئەسەد و دوای چەندین كودەتاو ململانێی ناوخۆیی لەكودەتایەكدا توانی حوكم و دەسەڵات لە سوریادا بگرێتە دەست و تائێستاش بەشار ئەسەدی كوڕی لە دەسەڵاتدایە و ماوەی

www.dengekan.com

نزیکەی 40 ساڵی ڕێکە ئەو وڵاتە بەدەست عەقڵی دۆگما و چەقبەستووی بەعس و سەرانیەوە دەناڵێنێت و لە ئێستاشدا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە چیدی جەماوەری سوریا ڕازی نابن بە مامەڵە و سیاسەتەهەڵەکانی حیزبی بەعس و لەڕێگەی خەباتی مەدەنی و جەماوەری و پیشەیەکانیانەوە کەوتونەتە چالاکی و کۆڕو سیمینار گرتن و ڕێکخراوە کانی مافی مرۆڤ و ژنان و مەدەنیەکان سەرپەرشتی و ئاڕاستەی ئەو چالاکیانە دەکەن .

لەدوای ڕووخانی ڕژێمەکانی تاڵیبان لە ئەفغانستان و بەعس لە عێراقدا و دوای هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا و گوڕو تەوژمی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە کە ئەمریکا پێشنیاز و جێبەجێکەرێتی سوریا و ڕژێمەکەی کەوتونەتە بەر تەوژمی گۆڕانکاری و زۆر نزیکیشە بەرەو هەڵدێران و ڕووخان و گۆڕان بڕوات و بەدەردی ڕژێمەکەی بەعسی صدامی عێراق بچێت . گەر بەزوویی فریای خۆی نەکەوێت و هەڵە و سیاسەتەکانی نەگۆڕێت و جوانکاری لە سەر و سیمای ڕژێمەکەیدا نەکات بە زیاتر کرانەوە و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا و دیموکراسیەت و ئازادیەکان لە وڵاتدا .





سوریا لە سایەی نزیکەی 40 ساڵی حوکمی بەعسیەکاندا هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوە لەهیچ بوارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و زانستی و کشتوکاڵی و ...هتدا , تادێتیش بەرەو لاوازی و هەژاری و بێهێزی زیاتر دەچێت, ئاشکراشە سوریا وڵاتێکە کە سروشتی تۆپۆگرافی و دیمۆگرافی بەهێز و پتەوی نیە و خاوەن ئابوریەکی بەهێزیش نیە و لەڕووی پانتایی زەویەکەشیەوە بچووکە و بواری مانۆڕو بەرگریکردنی نیە چونکە قوڵاییەکی ستراتیژی نیە کە لەڕووی سەربازیە گرنگە .

- سوریا بەتایبەتی لەدوای تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنانەوە کەوتە ژێر گوشارێکی ناوخۆی و ناوچەیی و عەرەبی و دەرەکیشەوە بەسەرۆکایەتی فەڕەنساو ئەمریکا. و لەژێر ئەو گوشارانەدا لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا 17 هەزار سوپا و موخابەرات و هەواڵگری سەربازی کێشایەوە دوای سنورە نێودەوڵەتیەکانیەوە بەشەرمەزاریەوە ,لەکاتێکدا لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی لوبنانەوە هێزەکانی سوریا چووبونە ئەو وڵاتەوە و ئیدی لەوڕۆژەوە گوشارەکان لەسەر سوریا زیاتر دەبێت و لەئێستادا بەئاشکرا باس لەگۆڕان و ڕووخان و کودەتا دەکرێت و هەر جارەشی بەبیانویەکەوە لەلایەك بەبیانوی

www.dengekan.com

كارئاسانی و هاوكاری و یارمەتیدانی تیرۆریستان بۆ ناوعێراق و لەلایەكی ترەوە بەبیانوی هاوكاری و پشتیوانی حیزبولأی لوبنانی و ئێرانەوە و لەولاشەوە بەهۆی خراپی پەیوەندیەكانی لەگەڵ ئوردون و لوبنانەوە كە ئەمە هەموویان كاریگەری خراپیان هەیە لەسەر باری لاری سوریا و ڕژێمەكەی و لەئێستاشدا وەكوو ساڵانی حەفتاكان و هەشتاكان ڕووسیا و چین پشتیوانی سوریا ناكەن بۆیە سوریاو ڕژێمەكەی لەبەردەم گۆڕانێكی حەتمیدان و ئەمریكا دەیەوێت لەڕێگەی گەمارۆی ئابوری و سەربازی و هەڕەشە و چاوسووركردنەوەو هاندانی ڕێكخراوە مەدەنی و مافەكانی مرۆۋ و كێشەی كوردەكان و ..هتد وە ئەو كارەبكات دوور لە هێرشی سەربازی و داگیركردن كە ئەو گریمانەیەش هەر لەئارادایە .

بۆیە ڕژێمی سوریا هەستی بە خەتەری جدی كردوە بۆ سەر خۆی و هەوڵی بێووچان دەدات كە ئەمریكا پەشیمان بكاتەوە لەو كارەی و پەنا بۆ دۆست ودوژمنەكانیشی دەبات بۆ ئەو مەبەستەو كەوتۆتە گۆڕانكاری لەناو حیزب و دەوڵەتدا لەبوارەكانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ..هتد بەشێوەیەك تووشی هیستریا بوونە كە نازانن چۆن باری خواری خۆیان ڕاست بكەنەوە و بەدەردی صدامی برایان نەچن ,چونكە





لەهەرچوار لاوە دەورەدراوە بە توركیاو عێراق و لوبنان و ئۆردون و ئیسرائیل كە لەئێستادا هیچیان دۆستی سوریا نین و هەموانیان بەئاواتەوەن ئەو ڕژێمە لەناو بچێت . و هەموو كارئاسانیەك بۆ گوشارەكانی فەرەنساو ئەمریكا دەكەن .

بۆیە سوریاو ڕژێمەكەی بەناچاری هیچ ڕێگەیەكیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە جگە لەگۆڕان و ڕووخان ومل كەچكردن بۆ داخوازیەكانی جەماوەری دڵ پڕلەقین و داهاتووی سوریاو ڕژێمەكەشی لە بەعسی عێراقی باشتر نابێت و كاتی ئەوە هاتوە كە گەلانی سووریا بەكوردو عەرەب و مەسیحی و موسوڵمان و هتد وە بەئازادی و سەربەستی و دیموكراسی و ژیانێكی ئارام ئاسایش شاد بن , دوور لە كوشتن و بڕین و سەرەونگوم كردن و داپڵۆسین و دوانەكەون لەكاروان و ڕەوتی پێشكەوتنی دونیا و ناوچەكە و سوریاش وەك هەموان بەشداری بكات لەپاراستنی مافەكانی مرۆۋ و ئاسایشی ناوچەكە و دونیاداو لەگەڵ نەزمی نوێی دونیادا ڕێبكەوێت ..

---

*ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 157 لە 2005/11/19دا بلأوكراوەتەوە

www.dengekan.com

## لەسایەی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێدا
## دواڕۆژی ئێران بەرەو کوێ ؟*

➢ وولاتی ئێران بەپێگە گرنگ و ستراتیژیەکەیەوە لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و فروانی ڕووبەری زەوی و جوگرافیاکەیەوەو دەوڵەمەندی لە کانزا و نەوت دا هێندەی تر گرنگی و بایەخی لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە زیادی کردوە و بەهۆشیەوە هەمیشە ڕۆڵی کاریگەر و گەورەی هەبوە و بەبەردەوامیش دەیبێت لەناوچەکە و دونیاشدا . هەربۆخۆشی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش کە سەرچاوە و کانگای کێشەو ململانێ نێودەوڵتیەکان و خاڵی چڕبونەوەی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانیشە لەدێرزەمانەوە تاکو ئێستاش.

ئێران لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی لەساڵی 1979 دا کە دۆستی هەرە نزیکی ئەمریکاو ڕۆژئاوابوو لە ناوچەکەداو پێی



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

دەوترا پۆلیسی کەنداو وە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی و گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن مەلا و مێزەر بەسەرەکانەوە کە ڕەوتێکی ئیسلامی شیعی فەقیە بوون و دامەزراندنی یەکەم جمهوریەتیان لەئێراندا ڕاگەیاند , ئەو ولاّتە گۆڕانکاری گەلێك گەورەی بەسەردا هات , هەر لەڕژێمە سیاسیەکەیەوە تاکو سیستەمە کۆمەلاّیەتی و ئابوری و سەربازی و فەرهەنگەکانیشیەوە و ...هتد بەجۆرێکی وا کە ئێرانێکی تادوێنێ دۆستی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوە یەکەم ڕکابەرو دوژمنی سەرسەختی ئەمریکاو ڕۆژئاواو بەئاشکرا دروشمی شەیتانی گەورەی لەئەمریکا داهێناو هەرەشەو گورەشەی لەناوبردنی ئیسرائیلیشی دەکردو دەستی کردە ناردنەدەرەوەی شۆڕش بۆ ولاّتانی ناوچەکە و ترسی خستە نێودڵی هەمووانەوە و هەر لەوکاتەوە ئێران سەرەڕای ئابلۆقەی ئابوری ئەمریکاو ئەوروپا, لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ گەشەکردن و پێشخستن و داهێنان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و پیشەسازی و بازرگانی و زانستەکاندا و توانی بەرەنگاری بکات لە جەنگی عێراق– ئێراندا بۆ ماوەی زیاتر لە 8 ساڵ و لەئێستادا هەوڵی بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات کە ئەم کارەی بۆتە جێگەی ترس و دڵەڕاوکێ و ناکۆکی لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاو ئیسرائیلیشەوە و هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدەن کە وا پاشگەزبێتەوە یان ئەو کارەی

ڕابگرێت و هەڵپەسێرێت هەرجارەی بەشێوازێك لەڕێگەی گفتوگۆوە و هەڕەشەو گوڕەشەوە . بەلاّم ئێران سوورە لەسەر بەردەوام بوون بۆ وەدەستهێنانی ئەو چەکە گرنگ و پڕمەترسیە . و هیچ سازش و خاوبونەوەیەکیش پیشان نادات , ئەمە لەکاتێکدا کە سەرۆك خاتەمی میانڕەو لەحوکمدایە . جائایا لەئێستاداو دوای سەرکەوتنی دکتۆر محمودی ئەحمد نەژادی لە هەڵبژاردنەکانی هەفتەی ڕابوردودا کە بەزۆرینەی دەنگەکان و بەڕێژەی 62٪ پۆستی سەرۆکی ئێرانی بۆماوەی 4 ساڵی داهاتوو وەرگرت دەبێت ئێران و دواڕۆژەکەی بە چ ئاقارێکدا گوزەر بکات لەسەر دەستی ئەم پیاوە کۆنەپارێز و توندڕەو دەستگرتوو بەسەرەتاکانی شۆڕشەوە و لەکاتێکدا بانگەشەی زیندووکردنەوەی کارەکانی ئیمام خومەینی دەدات و بەڵێنیش دەدات کە پیاوان و ژنان نەك بەزیندووی بەڵکو بەمردوویش ناهێڵێت تێکەڵ بەیەکتری بن .

ئاشکرایە کە ئێران لەساڵی 1979 وە و دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەموو جۆرە ئازادی و دیموکراسی و سەربەستیەکانی ڕادەربڕین و کاری سیاسی و ڕۆژنامەگەری و مافی ژنانی پێشێل و کپ کردوو کۆمەڵگای ئێرانی کراوە و سەربەستی سەردەمی شای کردە کۆمەڵگایەکی داخراو و دوور لەئازادیەکان و هیچ



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

جۆرە سیمایەکی دیموکراسی لەو ولاّتەدا نەهێشت و دژی هەموو کرانەوەیەك و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگای ئێرانی بوو ..

بەلاّم لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستدا و دوای هەڵبژاردنی سەرۆك محمەد خاتەمی بۆ ماوەی 8 ساڵ ڕەوتێکی ڕیفۆرمخواز لەئێراندا سەریهەڵداو سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێنا لەدووخولی هەڵبژاردنەکاندا و ژمارەیەکی باشیشی لەکورسی پەرلەمان بەدەست هێنا و هەوڵی کرانەوەو هەندێك ڕیفۆرمی دا لە کاری سیاسی و ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕیندا کە هەرچەندە کەموکورت و سنووردار بوون بەلاّم سەرەتایەکی گەش بوو , لەبەرامبەریشدا باڵی کۆنەپارێزەکان و توندڕەوەکان هێندەی تر سوور بوون لەسەر دژایەتی هەموو پرۆسەکەو لەوپێناوەشدا چەندین کەسایەتی سیاسی و چەندین ڕۆژنامەی لیبراڵیان ڕاپێچی زیندانەکان کردو دایان خستن و زۆر بەتوندی وەلاّمی هەموو ڕێپێوان و ناڕەزاییەکانی خوێندکارانی زانکۆ و ڕای گشتی جەماوەریان دەدایەوە و توانیان دەسەلاّتەکانی محمەد خاتەمی لەقاڵب بدەن و ڕێگەیان گرت لە کرانەوە بەڕووی ئەمریکاو ئەوروپادا ..

سەرکەوتنی محمودی نەژادی و بەو ڕێژە بەرزە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێتەوە کە کۆمەڵگای ئێرانی هێشتا بەتەواوەتی خۆی ساغ نەکردۆتەوە بۆ هەڵبژاردنی کرانەوە و وەرگرتنی دیموکراسی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی مۆدێرن و هێشتا کاتی

www.dengekan.com

زۆر ماوە بۆ ئەو مەبەستەو لەدڵ و مێشکی سەران و ڕابەر و زۆرێك لەکۆمەڵگای ئێرانی وابەستەی ڕۆژانی سەردەمی شۆڕشن و نایانەوێت بەئاسانی دەست بەرداری ئەو سیستەمە دینیە بن لەکاتێکدا ئێران بۆ خۆی لەمێژەکە ڕەوتی دین و ئاینە جیاوازەکانی تیادا سەریهەڵداوە و بۆ خۆشیان مەزهەبی شیعە توندڕەو شێلگیرن و دوای ئیمامیان دەکەون بەشێوەیەکی کوێرانە .

بۆیە سەرکەوتنی نەژادی هیچ ئومێدێکی تیادا ڕەچاوناکرێت و تروسکەی ڕوناکی گۆڕانکاری گەورەشی لێ بەدی ناکرێت و ئومێدیش ناکرێت کە هیچ خاوبونەوەیك ڕووبدات لەسیاسەتەکانی پێش خۆی لە ڕەتکردنەوەی دیموکراسی و داننان بەمافەکانی مرۆڤ و ژناندا و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و بەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی و پاڵپشتی تیرۆر و تیرۆریستان لەعێراقدا بەتایبەتی و هاوکاری زۆری سوریاو حیزبولاَی لوبنانی و هەردوو بزوتنەوەی توندڕەوی حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستیندا . کەهەموو ئەم خالاَنە خاڵی وەرچەرخان و گرنگن لەبەرامبەر ئەمریکاو ئەوروپادا. بۆیە تەنها ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە ئەم پیاوە زیاتر لە ڕیفۆرمخوازانی پێش خۆی ئەم سیاسەتانە تۆخ بکاتەوە و باشتریش جێبەجێیان بکات بۆ بەرژەوەندی و مانەوەیان لەدەسەلاَتدا ..





ئاشکرایە ئێران وولاَتێکە کە لەلایەن چەندین سەنتەری بڕیارەوە حوکم دەکرێت هەر لەڕابەری شۆڕش و سەرۆك و دەزگاکانی موخابەرات و ئیتلاعات و پاسداران و سوپاو حەرەسی ثوری و ...هتد کە ئەم حاڵەتەش وای کردوە کە سیاسەتی ئێران تێکەلاَوی و نادیاری و تاریکی پێوە دیاربێت و بەدەست یەك لایەنەوە نەبێت و نەتوانرێت بەئاسانی بڕیار لەسەر مەسەلەکان بدرێت .

بۆیە دواڕۆژی ئێران لەسایەی حوکمی نەژادیدا بەرەو ململانێیەکی توندو دژوار و سەختتر دەڕوات لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپادا ئەگەر نەرم و نیانی و شەفافیەت پەیڕەو نەکات لە سیاسەتەکانیدا و دووریش نیە کە ئەمریکا نەخشەو پلانی لێدان و ڕووخاندنی ئەو ولاَتە دانەڕێژێت و پیادەشی نەکات بەتایبەتی دوای ڕووخان یان لەقاڵبدان و بچوکردنەوەی ڕژێمی حوکم لەسوریادا و یەکلاکردنەوەی ڕەوشی لوبنان بە سوودی دیمکراسیخوازانی سەر بە ڕۆژئاوا .. ئاشکراشە بەڕووخاندنی هەردوو ڕژێمی سوریاو ئێران ئەمریکا بەتەواوی بالاَدەست دەبێت لەم ناوچەیەداو دەتوانێت بەئاسانیش پرۆژەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورە جێبەجێبکات و هەموو دەوڵەتان و پاشاو سەرۆکەکانی تری ناوچەکە ناچاربکات بۆ هاوکاریکردن و ملکەچکردن و ئیتاعەکردنی زیاتری ...

www.dengekan.com

* ئـەم ووتـارە لـە ڕۆژنامـەی ئاسـۆی ژمـارە 120 لـە 2005/7/31دا بلأوكراوەتەوە

## (( نا )) ی فەڕەنساو هۆڵەندا لەسەر دەستوورەكەی یەكێتی ئەورپا بەرەو كویَ ؟*





- سـەرەتای بیرۆكـەی پێكـەوەنانی یەكێتیـەك لـەنێوان دەوڵـەتانی كیـشوەری ئـەوروپادا كەلەپـەنجاكانی سـەدەی بیستەوە هاتە ئاراوە , ئامانجی سەرەكیان یەكێتیەكی ئابوری بـوو بـەلاَم بەتێپـەڕبوونی كـات و گـۆڕانی سیـستەمی دونیـاو تێكـچوونی بەلاَنـسی هێـز لـەنێوان ڕۆژهـەلاَت و ڕۆژئـاوادا و دروسـتبوونی دونیایـەكی یـەك جەمـسەری ئـەمریكایی و بەجیهان بوونی دونیا. سەرانی ئەوروپا بیریان لەوەكردەوە كە یەكێتیـەكی ئـابوری بەتـەنها لەنێوانیانـدا وەلاَمدەرەوەیـەكی سـەركەوتوو نابێـت بـۆ هـەموو ئـەو گـۆڕان و پێـشهاتەنەی كەلـەدونیادا ڕوویـان داوە و ڕووشـدەدەن و ئـەو یەكێتیـەش یەكێتیـەكی لاواز و بێهێـز دەبێـت بـەبیَ بـوونی یەكێتیـەكی سیاسی و سەربازی و.....هتد, هەربۆیە كەوتنە خۆ بۆ فراوان بـوون و پێكـەوە نـانی یەكێتیـەك لەنێوانیانـدا كەهـەموو بوارەكـانی ژیـان بگرێتـەوە و یەكێتیـەكی ئـەوروپاییان دامەزرانـدو هەرسـیَ دەسـەلاَتی یاسـادانان و جێبـەجێكردن و دادوەریـشیان پێكـەوەنا و دراوی یەكگرتووشـیان لەچـاپداو سـنوورەكانیان والاَكـردوو هەلۆیـست و گوتـاری سیاسـی و ئـابوری و سـەربازی و كۆمەلاَیـەتی و ...هتدیان یەكخست و ژمـارەی ئەندامانیـشیان لـە تـەنها 4 دەوڵـەتی دامەزرێنـەرەوە زیادكرد بۆ 25 ئەندام.

www.dengekan.com

- هەموو ئەم هەولْ و هەنگاوانەیان بۆ پێكەوەنانی یەكێتیەكی كاملْ وپێگەیشتوو و بەهێزە كە كیشوەری ئەوروپا بكاتە جەمسەرێكی سیاسی و ئابوری و سەربازی بەهێز لەدونیادا و چیتر دونیا دوای هەیمەنەو دەسەلاَتی تاكڕەوی ئەمریكا نەكەوێت و وابەستەو ملكەچی بڕیارەكانیشی نەبێت . بەم شێوەیە ئەوروپاییەكان توانیان لەماوەی 50 سالْی هەولْ و كۆششیاندا هەنگاوی زۆرباش بنێن و هەندێ لەدەولْەتان و گروپی تر چاو لەوان بكەن بۆ پێكەوەنانی یەكێتیەكی لەوجۆرەی ئەوروپاییەكان وەك یەكێتی ئەفریكا و یەكێتی دەولْەتانی عەرەبی و یەكێتی دەولْەتانی باشوری خۆرئاوای ئاسیا و یەكێتی دەولْەتانی ئەمریكای ناوەڕاست و لاتینی .
- بەلاَم لەگەلْ هەموو ئەم سەركەوتن و هەنگاوە گەورە و گرنگانەی یەكێتی ئەوروپا ناویەتی هێشتا كات و هەنگاوی گەورەی لەبەردەمدا ماون كە بگاتە ئەو ئاوات و خواستەی كە دەیانەوێت ..بەهۆی ئەوەی كە زۆرێك لەگەلانی ئەو ولاَتانە دژی ئەو پڕۆسەیەن و نایانەوێت كەمێژوو و جوگرافیاو سنوور و كەلْچەری نەتەوەو میلەتەكانیان و تایبەتمەندێتیان لەناو یەكێتی ئەوروپادا بسڕێتەوە و نەمێنێت , بۆیەشە كە بەچەندین جۆرو شێواز ناڕەزایی دەردەبڕن و لەوپێناوەشدا



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

ژمارەیەكی پارتی سیاسی گەورە پشتیوانیان لیَ دەكەن. باشترین نموونەش ئەو دەنگدانە جەماوەریە بوو كە لەفەڕەنسای ئەندامی دامەزرێنەری یەكێتیەكە و هۆلْەندا كرا لەسەر دەستووری هەمیشەیی پێشنیازكراو بۆ یەكێتیەكە و زۆرینەی دەنگدەران بە (( نا )) ناڕازی بوونی خۆیان بۆ دەستورەكە و یەكێتیەكەش دەربڕی و ئەم وەلاَمە بووە شۆكێك بۆ سەرانی ئەوروپاو پڕۆسەی دەنگدانیان لەسەر دەستورەكە ڕاگرت بۆ كاتێكی تر كەوابڕیار بوو هەموو گەلانی ولاَتانی هەر 25 ئەندامەكەی دەنگی لەسەر بدەن بۆئەوەی لەكاتی پەسەندكردنیدا ببێتە دەستوری ڕەسمی و هەمیشەیی یەكێتیەكە , بەلاَم ئەوەی چاوەڕوان نەدەكرا ڕوویدا و لەیەكەم هەنگاودا یەكێتیەكە لەلایەن جەماوەرەوە تووشی ناڕەزایی و بەرەنگاری بوەوە..

- دوای ئەم نسكۆیە و ئەم تەنگژەیە و ئەم (( نا )) یە, پرسیار لەسەر دواڕۆژی ئەو یەكێتیە دروست دەبێت و دەكرێت بپرسین ئەو یەكێتیە بەچ ئاقار و ئاڕاستەیەكدا ڕێدەكات و بەرەو كویَ و بەچیش دەگات ؟؟؟؟

ئاشكرایە یەكێتی ئەوروپا لە 25 ئەندام پێك دێت كە لە باری سیاسی و ئابوری و سەربازی و پیشەسازی و جۆرو ئاستی ژیان و پەیوەندی كۆمەلاَیەتی ومەزهەب و نەتەوەیی و

كەڵچەردا زۆرێك لەیەكدی جیاوازن كەئەم جیاوازیانەش بەسانایی هەرسناكرێن و لەماوەیەكی كەم و كورتدا ناتوانرێت بسڕێنەوە لەناو ناخ و دڵ و دەروون و هەستی ئەو گەلانەدا, هەروەك ئاشكراشە كە لەو وولاّتانەدا دیموكراسیەت و ئازادیەكان زۆر بەباشی جێگیربونە و بونەتە بەشێك لە كەڵچەریان و جەماوەر و گەل كاریگەری و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە و دەنگ و ڕەنگیان گوێلێگیراوە و لەتوانایدایە كە نەك بڕیارەكان هەڵبوەشێنێتەوە بەڵكو حكومەتەكانیش لەسەر كار لاببات بەشێوەیەكی ئاشتیانە .

هەربۆیە ئەگەر زۆرینەی جەماوەر یان گەلانی ئەو وولاّتانە ڕازی نەبوون لە بەرنامەو سیاسەتی ئەو یەكێتیە ئەوا دواڕۆژی یەكێتیەكە ڕوون نابێت و سەركەوتنیش بەدەست ناهێنێت, ئەوەتا تائێستاش وولاّتێكی وەك نەرویج ڕازی نیە بچێتە ناو ئەو یەكێتیەوە و بەریتانیاش تائێستا درواى یەكگرتووی ئەوروپا ( یۆرۆ ) بەكارناهێنێت و نایەوێت ( جونەیهی ئیستەڕلینی خۆی ) بسڕێتەوە .

➢ لەئێستاشدا و لەدوای ڕووداوی 11 سێپتەمبەری ئەمریكاوە و سەرهەڵدانی ڕەوتێكی توندڕەوی ئیسلامی و دیاردەی تیرۆری جیهانی و دەست وەشاندنی تیرۆریستان لەهەموو پارچەیەكی ئەم دونیایەدا و تەنانەت لەئەوروپا





خۆشیدا ڕەوتی نازیزمی نوێ و ڕەوتە نەتەوەییە توندڕەوەكان و ڕەوتی دژە پەناهەندەكان سەریان هەڵداوە و كێبڕكێش دەكەن لەسەر دەسەلاّت و لەهەڵبژاردنەكانیشدا ڕێژەیەكی بەرزی دەنگیش دێنن و دژە ئەو یەكێتیە و سڕینەوەی كەڵچەری چەندین ساڵەی گەل و وولاّتەكانیانن , كەهەموو ئەم هۆكارو كاراكتەرانە دەبنە جێگەی مەترسی دروست كردن لەسەر ڕەوتی پێشكەوتن و بەرەو پێشچوونی كارو بەرنامە و پلانەكانی ئەو یەكێتیە , هەربۆیەش دواڕۆژی ئەو یەكێتیە ئاسۆیەكی زۆر گەش و ڕوونی لێ چاوەڕوان ناكرێت و پێشبینیش ناكرێت كە ئەو یەكێتیە بەهێزەی لێ دروست ببێت كە دەویسترێت ودەخوازرێت كە ببێتە جەمسەرێكی بەهێزی دونیا و بەشداری لەبڕیار و بەرنامە و پلانەكانی دواڕۆژی دونیادا بكات ...

* ئەم ووتارە چانسی بلاّوكردنەوەی لە گۆڤار و سایتەكاندا بەرنەكەوتوە.

www.dengekan.com

## کێشەی کورە ئەتۆمیەکەی ئێران بەرەو کوێ؟[٧]*



www.dengekan.com



- ئێـران بـەحوكمی ئـەوەی وولاَتێكـی دەوڵەمەنـدە لـە ڕووی مـادی و مرۆییــەوە و پێگەیـەكی گرنگـی جوگرافیاشـی هەیـە لەناوچەكەو دونیاشدا و بەهۆی ئەوەشی كە وولاَتێكە لەسـەر داروپــەردووی ئیمپراتۆریــەتێكی گــەورە و شارســتانیەتێكی دێرنــی ئــەم ناوچــەیە خــۆی بنیــاد ناوەتــەوە و هەمیــشەش لەهـەوڵی پاراسـتنی پێگـە و سـەنگ و قورسـایی خۆیـەتی لـە ناوچــەكەو دونیاشــدا و بەنیازیــشە كــە ڕۆڵ وكاریگەریــشی هــەبێت لەســەر هاوكێشە و بەلاَنـسی هێزەكـان لەناوچـەكە و دونیاشدا و ڕازیش نابێت كە حسابی بۆ نەكرێت یان پەراوێز بخرێت .

ئێران لەسەردەمی محمەد ڕەزا شادا بە پۆلیسی كەنداو ناسـرابوو بەهۆی هەستانی بەپاراستنی بەرژەوەندیەكانی ئـەمریكاو ڕۆژئـاوا لەناوچــەكەدا چــونكە یەكــەم هاوپــەیمانی ســتراتیژی ئــەمریكاو ڕۆژئــاوا بــوو لەناوچەكەدالەســەردەمی جــەنگی ســاردا و وەك بەربەسـتێكیش وابـوو لەبـەردەم خـەون و پەلهاویـشتنی یـەكێتی سـۆڤیەتی جارانـدا بـۆ گەیـشتنی بـە ناوچـەی ئـاوە گەرمـەكان و دەوڵەمەندەكەی ڕۆژهەلاَتی ناوڕەاست .

بەلاَم ئێران لەساڵی 1979وە و دوای ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی لـە ئێرانـدا تـوانی حـوكمی چـەندین دەیـەی بنەماڵـەی پەهلـەوی كـە ســــەردەمی كرانــــەوە و ئازادیــــەكان و شــــاهانەی بنەماڵــــەیی

بووبڕوخێنێت و لە جێگەیدا حوکمێکی ئیسلامی و شیعە مەزهەب و کۆماری دابمەزرێنێت کە هەرگیز لەگەڵ ستراتیژو پلان و بەرنامەی ئەمریکاو ڕۆژئاوادا یەکی نەدەگرتەوە , بەڵکو هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەکەوە کێشەیەکی گەورەی دیپلۆماسی لەنێوان شۆرش و ئەمریکادا ڕوویدا ئەویش بە گەمارۆدانی سەفارەتی ئەمریکاو بە بارمتەگرتنی زیاد لە 17 دیپلۆماس و کارمەندی سەفارەتی ئەمریکا بوو لە تاران .هەروەها بەهۆی ئاشکراکردنی ئامانجێکی تری شۆرش کە ئەویش ناردنە دەرەوەی شۆڕش بوو بۆ دەرەوەی سنورەکانی ئێران و بەتایبەتیش بۆ وولاتانی ناوچەکە کە ئەم ئامانجە گەلێك مەترسیدار بوو بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا و وولاتانی عەرەبی سونە مەزهەبی هاوپەیمانی دێرینی ئەمریکا لەناوچەکەدا .

لەبەرئەمە ئەمریکاو ڕۆژئاواش کەوتنە خۆ بۆ پیلان دانان بۆ سەرقاڵکردنی ئێران و پاشگەزبونەوەی و گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن لەو ولاتەدا بۆ دواوە بەوەی کەجەنگێگی 8ساڵەی ماڵ وێرانکەرەیان بۆ هەلایساند لەگەڵ ڕژێمی بەعسی صدامی ئەو کاتە لەعێراقدا و بەمەش ئێران نەیتوانی شۆڕش بنێرێتە دەرەوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەهەموو بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازیشەوە بۆ دواوە



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

گەڕایەوە .بەمەش چەندین کێشەی سیاسی و ئابوری و ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیای بۆ ئێران دروست بوو کە ئیدی نەدەپەرژایە سەر خەون و خەیاڵەکانی بۆ دەرەوەی سنورەکانی و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو  ئەمریکاش بۆ نزیکەی 25ساڵە گەمارۆی یەکلایەنەی خستۆتە سەر ئێران.

بەلاّم ئێرانیش بە سیاسەتی پشت بەستن بەتوانا مادی و مرۆیی و زانستیەکانی خۆی و هاوکاری وولاتانی دۆستی وەك کۆریای باکورو پاکستان و ڕوسیاو چین و ..هتد توانی ئامێر و کەرەسە و زانیاری پێویست بەدەست بهێنێت بۆ دامەزراندنی کورەی ئەتۆمی وپیتاندنی یۆڕانیۆم و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی کە لەبنچینەدا بۆ مەبەستی سەربازی بوو بەلاّم ئێران ڕایدەگەیەنێت کە تەنها بۆ مەبەستی ئاشتی و لێکۆڵینەوە ئەو کورانە بەکار دێنێت .

ئێران هەر لەسەردەمی ئایەتولاّ خومەینی ڕابەری کۆمارەوە لە پلانی وەدەستهێنانی ئەو چەکەوە بوە ئەوەش لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە ڕەفسەنجانی هەفتەی ڕابووردوو ئاشکرایکرد کە خومەینی وەلاّمی موحسین ڕەزایی وەزیری بەرگری ئەوکاتەی ئێرانی داوەتەوە و ڕازی بوە کە ئەو چەکە بەرهەمبهێنرێت و کار بۆ وەدەستخستنی بکرێت . ئیدی لەوکاتەوە ئێران لەهەوڵی بێ ووچاندایە بۆ وەدەستهێنانی ئەو چەکە و لەئێستای سەردەمی سەرۆك مەحمودی ئەحمەدی نەژاددا زۆر نزیك بۆتەوە لە

www.dengekan.com

وەدەستهێنانی ئەو چەکە و پێشبینیش دەکرێت کە لە چەندمانگێکی کەمدا ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و ئێرانیش ببێتە ئەندامێکی نوێی یانەی ئەتۆمی جیهانی . هەربۆیەش ئەمریکاو ئەوروپا کەوتونەتە خۆ بۆ ڕێگەگرتن و بەربەست دروستکردن لەبەردەم ئێراندا بۆ ئەوەی ئەو پڕۆسەیە ڕابگرێت و پاشگەزببێتەوە لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی کە کێشەیەکی گەرم و گوڕ و مەترسیداری لەناوچەکە و دونیادا دروست کردوە . ئەوان هەرجارەی بەشێوازێك لەگەڵ ئێراندا مامەڵەدەکەن جارێك لە ڕێگەی دیپلۆماسیەت و گفتوگۆوە و جارێك لەڕێگەی بەرتیلدان و پاداشتکردنەوە و جارێکی تریش لە ڕێگەی هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە و لەڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتوەکانەوە کە ڕێگە بەئەمریکاو ئەوروپا بدات بۆ لێدان یان گەمارۆخستنە سەر ئێران .

بەلاّم تائێستا هەموو ئەو هەوڵ و هەڕەشانە ئێرانیان خاونەکردۆتەوە لەهەولّی بەدەستهێنانی ئەو چەکە و ڕۆژ بەڕۆژیش لەسەر زاری هەموو لێپرسراونی ئێرانەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە بۆ ڕۆژێکیش دەست هەڵناگرن لەو بەرنامەیە و ئامادەنین پڕۆسەی پیتاندنی یۆڕانیۆم ڕابگرن , بەمەش کێشەکە گەیشتۆتە خالّی بنبەست و قۆناغی نەگەڕانەوە بۆ دواوە و لەسەر ئەم کێشەیەش زلهێزەکان بونەتە دووبەشەوە و ڕوسیاو چین





داوای ماوەی زیاتر بۆدیپلۆماسیەت دەکەن و ئەمریکاو ئەوروپیەکانیش داوای سزاو دەستبەجیّ ڕاوەستانی پڕۆسەکە دەکەن و لەدونیاشدا هەندیّ وولاّت لایەنگری ئێران دەکەن وەك کۆریای باکورو فەنزەوێلا و سوریاو ..هتدو بەرەی بەرامبەریش بریتین لە ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو یابان و کۆریای باشورو وولاّتانی عەرەبی و ئیسڕائیل و ..هتد .

- بەم شێوەیە ئەم کێشە ئەتۆمیەی ئێران ڕاستەوخۆ ئایندە و ئێستای ئێرانی خستۆتە بەر مەترسی جەنگێکی مەترسیدار کە پێدەچێت ڕووخانی ئەو ڕژێمەشی لێبکەوێتەوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئایندەی ناوچەکەشی خستۆتە بەر مەترسیەکی گەورەترەوە,چونکە هەر کاتیّ جەنگ بەرپابوو ناوچەکە بیّ کێشەوگرفت نابێت و کاریگەریشی دەبێت لەسەر ئارامی و ئاشتی و بازاڕ و ئابوری ناوچەکە و دونیاش.
- تائێستا و کەدوامۆلّەت هەفتەی داهاتوە لەبەردەم ئێراندا بۆ وەلاّمدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکراو دوور لە کات کوشتن و خۆدزینەوە بۆ ئەمریکاو ئەوروپیەکان کە بڕیارە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتوەکان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات لەو بارەیەوە , بەلاّم تائێستا ئێران سوورە لەسەر هەڵوێست و گوتارەکانی خۆی و بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو بەرنامە

www.dengekan.com

ئەتۆمیــەی کــە هەیــەتی و چــەند مانگێکیــشە ئامادەکــاری جەماوەریشی بۆ دەکات لە ڕێگەی سەردان و ووتـارە جۆش و خـرۆش سـێنەکانی سـەرۆك ئەحمـەدی نـەژادەوە لـە شـارو شارۆچکەکانی ئێران و تیایدا سووربونی وولاَتەکەی لەسەر بـەردەوام بـوونی بەرنامـە ئەتۆمیەکـەی دووبـارە دەکاتـەوە و جــەماوەریش هانــدەدات بــۆ پــشتیوانی و پــشتگیری لــە حکومەتەکەیان و بەم شێوەیەش ئایندەی ئەم کێشەیە ڕوون نیە و بەرەو تونێلێکی نادیار و تاریك دەڕوات و بەمەش تـەنها گەلانی ئێران و ناوچەکە زەرەرمەندی گەورە دەبن و هێنـدەی دیـش ناوچـەکەو دونیـاش بـەرەو ئـالۆزی زیـاتر و نائـارامی و ناجێگیری زیاتر دەبات ....

---

*ئەم ووتارە لە سایتی ناوخۆ و ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 202 لە 2006/10/14دا بلاَوکراوەتەوە

# بەشی پێنجەم



www.dengekan.com

## ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکا

## سەرەتایەك بۆ گۆڕانكاری گەورە لەدونیادا...*

- لەمێـــژووی مرۆڤایەتیـــدا گـــەلێك ڕووداو بونەتـــە خـــاڵی وەرچەرخان و گۆڕانی گەورە لەدونیادا بەشێوەیەك كە دونیای پێش گۆڕان و دوای گۆڕانەكە گەلێك جیاواز بوون لەیـەكتری. گـەورەیی و كاریگـەری ئـەو ڕووداوانـە دەبنـەهۆی بـیٚ وێنـەیی ڕووداوەكـە. لـەو ڕووداوانـەش ڕوودانـی هـەردوو جـەنگی



www.dengekan.com



جیهانی و بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی بۆ یەكەمجار لەسەدەی بیـستدا لەشـارەكانی هێرۆشـیماو ناگـازاكی لـەیابان لەلایـەن ئەمریكاوە.

ئـەم ڕووداوانـە هێنـدە گـەورەو كاریگـەربوون كـە تائێـستاش كاریگەریان لەسەر دونیا هەر ماوە و وەكو چەند وێسگەیەكی گـرنگ لـە قۆناغـەكانی پێـشكەوتنی مرۆڤایەتیـدا بـەخاڵی وەرچـەرخان دادەنـرێن لەبـەر گـەورەیی و كاریگـەری و ژمارەی قوربانیانیان و مەترسیەكانیان بۆ سەر ئایندەش.

لەسەرەتای سەدەی بیست ویەكەمیشدا و لەكاتێكدا كە هیچ كـەس و وولاَت و لایـەنێك بەنیازنـەبوون كـە دونیـا گـۆڕانێكی گەورەو ڕووداوێكی گـەورەتری تیادا ڕووبدات, ڕووداوێك كـە سـەرتاپای بیروبۆچونەكان داگیر بكات و بەخۆیـەوە سـەرقاڵی بكـات ڕووداوێـك كـە كاریگـەری و مەترسـیەكەی هێنـدە گەورەبوون كە دونیای كردە دووبەش و دووئایدیاو دوو گوتار و دووهەڵوێست. ئەم ڕووداوە دونیایەكی نوێی هێنایە ئاراوە كە زۆر جیاواز بوو لـەدونیای پێشخۆی .ڕووداوێك كە ئەگـەر لەهـەر جێگـە و وولاَتێكـی تـردا ڕووی بدایـە هێنـدەی ئێـستا كاریگـــەر و مەترســـیدار نـــەدەبوو.هەربۆیـــە ئـــەم ڕووداوە لەگەورەیـــدا بـــیٚ وێنەیـــە لەكاریگەریـــدا بـــیٚ هاوتایـــە لـــە یەكلایكردنەوەی دونیادا مەترسیدارتریشە,هەربۆیە بەڕووداوە

گەورەکە یان ڕووداوی سەدە ناودەبرێت, ئەویش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریکایە کە لەڕۆژی 3شەممەدا ڕوویدا و بە 3شەممەی ڕەش یان 3شەممەی گەورە ناوزەد دەکرێت . ڕووداوەکە لەناو جەرگەی هەردوو شاری گەورە و گرنگی واشنتۆن و نیویۆرکدا ڕوویاندا و بە 5-7 فڕۆکەی مەدەنی هێرش کرایە سەر ( سەنتەری بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆن و کۆنگرێس و کۆشکی سپی ) و هێرشەکانی سەر پێنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی سەریان گرت و ئەوانی دی ئامانجەکانیان نەپێکا . ئەم ڕووداوە گەورەیەکەی لەوەدایە لەناو جەرگە و هەناوی ڕابەری دونیادا ڕوویدا لە ئەمریکای بڕیار بەدەست و بڕیاردەر لە سەر ئێستای دونیا ڕوویدا لە سەنتەری ڕابەری سیستەم و نەزمی نوێی دونیادا ڕوویدا لە مەڵبەندی پێشکەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکاندا ڕوویدا . ئەم ڕووداوە لەلایەن وڵاتێکی گەورەو ئامادە بۆ شەڕەوە بەرپا نەکرا بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوی ئیسلامی توندڕەوی ئەلقاعیدە بەڕابەرایەتی ئوسامە بن لادنەوە پیلان و ئامادەکاری و جێبەجێکردنیشی بۆ دانراو ئەنجام درا و تیایدا هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی کە هەریەکەیان لە 110 نهۆم پێك هاتبون و خاپورکران و تەخت بوون لەگەڵ زەویدا و پێنتاگۆنیش بەشێکی گەورە و گرنگی



كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

لێ وێرانکراو زیاد لە 5هەزار کەسی سیڤڵ بونە قوربانی ئەو کارەساتە. بەم شێوەیە ئەم کارەساتە بوە هۆی ڕاچەنینی هەموو دونیا بەگەورەو بچوکەوە و دونیا لەدوای ڕووداوەکە بوە دونیایەکی تر و دابەشبوە سەر دووبەرەی دژبەیەك, بەرەی دژە تیرۆر بەسەرکردایەتی ئەمریکا و بەرەی تیرۆریستان بەسەرکردایەتی تۆڕی جیهانی ئەلقاعیدە و هەموو ئەو وڵات و گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامی و توندڕەوانەی کە هاوکاری و پشتیوانیان لەم ڕێکخراوە دەکرد.

ئیدی جەنگێکی گەورەی دونیایی ڕاگەیەنرا, بەڵام جیاواز لەهەردوو جەنگی جیهانی و جەنگی سارد, ئەم جەنگە بەلای نوسەری بەناوبانگی ئەمریکاوە ئەلیۆت کۆهینەوە بە جەنگی جیهانی چوارەم ناودەبرێت بەو پێیەی جەنگی سارد جەنگی سێیەمی جیهانی بوە ,ئەم جەنگە جەنگێکی شاراوە و دوژمنێکی نهێنی و بڵاو لەناو ڕیزەکانی بەرامبەریدا, دوژمنێك خاوەن بەرنامە و شێواز و ئامڕازی تایبەتی کە جیاواز بوو لە شێوە و شێواز ئامڕازی سوپایەکی مۆدێرن و ڕێکخراو و خاوەن ئەزموونی شەڕ.دوژمنێك بەمرۆڤایەتی و شارستانیەت و پێشکەوتن و هەموو ئاکارێکی خۆش گوزەرانی و ژیاری . ئەم دوژمنە هیچ سڵێك ناکاتەوە لەهیچ ئامانج و وێرانکاریەك و

www.dengekan.com

دەست ناپارێزێت لە هیچ بوارێکی ژیانی پێشکەوتوو لە ئەمریکا و ئەوروپا و تەنانەت لە وولاّتە ئیسلامیەکانیش .

بەم شێوەیە ئەمریکاش لەگەلّ هاوپەیمانەکانی هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراو و ولاّتانەیان خستە لیستی تیرۆریستانەوە کە دالّدە و پشتیوانی مادی و مەعنوەی لە ئەلقاعیدە دەکەن و کردیاننە ئامانجە جەنگیەکانیان,ئیدی بە ئارەزووی خۆیان هەر گروپ و ڕێکخراوێك لەگەلّ سیاسەت و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیاندا ڕێك نەدەکەوت هەرچەندە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی و مقاوەمەتی شەرعیش بونایەو لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلەکانیاندا تێبکۆشانایە ئەوانیشیان دەکردە تیرۆریست و فشارو گەمارۆی ئابوری و مادیان دەخستنە سەر و ناویان لەلیسی ڕەشی تیرۆریستاندا تۆمار دەکردن .

بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بوە (( خوێنەکەی عوسمان ))** و ئەمریکا خۆی کردە خاوەنی و بەکەیفی خۆی و لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیەوە هەر وولاّت و ڕێکخراوێك کەلەگەلّ ئامانج و تێڕوانینەکانی ئەودا نەدەگونجا دەیکردە تبیرۆریست و دوژمنایەتی دەکرد بەبیّ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی کە مقاوەمە و شۆڕشگێڕە یان نا.ئاشکراشە کاری تیرۆریستی و مقاوەمەت هێلّێکی باریکی لێلّیان لەنێواندایەوە وهەموو شۆڕشگێڕی ومقاوەمتێکی شەرعی گەلان ئەگەر پەنا بباتە بەر کوشتنی





ڕەشکوژی و خەلّکانی بیّ گوناهو مەدەنی و ئاوادەنیەکان ئەوا دەبێتە تیرۆریست و هەربۆیەش تائێستا پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای تیرۆریست و مقاوەمەی شەرعی لەدونیادا نیە و نەکراوە .چونکە کارێکی زەحمەتە و ئاسان نیە .هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر ڕژێمی تالّیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستاندا و توانرا ئەو ڕژێمە بڕوخێنرێت و ئەلقاعیدەش لەبەریەك هەلّبوەشێنرێت و لاواز و پەرت وبلاّو بکرێت و دوای ئەم جەنگەش ئەندام و لایەنگرانی ئەلقاعیدە بەهەموو دونیادا بلاّوبونەوە و جەنگەکە قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی و دواتر ئەمریکا پەلاماری ڕژێمی عێراقیشی دا و ئەویشی ڕووخاند و هێندەی تر ئاژاوەکە قولّبوەوە وبەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا کە لە بنچینەدا بۆخۆی ناوچەیەکی گەرمی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بوە و پڕکێشە و ململانیّ بووە. هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا پڕۆژەیەکی گەورەی گۆڕان و ڕیفۆرمی بۆکۆمەلّگاو حکومەت و دەسەلاّتدارانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست داڕشت بەناوی پڕۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەوە کەمەبەست لێی گۆڕانکاری بوو لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی و بەزانستیکردنی ئەو کۆمەلّگایانە بوو .چونکە

www.dengekan.com

ئەمریکا لەو ڕاستە گەیشتبوو کە هەژاری و دواکەوتووی و چەوسانەوە و نەخوێندەواری لەم کۆمەڵگایانەدا هۆکاری سەرەکین بۆ دروست بوونی توندڕەوی و تیرۆر. کەئەمانەش مەترسی گەورەن بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەمەودای دوورو نزیکدا . هەربۆیەش چارەسەر بریتیە لە چێ کردنی سیستەمێکی دیموکراسی لەجیاتی تاك ڕەوی و دیکتاتۆریەت, چەسپاندنی ئابوریەکی بەهێزو کراوە و شەفاف و بازاڕێکی ئازاد لەجێگەی ئابوریەکی داخراو و ئاڕاستکراو وکۆنترۆڵی حکومەتەکان. گۆڕینی سیستەمی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگایەکی داخراوەوە کە مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراو نەبوبێت و هیچ جۆرە ئازادیەکی تیادا نەبێت بەسیستەمێکی سەربەست و ئازاد و کراوە .کە تاکەکانی کۆمەڵ هەست بەبوون و وجودی خۆیان بکەن لەجیاتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو نەخوێندەوار و هەژار و بێ کار کۆمەڵگایەکی زانستی و پێشکەوتوو خۆشگوزەران دابمەزرێنن.بەمەش دونیایەکی نوێ دوور لەتیرۆر و تیرۆریستان دادەمەزرێت کە جێگەی توندڕەوی و دەمارگیری تیادانامێنێتەوە . ئەم پڕۆژەیە سنوری جوگرافیاکەی هەموو وولاتە عەرەبیەکان و ئیسڕائیل و تورکیا و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوە . ودوای ڕووخانی هەردوو ڕژێمی





تاڵیبان و بەعس , فشارەکان لەسەر سوریاو ئێران چڕبونەتەوە بەهۆی پشتگیریان لە حیزبولای ئیسلامی و کێشە ئەتۆمیەکەی ئێران و دەستێوەردانی کاروباری عێراق.

لەبەرئەمە گۆڕانکاریەکان بەڕێوەیە بۆ ناوچەکە و ولاتانی عەرەبی ناوچەکەش کەوتونەتە خۆ بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لەهەموو بوارەکانی ژیاندا و دەیانەوێت بەمەش سیماو ڕوخساریان جوان بکەن و لەگوڕوتینی پڕۆسەکەش کەم بکەنەوە و تابتوانن جەماوەرەکانیشیان ڕازی بکەن , هەروەکو عەلی عەبدولای سەرۆکی یەمەن ووتویەتی (( پێش ئەوەی سەرمان بتاشن باخۆمان چاکی بکەین))*** بەلام نازانن کە ئەوکارانەی ئەوان دەیکەن نابێتە ڕێگر لەبەردەم داواکاری گەلەکانیان و ئەمریکاشدا .چونکە ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن چونکە سەرکەوتنی و ئەنجامدانی ڕیفۆرم مانای ڕووخان و لەناوچوونی خۆیانە.بەلام ئەم باهۆزی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمانە بەڕێوەیە و بۆ پێش دەچێت و درەنگ بێت یان زوو هەموو ئەو دەسەلات و حکومەتانە دەگۆڕێت و کۆمەڵگایەك و ناوچەیەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ دێتە ئاراوە .

بەم شێوەیە ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریکا کاریگەری گەورەی بەجێهێشتوە لەسەر هەموو دونیا

www.dengekan.com

و بەتایبەتیش ئەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هاندەر و هۆکـاری سەرەکیـشە بـۆ چـیٚکردنی پرۆسـەی ڕیفـۆرم و سەرکەوتنیشی ....

---

*ئەم ووتارە لەهەریەکە لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە 4072 لە 2006/9/13دا و لەڕۆژنامـەی چـاودێری ژمـارە 95 لـە 2006/9/18دا بڵاوکراوەتەوە .

** مەبەست لە خوێنی خەلیفەی سێیەمی ئیسلامە ( عوسمانی کوڕی عەفان )) کە ئەمەویەکان بەناوی تۆڵە سەندنەوە لەهەموو گروپ و لایەنە نەیارەکانیانـەوە بـۆ دەسـەڵاتەکەیان دەکەوتنـە سـەرکوتکردن و لەناوبردنیان .

*** لە چاوپێکەوتنێکی عەلی عەبدولا صاڵحی سەرۆکی یەمەندا لەگەڵ کەناڵی عەرەبیەدا ڕایگەیاند کە دەربارەی ڕووداوی 11 ی سێپتەمبەرو کاریگەریەکانی لەسەر دونیای عەرەب و ئیسلام دیناوە.



## د.عەلی قەرەداغی و خالد مشعل

## لەبەرەی تیرۆریستاندان .....*

- لـەڕۆژانی 9 و2006/5/10دا لـە پایتـەختی میرنـشینی قەتـەر شـاری دەوحـە کۆنفرانـسێکی زانایـانی ئـاینی ئیـسلام سـازدرا بـۆ پشتیوانی لەگەڵ فەلەستین.و لەهـەموو وولاتـانی ئیسلامیەوە ژمارەیەکی بەرچاوی پیاوانی ئاینی بەشداریان



www.dengekan.com

تیادا کردبوو , ئەم کۆنفرانسە بەسەرپەرشتی بیرمەندی ئیسلامی سیاسی نویٚ (( د. یوسف قەرەزاوی )) بەڕێوەدەچوو .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە لەدانیشتنی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا ڕوویدا ئەویش ئەوەبوو د.عەلی قەرەداغی کە بەناو کوردە و خەڵکی کوردوستانی عێراقە و لەناوچەی قەرەداغی سلێمانی لەدایك بوە یەکێك بوو لە ئەندامانی بەڕێوەبەری دانیشتنی کۆتایی کۆنفرانسەکە و بە دشداشە و عەباو چەفتەو عەگالی عەرەبیەوە دانیشتبوو وەبەزمانێکی عەرەبی قەواعیدی ڕەوان قسەی دەکرد . ناوبراو بەناوی زانایانی ئیسلامی کوردەوە بەشداری نەکردبوو بەڵکو ئەو وەك مامۆستایەکی زانکۆی ئیسلامی لە قەتەر بەشداری کردبوو چونکە ناوبراو جنسیەی قەتەریشی هەیە و لەویٚ نیشتەجێیە . ئەو پیاوە بەزمان و جل و بەرگ و بیرکردنەوەو دلٚ و گیانی عەرەبێکی ئیسلامی سیاسی توندڕەوە, بەلاٚم خواهەڵناگریٚ ساڵی جاریٚ یان دووجار دێتەوە کوردوستان و بە ڕانك و چۆغە و کلاٚشی کوردەواریەوە خۆیمان پیشان دەدات و سەردانی لێپرسراوان دەکات و هەندیٚ پارەو پوولی کۆکراوەی ولاٚتانی کەنداو دێنێتەوە بۆ کوردوستان بۆ پڕۆژە تایبەتیەکانی خۆی یان بەناوی مەرامەکی سیاسی ئیسلامیەوە خەرجیان دەکات لەهەندیٚ پڕۆژەی بەناو خێرخوازیدا





چونکە ئەو پیاوە (( سەرۆکی ڕێکخراوی ڕابیتەی ئیسلامی کوردیە )).

لەو دانیشتنەدا خالد مشعل لێپرسراوی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی ووتارێکی دوورو درێژی دایە ئامادەبووان و ووتی (( سەروەری و شانازی عەرەب و ئیسلام لەفەلەستیندایە و هەرکاتێك مقاوەمەت لە فەلەستین و عێراقدا شکستیان خوارد واتە ئیسلام و عەرەب شکستیان خواردوە , بۆیە داوای لەهەمووان کرد کە پشتیوانی مقاوەمەتی فەلەستین و عێراق بکەن دژی جولەکە و ئەمریکا ))

بەم ووتەیەی خالد مشعل خۆی و بزوتنەوەکەی هێندەی تر ساغ کردەوە لەسەر بەرەی تیرۆریستانی دونیا بەوەی کە خۆی و بزوتنەوەکەی کردە هاوشانی بەناو مقاوەمەتی عێراقی کە ئاشکراشە ئەو کردارە تیرۆریستیانەی لە عێراقدا دەکرێت لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستی و کۆنە بەعسیە صدامیەکانەوە ئەنجام دەدرێت و هیچ شەرعیەتێکی مقاوەمەتی جەماوەری و شۆڕشگێڕی نیە . بزوتنەوەی حەماس بۆخۆی بەڕەسمی لەسەر لیستی ڕەشی تیرۆریستاندایە لەلایەن ولاٚتانی ئەوروپاو ئەمریکاوە .

خالد مشعل دەبوایە کە بزوتنەوەکەی بەڕێگەیەکی شەرعی مقاوەمەت دەکات و خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەوایە و لەڕێگەی

www.dengekan.com

هەڵبــژاردن و دیموکراسیەتیــشەوە حکومــەتی گرتۆتــە دەســت نەئەبوایــە بەوشــێوەیە لــە مــەقامی بزوتنەوەکــەی خــۆی کــەم بکردایەتەوە بەوەی کە کردیە هاوشان و هاوکاری تیرۆریستانی قاعیدە و کۆنە بەعسیەکان لە عێراقدا. ئەو دەبوایە هەوڵی جدی بدایە بۆ ئەوەی گەمارۆی ئابوری لەسەر بزوتنەوەکەی هەڵبگیرایە و وێنــەی حکومــەتێکی خزمــەتگوزارو ســەرکەوتووی پێــشکەش بکردایــە و دواڕۆژی گــەلی فەلەســتین و مەســەلە ڕەواکــەی بــەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر ببردایە . نەك بەپێچەوانەی ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکاریــەکانی دونیــاوە مەلــەی بکردایــە و بــەزیانی مەســەلە ڕەواکەی فەلەستین هەڵسوکەوتی بکردایە .

دوای تــەواو بــوونی ووتارەکــەی خالــد مــشع(ابــو نبیــل ) , د.عــەلی قــەرەداغی سوپاســی ووتەکــەی کــرد و دڵنیــای کــردەوە کــە هــیچ کاتێك فەلەستین و قودسی شەریفی لە دڵ و مێشکدا دەرنەچوە و پشتیوانی بۆ حەماس و فەلەستینیەکان دووپاتکردەوە . بەمەش د.عــەلی دانــی نــا بــەوەدا کــە پــشتیوانی لــە تیرۆریــستان دەکــات لەعێراقدا دژی ئەمریکاو جولەکە چونکە خالــد مشعل بزوتنــەوەی حــەماس و تیرۆریــستانی عێراقــی کــردە هاوشــانی یــەکتری , هەربۆیە هەرکەسێك پشتیوانی لە بزوتنەوەی حەماس بکات وەك ئەوە وایە پشتیوانی لە تیرۆریستان بکات کە هەق بوو د. عەلی ئەو تۆمەتــە نەخاتــە پــاڵ خــۆی ئەگــەر وەك کــورد بــیری بکردایەتــەوە





چونکە ئەو خۆشی لەترسی مەرگ و کوشتن و زوڵمی بەعسیان چۆتە دەرەوەی عێراق و وولاّتی بەجێهێشتووە . بەلاّم ئەو پیاوە خــۆی و فکــر و هەڵــسوکەوت و جلکەکەشــی ســڕاونەتەوە لــە کوردایەتی.

- ئاشکراشــە کــورد کوشــتەی دەســتی بزوتنــەوە تونــدڕەوە ئیــسلامیە سیاســیەکانە کــە د. عــەلیش ئەنــدامێکی بــالاّی ڕێکخــراوی موســوڵمانی جیهانــە( حرکة اخوان المسلمین فی العالم ) و کورد توانی لەسایە و هاوکاری ئەمریکاوە ڕزگاری ببێت و ئەو ڕۆڵەی ئێستا دەیگێڕێت نەك هەر لەکوردوستاندا بــەڵکو لــە عێــراق و ناوچــەکە و دونیاشــدا هــەر لەسایەی ئــەو بێگانــە و مەســیحیانەوە بــوو نــەك وەك دەڵــێن بــەهۆی بــرا موســوڵمانە عەرەبەکانیــەوە کــە بەدرێــژایی مێــژوو لەســەر دەستی ئەوانەوە هەموو مەرگەسات و کارەساتەکانی بەسەردا هاتووە . جائەگەر کورد ڕۆڵەی بەئەمەکی وەك د. عەلی هەبێت ئیدی دوژمنی بۆچیە بەلاّم ناهەقی د. عەلیش ناگرم چونکە هــەر ئــەو بەتــەنها نیــە و ســەدان کــوردی خــۆفرۆش و میلــەت فرۆشــی وەك ئــەو هــەبوون و هەشــن لەمێــژووی کوردایەتیــدا ,

بەلاّم سەرئەنجام هەر زبلّدانی مێژوو نەفرەتی میلەتیان بۆ دەمێنێتەوە وەك تەها جەزراوی و سەدانی تر .

---

*ئەم ووتارە لە رۆژنامەی هەوالّی ژمارە 181 لە 2006/5/20دا بلاّوکراوەتەوە





## بەکوژرانی زەرقاوی هەلّوێست و نهێنیەکانی زۆر لایەن ئاشکرا دەبێت .....*

❖ ئاشکرایە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەسالّی 2003وە عێراق بۆتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێ ناوخۆیی و ناوچەیی و تەنانەت دونیاییەکانی نێوان لایەنە دژ بەیەکەکانی ئەو ململانێیانە . لەلایەك لەنێوان تۆڕی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی جیهانی وبالّی تەوحید و جیهادی وولاّتی ڕافیدەین کە زەرقاوی ڕابەرایەتی دەکرد لەگەلّ ئەمریکاو هەموو ووولاّتانی عەرەبی و ئیسلامی ناوچەکە .و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان دەولّەتانی ناوچەکە وەك ئێران و سوریاو ..هتد دژ بەئەمریکا ..

➢ هەرچی ململانێی دەولّەتانی ناوچەکە وەك ئێران و سوریا هەیە لەگەلّ ئەمریکادا دوو شێواز و ڕێچکەی هەیە یەکەمیان لەڕێگەی پشتیوانی و کارئاسانی کردنیان بۆ تیرۆریستان بەمادی و لۆجستی و کارئاسانی کردن بۆ تیرۆریستانی عەرەبی

www.dengekan.com

و..هتد بۆ چوونە ناو عێراقەوە بۆ ئەوەی درێژە بە کاری تیرۆریستی و تێکدەرانە بدەن , دووەمیشیان لەڕێگەی پشتیوانی کردنی عەرەبە شیعەکانەوەیە کە زۆرینەن و دەیانەوێت لە عێراقی نوێدا بالأدەست بن لە دەسەلأت و بڕیارداندا و بەمەش دەبنە هۆی تۆخکردنەوەی گیانی مەزهەبی و زیاتر قولّ کردنەوەی کێشەکان و ڕاکێشانی گەلانی عێراقە بۆ ناو دەوامەی شەڕی ناوخۆ و ئالۆزتر کردنی باردودۆخەکەیە لە ئەمریکا و بۆئەوەی ئەمریکا نەتوانێت کۆنترۆلّی بکات و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی کەوانەی شیعی ئێران *عێراق* –سوریا – لوبنان بەهێز و پتەو بکەن دژ بە وولأتانی سونە مەزهەبی ناوچەکە وەك تورکیا و ئوردون و میسر وکەنداویەکان و ..هتد و گوشار خستنە سەر ئیسرائیلیش .

بەم شێوەیە ململانێکان لە ئاستی ناوخۆی عێراق و تەنانەت ناوچەکەش چۆتە دەرەوە و گەلێك لایەنی نێودەولّەتی و زلهێزەکانیش بەئاشکراو بەنهێنی دەیانەوێت ئەو بارودۆخە هەروا یان خراپتر بمێنێتەوە و هەریەکەی لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە و زەرەرمەندی گەورەش تەنها عێراق و عێراقیەکان دەبێت .



www.dengekan.com



➢ ئێران و سوریا باش دەزانن کە کۆنترۆلّکردنی بارودۆخی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە مانای نزیك بوەنەوەی ڕووخان و گۆڕانکاریە لەو وولاتانەدا , چونەکە ئەمریکا پڕۆژەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی گەورەی بەدەستەوە یە کە بەپێی ئەو پڕۆژەیە هەموو ئەو وولأتانەی کەدەکەونە ناوسنووری پڕۆژەکەوە دەبێت گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و زانستی و کۆمەلأیەتی بیانگرێتەوە و سیستەمی دیموکراسی و ئازادی تیایاندا بچەسپێت و بازاڕ و بازرگانی و ئابوریان بکرێتەوە وئازا د ببێت و کۆمەلّگاکانیشیان سوود لە زانستی سەردەم و تەکنەلۆژیای سەردەمی عەولەمە وەربگرن و سنووری پڕۆژەکەش بریتیە لە هەموو وولأتانی عەرەبی و ئیسرائیل و تورکیاو ئێران و پاکستان و ئەفغانستان . ئەوەبوو سەرەتای پڕۆژەکەش بەڕووخانی هەردوو ڕژێمەکانی تالّیبانی ئەفغانستان و بەعسی عێراقی دەستی پێکرد و بەردەوامیشە بۆ هەموو وولأتانی تری ناو پڕۆژەکە و بەتایبەتیش سوریاو ئێرانیش. چونکە ئەم دوو وولأتە شێلگیرانە بەرگری لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا دەکەن و دژی هەموو گۆڕانکاریەکی ئەمریکین ..

➢ لەبەرامبەریشدا ئەمریکاش باش دەزانێت سەرکەوتنی پڕۆژەکەی بەندە بە ڕووخان و گۆڕانی ڕژێمەکانی سوریاو ئێران ومەحالّە سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت و بەرژەوەندیەکانی

لەناوچەکەدا بۆ مەدای دوور بپارێزێت بەبێ ڕووخانی ئەو دوو ڕژێمە , هەربۆیەش کەوتۆتە خۆ و گوشارە سیاسی و ئابوریەکانی لەسەر ئەو دوو وولاتە چڕ کردۆتەوە و ئەو ڕاستیەش دەزانێت کە گۆڕان لە سوریادا ساناترە وەك لەئێران بەهۆی کۆمەڵ گەلێك هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژی و جوگرافی و ئابوری و ...هتدوە کە وادەکات گۆڕان لە سوریادا پێشبکەوێت بەهۆی بچوك بونەوەی دەسەلأت و نفوزی سوریا لە ناوچەکە و لوبناندا و توندکردنی گوشارەکان لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لەسەر مەسەلەی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری لەلوبناندا و ئامادەباشی گەلانی سوریاش بۆ گۆڕانکاری , بەلأم گۆڕانکاری لەئێراندا زەحمەتتر دێتە پیش چاو بەهۆی هەڵکەوتەو پێگەی سیاسی و ئابوری و جوگرافی ئێرانەوە لەناوچەکە و دونیاشدا و توانا زۆرە مادی و مرۆییەکانی ئێران لەچاو سوریادا. بەلأم ڕووخانی ڕژێمی سوریا کارئاسانی زۆر دەکات بۆ ڕووخان و گۆڕانکاری لە ئێراندا چونکە بە ڕووخانی سووریا ئێران تەریکتر و پەراوێزخراوتر دەبێت و چونکە سوریای هاوپەیمانی ستراتیژی ئێران ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە ڕابوردو ئێستای ئێراندا و ئەگەریش بمێنێتەوە لەداهاتووشدا ڕۆڵی گەورەتر دەگێڕێت لە پشتیوانکردنی ئێراندا . بۆیە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ململانێیەی ئێران و سوریا لەگەڵ ئەمریکادا ,



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست ...

دەبێت ئەمریکا پلان و نەخشەی وورد دابنێت بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسە گۆڕانکاریە بۆئەوەی دەستی والأ بێت دژی تیرۆریستانی تەوحیدو جیهاد لە عێراقدا و بەسەرکەوتنی لەو ململانێیەی ئەو دەوڵەتانەدا ڕاستەوخۆ ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت بەسەر تیرۆرۆیستاندا .

- هەرچی ململانێی ئەمریکاو تیرۆریستانی بەعسی و زەرقاویەکانە لە عێراقدا بەکوژرانی زەرقاوی گورزێکی کاریگەریان بەرکەوتوە و ڕۆژ بەڕۆژیش بەرەو بچوکبونەوەی زیاتر و گرمۆڵە بوون دەچن دوای ئەوەی لەماوەی 3 ساڵی ڕابوردوودا و لەئەنجامی سازبوونی کەش وهەوایەکی فەوزاو بێ حکومەتی و بێ سوپایی و بوونی ململانێی ناوخۆیی نەتەوە و مەزهەب و ئاینە جیاوازەکانی ناو عێراقەوە و هەڵتەکانی ژێر خانی ئابوری و کرانەوەی سنورەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستان و بوونی سەرچاوەیەکی زۆری پارەو چەك و تەقەمەنی پاشماوەی بەعسیەکان و زۆر هۆکاری تر تیرۆریستان توانیان کە بەردەوامی بەکاری توندوتیژی و تێکدەرانەیان بدەن و بارودۆخی عێراق ئالۆزتر بکەن و ئەمریکاش تووشی سەرقاڵی و زیان بکەنەوە.
- بەلأم بەکوژرانی زەرقاوی و نەمانی زۆرێك لەو هۆکارانەی کە ببونە هۆی بەهێزی تیرۆریستان و بەعسیەکان لەئێستادا , ئەوا بەدڵنیاییەوە لەداهاتودا عێراق بەرەو ئارامی زیاتر و هێور

بونەوەی بارودۆخەكەی دەچێت و ڕۆژ بەڕۆژیش حكومەتی عێراق بەهێزتر و تیرۆریستانیش لاوازتر دەبن و جەماوەریش هوشیار تر دەبێتەوە .و هاوكاری و پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بۆ حكومەتی عێراقی زیاد دەبێت لەبەرامبەر كەمبونەوەی هاوكاری و پشتیوانی بۆ تیرۆریستان .

ئاشكرایە ئەم بارودۆخەی عێراق چەندە دەستی هۆكاری ناوخۆیی تیادایە ئەوەندەش دەستی دەرەكی و پیلانی دوژمنانی ناوچەیی و دونیایشی تیادایە و بۆیە گۆڕانكاری لەهەریەكە لە سوریاو ئێراندا كاریگەری پۆزەتیفی دەبێت لەسەر داهاتووی عێراق .

➢ كوژرانی زەرقاوی و گرتنی دۆسیە و بەڵگەنامە نهێنیەكانی ( لە فلاش دیسك و ڕاپۆرت و 5 مۆبایلی تایبەتی زەرقاوی ) لەلایەن هێزەكانی ئەمریكاو عێراقەوە , هەڵوێست و نهێنی گەلێك دەوڵەت و لایەن و گروپی سیاسی و كەسایەتی ناوخۆی عێراق و ناوچەكە ئاشكرا دەبێت كە هاوكاری مادی و لۆجستیان پێشكەش كردوون و بونەتە هۆی ئیدامە پێدانی ئەو بارودۆخەی ناو عێراق و بە بەڵگەشەوە ساغ دەبێتەوە كە كێ و چ لایەنێك لەپشت هاوكاری و كارئاسانیكردنەوەی تۆڕی تیرۆریستان بونە لە عێراقدا . ئەوەبوو دوای كوژرانەكەشی بەئاشكرا ڕێكخراوی حەماس و گروپی ئیسلامی لە





ئوردون ..هتد هاوغەمی خۆیان ڕاگەیاند بەبۆنەی كوژرانی زەرقاویەوە و بە شەهید و موجاهیدیان ناوبردو بەمەش جارێكی تر حەماسی فەلەستینی بەئاشكرا خۆی خستە ڕیزی تیرۆریستانەوە. بۆیە لەداهاتوودا لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە و ئاشكرابوونی خاوەنی ژمارە مۆبایلەكانی زەرقاوی چاوەڕوانی ئاشكرابوونی هەڵوێست و نهێنی زیاتری چەندان وولات و ڕێكخراوی سیاسی و كەسایەتی عێراق و ناوچەكە دەبین و ئاشكرا دەبێت كێ لەسەرەوە پشتیوانی ئەمریكای دەكرد و لەژێریشەوە و بەنهێنی یارمەتی تیرۆریستانی داوە و لەمەشەوە ئەمریكا پێویست دەكات چاو بە بەرنامە و هەڵوێستی خۆیدا بخشێنێتەوە بەرامبەر ئەو لایەنانە و پێدەچێت دۆستە نزیكەكانی ئەمریكاشی تیادا بێت و ڕۆژانی داهاتووش زامنی ئاشكرابوونی زیاتری ئەو هەڵوێست و نهێنیانەن .

➢ -----------------------------------

* ئەم ووتارە لە سایتی ئینتەرنێتی كوردوستان پۆستی بەرواری 2006/6/27دا بلأوكراوەتەوە

## جەنگ دژی تیرۆر

## تاكوێ و بەرەو كوێ؟*

www.dengekan.com

- میـژووی مرۆڤایـەتی و ململانێکـانی زۆر لەمێـژە دیـاردەی تیرۆری لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتوە و تیرۆریش وەك دیاردەیەکی زادەی کێشمە کێش و ململانیٚ نارەواکـان لەلایـەك و لەلایـەکی دیـشەوە بـەهۆی تونـدڕەوی و ڕەتکردنـەوەی دایـەلۆگ و ژیـانی سەردەم و مەدەنیەتەوە هەر لەکۆنەوە تا ئێستا هاتۆتە بوون و کاریگەرێکی نێگەتیڤانەی کردۆتە سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی , تیرۆر بۆ خۆی وەك دیاردەیـەکی لەمێژینـەو قێزەون و دزێو لـە فەرهەنگی ململانیٚ و دژایەتیکردنەکاندا لەزۆر زەمەن و جێگەدا پـەنای بـۆ بـراوە لەلایـەن کەسـان و گـروپ و تەنانـەت دەوڵەتانیـشەوە و بەدرێـژایی مێـژوو تـیرۆر حـزوری هـەبووە لـە ململانێکـان و ئاڕاسـتە پێـچەوانەکانی پێـشکەوتوخواز و مەدەنیەت دژ بەکۆنەپەرست و عەقلٚ دۆگماکاندا .....
- هەربۆیەش لـە ئێستادا و دوای سەرهەڵدانی تیرۆر هەمیشە لەلایـەن ئـەو گروپ و دەوڵـەت و کەسانەوە پـەنای بۆ بـراوە کـە بەشێوەیەکی توندڕەو و تاك ڕەو مەسەلەکانیان لێك داوەتـەوە و تەنها ڕێگا چارەش لای ئەوانە زەبر و زەنگ و تۆقانـدن و تـیرۆر کـردن بـووە . و هـەموو جـۆرە دایـەلۆگ و دانوسـان و پێکـەوە ژیانێکیـان لەگـەلٚ بەرامبـەری جیـاواز لـە ئایـدیا و بۆچـوون و لێکدانەوەدا ڕەتکردۆتەوە .



www.dengekan.com



هەمیـشە تـیرۆر و تیرۆریـستان لـەناو ئـەو کۆمـەلٚ و گـروپ و دەوڵەتانەدا سەری هەڵداوە کە لەسەر بنەمای ئاینی یان قەومی یان ئایدیایەکی خۆپەرست و کۆنەپەرستی توندڕەو هاتوونەتە بوون و بوونی هەموو ئاین و قەومیەتێك و ئایدییایەکی تر ڕەت دەکەنـەوە و دەیانـەوێت تـەنها و تـەنها خۆیـان دەم ڕاسـت و پێشەوا و بالاٚ دەست بن .

بەم شێوەیە دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوە دینیەکان کە ڕێڕە و وئاڕاسـتەیەکی تونـد ڕەو و بـەکارهێنانی زەبـر و زەنـگ و تۆقانـدنیان گرتۆتـە بـەر بـە تایبـەتیش لەناوەڕاسـتی سـەدەی بیـستەمدا . دیـاردەی تـیرۆر بەشـێوەیەکی بەرچـاو و ترسـناکتر لـەجاران سـەری هەڵـداوە و گەشـەی کـردووە و تاڕادەیـەکیش جەماوەری بۆ زیاد بووە. ئەم دیاردەیەش لەهـەموو دونیـادا بلاٚوە و بەتایبەتیش لە دونیای ئیسلامەتیدا گەشەی زۆر ترسناکی بۆ سەر داهاتووی مرۆڤایەتی کردووە .

تیرۆریـستان بـۆ داواکـردن و سـەندنی مـاف و بەدەسـتهێنانی دەسەلاٚتی سیاسی پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر و تۆقاندن لەجیاتی هەڵبـژاردن و پـەیڕەوکردنی دیموکراسـیەت و بڕواهێنـان بـە پێکـەوەژیانی گـەلان و ململانێـی شارستانێتەکان و پێکـەوەنانی کۆمەڵگایەکی ئاشتی و ئارام لەجیهاندا .

تیرۆر و مەترسیەکانی و شێوە و ئامڕازە بەکارهاتووەکان لەجێبەجێکردنیدا لە 11 ی سێپتەمبەری 2001 دا لە ڕووداوەکانی واشنتۆن و نیۆیۆرکدا گەیشتنە ترۆپکی ترس و مەترسی بۆ سەر داهاتووی کۆمەڵگەی دونیا و تیرۆریستان بەبێ گوێدانە هیچ پڕەنسیپ و پاراستنێکی مافەکانی مرۆڤ, ڕۆحی هەزارەها مرۆڤی بێ گوناهو گەورەترین سیمای شارستانێتی مرۆڤایەتیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و ئێستاش بەشێوەیەکی زۆر ترسناکتر لەڕێگەی بلأوکردنەوەی ڤایرۆسی کوشندەی وەك ( ئەنتراکس و مەوادی کیمیاوی .... هتد ) وە هەڕەشە لە گیانی هەزارەهای تر دەکەن و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کوشندەتر دەکەن وەك هەوڵەکانیان لە شانشینی ئوردندا لەم مانگەدا کە ئەگەر هەوڵەکەیان سەری بگرتایە بەپێی هەواڵەکان نزیکەی 20 هەزار کەس دەبونە قوربانی ئەو هەوڵە تیرۆریستیە .

بۆیە لەبەرامبەر ئەم هەموو مەترسیەدا کە دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستان وەك دیاری سەدەی بیست و یەکەم بۆ مرۆڤایەتیان هێناوە پێویست دەکات کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەیەك دەنگ و ڕەنگەوە و بەهەموو ئاین و بیروڕایەکەوە و بەهەموو نەتەوە و ڕەچەڵەکێکەوە و بەیەکگرتووی و بەهێزەوە بەرامبەر ئەم دیاردەیە بوەستن و جەنگ دژی تیرۆر درێژە پێبدەن تائەو کاتەی کە ڕەگ و ڕیشەی تیرۆریستان لەهەموو دونیادا هەڵدەکێشن و کۆمەڵی





مرۆڤایەتی لە ترس و تۆقاندن و مەرگێکی بەردەام و شاراوە ڕزگار دەکەن .

- ➢ لەئێستادا کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەرکردایەتی ئەو جەنگە ڕەوایە دەکەن پێویست دەکات کەکۆمەڵی کوردەواریش بەسەرجەم بیرو بۆچوون و ئایدیا جیاوازەکانەوە بەئیسلامی و علمانی و نەتەوەیی و ....هتد هاوبەشی لەو جەنگەدا بکەن چونکە کورد سەرەڕای جەنگ دژی داگیرکردن و ڕزگارکردنی ولأت و بەدەست هێنانی مافەکانی و چەسپاندنی لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی داهاتوودا کەوتۆتە بەر مەترسی تیرۆر و تیرۆریستانەوە و دەیانەوێت ئاشتی و ئارامی کوردوستان تێك بدەن و کوردوستانیش بکەنە تاریکستان و بەعەقڵی دۆگما و بۆگەنی کۆمەڵێك سەرلێشێواو ، کۆمەڵگەی کوردەواریش کە شەیدای ئازادی و دیموکراسیەت و پێکەوە نانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو و مەدەنیەتە کە تیایدا یاساو مافەکانی مرۆڤ سەروەربێت و دەیەوێت بەئاشتی و ئارامی و دوور لە شەڕ و تیرۆر سەرگەرمی ژیاندنەوە ی ژێرخانی ئابوری و کۆمەلأیەتی و سەرجەم بوارەکانی ژیانی خۆی بێت تێك بدەن و ببنە ڕێگر بۆئەوەی کورد نەتوانێت وەك گەلێکی شارستانی و ئاشتی پەروەر و زیندووی ئەم دونیایە بەشداری گەرم و

www.dengekan.com

گوڕ بكات لە پاراستنی ئاشتی ناوچەكە و دونیادا و ڕۆڵی خۆی ببینێت لە پرۆژە ناوچەیی و جیهانیەكاندا و ببێتە كۆمەڵگایەكی دواكەوتوو و هەر بەژێر دەستەیی ولآتانی ناوچەكە بمێنێتەوە .

- زەمانەتی سەركەوتن لە جەنگ دژی تیرۆردا بریتیە لە بەردەوامی و بەهێزی بڕوا بوون بە ڕەوایی جەنگەكە لەسەر ئاستی حكومەتەكان و ڕای گشتی جەماوەریش . بۆیە ئەم جەنگە جەنگێكی تەقلیدی نیەو لەهەموو ڕووەكانیەوە چاوەڕێی زوو كۆتایی هاتنی ناكرێت و پێویست دەكات كە بە نەفەسێكی درێژەوە درێژە بەم جەنگە بدرێت و بەرەیەكی فراوانتر پێك بهێنرێت تائەو كاتەی كە دەتوانرێت ئەم دیاردە دزێو ناشیرین و پڕ مەترسیە بنەبڕ بكرێت یان هیچ نەبێت سست و سڕ بكرێت بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ كە تیایدا كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەئاشتی و ئارامی بژێت و پلانی ستراتیژی ووورد و بەهێزیی تریش دابنرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیە ...

* ئەم ووتارە لە ڕۆژنامەی هەواڵی ژمارە 80 لە 2004/5/8دا بلآوكراوەتەوە





# بەشی شەشەم

www.dengekan.com

## هۆکارەکانی ڕوودانی بوومەلەرزە

## و

## مەترسیەکانی و چۆنێتی ڕووبەڕووبونەوەی ...*

### ➢ پێشەکی

بوومەلەرزە وەك دیاردەیەکی سروشتی و زۆرجارانیش کاولکەر و وێرانکەری گەلێك شارو ولآت و ناوچە جیاوازەکانی دونیا بۆتە هۆی خاپور و تەختکردنی شاری گەورە و کوشتنی سەدان هەزار مرۆڤ و گۆڕانکاری کردنی گەورە لە سروشتی زەویدا و دەیان شاخ و دۆڵ و گرد و تەپۆڵکە و دەریاچە و ..هتدی سەرەونگوم کردوە و دەیانی تریشی



www.dengekan.com



دروستکردوە .. بوومەلەرزە کات و جێگەی ڕوودانی دیاریکراوی نیە , بەڵکو هەموو جێگەیەك و لەهەموو چرکەیەکدا ئەگەری ڕوودانی هەیە ..

کوردوستانیش وەك هەر جێگە و پارچەیەکی ئەم دونیایە بەدەر نیە لەو چوارچێوەیە هەربۆیە پێویست دەکات کە هەموان و لەپێشیشەوە حکومەت و دام و دەزگاکانی تایبەتمەندی ئەو بوارە هەموو ڕێگە و جێگەیەك و پلانێکی پێشوەخت و ئامادەیان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە و خۆئامادەکردن بۆ چۆنێتی کەمکردنەوەی زەرەرو زیانەکان لەمرۆڤ و دامەزراوەکان و سروشتی کوردوستانیش ..

کوردوستان ئەگەرچی ناوچەیەکی زۆر چالاکی بومەلەرزە نیە و تائێستا ژمارەیەکی کەمی بومەلەرزەی بەهێز و گەورەی بەسەرداهاتوە بەلآم دەکەوێتە ناوچەی بوومەلەرزەوە و دەکەوێتە پلێتی عەرەبیەوە کە زۆرجاران لەناوچە نزیکەکانی ئێران و تورکیاو ئەرمینیاو ..هتدی کوردوستان بومەلەرزەی زۆر گەورە و وێرانکار ڕوویانداوە .. بۆیە خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بوومەلەرزە ئەرکێکی هەنوکەیی حکومەت و دام و دەزگاکانێتی ...

لەخوارەوە بەدرێژی باس لە سروشت و هۆکارەکانی و مەترسیەکانی و ڕێگە چارەکانی خۆپاراستن لەو دیاردە

سروشتیە کوشندە و کاولکارە دەکەین بۆئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت و کەمێك هوشیاری و زانیاریمان هەبێت لەبارەی بوومەلەرزەوە ..

## ➢ بنچینەی جوڵەکانی زەوی و چەمکی زەمین لەرزە

سەرەتا ناوی بوومەلەرزە لە قورئانی پیرۆزدا لە 7 سورەتی (( بقرە و حج واحزاب وزلزل والطارق و نباء و حدید )) دا هاتوە بەمانای جیاواز و پێش ئەوەی باس لە چۆنێتی زەمین لەرزە بکەین , پێویستە کەمێك زانیاریمان هەبێت لەسەر ئەو زەویەی کە لەسەری دەژین:-

تیرەی گۆی زەوی بریتیە لە 12750 کم و لە 3 چین پێك دێت :-

توێکڵی دەرەکی زەوی crust و پەردەپۆش ( حجاب ) mantle و ناوەند ( سەنتەر ) core دەتوانین کەئەم پێکهاتەیەی زەوی بچوێنین بە هێلکەیەکی کولاو , بەشێوەیەك کە توێکڵی دەرەکی ڕەقە و ئەستوریەکەشی کەمە لەگەڵ قوولی چینەکانی تردا . قوڵی توێکڵی دەرەکی زەوی لەژێر زەریاکاندا لە ( 5 )کم زیاتر نیە , بەڵام ئەم قوڵیە لەژێر کیشوەرەکاندا دەگۆڕێت و بەتێکڕا ( 30 ) کم دەبێت . بەڵام لەژێر چیا بەرزەکاندا وەك چیای ئەڵپ دەگاتە ( 100) کم .



www.dengekan.com



توێکڵی زەوی وەك توێکڵی هێلکە ناسکە و ناتوانرێت بشکێنرێت, لەژێر ئەم توێکڵەوە چینێکی تر هەیە کە حیجابی پێ دەوترێت کە بریتیە لە بەردێك کە ڕەقێتی مام ناوەندە وپلەی گەرمی بەرزە و درێژیەکەی دەگاتە ( 2900) کم, ئەم چینە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەردەکانی مادەی ئاسن و مەگنیسیۆم و کالیسیۆمی بەڕێژەیەکی زیاتر تیادایە وەك لە توێکڵی زەوی و پلەی گەرمی لەم چینەدا بەرزتر دەبێتەوە بەزیادکردنی قوڵیەکەی, ئەم چینە وەك چینی سپێنەی هێلکە وایە .

بەڵام ناوەندی زەوی بەردی کانزایی تیادایە وەك ئاسن و نیکڵ بەشێوەیەك( 2 ) ئەوەندەی چینی حجاب دەبێت . ناوەندی زەوی لە دووچین پێك دێت:- ناوچەی یەکەمی دەرەکی کە قوڵیەکەی ( 2200) کم دەبێت و بریتیە لە ناوچەیەکی شلەیی و ناوچەی ناوەندی ناوەکی قوڵیەکەی ( 1250) کم دەبێت و ناوچەیەکی ڕەقە.

ناوچەی دەرەکی لە چینی حجابدا ساردتر و زیاتر ڕەقترە لە بەشی ناوەکی کە توێکڵی زەوی سەری پێ دەوترێت lithosphere( بەشی وشکەمەنی لەزەوی ) لەووشەی یۆنانی lithos یان بەرد stone وە داتاشراوە . چینی lithosphere ئەستوریەکی کەمی هەیە لەژێر زەریاکان و ناوچە گرکاویاکاندا کەلە ( 80 ) کم کەمتر نیە . ئەم ناوچەیەlithospher

تێکشکێنراوە و ئێستا پێی دەوترێت بارستە یان پلێتی زەوی pletes کە کیشوەر و زەریاکانی کەوتۆتە سەر .

زاناکان پێیان وایە کە چینێکی تر لەژێر چینی lithosphere ی چینی حیجابەوە هەیەو پێی دەوترێت asthenosphere کە داتاشراوە لە ووشەی asthenesی یۆنانیەوە کە مانای weakی ئینگلیزی هەیە و بەواتای ناوچەی لاواز دێت .ئەم ناوچەیە لەبەردی گەرمی شلی جولاوە پێك دێت و دەتوانین بیهێنینە بەرچاومان کە ناوچەی lithosphere دەکەوێتە سەر چینی asthenosphere .

لەم پێشەکیەی کە باسمان کرد دەتوانین بڵێین کە توێکڵی زەوی وەستاو نیە بەڵکو دروستکراوێکی بزێوە و توێکڵ و ناخی زەوی لە جوڵەیەکی بەردەوامدان. بەردەکانی ژێر چینی lithosphere بەشێوەیەکی بازنەیی دەجوڵێن و دەتوانین بیچوێنین بە جوڵەی ئاوێکی گەرم کەلە کتریەکدا بەرزو نزم دەکات بەشێوەیەك ئاوە گەرمەکە بەرزدەبێتەوە و دێتە سەر ڕووی ئاوەکە و سارد دەبێتەوە و دواتر دادەبەزێتەوە بۆ ژێرەوە تاجارێکی تر گەرم دەبێتەوەو جارێکی تریش بەرز دەبێتەوە و بەم شێوەیە ئەم جوڵەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە .





➢ **لێرەوە دەکرێت بپرسین کە زەوی لەکوێوە ئەم گەرمیەی دەست دەخات ؟؟؟**

زەوی لەدوو سەرچاوەوە گەرمیەکەی دەست دەخات :-

1. کەمکردنی چالاکی تیشکدانەوە radio active decay
2. گەرمی بەجێ ماو residual heat

➢ **کەمکردنی چالاکی تیشکدانەوە کردارێکی ئاساییە spontaneous**

کە تیایدا گۆڕان دێت بەسەر پێکهاتەی گەردیلەکاندا بۆ ئەوەی توخمی نوێ پێك بهێنن وەك چۆن لەکارلێکە ناوکیەکاندا ڕوودەدات کە تیایدا وزەیەکی لێ بەرهەم دێت لەسەر شێوەی گەرمایەکی بەرز کە سارد دەبێتەوە بەبەرزبونەوەی بۆ توێکڵی زەوی .

➢ **بەڵام گەرمی بەجێماو residual heat**

بریتیە لەو گەرمایەی کەلەگەڵ دروستبوونی کەوندا دروست بوە پێش 4600 ملیۆن ساڵ کەلەئەنجامی تێکەڵ بوونی بەرهەم هاتووە و cosmic debris پاشەڕۆ کەونیەکان لەئەنجامیشدا ئەوەی لێپێك هاتووە کە پێی دەوترێت زەوی .

تێگەیشتنمان بۆ ئەم ڕاستیانەی سەرەوە ئاڕاستەمان دەکات بەرەو ڕاستی پلێتەکانی زەوی tectonic plate کە لەئێستادا دەجوڵێن و لەڕابوردووشدا هەر جولاون . بەڵام

www.dengekan.com

دەربارەی هۆکارو چۆنێتی جولاندنەکە ئەوا چەند بیردۆزەیەك هەیە کە نامانەوێت لێرەدا بەدرێژی باسیان بکەین.

- ➢ ووشەی plateمانای بارستاییەکی گەورەی ڕەق لەبەردی زۆر ڕەق دێت . بەلاَم ووشەی tectonic مانای چۆنێتی دروست بوونی کەون یان بیناکردنی ڕووی زەوی لە بارستایی گەورەو ڕەق لەبەردی زۆر ڕەق بەشێوەیەك کە زاناکان وای بۆ دەچن کە کیشوەرەکانی ئێستا بریتین لە قلیشبونێکی گەورە کە تووشی کیشوەرە مەزنەکە بووە continent super کە ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم کیشوەرانەی ئێستا لە ئەنجامی هێزەکانی ناو زەویەوە و ئەم کیشوەرانەش لە یەکتر دوورکەوتنەوەیەکی بەردەوام دان .
- ➢ بیردۆزەی ( plate tectonics) پشت دەبەستێتە سەر ئەوبیردۆزەیەی پێش خۆی کە بریتیە لە بیردۆزەی جولەی کیشوەرەکان ( continental drift) و بیردۆزەی دوورکەوتنەوەی زەوی دەریاکان ( sea floor spreading).
- ➢ بەپێی بیردۆزەیcontinental drift ی زانای ئەلمانی wegnerسالی 1912 , کیشوەری مەزن ناوی pangea بوە وکاتێك پێش 200 ملیۆن سالْ داقلیشاوە بۆ دوو کیشوەر یەکێکیان لەباکوری هێلی کەمەری ( ئیستیوادا ) laurasia و



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

دووەمیان باشوری هێلی کەمەری ( ئیستیوا ) کەپێی دەوترێت gondwana landودواتر دابەشبوە بۆ پلێتە سەرەکیەکان platesو پلێتە نیمچە سەرەکیەکان sub-plates, زۆربەی ئەم پلێت و بارستاییانە لەجولەدان بەرەو بەشە ساردەکانی ناو حیجاب mantle لەتوێکلی زەویدا بەتێکرای 5–10 جگە لە پلێتی ئەفریکا لەبەرئەوەی سەنتەری کیشوەری مەزن بووە pangea کە دابەش بووە بۆ ئەم کیشوەرانەی ئێستا .

- ➢ بەلام بیردۆزەی دوورکەوتنەوەی دەریاکان sea floor spreading پشت دەبەستێتە سەر دروستبونی توێکلێکی تازە بۆ زەوی crust لە بنی زەریاکاندا کە دەبێتە هۆی پالنان و جولاندنی توێکلە تازەکە دوور لەناوچەی دروست بوونی کەون .
- ➢ توێکلی زەوی ئێستا دابەش دەبێت بۆ 7 بارستایی یان پلێتی سەرەکی و 20 پلێتی لاوەکی کە سنووری نێوان ئەم بارستەو پلێتانە بریتین لە ناوچەی چالاکی بوومەلەرزە و گڕکانەکان .

### ➢ پلێتە سەرەکیەکان

1. پلێتی ئەوروپی ئاسیاوی
2. پلێتی ژێر زەریای هێمن
3. پلێتی ئەمریکای باکور

www.dengekan.com

4. پلێتی ئەمریکای باشوور
5. پلێتی ئوستوڕاڵی هندی
6. پلێتی جەمسەری باشور
7. پلێتی ئەفریکا

➢ **گرنگترین پلێتە لاوەکیەکان :**

1. پلێتی فلیپینی
2. پلێتی عەرەبی
3. پلێتی کاریبی
4. پلێتی دەریای ڕەش
5. پلێتی ئەنازۆڵ

هەموو پلێتێك بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەجوڵێت بەشێوەیەك کە جوڵەی لەیەکتر دوورکەوتنەوە یان نزیك کەوتنەوە یان بەریەك کەوتن دەبینین . ئەو ناوچانەی بەریەك دەکەون لەنێوان پلێتەکاندا بریتین لە ناوچەی سەرەکی بۆ بڵاوبونەوەی بوومەلەرزە .

تێبینی دەکرێت کە پلێتی عەرەبی و ئەفریکی دەجوڵێن بەرەو باکوور و باکوری ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا بەخێرایی 3سم/ ساڵ کە لەڕێگەشیاندا تێدەپەڕن بەسەر چەند پلێتێکی بچووکدا کە ئەم فشارەش دەبێتە هۆی بوومەلەرزەیەکی بەهێز کە بڵاوە لەتورکیاو ئێران و باکوری عێراق



www.dengekan.com



( کوردوستان ) و ناوچەی ئەرمینیا, لەکاتێکدا ئەوروپا وئەمریکا لێك دووردەکەونەوە بەخێرایی 5سم/ ساڵ .

وولآتانی ناوچەی عەرەبی تووشی جوڵەی بوومەلەرزەی بەهێز و کاولکاربوونەتەوە لە :-

عێراق ساڵی 1007 م –1666م
فەلەستین ساڵی 1034م–1202م–1759م–1927م
سوریاساڵی 1042م–1201م–1872م
تورکیاساڵی 1268م–1458م–1688م–1822م–1939م–1942م–1944م–1953م–1957م–1966م–1976م–1999م

لەگەڵ چەند ناوچەیەکی تر لە مصر و مەغریب و جەزائیر, کەهێز و توندی ئەم بومەلەرزانە پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی سروشتی جیۆلۆجی بۆ ناوچەی عەرەبی دەکات .بەشێوەیەك کە بارستە یان پلێتی عەرەبی arabic plate ئەم جێگەیانە دەگرێتەوە ( عێراق و سوریاو ئوردون و فەلەستین و وولآتانی کەنداوی عەرەبی و یەمەن و تەواوی کەنداوی عەرەبی ) ئەم بارستەیەش دەکەوێتە نێوان پلێتی ئەوروئاسیاوی و پلێتی ئەفریقی کە دەریای سوور سنووری نێوانیانە.

هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان پلێتی عەرەبی و ئەفریقی بریتیە لە کەنداوی عەقەبە و هێڵی جیاکەرەوەی نێوان پلێتی عەرەبی و

پلێتی سینا کە درێژ دەبێتەوە بۆ باکور بۆ دۆڵی عەرەبە و دواتر دەریای مردوو و دۆڵی ئوردون و بیقاع هەتا چیای تۆرۆس و باکوری ئەنازۆڵ لە تورکیا, بەمەرجێك ناوچەی کەنداوی عەقەبە بریتیە لە ناوچەیەکی چالاکی بوومەلەرزە کە چەندین لەرەی زەوی تیادا ڕوویداوە بەدرێژایی مێژوو.

کەنداوی عەرەبی بەتەواوەتی دەکەوێتە پلێتی عەرەبییەوە و دەبێتە سنووری باشووری ڕۆژئاوا بۆ ئێران و سنووری عێراق ئێرانیش پلێتی عەرەبی لەڕۆژهەڵاتەوە جیا دەکاتەوە . دەریای عەرەبیش دەکەوێتە پلێتی ئوستوڕاڵی هندی بریتیە لە سنووری باشووری پلێتی عەرەبی .

هەرکاتێك چینی دەرەوەی توێکڵی زەوی بەشێوەیەکی نارێك و پێك و لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو جوولا بۆ ماوەیەکی زۆرکەم , ئەوا ئەو جوڵەیە بریتیە لە بوومەلەرزە .

بەشێوەیەکی ئاسایی سەنتەری بوومەلەرزەکە دەکەوێتە ناخی زەویەوە کە پێی دەوترێت hypo center, ووشەی hypo بەواتای ژێر دێت , بەلام سەنتەری بوومەلەرزەی سەر ڕوو پێی دەوترێت epi center کەووشەی epi بەمانای ڕووی دەرەوە دێت .ئاسایشە ئەو ناوچانەی کە نزیك سەنتەری بوومەلەرزەی سەر ڕوون تووشی لەرە یان بوومەلەرزە دەبن , هەرکاتێك ماوەی نێوان سەنتەری ناوەکی بوومەلەرزەکە کەم بوو لە ڕووی زەویەوە





ئەوا لەرینەوەی لەچوار دەوری سەنتەری بومەلەرزەی سەرڕوو زۆر خێرا و بەهێز دەبێت و بەپێچەوانەشەوە .

ئەو وزەیەی کە بوومەلەرزەی پێ لەدایك دەبێت پێوانە دەکرێت بە هێزی بوومەلەرزە magnitude, هەرکاتێکیش دووری لە نێوان سەنتەری بوومەلەرزەی ناوەکی لە ڕووی زەویەوە زۆر بوو ئەوا سەنتەری بوومەلەرزەی سەر ڕوو توندی بوومەلەرزە تیایدا کەم دەبێت بەلام ناوچەیەکی فراوان هەست بەلەرە و بوومەلەرزەکە دەکەن . شەپۆلی لەرینەوەکان چینە جیۆلۆجیەکان دەبڕێت تادەگاتە سەر ڕووی زەوی بەشێوەیەك وزەی وەستاو دەگۆڕێت بۆ وزە جوڵە و لێرەوە توندی بوومەلەرزە دەردەکەوێت intensity سەنتەری ناوەکی بوومەلەرزە لە قوڵایی جیاوازەوە دەبێت بۆ نموونە قوڵی بوومەلەرزەکەی ئەگادیر لە جەزائیر لەساڵی 1960 سێ کیلۆمەتر بوو بەلام خوڵی بوومەلەرزەی ئەصنام هەر لە جەزائیر لەساڵی 1980دا 9کم بوو . لە ئەرمینیا ساڵی 1989دا 10کم بوو . قوڵترین سەنتەری ناوەکی بوومەلەرزەش دەگاتە 700کم . لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانەوە دەرکەوتووە کە لە 85٪ی بوومەلەرزەکان بریتین لە بوومەلەرزەی سەرڕوو واتە قووڵاییەکانیان لە 65کم تێپەڕناکات .

www.dengekan.com

## جۆرەكانی بوومەلەرزە و هۆكارەكانی

### 1. بوومەلـــەرزەی پێكهێنـــەر TECTONIC EARTHQUAKE

بریتیە لەو بوومەلەرزەیەی كە ڕوودەدا لەناوچەكانی بەریەك كەوتن و پێكگەیشتن لەنێوان پلێتە جیاوازەكاندا و 90٪ی كۆی لەرەكانی زەوی پێك دێنێت . لەئەنجامی جوڵەی ئەم پلێتانەوە لە توێكڵی زەویدا چیاو بەرزونزمی دروست دەبێت بۆیە پێی دەوترێت بوومەلەرزەی پێكهێنەر .

### 2. بوومەلەرزەی گڕكانی

ئەم جۆرە لە بوومەلەرزە ڕوودەدات لە ئەنجامی تێكچوونێك كە لەبەرزبونەوەی گاز و پشكۆكانەوە كە لەناخی زەویدان و بەشێوەیەكی گشتی لە قولایی زەریاكاندا ڕوودەدات .

### 3. بوومەلەرزەی ڕووخێنەر

ئەم جۆرە لە بوومەلەرزە ڕوودەدات لەئەنجامی ڕووخانی بۆ شایی و ئەشكەوتەكانی ناو توێكڵی زەوی و ئەوەش





لەئەنجامی تواندنەوەی بەردە خوێییەكان وكڵسیەكانەوە دەبێت بەكاریگەری ئاوی ژێر زەوی .بەڵام ئەم جۆرە لەبوومەلەرزە زۆر بەكەمی ڕوودەدات .

### 4. بوومەلەرزەی دروستكراو

ئەم جۆرە لە بوومەلەرزە ڕوودەدات لەئەنجامی كاری مرۆڤەوە بۆ گۆڕینی حاڵەتی سروشتی زەوی . وەك تەقینەوە ناوكیەكان یان پڕكردنەوەی خەزانە گەورەكانی دوای بەنداوەكانەوە .وەك لەبەنداوی KOYNA لە هندستان ڕوویدا لەكاتی پڕكردنی بەنداوەكەدا بوومەلەرزەیەك ڕوویداو بوە هۆی درزبردنی بەنداوەكە و كوشتنی 177كەس لە 1968/12/10دا, هەروەها لەبیابانی نیڤادا لەئەمریكا لەئەنجامی تەقینەوەی ناوەكیەوە لەژێر زەویدا بوومەلەرزەیەكی بەهێز ڕوویدا لەساڵی 1968/12/19دا.

### ➢ شەپۆلە بوومەلەرزەییەكان

لەكاتی ڕوودانی بوومەلەرزەدا شەپۆلە بوومەلەرزەییەكان بڵاودەبنەوە و دەكرێنە ئەم جۆرانەی لای خوارەوە :-

### 1. شـــەپۆلە بوومەلەرزەییـــە قەبارەییـــەكان كەلـــەقولایی زەویدا ڕوودەدەن و دەبنە دووجۆرەوە :-

www.dengekan.com

- ➢ شەپۆلە سەرەتاییەکان PRIMARY WAVE یان شەپۆلە درێژەکان کەدەبێتە هۆی فشار و لێك دوورکەوتنەوەی ناوەندەکە بەشێوەیەکی بەدوایەکدا و بڵاودەبێتەوە لەماوەی گۆڕانی قەبارەی ناوەندەکەدا و بەخێرایی 7–8 کم/ چرکە.
- ➢ شەپۆلە لاوەکیەکان SECONDARY WAVE یان شەپۆلە پانەکان جوڵەی ناوەندەکە بەشێوەیەکی شاقوڵی دەبێت لەگەڵ ئاڕاستەی درێژیدا و بڵاودەبێتەوە لەماوەی گۆڕانی شێوەکەدا . ناتوانێت لەناوەندە شلیو گازیەکاندا تێپەڕبێت و خێراییەکەشی لەنێوان 4–5کم/ چرکە دایە .

## 2. شەپۆلە سەر ڕووییەکان

کاتێ شەپۆلە قەبارەییەکان دەگەنە سەر ڕووی توێکڵی زەوی وزەی بوومەلەرزەکە دەگۆڕێت بۆ شەپۆلی سەر ڕوو .ناچێتە ناو خاکەوە تەنها بەقووڵیەکی زۆر کەم نەبێت و ئەمەش دووجۆرە:–

- ➢ شەپۆلە ئاسۆییەکان RAYLIEIH WAVEوەك شەپۆلی ئاو وایە.
- ➢ شەپۆلە شاقوڵیەکان LOVE WAVE لەجوڵەی تەنەکانی ناو ئاو دەچێت لەبەرزبونەوەو نزمبونەوەدا, درزبون و قڵیشانی دامەزراوەکان بەزۆری بۆ ئەم جۆرە شەپۆلانە دەگەڕێنرێتەوە .





تێبینی دەکرێت کە شەپۆلە سەرەتاییەکان خێراترن لە شەپۆلە لاوەکیەکان لەبەرئەوە لە پێشتردا دەگاتە وێستگەی دیاریکردنی بوومەلەرزە بەهۆی ئەو جیاوازیە لە خێراییەکانیاندا بەهۆی ئەمەشەوە دەتوانرێت دووری چاوگەی بوومەلەرزەکە دیاریبکرێت لە وێسگەی دیاریکردنی بوومەلەرزەکەوە .

### ➢ پێوانـەکردنی زەمـین لـەرزە EARTHQUAKE EFFECTS ( G.R.P)

یەکەم پێوانەی کرداری کە بۆ پێوانەکردنی زەمین لەرزە بەکارهات لەئەنجامی دۆزینەوەی زانای جیۆلۆجی ئەمریکیەوە بوو CHARLES RICHTERساڵی 1935 لە پەیمانگای کالیفۆڕنیا بۆ تەکنەلۆژیا, لەبەرئەوە تاکو ئێستاش هەموو دونیا ناوی ئەو زانایە بەکار دەهێنن وەك پێوانەیەك بۆ بوومەلەرزە کە کورتکراوەکەی بریتیە لە ML واتە MAGNITUDE LOCAL.

پێوانەی ڕێختەر ئامێر نیە بەڵکو هاوکێشەیەکی بیرکاریە کە لەڕێگەیەوە ئەو وزەیە دەپێورێت کەلەئەنجامی زەمین لەرزەوە دەردەچێت . و ژمارەی دەرچوو هێندی بوومەلەرزەکە پیشان کە پشت دەبەستێت بەفراوانی MAGNITUDE دەدات

www.dengekan.com

کە تۆمارکراوە لەسەر ئامێرەکە AMPLITUDE شەپۆلەکە
کە بەمانای شەپۆل دێت بەیۆنانی . SEISMOGRAPH

پێوانەی ڕێختەر بریتیە لە هاوکێشەیەکی لۆگاریتمی بەشێوەیەك هەموو پلەیەکی 10 ی ئاماژەیە بۆ وزەی دەرچووکە 10 جار لەپلەی پێش خۆی بەرزترە . بەشێوەیەك پلەی پێشووتر 10 جار لە پلەی 6 گەورەتر و 100جار لەپلەی 5 گەورەترە.

یەکەم ئامێر بۆ پێوانی زەمین لەرزە لەچین لەساڵی 132ی میلادیەوە بەکارهێنراوە کە بریتی بوە لە هەیکەلێك کە لە 8 کەلەسەر پێکهاتووە و هەر کەلە سەرێك وێنەی ئەژدیهایەك (( تنین )) یکە و ڕوویان لە 8 ئاراستە سەرەکیەکەیە و کەدەمیان کراوەتەوە و لەناو دەمیاندا تۆپێك هەیە و لەژێر هەر ئەژدیهایەکدا هەیکەلی بۆقێکی دەمکراوە هەیە و هەمان ڕووی ئەژدیهاکانیان هەیە,لەکاتی ڕوودانی زەمین لەرزەدا تۆپێك یان زیاتر لەدەمی تنینەکانەوە دەکەوێتە ناو دەمی بۆقەکانەوە , بەم شێوەیە سەرچاوەکان ئاماژە دەدەن بەوەی بەم شێوەیە لەرەی زەوی لەدووری 600کم وە تۆمارکراوە.شێوەی کاری ئەم ئامێرە تائێستاش بەنهێنی ماوەتەوە .

➢ پێوانەی ڕێختەر دەتوانرێت بەکاربهێنرێت کاتێك کەماوەی نێوان seismographو جێگەی لەرەی زەوی زیاتر





نەبێت لە 600کم. کاتێك ماوەکە لەوە زیاتر بێت زاناکان پێوانەی تر بەکاردەهێنن وەك:-

MW MOMENT MAGNITUDE
MS SURFACE MAGNITUDE
MB BODY MAGNITUDE

زەمین لەرزە کە پلەکەی لە 2 پلە کەمتر بێت مرۆڤ هەستی پێناکات , کاتێك پلەکەی 5 پلە بێت بەپێوانەی ڕێختەر بریتیە لە زەمین لەرزەی مام ناوەند MODERATE و کاریگەرییەکەی سنووردارە لەسەر دامەزراوەکان و لەساڵێکدا زیاد لە 1500 لەرەی 5پلەیی لەزەویدا ڕوودەدەن . وەك بەراوردێك ئەو وزەیەی کە لەلەرەی 5 پلەییەوە دەردەچێت یەکسانە بەو وزەیەی لەئەنجامی تەقینەوەی 10 هەزار تەن لەمادەی T.N.Tوە دەردەچێت کە یەکسانە بەو وزەیەی کە لەتەقینەوەکەی بۆمبی ئەتۆمی سەر شاری هێرۆشیمای یابانی کەوتەوە .کاتێك لەرەی زەوی لە 6 پلە و زیاتر بێت پێی دەوترێت گەورە MAJOR. گەورەترین لەرەی زەوی کە تائێستا لەدونیادا تۆمارکرابێت هێزەکەی 9ر5 پلە بووە بەپێوانەی ڕێختەر کە لە 1960/5/23 لە وولاتی شیلی ڕوویدا و وزەی دەرچوو لەم بوومە لەرزەیەوە زیاتر بوو لە یەك ملیۆن جار لەو وزەیەی کە لەتەقینەوەئەتۆمیەکەی شاری هێرۆشیمای یابانی دەرچوو لە جەنگی جیهانی دووەمدا .

www.dengekan.com

بۆ زانیاری زیاتر ئەو بوومەلەرزەیەی کە پلەکەی 7 پلە بێت وزەی دەرچووەکەی بریتیە لە31 جار گەورەتر لەو بوومەلەرزەیەی کەپلەکەی 6 پلەیە . و 31*31 واتە 1000جار گەورەترە لەو بوومەلەرزەیەی کە 5 پلەیە , بوومەلەرزەی 8 پلەیی و زیاتر بەتێکرا 1 جار ڕوودەدەن لە ساڵێکدا .

### ➢ توندی یان بەهێزی بوومەلەرزە INTENSITY

ئەم پێوەرە ڕادەی کاریگەری بوومەلەرزە دەردەخات لەسەر مرۆڤ و دامەزراوەکان و سروشتیش. زۆر پێوانەی جیاواز هەیە کەبەکاردێن لە ئەمریکاوئوستوڕالیاویابان و ...هتد.

هەموو پێوەرەکان پشت دەبەستن بەتوانای هەستکردن وەك لەخەوهەستانی نووستوویەك یان زەرەروزیانەکان و..هتد وە ئاسایش پێوەرەکان دەکرێنە 12 پلەوە وەك بەم شێوەیە:-

1. مرۆڤ هەستی پێناکات بەڵام تۆمار دەکرێت لەسەر SEISMOGRAPH
2. دانیشتوانی باڵەخانە بەرزەکان هەستی پێدەکەن
3. مرۆڤ هەستی پێدەکات لەناو بیناکاندا و دەرگاو پەنجەرەکان دەلەرێنەوە



www.dengekan.com



4. دەرگاو پەنجەرەکان زۆر بەتوندی دەلەرێنەوە لەناو بیناکاندا
5. هەموو مرۆڤەکان هەستی پێدەکەن و شتە هەڵواسراوەکان دەکەونە خوارەوە
6. زیانی بچوك ڕوودەدەن و کەلوپەلەکانی ناوماڵ دەجوڵێن
7. بینا کۆنەکان دەڕوخێن
8. ترس و دڵەڕاوکێ ڕوودەدەن و بیناکان درز دەبەن
9. تۆقاندن ڕوودەدات و زەوی دەقڵیشێت
10. تۆقاندن ڕوودەدات و ڕووخانی گەورە لەبیناکاندا ڕوودەدەن
11. تۆقاندن و قڵیشانی زەوی ڕوودەدەن و بۆریەکانی ژێر زەوی دەتەقن
12. کەل و پەلەکان لە هەوادا جوڵە دەکەن و کاولکاریەکی زۆر ڕوودەدات و شەپۆلی زەوی دەبینرێت .

بەبەراورد لەنێوان پلەی هێزی بوومەلەرزەکە و MAGNITUDEو توندی بوومەلەرزەکە INTENSITY بۆمان دەردەکەوێت کەهەر بوومەلەرزەیەك یەك هێزی هەیە بەڵام توندی جیاوازی هەیە بەگوێرەی ئەو ناوچەیەی کە لێیداوە .

### ➢ ئاگادارکەرەوەی بوومەلەرزەیی

پسپۆڕان له ئێستادا گرنگی دەدەن بەدیاردەی (( ئاگادارکەرەوەی بوومەلەرزەیی )) که پێش ڕوودانی بوومەلەرزەکە دەکەوێت له چوارچێوەی لێکۆڵینەوەو چاودێری کردندا .

1. گۆڕان لەئاستی ئاوی ژێر زەیدا, بەشێوەیەك تێبینی کراوه که ئاوی بیرو کانیاوەکان بەرزونزمی‌یەکی کتوپڕ دەکەن و پلەی گەرمیشیان بەرز دەبێتەوە .
2. گۆڕان لەئاستی ئاوی دەریاو زەریاکاندا بەشێوەیەك شەپۆلەکان بەرز دەبنەوە که دەگەنە دەیان مەتر.
3. گۆڕان له سیفاته فیزیاویەکانی توێکڵی زەوی وەك توانای موگناتیسی و ڕاکێشان. بەشێوەیەك که موگناتیس توانای ڕاکێشانی نامێنێت بەشێوەیەکی کاتی لەکاتی بوومەلەرزەدا.کەئەمەش ئەو بیردۆزەیه پشت ڕاست دەکاتەوە که دەڵێت گۆڕانێك لەبواری کارۆموگناتیسیدا ڕوودەدات .
4. دەرچوونی گازەکان لەناخی زەویەوە وەك گازی ڕادۆن و دەرچوونی بارگه کارەباییەکان له هەوادا له ئەنجامی فشاری بەرز لەسەر بەردەکان .
5. ڕوودانی بومەلەرزەی هێواش لەنێوان پلەی 2-5ر2 پله بەپێوانەی ڕێختەر و ڕۆژانه. کەمرۆڤ هەستیان پێ ناکات





بەڵام تۆماردەکرێن. ئەم بوومەلەرزه بچووکانه سوودەکەیان ئەوەیه که ماوه ماوه ڕوودەدەن چونکه دەبنه کەمکردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆیانەی‌که دەکەونه سەر بۆشاییەکانی زەوی و دەبێته هۆی کۆنەبونەوەی پاڵەپەستۆ گەورەکان کەدەبنه هۆی ڕوودانی بوومەلەرزەی بەهێز . وەك ئەوەی لەساڵی 1999 لەتورکیا ڕوویدا پێش بوومەلەرزه کاولکارەکه که بۆ ماوەی زیاتر له مانگێك ئەم بوومەلەرزه بچووکانه تۆمارکراون پێش بوومەلەرزه بەهێزەکه.

6. چاودێری کردنی هەندێ گیانلەبەرانی وەك (( سەگ و هەندێ باڵندە و گیانلەبەرانی دەریایی )).

### ➢ هەستپێکردنی گیانلەبەران بۆ بوومەلەرزه

زۆر له لێکۆڵینەوەکان ئاماژه بەوە دەدەن که گیانەوەران هەست بەڕوودانی بوومەلەرزه دەکەن بەماوەیەکی کەم له کاتێکدا که مرۆڤ بەو هەموو زانست و تەکنەلۆژیایەوە ناتوانێت هەستی پێبکات . کەتائێستاش زانست ناتوانێت هۆکاری ئەو هەستکردنەی گیانەوەران بزانن.

بۆ نموونه له چین لەساڵی 1975/2/4 توانرا شاری haichenyکە ژمارەی دانیشتوانەکەی

www.dengekan.com

( 90000 ) کەس بوون چۆلٚ بکرێن پێش ڕوودانی بوومەلەرزەیەك کە هێزەکەی 7ر2 پلەی ڕێختەر بوو کە لە 90٪ی دامەزراوە ومالٚەکان لەگەلٚ زەویدا تەخت بوون بەبیٚ ئەوەی 1 کەس تیابچێت. ئەوەش بەهۆی تێبینیکردنی لێپرسراوانەوە بوو بۆ هەلٚسوکەوتی هەندیٚ لە گیانەوران پێش ڕوودانی بوومەلەرزەکە .

زۆرجارانیش لەدوای خۆئامادەکردن و چۆلٚکردنیش بوومەلەرزە ڕووی نەداوە . بەلاٚم ئەمە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە پێش ڕوودانی بوومەلەرزە ئاگادارکردنەوە هەیە بۆ مرۆڤ .

➢ **زاناکان هەولٚیانداوە بزانن کە چۆن و بەهۆی چیەوە گیانلەبـەران هەسـت بـەڕوودانی بوومەلـەرزە دەکـەن پێش ڕوودانی :–**

1. گیانلەبەران ئەو دەنگانە دەبیستن کە مرۆڤ توانای بیستنیانی نیە .
2. گیانلەبەران هەست بە تێکچوونی ئاڕاستەی موگناتیسیەکان دەکەن کەلەئەنجامی تێکچوونی توانای ڕاکێشانی موگناتیسەوە دروست دەبێت پێش ڕوودانی بوومەلەرزە .





بۆزانینی زیاتر :–

زەوی بوارێکی موگناتیسی پێچەوانەی مانگ و مەریخی هەیە . ئاشکراشە هەموو مادەیەك توانا موگناتیسیەکەی لەدەست دەدات کە بەر پلەی گەرمی بەرز بکەوێت کە زیاتر بێت لە 500پلە لەکاتێکدا لەناخی زەویدا پلەی گەرمی دەگاتە 4300پلە .

3. گیانلەبەران دەتوانن کە لەرەی نزم بۆ ئاماژە ئەلکترۆموگناتیسیەکان وەربگرن کەلەئەنجامی شکاندنی بەردەکانی ژێر زەویەوە دروست دەبن .

➢ **لەکویٚ دا بوومەلەرزە ڕوودەدات ؟؟**

لەلێکۆلٚینەوە ئاماریەکانی بوومەلەرزەوە دەرکەوتووە کە هەندیٚ بوومەلەرزە دووبارە دەبنەوە لەکاتێکی دیاریکراودا لەئەنجامی کۆبونەوەی پالٚەپەستۆ بەتێپەڕبوونی سالٚ , کاتیٚ دەگاتە ڕادەیەك کە ناوچەیەك ناتوانێت هەلٚیبگرێت دەبێتە هۆی ڕوودانی بوومەلەرزەیەکی بەهێز. یان هەر زیادکردنێکی هۆکاری تر وەك مرۆڤ بەهۆی دامەزراندنی دامەزراوە و کارگەی گەورەو بیناکردنی بەنداو و تەقینەوەکانی ژێرزەوی هەموو ئەمانەش دەبنە تێکچوونی بەلاٚنسی سروشت و دەبنە هۆی ڕوودانی بوومەلەرزە . سالاٚنە زیاد لە 700 بوومەلەرزە تۆماردەکرێت بەلاٚم خۆش بەختانە لەو جێگەیانە دەدا کە دانیشتوانی تیادا نیە وەك ژێر

www.dengekan.com

دەریا و زەریاکان و شاخە دوورەکان . بەڵام هەندێ بوومەلەرزەش لەو جێگەیانە دەدات کە چڕی دانیشتوانی تیادا زۆرە. لەجیهاندا زیاد لە 90 شار هەنە کە ژمارەی دانیشتوانەکانیان لە 2ملیۆن کەس زیاترن و دەکەونە ناوچەی چالاکی بوومەلەرزەوە .

دەبێت ئەوەش بزانین کەمەرج نیە بوومەلەرزە هەر لەناوچە چالاکەکانی بوومەلەرزەیی بدات بەڵام هەندێ جار لەو جێگایانەش دەدات کە لەڕووی جیۆلۆجیەوە ئارامن و جێگیرن وەك ناوچەی مسیسپی لە ئەمریکا ساڵی 1812 کە پلەکەی 8٫7 پلە بوو کە بەتووندترین بوومەلەرزە دادەنرێت کە ئەمریکای باکور بەری کەوتبێت . کە تائێستاش هۆکارەکانی نەزانراون و ڕوونکردنەوەیەکی جیۆلۆجیشی بۆ نەکراوە . کەئەمەش وادەکات کە هیچ ناوچەیەك دڵنیا نەبێت لە ڕوودانی بوومەلەرزە تیایدا .

### ➢ سووڕی بوومەلەرزە

1. سووڕی بوومەلەرزە ئەم هەنگاو قۆناغانە دەگرێتەوە :-
2. ماوەی هێمنی کە بۆ چەند مانگ یان ساڵ دەخایەنێت
3. چالاکی بەرایی بۆ بوومەلەرزەی سەرەتایی





4. fore shocks کە پێش بوومەلەرزەکە دەکەوێت بەچەند ڕۆژێك
5. بومەلەرزە سەرەکیەکە کە لەچەند چرکەیەکدا ڕوودەدات
6. بوومەلەرزەی دواتر کە دوای چەند ڕۆژ یان هەفتە لەدوای بوومەلەرزە سەرەکیەکەوە ڕوودەدات
7. ڕاهاتنی چالاکی بوومەلەرزەیی کە درێژ دەبێتەوە بۆ چەند ساڵ و قەڕن
8. ماوەی هێمنیەکی تازە

### ➢ ئایا بوومەلەرزە لە ئێستادا زیاتر ڕوودەدات وەك لەڕابووردوو ؟؟

لەساڵی 1999دا چەند بوومەلەرزەیەکی گەورەو بەهێز و توندو کاولکار لەدونیادا ڕوویاندا کە زیاتر بوون لە ژمارەی ئاسایی و چەندین جار زیاتر لە پێشووتریان قوربانیان لێکەوتەوە.کە 22هەزار کوژراو بوو کە 17 هەزاریان لەشاری ئەزمیتی تورکیادا بوو کەپلەکەی 7٫4 پلەی ڕێختەر بوو کە لەمانگی 8/1999دا ڕوویدا و ئەمەش گرنگترین بوومەلەرزەکانی ساڵی 1999ن :-

| ژمارەی کوژراو | پلە ( ڕێختەر) | وڵات | بەروار |
|---|---|---|---|

www.dengekan.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| /1/25 1999 | کۆلۆمبیا | 6ر3 | 1200 |
| /8/17 1999 | تورکیا | 7ر4 | 17000 |
| /11/12 1999 | تورکیا | 7ر1 | 1400 |
| /9/20 1999 | تایوان / چین | 7ر6 | 2400 |
| کۆی گشتی | | | 22000 |

تێکڕای ناوەندی قوربانیەکانی بوومەلەرزە لەدونیادا ساڵانە دەگاتە 10 هەزار کەس .

خراپترین ساڵی سەدەی بیستیش بۆ بوومەلەرزە ساڵی 1975 بوو کە 255000کەس بوونە قوربانی لە چین ( ناوچەی تانجشان )..

دونیا ئاساییلە ساڵێکدا 18 بوومەلەرزەی سەرەکی تیایدا ڕوودەدات کە هێزەکانیان لەنێوان ( 7–9ر7) پلەدان وەیەك بوومەلەرزەی 8 پلەیی یان زیاتر لەساڵێکدا ڕوودەدات .

ساڵی 1999 بوومەلەرزەی بەهێزی تیا ڕوونەدا بەڵام 20 بوومەلەرزەی سەرەکی تیادا ڕوویدا. زۆرترین ژمارەی بوومەلەرزەی گەورەو بەهێز لەساڵی 1943دا ڕوویاندا کە 41 بوومەلەرزە بوون .





لەساڵی 2005دا لە وولاتی پاکستان و لەمانگی 10 / 2005دا گەورەترین بوومەلەرزە ڕوویدا کە پلەکەی لە 7 پلەی ڕێختەر بەرزتر بوو کە لەناوچەکانی باکوری ئەو وولاتەی داو لەسەر سنووری نێوان هندستان و پاکستان و ژمارەی قوربانیان زیاتر لە 73 هەزار کەس و 3 ملیۆن کەسی تری ئاوارەو بێ سەروشوێن کرد و بێ ماڵ و حاڵ کرد و ناوچەکە بە کارەسات بار ناسراو و لەهەموو دونیاوە بەحکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە / لەسلێمانیەوە جۆرەها هاوکاری مادی و لۆجستی و مرۆیی گەیەنرایە ئەو وولاتە بۆ هاوکاری لێقەوماوان و ناوچەکە بە جۆرێك کارەسات بارو کاول بوو کە جێگەی ژیان و مانەوەی مرۆڤی تیادا نەماوە و هەموو ڕووخسارێکی ژیاری تیادا لەناو چوو ..

مایەی دڵخۆشیە کە چالاکی بوومەلەرزە لە زیادبووندا نیە , بەڵکو مرۆڤ بەهۆی پێشکەوتنەکانەوە دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە بوومەلەرزە تۆمار بکات بەهۆی بوونی زیاد لە 4000 وێسگەی چاودێری بوومەلەرزەوە لە دونیاداکە بەهۆی کۆمپیوتەر و مانگی دەسکرد کاری تیادا دەکرێت بەبەراوورد لەگەڵ ساڵی 1931 کەتەنها 350 بنکەی چاودێری بوومەلەرزە لە دونیادا بەبێ هۆکارەکانیپەیوەندی پێشکەوتووی ئێستا هەبوون .

www.dengekan.com

### ➢ چـــۆنێتی خۆئامـــادەکردن بـــۆ ڕوودانـــی هـــەر بوومەلەرزەیەك :–

پێویست دەکات حکومەتی هەرێمی کوردوستان و دام و دەزگاکانیتایبەت پلانی بۆ داهاتوو هەبێت لە ڕێگەی گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەوەی لەکاتی ڕوودانی هەر بوومەلەرزەیەکدا لە کوردوستاندا کەمترین زەرەرو زیانی گیانی و مادی لێبکەوێتەوە, چونکە کوردوستانیش دەکەوێتە ناوچەی بوومەلەرزەوە و دیارترین بوومەلەرزەش کە لەکوردوستاندا ڕوویدابێت بریتیە لە بوومەلەرزەکەی شاری پێنجوێن لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا . لەو ڕێو شوێنانەش کە پێویستە بگیرێنە بەر :–

1. دامەزراندنی وێسگەیەکی پێشکەوتوو بۆ دیاریکردن و چاودێریکردنی بوومەلەرزە و ئامادەکردنی بەنوێترین ئامێر و کەلوپەلی تەکنەلۆژیای سەردەم .
2. بەهێزکردنی بینا ودامەزراوەکانی ئێستا.
3. بەکارهێنانی شێوازی ئەندازەیی نوێ لە دیزاین و جێبەجێکردنی پرۆژە و بیناکاندا.





4. ڕاهێنان لەسەر پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەسات و پرۆسەی چۆڵکردنی خێرا لە شار و شارۆچکەکاندا بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانە مرۆییەکان .

➢ لەم زانیاریانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناتوانرێت پێشبینی ڕووداني بوومەلەرزە بکرێت بەلاَم دەتوانرێت بووترێت ئەگەری ڕووداني هەیە . بۆیە پێویست دەکات پلانی دوور و درێژ هەبێت بە هەموو هۆکار و شێوازەکان بۆ ئەوەی کەمترین زەرەرو زیانی لێ بکەوێتەوە. بەوهۆکارانەشەوەکە پەیوەندیان بەنەخشەسازی و ئاوەدانکردنەوە و بەکارهێنانی شێوازی نوێی بیناوە هەیە .

سەرچاوە :–

======

➢ محاضرة د.علاء التميمي/ دكتوراه هندسة انشائية/ خبير انشائي دائرة التخطيط ابوظبي/ الامارات العربية المتحدة/ في 2000/2/18 .

www.dengekan.com

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە 14 لە پایزی 2005دا بڵاوکراوەتەوە

## کورە ئەتۆمیەکان ...ئامێری جەنگ کە وزە بەرهەم دێنێنن ....*

❖ لەئێستادا مەترسیەکانی دونیا و ناوچەکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبن دەربارەی بەگەڕخستن و بەدەستهێنانی کورە ئەتۆمیەکانی هەردوو وولاّتی کۆریای باکور و کۆماری ئیسلامی ئێران لە کورەی ( بوینج بیون )) ی کۆریا و ( بوشەهری ) ئێرانی, لەئێستادا زیاد لە 440 کورەی ئەتۆمی لەدونیادا هەیە بۆ بواری ئاشتیخوازی و 30 کورەی تریش لەقۆناغی دامەزراندندان , بەلاّم هیچ کەسیش نازانێت ئەم کورە ئەتۆمیانە دواڕۆژی مرۆڤایەتی بەرەو کوێ ئاڕاستە دەکەن ؟

وزەی ئەتۆمی لە وولاّتانی دونیادا زیاتر لە 16٪ وزەی کارەبا بەرهەم دێنن. ئەمەش نزیکەی لە 35٪ی پێداویستی وولاّتانی یەکێتی ئەوروپا دابین دەکات, تەنها ولاّتی فەرەنسا





بەرێژەی 77٪وزەی کارەبا لەکورە ئەتۆمیەکانەوە دەست دەخات,هەروەها وولاّتی لیتوانیا, بەلاّم وولاّتی یابان بەرێژەی 30٪کارەبا دابین دەکات لەکورە ئەتۆمیەکانەوە, بەلاّم هەریەکە لە وولاّتانی(( بەلچیکا و بولگاریا و مەجەڕ ویابان وسلۆڤاکیا وکۆریای باشور و سوید و سویسرا و سلۆڤانیا و ئۆکرانیا)) بەلایەنی کەمەوە پشت دەبەستن بەوزەی ئەتۆمی بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبا بەرێژەی سێیەکی پێداویستیەکانیان لەوزە . لەکاتێکدا وولاّتی ئوستوڕالیا کە هەرچەندە سەرچاوەکانی خەڵوزی بەردینی زۆرە بەلاّم خاوەنی کورەی ئەتۆمی نیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. تەنها وێستگەی لێکۆڵینەوەی هەیە.

### ☒ کورەکان چەند جۆرن ....

☒ دووجۆر کورەی ئەتۆمی هەن:-

1. کورەی لێکۆڵینەوە :- بۆ مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکاردێت .وەك بواری پزیشکی و پیشەسازی, بەلاّم بۆ بەرهەمهێنانی وزە بەکار نایەت.لەدونیادا 284 کورەی ئەتۆمی هەیە لە 56 ولاّتدا بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە .

www.dengekan.com

2. کوره بۆ بەرهەمهێنانی وزه :- بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا .هەروەها بەکار دێن بۆ بەرهەمهێنانی چەك لەو ولاَتانەی کە بەرنامەی جەنگی ئەتۆمیان هەیە.و دەتوانرێت کە کوره ئەتۆمیە لێکۆڵینەوەکان بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەربارەی .

کوره ئەتۆمیە تایبەتەکان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی توخمی بلۆتۆنیۆمی 239 بەکار دەهێنن,

بەلاَم لەکوره ئەتۆمیە ئاشتیخوازەکاندا هاوشێوەی تری بلۆتۆنیۆم بەکار دەهێنن . وەك بلۆتۆنیۆم 240 و بلۆتۆنیۆم 241 و بلۆتۆنیۆم 238, چونکە سووتەمەنی کورەکان بەر تیشکی نیۆترۆن دەکەوت بۆ ماوەی زۆرکە دەکرێت ئەم کوره ئاشتیخوازانەش بەکار بهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی تەقەمەنی ئەتۆمی.

لەوانەیە ئەم جۆرە تەقەمەنیانە بە ئاستێکی نەگۆڕنەبن بەبەراوورد لەگەڵ ئەو تەقەمەنیانەی کە دروستکراون لە بلۆتۆنیۆمی نایاب بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ,لەوانیە پێشوەخت بتەقێنەوە . ئەگەر ئەوکارەش ڕوویداو تەقیەوە ئەوا نیوەتیرەی بازنەی کاولکاریەکەی





بەلایەنی کەمەوە دەگاتە ڕێژەی 33٪ی نیوەتیرەی کاولکاریەکەی بۆمبی ئەتۆمی شاری هێرۆشیمای یابانی ئەمەش بریتیە لە کەرەسەیەکی تەقینەوەی خاوەن تواناییەکی بەرز.

کوره ئەتۆمیەکان کاردەکەن لەسەر بنەمای(( کەرتبوونی ئەتۆمی )) لەڕێگەی کەرتبوونی ناوکە گەردیلەییەکان کەئەمەش دەبێتە هۆی دەرکردنی وزەیەکی گەرمی .

توخمی یۆرانیۆمی 235 بریتیە لە سووتەمەنی سەرەکی کە بەکاردێت لەکوره ئەتۆمیەکاندا, هەروەك دەتوانرێت توخمی بلۆتۆنیۆمی 239 بەکاربێت. کەرتبوونی گەردیلەکانی یۆرانیۆم ڕوودەدات بەتەقاندنی نیۆترۆنات بەسەریدا, هەرکاتێك هەندێ گەردیلە کەرت بوو ئەوا نیۆترۆنات دەردەکات . بەرکەوتنی ئەم نیۆترۆنانەش لەگەڵ گەردیلەی تردا دەبێتە هۆی کەرت بوونی نیۆترۆنەکە و ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکردنی نیۆترۆنی زیاتر, بەم شێوەیە پەرچەکرداری زنجیرەیی بەردەوام دەبێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بڕێکی گەورە لەوزەی گەرمی .

www.dengekan.com

دەتوانرێت کۆنترۆڵی ناوەندی کەرتبوونی ئەتۆمی بکرێت لەکورە ئەتۆمیەکاندا بەبەکارهێنانی
(( بۆری کۆنترۆڵ )) کە هەڵدەستێت بەهەڵمژینی هەندێ نیۆترۆناتی ڕزگاربوو. وەڕێگەش دەدات بەڕێکخستنی کەرتبوونی ئەتۆمی و کۆنترۆڵکردنێکی سەلامەت .
هەروەها سیستەمی ساردکردنەوەی ئاویی بەکاردەهێنرێت بۆ ڕزگاربوون لەگەرمی زۆر کە بەرهەم دێت لەماوەی پڕۆسەکەدا و هەڵمە بەرهەم هاتووەکەش بەکار دەهێنرێت بۆ گێڕانەوەی فشارەکان کەوزەی کارەبا بەرهەم دێنێت .هەریەکە لە وولآتانی کەنەدا و ئەمریکا و ئەفریقیای باشوور و ئوستوڕالیا و نەیجیریا بەگرنگترین وولآتانی خاوەن یۆڕانیۆم دادەنرێن لە دونیادا .

## ➢ سیفاتەکانی وزەی ئەتۆمی

➢ بڕی ئەو سوتەمەنیە ئەتۆمیەی کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر لەوزەی کارەبا زۆر کەمترە لەو بڕە خەڵوزە یان نەوتەی کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هەمان بڕ لە کارەبا بۆ نموونە :–



www.dengekan.com



1 تەن لە یۆڕانیۆم دەتوانێت بڕێکی گەورە لەکارەبا بەرهەم بهێنێت لەکاتێکدا بۆ هەمان بڕی کارەبا پێویستی بەمەلاین بەرمیل نەوت یان مەلاین تەن لەخەڵوز دەبێت.هەروەها ئەگەر پشت ببەسترێت بە وزەی ڕۆژ بۆ بەرهەمهێنانی زۆربەی پێداویستی دونیا لەوزە ئەوا بڕی تێچونەکەی زۆر زیاتر دەبوو لە بڕی تێچووی وزەی ئەتۆمی .
کورە ئەتۆمیەکان کە لەحاڵەتێکی باشی ئیشکردندان بڕێکی کەم پاشەڕۆیان هەیە بەبەراوورد لەگەڵ هەر ڕێگەیەکی تر بۆ بەرهەمهێنانی وزە. ئەم کورە ئەتۆمیانە گازی ژەهراوی دەرناکەنە هەواوە وەك گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان ئۆکسیدی نایترۆجین یان دووەم ئۆکسیدی کبریت کە دەبێتە بەرزبونەوەی پلەی گەرمای دونیا و بارانی ترشەڵۆك و تەمومژی دوکەڵی.
سەرچاوەکانی سووتەمەنی ( یۆڕانیۆم ) زۆرەو بەئاسانی دەست دەکەوێت بەبڕێکی گەورە و لەگەڵ ئەوەشدا دەرهێنان و گواستنەوەشی ئاسانە . لەکاتێکدا سەرچاوەکانی خەڵوز و نەوت سنووردارن . لەتوانادایە کە ئەم کورە ئەتۆمیانە وزە بەرهەم بهێنن و بەردەوامیش بن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ

لــەدوای کەمبونـــەوەی سەرچـــاوەکانی خـــەڵوز و نـــەوت و پێداویستیەکانمان دابین بکەن .

کوره ئەتۆمیـەکان یـان وێـسگە ئەتۆمیـەکان ڕووبـەرێکی کـەم داگیردەکـــەن لـــەزەوی بەبـــەراورد لەگـــەڵ وێـــسگەکانی بەرهــەمهێنانی وزە بــەهۆی ڕۆژ یــان بــاوە . بەشـێوەیەك کـە وێسگەیەکی بەرهـەمهێنانی وزە بـەهۆی ڕۆژەوە پێویـستی بـە 35000 دۆنم زەوی دەبێـت کـە توانـای بەرهـەمهێنانی 1000 مێگاوات کارەبای هەیە . هەروەها وێسگەیەکی بەرهـەمهێنانی کارەبا بـەهۆی ((با )) وە پێویستی بـە 150000 دۆنم زەوی دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی هەمان بڕە کارەبا.

لەکاتێکدا وێـسگەی ئـەتۆمی( میلـستۆن 2و3) کـە لەولایـەتی ( کونیتیکت )ە, تەنها ڕووبەری 500 دۆنم زەوی داگیر کـردوە و بـەلاّم توانای بەرهەمهێنانیـشی 1900 مێگـاوات کارەبایـە و بـە شـێوەیەکیش دیـزاین کـراوە کـە دەتوانرێـت 3 وێـسگەی بەرهەمهێنانی تیادا دروست بکرێت .

## ➢ لایەنە نەگەتیفەکانی وزەی ئەتۆمی



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ...

➢ بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی دەبێتە هـۆی دروسـتبوونی پاشەڕۆیەك کە توانایەکی گەورەی تیشکدانەوەی هەیە. دوای ئەوەی کـە زۆربـەی یۆرانیۆمەکە دووکـەرت دەبێت لەکورەکە لادەبرێـت و هەڵـدەگیرێت لـە دەریاچـەی ساردکەرەوەدا. ئـەم دەریاچـــانەش هەڵدەســـتن بـــە هەڵمـــژینی گـــەرمی ســـووتەمەنیەبەکارهاتوەکە و پلـەی تیـشکدانەوەکەی نـزم دەکاتەوە .دواتـر جارێکی تـر کارلێکی پێدەکرێتـەوە لـەپێناو گێڕانـەوەی یۆرانیـۆم و بلۆتۆنیۆمـە دووکـەرت نـەبووەکان و بەکارهێنانـــەوەیان ســـەرلەنوێ وەك ســـووتەمەنی بـــۆ کورەکـان .ئـەم پڕۆسـەیەش پاشـەڕۆیەك بەرهـەم دێنێـت کـە توانـای تیـشك دانـەوەی بـەرزی هەیـە ( HLW) . پڕۆسـەی چارەســەرکردنی ســووتەمەنی بــەکارهێنراو بەشــێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت لەکورەکانی بەرنامە بەرگریەکاندا بۆ بەکارهێنانی لەبەرهەمهێنانی چەکی ناوەکیدا.

بــەپێی ڕاگەیەنــدنێکی دەزگــای پاراســتنی ژینگــە ( EPA) پاشـەڕۆ توانـا تیـشکدەرە بـەرزەکان (HLW) کـە لەئـەنجامی بەرنامـە بەرگرییەکانـەوە دێنـە بەرهـەم بەڕێـژەی 99٪ داگـیر دەکەن لە کۆی قەبارەی ( H L W ) لە ئەمریکادا .

هەریەکە لە فەڕەنسا و بەلچیکا و ڕووسیا و بەریتانیا یەکەی تایبەتیان هەیە بۆ جارێکی تر چارەسەرکردنەوەی سووتەمەنیەبەکارهاتوەکان.یابانیش ئەو سووتەمەنیە بەکاردەهێنێت کە لەئەوروپا جارێکی تر چارەسەرکراوە . هەروەها ئاماژە بەڕاگەیاندنێکی دەزگای نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی (IAEA)دیاریدەکەن کە هەموو پێشبینیەکان تاکۆتایی ساڵی 1997 ئاماژە دەدەن بەوەی کە بڕی سووتەمەنی بەکارهاتوو لە کورە ئەتۆمیەکانەوە کە هەڵدەگیرێت لەدونیادا و دەگاتە زیاتر لە 130000 تەن ,بڕی 1000 تەن بلۆتۆنیۆمی تیادایە . هەروەها هەندێ توخم لەو سووتەمەنی و پاشەڕۆیانەدا هەن وەك توخمی بلۆتۆنیۆم, توانایەکی بەرزی تیشکدانەوەی هەیە و ئەم توانایەشی بۆ هەزاران ساڵ دەمێنێتەوە. لەئێستاشدا هیچ سیستەمێکی ئەمین نیە بۆ خۆڕزگارکردن لەم پاشەڕۆیانە.

ئەو پلان و بەرنامانەشی کەهەن بۆ خۆدەربازکردن لەو پاشەڕۆیانە کەتوانای تیشك دانەوەی بەرزیان هەیە وەك هەڵگرتنیان هیچ گرەنتیەکی پاراستنی تەواویان تیادا نیە بۆ مرۆڤەکان و ئاوی ژێر زەوی و پیسبوونی تیشکی. لەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن بەکورە ئەتۆمیەکانەوە وەك ئەوەی



www.dengekan.com



کە ڕوویدا لەکورەی ( ثری مایل ایلاند ) ئەتۆمی نزیك پەنسلڤانیا ساڵی 1979. کە لێچونێکی کەمی تیشکی تیادا ڕوویدا, ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە نەتوانرا کۆنتڕۆڵی پڕۆسەی دووکەرت بوون بکرێت .کەئەمەش بوە هۆی تەقینەوەیەك کە بڕێکی زۆر لە تیشکی لێ دەرچوو, بەڵام کۆنتڕۆڵی تیشکی ناو بیناکە کرا,بەمەش هیچ ڕووداوێکی مردن ڕووینەدا .

بەڵام ڕوودانی لێچوونی تیشکی لەکورەی ئەتۆمی ( چێرنۆبێل ) لە بڕوسیا لەساڵی 1986 دا ئەو سەرکەوتنەی تیادا بەدەست نەهات و بوە هۆی گیان لەدەستدانی 31 کەس و بەرکەوتنی هەزارانی تر بە تیشك . کاریگەری ئەم تیشکانەش بەردەوام دەبێت بەشێوەیەك کە کاریگەری زیانبەخشی دەبێت لەسەر نەوەکانی داهاتووش .

## ➢ بۆمبی ئەتۆمی

### ❖ کورتەیەکی مێژوویی

لەبەرواری 1939/8/2دا و ڕاستەوخۆ پێش هەڵایسانی جەنگی جیهانی دووەم. البیرت انشتاین نامەیەکی بۆ سەرۆك کۆماری وولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ( فرانکلین ڕۆزفلت) نووسی , ئەنشتاین و چەند زانایەکی تر ئەوەیان بۆ ڕۆزفڵت نوسیبوو کە ئەڵمانیای نازی هەوڵی داوە بۆ پالآوتنی یۆرانیۆم235 یان 235 -u کە ئەمەش لەوانەیە هەنگاو بێت بەرەو دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی . دوای ماوەیەکی کورت وولآتە یەککگرتوەکانی ئممریکا کەوتە هەوڵی جدی کە بەپرۆژەی مانهاتن ناسرا, و مەبەست لەم پرۆژەیە پێشخستنی لێکۆڵینەوە زانستیەکان بوو بەئاڕاستەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی ڕاستەقینە.

سەختترین قۆناغی ئەم پرۆژەیەش بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی بری پێویست لە یۆرانیۆمی تێر لە جۆری 235 بۆ بەردەوام بوونی کارلێکەکە و کەرت بوونی گەردیلەیی .



www.dengekan.com

کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

لەوکاتەدا زۆر زەحمەت بوو یۆرانیۆمی 235 دەربهێنرێت هەر لەو کاتەشدا پرۆسەی گۆڕینی یۆرانیۆمی خام بۆ یۆرانیۆمی کانزا بریتی بوو لە 1:500, کارێکی تری زەحمەتتر ئەوەبوو لەو برە یۆرانیۆمە خامەی کە دەردەهێنرا ڕێژەی 99٪بریتی بوو لە یۆورانیۆمی 238( 238- u) کەئەم جۆرەش لە یۆرانیۆم سوودێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی .هەروەها کارێکی تریش کە پرۆسەکەی زەحمەتتر دەکرد بریتی بوو لەوەی هەردوو جۆری یۆرانیۆمی 238- u و 235-u هەمان پێك هاتەی کیمیاویان هەیە . کەئەمەش کاری جیاکردنەوەکەی زۆر قورستر دەکرد.

ئەم پرۆسەی جیاکردنەوەیەش لە قورسیدا لە پرۆسەی جیاکردنەوەی شەکری سکرۆز دەچێت لە شەکری گلوکۆز و هیچ ڕێگەیەکی کیمیاوی نیە کە ئەم دوو پێك هاتەیە جیابکاتەوە . تەنها بەڕێگەی میکانیکی دەتوانرێت ئەو کارە بکرێت کە یۆرانیۆمی 235- u لە یۆرانیۆمی 238- u جیابکاتەوە . کە ژمارەیەك لە زانا لە زانکۆی کۆلۆمبیا توانیان ئەم گرێکوێرەیە چارەسەر بکەن .و توانرا یەکەیەکی چاککردنی یۆرانیۆم لە ناوچەی اوکریدج لە ولایەتی تینیسی دابمەزرێنرێت .

لەماوەی نێوان 6 ساڵی 1939–1945 دا زیاد لە 2ملیۆن دۆلار خەرجكرا لە پڕۆژەی مانهاتن و هاوكێشە و بنەما تایبەتیەكانی پاڵاوتنی یۆڕانیۆم و دانانی پێك هاتەكانی بۆمبێكی ئەتۆمی دانران بەشێوەیەك كە بخرێتە بواری بونەوە وتوانرا پێشیبخەن و دۆزرایەوە ئەمەش هەمووی بەهۆی عەقڵی مەزنی ژمارەیەك زاناوە هاتەدی . لەناو ئەو زانایانەشداكە ڕۆڵی بەرچا و گەورەی هەبوو زانا (( جی دوبریت اوبنهایمەر ) بوو كە دەرگای عەقڵەكانی كردەوە بۆ دۆزینەوەی ئەم بۆمبە . ئەم زانا گەورەیەلەپشت سەركەوتنی پڕۆژەی مانهاتنەوە بوو هەرخۆشی زۆر بەووردی سەرپەرشتی دەكرد بەهاوكاری زاناكانی تر و بەهەموو توانایانەوە كاریان دەكرد. ئەم زانایە لەسەرەتا تا كۆتایی پڕۆژەكە چاودێری ووردی قۆناغەكانی دەكرد. تائەو ڕۆژە هات كە هەمووان چاوەڕوانیان دەكرد لە (( لاس الاموس ) كە ئایا ئەم ئامێرەی دروستیان كردوە كە دواتر بە (( عیملاقی سەدەی بیست )) ناسرا ئایا بیٚ سوودە یان دەبێتەهۆكاری كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی. ئەو ڕۆژەش بریتی بوو لەسەرلەبەیانی ڕەشی نیوەی هاوینی ساڵی 1945.



www.dengekan.com



لەكاتژمێر 5 و 29 خولەك و 45 چركەبەپێی كاتی ناوچەیی شاخ لەڕۆژانی جەنگدا و ڕێك لە بەرواری 1945/6/16, بارستاییەكی ئاگری سپی لە حەوزی شاخی(( جیمیز )) لە باكوری(( نیومەكسیكۆ )) درێژبۆوە بەرەو بەرزایی ئاسمان كە هێشتا تاریك بوو , بەمەش ئەم ئامێرە نوێیە چوونە ناو سەدەی ئەتۆمیەوەی ڕاگەیاند.دواتر ڕەنگی ئاگرەكە گۆڕا بۆ پرتەقاڵی و بەخێراییەكی زۆر 360 پیٚ لە چركەیەكدا بەرز دەبۆوە . دواتر ڕەنگەكەی بەرەو سووربوون دەچوو. دواتر بەهۆی ساربونەوەی ئاگرەكە ڕەنگەكەی نەدەما و دواتر وەك پەڵە هەورێكی هەڵمی تیشكدەر بەبەرزی 30 هەزار پیٚ دەردەكەوت و هەرچی گڵ و خۆڵی جێگەی تەقینەوەكەش هەیە وەك پارچە شووشەی تیشكدەری ڕەنگ سەوزدەردەكەوت و هەموو ئەمانەش لەئەنجامی ئەو پلە گەرمیە بەرزەوە بوو كە لە ئەنجامی ئەم كارەوە بەرهەم هاتبوو.ئەو ڕووناكیەی كە لەئەنجامی ئەو تەقینەوەیەوە ڕوویدا لەو بەیانیەدا بەشێوەیەك بەهێز بوو كە دانیشتوانی ناوچە نزیكەكان دەتوانن سوێند بخۆن كەلەو ڕۆژەدا دووجار ڕۆژ هەڵاتووە.سەیرترین ڕووداوێكیش كەلەوكاتەدا ڕوویدا

ئەوەبوو كچێكی كوێر لەدووری 120میلەوە ئەو ڕوناكیەی بینیبوو.

لەچاودێری كردنی تاقیكردنەوەی پرۆسەكەش لەلایەن زاناكانەوە ڕای جیاواز هاتە ئاراوە دەربارەی كاریگەری ئەم چەكە نوێیە. بۆ نموونە : ازیدرۆ رابی هەستی كرد كەوا بەلأنسی سروشت تێكچوە و ئادەمیزاد بۆتە بونەوەرێك كە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە لەسەر گۆی زەوی .

زانا جی ڕۆبیرت اوبناهایمەر لەخۆشی سەركەوتنی پرۆژەكە بە هاجفادجیتا دەڵێت (( من بوومە مردن كاولكاری دونیا ) )) , زانا كین بینبریدج كە بەڕێوەبەری تاقیكردنەوەكان بوو بە اوبنهایمەر دەڵێت (( ئێستا هەموومان بووینە كوڕی سەگ )) .

زۆربەی زاناكان كە بەشداریان كرد لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی ئەم بۆمبە ئەتۆمیەدا داوایان كرد كە ئەو (( دڕندەیەی )) دروستیان كردوە نەهێڵرێت, بەلأم ئەم داوایەیان تەنها گوێیەكی كەڕ دەیبیست, بەم شێوەیە ئەو جێگەیەی كە ئەم بۆمبەی لێتەقێنرایەوە بۆ یەكەم جار بەتەنها نەمایەوە و لەئێستادا لەسەر ڕووی زەوی چەندان جێگەی





هاوشێوەی ئەم دروست بووە بۆ تاقیكردنەوەی چەكی ئەتۆمی .

## ➢ تەقینەوەی ئەتۆمی

### 1. هێرۆشیما

➢ وەك لای هەمووان ئاشكرایە . دووجار بۆمبی ئەتۆمی بەكارهێنراوە, تەقینەوەی یەكەم و بەناوبانگ لەشاری هێرۆشیمای یابانی بوو , ئەو بۆمبەی كە بەسەر شاری هێرۆشیمادا تەقێنرایەوە قورساییەكەی 4ر5 تەن بوو كەناوی ( لیتڵ بۆی ) واتە (( كوڕی بچووكی) ) ی لێنرابوو , ئەم ڕووداوەش لە 1945/8/6دا بوو . جێگەی تەقینەوەكەش دیاریكرابوو لە خاڵی (( پردی ایووی )) كە یەكێك بوو لەو 81 پردەی كە 7 لقی ڕووباری (( اوتا )) ی بەیەكەوە دەبەستەوە. خاڵی سفریش دیاریكرا لە بەرزی 1980 پێدا . و لەكاتژمێر 15ر8 دەقیقەدا بۆمبەكە هەڵدرایە خوارەوە لە اینولاجینی , بەلأم بۆمبەكە هەندێ هەڵەی كرد و لە دووری 800پێ لە خاڵی دیاریكراو بۆی كەوتە

www.dengekan.com

خوارەوەو لەکاتژمێر 16ر8 دەقیقەدا و لەچاوتروکاندنێکدا 66000 کەس لەناوچوون و 69000 کەسی تریش برینداربوون و تەقینەوەکەش کێشی بریتی بوو لە 10هەزار تەن. ئەو دووکەڵ و هەڵمەی کەلەم تەقینەوەیەدا دروست بوو تیرەکەی 1 میل و نیو بوو , بوەهۆی کاولکردنی تەواوی ڕووبەری 1 میل . وزەیکاولکاری توند لە ڕووبەری 2 میلدا و لەڕووبەری 2میل و نیویشدا هەموو شتێك سووتا کە توانای سووتانی هەبوو, ئەوەشی کەمایەوە لەناوچەی تەقینەوەکە بوە بارستاییەکی ڕووناکی و سوورهەڵگەڕاو بەهۆی بەرزی پلەی گەرمیەوە , ئاگریش بۆ نزیکەی 3 میل زیاتر درێژ بوەوە .

## 2. ناگازاکی

➢ لە بەرواری 1945/8/9 بەهەمان شێوەی شاری هێرۆشیما , شاری ناگازاکیش بەرهێرشی بۆمبی ئەتۆمی کەوت. بەجیاوازی ئەوەی کەلەم شارەدا بۆمبێك بەکارهات کە توخمی (( بلۆتۆنیۆم )) ی تیادا بەکارهاتبوو کە ناوەی (( فات مان )) ی لێنرابوو بەواتای (( پیاوە قەڵەوەکە )) ,



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

لەم جارەشدا لەئامانجی دیاریکراو هەڵەی کرد بەدووری 1 میل و نیو . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناوەڕاستی شاردا بوو. لەکەمترین بەشی چرکەیەکدا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە 422هەزار کەسەوە کەم بۆوە بۆ 383هەزار کەس بەشێوەیەك 39 هەزار کوژران و 25 هەزار برینداربوون , کێشی تەقینەوەکەش بریتی بوو لە کەمتر لە 10هەزار تەن .

هەموو ئەو زانا فیزیاویانەی کە لێکۆڵینەوەیان کردوە دەربارەی هەردوو تەقینەوەکە دەڵێن ئەوەی کە ڕوویداوە تەنها 1ر0٪ ی توانای تەقینەوەکەیان بووە .

## 3. بەرهەمە لاوەکیەکانی تەقینەوە ئەتۆمیەکان

➢ تەنها تەقینەوەی ئەتۆمی بۆخۆی هێندە کوشندەیە کە بەس بێت , بەڵام توانا کاولکاریەکەی هەر بەوەندەوە ناوەستێت, بەڵکو ئەو تەپ و تۆزە ئەتۆمیەی کە دادەبەزێت مەترسی تر دروست دەکات . ئەو بارانەی کەلەدوا هەر

www.dengekan.com

تەقینەوەیــەك دەباریێــت هــەڵگری گــەردی تیــشكدەرە.ئــەو كەســانەی كەلــەدوا هــەردوو تەقینەوەكــە مابونــەوە لــە هێرۆشـیما و ناگـازاكی تووشـی ژەهـراوی بـوونی تیـشكی بونــەوە. هــەروەها ئــەو تەقینــەوە ئەتۆمیانــە كاریگــەری مەترســیداریان هەیــە لەســەر نــەوەكانی داهــاتووش ەك نەخۆشــیەكانی شــێرپەنجەی خــوێن ( لۆكیمیــا ) كــە مەترسیدارترین نەخۆشیە كە دەگوێزرێتـەوە بـۆ نـەوەكانی داهاتوو.

هــــەروەها بــــەهۆی دروســــتبوونی(( لێــــدانی كــــەهرۆ موگناتیــسیەوە)) كــە ڕوودەدات لەئــەنجامی تەقینــەوەی ئــەتۆمی , كاریگەریــەكی تێكدەرانــە دەدات لەهــەموو ئــەو هۆكارانەی كە كارەبایی و ئەلیكترۆنن.

- لەكۆتایدا

لـەڕۆژانی یەكـەمی دەسـتپێكردنی سـەدەی ئەتۆمیـەوە بـیرڕا وابوو كە (( ئەتۆم )) بـەكاردەهێنرێت لـەبواری ئاشـتیدا و بـۆ

كوردو ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

یارمەتی مرۆڤ وەك هەڵكەندنی كەناڵی (( پەنەما )) یان بواری بەرهەمهێنانی وزە و لێكۆڵینەوەكان و ....هتد

بــەلاَم لــە ئێــستادا ئــەو بیروڕایــە نەهاتۆتــە دی و بــەڵكو دەســتكەوتنی ئــەتۆم تــەنها بـۆ بـواری چـەك و سـەربازی و كاولكردنــە و ڕۆژ بــەڕۆژیش هەوڵــەكان لــەوپێناوەدا زیــاد دەكات, ئەگەر یاسایەكی كەونی نەبێت بۆ ڕێگە گرتن لە و پرۆسە مەرگ هێنە بۆ مرۆڤایەتیو لەناوبردنی ژیان لەسەر گۆی زەوی ..

سەرچاوە :-

=====

- موقع مركز المدينة للعلم والهندسة

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە 16 ی بەهاری 2006دا بلاَوكراوەتەوە



www.dengekan.com

# بەرەو بەکارهێنانی وزەیەکی تازەکەرەوە و خاوێن و هەرزان *

## ➢ پێشەکی

ئاشکرایە دونیا بەگشتی و وولاتە تازە پێگەیشتووەکان بەتایبەتی بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەسەندنی بواری پیشەسازی یەوە , پێویستیەکی زۆریان بە سەرچاوەکانی وزە هەیە . کوردوستانیش لە ڕیزی وولاتە تازە گەشەکردوەکاندایە و لەسەرەتای بوارێکی گەورەی گەشەکردنی ئابوری و پیشەسازی و کرانەوەدایە بەسەر دونیادا و پرۆسەیەکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەشی لەبەردەمدایە بۆیە زیاد لەهەمووان پێویستی بە وزە و سەرچاوە جیاوەزەکانی هەیە..

ئاشکرایە گرفتی کارەبا کە سەرچاوەکەی لەکوردوستاندا تائێستا بریتیە لە ئاو یان سووتەمەنی و ئەم دوو هۆکارەش هەریەکەیان سەدان گرفت و کێشەی لەبەردەمدایە . نەبوونی



www.dengekan.com



باران و بەفر لەلایەك و دەستنەکەوتنی سووتەمەنی و غازی سروشتی لەلایەکی ترەوە کوردوستانی تووشی گرفتی بێ کارەبایی کردووە. ئاشکراشە کارەبا لە ئێستادا بۆتە پێداویستیەکی هەرەگرنگ و لە پێشینەی ژیان و ماڵ وسەرجەم بوارەکانی پیشەسازی و گواستنەوە و ...هتد

بۆیە دەکرێت و پێویستیشە پلان و بەرنامە هەبێت و دابنرێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تر بۆ وزە و دەستخستنی بەشێوەیەکی زۆر و هەرزانیش بۆ ئەوەی کارەبای پێویست دابینبکرێت و چیدی بەدوای سەرچاوە کلاسیکیەکانی وەزدا وێڵ نەبین وەك (( تەختە و دار و توێکڵە دار و خەڵوز و پەین و ..هتد )کە ئەم سەرچاوانەش زیانی زۆر دەگەیەنن بە ئاووهەوا و سروشت بەبڕینی دارستانەکان و دروستکردنی خەڵوزکە دەبێتە هۆی دەرچوونی غازی دووەم ئۆکسیدی خەڵوزکە زیانبەخشە بۆ ژیان .

بۆیە دابینکردنی کارەبا لە سەرچاوە جیاوازەکانی وزەی تازەوە پێویستە و زۆر هەنوکەییشە, ئەو سەرچاوانەش پێیان دەوترێت (( وزە تازەکەرەوەکان ) ) الگاقات المتجدده , کە هەم خاوێن و هەمیش هەرزانن بەبەراوورد لەگەڵ وزە کلاسیکیەکاندا و هیچ مەترسیەکیشیان لەسەر تەندروستی و

ژینگەش نیە وەك (( وزەی ڕۆژ و وزەی با و وزەی مەوادی ئەندامی )) و کوردوستانیش کەش و هەوای لەبارە هەم بۆ وزەی ڕۆژ و هەمیش بۆ وزەی با ..

بۆیە ئەرکی حکومەت و کەرتی تایبەتیشە کە هەوڵی جدی بدەن بۆ هێنان و سوود وەرگرتن لەو جۆرە وزانە بەهاوکاری و کارئاسانی بۆ کۆمپانیاو شارەزاکانی ئەو بوارانە لە دونیادا . بۆئەوەی چیدی کوردوستان بەدەست بێکارەباییەوە نەناڵێنێت و تەنها پشت بەو وزە کلاسیکیانە نەبەستێت کە لەئێستادا بەئاسانی دەست ناکەون و زیانیشیان هەیە . بانەکەوینە کڕینی کارەبا لەووڵاتانی ترەوە بەنرخێکی گران و بۆئەوەی لەگەڵ ئەو پرۆسە گەورەیەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی سەرجەم بوارەکاندا دوانەکەوین و بکەوینە ڕێ ..

ئەم بابەتە زانیاری زیاتر دەخاتە بەردەستی خوێنەران و ئەندازیاران و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەتیش بۆ ئەوەی سوود وەرگرن لە پلان و بەرنامە و کار و ئەزموون و شارەزای لەپێشینەی ووڵاتانی پێشکەوتوو لەو بوارەدا ...



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

## ➢ ئاشی هەوا .........بەڵام بە سوود !

➢ ئاشە هەواییە نوێکان کە بریتین لە تەکنەلۆژیایەکی خاوێن بەڵام وێنەی سروشت تێکدەدەن, لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت کە کەمێك دووربخرێنەوە لە دەشت و گردۆڵکەکان و لە بەرزایی چیاکان و نزیك دەریاکاندا جێگیر بکرێن بەهۆی بەکارهێنانی جۆرێکی نوێ لە تۆربیناتی هەوایی کە کاریگەریەکی گەورەیان هەیە کە گەشەیان پێدراوە لە شارەزایانی ووڵاتی سوید.

لە تۆربیناتە هەواییە کۆنەکاندا پەڕەکەکان کە دەسووڕێنەوە گەیەنراون بە بزوێنەرێکی ناوەکیەوە بەهۆی قۆڵێکەوە و بزوێنەرەکەش ئاسایی پێویستە بسووڕێتەوە بەخێراییەکی بەرز کە ئەمەش پێویستی بەبوونی صندوقێکی خێرایی دەکات کە خێرایی سووڕانەوەی قۆڵەکە لە 18 خولەوە بۆ 1500 خول زیاد بکات . بەڵام ئەم صندوقی خێراییانە تێچوونیان زۆر بەرزە و بەزوویش تەڕدەبێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت کێڵگەی ئاشە هەواییەکان دابمەزرێنرێت و سازکاری لەتۆربیناتەکانیشدا بەخێرایی ئەنجام بدرێت .

www.dengekan.com

ئەم شێوەبەش تەنها یەك گرفت بەرەو ڕووی دەبێتەوە , ئەویش ئەوەیە ئەم تۆربینە کۆنانە تەنها کارەبایەکی ڤۆڵتیە نزم بەرهەم دێنن کە ناتوانرێت بۆ دووری زۆر بگوێزرێتەوە .. بەووتەی بەڕێوەبەری سەنتەری تەکنەلۆژیای ڕێکخستنی وزەی تازەکەرەوە لە زانکۆی لاڤیورو(( دێڤید انفلد )) : ئەو تەزوە گۆڕاوەی کە بەرهەم هاتووە بەهێز دەکرێت بەهۆی گۆڕەرێکەوە بەڵاَم کێشەکە بەتەواوی چارەسەر ناکات .

تەزووی گۆڕاو ناتوانرێت بگوێزرێتەوە بۆ ماوەی درێژ بەهۆی گواستنەوەیەوە لەناو ڕووی دەرەوەی تەلە گەیەنەرە کارەباییەکانەوە کە ئەمەش بەرگری زیاد دەکات و تەلەکان لەکیس چوونی وزەیان تیادا ڕوودەدات بەهۆی گەرمیەوە, ئەمەش سنوورێك دادەنێت لەبەردەم دامەزراندنی تۆربیناتی هەوایی دوور لەدەریاکان .

➢ لەئێستادا (( ماتس لیڤۆن )) لەدامەزراوەی ABB ئەندازیاری لە سوید تۆربینێکی داهێناوە کە چاوەڕوان دەکرێت بەسەر هەموو ئەو کێشانەدا زاڵ ببێت. لەجیاتی بەکارهێنانی بزوێنەرێکی بچووك کە بەخێراییەکی بەرز کاربکات , تۆربینی لیڤۆن بەهۆی گۆیەکی گەورەی سوڕاوەوە کاردەکات کە بازنەیەکی موگناتیسی هەیە و





کاردەکات بەهەر خێراییەك کە پانکەکان کاری پێبکات و چیدی پێویست بە هیچ صندوقێکی خێرایی ناکات, ئەم جۆرە تۆربینە تەزوویەکی ڤۆڵتیە بەرز بەرهەم دێنێت کە پێویست بەهیچ گۆڕەرێکی کارەبایی ناکات. هەرچەندە هەندێ بڕینی کەمی تیادایە بەڵاَم هەندێ سیفاتی باشیشی تیادایە وەك چاکسازی زۆری ناوێت و تێچووی کەمە و پێویستی بەصندوقی خێرایی‌و گۆڕەر نیە وئەم جۆرە تۆربینە بەتواناترە بەڕێژەی 20٪ لە تۆربینە کۆنەکان .

هەوڵێکی تری ئەم ئەندازیارە سویدیە بریتی بوو لە دۆزینەوەی ئاسانترین ڕێگا بۆ گواستنەوەی وزە .. دەڵێت (( تەزووی گۆڕاو لە تۆربینەکەوە وەردەگرین و دەیگۆڕین بۆ تەوویەکی ڕاستەوخۆ )) کە ئەم تەزوە ڕاستەوخۆیەش دەتوانرێت بەهۆی تەلێکی درێژی لەرەلەر بەرزەوە بگوازرێتەوە ..

بەم شێوەیە دەتوانرێت تۆربینە هەواییەکان دابنرێت لەو ناوچانەی کە گەیشتن پێیان ئاسان نیە وەك بەرزایی چیاکان و دەریاکان .

(( مایکل گراهام )) کە شارەزایەکی بواری وزەی هەواییە لە امبریال کۆلیدج لە بەریتانیا ڕوونیدەکاتەوە کە : مەسەلەی

www.dengekan.com

بنەڕەتی لە وزەی هەواییدا بریتیە لە قبولکردنی هاوولاتیان بۆ ئەو دەنگەدەنگەی کە لە پانکەکانەوە دەردەچێت و هەروەها ناشیرینکردنی سروشت . لەبەرئەمەش دوورخستنەوەی بەرهەمهێنەرە هەواییەکان لە جێگەی نیشتەجێبوون کارێکی بەسوودە ..

## ➢ ئەلمانیا ... هەوڵی بەکارهێنانی وزەی تازەکەرەوە دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییە ئالۆزەکان

➢ ئەلمانیا لە پێشبڕکێیەکی سەختدایە لەگەڵ زەمەندا بۆ پاراستنی ژینگە سروشتیەکەی و زاڵ بوون بەسەر کێشە درێژخایەنەکانی وزیەیدا . شارەزاکان لەبەرلین دەڵێن کە :

حکومەت پابەندبوو بەکەمکردنەوەی تێکڕای گازەکانی دووەم ئۆکسیدی خەلوز تاساڵی 2005 بەرێژەی 25٪ کە ئەمەش کەرتی ئابوری ڕەزامەندە لەسەری و کەرتی



www.dengekan.com



پیشەسازیش بەرێژەی 20٪ ڕازیە , و لەکاتێکدا پیشەسازیە کیمیاوی و کاغەزیەکان بەرێژەی 23٪ ڕەزامەندن .

(( کارل تسافاد تسکی )) کە شارەزایەکی کاروباری وزەی ئەلمانیە دەڵێت :-

حکومەتی ئەلمانیا هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەپەنابردنە بەر وزەی تازەکەرەوە , کە لەئێستادا ڕێژەکەی دەگاتە 2٪ ی کۆی پێداویستی وزەی سەرەتایی .

هەروەها دەڵێت :-

بەرهەمی کارەبا نیوەی لەڕێگەی وێسگە کارۆئاویەکانەوە بەدەست دێن , نیوەکەی تریشی لەڕێگەی سووتاندنی تەختە و قوڕەوە بەدەست دێن . سەرەڕای بەدەستهێنانی غاز لەڕێگەی پاشەڕۆ و وزەی هەوا و کۆمەڵگا هەتاویەکان و خانە ڕووناکیەکان و وزە گەرمیەکانەوە .

هەروەها ئاماژە دەدات بەوەی کە بەرهەمی وزەی کارەبای پێویست بۆ تۆڕی کارەبای بەرز لە ڕێگەی بەنداوە ئاویە گەورەکانەوە بەدەست دێت . لەکاتێکدا زۆربەی جێگە نیشتەجێبووەکان پێویستیان بەوزە لەڕێگەی کۆمەڵگە هەتاویەکانەوە بەدەست دێنن.

ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە :-

کاتێ دەزگاو مالأن لەڕێگەی سەرچاوەی کارەبای تازەکەرەوەوە بەرهەم دێنن بەبڕی زیاد لە پێویستی خۆیان چ لەڕێگەی ئاشە هەواییەکانەوە بێت یان لەڕێگەی تۆڕبینە ئاویەکانەوە یان تیشکی ڕۆژەوە بێت . ئەوا دەزگای دابەشکردنی کارەبا پێویستە لەسەری بەپێی یاسا کە ئەو بڕە کارەبا زیادەیان لێبکڕێتەوە بەنرخێك کە هاوسەنگ نیە تەنها بەڕێژەی پاشەکەوتی مەوادی سووتێنراو لەوێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا.

پێشبینیەکان وای بۆدەچن کە لەداهاتوودا و بۆ ماوەیەکی دووریش نیوەی پێداویستی کارەبای تۆڕەکانی ئەڵمانیا لە ڕێگەی وزەی تازەکەوەوە دابین دەکرێت .وەك وزەکانی ڕۆژ و با و ئاو و وزەی ئەندامی و وزەی گەرمی و وزەی دەوروبەر . و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەڵمانیا لەهەوڵی بێووچاندان بۆ گەشەکردن و پێشخستنی زیاتر لەو بوارەدا .

لەئەنجامی ئەم هەولأنەدا تسافاد تسکی پێشبینی دەکات کە ڕێژەی گازەکانی دووەم ئۆکسیدی خەڵوز کەمبکرێتەوە لە ڕێگەی چاکردنی بەکارهێنانی وزەوە لەگەڵ بەرهەمی کارەبا لەڕێگەی سەرچاوەی وزەی جێگیرەوە بۆ نموونە :-





لەئێستادا لەکەناری باکوری ولایەتی شلزفیج-هۆلشتاین نزیکەی 1000 ئاشی هەوایی بۆ (( با )) هەیە کە بریتین لە پانکەی زۆر گەورە کە بەرزیان دەگاتە 90 کم و درێژی باڵەکانی دەگاتە 30 م. هەربۆیە وەزارەتی لێکۆڵینەوەی زانستی فدڕاڵی ئەڵمانی لە ڕابووردودا هانی ئەو جۆرە دەزگایانەی دەدا لەڕووی داراییەوە . بەلأم لە ئێستادا لە ئەڵمانیادا کارەبا ئابوریە و بە قازانجیشە . بەشێوەیەك کە دەزگای کارەبا ئەو کارەبایەی بەرهەم دەهێنرێت لە ڕێگەی (( باوە )) دەکڕێت و دەیخاتە سەر تۆڕەکانی کارەبا , بەهەمان شێوە لەولایەتی باکوری ڕاین-فستفالیا دەتوانرێت 50هەزار ماڵ کارەبای بەرهەمهاتوو لەهەواوەیان بدرێتێ . بەشێوەیەك توانای وزەی دامەزراوە هەواییەکان لە ئەڵمانیادا دەگاتە نزیکەی 108 مێگاوات کە ژمارەیان 500 دامەزراوەیە.و هەندێ لەکۆمپانیاکان سەقفی بیناکانییان لەدامەزراوە وزە ڕووناکیەکان دروستکردووە کە کارەبا لە وزەی ڕۆژەوە بەرهەم دێنن, ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی تووندی ژینگەیی دەگەڕێتەوە کە پەیڕەو دەکرێت . بڕی ئەو غازی دووەم ئۆکسیدی خەڵوزەی کە سالأنە لەم جۆرە سەقفانەوە بەرهەم دێن دەگاتە 335 تەن .

www.dengekan.com

شارەزا ئەڵمانیەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد کەلەم چەند ساڵەی داهاتوودا هەموو دونیا ڕووبەڕووی کێشەی وزە ببێتەوە بەتایبەتیش وولآتە تازە پێگەیشتوەکان. بەشێوەیەك کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان ناتوانن دەستیان بگاتە وزەی نەوت و غاز و کارەبا . بەڵکو تەنها ئەو وزانە بەکاردێنن کەلەبەر دەستدایە وەك مادە سروشتی و ئەندامیەکان کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی زەوی و سروشت لەبەرئەمە ئەڵمانیا هەوڵەکانی خۆی پێشخست لە وولآتە تازەپێگەیشتوەکاندا بەگەشەسەندنی وزە جێگرەوەکان .

تسافاد تسکی دەڵێت :-

لەنێوان ئەو 3ر5 ملیار دانیشتوانەی وولآتانی تازە پێگەیشتوو 2 ملیاریان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پشت دەبەستن بەبەکارهێنانی سەرچاوە کۆنەکانی وزە وەك : تەختە و پاشەڕۆ ئاژەڵی و ڕووەکیەکان .

ناوبراو ئەوەش ڕوون دەکاتەوە ئەم سەرچاوەی وزانە 95٪ی کۆی وزەی بەکارهاتوو پێك دێنن بەگوێرەی ئاستی گەشەکردن لەو وولآتە تازە پێگەیشتووانەدا .

ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی جیهانی (فاو ) دەڵێت :-



www.dengekan.com



نزیکەی 2ر4 ملیار کەس لە وولآتە تازە پێگەیشتووەکاندا پێویستیەکانی خۆیان لەوزە لەکاتی ئێستادا لەڕێگەی بڕینی دارستانە نزیکەکانی شوێنی نیشتەجێبوونیان دابین دەکەن .هەرکەسێك بۆ پێویستیە ناو ماڵیەکانی ڕۆژانەی پێویستی بەبڕی 500-750 کغم ساڵآنە لە تەختە دەبێت کە ئەمەش نزیکەی

2ر7 –3ر8 ملیارات تەن ڕۆژانە دەکات .

سەرچاوە کلاسیکیەکانی وزە وەك : تەختە و پەین و توێکڵی دار بەمەبەستی خواردن دروستکردن و گەرمکردنی ئاو و گەرمکردنەوە بەکاردێن .

هەر ئاماژە بەهەمان پێشبینی وای بۆدەچن کە ناوەندی درەخت و دارستانە نزیکەکان لەشارو جێگەی نیشتەجێبوونەکان بەردەوام لەکەمبونەوە و بچووك بوونەوادان . کەئەمەش دەبێتە هۆی ووشك بوونەوەی زەوی و خاك و زیان گەیاندن بەئاوی ژێر زەوی و زیادبوونی بەبیابانبوون و جوڵەی لمی .

تسافاد تسکی ڕاشیدەگەیەنێت کە:-

لەگەڵ ئەمانەشدا 90٪ ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان لەم وولآتە تازە پێگەیشتوانەدان و ساڵآنە نزیکەی 90 ملیۆن

کەس زیاد دەکەن و ئەمەش لە وولاّتانی جیهانی سێدا هەتا ساڵی 2020 بەبەراوورد لەگەڵ بەکارهێنانی وزەی ئێستادا 65٪ ی بەکارهێنانی وزە زیاد دەکات .ئەم زیاد کردنەش بەپلەی یەکەم سووتەمەنی هەژارەکان دەگرێتەوە لە تەختە و خوڵوزی دار . پێویستی بوون بەدار و تەختەش وەك زیادبوونی دانیشتوان زیاد دەکات . گەشەکردنی جوڵەی پیشەسازی و قەرەباڵغ بوونی دانیشتوانی شارەکان و زیاد بوونی جوڵەی هۆکارەکانی گواستنەوە بوونەتە هۆی زیاد بەکارهێنانی وزە کلاسیکیەکان , هەروەها کەمبونەوەی کارەبا و بەرهەمی نەوت و غاز, ئەو کارانەشی کاریان تێدەکرێت بەم هۆیەوە بریتیە لە بەرهەمی پیشەسازی و هۆکارەکانی گواستنەوە و بەرهەمهێنانی گشتی وزەیە.

## ➢ مردنی دارستانەکان

➢ شارەزای ئەڵمانی ( تسافاد تسکی ) وێنەیەکی دڵتەنگ و تاریکی دونیامان بۆ دەکێشێت بەهۆی زیادبوونی تێکڕای گازی دووەم ئۆکسیدی خەلۆز و وای دادەنێت کە سووتانی سەرچاوەی کانە وزەکان دەبێتە هۆی دەرچوونی غازە



www.dengekan.com



جیاوازەکان وەك ( میپان و ئۆکسیدی کبریت و ئۆکسیدی نایترۆجین و بەتایبەتیش ئۆکسیدی خەڵوز) کە بەشێوەیەکی گەورە دەبێتە هۆی گرفتی (( قەتیسکردنی گەرما )) یان کە ناسراوە بە (( کرێکاری ماڵە شووشەییەکان )) .

ئەگەر بەشێوەیەکی کاریگەر ڕێگە چارە لەم بوارەدا نەگیرێتە بەر ئەوا گەرمی زەوی بەرز دەبێتەوە بەڕێژەی 2 پلە بەبەرامبەر ئەوەی کەلەساڵی 1990 دا هەبووە . هەروەها ئاستی ڕووی دەریاش 50 سانتیمەتر زیاد دەکات تاساڵی 2100 . کەئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ناوچەکان و بارودۆخی کەش و هەوا و مردنی دارستانەکان و لافاو و ووشکە ساڵی و بڵاوبونەوەی برسێتی لەزۆر وولاّتانی دونیادا .

ئەو ڕاستیەش دەدرکێنێت کە وولاّتە پیشەسازیەکان هاوبەشن لەدروستکردنی بەشێکی گەورە لەو کێشە ژینگەییەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ وزە و دەگاتە 75٪و تەنها لە ئەڵمانیادا دەگاتە 4٪ و لە وولاّتە تازە پێگەیشتووەکاندا نزیکەی 25٪غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەردەچێت .

بەلەبەرچاوگرتنی زیادبوونی وزە لەلایەن وولاّتە تازە پێگەیشتوەکانەوە بەهۆی گەشەی پیشەسازی و زیادبوونی

دانیشتوانیانەوە بەبەراوورد لەگەڵ وولاّتە پیشەسازیەکان ئەم وولاّتانە دەبنە هۆکاری دەرچوونی زیاد لەنیوە لەو غازە زیانبەخشە . هەتا ساڵی 2050 تێکڕاتی ئەم غازە زیانبەخشانە دوو ئەوەندەیان لێدێت بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی دونیاوە .

## ➢ وزەی جێگرەوە

➢ ئەم شارەزا ئەڵمانیە وای دەبینێت کە وزەی کارەبا لە وولاّت پیشەسازیەکاندا بەشی هەمووان ناکات . بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی بەردەوام. ئاستی کاریگەری وێسگەکانی وزە لە ئەڵمانیادا دەگاتە 45٪. هەروەك چۆن ڕێژەی لەکیسدان لەگواستنەوەی وزەی کارەبادا دەگاتە 40٪ و لەبواری بەرهەمی پیشەسازیشدا بەکارهێنانی جۆری وزە بەرزترە بەتێکڕای 20٪ .

دەستپێوەگرتنی کارەبا(( کەم بەکارهێنانی کارەبا )) لەناوچە پیشەسازی و قەرەباڵغەکاندا لە وولاّتە تازە گەشەکردووەکاندا ئاستێکی بەرزی داگیرکردوە لەگرنگی



كوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

پێدان , ئەم کەم بەکارهێنانی وزەیەش کەلەئەنجامی باش بەکارهێنانی کارەباوە دێتە دی بەگرنگترین سەرچاوەی وزە دادەنرێت .

بەلای تسافاد تسکیەوە وایە کە ئەم وزە تازەکەرەوانەی وەك وزەکانی (( ڕۆژ و با و مەوادی ئەندامی )) دەتوانن ڕۆڵێکی کارا ببینن لە ئامادەکردنی وزە وپاراستنی کەش و هەوا لەداهاتوودا , هەر لەبەر ئەوەشە داوادەکات کە پلانێکی وورد و زانستی و گشتگیر بۆ ئەم جۆرە وزانە دابنرێت هەر لەئێستاوە و کات و ماوەی پێویستیشی بۆ دابنرێت .

ڕێژەی ئەم وزە تازەکەرەوانەش لە بواری وزەی ئابوری سەرەتاییدا دەگاتە 6٪و لەکاتی حسابکردنی بەکارهێنانی مەوادی ئەندامی زیندوو لەوولاّتە تازە گەشەکردووەکاندا ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ 5٪, هەروەها دەڵێت بەکارهێنانی ئەم وزە تازەکەرەوانە لەداهاتوودا زۆر زیاد دەکات لەسەر حسابی پێداویستی وزەی سەرەتایی( کلاسیکی ) لەکاتی ئێستادا.

هەروەها ئاماژە دەدات بەوەی کە دەبێت چەندین دەیە ساڵ تێپەڕبکات پێش ئەوەی سەرچاوەکانی وزە تازەکەرەوەکان

www.dengekan.com

بۆشاییەیکی گەورە داگیر بکەن لەبەرهەمی وزە بەبەراوورد لەگەڵ ئێستادا .

دونیای پیشەسازی بەردەوام دەبێت لەسەر پشت بەستن بەپلەی یەکەم لەسەر سەرچاوەکانی وزە سەرەتاییەکان( کلاسیکیەکان ) تا 50 ساڵی تر بەلایەنی کەمەوە . کەئەمەش وای لە(( لیۆرجین تریبین )) وەزیری ژینگە و پاراستنی سروشتی ئەڵمانیا کرد کە بخوازێت پەلە بکرێت لەفراوانکردنی سەرچاوەکانی وزە تازەکەرەوەکان زۆر بەخێرایی .هەروەها داوادەکات کە ئامادەکردنی وزە باشتر بکرێت و ئاستی گوزەران بەرزبکرێتەوە لەدونیای سێیەمدا .

و ئەم گرنگیپێدانەشی لە بەشداریکردنی ئەو وزە تازەکەرەوانەدا کۆدەکاتەوە لەپاراستنی ئاو وهەواو ئاشکراشی دەکات کە ئەو کۆنگرەیەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان سازی کرد لەشاری (( ڕیۆجانیرۆی ) بەڕازیل لەم ساڵانەی پێشوودا هەنگاوێکی گەورە بوو لەو بوارەدا کە ئامانجی پاشەکەوتکردن و بەدەسهێنانی وزە بوو بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ژینگە و بەتایبەتیش ئاو و هەوا بۆ مەودایەکی دوور, تائێستاش 150 وولاَت ئەو ڕێکەوتنامەیەیان ئیمزاکردوە کە تایبەتە بە ئاو وهەوای





دونیاوە و دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە وزە گرنگترین هۆکاری پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئابوریەکی ڕاست و دروست و گەشەپێدانی کۆمەلاَیەتی و باشترکردنی ئاستی گوزەران .

لەگەڵ دووپاتکردنەوەی کەمکردنەوەی گازە زیانبەخشەکان کە دەبنە هۆی قەتیسکردنی گەرما و گەلێك مەواد و گازی تر کە دەکرێت بێتەدی بەهەوڵ و لێبڕانی زیاتر بۆ ئەوەی جۆرە وزەیەك بەکاربێت کە گونجاو بێت بۆ ژینگە .بەتایبەتیش وزە تازەکەرەوەکان , پێویستە هەموو سەرچاوەکانی وزە بەکاربێت بەمەرجێ لەچوارچێوەی پاراستنی تەندروستی و ژینگەدا بێت .......

سەرچاوە :=

======

- موقع مرکز المدینه للعلوم والهندسه

---

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە 15 لە زستانی 2006دا بلاَوکراوەتەوە

www.dengekan.com

# وزەی ڕۆژ
# جێگرەوەی کلۆر
# لە پاکژکردنەوەی ئاودا....*

➢ سیستەمێکی سانا بۆ پاکژکردنەوەی ئاو بەوزەی ڕۆژ

ئاو سەرچاوەی ژیانە. و زاڵبوون بەسەر هۆکارەکانی پیسبوونیدا یەکێکە لەگرنگترین مەسەلەکان کە فکری سەرجەم دانیشتوانی گۆی زەوی و بەتایبەتیش هەژارەکانیانی خەریك کردووە . چونکە بەبێ پاکژکردنەوەی ئاو لەو پیسییانە ئەوا ئاو دەبێتە سەرچاوەی زۆرێك لە نەخۆشیەکان کە مەترسیەکانیان بەجیاوازی سەرچاوەی پیس بوونەکانی لە هۆکاری (( نەوەوی و میکرۆبی و کیمیاوی )) دەگۆڕێت .بەهەمان شێوە لەوانەیە هەندێ لەو مادانەی کە بەکاردێن بۆ پاکژکردنەوەی ئاو خۆشیان ببنە مەترسیەکی کوشندە وەك مادەی کلۆر , لەبەرئەوە پێویست دەکات کە بیر لەهەندێ ڕێوشوێنی سەلامەتتر و هەرزانتربکرێتەوە بۆ پاکژکردنەوەی ئاو بۆ ئەوەی دەست بدات بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ.

خۆئەگەر مەترسی پیسبوونی ئاو لەکوردوستان و ناوچەکەشدا بەهۆکاری پاشەڕۆیەنەوەویەوە نەبێت , ئەوا دوو هۆکارەکەی تر کەدەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو لە مەوادی( کیمیاوی و میکرۆبی )



www.dengekan.com



هەیە و مەترسیەکی گەورەشن بۆ سەر ڕادەی بەکارهێنانی ئاو . هەربۆیەش لە ئێستادا لە وولاتی میسردا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنێکی کاریگەرتر و سەلامەتتر کە ڕێگە دەدات بەبەکارهێنانی وزەی ڕۆژ بۆ زاڵ بوون بەسەر هەردوو هۆکاری پیس بوونەکەدا لە هۆکاری میکرۆبی و کیمیاوی و بەمەش وزەی ڕۆژ دەبێتە جێگرەوەی کلۆر لە پاکژکردنەوەی ئاودا ...

لەو بوارەدا توانراوە کە دیزاینی سیستەمێك بکرێت بۆ چارەسەری پیسبوونی میکرۆبی بۆ ئاو و هەوڵی گۆڕانکاری لەسیستەمەکەشدا دراوە بۆ ئەوەی چارەسەری پیسبوونی کیمیاوی ئاویش بگرێتەوە .

لەڕۆژگاری ئێستادا کە هەموو وولاتان هەوڵی بۆ دەدەن ئەوەیە کە بەپێی توانا دوور بکەونەوە لەبەکارهێنانی مەوادی کیمیاوی بۆ هەموو ئەو بەرهەمانەی کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت .بۆ نموونە لەبواری پیشەسازی خۆراکدا هەوڵ دراوە کە ڕەنگە سروشتیەکان جێگەی ڕەنگە دروستکراوەکان بگرێتەوە , هەر لەبواری ئاودا هەموو دەوڵەتانی دونیا بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە ئاو گەرم بکەن بۆ پلەی 75 س کە دەرکەوتووە ئەو پلە گەرمیە بەسە بۆ کوشتنی میکرۆبەکان وەك جێگرەوەیەك بۆ بەکارهێنانی مەوادی

کیمیاوی وەك کلۆر کە دەرکەوتووە زیانی هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ .

## ➢ ڕۆژ پاکژکەرەوەیەکی سروشتی

ئاشکرایە کوردوستان و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی دەرکەوتنی ڕۆژ لە 24 کاتژمێردا بەشێوەیەکی پرشنگدارو بەتین بۆ ماوەیەکی زۆر دەردەکەوێت و پلەی گەرمیشی دەگاتە پلەیەکی بەرز, ئەی ئایا بۆچی ئەو وزەیە وەك پاکژکەرەوەیەك بەکار نایەت ؟؟؟؟؟

بۆ وەلاّم دانەوەی ئەم پرسیارە , تیمێکی لێکۆڵینەوە توانیان دوای 2سالّ لە لێکۆڵینەوە, وەلاّمی ئەو پرسیارە بدەنەوە بەوەی کە هەندێ سیستەم سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە دیزاینکردنیان بۆ پاکژکردنەوەی ئاو دژی پیس بوونی بایۆلۆژی بەهۆی ڕۆژەوە بەبەرزکردنەوەی پلەی گەرمیەکەی , لەئێستاشدا هەوڵی چەند گۆڕانکاریەك دەدەن لەو سیستەمەدا بۆ ئەوەی بتوانن کە ئۆکسیدی زینك و دووەم ئۆکسیدی



www.dengekan.com



تیتانیۆم بەکاربێنن لەماوەی ئیشکردنیاندا بۆ سوود وەرگرتن لێیان چونکە هۆکارێکی (( زیادکردنی ڕووناکین )) بەو مانایەی کە تەنها لەکاتی بوونی ڕووناکیدا کاردەکەن کە ئەمەش سیفەتێکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو سیستەمەی کە بەوزە و ڕووناکی ڕۆژ کاردەکەن .

بەهۆی ئەوەی کە ئەم مەوادانە کارلێك دەکەن لەگەلّ ئەو مەوادە کیمیاویانەی کەلەوانەیە لەناو ئاودا بن و پێك هاتەیەکی تر پێك دێنن کە ژەهراوی نیە . و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئەم پێکهاتانە لەناو ئاودا ناتوێنەوە دەتوانرێت کە جیابکرێنەوە بەهۆی فلتەرەوە کە بەشێوەیەك ڕێکخراون کە ئاوی بەجێماو زۆر پاك دەبێت .

## ➢ 3 سیستەم و کاریگەری زیاتر لەپاکژکردنەوەی ئاودا

دکتۆر حسین سلێمان کە دکتۆرێکی شارەزاو لێکۆڵەرەوە یە لەبواری وزەی ڕۆژدا .. 3 سیستەمی دیاریکردووە و تاقیشی کردونەتەوە و کاریگەریەکانیشیان دەرکەوتووە لە پاکژکردنەوەی ئاودا کە ئەوانیش هەندێکیان سانا و ساکارن و هەندێکیشیان سیستەمی ئاڵۆزن ..

دەربارەی سیستەمە ساناکان دکتۆری ناوبراو دەڵێت :– بریتیە لە صندوقێکی گەرم و دابڕاو ( عازل ) کە لە تەختە یان کارتۆن یان شووشە یان پلێتی ئەلەمنیۆم دروستکراوە و لەناو ئەم صندوقەدا سەمپڵێکی ئاوی پیس دادەنرێت لە قاپێکی شووشەیدا و وازی لێدەهێنرێت تا پلەی گەرمی ئاوەکە هێندە بەرز دەبێتەوە کە پێویستە بۆ کوشتنی میکرۆبەکان .

بەلاّم دەربارەی سیستەمە ئاڵۆزەکان دەڵێت :– بریتیە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژیی گەرم ( مجمع الشمسی الساخن ) کە پێکهاتەیەکی هاوسەنگی هەیە لە پێکهاتوەکانیدا, بەشێوەیەك کەلەم سیستەمەدا ئاو دادەنرێت لە خەزانێکدا کە دواتر تێپەڕدەبێت بەپالأوگە یان فلتەردا کە لەکۆمەڵگا ڕۆژیەکەدایە و وزەی ڕۆژی لەسەر کۆدەبێتەوە و بەهۆیەوە پلەی گەرمی ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و لەکۆتایی کۆمەڵگاکەدا زمانەیەکی گەرمی هەیە کە پلەی گەرمی لە پلەی 70 س دا جێگیر دەکات و ڕێگە بەئاوەکە نادات ئەگەر پلەی گەرمیەکەی لە 70 س زیاتر بێت کە ئەم پلەیە





بریتیە لە پلەی گەرمی پاکژکردنەوە . لەدواییدا ئاوە پاکژکراوە گەرمەکە تێپەڕدەبێت بۆ خەزانێکی تر کە تیایدا ئاوەکە هەڵدەگیرێت بۆئەوەی ئاوەکە بەکەڵکی خواردنەوە بێت .

دەربارەی سیستەمی سێیەم کە ( زیاتر ئاڵۆزترە ) و دەوەستێتە سەر تێکەڵکردنی هەردوو سیستەمی پاکژکردنەوە بەهۆی گەرمکردنەوەو بەهۆی کۆمەڵگای ڕۆژیەوە .

کەپشت دەبەستێتە سەر بوونی هەڵگرێك کەلەلای سەرەوەیدا خەزانێکی ئاو هەیە, لەدواییدا ئاوەکە تێپەڕدەبێت بەناو ماسورەیەکی شووشەیی گەرمدا لەناوەڕاستی سیستەمەکەدا. کە ئەم ماسورەیە پلەی گەرمی ئاوەکە جارێکی تر بەرزدەکاتەوە بەهۆی کاریگەری ئەو تیشکی ڕۆژەوەی کە لێی دەدا لەکۆمەڵگا ڕۆژیەکەوە و بەمەش پلەی گەرمی ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و بەم شێوەیەش پاکژکردنەوەیەکی باشترمان دەس دەکەوێت بۆ ئاوەکە .

➢ پێشکەوتن ...... پاکژکردنەوە تەواو دەکات ➢

www.dengekan.com

سیستەمێك بۆ پاكژكردنەوەی ئاو بەوزەی ڕۆژ بەگەرمكردن و ڕووناكی , ئەگەر ئەم سیستەمەی ئێستا بتوانێت كە ئاو پاكژبكاتەوە بەشێوەی بایۆلۆژی دژی میكرۆبەكان, ئەوا ئەم لێكۆڵینەوانەی ئێستا كار بۆ ئەوە دەكەن كە دوو سوودی ترمان دەستبكەوێت بۆ پاكژكردنەوەی ئاو دژی هەردوو پیسبوونی میكرۆبی و كیمیاوی .

ئەم كارەش بەوە دەكرێت كە هەردوو مادەی ئۆكسیدی تیتانیۆم و زینك بەشێوەی بۆدرە بەرهەم بهێنرێت و لەناو ئاودا دابنرێت دژی پیسبوونی میكرۆبی .

بۆ دژی پیسبوونی كیمیاویش بەشێوەیەك دەكرێت كە پێك هاتەكە لەسەرشێوەی پیشاڵێكی تەنك دروست دەكرێت و بەسەر دیواری ماسورە شووشەییەكەدا بڵاودەكرێتەوە و ئاوەكەی بەسەردا تێپەڕدەبێت وبە كاریگەری ئەو ڕووناكیەی كەبەری دەكەوێت پێك هاتەكە كارلێك لەگەڵ پیسیە كیمیاویەكاندا دەكات و پێكهاتەیەكی سێیەم دێتە بەرهەم كە ژەهراوی نیە و دەتوانرێت بەئاسانی لەڕێگەی فلتەرەوە جیابكرێتەوە و لەئەنجامیشدا ئاوێكی پاكژمان دەست دەكەوێت .



www.dengekan.com

كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

### ➢ لەسیفاتە باشەكانی ئەم سیستەمە

1. تێچووی دیزاینەكەی نزمە بەبەراورد لەگەڵ ئەو مادانەی تر كە بەكاردێت لە پاكژكردنەوەی ئاودا .
2. هەروەها كاریگەری لاوەكی و خراپ بەجێناهێڵێت.
3. ئەم سیستەمە دەتوانرێت بەكار بهێنرێت بۆ پاكژكردنەوەی ئاوی خواردنەوە و ئاوی ئاوەڕۆكان بەشێوەیەك كە بگونجێت بۆ كشتوكاڵ ,بەڵام مەوادەكانی تر ناتوانن ئەوكارە بكەن.

➢ لەبەر ئەم هۆكارانە ئەم سیستەمە زۆر گونجاوە بۆ گوندە گەشتوگوزاریەكان و ناوچەی چاكردنی كشتوكاڵی لە بیابانەكاندا . كە دەتوانرێت ئاوی ئاوەڕۆكان پاكژبكرێتەوە بەهۆی سیستەمی ڕۆژییەوە و لەكشتوكاڵدا بەكاربێت و بتوانرێت دەستبگیرێت بەسەر سەرچاوە ئاوییەكانەوە .

باشترین سیستەمیش بریتیە لە كۆمەڵگای ڕۆژی كە لەپێكهاتە وەك یەكەكاندایە . بەتایبەتیش بۆ پاكژكردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆكان پلەیەكی بەرزی پاكژ دەدات. ئەم ڕاستیەش لە ئەنجامی تاقیكردنەوەكانیشدا دەركەوتووە .

بەم شێوەیە دەردەكەوێت كە بەكارهێنانی وزەی ڕۆژ لەجیاتی كلۆر بۆ پاكژكردنەوەی ئاو زۆر سەلامەتتر و ئاسانتر و

کەمتێچووترە, لەهەمان کاتیشدا ئەنجامی زۆر باشیشی لێوە دەست دەکەوێت بۆ زاڵ بوون بەسەر پیسبوونی بەکتریایی و کیمیاویدا و هیچ کاریگەریەکی خراپیشی لێناکەوێتەوە.

دەکرێت لەکوردوستانیشدا و بەتایبەتیش لەوەرزە گەرمەکاندا سوود لەم سیستەمی پاکژکردنەوەی ئاوە وەربگیرێت دوای لێکۆلینەوەو دانانی پلانی زانستی بۆ ئەو مەبەستە بۆئەوەی چیتر خەرجیەکی زۆر نەکرێت لە پاکژکردنەوەی ئاودا بەکڕینی مادەی کلۆر لەدەرەوەی وولاَت.

سەرچاوە :-
=======
موقع مركز المدينة للعلوم والهندسة

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە 13 لە هاوینی 2005دا بلاَوکراوەتەوە



www.dengekan.com



# کورە ئەتۆمیەکان
# بۆمەبەستی لێکۆڵینەوە *
# Research Reactors

## ➢ پێشەکی

➢ زۆربەی کورە ئەتۆمیەکان لە جیهاندا بەکاردەهێنرێن بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی مەوادو بەرهەمهێنانی چاویلکە تیشکدەرەکان بۆ بەکارهێنانی پزیشکی و پیشەسازی.

➢ ئەم کورانە زۆر بچوکترن لە کورەکانی وزە یان ئەوانەی کە بۆ کەشتیە پاڵنەرەکان یان زۆر لەوانەی کە لەبینای زانکۆکاندان.

➢ 283 لەو کورانە هەن و دەکەونە 56 وولاَتەوە.

کورەکانی لێکۆڵینەوە مەودایەکی فراوان پێك دێنن وەك لە کورە ئەتۆمیە بازرگانی و مەدەنیەکان کە بەکاردێن بۆ بەرهەمهێنانی وزە .مەبەستی سەرەکی لەکورەکانی لێکۆڵینەوە

بریتیە لە پێدانی سەرچاوەی نیوترۆنات بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و ..هتد.

بەرهەمی ئەم کورانە کە بریتیە لە ( گورزی نیوترۆنات ) دەتوانێت کە هەندێ سیفاتی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت بەگوێرەی بەکارهێنانەکانی.هەندێ جۆری کورەی بچوکتر هەن بۆ بەرهەمهێنانی گەرمی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.وزەی کورەکانی لێکۆڵینەوە بەمێگاواتی گەرمی MWth یان کیلۆواتیگەرمی KWthدەپێورێت. بەشێوەیەکی گشتی تەنها MW یان KWبەکار دەهێنرێت.بەشێوەیەك بەرزترین مەدا بۆ وزە دەگاتە 100 مێگاوات بەبەراورد لەگەڵ 3000 مێگاوات بۆ کورەی وزەی نموونەیی. لەڕاستیدا کۆی وزەی کورەکانی لێکۆڵینەوە کە ژمارەیان 238 کورەیە لە جیهاندا دەگاتە کەمێك زیاتر لە 3000 مێگاوات .

کورەکانی لێکۆڵینەوە ساناترن لە کورەکانی وزەیی و لە پلەیەکی گەرمی نزمتردا کاردەکەن و پێویستیان بەبڕێکی زۆرکەمتر لەسووتەمەنی هەیە . و پاشماوەکانی پرۆسەی دووکەرت بوونیش زۆر کەمترە کاتێ سووتەمەنی بەکاردێت .لەلایەکی تریشەوە سووتەمەنی کورەکانی لێکۆڵینەوە بڕێکی زیاتر یۆرانیۆمی توانا بەرزی پیتاندنیان گەرەکە . بۆ نموونە 20٪ لەیۆرانیۆمی235, لەکاتێکدا کورە





کۆنەکان ڕێژەی 93٪لە یۆرانیۆمی 235 بەکار دێنن.هەروەها ئەم کورانە چڕیەکی وزەیی زۆر بەرزیان هەیە لەناوجەرگەدا( ناوچەی چالاك ) کە ئەمەش پێویستی بە سیفاتی تایبەتی هەیە لە دیزایندا.وەك کورەکانی وزە پێویستیان بەساردکردنەوە هەیە لە سەنتەردا.وەلەکاتی ئاسایشدا پێویستیان بەهێورکەرەوە هەیە بۆ هێورکردنەوەی نیوترۆنات و چالاککردنی دووکەرت بوون . بەو پێیەشیکە ئەم کورانە ئەرکیان بەرهەمهێنانی نیوترۆناتە پێویستیان بە پێچەوانەکەرێك هەیە بۆ دابەزاندنی وونبوونی نیوترۆنات لە ناوەندا.

### ➤ کورەکانی لێکۆڵینەوە و جۆرەکانی

پۆلێنکردنی فراوانتر هەیە بۆ ئەو دیزاینانەی بۆ کورەکانی لێکۆڵینەوە هەیە بەبەراوورد لەگەڵ کورەکانی وزە. بەشێوەیەك 80٪ی کورەکان لەدونیادا بریتیە لە دوو نموونەی وێکچوو . وەڕێگەی جیاوازیشیان هەیە بۆ ئیشپێکردن و بەرهەمی وزەکەش یا نەگۆڕە یان گۆڕاوە .

1. دیزاینی باو بریتیە لە ( 67 یەکە ) کە نموونەی کورەی حەوزیە, بەشێوەیەك کە سەنتەر بریتیە لە هێشوویەك لە توخمەکانی سووتەمەنی دانراو لە حەوزێکی گەورەی ئاودا .هەروەها بۆری کۆنترۆڵ هەیەلەنێوان توخمەکانی

www.dengekan.com

سووتەمەنیەکەدا, هەروەها جۆگەی بەتاڵیش هەیە بۆ ئەو توخمانەی کە تاقیدەکرێتەوە.

هەرتوخمێك چەند پلێتێکی سووتەمەنی تیادایە کە نوشتاونەتەوە و داپۆشراون بە ئەلەمنیۆم( بۆ نموونە 18 پلێت ) لە صندوقێکی ستوونیدایە. ئاو هەڵدەستێت بە هەریەکە لە کاری هێورکەرەوە و ساردکەرەوەی کورەکە. بەشێوەیەکی گشتی توخمی گرافیت و بیریلیۆم وەك پێچەوانەکەرەوە بەکاردێن.
کە دەتوانرێت هەندێ توخمی تریش بەکاربهێنرێن, ژمارەیەك کونیش دادەنرێن لە دیواری حەوزەکەدا بۆ چوونە ناوەوەی گورزەی نیۆترۆنەکان .

2. کورەکانی جۆری TRIGA کە ئەمەش دیزاینێکی باوی ترە( 40 یەکە ) :-
کە سەنتەر لە ( 60-100 ) توخمی سووتەمەنی لولەکی پێك دێت کە تیرەکانیان نزیکەی 36 ملم دەبێت و داپۆشراون بە ئەلەمنیۆم و تێکەڵەی سووتەمەنی یۆڕانیۆم و هادریدی زرگۆنیۆم دادەپۆشرێن وەك هێورکەرەوە . وەك لە وێنەی ژمارە(3)دا دیارە.



کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ...

هەموو ئەم توخمانە دادەنرێن لە حەوزێکی ئاودا و بەگشتیش گرافیت و بیریلیۆم وەك پێچەوانەکەرەوە بەکاردێن. ئەو جۆرە کورانە بە ئاسانی دەتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ ئاستی زۆر بەرزی وزە.وەك 25000 مێگاوات لە بەشێکی چرکەیەکدا,سووتەمەنی لەم جۆرە کورانەدا کارەکتەرێکی پلەی گەرمی سلبی زۆر بەهێزدەدات.زیادبوونی خێرا لە وزەدا بەزوویی کورت دەکرێتەوە بۆ کاریگەری سلبی کورەی هێورکەرەوەی هادریدی .

3. دیزاینێکی تر بە ئاوی قورس یان گرافیت دەکرێت ( 12 یەکە ): هەندێ لەکورەکان نیۆترۆنەکانی خێرایان هەیە کە پێویست بە هێورکەرەوە ناکەن و دەتوانرێت تێکەڵەیەك لە یۆڕانیۆم و بلۆتۆنیۆم وەك سووتەمەنی بەکاربێنن.
4. کورە وەك یەکەکان: کە سەنتەرەکەیان گیراوەیەکی لەخوێکانی یۆڕانیۆم بەشێوەی شل تیادایە کە لە دەفرێکدا بەتیرەی 30ملم , دیزاینە ساناکەی وای لێکردوە کە بەکارهێنانی بە زووی بلاّو ببێتەوە. بەلاّم لە ئێستادا تەنها ( 5 )کورە لەم جۆرە لەکاردان .

کورەکانی لێکۆڵینەوە مەودایەکی فراوانی بەکارهێنانیان هەیە کە هەریەکە لەبوارەکانی(( شیکردنەوە, تاقیکردنەوەی مەواد,بەرهەمهێنانی چاویلکە تیشکدەرەکان کەلەبواری

www.dengekan.com

پیشەسازی ئەتۆمی و لێکۆڵینەوەدا بەکاردێن, زانستەکانی ژینگە, پێشخستنی مەواد, ئامادەکردنی داوودەرمان لەبواری پزیشکی ئەتۆمیدا دەگرێتەوە)) .

➢ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی IAEA , کورەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلێن کردوە بەچەند جۆرێکەوە:

60 کورە لەجۆری مۆلەق( ئاستی وزە سفرە)

23 کورەی تاقیکردنەوە

37 کورە وەك دامەزراوەی ڕاهێنان

2 کورە وەك نمونەی سەرەتایی

1 کورە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا

بەڵام زۆربەی ئەو کورانە ( نزیکەی 160 ) گەورەن بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بەکاردێن , سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان چاویلکەی تیشکدەر بەرهەم دێنن, لەگەڵ ئەوەی دامەزراوە زانستیەکان زۆر خەرجیان دەوێت بەڵام هەندێ لەو کورانە بۆ زۆر مەبەست بەکارهێنراون و زیاتر لە 30 ساڵە لەکاردان.

ڕووسیا زۆرترین کورەی لێکۆڵینەوەی هەیە کە ژمارەیان 62 کورەیە , ئەمریکا 54 کورە .یابان 18 کورە, فەرەنسا 15 کورە, ئەڵمانیا 14 کورە, چین 13 کورە .

هەندێك لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان و بچووکەکان کورەی لێکۆڵینەوەیان هەیە لەوانە: بەنگلادیش و جەزائیر و کۆڵۆمبیا

کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

و غانا و جامایکا و لیبیا و تایلاند و ڤێتنام , نزیکەی 20 کورەش لە قۆناغی پلان بۆ دانان یان دامەزراندندان و 361 کورەش داخراون یان لەکارکەوتوون و نزیکەی نیوەشیان لەئەمریکادان.

زۆربەی ئەم کورانە لە دەیەکانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستدا دامەزراون( 1960–1980) , ژمارەی زۆریشیان لەساڵی 1975دا کەوتونەتە کار کە ژمارەیان 373 کورەبون و کەوتونەتە (( 55 )) وڵاتەوە .

## ➢ بەکارهێنان

بەشێوەیەك گورزە نیوترۆنەکان پێکەوە لکاون کە بتوانرێت لێکۆڵینەوەی ژێرخان و جوڵەی مەوادەکان لەسەر ئاستی گەردیلەیی بکرێت, بڵاوبونەوەی نیوترۆنەکان بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی نموونەکان لەژێر بارودۆخی جیاوازدا وەك گۆڕان لە پاڵەپەستۆی هەواو , پلەی گەرمی بەرز و پلەی گەرمی نزمدا و کێڵگە موگناتیسیە نزمەکاندا, بەشێوەیەکی بنچینەیی لە ژێر بارودۆخی ڕاستەقینەی جیهانیدا. بەبەکارهێنانی شیکردنەوە بە چالاککردنی نیوترۆنی ,لەتوانادایە کە پێوانەی بڕێکی زۆر وورد



www.dengekan.com

لە توخمەکان بکرێت. بەشێوەیەك کە گەردیلەکانی نموونەیەك دەتوانرێت لەڕووی تیشکەوە چالاك بکرێت .

بەهۆی خستنەسەر نیۆترۆناتی کورەکەوە, لەڕێگەی تیشکدانەوەی دیاریکراوە وە کە دەردەچێت لەهەر توخمێك دەتوانرێت ئەو توخمە بناسرێتەوە .

هەروەها لەڕێگەی چالاککردنی نیۆترۆنەکانەوە دەتوانرێت چاویلکە تیشکدەرەکان بەرهەم بهێنرێت کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی و پزیشکیدا لەڕێگەی فرێدانی توخمی تایبەت بە نیۆترۆنەکان بۆ نموونە :-

توخمی‌یتیریۆم 90 y90 کەلەسەر شێوەی تۆپی مایکرۆسکۆپین کە بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجەی جگەر . کە بەرهەم دێت لە ئەنجامی فرێدانی y89 بەنیۆترۆنەکان , بەکارهێنانی بەربلاو لە بەرهەمهێنانی چاویلکە لە پزیشکی ئەتۆمیدا بریتیە لە توخمی تەکنیتیۆم Tc99 کە بریتیە لە بەرهەمێکی لەناوچووی مۆلیبیدیۆم99 کە بەرهەم دێت بەتیشکلێدانی یۆرانیۆمی 235 بەنیۆترۆنەکان و دواتر مۆلیبیدینیۆم جیادەکرێتەوە لە بەرهەمەکانی کەرتبوونی لە خانەیەکی گەرمدا. هەروەها دەتوانرێت کورەکانی لێکۆڵینەوە بەکاربهێنرێت لە پرۆسەی پیشەسازیدا, بەشێوەیەك کە پێدانی گۆڕانی نیۆترۆنەکان وا لە



کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...

بلوراتی سلیکۆن دەکات کە ببێتە گەیەنەرێکی باشتری کارەبا لەپێناو بەکارهێنانی لە پێك هاتە ئەلکترۆنیەکاندا .

لەکورەکانی تاقیکردنەوەدا :- ئەو مەوادانەی بەکاردێن و دەخرێنە بەر تیشکێکی نیۆترۆنی چڕەوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانانەی کە بەسەریدا دێت . بۆ نموونە هەندێ جۆر لە پۆلا بێهێزن دەردەچێت . ئەو تێکەلاّنەش کە بەرگری لە بێتوانایی دەگرێت پێویستە لەکورە ئەتۆمیەکاندا بەکاربێن.وەك کورە ئەتۆمیەکان. کورەکانی لێکۆڵینەوە پارێزراودەبن بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە پارێزگاریانە و تاقیکردنەوە ئاسایشیانەی کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەیگرێتە بەر , بەهۆی تواناکانیانەوە کە دەتوانرێت چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنن وەك تەقینەوەکەی لەساڵی 1974 دا لە هندستان ڕوویدا لە ئەنجامی ئەوەوە بوو کە بڕێکی زیاد لە پێویست لە بلۆتۆنیۆم بەرهەمهێنرابوو لەکورەکانی لێکۆڵینەوەدا کەلەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا نەبوو .

- کۆمەڵەی سووتەمەنی بەشێوەیەکی نمونەیی بریتین لە پلێت یان بوتڵ لە تێکەڵەی U-A1 کە داپۆشراون بەئەلەمنیۆمی خاوێن, کە جیاوازە لە کەپسولی سیرامیکی $UO_2$ کە داپۆشراوە بە چینێك لە زێرکۆڵی کە بەکاردێت لەکورە وزەییەکاندا.

www.dengekan.com

لەکورەکانی لێکۆڵینەوەدا تەنها پێویست بەچەند کیلۆیەك لە یۆڕانیۆم دەبێت لەگەڵ پیتاندنێکی زیاتردا. بەبەراوورد لەگەڵ ئەو چەندان تەنەی کەلە کورە وزەییەکاندا بەکاردێن. یۆڕانیۆمی توانا بەرزی پیتان HEU زیاتر لە 20٪ لە U235 جێگەی تایبەتی لە ناوچە چالاکەکاندا بۆ دیاری دەکرێت کە لەژێر پاڵە پەستۆی بەرزی نیۆترۆنەکاندایە و بۆ ماوەی دوور و درێژ لە نێوان گەڕانەوەی پڕکردنەوەدا ,هەربۆیەش هەتا دەیەی حەفتاکان چەند کورەیەك لەم شێوەیە بەکار دەهێنران . بەلاّم لەڕووی ئەمینیشەوە ڕێوشوێنەکان زیادیان کردوە . بەتایبەتیش لەوکاتەی کە هەندێ کورەی لێکۆڵینەوە لە زانکۆ و بینا مەدەنیەکاندا دانراون , بەشێوەیەك باری ئەمنی زۆر کەمترە لەوەی کە بۆ دەزگایەکی چەکی سەربازی دەکرێت چونکە بڕێکی زیاتر یۆڕانیۆمی توانا بەرزی پیتانی تیادایە.
هەولی نێودەوڵەتی لەئارادایە بۆ کەمکردنەوەی پیتاندنی یۆڕانیۆمی توانا بەرزی پیتان کە بەزۆری لە کورە لێکۆڵینەوەییەکاندا هەیە و بڕیاردراوەکە ڕێژەی پیتاندن لە 20٪U235 کەمبکرێتەوە .
کە ئەمەش وایکرد کە جۆرێکی تر لە یۆڕانیۆمی توانا نزمی پیتان بێنە بەرهەم LEU کە چڕیەکی بەرزی هەیە.ناردنە دەرەوەی ئەمریکا بۆ یۆڕانیۆمی توانا بەرز دابەزیوە لە 700



کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ...

کگم/ساڵ لە نیوەی حەفتاکاندا بۆ سفر لەساڵی 1993دا . هەروەها یەکێتی سۆڤیەتیش بەهەمان شێوە هەوڵی داوە و لەساڵی 1978وە لە 90٪نزم بۆتەوە بۆ 36٪و لەساڵەکانی هەشتاکاندا بەتەواوەتی وەستاوە و هەوڵی پێشخستنی جۆرە سووتەمەنیەکان بەردەوامە بۆ گەیشتن بەنمونەیترین جۆری سووتەمەنی بۆ کورە لێکۆڵینەوەییەکان .لەبەرئەوەی چڕی یۆڕانیۆم بریتیە لە 15ر6گم/ سم3 وای لێدەکات کە هەموو کورەیەکی لێکۆڵینەوە بتوانێت یۆڕانیۆمی توانا بەرز بگۆڕێت بۆ یۆڕانیۆمی توانا نزمی پیتان بەشێوەیەك کە هەموو سووتەمەنیەکان داپۆشراون بە ئەلەمنیۆم.

## ➢ سووتەمەنی بەکارهێنراو

- سووتەمەنی لەجۆری U-A1 دەتوانرێت چارەسەر بکرێت لە Cogema لەفەڕەنساو سووتەمەنی U-Mo بەهەمان شێوە , بەلاّم سووتەمەنی لە جۆری U-Si و TRIGA بەسانایی ناتوانرێت چارەسەربکرێت لەدامەزراوە بازرگانیەکاندا و دەتوانرێت ئەم دووجۆری سووتەمەنیەش چارەسەربکرێت ئەگەر بەبڕێکی گونجاو لە سووتەمەنیەکانی تر وەك U-A1ی تێبکرێت. 17 وولاّت کورەی لێکۆڵینەوەیان هەیە کە سۆڤیەت سووتەمەنیان بۆ دابین

www.dengekan.com

دەكات,هەروەها 25 كورە لەم كورانە هەن لەدەرەوەی ڕووسیا,15 یان تائێستا كاردەكەن, بەلاّم لیبیا و كۆریای باكور دژی ئەم بەرنامەیەن .

سەرچاوە :

=====

➢ موقع مركز المدينه للعلوم الهندسيه

---

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە 17 لە هاوینی 2006دا بلاّوكراوەت



## گەچ
## كەرەسەیەكی گرنگی بیناسازی و ڕۆڵی لە ئاوەدانكردنەوەی كوردوستاندا...*

### ➢ پێشەكی

مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوە و داهێنانی نوێ و باشتردا بووە و ئەندێشە و بیری بۆ هەموو لایەكی ژیان چووە . كاتێك كە ماڵەكەی پێویستی بە دەستكاری و نوێ كاری هەبووە بیری لەوە كردۆتەوە كە مادەیەكی توند و لوس و پێكەوە لكاو بدۆزێتەوە تاوەكو ڕووی دیوارەكانی پێ جوان بكات . بۆ ئەم مەبەستەش هەستاوە لەو جێگایانەی كە كبریتاتی كالیسیۆمی تێدایە هەندێ گژ و گیا و پاشەڕۆی ئاژەڵی كۆكردۆتەوە و سوتاندویەتی , لە دوایدا ئەو جێگەیەی هەڵكەندووە بە قولاّیی چەند سانتیمەترێك و



www.dengekan.com

ئەو مادەیەی لێدەست کەوتووە کە پێی دەڵێن ( گەچ ) .. دواتر ئەم کدارە پەرەی سەندووە و بڵاوبۆتەوە و لەشێوەی کورەدا کە بە نەوتی ڕەش سووتاوە بەردی گەچیان کۆکردۆتەوە و سوتاندووە و دوا تر بە ئاش هاڕیویانە و گەچیان بەرهەم هێناوە .

بەم شێوەیە دۆزینەوە و بەکارهێنانی گەچ مێژوویەکی کۆنی هەیە و یەکەم کەس کە دەربارەی گەچ نووسیوویەتی لە ساڵی 1765ی میلادی بووە لە لایەن زانا ( لاڤۆسێر LAVOSIAR )وە کە دەربارەی سروشتی گەچ کە مادەیەکی پێکەوە لکاوە , سیفەتی ڕەقبوونی و هەروەها دەربارەی بلوراتی بە کلس یوو کە لەسەر شێوەی کبریتاتی کالیسیۆمە نووسیویەتی :

گەچ بریتیە لە چینێك بەردی گرنگ کە لەسەر شێوەی بەردی گەچ لە زەویدا لە هەندێ شوێندا هەیە و دادەنرێت بەسەرچاوەیەکی گرنگی پیشەسازی ترشی کبریتیك $H_2SO_4$ کە ئەم ترشەش بنچینەی پیشەسازی کیمیاویە و ڕادەی بەکارهێنانی ئەم ترشە وەك پێوانەیەك وایە بۆ بەرزی ئاستی پیشەسازی لەهەر ولاَتێکدا ..

وشەی گەچ یان ( الجص ) لە وشەی جیپسۆسی یۆنانیەوە هاتووە و بەکبریتاتی کالیسیۆمی دوو ئاوی دەوترێت . $CaSO_4 . 2H_2O$ کە بەڕێژەی 20 – 21٪ ئاوی تێدایە . لە باری ئاساییدا بەردی گەچ لە ڕووی کیمیاویەوە بریتیە لە $CaSO_4 . 2H_2O$ کە





پێی دەوترێت ( Hemihydrat ) کاتێك زیاتر گەرم دەکرێت لەسەروو 200 پلەی سەدیەوە ئەوا هەموو ئاوەکەی وون دەکات و دەبێت بە $CaSO_4$ کە پێی دەوترێت Anhydrite کە ئەویش سێ دۆخی هەیە و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەگۆڕێت و دۆخی سێیەمی لە پلەی گەرمی 1180 پلەی سەدیەوە دەستمان دەکەوێت .

کێشی جۆری $CaSO. 2H_2O$ بریتیە لە 2.23 – 2.3 گم / سم3

بەلاَم کێشی جۆری $CaSO_4 . 2H_2O$ بریتیە لە 2.5 گم / سم3

کێشی جۆری $CaSO_4$ یش بریتیە لە 2.92 – 2.97 گم / سم3 .

➢ سروشتی گەچی بەرهەم دوای سووتان و هاڕین وەستاوەتە سەر :

1. پلەی بێ خەوشی بەردی گەچ .
2. پلەی گەرمی بەکارهاتوو بۆ دەرکردنی ئاوی کریستاڵی.
3. تێکردنی مادەی تر بۆ دوا خستنی مەیین یان خێراتر کردنی .

➢ ئەو هۆکارانەش کە کار دەکەنە سەر ڕەق بوونی گەچ بریتین لە :

1. پلەی وردی ( النعومە )
2. بێ خەوشی ئاوەکە و پلەی گەرمیەکەی

www.dengekan.com

3. تێکردنی مادەی دواخەر یان خێراکەر

➢ **مادەی دواخەر**

بریتین لەو مادانەی کە تێکەڵ بە گەچ دەکرێن بۆ دواخستنی ماوەی ڕەق بوونی بەهۆی ئەوەی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی دروستبوونی بلورات یان درەنگ توانەوەی گەچەکە لە ئاوەکەدا ئەو مادانەش وەك ( خۆڵ , سلیکای ورد , جۆرەکانی غەرای ئەندامی , مادەی جەلاتینی , خوێی بۆراکس , وردەی دار , خوێن , شەکر , سەمغ , کیراتین , خوێی هەندێ ترشی ئەندامی ) ئەم مادانە دوای وورد کردن و هاڕینیان بە ڕێژەی 0.2 – 1.5 تێکەڵ بە گەچ دەکرێن .

➢ **مادەی خێراکەر :**

بریتین لەو مادانەی کە تێکەڵ بە گەچ دەکرێن بۆ خێراتر کردنی ماوەی ڕەق بوونی وەك ( پەینی ئایۆناتی کبریتات ) کە دەبێتە هۆی زیاد کردنی توانەوەی کبریتاتی کالیسیۆم هەروەها وەك خوێ
ئائەندامیەکان ( کاربۆنات و کبریتات و کلۆرایدی صۆدیۆم ) کە بەڕێژەی 0.5٪ تێی دەکرێت . بەڵام باشتر وایە کە هیچ مادەیەکی



كوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

تێ نەکرێت چونکە کار دەکاتە سەر پتەوی گەچەکە و تەمەنی گەچەکە کەم دەکاتەوە .

➢ **گەچ لەسەر بنچینەی بەکار هێنانی و ڕێژەی CaSo4 دەکرێتە چوار جۆرەوە :-**

1. گەچی ئاسایی بازاڕی : کە ڕێژەی کبریتاتی کالیسیۆم تیایدا لە 60٪ کەمتر نیە و کلۆریدی صۆدیۆم 2٪ زیاتر نیە و ئاوی یەککگرتوو 3٪ کەمتر نیە و 9٪ زیاتر نیە و خەوشی ( سلیکاو , ئوکسیدی ئاسن , ئەلەمنیوم ) 20٪ زیاتر نیە .
2. گەچی مصیص : ڕێژەی کبریتاتی کالیسیۆم 80٪ کەمتر نەبێت ئاوی یەککگرتوو 4٪ کەمتر و 10٪ زیاتر نەبێت و ڕێژەی خەوش 5٪ زیاتر نەبێت .
3. گەچی شێوەکاری : ڕێژەی کبریتاتی کالیسیۆم 90٪ کەمتر نیە و ماوەی ڕەق بوون لە 15 خولەك کەمتر نیە و لە 40 خولەك تێناپەڕێت .
4. گەچی پزیشکی : ڕیژەی کبریتاتی کالیسیۆم 93٪ زیاتر نیە کە پاکترین جۆری گەچی دەستکردە کە بەکار دێت لە ئیش و کاری پزیشکیدا کە پێویستە ماوەی ڕەق بوونی لە 2 خولەك کەمتر نەبێت لە 4 خولەکیش تێپەڕ نەکات .

➢ ئاشکرایە کەرەسەی خاوی سەرەکی بۆ بەرهەم هێنانی

www.dengekan.com

گەچ بریتیە لە بەردی گەچ کەئەمیش لە سروشتدا لەسەر 2 شێوە هەیە:

1. بەردی گەچی ئاوی سروشتی $CaSO_4 . 2H_2O$
2. بەردی گەچی بیّ ئاو $CaSO_4$

بەردی گەچی ئاوی سروشتی لەسەر پێنچ جۆر هەیە بەڵام بەردی گەچی بیّ ئاوی هەر یەك جۆری هەیە , هەركاتێك بەردی گەچ ڕێژەی كبریتاتی كالیسیۆم 85٪ بەرەو ژوورتر بوو ئەوا بە كاڵایەكی بازرگانی دەژمێردرێت .

➢ **جۆرەكانی بەردی گەچی ئاوی سروشتی**

1. بەردی گەچی ( المصمت ) ( خۆڕاگر ) MAIVE OR ROCH GY PSUM .

ڕێژەی پاكی لەسەروو 85٪ لەسەر شێوەی $CaSO_4 . 2H_2O$ خەوشەكان لەبەردی كلس و بەردی دۆڵەمایتدان كە بریتین لە $CaC53 . MgCo_3$

2.بەردی گەچی ( السلینیتی ) یان بلوری شەفاف gypsm Selenite

ئەم جۆرە ڕەنگی نیە و بەكارهێنانیشی كەمە بەهۆی نەتوانینی بەكارهێنانی وەك مادەیەكی لێكنەر.

3.بەردی گەچی مەڕ مەڕ Alabaster

كە بریتیە لە دەنكی خڕی گەچی بەهێز كە ڕەنگی سپیەیە و





بەكەمی هەیە و بەكاردەهێنرێت بۆ جوانكاری .

4.تالبسێت Gypsite

لەسەر شێوەی چینی بلووری هەیە لەناو گڵ دا لە قوڵایی زەویدا.

5.بەردی گەچی ( المقصول ) Sutinspar

لەسەر شێوەی خەتی بریسكەدار و بەرز دەردەكەوێت .

➢ **بەكارهێنانی گەچ**

1. وەك مادەیەك بەكاردێت بۆ دیوار دروستكردن لە جیاتی چیمەنتۆ یان قوڕ بە تایبەتی لە ناوچە گەرمەكاندا .
2. بەكاردەهێنرێت بۆ سپیكاری كردنی دیوار .
3. بەكاردەهێنرێت بۆ كاری شێوەكاری .
4. بەكاردەهێنرێت لە بواری پزیشكیدا .
5. لە بواری پیشەسازی چیمەنتۆشدا بەكاردەهێنرێت بەڕێژەیەكی دیاری كراو كە لە 3٪ تێپەڕ ناكات چونكە زۆر و كەمی كاردەكاتە سەر جۆری چیمەنتۆكە .

➢ بەم شێوەیە دەبینین گەچ وەك كەرەسەیەكی گرنگی بیناسازی دەتوانێت ڕۆڵیكی گەورە ببینێت لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی كوردستاندا , هەر بۆیە ئەركی هەموانە و بە تایبەتیش ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پرۆژەكان كە هەوڵی

www.dengekan.com

زیاتر بدەن لە پێناو زیاتر بەکارهێنانی گەچی هونەریدا بەمەبەستی پەرە پێدانی بازاڕی ئەو گەچە و زیادکردنی داهاتی حکومەتی هەرێم و پیشەسازی ناوخۆیدا .

- ئاشکرایە کە لە سنوری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنها کارگەی گەچی هونەری بازیان هەیە کەسەر بەوەزارەتی پیشەسازیە و بەشێوەیەکی هونەری گەچ بەرهەم دەهێنێت و توانای بەرهەم هێنانی لە ساڵێکدا 120.000 تەن دەبێت کە ئەم بڕەش دەتوانێت پێداویستی ئەم ناوچەیە دابین بکات و بەشداریەکی کاریگەری هەبێت لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بەرهەمی گەچی ئەم کارگەیە لەڕووی هونەری و ئابوریشەوە گەلێك سیفاتی زۆر باشی هەیە کە لەو گەچەدا نیە کە بەشێوەیەکی سەرەتایی و دوور لە تەکنەلۆژیای سەردەم بەرهەم دەهێنرێت لە لایەن کەسانی ناپسپۆر و دوور لە بەکارهێنانی ڕێگەی زانستی .
- بەرهەمی گەچی ئەم کارگەیە گەچێکە کە بەپێی مواصەفاتی ئەڵمانی و جیهانی و بە مەرجەکانی دەزگای پێوانە و کۆنترۆڵی جۆری عێراقی ژمارە 28ی ساڵی 1969 بەرهەم دێت , کە گەچێکی نەرم و وردە و خۆڵ و خاشاك و مەوادی زیانبەخشی تێدا نیە کە دەبنە هۆی تەقین و درزبردنی دیوار لەبەرئەوەی بە بێژنگی پێوانە جیاوازدا تێپەر دەکات لە دیواردا ساف و بریقەدار





و سپی دەبێت , هەروەها خوێکانی کالیسیۆم و مەگنیسیۆم وکبریتی تێدا نیە کە دەبنە هۆی هەڵمژینی ئاوی زۆر و هەڵوەرینی گەچەکە و دروست بوونی ڕەنگی زەرد بەسەر دیواردا , لەڕووی ئابووریشەوە لەبەرئەوە گەچی ئەم کارگەیە بەڕێژەیەکی بەرز پوختە . زۆرتر ئاوی پێویستە لەبەرئەوە بڕێکی کەمتر پێویستە بۆ سپی کردنی دیوار بەرامبەر بە گەچی ئاسایی کورە , بۆ نموونە بۆ داپۆشینی 1م2 لە دیوارێك بە ئەستوری 1 سم تەنها 7.5 کغم پێویستە لە گەچ جگە لەمەش ڕێژەی بە فیڕۆ چوونی نزیك دەبێتەوە لە سفر .. هەروەها توانای شکانی بریتیە لە 50 کغم / سم لە ماوەی 7 ڕۆژدا .

گەچی ئەم کارگەیە توانای ڕەقبوونی زۆرە و لە ماوەی 15 خولەکدا ڕەق دەبێت کە ئەم ماوەیەش ماوەیەکی باشە کە کرێکار و وەستا بتوانن ئیشی پێبکەن و هیچ گرفتێکی نیە , بەڵام بەداخەوە بەهۆی تێنەگەیشتنی زۆرێك لە ئەندازیاران و بەڵێندەران لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەبەر بەرژەوەندی وەستاو کرێکاران و هیلاك نەبوونیان و دەست کەوتنی پارەی زیاتر گەچی ئەم کارگەیە لە زۆربەی پرۆژەکاندا بەکار نایەت , چونکە بەداخەوە وەستاو کرێکاری گەچکاری بڕیاردەدات کە چ جۆرە گەچێك بەکار بهێنێت نەك ئەندازیار , کە ئەمەش بە زیانێکی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئابووری حکومەت و نەبوونی بازار

www.dengekan.com

بۆ گەچی ئەم کارگەیە , لەگەڵ ئەوەشدا کە بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە ئەو دیوارەی بە گەچی ئەم کارگەیە دەکرێت زۆر بەهێزە و بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر دەمێنێتەوە بە بەراورد لەگەڵ گەچی کورەکاندا , زۆر جار وەستاکان پەنا دەبەنە بەر گەچی ئەم کارگەیە بۆ ئەوەی تێکەڵاوی بکەن لەگەڵ گەچی کورەکاندا تا بە دیوارەکانەوە خۆی ڕابگرێت . سەرەڕای هەموو ئەمانەش نرخی یەك تەن گەچی فەل بە 22.500هەزار دینار و گەچی موکەیەس بە 36.000 هەزار دینارە کە نرخێکی زۆر هەرزانە ,

- هەر بۆیە بەمەبەستی زیاد کردنی داهاتی حکومەتی هەرێم و پەیدا کردنی بازاری گەچی ئەم کارگەیە وپەرەپێدان و گەشەپێدانی پیشەسازی خۆماڵی کە هەموو کەرەستە سەرەتاییەکانی لە کوردستاندا دەست دەکەون پێشنیاز دەکەم کە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزەوە مەرجی بەکارهێنانی گەچی هونەری ئەم کارگەیە لە تەندەری پرۆژەکاندا بچەسپێنێت و هیچ پرۆژەیەك وەرنەگرێت لە هیچ کۆمپانیا و بەڵێندەرێك ئەگەر گەچی هونەریان بەکار نەهێنا بێت .

-----------------------------------------------------



www.dengekan.com



* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیارانی ژمارە 2 لە هاوینی 2002دا بڵاوکراوەتەوە

# پیسبوونی هەوایی*

# Atmospheric Pollution

## ➢ پێشەکی

پیسبوونی ژینگە لە سەردەمی ئێستادا و واپێش دەچێت کە لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا ببێتە گرفتێکی گەورە و چارەسەرکردن و ڕێگە گرتنیشی کارێکی سانا نەبێت . بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و پاشەڕۆکانی کارگە و کۆمپانیاو ئۆتۆمبێل و فرۆکە و .... گەلێك هۆکاری تر کە سەرجەمیان هۆکاری سەرەکین بۆ پیس بوونی ژینگەی مرۆڤایەتی و ترس دروستکردن بۆ سەر دواڕۆژی ژیان و مانی مرۆڤەکان لە سەر ڕووی زەوی و ئەم هۆکارانەش هەریەکەیان دەبنە هۆی پیس بوونی جۆرێك لە پیس بوون وەك پیس بوونی خاك و ئاوو هەوا و ...هتد کە ئەگەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی و توانایەکی مادی

زۆرو زەوەند نەخرێتە كار بۆ ڕێگەگرتن و چارەسەركردنی ئەم كێشەیە ئەوا چارەنوسێكی ترسناك و نادیار چاوەڕوانی هەموانە بە دەوڵەتە هەژار ودەوڵەمەندەكانیشەوە بەبێ جیاوازی و بەتایبەتیش ئەو ولآتانەی پیشەسازین و پاشەڕۆی گازی و كیمیاوی وئەتۆمیان هەیەو ژمارەی دانیشتوانیشیان زۆرن هۆكاری سەرەكین بۆ پیس بوونەكانی ژینگە ...

كوردوستانیش لەئێستادا و لەداهاتووشدا لەبەردەم هەمان مەترسی و چارەنوسدایە و بۆیە پێویست دەكات هەر لەئێستاوە بیر لەو بابەتە بكاتەوە و ڕێگە چارە و پلانی گونجاو دابنێت بۆ ڕێگەگرتن و تەشەنە نەسەندنی مەترسیەكانی ئەو پیس بوونە چونكە كوردوستان و عێراقیش لەبەردەم كرانەوە و پرۆسەیەكی گەورەی ئاوەدانی و زیندووكردنەوە و بوژاندنەوەی بنەمای پیشەسازی گەورەدان كە پێدەچێت سەدان كارگە و كارخانەی گەورە دابمەزرێت و ژمارەی دانیشتوانیش بەبەردەوامی ڕوو لە زیادبونە و هۆكارەكانی گواستنەوەش لە ئۆتۆمبێل و فرۆكەو قیتار و .. هتد بەرێوەن بۆ ئەم ولآتە .. بۆیە ئەركێكی زێدە گرنگە كە حكومەت بەجدی بیر لەم بابەتە بكاتەوە ..

- لەم بابەتەشماندا باس لە پیس بوونی هەوایی دەكەین و چۆنێتی ڕێگرتن و چارەسەركردنی دیاری دەكەین ..



كوردو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

### ➢ پیس بوونی هەوا Air Pollution

ئاشكرایە كە بەرهەمی بەئەكسەدەبوون لە ئەنجامی سووتاندنی سووتەمەنیە جیاوازەكانەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە هەواوە . و دەبێتە هۆی پیس بوونێكی ترسناكی هەوا بەتایبەتی لە سەنتەری شارەكاندا . بەلآم لەناوچە گوندیەكاندا ئەم دیاردەیە كێشەیەكی گەورە دروست ناكات . پیس بوونی هەوایی دێتە ئەنجام بە بوونی مادەیەكی پیسكەر یان زیاتر لەهەوادا بەبڕو ماوەی پێویست كە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەتەندروستی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ و ئاژەڵ ورووەك .

### ➢ گەردیلە شل و ڕەقە هەڵواسراوەكان لەهەوادا ( الهبا و الجوی ) Aerosol

گەردیلە غەرەویەكان ( **Colloidal**) یان نیمچە غەرەویەكان كە هەڵواسراون لەگازەكاندا پێیان دەوترێت ( هەبائی جەوی ) و لەسەر شێوەی شل دەبێت وەك لەتەمومژو هەوردا هەیە یان لەسەر شێوەی ڕەق دەبێت وەك لە دوكەڵ و هەڵم( **F umes**) و تەپوتۆز و خۆڵەمێشی لەهەوادا بلآو .

گازە دەرچووەكان بۆ ناو ژینگە تێكەڵ بەهەوا دەبن و دەتوێنەوە لە دڵۆپە بچوكەكاندا( Droplets) یان هەڵدەمژرێت لەسەر ڕووی گەردیلە هەڵواسراوەكان .

www.dengekan.com

هەبائی جەوی جیاوازی زۆری هەیە لەگەلْ گیراوە غەرەویەکان ( Sols)دا و ئەم جیاوازیانەش گرنگی گەورەیان هەیە لە جێگیرکردنی یان جێگیرنەکردنی دوکەلْ و تەمومژی دوکەلاّوی ( Smog) و هەلْمەکان لە ژینگەدا .لەو جیاوازیانەش :–

1. هەلْگرتنی هەموو گەردیلەکان لەناو گیراوەی ئاوی غەرەویەکەدا بەیەك جۆر بارگە . بەلاّم لەهەبائی جەویدا ئەو گەردیلانە هەیانە بارگەی موجەب و هەیانە بارگەی سالب و هەشیانە هیچ بارگەیەکیان هەلْنەگرتوە .
2. گەردیلەکانی هەبائی جەوی هەلْواسراون لەناوەندێکی لینجی نزمدا و ناوەندی ئاراستەی سەربەستی ( Mean Free Path) درێژترە لەو گەردیلانەی کە هەلْواسراون لەگیراوە غەرەویەکەدا .
3. هەبائی جەوی هەندێ سیفاتی تایبەتی هەیە لە ڕوناکی و گەرمی , هەندێ لەو گەردیلانە بەرەو ڕوناکی دەڕۆن , بەلاّم لەهەندێ جۆری تردا دوور دەکەونەوە لە سەرچاوەی ڕوناکی . ئەم دیاردەیەش پێی دەوترێت . دوکەلْێکە ڕەشی خەست ( سەخام ) و مەوادی ڕەقی تر وەك غوباری ئاسن و بۆیەکان وەك مە پیلی شین ( Methylene Blue) و تەنانەت غوباری کەونیش دەجولْێت دوور لە ڕووناکی. بەلاّم هەندێ لە دوکەلْەکان وەك دوکەلْی



www.dengekan.com



جگەرە و هەبائی جەوی کە دلْۆپەی بچوکی شلی ڕوونیان تیادایە و لە هەبائی جەویشدا کبریت وسلینیۆم و .....هتد بەرەو ڕووناکی دەجولْێن .

دیاردەی Photophoresis لە هەبائی جەویدا بۆ کاربۆنی ڕەش ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت بەرەو گۆشەکانی جێگەکە بچێت کاتێك بەر گورزەیەکی یەکتربڕی ڕووناکی دەکەوێت .

4.هەموو جۆرەکانی هەبائی جەوی دووردەکەونەوە لە بارستە گەرمەکان . بەلاّم بە بارستە ساردەکانەوە دەنوسێن . ئەم کارەش دەتوانرێت ببینرێت لەسەر ڕووی ناوەوەی دیواری بیناکان کاتێك تۆزو غوبار و لەسەریان دەبینرێت, هەرکاتێکیش ژوورەکە گەرمکرا ئەوا تۆز و خۆلْەکان لەسەر کەل وپەلەکان کۆ دەبنەوە چونکە ساردترن . ئەگەر گەرمی تیشکی ( Radiant Heat) بەکارهات ئەوا کەل وپەلەکان گەرمتر دەبن و تۆزو خۆلْ کەمتر لەسەریان دەنیشێن.

5. بارستەکان لە هەبائی جەویدا گاز و هەلْمەکان لەسەر ڕووەکانیان هەلْدەمژرێت, بۆ نمونە 1 دسم3 لەکاربۆنی ڕەش بڕی 5.سم3 لەکاربۆنی ڕەقی تیادایە . ئەم بارستانەش لەگەلْ یەکتردا جیان بەهۆی بوونی چینێکی ئەستوور لەهەوای هەلْمژراو.

## ➢ دوکەڵ

دوکەڵ بریتیە لە هەبائی جەوی کە لەئەنجامی سووتانی ناتەواوە پێك دێت ، پێك هاتەو سیفاتەکانی دەگۆڕێت بەگۆڕانی سووتەمەنی و بارودۆخی سووتانەکە .

دوکەڵی ئەو سووتەمەنیانەی لەناوماڵدا دێتە بەرهەم جیاوازە لەو دوکەڵەی کەلەئەنجامی سووتانی سووتەمەنی بۆ پیشەسازیەکان بەکاردێت .

دوکەڵی جگەرە بەشێوەیەکی سەرەکی پێك دێت لە دڵۆپەی بچوکی شلی هەڵواسراوو گیراوەی ئاوی و زەیت و قەتران ( Tar) لەکاتی سووتانی خەڵوزی قیری و زەیتە قورسەکاندا بەبڕی ناپێویست لە ئۆکسجین خراپترین جۆری دوکەڵ بەرهەم دێت لەڕووی پیسی و داخورانەوە . و بارستە گەورەکانیش بڕی 15٪ کێشی هەڵدەمژن لەڕەشی شێ و گازە ترشەکان .

هەبائی جەوی پێکهاتە ئاڵۆزەکان کە بە دوکەڵ ناسراوە لەوانەیە گازاتی ژەهراوی و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن وکبریتیدی هایدرۆجینی تیادایە لەبارودۆخی بەئۆکسیدبونی خراپ . هەروەها دووەم ئۆکسیدی کبریت و سێیەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی تیادایە لەبارودۆخی سوتاندنی ئاساییدا . هەروەها لەوانەیە کە هەڵم و دڵۆپەی بچوکی هایدرۆکاربۆنی ناتێر و



کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

دیهایدات و بڕۆکسیدات و قەتران و ترشە ئەندامیەکان و دوکەڵی ڕەشی خەست (سخام ) و غوبار و خۆڵەمێش و مەوادی ڕەقی تریشی تیادابێت.

➢ ئەو هەبائی جەویەی کە لەئەنجامی کارلێکردنی هەندێ لەپێك هاتەکانی دوکەڵ لەگەڵ تەمومژ یان هەڵمی ئاودا پێك دێت پێی دەوترێت تەمومژی دوکەڵی S mog کە ئەم جۆرە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بینین و ڕێگە دەگرێت لە تێپەڕبوونی تیشکی سەروو بنەوشەیی و ئەمەش دەبێتە هۆی سوتاندنەوەی چاوو لەوزەتێنەکان .

بۆنموونە لەساڵی 1952 دا لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیادا 4000 کەس مردن بەهۆی سووتاندنەوەی سیەکانیانەوە بەهۆی زۆری و چڕی تەمومژی دوکەڵیەوە .

## ➢ دوکەڵی بەرهەمهاتوو لە ئۆتۆمبێل و فڕۆکەوە

لەشاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکادا ( کەیەکێکە لەو شارانەی کە پیس بوونی هەوا تیایدا زۆرە ) هۆکاری سەرەکی بریتیە

www.dengekan.com

لە بونی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێل تیایدا کە ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی تەمومژی دوکەلاویە .

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستوە کە هەریەکە لە پێك هاتەکانی تەمومژی دوکەڵیدا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان سووتاندنەوەی چاو لەگەڵ چڕی هیدرۆکاربۆناتی ناتێر کە لەئەنجامی سووتاندنی لەئۆتۆمبێلدا دەردەچێت هەروەها ئەم پێك هاتانە زیانیش دەگەیەنێت بەبەروبومی ڕوەکی . هەروەها لێکۆڵەرەوەکان دەریان خستوە کە بڕۆکسایدە ئەندامیەکان و ئۆزۆن و ئۆکسیدە نایترۆجینەکان و بەرهەمی بەئۆکسیدەبونەکانی ترەوە زیان دەگەیەنێت بە ڕیشاڵەکان و لەناوبردنی مەتات و قوماش و داپۆشێنەرەکان .

- گومانی تیادا نیە کە سووتانی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پیس بوونی هەوای شارەکان . نەهێشتنی ئەو پیس بونەی کەلەئۆتۆمبێلەوە بەرهەم دێت زۆر گرانترە لە لابردنی ئەو پیس بونەی کەلەو ئامێرانەوە بەرهەم دێت کە جێگیرن . بەم شێوەیە پیس بوون بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە زۆر کاریگەرترە لە شارەکاندا و بەتایبەتیش ئۆتۆمبێلە گەورەکان کە گازۆیل بەکار دەهێنن بۆ سوتاندن بە تایبەتیش لە کەش و هەوایەکی گەرمدا .





ئەو هایدرۆکاربۆنەی کە لە ئەنجامی سووتاندنی ئەو سووتەمەنیانەوە بەرهەم دێت, بەشێوەیەکی کیمیاوی تێك دەشکێت بەکاریگەری ڕووناکی ڕۆژ و دەبێتە هۆی دروست بوونی بارستەی بچوك کە پێکهاتوە پیسەکان لەسەر ڕوەکەی هەڵدەمژێت , هەروەها ئەو کبریتەی کە لە گازۆلین و بەنزیندا هەیە زیان بەخشە بەشێوەیەکی تایبەتی پیس بوون بەهۆی بزوێنەرەکانی فڕۆکەشەوە لەم ساڵانەی دوایدا زۆر بوە . چونکە توانای بزوێنەرەکانی فڕۆکە نوێیەکان زۆر بەرز نیە لەکرداری سوتاندندا و زۆر جار دەبێتە بەرهەمهێنانی بڕێکی زیاد لە هیدرۆکاربۆن و مەوادی تر کە مادەی پیسکەری ژینگە وهەوان .

پیس بوونی هەوا بەهۆی فڕۆکەوە ئاسایی لە دەوروپشتی فڕۆکەخانەدایە , بەلام لەناوچەکانی تردا زۆر گرنگ نیە , چونکە فڕۆکەکان لە ئاستی زۆر بەرزدا دەفڕن و ئەو هایدرۆکاربۆنەی کە بەرهەم دێت دەتوانرێت بەکاریگەری هۆکارە سروشتیەکان بگۆڕدرێت بۆ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو .

جۆری تریش هەیە لە دوکەڵ وەك : دوکەڵی کیمیاوی وهەڵمی کیمیاوی و جۆری تری دوکەڵیش بەرهەم دێت بۆ مەبەستی سەربازی وەك داپۆشێنەری دوکەڵی ڕەش ( Black Smoke

www.dengekan.com

Screen ) کە بەرهەم دێت لە ئەنجامی سووتانی نەوتی ڕەش و چوارەم کلۆریدی قەصدیر و چوارەم کلۆریدی تیتانیۆم و ترشی کبریتیکی دوکەڵاوی ( Oluem) و خارصین لەگەڵ شەشەم کلۆریدی ئیپان و هەندێ مەوادی تر .

## ➢ ڕێگرتن و چارەسەرکردنی پیس بوونی هەوا

دەتوانرێت زۆربەی پیس بوونی هەوای شارەکان کەمبکرێتەوە بۆ ئاستێکی زۆرباش بەبەکارهێنانی ڕێگەی سووتاندنی گونجاو . تەنانەت دەتوانرێت کە قەتران و مەتاتیش بسوتێنرێت بەبێ دوکەڵ بەمەبەستی دابینکردنی کەش وهەوایەکی گونجاوی سووتاندن , پێویستە ڕێژەی هەوا و سووتەمەنیەکە ڕێکبخرێت لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی 4 هۆکاری تر کە سووتاندنی بێ دوکەڵ بەرهەم دێنێت . ئەوانیش پلەی گەرمی و کات و تێکچون و چارەسەری گازە دەرچووەکانە .
پلەی گەرمی بەرز سووتانەکە خێراتر دەکات و ماوەی مانەوەی هەڵمەکانیش لەناوچە پلە گەرمیە بەرزەکاندا دەبێت درێژترین ماوە بێت تا بتوانرێت , لەبەرئەوە ژووری سووتانی درێژ باشترە . بەلاَم تێکچوون دەبێتە هۆی زیادبوونی گریمانەی ڕوودانی بەریەك کەوتنێکی بەهێز لەنێوان گازە گەرمەکان و قەبارە بچوکە هەڵواسراوەکان پیایدا لەگەڵ



www.dengekan.com



ئۆکسجیی گەرمدا . ئەگەر ئەم سێ هۆکارە بێنە دی ئەوا گازە بەرهەم هاتووەکان لەکرداری سوتاندنەکە هیچ مادەیەکی تیادا نابێت کە توانای سووتانی هەبێت و نەسووتابێت . بەلاَم لابردنی قەبارە بچوکە هەڵواسراوەکان و خۆڵەمێش و خوێکان و دڵۆپە بچوکە ترشەکان لە دوکەڵدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت بە چارەسەرێکی تایبەتی کە پشت ئەبەستێت بە سیفاتی جۆری هەبائی جەویەکە. لەگەڵ ڕێگرتن لە غوبار و هەڵمەکان لە دارشتەکان و کارگەکانی چیمەنتۆ و کارگەکانی کانزاکان ...هتد لەپیس بوونی جەو کە دەتوانرێت بەم ڕێگایانە لاببرێن :-

## 1. نیشتنی کەهرۆستاتی Electrostathc Precipitation

وەك لەئامێری کوتریل ( Cotrell) دایە کە تیایدا ڤۆڵتیەیەکی کارەبای زۆر بەرز بەکار دەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی غوبار وهەڵمەکان و گەردیلە زۆر بچوکەکان لە ڕێڕەوی گازەکەدا کە لەچوار هەنگاو پێك دێت :-

بارگاوی کردنی قەبارە بچوکەکان بەئایۆنکردن و گواستنەوەی ئەو قەوارە بارگاویانە بۆ ڕووی کۆکەرەوە کە بەکاریگەری

بـواری کارەبـایی و دواتـر هاوسـەنگ کردنـی بارگـەکانی ئـەو قەوارە بارگاویە نیشتوانە لەسەر ڕووە کۆکەرەوەکە و لابردنی بەشۆڕدن و ( Rapping) .

### 2. پالاوتن Filteration

بەبەکارهێنانی پالێوەرەکان , وەك ڕیشاڵی شوشـەیی ( **Glass Fiber**) یـان کیـسی ڕیـشاڵی کـە مامەڵـەی پێکـراوە لەگـەڵ سلیکۆندا بۆ پالاوتنی گازە گەرمە دەرچووەکان. یان بەکارهێنانی ڕیشاڵی تر یان لباد بۆ پالاوتنی هەبائی جەوی سارد .

### 3 . جیاکردنـــــەوە بــــە دەرهاویـــــشتەی ناوەنــــدی (Centrifugal Separation )

بەشێوەیەك کـە مـەوادە هەڵواسـراوە خێرا جوڵـەکان ڕێڕەوەکانیـان دەگۆڕدرێـت و قـەوارە بـچوکەکان فڕێـدەدرێن بـەرەو دیوارەکـان بـەهێزی دەرهاویـشتەی ناوەنـدی . ئـەم ڕێگەیـە بـەکاردێت بـۆ جیاکردنـەوەی قـەوارە زۆر بـچوکەکانی هۆکـارە یارمەتیـدەرەکان لـەگازە دەرچـوەکانەوە لـە گێـڕەرەوەی شـکاندن بـە یامەتیـدەری کیمیاوی



(Catalytic Cracking Regeneration) .

### 4. بەکارهێنانی کۆکەرەوەی شێ Wet Colectors

کەدووجۆری هەیە :-

1. قەوارە بچوکەکان جیادەکرێنەوە لە ڕێڕەوی گازەکە کاتێك کە دەگەڕێنرێتەوە و بەر ڕووی شلی ناو کۆکەرەوە کە دەکەوێت .
2. سـازکردنی قـەوارە هەڵواسـراوە بـچوکەکان بـەزیادکردنی کاریگـەری قـەبارەیان کـەدواتر دەتوانرێـت بەئاسـانی کـۆ بکرێتەوە بە ڕێگای تر .

### ➢ هەبائی جەوی تەقاوە

غوباری کانزا جیاوازەکانی ( ئەلمنیۆم و مەگنیسیۆم و خارصین و ئاسن و تیتانیۆم ) و غوباری گەنم و ئارد و پاودەر و ڕیشاڵەکانی باکلیـت ( **Bakelite Resin** ) و ڕیـشاڵی لەدائینـەکان و غوبـاری تەختـە و ووردە دڵۆپـە زەیتیـەکان لـەجۆرەکانی هـەبائی جەوین , کەسەرچاوەی زۆرێك لـە تەقینـەوە تێـچووە گرانـەکانن و هەنـدێك جـاریش بکوژیـشن . توانـای غوبـار بـۆ تەقینـەوە ودەسپێکردنی کـرداری سـووتاندن پێویـستی بەکـەمترین ئاسـتی وزە دەبێـت بـۆ شـەرارەی کارەبـایی و پـشت دەبەسـتێتە سـەر



www.dengekan.com

سروشتی کیمیاوی و پلەی گەرمی گڕگرتنی و چڕی قەوارە بچوکەکان و قەبارەیان و ڕێژەی شێداری ئەو غوبارە .

پلەی گەرمی گڕگرتن پشت دەبەستێتە سەر سروشتی مادەکە زیاتر لە پشتبەستن لەسەر تیرەی قەوارە بچوکەکە لەکاتێکدا کە قەبارەکانیان زۆر بچوك بێت . وە قەوارە بچوکە هەڵواسراوە گەورەکان پێویستیان بەپلەیەکی گەرمی بەرزتر دەبێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو . شێداری جەوی توانای تەقینەوەی هەبائی جەوی کەمدەکاتەوە , هەڵمی ئاو بڕێکی زیاتری دەوێت لەگەرمی بۆ گەرمکردنی قەوارە بچوکەکان بۆ پلەی گەرمی گڕگرتن , هەروەها شێ دەتوانێت کارەبای ستاتی بڵاوە پێبکات کەلەئەنجامی جوڵەی قەوارە بچوکەکانی هەبائی جەویەوە پێك دێت . هەروەها غوبارێ کەتوانای سووتانی نەبێت دەتوانێت کە توانای هەبائی جەوی و تێکەڵەی گازەکان بۆ تەقینەوە کەمبکاتەوە. ئەوەش بە کۆتایی هێنانی کارلێکە زنجیرەییەکان( Chain Reaction) لەبەر ئەم هۆکارەشە کە غوباری بەردیی لەسەر ڕەفەو لێواری کانەکانی خەڵوز دادەنرێت , بەڵام هەندێ غوباری تر کە توانای سووتانیان نیە دەبنە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ هەندێ کارلێکی گازیی وەك غوباری پلاتین بۆ تێکەڵەی هایدرۆجین و ئۆکسجین یان تێکەڵەی هەواو هایدرۆجین .



www.dengekan.com



دەشێت کە تەقینەوەی غوبار ڕوودەدات لە لولەی گازە سەرەکیەکاندا و ئەو گەردیلانەی کە دەتوانرێت بارگاوی بکرێت لەکاتی ڕۆیشتنیدا بریتیە لە گەردیلەی FeO و کبریتی سەربەست و قەتران و دڵۆپەی بچوکی زەیتەکان و .....هتد .

هەندێ غوبار پێك دێن لەناو لولەی گازە سەرەکیەکاندا لە ئەنجامی داخورانی لولەکە فولازیەکان بەهەڵمی ئاو و کبریتیدی هایدرۆجین و ئۆکسجینی ناو گاز .

دەتوانرێت کە ڕێگە بگیرێت لەتەقینەوەی گازەکان بەگرتنەبەری هەندێ ڕێ و شوێن لە ناومالدا وەك بوونی هەوا گۆڕکێ پێویست و کۆکردنەوەی غوبار و ئامێری هاڕینەکان و دوورخستنەوەی ئاگر و ئەو بارودۆخەی کە دەبێتە هۆی بزیسکە ( شەرارە ) دروستکردن ئەوەش بەدوورخستنەوەی ئەو غوبارانەی کە توانای سووتانیان هەیە ....

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە 12 لە بەهارلای 2005دا بڵاوکراوەتەوە .

## ڕۆڵ و کاریگەری کۆمپانیا گەورە فرەنەتەوەییەکان لەسەر سیاسەت و ئابوری جیهان ...*

- ئاشکرایە دونیای ئێستاکە بەهۆی داهێنانە تەکنەلۆژیا نوێکانەوە بۆتە گوندێکی بچوکی هاوچەرخ کە دەتوانرێت لە چرکە ساتێکدا دەنگ و ڕەنگ بگاتە دوورترین جێگە , ئەم



www.dengekan.com



هەموو داهێنانە بونەتە مایەی کارئاسانی و گەشەکردن و چڕکردنەوەو تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان لەنێوان شارستانیەتە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا.

لەدونیای ئێستادا بەتەنها حکومات و سیاسەت و هێزی سەربازی کێشە و ململانێکان یەکلا ناکەنەوە, بەڵکو ئابوری و بازرگانی و بازاڕ و بەرژەوەندیە هاوبەشەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لەزۆر لایەندا , ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیا گەورە فرەنەتەوەییانەوە دەبێت کە کاروچالاکی و پڕۆژە و بەرهەمەکانیان بەهەموو دونیادا بڵاوبۆتەوە و سنوورە نێودەوڵەتیەکانیان نەهێشتوە بەشێوەیەك ڕۆچونەتە ناو ناخ و هەناوی کۆمەڵگاکانەوە کە حکومات و سیاسیەکانیان نەك ناتوانن بەریان لێبگرن , بەڵکو ئەگەر دژیان بوەستنەوە ئەوا دەبنە هۆی دروستکرنی ئاژاوە و پشێوی لەو وولاتانەدا و زۆر جاران توانیویانە کە کودەتای سەربازی و گۆڕینی حکومەتەمان جێبەجێبکەن .

بەم شێوەیە کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر داڕشتنی سیاسەت و ئابوری جیهان .

بەهۆی توانا گەورە مادیەکانیانەوە کە زۆر جاران بودجە و داهاتی ساڵانەیان لەزۆرێك لە وولاتان زیاترە و ژمارەی

کارمەندانیان لە جیهاندا ڕادەیەکی زۆرەو کڕیارەکانیشیان زیاترە, هەموو ئەم هۆکارانە وای کردوە کە سەنگ و کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕووداوە سیاسی و ئابوری و ململانێکانی دونیا . بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کار و چالاکی و قەبارەی ژمارەیەك لەو کۆمپانیایانە لەخوارەوە بەکورتی باس لەهەندێکیان لەو دەکەین :-

1.کۆمپانیای **ARAMARK**

کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی پێشەنگە و لەم بوارانەدا کاردەکات :

- ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی بەرنامە خزمەتگوزاریەکان, خواردن و خزمەتگوزاریەکاتی تر.
- هێنانی جل و بەرگی ئیشوکاری چوونیەك.
- بەرنامەکانی گرنگیپێدانی منداڵ و بەرنامە فێرکاریەکانی منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا.

ئەم کۆمپانیایە بنکەی سەرەکی لەشاری فێلادلفیای ئەمریکایە و سەرمایەکەی 7 ملیار دۆلارەو 150 هەزار کارمەندی هەیە و خزمەتگوزاری دەگەیەننە 15 ملیۆن کەس لە 500 هەزار جێگە لە 15 وولاتدا.و لەساڵی 2000دا لە ڕاپرسیەکدا ناوی لە لیستی ئەو 100 کۆمپانیایە هاتوە کە جێگەی شانازی و سەرکەوتنن و بە پلەی سێیەمیش هاتوە لەناو کۆمپانیا تایبەتەکان . سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەری جێبەجێکەری کۆمپانیاکە





بریتیە لە ( جۆزیف نویبار ) کە یەکێکە لە و 5 بەڕێوەبەرە سەرکەوتوانەی کە بۆ ماوەی 15 ساڵ لە ئەمریکادا توانیویەتی ڕێژەی 30٪ قازانج بەدەستبێنن .

2.کۆمپانیای **BD( Becton,Dichinson & company)**

تایبەتە بە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئامێر و کەلوپەلی پزیشکی بۆ ناوەندە پزیشکیەپسپۆڕیەکان و ناوەندی لێکۆڵینەوەیی پزیشکیەکان و کۆمپانیا پیشەسازیەکان و هاولاتیان .

مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ 100 ساڵ و لەو ماوەیەدا بەتوانایی و باشی بەرهەمەکانی جێگەی گەواهی دانن.

3. کۆمپانیای **Conoco,Inc**

تایبەتە بەبواری وزەی نێودەوڵەتی , بنکەی سەرەکی لەشاری هیوستنە لە ولایەتی تەکساس و ژمارەی فەرمانبەرانی 16700 کارمەندە کە بلاوبونەتەوە بە جیهاندا لە 40 وولاتدا و بڕی قازانجی ساڵانەی لە ساڵی 1999دا گەیشتە 27 ملیار دۆلار, لەساڵی 2000دا یادی دامەزراندنی 125 ساڵەی کردەوە .

چالاکی ئەم کۆمپانیایە بریتیە لە گەڕان بەدوای نەوت و بەرهەمهێنانی و پالاوتنی و فرۆشتنی و گواستنەوەی .لەساڵی 1999دا دووبڕواناماەی تەقدیری بەدەستهێناوە کە یەکێکیان ئەوەبوو کە بەیەکێك لە 14 کۆمپانیا گەورانەی دونیا دانرا کە

www.dengekan.com

چالاكیان لەبواری نەوتدا هەیە. دووەم ڕێزلێنانیش ئەوەبوو كە بەیەكەم كۆمپانیادانرا لەناو 19 كۆمپانیای گەورەی دونیا لەبواری پالاوتنی نەوتدا.

4. كۆمپانیای Earth Link

ئەم كۆمپانیایە بەدووەم كۆمپانیای گەورە دادەنرێت لە دونیادا لە بواری خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتدا . و بارەگای سەرەكی لەشاری ئەتڵەنتایە لەولایەتی جۆرجیا لە ئەمریكا و 7 لقی پێوەبەندە لە هەموو ئەمریكادا و ژمارەی كارمەندەكانی 5500 كارمەندە و بڕی داهاتی ساڵانەی دەگاتە 650 ملیۆن دۆلار.

5. كۆمپانیای Eastman chemcal company

كۆمپانیایەكی پیشەسازی كیمیاوی‌پێشەنگی نێودەوڵەتیە و هەڵدەستێت بەبەرهەمهێنانی 400 جۆر لە مەوادی كیمیاوی و ڕیشاڵ و پلاستیك و گەورەترین كۆمپانیاشە لە جیهاندا لە بواری بەرهەمهێنانی پۆلیستەری پلاستیكی كە لەكاری داپۆشیندا ( تغلیف ) دا بەكاردەهێنرێت. هەروەها بەرهەمەكانی وەك مەوادی ڕووكەشكردن و مەوادی كیمیاوی تایبەت و بەرهەمە پلاستیكیەكان و ڕیشاڵە سلیلۆزە ئەسیتیلیەكان و بەرهەمە كیمیاویە بنەڕەتیەكانیش بەرهەم دەهێنێت. و یەكێكە لە 10 كۆمپانیای گەورە لە جیهاندا كە بەرهەمی كیمیاوی زۆر وورد بەرهەم دێنێت كە لەبواری دەرمانخانە كشتوكاڵیەكاندا



www.dengekan.com



بەكاردێت.بارەگای سەرەكی دەكەوێتە شاری كینغسیۆرت لە ولایەتی تینیسی و 15000 كارمەندی هەیە لەزیاتر لە 30 ووڵاتی دونیادا.و بڕی فرۆشتنی لە ساڵی 1999داگە یشتە 6٫4 ملیار دۆلار.

6. كۆمپانیای Eli Lilly &company

كۆمپانیایەكی جیهانیە بۆ بەرهەمهێنانی دەرمانخانەیی, و 31هەزار كارمەندی هەیە لەهەموو دونیادا و بەرهەمە داو ودەرمانەكانیشی لە 179 ووڵاتدا دەفرۆشرێت.

ئەم كۆمپانیایە هەڵدەستێت بەدۆزینەوە , پێشخستن ,دروستكردن ,فرۆشتنی بەرهەمە دەرمانخانەییەكان كە لەم بوارانەدا بەكاردێن(( نەخۆشیەكانی مێشك , لەوە ژەهراویەكان ,دژە ئیلتیهابیەكان ,نەخۆشیەكانی دڵ و مولوولە خوێنینەكان ,نەخۆشیەكانی گەدە و كۆئەندامی هەرس و گرێكان و پزیشكی ئاژەڵی )) , ئەم كۆمپانیایە بارەگای سەرەكی لە 9 ووڵاتدا هەیە و تاقیكردنەوە جێگەییەكان لە 30 ووڵاتدا ئەنجام دەدات .

7. كۆمپانیای Gentiva Health Services

كۆمپانیایەكی بالادەستە لەبواری پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەكاندا بۆ هاوبەشەكانی لەماڵەكانیاندا و لە ئەمریكاو

کەنەدادا چالاکی هەیە. تۆڕی ئیشکردنی لە 400 بنکە پێك دێت کە ژمارەی پسپۆڕەکانی نزیکەی 70000 کەسن کە خزمەت بە زیاتر لە 425 هەزار کەس دەگەیەنن ڕۆژانە .

8. کۆمپانیای The Guardian Life Insurance Company Of America

چوارەم گەورە کۆمپانیای دڵنیاییە لەسەر ژیان لە ئەمریکادا و 6000 کارمەندی هەیە و 2400 نوێنەری دارایی هەیەکە لەدەزگا سەرەکیەکانیدا کاردەکەن کە ژمارەیان 119 دەزگایە . لەساڵی 2000دا پلەی 194 ی بەدەستهێنا لەناو 500 کۆمپانیای گەورەدا . ئەم کۆمپانیایە لەساڵی 1860 وە دامەزراوە و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش بە 3ملیۆن کەس دەکات .

9. کۆمپانیای H.J Heinz Company

یەکێکە لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی خواردن لە جیهاندا و سەرمایەکەی دەگاتە 9ر2 ملیار دۆلار و 38600 کارمەندی هەیە لە 2000 شارو شارۆچکە و وولاّتدا و 5700جۆر خواردن دروست دەکات .بەرهەمەکانیشی بریتین لە ( صاص و خواردنی منداڵ و وخواردنی بەستوو و شەربەت و خواردنی دەریایی و خواردنی ئاژەڵە ماڵیەکان ).

10. کۆمپانیای The Hom Depot





دامەزراوە لەساڵی 1978 لەشاری ئەتڵەنتای ولایەتی جۆرجیای ئەمریکا و یەکێکە لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بواری بیناکردن و 900 گەنجینەی هەیە لەئەمریکاو کەنەداو بۆرتۆریکۆ و شیلیدا و چالاکیەکانی لە 45 ولایەتی ئەمریکا و 5 هەرێمی کەنەدیدا ئەنجام دەدات .و لەساڵی 2003داژمارەی گەنجینەکانی گەیشتە 1900 گەنجینە و بەباشترین کۆمپانیای بازرگانی و پسپۆڕی بۆ ماوەی 6ساڵی لەسەریەك هەڵبژێردرا لە ئەمریکادا .

11. کۆمپانیای Marriott International Inc.

کۆمپانیایەکی میوانی نێودەوڵەتیە, زیاد لە 2000 میوانخانە و نوسینگەی هەیە لە ئەمریکا و 57 وولاّتی تردا .ئەم کۆمپانیایە لە بواری بەڕێوەبردنی میوانخانە و جێگە گەشتوگوزاریەکاندا چالاکی هەیە . بارەگای سەرەکی لەواشنتۆنە و ژمارەی کارمەندانی 145000 کارمەندە .

12. کۆمپانیای NCR corporation

پسپۆڕی لەبواری پەیوەندیە تەکنەلۆژیەکاندا هەیە و وەك خزمەتگوزاریە داراییەکان, گەشتوگوزار, پەیوەندیەکان, دڵنیایی لەسەر ژیان و سەرمایەکەی دەگاتە 6ر2 ملیار دۆلار و 32000 کارمەندی هەیە لە 130 وولاّتدا.

13. کۆمپانیای Formacia Corporation

www.dengekan.com

كوردو رۆژهەلاَتی ناوەڕاست ...

یەكێكـــە لـــە كۆمپانیـــا بەناوبانگـــەكانی بـــواری پیـــشەسازی دەرمانخانـــەیی و لـــەمانگی 2000/4دا دامـــەزراوە و 60000 كارمەنـدی هەیـە لەهـەموو دونیـادا و لـە 60 وولاَتـدا سـەنتەری لێكۆڵینەوە و دروستكردن و نوسینگەی فرۆشتنی هەیە , ساڵانە زیـاد لـە 2 ملیـار دۆلار لـەبواری پێشخـستن و لێكۆڵینـەوەدا وەبەردەهێنێت .

14. كۆمپانیای Priceuater house coopers

پێـشەنگە لـەبواری خزمەتگوزاریـە پیـشەییەكان لـەدونیادا و 150000 كارمەندی هەیە لە 150 وولاَتدا.

15. كۆمپانیای United Parcel Service ( UPS)

تەمـەنی 92 سـاڵە و گـەورەترین كۆمپانیایـە لـەبواری گەیانـدن و پۆسـتەی خێـرادا و هـەروەها لـەبواری گواسـتنەوە و گەیانـدنی خواردنی سەربازی لەدونیادا. ڕۆژانە هەڵدەستێت بەگەیاندنی 6 ملیۆن نامە كە لە 1ر8 ملیۆن بەشدارەوە پێی دەگات .

---

* بۆ نووسینی ئەم بابەتە سسود لە كتێبی (( رسائل صریحە الی الرئیس الامریكی المنتخب))/ 2004 و ئەم بابەتە چانسی بلاَوكردنەوەی بەرنەكەوتوە لە گۆڤارو سایتەكاندا .



www.dengekan.com